# پـاکـــژی

(الطهارة)

## کرێـکار

*چاپی یەکەم*

*1430ک ــ 2010 ز*

لە بڵاوکراوەکانی بنکەی دیدی نوێ/ لقی دەرەوە

بسم الله الرحمن الرحيم

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، ونعوذُ باللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أَعْمالِنا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هادِيَ لَهُ . وأَشْهَدُ أَنْ لا إلهَ إلا اللهُ وأشهَدُ أَنَّ محمداً عَبدُهُ ورسُولُهُ .

يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنتُم مُسلِمونَ

يا أيُّها النّاسُ اتَّقُوا ربَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نفسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رجالاً كَثيراً ونساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلونَ بهِ والأرْحامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيباً

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقولوا قَولاً سَديداً ، يُصلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغفِرْ لكُمْ ذُنوبَكُمْ ومَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فازَ فوزاً عَظيماً

أَمَّا بعدُ : فإنَّ أَصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ ، وخَيرَ الهَدي هَدْيُ محمدٍ ﷺ وشَرَّ الأمُورِ مُحْدَثاتُها ، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وكُلَّ ضَلالَةٍ في النَّارِ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين و الصلاة و السلام على رسوله الامين محمد

وعلى آله وصحبه أجمعين

## پێشەکی

قورئان و سوننەت زۆریان جەخت لەسەر نوێژکردن کردۆتەوە، نوێژ لەو فەرزە خواییە مەزنانەیە کە نابێت بە هیچ شێوەیەک وازی لێ بهێنرێت، کاتێکی زۆری موسوڵمانی پابەند بە نوێژ دەڕوات، موسوڵمانە سەرڕاستەکان واز لەو کارو پیشانەیان دێنن کە نوێژیانی تێدا دەچێت، هەرچەندە پارەو دەسکەوتیشی زۆر بێت، چونکە نوێژکردنەکەیان پێ گرنگترە.. لەبەر ئەو گرنگیەتی کە دەبینیت پێنجیەکی هەموو کتێبێکی شەرع باسی نوێژ دەکات، کتێبێکی وەکو (نَيلُ الأوطار)ی شەوکانی لە چواریەکی زیاتر باسی نوێژە.. لە ناو هیچ میللەتێکیشدا نابینیت کتێبی تایبەت لەسەر نوێژ نەنوسرابێت، مەگەر میللەتی کورد!! شتێکی سەیرە کە لەوسەری وولاتی مەندناوەوە (باشوری فیلیپین) بۆ گامبیا (لە رۆژئاوای ئەفریقا) یان لە فنلەنداوە (لە باکوری گۆی زەوی) بۆ ئوستراليا (لە باشووری گۆی زەوی) دەبینیت موسوڵمانان بە زمانی خۆیان کتێبیان لەسەر نوێژ نوسیووە، تەنانەت کتێب دەبینی بە ناوی (نوێژی حەنەفی)یەوە دانراوە! کەچی کورد کە زیاتر لە سەد ساڵە بە کوردی دەنوسێت کتێبێکی تێروتەسەلی لەسەر ئەو روکنە خواییە جێ بایەخە نیە، ئەو روکنەی کە هەندێ شەرعناسی وەکو ئیمامی ئەحمەد وازلێهێنانی وەکو لادانی شەرع لە داوەریی حسێب کردووەو هەردووکیانی بە کافربوونێک داناوە کە کەسی وازلێهێن لە دین و ئوممەت دەچێتە دەرەوە!

لەوەش سەیرتر لە ناو کوردا ئەوەیە کە مەلاو داعیش نابینیت شارەزابوونی لە نوێژ کردبێتە ئەرکێکی سەرەکی.. سەدانیان دەبینیت کتێبێکی پاک و پوختی وەکو (صفة صلاة النبي صلى الله عليه وسلم)ی شێخی ئەلبانی رەحمەتی بۆ نوسراوەو خراوەتە بەردەستی، کەچی ئەوەندە خۆی ماندوو ناکات بیخوێنێتەوەو نوێژەکەی خۆی لەبەردا راست کاتەوە! لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم جاری وا هەبوو نوێژی بۆ یەک یەکی یاوەرانی راست دەکردەوە..

بەرهەمی زرکەتاڵی ئەم بایەخ نەدانە بە شەرع و روون نەکردنەوەو بڵاونەکردنەوەی بە گشتی لە لایەن مەلای کوردەوەو شارەزانەبوونی خەڵکیش لە نوێژ وای کرد کە نەوەیەکی گەنجی کورد دروست ببێت کە ـــ بەقەدەر باپیرو نەنکە نەخوێندەوارەکانیشیان ـــ دەربارەی نوێژ نەزانن ..

گەنجێکی کورد لە شارێک لە شارەکانی نەرویجەوە پرسیارێکی بۆ ناردم کە دەڵێ: (من نازانم نوێژ بکەم، ئایا بۆم هەیە تەنها ئەڵڵاهو ئەکبەرەکانی بکەم؟) ناچار گەنجێکی ترم بۆ ئەو شارە ناردووە تا چۆنیەتی نوێژەکەی فێر بکات!! لە کاتێکدا لە باکوری نەرویج کە باکوری هەموو دنیایە نەرویجی هەیە موسوڵمان بووەو فێریش بووە نوێژەکەی بە عەرەبی بکات..

حاڵی نەبوونی ئەم گەنجانە لە دینەکەو نەزانینی نوێژکردنیان خەمێکی زۆری خستبووە سەر کۆڵم، هەرچەندیشم دەکرد کاتی ئەوەم نەدەدۆزیەوە بکەومە نوسینی کتێبێکی تایبەت لەسەر نوێژ، چونکە رۆژانە بە وەڵامدانەوەو ئاراستەکردنی ئەو هەموو گەنجەی کوردەوە خەریک دەبووم کە بە ئەوروپادا بڵاوبووبوونەوە.. تا ناچار بووم کاتێک برەخسێنم بەو ئومێدەی

کورتەیەک دەربارەی نوێژ بنووسم، بەڵام کە کەوتمە ناو باسەکانەوە، هی ئەوە نەما بە کورتە کتێبێک دەرچم، چونکە هەر سەرباسەکان و یەک بەڵگە لەسەریان دەیکردە زیاتر لە سێسەد لاپەڕە! بۆیە بە ناچاری بە خەڵکەکەم راگەیاند کە تا شەش مانگ تەلەفۆنم دەبڕم و لەسەر تۆڕی پاڵتۆکیش دەرس ناڵێمەوە بەڵکو کتێبێک لەسەر نوێژ بنووسم.. زیاتر لە هەشت مانگم سەرف کرد تا ئەم دوو بەشەی نوێژم بۆ تەواو کرا: (پاکژیی و چۆنیەتی نوێژکردن)کە لە ئەسڵدا دەبنە بەرگی یەکەمی نوێژ..

بەرگی دووەمیش دوو بەشە:

ــ بەشی یەکەم: جۆرەکانی نوێژی سوونەت و نوێژی کورت و کۆ.

ــ بەشی دووەم: نوێژی کۆمەڵ و نوێژی هەینی و نوێژی جەنازە..

ئەم دوو بەشە جاری ماویانە بکەونە بەر دەست.. خوا ئاسانی کات..

لەگەڵ ئەوەدا کە باسەکانی نوێژ لەم کتێبەدا زۆر دیارە بەڵام ئەوە رادەگێنم کە زۆر باسی تری فەرعی لەسەر نوێژ هەبووە کە بۆ ئەوەی قەبارەی کتێبەکە لەوە زیاتر نەبێت وازم لێهێناوە..

لاف ئەوە لێنادەم کە کتێبێکی زۆر گشتگیرم لەسەر نوێژ نوسیووە، بەڵام خوای گەورە لێمانی وەرگرێت دەتوانم بڵێم ئەوەی بۆ ئەنجامدانی فەرزی نوێژ داواکراوە لەم کتێبەدا هەیە والحمدلله.. چونکە لە باسەکانی پاکژییدا زۆر لە فەرموودەکانم هێناوەتەوەو بە دوای توێژینەوەی موحەقیقانی وەکو ئیمامی ئیبنوحەزم و ئینوحەجەرو نەوەوی و ئیبنوقودامەی مەقدیسی و شەوکانی و سددیق خان و ئیبنوعوسێمیندا چوومەتەوەو لە چۆنیەتی نوێژکردنیشدا

زۆرینەی باسەکانی شێخ محمد ناسروددینی ئەلبانی رەحمەتیم لێرەدا هێناوەتەوە کە لەسەر نوێژ نوسیوونی[1]..

بەشی پاکژی کە ئەم کتێبەیە کردوومە بە دە بەشی ترەوە ناوم ناوە باس، وەکو: باسی جۆرەکانی ئاو، باسی پیسیی، باسی پاک کردنەوە، باسی تارات، باسی سوننەتە سروشتیەکان، باسی دەسنوێژ، باسی مەسح، باسی غوسلّ، باسی تەیەمموم، باسی ئەو خوێنەی لە ئافرەتان دێت.. هەر باسێکیشم وەکو کۆبەندێکی سەربەخۆ بە بەتالّ هێشتنەوەی لاپەڕەیەک لەوی پێش و پاش خۆی جویّ کردۆتەوە.. هەر باسێکیش چەندین مەسائیلی تری تێدایە، بۆ نموونە باسی مەسح دەبێتەوە بە چوار بەش: مەسح لەسەر خوفف، مەسح لەسەر گۆرەوی، مەسح لەسەر عەمامەو سەرپۆش، مەسح لەسەر گەچی شکاویی.. هەموو باسەکانی تریش هەر وان..

لە کۆتایی بەرگەکەشدا لیستی سەرباسەکان و مەسەلەکان بە ناوی (ناوەرۆک) بە دووروودرێژی دیاری کراوە کە لە چ لاپەڕەیەکدان..

هەندێك ووردەكاریی هونەریانەی نوسینەكە :

1 - تا لاپەڕە دوو سەدی بەرگەکان ناوی نوسەر پاشان کتێبەکەی لە پەڕاوێزدا نوسراوە، لەوە بەدوا تەنها ناوی کتێبەکە نوسراوەتەوە، بۆ ئەوەی قوتابیەکەش وای لیّ بێت تا ئەو شوێنە شارەزای ناوی شەرعناسان و کتێبەکانیان بوو بێت.. بۆ نموونە تا ئەو شوێنە لە پەڕاوێزدا دەنوسرێت: (النووي: المجموع) یان (ابن قدامة: المغني).. بەلاّم لەوە بەدوا دەنوسرێت:

1 کتێبەکە ناوی (أصل صفة صلاة النبي صلى الله عليه وسلم) سیّ بەرگە.

(المجموع، المغني).. تەنها ناوی کتێبەکە دەنوسرێت و ئەوە حسێب کراوە کە تۆ ئیتر ئەوە دەزانیت کە ئەم کتێبانە هی کێن..

2 - ئاماژە بە لاپەڕەو بەرگی سەرچاوەکان وا نوسراوە، بۆ نموونە: المجموع (72/15) واتە : بەرگی پازدە لاپەڕە حەفتاو دوو..

3 - نامەوێت لەبەر تەمەڵی یان گوێ پێنەدان، یان لەبەر خاتری مەسروفاتی چاپ کردن، سەڵاواتەکان لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه و سلم بۆ بیدعەیەک کورت کەمەوەو بیان کەم بە ( ص، یان صلعم، یان د .خ) چونکە جگە لەوەی کە هەموو ئەمانە بیدعەن، رێزنەگرتنیشە لەو نێرراوە تایبەتەی خوای بەخشندەو لەو پێشەوا تاقانەمان کە ئەم دینەی پێگەیاندووین.. حسابیشم کرد هەموو سەڵاواتەکان (صلى الله عليه و سلم) و نووسینی (خوا لێی رازی بێت) کە بۆ یاوەرانم نووسیوە لە هەموو بەرگی یەکەمدا ناکاتە چەند لاپەڕەیەک، ئیتر لە کتێبێکی وادا چەند لاپەڕەیەک چیە بۆ سەڵاواتدان لەو پێغەمبەرە خۆشەویستە صلى الله عليه و سلم ورێزنان لە یاوەرە بەهیممەتەکانی خوا لێیان رازی بێت بەکار بهێنرێت ؟!

4 ــ ناونیشانی بەش و باسەکانم بە فۆنتی گەورەو لە ناوەندی دێڕەوە نووسیووە هەروەها ئەو سەرباسانەی وام زانیووە کە لە چوارچێوەی باسەکانی خۆیاندا بڕێک سەربەخۆییان هەیە. بۆ نموونە باسەکانی دەسنوێژ هەر دەبێت روکنەکانی دەسنوێژو سوونەتەکانی دەسنوێژو دەسنوێژ شکان بنەوە بە سەرباسی ناوەندی دێڕ.. یان روکنەکانی نوێژو بەتاڵ بوونەوەی نوێژ.. باسە لقیەکانیانیشم هێناوەتەوە سەری دێڕو بە فۆنتی جیاواز نووسیومن و خەتم بەژێردا هێناون، تا زیاتر دەرکەون..

5 ــ لە هەموو مەسەلەیەکدا بەڵگەکانم هێناوەتەوەو ئەو فەرموودانەی لە بوخاری و موسلیم وەرنەگیرابن موناقەشەی حوکمی سەحیحێتی یان زەعیفیم بە نەقڵ کردنی حوکمی فەرموودەوانان روون کردۆتەوە، زەعیفیشم وەرنەگرتووە.. دوای ئەوەی ریوایەتی دروستیی فەرموودەکە ساغ بۆتەوە ئینجا هاتوومەتە سەر راو بۆچوونی شەرعناسان، یان راوبۆچوونیانم هێناوە لەگەڵ ئەو بەڵگانەی خۆیان پشتیان پێ بەستووە.. جاری وا هەبووە زۆر لەسەر راجوێییەکانیان چووم، چونکە زانینی راجوێیی شەرعناسانیش زانستێکەو ئەوی پەی پێ نەبات درک بە بەرفراوانی شەرع نابات، وەکو قەتادە دەفەرموێ : (ئەوی راجوێیی شەرع نەزانێت بۆنی شەرعی بەسەردا نەچووە)[2] ! پاشان بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز لە ڕاڕاییدا نەهێڵمەوە، دوای موناقەشەی راو بۆچوونی شەرعناسان ئەوەی پێم پەسەندتر بووە هەڵم بژاردووەو منیش تەبەننام کردووەو بۆ جوێ کردنەوەی هاتوومەتەوە سەری دێڕو نووسیومە: من پێم وایە ....... خەتیشم بەژێر زۆربەیاندا هێناوە .. بۆ ئەوەی ئەو خوێنەرەی تواناو تاقەتی خوێندنەوەی ئەو هەموو راجوێیی و ناکۆکیانەی نیە یان لەسەرەتاوە قەناعەتی بە تەرجیح دانەکەی من هەیەو پێی وایە من دوای توێژینەوەو خۆماندوو کردن ئەو بۆچوونەم پەسەندتر ناساندووە، ئەویش وەری بگرێت.. هیچ بۆچوون و حوکمێکم لە خۆمەوە نەنووسیوە، تا نەمزانیبێت چەندین زاناو شەرعناس ئەو بۆچوون و حوکمەیان دەرکردووە نەچووم بە لایانەوە، رۆڵی من هێنانەوەی رای هەموان و تا توانام بووبێت تەرجیح پێدانی بەهێزەکەیانم خستۆتە روو..

2 ابن عبدالبر : جامع بيان العلم و فضله ( 46/2 ) .

تەرجیح کردنەکەش من نەمکردووە، بۆ نموونە کەوتوومەتە نێوان تەرجیحێکی ئیمامی ئیبنوحەزم و ئیمامی نەوەوەیەوە ، یان تەرجیحێکی نێوان شەوکانی و ئیبنوعوسێمینەوە، دیراسەی زیاتریانم کردۆتەوەو بۆچوونی یەکێکیانم تەئیید کردۆتەوەو نووسیوومە: من پێم وایە.. بەمەش وویستوومە وەرگرتنی شەرعەکە بۆ خوێنەران ئاسانتر بکەم.. بۆیە لەو باوەڕەدام ئەو کەسەی دەیەوێت فەتوای شەرعی من لەسەر مەسەلە شەرعیەکان بزانێت دەتوانێت یەکسەر تەماشای ئەوانە بکات کە لێم نووسیوە (پێم وایە ..) ، ئەو کەسەش کە دەیەوێت موناقەشەی بەڵگەکانم بکاتەوە، دەتوانێت هەموو باسەکە بخوێنێتەوە.. ئەگەر هەر قەناعەتی نەکرد خۆ بەزۆر بە بۆچوونی خۆمانیەوە پابەند ناکەین !

لە کۆتایی ئەم پێشەکیەدا داوام لە داعیە بەڕێزەکان ئەوەیە قوتابیانی خۆیان لە نوێژەکە شارەزا کەن.. قوتابیەکانیش با بە بایەخەوە دیراسەی بەڵگەی نوێژەکانیان بکەن..

داواشم لەو براو خوشکە بەڕێزانەی هەبوون و خوای گەورە توانای دارایی پێ بەخشیوون لە چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەدا دەست نەگرنەوەو کەمتەرخەم نەبن، با بە توانای دارایی ئەوان دووسەد هەزار لەم کتێبە چاپ بکرێت و هەموو ماڵێکی کورد لە هەندەران و باشورو رۆژهەلاتی کوردستان دانەیەکی تێدا بێت تا وەکو (سەرچاوەی باسەکانی نوێژ) لەبەر دەستی هەموو موسوڵمانێکدا هەبێت، تا بە یارمەتی خوای گەورە زانینی ئەحکامی نوێژەکان لەبەر دەستی هەمواندا بێت..

خوای گەورە بەرەکەتی خۆی بخاتە ناو ئەم رەنجە کەمەوەو بیکاتە مایەی بەرچاورِوونی موسوڵمانان و تێشوویەکی قیامەت بۆ نوسەرو خێرەومەندو بڵاوکارو گەیێنەرانی.. ئامین .

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجعين والحمد لله رب العالمين

کرێکار

## کورتەیەك لەسەر
## چۆنیەتی پەیدابوونی مەزهەب و تۆمارکردنی

**سەردەمی یاوەران:** ئیمامی حاکمی نەیسابووری لە کتێبەکەی خۆی (المدخل الی کتاب الاکلیل) دا دەفەرموێ: ئەو یاوەرە بەڕێزانەی سوونەتیان لە پێغەمبەری خواوە صلی الله علیه و سلم بۆ نەوەکانی دوای خۆیان نەقڵ کرد لە ژن و پیاو چوار هەزار کەس بوون کە لە ماوەی بیستوسێ ساڵی پێغەمبەرایەتیدا هاوڕێی بەردەوامی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه و سلم بوون، باسی هەر هەموو ووردەکاریەکانی ژیانی پێغەمبەری خوایان صلی الله علیه و سلم دەکرد[3]..

ئیمامی ئیبنولقەییم ئەو یاوەرانەی بە پێی زۆرو کەمی ریوایەتەکانیان کردووە بە سێ پۆلەوە:

یەکەم : ئەوانەی موفتی بوون و زۆریان گێڕاوەتەوە، ئەم بەڕێزانە حەوتن: سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب و سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیب و سەیدنا عبداللەی کوڕی مەسعوودو خاتوو عائیشەو سەیدنا زەیدی کوڕی سابیت و سەیدنا عبداللەی کوڕی عەبباس و سەیدنا عبداللەی کوڕی سەیدنا عومەر خوا لێییان رازی بێت.. ئیبنوحەزم دەفەرموێ: فەتوای هەر یەکێک لەم بەڕێزانە بەرگێک دەبێت.

دووەم: ئەوانەی ریوایەتەکانیان مام ناوەندییە. سێزدە یاوەرن: سەیدنا ئەبوبەکرو خاتوو ئوم سەلەمەو سەیدنا ئەنەسی کوڕی مالیک و سەیدنا ئەبوسەعیدی خودری و سەیدنا ئەبو هورەیرەو سەیدنا عوسمانی کوڕی

---

3 ابو عبدالله محمد بن عبدالله الحاکم النیسابوري : المدخل الی کتاب الاکلیل ل 7 و 8 ..

عەففان و سەیدنا مەعازی کوڕی جەبەل و سەیدنا عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی عاس و سەیدنا عبداللەی کوڕی زوبەیرو سەیدنا ئەبو موسای ئەشعەریی و سەیدنا سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس و سەیدنا سەلمانی فارسی و سەیدنا جابری کوڕی عبدالله خوا لێییان رازی بێت ..

سێیەم : ئەوانەی کە کەمیان گێڕاوەتەوە، ئەمانیش زۆر زۆرن.

بەڵام هەموو ئەوانەی موفتی بوون ژمارەیان سەدو سیو قسوورە لە پیاوو ژن[4].

**سەردەمی تابعین:** کە سەیدنا عوسمان خوا لێی رازی بێت لە سەردەمی حوکمڕانی خۆیدا ڕێی بە یاوەران دا لە مەککەو مەدینەوە بچنە ناوچەکانی تری ئیسلام، ئیتر یاوەران چوونە میسرو بەسرەو کوفەو شام و خۆراسان و ناوچەکانی تر.. بەمەش زانستی شەرعی بڵاوتربۆوەو نەوەیەک لە تابعین سوودی لە نزیکی لەو یاوەرە بەڕێزانەوە وەرگرت..

بۆ نموونە کووفە: کوفە جگە لەوەی کە بووە پایتەختی خیلافەتی سەیدنا عەلی کوڕی ئەبوتالیب خوا لێی رازی بێت زیاتر لە سێسەد یاوەری تێدا نیشتەجێ بوو، چەندین موفتی و شەرعناسیی تێدا نیشتەجێ بوو، وەک سەیدنا ئیبنو مەسعوودو سەیدنا ئەبوموسای ئەشعەریی و سەیدنا سەعدی کوڕی ئەبووەققاس و سەیدنا ئەنەس و دەیانی تر کە بوونە مامۆستای شەرعناسانی وەک:

ـــ عەلقەمەی کوڕی قەیسی نەخەعی (62 ك).خاڵی ئیبراهیمی نەخەعییە.

ـــ ئەسوەدی کوڕی یەزیدی نەخەعی.

---

4 ابن القيم الجوزية : أعلام الموقعين 222/1 - 238 .

ـــ ئەبو مەیسەرە عەمری کوڕی شەراحیلی هەمەدانی.

ـــ مەسرووقی کوڕی ئەجدەعی هەمەدانی (63 ك).

ـــ شورەیحی کوڕی حاریسی کیندی (83 ك).

ئەمانیش ئەو زانستیەیان گەیاندەوە بە زانایانی تری وەک:

ـــ ئیبراهیمی کوڕی یەزیدی نەخەعی (96 - 145ك / 666 - 715 ز).

ـــ حەمادی کوڕی ئەبو سولەیمان ( 120ك / 737ز).

ـــ مەنسووری کوڕی موعتەمیری سەلەمی ( 133 ك).

ـــ سولەیمانی کوڕی میهرانی ئەعمەش (148 ك)..

ئیبراهیمی نەخەعیش بوو بە مامۆستای حەمادو حەمادیش دواتر بوو بە مامۆستای ئیمامی ئەبو حەنیفە (80- 150ك/699 - 770ز) کە یەکەمین سەرمەزهەبی چوار پێشەواکەی ئەهلی سوونەتە.. لەم زانایانەوە مەدرەسەی رەئی هاتە پێشەوە کە ئیمامی ئەبوحەنیفە بووە پێشەوای. بەرامبەر مەدرەسەی فەرموودە لە مەدینە بە پێشەوایەتی ئیمامی مالیک.

مەدینە: زۆرینەی گەورەترین زانای ئەم ئوممەتە لە مەدینە پێگەیشتن و هەموو فەرموودەو زانستیە شەرعیەکانی یاوەرانیان لەخۆگرت و پاشان بەو پەڕی دەستپاکیەوە گەیاندیانەوە بە نەوەی دوای خۆیان، لەوانە ئەم سێزدە بەڕێزەی حەوتی یەکەمینیان بە (حەوت شەرعناسەکە) ناوبانگیان دەرکرد:

ـــ سەعیدی کوڕی موسەییب (94 ك کۆچی دوایی کردووە).

ـــ عوروەی کوڕی سەیدنا زوبێری کوڕی عەووام (94 ك).

ـــ ئەبو بەکری کوڕی عبدالرحمانی سەیدنا حاریسی مەخزومی (94 ك).

ـــ عوبەیدوالڵەی کوڕی عبدالڵەی کوڕی عوتبە (90 ك/708 ز).

ــ خاریجەی کوڕی سەیدنا زەیدی کوڕی سابیت (99 ك/ 717 ز).

ــ قاسمی کوڕی محمدی کوڕی سەیدنا ئەبوبەکری سددیق (107ك/ 725 ز).

ــ سولەیمانی کوڕی یەسار (107 ك/725 ز).

ــ عبداللەی کوڕی سەیدنا عبداللەی کوڕی سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب.

ــ سالمی کوڕی دووەمی سەیدنا ئیبنوعومەر(106 ك/ 724 ز)..

ــ ئەبانی کوڕی سەیدنا عوسمانی کوڕی عەففان (105 ك 723 ز).

ــ ئەبوسەلەمەی کوڕی سەیدنا عبدالرحمانی کوڕی عەوف (94 ك 712 ز).

ــ عەلی کوڕی ئیمامی حوسەینی کوڕی سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیب (زەینولعابدین 95 ك 713 ز)..).

ــ نافیعی مەولای سەیدنا عبداللەی کوڕی عومەر(117 ك/ 735 ز)...

ئەم پۆلە بەرێزە زانستیە شەرعیەکانی خۆیان گەیاندەوە بە نەوەی دوای خۆیان، بۆیە لە دوای ئەمانیش لە مەدینە ئەم بەرێزانە بوونە موفتی:

ــ ئەبوبەکر محمدی کوڕی عەمری کوڕی حەزم (120 ك/ 738 ز) و دوو کوڕەکەی محمدو عبدالله.

ــ عبداللەی کوڕی سەیدنا عوسمانی کوڕی عەففان .

ــ جەعفەری (سادق)کوڕی محمدی کوڕی عەلی (زەینولعابدین) کوڕی سەیدنا حوسەین (83 - 148 ك/ 701 - 776 ز).

ــ عبداللەی کوڕی قاسمی کوڕی محمدی کوڕی سەیدنا ئەبوبەکری سددیق .

ــ محمدی کوڕی موسلیمی کوڕی شیهابی زوهری (124 ك/ 742 ز)..

ئەم بەرێزانەو قوتابیەکانیان لە پێگەیاندنی زانای تردا بەردەوام بوون تا زنجیرەکە گەیشتە:

ــ ئیمامی مالیک (93 - 179ك / 715- 796ز).

ــ ئیمامی مالیک مامۆستای ئیمامی شافیعییە (150 - 204 ك/ 766 - 820 ز).

ــ ئیمامی شافیعیش مامۆستای ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلە (164 - 241 ك / 780 - 855 ز)..

**سەردەمی دوای تابعین:** کە کۆتایی حوکمڕانی ئەمەوی و سەرەتای حوکمڕانی عەبباسیەکان و گەشانەوە شارستانێتیەکەی ئیسلامە.. لەم سەردەمەدا عومەری کوڕی عبدالعەزیز کە لە ساڵی (99-101ک) ببوو بە خەلیفە شیهابەددینی زوهری تەکلیف کردبوو بکەوێتە هاندانی کۆکردنەوەی فەرموودە، ئیتر گەشتی کۆکردنەوەی فەرموودە دەستی پێکردو سەدان قوتابی بۆ کۆکردنەوەی فەرموودە لێبڕان.. ئینجا کە بە توێژینەوەو لێکدانەوەی فەرموودە راو بۆچوونی جیاواز پەیدابوو، سەدان قوتابی تریش کەوتنە تۆمارکردنی فەتواو بۆچوونی شەرعناسان.. لێرەوە مەزهەبەکان دروست بوون، قوتابی وا هەبوو رای ئیمامی ئەبوحەنیفەی کۆکردبۆوەو فەتوای تەنها بە پێی رای ئیمامی ئەبو حەنیفەو مەدرەسەی کووفە دەدا. قوتابی واش هەبوو رای ئیمامی ئیسحاقی کۆکردبۆوەو هەموو فەتوایەکی لەسەر بۆچوونی ئەو ئیمامە دەدا.. هەبوو تەنها لەسەر رای ئیمامی مالیک و مەدرەسەی فەرموودە دەدا.. قوتابی تریش لەسەر راو بۆچوونی ئیمامی شافیعی یان محمدی کوڕی حەسەن یان ئیمامی ئەحمەد یان ئەوزاعی و ئەوانی تر دەدا..

محمدی کوڕی حەسەنی شەیبانی قوتابی ئیمامی ئەبو حەنیفە بوو لە کووفە، بۆ خوێندنی فەرموودە چووبووە خزمەت ئیمامی مالیک لە مەدینە، لە هەمان کاتدا ئیمامی شافیعیش چووبووە خزمەتی ئیمامی مالیک بۆ خوێندنی موەتتەئەکەی ئیمام.. ئیمامی شافیعی دواتر بوو بە سەر مەزهەب، بەڵام محمدی کوڕی حەسەن هەر لەسەر مەزهەبی ئیمامی ئەبو حەنیفەو مەدرەسەی رەئی مایەوەو بوو بە سێیەمین کەسایەتی مەزهەبی حەنەفی لە دوای ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئیمامی ئەبویوسف.. کە دەوترێت شەیخەینی حەنەفی مەبەستیان ئیمامی ئەبو یوسف و ئەم محمدی کوڕی حەسەنی شەیبانیییە کە ئەویش کتێبێکی بە ناوی (الموطأ)ەوە نوسیوە..

ئیمامی مالیک فەرموودەی مورسەلی پێ قبووڵ بوو[5] ئەم دوو قوتابیە نەجیبە کە خۆیان بوونەوە بە زانا، مورسەلیان پێ قبووڵ نەبوو.. ئیمامی شافیعی تەنها مورسەلی سەعیدی کوڕی موسەییبی قبووڵ بوو.. هەروەها زۆرینەی فەرموودەوانان پێیان قبووڵ نەبوو مورسەل بکەنە سەرچاوەی ئەحکام[6].. ئیمامی ئەحمەدیش کە بووە قوتابی ئیمامی شافیعی رای ئیمامی مالیکی پێ پەسەندتربوو وەک لە رای ئیمامی شافیعی! بۆیە گەڕایەوە سەر رای ئیمامی مالیک . لەمەوەیە دەبینیت کە مالیکی و حەنبەلی فەرموودەی

---

5 ئەو فەرموودەیە کە ناوی یاوەر (سەحابی) لە سەنەدەکەیدا نەهاتووە. وەک ئەوەی سەعیدی کوڕی موسەییب یان قەیسی کوڕی ئەبو حازم یان عوبەیدوڵڵەی کوڕی عەدی کە تابعینن یەکسەر دەفەرموون پێغەمبەری خوا صلی الله علیه و سلم فەرموویەتی .. (السیوطي: تدریب الراوي ل 126).

6 ئیمامی موسلیم لە سەرەتای سەحیحەکەی (28/1)و ئیبنوعەبدولبیر لە تەمهیدەکەیدا (19/1)ئەم راو بۆچوونانەیان بە دوورودرێژی باس کردووە..

مورسەلیان پێ قبووڵەو ئەحکامەکانی لێوە وەردەگرن، بەڵام حەنەفیەکان و شافیعیەکان فەرموودەی مورسەل بۆ عەقیدەو ئەحکامی شەرعی وەرناگرن ئەمە یەکێکە لە راجوێییە ئوسوڵیەکانی ئەم چوار مەزهەبەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت.. راجوێییەکانی تریش ئاوا دروست دەبوون، بەڵام هەموو زاناکان بەرێزەوە دەیانڕوانیە دیدو رای یەکترو کەسیان ئەوی تری نەدەشکاند.. بەڵام نەوەکانی دواتر کە خۆیان تواناو هیممەتیان کەم بۆوە، خۆیان بە مەزهەبەکاندا هەڵواسیی و دەمارگیرێتییەکی نارەوایان مومارەسە کرد، گەیشتە ئەوەی شافیعی و حەنەفی نوێژ لە دوای یەکترییەوە نەکەن و هەردووکیشیان لە دوای حەنبەلییەوە !!

* * *

# ئەحکامی پاکژی

## ( الطهارة )

# پاکژی ( الطهارة )

## ڕێڕەوی باس

**پاکژی** : (الطهارة): لە ڕووی زمانەوانییەوە (عەرەبیەکەی) : واتە پاک و خاوێنی و دووری لە پیسیی ماددی وەکو میزو شتی وا یان مەعنەوی وەکو هەبوونی کەم و کورتی و نوقسانی لە شتێکدا ، هەروەها بە مانای گوناح و سەرپێچی فەرمان .. نەک بە مانای پاکی ودووری لە لە چڵک و چەپەڵی ، وەکو زاراوە کوردیەکەی دەیگەیێنێت .

**لە ڕووی شەرعییەوە**: شەرعناسان پێی دەفەرموون (رَفْعُ الْحَدَثِ) واتە: نەمانی بەربەستی نوێژ، لە لەشی گرانی ونەبوونی دەسنوێژ، جا بە ئاو بێتە دی یان بە تەیەمووم، هەروەها نەهێشتنی پیسایی و ئەوی لە حوکمیدایە بە لەش و جێگاوە.

**پاکردنەوە (التطهیر)** بریتییە لە ئامادەکردنی بەرگ و شوێنی نوێژ.

هەر کەس بەم جۆرە پاکژ نەبوو بۆی نییە دەستنوێژو ئەوی لە حوکمی ئەودان ئەنجام بدات، لابردنی حوکمی پیسی ماددی بە لادان و نەهێشتنی خودی پیساییەکە دێتە دی، لابردنی پیسی مەعنەویش بە لابردنی حوکمەکەی دەبێت.

**حوکمی پاکژیی**: پاکردنەوە لە پیسی و پیسایی، لەگەڵ هەبوونی توانادا فەرزە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ) المدثر/ 4 واتە پۆشاکەکانت پاکژ کەرەوە.. هەروەها: (أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ) البقرة /125 واتە دەی سا هەردوکتان (بە سەییدنا ئیبراهیم و سەیدنا ئیسماعیلی کوڕی سەلامیان لێ بێت دەفەرموێ) ماڵەکەی من (کەعبە) بۆ ئەو کەسانەی دێن تەوافی

دەکەن و لێی دەمێننەوە وخەلۆەت دەکێشن ورکوع وسوجدەی لێ دەبەن پاک کەنەوە.

پاک بوونەوە لە بێ نوێژیی فەرزە تا رێی نوێژکردن هەبێت، چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (لا تُقْبَلُ الصَّلاةُ بِغَيرِ طُهُورٍ)[7] واتە نوێژی بێ دەست نوێژ قبوولْ نابێت.

**گرنگی پاکژیی:**

1ــ مەرجی دروستی نوێژە چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (لا تُقْبَلُ صَلاةُ مَنْ أحْدَثَ حَتَّى يَتَوَضَّأَ)[8] واتە: نوێژی ئەو کەسە دروست نابێت کە بێ دەسنوێژبووە تا دەسنوێژ نەگرێتەوە.. نوێژکردن بە دەسنوێژەوە خوا بە مەزن زانینە، بێ دەسنوێژی و لەش گرانی ـ هەر چەندە پیسی دیار نین ـ بەلآم بە پیسی مەعنەوی حسێبن و دەبێت خۆیان لێ پاک کرێتەوە، تا بتوانرێت رێی پەرستنەکان بگیرێتە بەر، لەش گرانی و بێ دەسنوێژ دەبنە بەربەستی ئەو پەرستن و خوا بە مەزن دانانەو پێچەوانەی پاکیشن.

2ـ خوای پەروەردگار مەتحی پاکژەوانانی کردووە کە فەرموویەتی: (إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ) البقرة / 222 واتە: خوای گەورە تۆبەکاران و پاکژەوانانی خۆش دەوێت. مەتحی ئەهلی مزگەوتەکەی قیبای مەدینەی ئاوا کرد کە فەرمووی: (فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُواْ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُطَّهِّرِينَ) التوبة/ 108 واتە: پیاوانی وای تێدایە حەز دەکەن پاک ببنەوە، خوای گەورەش پاکژەوانانی خۆش دەوێت..

---

7 موسلیم ( 224 ) .

8 متفق عليه بوخاری ( 135 ) ، موسلیم ( 225 ) .

3ـ خۆ پاک نەکردنەوە لە نەجاسـەت وکەمتەرخـەمی لـە پاکـژیی هۆکارێکە بۆ شایان بوونی ئەشکەنجەو ژانی گـۆڕ.. ئیبنوعـەبباس خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بـە لای دوو گۆڕدا تێپەڕی فەرمووی: (إِنَّهُمَا يُعَذَّبَانِ، ومَا يُعَذَّبَانِ فِي كَبِيرٍ، أَمَّا هذا فَكَانَ لا يَسْتَنْزِهُ مِنْ بَولِهِ..)[9] واتە : ئەوانە ئێستا ئەشکەنجە دەدرێن، بە دیدی خۆیان لەسەر شتێکی زۆر گەورەش نیە کە ئەشکەنجە دەدرێن! ئەمەیان کاتی میز کردنی خۆی پاک نەدەکردەوە.

<u>**پلەکانی پاکـژی**</u> : پاکژی یەکەمین دەروازەی چوونە ناو پەرستنەکانە. یەکەم روکنی پەرستنەکان کە فەرز بـوو، نوێـژەکان بـوون ئینجـا زەکات، ئینجا رۆژوو، ئینجا حەج، دەسنوێژیش پێشەکی نوێژەکەیە هـەموو کتێـبە فیقهیـەکان بـە باسـی پاکـژی دەسـت پـێ دەکـەن فەرموودەیش دەفەرموێ: (مِفْتاحُ الصَّلاةِ الطَّهُورُ)[10].واتە: کلیلـی نوێـژ پاکژییە، چونکە دەسنوێژ مەرجی نوێژە بۆیە دەبێت حەتمەن پێشی کەوێت، چونکە مەرج پێش مـەرج کـراوە، ئیمـامی موسـلیمیش لـە ئەبومالیکی ئەشعەرییەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (الطَّهورُ شَطْرُ الإِيْمَانِ)[11] واتە: پاکژی نیوەی باوەڕە .

<u>**پاکژی چوار پلەیە:**</u>

یەکەم: پاکردنەوەی دەرەوە لـە هـەموو پیسـەکی بەرجەسـتەیی (ماددی) و واتایی (مەعنەوی).

دووەم: پاک کردنەوەی رەفتارو رەوشت لە گوناح و تاوان.

---

9 بوخاری (216)، موسلیم (292)، ئەبو داوود(20) نەسائی (31 و 2069).

10 رواه الجماعة الا النسائي. شێخی ئەلبانی: صحيح أبي داود (55 و 577).

11 موسلیم (223).

سێیەم : پاکردنەوەی دڵ و دەروون لە هەر حەزی خوارو خێچ .
چوارەم : پاکردنەوەی نییەت لە غەیری خواوویستی.

ئەوانەی بۆ خوا سوڵحاوو ئیرادە بەهێزن هەست بە هەر چواری دەکەن و لە مەیدانی ململانێی شەیتان و نەفسدان و روویان لە سەرکەوتنە، ئەمما ئەوانەی کورت بینن، تەنها دیاردەو رواڵەت دەبینن هەر پلەی یەکەمی ئەم پاکژییانە، یان لایەنێکی ئەمیش! دەبینن.

ئەوی لێرەدا باسیان دێت پاکژیی شەرعییە کە زانایان کردوویانە بە دوو بەشەوە:

1 ـ پاکژیی واتایی (حوکمی) : بریتیە لە پاکبوون لە جەنابەت (لەش پیسیی) و نەبوونی دەسنوێژو تەیەموم..

2 ـ پاکژی بەرجەستە (حەقیقی) : واتە پاکبوون لە پیسیی، ئەمەش لە جەستەو پۆشاک و جێگادایە.

باشتر وایە ئێمەش وەکو ئەو ریزبەندییەی زۆرینەی شەرعناسان بۆ باسە فیقهیەکان کردوویانە ، باس بە باس بێیینە سەر بابەتەکانی پاکژیی ، کە بە جۆرەکانی ئاو دەست پێ دەکات :

.........................

# باسی یەکەم

# جۆرەکانی ئاوو ئەحکامیان

# باسی یەکەم
# باسی جۆرەکانی ئاوو ئەحکامیان

ـ ئاوی رووت.

ـ ئەو ئاوەی شتی پاکی تێکەوتووە.

ـ ئەو ئاوەی شتی پیسی تێ کەوتووە.

ـ ئاوی تکاوە لە دەسنوێژو غوسڵ و بەکارهێنانەوەی.

ـ بەرماوە.

## باسی یەکەم
## جۆرەکانی ئاوو ئەحکامیان

ئەوی پیسی پێ پاک دەکرێتەوە ئاوی ئاساییە، کە لە ئۆکسجین و هایدرۆجین پێک هاتووە، کە سەرچاوەکەی باران و کانی و روبارو دەریاو زەریاکانە چونکە لە هەموو شلەمەنییەکی تر زیاتر توانای پاک کردنەوەی هەیەو زۆرتر دەمێنێتەوەو ئاسان دەست دەکەوێت..

**یەکەم: ئاوی رووت**

واتە ئەو ئاوەی کە هەم خۆی لە خۆیدا پاکەو هەم پاک پاکەرەوەشە، ئەوەیە کە هیچی تری تێکەڵ نەبووە، وەکو ئاوی باران و دەریاو روبارو بیرو کانی، سوێر بێت یان شیرین، سارد بێت یان گەرم.. بۆ نموونە بە چا یان بە گوڵاو ناوترێت ئاوی رووت.

**جۆرەکانی:**

1ـ **ئاوی باران و بەفرو تەرزە:** هەمووی پاکە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّن السَّمَاء مَاء لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ) الانفال/11 واتە: خوای گەورە ئاوێک لە ئاسمانەوە دەنێرێتە خوارەوە تا پاکتان کاتەوە پێی. هەروەها: (وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاء مَاء طَهُورًا) الفرقان/ 48 واتە : ئاوێکی پاکمان لە ئاسمانەوە ناردۆتە خوارەوە (باراندووە).

- ئەبو هورەیرە ـ خوای لێ رازی بێت ـ دەگێڕێتەوە (كانَ رسُولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليهِ وسَلَّمَ إذا كبّر في الصَّلاةِ ، سَكَتَ هَنيهَةً قَبْلَ القِراءَةِ، فَقُلْتَ: يا رسولَ اللّهِ بِأبِي أنْتَ وأمِّي أَرَأَيْتَ سُكُوتَكَ بينَ التكبيرِ والقِراءةِ، مَا تَقولُ؟ قالَ: أقولُ: اللهُمَّ بَاعِدْ بَيني وبينَ خَطايايَ، كَمَا بَاعَدْتَ بينَ الْمشْرِقِ والمغْرِبِ اللهُمَّ نَقِّني مِنْ خَطايايَ كَمَا يُنَقَّى الثَّوبُ الأبيضُ مِنْ الدَّنَسِ، اللهُمَّ اغْسِلْنِي

مِنْ خَطَايايَ بِالثَّلْجِ والماءِ والبَرَدِ)[12]واتە: کـە پێـغـەمبەر صلی اللە علیە وسلم نوێژی دادەبەست، دوای تەکبیرەی ئیحرام (چوونە ناو نوێژ) و پێش خوێندنی سورەتی فاتیحە ماوەیەک بێ دەنگ دەبـوو، منـیش لێـم پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا، دایک و باوکم بە قوربانت بن، ئەوە لە نێوان تەکبیرو خوێندنەکەت (سورەتی فاتیحە) دا چی دەفەرموویت؟ فەرمووی: دەڵێم: خوایە لە گوناهـەکانم دوورم خـەرەوە بەقـەدەر ئەوەندەی خۆرهەڵات و خۆرئاوات دوور خسـتۆتەوە، خوایـە پـاکم کەرەوە لە گوناهەکانم وەکو کە جل و بەرگی سپی لە چڵک و چەپەڵ پاک دەکرێتەوە.

2ـ **ئاوی دەریا**: ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێـتەوە (سَـأَلَ رَجُلٌ رَسولَ اللّهِ صلى الله عليه وسلم، فقالَ: يا رسولَ اللّهِ، إنَّا نَرْكَبُ البحْرَ، نَحْمِلُ مَعَنَا القليلَ من الماءِ، فَإنْ تَوَضَّأنَا بِهِ عَطِشْنَا، أفَنَتَوَضَّأُ بمَاءِ الْبَحْرِ؟ فقالَ رسولُ اللّهِ صلى الله عليه وسلمَ: هُوَ الطَّهُورُ مَاؤُهُ، الحِـلُّ مَيْتَتُـهُ)[13] واتـە: کابرایەک لە پێغەمبەری صلی اللە علیە وسلم پرسی: ئـەی پێـغـەمبەری خوا ئێمە کە گەشتی دەریا دەکەین، ئاو کـەم لەگـەڵ خۆمـان هـەڵ

---

12 بوخاری (744)، موسلیم (598)، ئەبوداوود (781)، ئەحمەد (231/2).

13 ئەبو داوود (83) ، نەسائی (59) ، ترمزی (69) ئیبنوماجە (386) مالیک (22/1) ترمزی دەفەرموێ: هذا الحديث حسن صحيح ، وسألت محمد بن إسماعيل البخاري عن هذا الحديث فقال: حديث صحيح ) واتە: ترمذي دەفەرموێ ئەم حەدیسە حەسەن و سەحیحە، دەربارەشی لە محمدی کوڕی ئیسماعیلی بوخاریم پرسی، ئەویش فەرمووی: سەحیحە.. شێخی ئال بەسسام کە لە گەورە زانایانی حەرەم بوو رحمە اللە (لە 2003/2/1 کۆچی دوایی کرد) لە تیسیر العلام (89/1) دا دفەرموێ: ئوممەت هەمووی ئەم فەرموودەیەی قبووڵ کردوە، زیاتر لە 30 پێشەوای فەرموودە بە سەحیحیان زانیووە، ناوی زۆریشیان دەهێنێت..

دەگرین، ئەگەر دەستنوێژی پێ بگرین بێ ئاو دەمێنینەوەو تینوومان دەبێت، ئایا بۆمان هەیە لە دەریا دەستنوێژ بشۆین؟ پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فەرمووی: ئاوی دەریــا پاکــەو مــردارەوە بووەکەشــی حەڵاڵە..

پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لە وەڵامی کابرادا نەیفەرموو: بەڵێ، تا هۆی پاکێتی دەریا روون بکاتەوەو بەس. بەڵکو حوکمێــکی تریشــی روون کردەوە ـ گەرچی پرسیاریشی دەربارەی لێ نەکرا بــوو ـ کــە بریتییە لە حەڵاڵێتی مردارەوەبــووی نــاو دەریــا.. ئیبنولعــەرەبی دەفەرموێ: ئەمە بۆ ئەوەیە زیاتر شت فێــر بــین و مــوفتیش فێــری شێوازی فتوا دان بکات.. دەفەرموێ مردارەوە بووی دەریاکــە، واتــە ئەوی لە ناویدا دەژی و مردار بۆتەوە نەک یەکێک لەسەر ووشکانی دەژی و کەوتۆتە ناوی تێیدا مردووە ، ئەمیان حەڵاڵ نییە.

ئیمامی شافیعی دەفەرموێ: ئەم فەرموودە نیوەی زانستی پاکژییە.

ئیمامی ئەبو حەنیفە مردارەوە بووی ـ دەریا غەیری ماســی ـ بــە حەڵاڵ نازانێت، ئیمامی ئەحمەد هەمووی پێ حەڵاڵە جگە لە بــۆق و مارماسی و تیمساح، چــونکە بــۆق و مارماســی تەبیعــەت ناچێــتە سەریان تیمساحیش کەڵبەی هەیەو دڕندەیە. ئەمما ئیمامی مالیــک و شافیعی هەموو شتێکی دەریا بە حەڵاڵ دەزانن، بەڵگەشیان ئەوەیە کە خوای گەورە فەرموویــەتی: (أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ وَطَعَامُهُ) المائدة/96 واتە ئەوی لە دەریادا راوی دەکــەن هــەروەها خۆراکــەکانی بۆتــان حەڵاڵە . (صید) لێرەدا بە مانــای راو کراوەکەیــە نــەک راوکــردن .. <u>راستترین را بە لامەوە ئەوەیە کە هەموو شتێکی دەریا حەڵاڵە.</u>

<u>3ـ ئاوی زەمزەم</u> : عەلی کوڕی ئەبو تالیب خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە کە ( أنَّ رسُولَ صلى الله عليه وسلم دَعَا بِسَجْلٍ مِنْ ماءِ زَمْزَم، فَشَرِبَ مِنــهُ،

وتَوَضَّأَ )[14] واتە: پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم داوای دۆلکەیەک ئاوی بیری زەمزەمی کرد، کە هێنایان لێی خواردەوەو دەستنوێژی پێ گرت .

**4ـ ئاوی گۆڕاو** : چ بە هۆی زۆر مانەوەوە گۆڕا بێت ، چ بە هۆی جێگەو رێگەیەوە بێت وە چ بە هۆی ئەوە بێت کە شتی پاکی تێکەوتبێت ولێی جیا نەکرێتەوە. وەکو قەوزەو گەڵاو گیاو.. هتد . چونکە ئەمانە سیفەتی ئاوی رووت لە ئاوەکە دانابڕن، ئەمەش کۆڕا (ئیجماع) ی زانایانی لەسەرە. ئەو رێسایەی هەموو ئەم جۆرە ئاوانە دەگرێتەوە ئەوەیە کە هەر ئاوێک سیفەتی ئاوی رووتی پێوە بوو بۆ دەستنوێژ شتن دەشێت. خوای گەورەش دەفەرموێ: (فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ) المائدة / 6 واتە : ئەگەر ئاوتان دەست نەکەوت تەیەمموم بکەن..

**دووەم: ئەو ئاوەی شتی پاکی تێکەوتووە**

ئەوی شتی پاکی وەکو خۆڵ و گڵ وسابوون وعەترو چاو ئاردو زەعفەران و.. هتد تێکەوتووە، کە لە ئاوەکە جیا ناکرێتەوە. حوکمی ئەمیش پاک و پاکەرەوەیە، چونکە سیفەتی ئاوی رووتی پێوە ماوە. ئوم عەتییە کە ئافرەتە سەحابەیەکی پێغەمبەرە صلی الله علیە وسلم دەگێڕێتەوە: (دَخَلَ عَلينا رسولُ اللّهِ صلى الله عليه وسلم، حِينَ تُوُفِّيَتْ ابْنَتُهُ (زَينبُ) فَقَالَ :أغْسَلْنَهَا ثَلاثاً، أو خمساً أو أكثرَ مِن ذلكَ إنْ رَأيتُنَّ بمَاءٍ وسِدْرٍ واجْعَلْنَ في الأخِيرَةِ كافُوراً أو شَيَئاً مِن كافورَ، فإذا فَرَغْتُنَّ، فآذِنَّني. فَلَمَا

---

14 عبداللەی کوڕی ئەحمەد لە الزوائد (76/1) هێناویەتیەوەو ئەحمەد شاکر دەفەرموێ سەحیحەو ئەلبانیش لە:ارواء الغليل (13) دا بە حەسەنی ناساندووە.

فَرَغْنَ آَذَنَّاهُ، فأعْطانا حِقْوَهُ، فقال: أشْعِرْنَها إِيَّاه )[15] واتە: كاتێک زەینــەبی كچی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم كۆچی دوایی كرد، پێــغەمبەر صلى الله عليه وسلم تەشریفی هێنا بۆ لامان و فەرمووی: سێ جار یان پێنج جار یا زیاتر بە سیدرو ئاو بیشۆن، كۆتا جاریش كافور یان شتێكی تری وەكو كافوری تێكەن، كە لە شتنیشی تەواو بوون بانگم كەن. ئێمەش دوایی بانگمان كرد كە هات عەباكەی خۆی داینێ و فەرمووی تێوەی پێچن). ئەگەر سیفەتی ئاوی رووتی پێوە نــەما، پاكــە بــەڵام وەكـو زانایان فەرموویانە پاكەرەوە نامێنێت[16] ئوم هانی دەگێڕێتەوە: (أنَّ النبيَّ صلى الله عليه وسلم اغْتَسَلَ، هُوَ وميمونَةُ مِن إناءٍ واحدٍ . قَصْعَةٌ فِيهــا أَثَرُ الْعَجِينِ)[17] واتە: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ومەیمونەخانی خێزانی لە تەشتێكدا پێكەوە خۆیان شت، كە هەویری كۆنی پێوە بوو .

ئاشكرایە كە هەر شتێک زیندووی پێ پــاک دەبێــتەوە بــۆ شــتنی مردووش دەشێت. بۆیە لە هەر دوو فەرموودەكەی سەرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە كە ئاو هەر چەند شتی پاكی تێ بكەوێت ـ مــادام سیفەتی ئاوی رووتی پێوە بمێنێــت ـ هــەر بــە پــاک و پاكــەرەوە دەمێنێتەوە.

---

15 بوخاری (1258) ، موسلیم (939) ، ئەبوداوود (3142) نەسائی (1880) ، ئیبنوماجە (1458) ، ترمزی (990) دەربارەشی دەفەرموێ (حديث حسن صحيح) ..

16 ابن قدامه: المغني (12/1)، النووي: المجموع (50/1)، المقبلي: البحر الزخار (27/1).

17 احمد (342/6)، نەسائی (240)، ئیبنوماجە (134/1 ژمارە 378)، ابن خزيمة (240) شێخی ئەلبانی لە صحيح النسائي (51/1) وصحيح ابن ماجه (378) ومشكاة المصابيح (485) وإرواء الغليل (1 / 64) بە سەحیحی داناوە بڕوانە.

**سێیەم: ئەو ئاوەی شتی پیسی تێ کەوتووە**

ئەمەش دوو حاڵەتە:

**یەکەم: ئەو ئاوەی کە پیسییەکە، تام یان بۆن یان ڕەنگی گۆڕیووە:**

ئیبنولمونزیرو ئیبولموله‌ققەن کۆڕای زانایانیان لەم بارەوە هێناوە کە ئەو ئاوە ـ زۆر بێت یان کەم ـ بۆ پاکردنەوە ناشێت[18].

**دووەم : ئەو ئاوەی کە هیچ سیفەتێکی نەگۆڕاوەو بە سیفەتی ئاوێتی هەر ماوە:**

جمهوری زانایان رایان لەسەر ئەوەیە کە پیس نەبووە[19] چونکە لەو فەرموودەدا کە ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردووە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (طَهورٌ إناءِ أحَدِكُمْ إذَا وَلَغَ فيه الْكَلْبُ أنْ يَغْسِلَهُ سَبْعَ مَرَّاتٍ أُولاهُنَّ بالتُّرَاب)[20]واتە: ئەگەر سەگێک دەمی خستە ناو دەفر (قاپ) ی یەکێتانەوە با حەوت جار بیشواتەوەو یەکەمجارەکەیان با بە گڵ بێت. دەفەرموون: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر ئاوێکی کەم پیسیی تێ کەوت، ئەو ئاوە خۆشی حوکمی پیسی وەردەگرێت. هەندێکی تریان دەفەرموون: مادام پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (الماءُ طَهورٌ، لا يُنَجِّسُهُ شَيءٌ) ئاو پاکەو هیچ پیسی ناکات، کەوا بوو ئاوەکە ـ کەم بێت یان زۆر ـ پاک و پاکەرەوەیە.

هەروەها فەرموودەکەی ئەبوسەعیدی خودری خوا لێی رازی بێت کە لای هەموو پێشەوایانی فەرموودە وەکو ئەحمەدو یەحیای کوڕی مەعین و ئیبنوحەزم و ئیبنوحیببان و حاکم وئیبنوخوزەیمەو

---

18 سيد سابق : فقه السنة (16/1).

19 الشوكاني: نيل الاوطار (41/1) ، ابن رشد: بداية المجتهد (24/1) ، ابن قدامة المقدسي: المغني (22/1) ، الخطيب الشربيني : مغني المحتاج (21/1) .

20 موسليم (183/3) .

ئیبنوتەیمییە مەقبوولە (جگە لە ئیبنوقەتتان كە بۆچوونی لە رای ئەو زانایانەی پێشوو بەهێزتر نیە) كە دەفەرموێ لە پێغەمبەری خوایان صلی الله علیه وسلم پرسی: (یا رسولَ اللهِ، أَنَتَوَضَّأُ مِن بئرِ بُضَاعَةَ؟ فقالَ صلى الله عليه وسلم: الماءُ طهورٌ، لا يُنَجِّسُهُ شَيءٌ)[21] واتە: ئەریّ ئەی پێغەمبەری خوا ئایا لە بیرەكەی بوزارعە ( بُضاعة) دەستنوێژ بگرین؟ فەرمووی: ئاو خۆی پاكە هیچ شتێك پیسی ناكات[22].

ئەمەش مەزهەبی ئیبنوعەبباس و ئەبوهورەیرەو حەسەنی بەسری و ئیبنولمەسییەب و عیكرەمەو ئیبنوئەبی لەیلاو سەوری و داوودی زاهیری ونەخەعی ومالیك وئەوانی ترە، بۆیە ئیمامی غەزالی دەیفەرموو: خۆزگە مەزهەبی شافیعی لە مەسەلەی حوكمی ئاودا وەكو مەزهەبی ئیمامی مالیك بوایە[23]! بۆیە غەزالی رەحمەتی وا دەفەرموێ چونكە خۆی شافیعییەو شافیعییەكان ئیعتیمادیان كردۆتە سەر فەرموودەیەكی زەعیف، بۆیە لە بۆچوونە فیقهیەكەی ئەم مەسەلەیەدا بە تەواوی وەكو مەزهەبی ئیمامی مالیك و ئەحمەد نەیانپێكاوە.. فەرموودەكەش ئەوەیە كە ئیبنوعومەرخوا لێیان رازی بێت دەیگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی :

---

21 ئەبوداوود (54/1 ژمارە 66) ، ترمزی (96/1 ژ 66) و بە حەسەنی داناوە نەسائی (175/1 ژ 325) ، ئەحمەد (31/3 و 86) ، بەیهیقی لە السنن الكبری (4/1 و 257)، دارەقوتنی (30/1 ژ 11) ، تلخیص الحبیر (13/1) ، ئیمامی ئەحمەدی كوڕی حەنبەل دەفەرموێ : حەدیسی بیری بوزاعە سەحیحە .
22 بەو مەرجەی یەكێك لە سێ وەسفەكانی (تام و رەنگ و بۆن) ی نەگۆڕا بێت.
23 سید سابق : فقه السنة ( ل 17 ) چاپی یەک بەرگی 1134 لاپەڕەییەكەی.

(إذا كانَ الماءُ قُلَّتينِ، لَمْ يَحْمِلْ الخَبَثّ)[24] واتە: ئەگەر ئاو گەیشــتە بــڕی دوو قوللە[25] ئیتر هەرچی تێکەوێت پیسی ناکات..

شێخ سەیید سابق لە فقه السنة کەیدا رەچاوی هەندێک لە زانایانی فەرموودەی کردووە، لەوانەی کە ئەم فــەرموودەیان ـ هــەر چــەندە گــرنگ و پێویســتە ـ بــە (مُضْطَرِبٌ سَنَدَاً وَمَتْنَاً) ناســاندووە[26]، ئــەوان فەرموویانە: لە رووی سەنەدەکەیەوە: لەبــەر ئەوەیــە کــە تــەنها ئیبنوعومەر ریوایەتی کردووەو، لەویشــەوە تــەنها عوبەیدواللــەی کوڕی، لە رووی دەق (مەتن) ەکەشیەوە: چونکە فەرموودەی تر هەیە باسی سێ قوللە و یەکێکی تر باسی چل قوللە دەکات، قوللــەش لای هەموان روون نەبووە، لە دیاری کردنی قــەبارەی گۆزەکــەدا رایــان لێک دوور کەوتۆتەوە، هــەر چــەندە هەندێــکیان فەرموویانــە بــە قوللەی هیجر (هۆزێکە) ئەمە جگــە لــەوەی لــە ریوایــەتی تریــدا هاتووە دەفەرموێ: (لَمْ يُنَجَّسْ) نەک (لَمْ يَحْمِلْ الخَبَثَ)..

زۆر لە زانایان لە موناقەشەی ئەم فــەرموودەدا بەشــدار بــوون، شەوکانی بۆچوونی هەموانی باس کردووەو پاشــان بــە ســەحیحی داناوە، شیخ احمد شاکرو شێخی ئەلبانی بە سەحیحیان دانــاوە [27].

---

24 ئەبو داوود ( 17/1) ، نەسائی (46/1) ، ترمزی(67) ئەحمەد (314/1) دارەقوتنی (187/1) حاکم: المستدرک (133/1) بە سەحیحیشی ناساندووە..

25 قوللە: گۆزەی گەورەی ئەو زەمانە بووە بە حساباتی ئێستای ئێمە دەکاتە 157 کلگم، شێخ ئال بەسسام لە تیسیر العلام (96/1) دا دەفەرموێ 500 رەتڵی عێراقی واتە : 200 کلگم لە ئاوی شیرین.

26 وەکو بەیهیقی و موززی و ئیبنو تەیمییە (تیسیر العلام95/1) .

27 الالباني: إرواء الغليل (60/1) وصحيح الجامع (758) دەربارەی دەفەرموێ : (الحديث صحيح رواه الخمسة مع الدارمي والطحاوي والدارقطني والحاكم والبيهقي

پێم وایە ناساندنی ئەم فەرموودەیە بە سەحیح لە لایەن ئـەم سـێ توێژەرەوە بەڕێزەوە لە تەزعیف کردنی سـەید سـابقی رەحمـەتی بەهێزترە، بۆیە پێم وا نیە زەعیف بێت و جێی وەرکـرتنی حـوکمی شەرعیە لێی..

ئەو رێسایەی ئەم جۆرە ئاوانە دیاری دەکات گۆڕان و نەگۆڕانی تام و بۆن و رەنگی ئاوەکەیە، هەر کامێک لەمانە گۆڕا ئاوەکە پاکـژ نامێنێت.. جا ئیتر ئەو ئـاوە کـەم بێـت یـان زۆر، ئیبنولمـونزیرو ئیمامی نەوەوی کۆڕای زانایانیان لەسەر ئەمە نەقڵ کردووە. ئەمـە رای ئیمامی مالیک و زاهیریەکان و ئیبنوتەیمییـەو ئیبنولقـەییم و محمد بن عبدالوهاب وشەرعناسانی نەجدە.. هەموویان دەفەرموون: هەر ئاوێک پیسی تێ کەوت بەڵام تام و بۆن و رەنگی نەگۆڕی پاکـژ دەمێنێت..

کەوابوو هەر ئاوێک پیسی تێکەوت و رەنگ یان تـام یـان بـۆنی گۆڕی پیسە، بەڵام ئەگەر ئەمانەی لێ لادرا دەگەڕێتەوە سەر ئەسـڵە پاکەکەی، وەکو زۆرینەی ئەو ئاوەی لە مەرکەزی شارە گـەورەکانی رۆژئاوادا بەکار دێت کە لە هەندێک وولاتدا حەفتاو پێنج لە سـەدی ئاوی زێرابەو پاک کراوەتـەوە[28] .. لیژنـەی هەمیشـەیی زانایـانی

---

والطيالیسي باسناد صحیح عنه، وقد صححه الطحاوي وابن خزیمة وابن حبان والذهبي والنووي و العسقلاني، وإعلال بعضهم إیاه بالاضطراب مردود)..

28 لە ناوەڕاستی ڤیەننای پایتەختی نەمسا کۆشکێکی رازاوەی رەنگاورەنگم بینی، لە هاوڕێکانم پرسی ئەمە چیە وا جوانە؟ ووتیان ئەمە زێرابی شارەو لێرەدا ئاوەڕۆکە سەر لە نوێ پاک دەکرێتەوەو بەکار دەهێنرێتەوە..

جەزیرە فەتوایان لەسەر پاکی ئەم جۆرە ئاوە داوە کە پاک بۆتەوەو بۆ دەسنوێژو غوسڵ دەشێت[29] ..

**چوارەم : ئاوی تکاوە لە دەسنوێژو غوسڵ**

**ئاوی تکاو لە دەسنوێژ:** ئەو ئاوەیە کە لە دەموچاوو ئەندامانی دەسنوێژی موسوڵمان کەوتۆتە خوارەوە.. شەرعناسان هەر لە کۆنەوە موناقەشەی ئەم جۆرە ئاوەیان لا بۆتە باس، کە ئایا هەر بە پاکی دەمێنێتەوە یان بە بەکارهێنانەکەی پیس دەبێت و جارێکی دیکە ناشێت بۆ پاکژیی بەکار بهێنرێتەوە؟! شەرعناسان لەم مەسەلەیەدا دوو پۆلن:

**پۆلی یەکەم: ئەوانەی فەرموویانە پاکە وپاکەرەوە ماوە:** ئەمەش رای سەیدنا عەلی وئیبنوعومەرو ئەبوئومامەو کۆمەڵێکی زۆری سەلەفە، هەروەها رای ناسراوو بەناوبانگی مەزهەبی ئیمامی مالیک و ریوایەتێکی لای ئیمامی شافیعی و ئەحمەدیشە، هەروەها رای ئیمامی ئیبنوحەزم وئیبنولمونزیرەو شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییەش ئەمیانی پێ پەسەندتر بووە[30].. هەندێک لە بەڵگەی ئەمان:

1 ـ ئەسڵ ئەوەیە کە ئاو پاکەو هیچ شتێک پیسی ناکات، وەکو لە فەرموودەکەی پێغەمبەری خوادا صلى الله عليه وسلم هاتووە کە (الْمَاءُ طَهورٌ لا يُنَجِّسُهُ شَئٌ )[31] واتە: ئاو پاکەو هیچ شتێک پیسی ناکات..

---

29 بڕیاری ژمارە(64) لە(1398/10/25)و بڕیاری خولی(11) کە لە (13 ی رەجەبی 1409 ـ 1989/2/19) گیرا..

30 ابن قدامة: المغني (31/1)، النووي: المجموع (205/1)، ابن حزم : المحلى (183/1)، ابن تيمية : مجموع الفتاوى (519/20) ، بان المنذر : الاوسط (285/1) .

31 ئەبو داوود (266) ، ترمزی (66) ، نەسائی (174/1) ، ئیبنوسسەیدلە صحيح فقه السنة (104/1) دا دەفەرموێ : حەسەنە.

مەگەر تام یان بۆن یان رەنگی گۆڕا بێت، یان پێناسەی ئاوی رەها (موتڵەق) ی بەسەردا نەچەسپێتەوە..

2 ـ ئەوە سەلمێنراوە کە یاوەران ئاوی ماوە لە دەسنوێژی پێغەمبەری خوایان صلى الله عليه وسلم بەکار دەهێنایەوە:

⁎ ئەبو جوحەیفە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِالْهَاجِرَةِ، قَالَ : فَتَوَضَّأَ فَجَعَلَ النَّاسُ يَتَمَسَّحُونَ بِفَضْلِ وَضُوئِهِ)[32] واتە: دوای نیوەڕۆیەک پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم تەشریفی هێنایە لامان، دەسنوێژی شت کە تەواو بوو کۆمەڵێک خەڵک پەلاماری ئاوی ماوەی دەسنوێژەکەیان داو دەستیان پێ تەڕ دەکردو بە دەموچاوو لەشی خۆیاندا دەهێنایەوە. ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی رەحمەتی خوا لێ بێت دەفەرموێ: ئیحتیمالی ئەوە زۆرترە کە پەلاماری ئەو ئاوەیان دابێت کە لە شتنی ئەندامە پیرۆزەکانی دەسنوێژی تکابۆوە ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئاوی بەکارهاتووی دەسنوێژ پاکە[33].

⁎ فەرمووودەکەی مەسوەرەی کوڕی مەخرەمە خوا لێی رازی بێت کە دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ: (وَإِذَا تَوَضَّأَ كَادُوا يَقْتَتِلُونَ عَلَى وَضُوئِهِ[34] واتە: کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەسنوێژی دەشت، یاوەران خەریک بوو شەڕیان لەسەر ئەو ئاوی دەسنوێژەکەی دەکرد..).

⁎ لە ئەبو موسای ئەشعەرییەوە خوا لێی رازی بێت گێڕاوەتەوە: (دَعَا النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِقَدَحٍ فِيهِ مَاءٌ فَغَسَلَ يَدَيْهِ وَوَجْهَهُ فِيهِ وَمَجَّ

---

32 بوخاری (187) ، ئەحمەد: مسند الكوفيين (18379): على شرط الشيخين.

33 ابن حجر : فتح الباري (353/1) .

34 بوخاری (189) .

فِيهِ ثُمَّ قَالَ لَهُمَا اشْرَبَا مِنْهُ وَأَفْرِغَا عَلَى وُجُوهِكُمَا وَنُحُورِكُمَا)[35] واتە: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم داوای دەفر (قاپ) ێک ئاوی کرد، کە بۆیان هێنا دەست ودەموچاوی تێدا شت ولە دەمی وەردا، پاشان بەم وبە بیلالی فەرموو: لێی بخۆنەوەو بیکەن بەسەر دەموچاوو ملتاندا.

3 ـ ئەو فەرموودەی کە ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت دەیگێڕێتەوە، دەفەرموێ: (كَانَ الرِّجَالُ وَالنِّسَاءُ يَتَوَضَّئُونَ فِي زَمَانِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جَمِيعًا)[36] واتە: لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا صلی الله علیه وسلم ژن و پیاو پێکەوە دەسنوێژیان دەشت..

لە ریوایەتێکی تردا لە رێی عوبەیدواللەی کوڕی نافیعەوە، دەفەرموێ: (كُنَّا نَتَوَضَّأُ نَحْنُ والنِّسَاءُ عَلَى عَهْدِ رَسولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ مِنْ إنَاءٍ وَاحِدٍ نُدْلِي فِيهِ أيدِينَا)[37] واتە: لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا صلی الله علیه وسلم ژن و پیاو لە یەک تەشتێکدا دەسنوێژمان دەشت، هەموومان لە یەک کاتدا دەستمان تێیدابوو..

4 ـ ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت کە دەفەرموێ: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَغْتَسِلُ بِفَضْلِ مَيْمُونَةَ)[38] واتە: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم غوسڵی هەر بەو ئاوە دەردەکرد کە خاتوو مەیموونەی خێزانی خوا لێی رازی بێت خۆی پێ شتبوو ..

---

35 بوخاری (188) .

36 بوخاری (193) ، ئەبوداوود (79) ، نەسائی (57/1) ، ئیبنوماجە (381).

37 ئەبوداوود هێناوێتیەوەو دەرهەقی دەفەرموێ: سەحیحە.

38 موسلیم (323)، لە فەرمودەیەکی تری متفق علیه دا هاتووە کە : (كَانَا يَغْتَسِلانِ فِي إنَاءٍ واحِدٍ) واتە پێکەوە لە یەک تەشتی گەورەدا غوسڵیان دەردەکرد ..

5 ـ روبەییعی کچی موعەوویز خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَسَحَ رَأْسَهُ مِنْ فَضْلِ مَاءٍ كَانَ بِيَدَيْهِ)[39] واتە: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم مەسحی سەری بەو ئاوە زیادە کرد کە بە دەستی پیرۆزیەوە مابوو..

6 ـ ئیبنولمونزیر کۆڕا (ئیجماع) ی شەرعناسانی نەقڵ کردووە[40] کە فەرموویانە: ئەو ئاوەی لە دەسنوێژو غوسڵی موسوڵمان دەتکێتەوە سەر پۆشاکەکەی پاکە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پاکێتی ئەو ئاوەی لە دەسنوێژ تکاوەتەوە، ئەو حوکمە لەسەر پاکێتی ئەو ئاوە هەبێت چۆن بە بێ هەبوونی بەڵگە رێ لەوە دەگرێت دەسنوێژی پێ بشۆرێتەوە؟! ئەوی پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیە چ بەڵگەیەکی پێیە؟!

**پۆلی دووەم: ئەوانەی کە فەرموویانە پاك نەماوەو ناشێت بەکار بێتەوە:**

بەڵگەی ئەمان وەکو بەڵگەکانی ئەوان ئەوەندە بەهێز نیە رای شەرعناسانی پۆلی یەکەم لاواز کات:

1 ـ (عَنْ حُمَيْدٍ الْحِمْيَرِيِّ قَالَ لَقِيتُ رَجُلًا صَحِبَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَرْبَعَ سِنِينَ كَمَا صَحِبَهُ أَبُو هُرَيْرَةَ قَالَ نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ تَغْتَسِلَ الْمَرْأَةُ بِفَضْلِ الرَّجُلِ أَوْ يَغْتَسِلَ الرَّجُلُ بِفَضْلِ الْمَرْأَةِ زَادَ مُسَدَّدٌ وَلْيَغْتَرِفَا جَمِيعًا)[41]واتە: حومەیدی حیمیەری گێڕایەوە کە پیاوێکی بینی

---

39 ئیبنوسسەیدلە صحیح فقه السنة (105/1) دا دەفەرموێ : حەسەنە، لای ئەبوداوود ژمارە (130) و لای دارەقوتنی (87/1) .

40 ابن المنذر : الاوسط (288/1) .

41 ئەبوداوود (81) بە سەحیحی داناوە.. شەوکانی لە بەرگری لە سەنەدەکەی دەفەرموێ: بەیهیقی وای راگەیاندووە گوایە مورسەلە (یاوەرێک لە زنجیرەی سەنەدەکەیدا نەماوە) ئیبنوحەزمیش دەفەرموێ: حەمیدی کوڕی عبدالرحمان کە لە سەنەدەکەدایە زەعیفە.. نەوەویش فەرموویەتی: حافزانی فەرمووده لەسەر

کە چوار ساڵ لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بوو صلی الله علیه وسلم، ئەو گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بەرهەڵستی کردووە لەوەی ژن بە ئاوی ماوەی بەر پیاو غوسڵی خۆی دەرکات، هەر وەکو کە نابێت پیاو بە ئاوی ماوەی بەر ژن غوسڵی خۆی دەرکات، با هەردووکیان هەر لێی هەڵهێنجن.. ئەم شەرعناسە بەڕێزانە دەفەرموون دیارە کە جائیز نیە ئاوی بەکارهێنراوی یەکتری بەکار بهێنن. کەوابوو ئاوی بەکارهێنراو پاکیش بێت پاک کەرەوە نەماوە.

ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی کە بەرگری لە سەحیحێتی فەرموودەکە کردووە دەفەرموێ، فەرموودەکانی تریش سەحیحن، کەوابوو ئەوەی روون دەبێتەوە ئەوەیە کە ئەم فەرموودەیەی حومەیدی دیگێڕێتەوە بۆ پاک و خاوێنی زیاترە، نەک بۆ رێ لێگرتنی تەواوی..

- **<u>ئاوی تکاوە لە غوسڵ</u>**: ئەو ئاوەیە کە لە غوسڵەوانێک تکاوەتەوە، رای شەرعناسان لە پاکێتیی و بەکارهێنانەوەی ئەم ئاوەش وەکو بەکارهێنراوی دەسنوێژ دوو پۆلن:

---

ئەوە کۆن کە ئەمە فەرموودەیەکی زەعیفە.. بەڵام ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی دوای ئەوەی لە بلوغ المرامدا سەنەدەکەی بە سەحیح ناساندووە، سەرسامی خۆی لەم قەولەی نەوەوی دەربڕیووە چونکە دەفەرموێ پیاوانی سەنەدی فەرموودەکە هەموویان جێمتمانەن و کەسم لە فەرموودەوانان نەدیووە بە زەعیفی دانابێت .. ئال بەسسامیش دەفەرموێ ئیبنو حەزم لە ناوی حەمیددا بە هەڵەدا چووە چونکە ئەو حەمیدە کوڕی عبدالرحمان نیە کە زەعیفە، ئەمە حەمید کوڕی عبداللەیە کە شەرعناس و جێ متمانەیە (فقيهٌ ثقة) . تیسیر العلام (103/1).

**پۆلی یەکەم: ئەوانەی فەرموویانە پاك ماوەو دەشێت بەكار بێتەوە**: ئەمەش رای سەیدنا عومەرو ئەبوهورەیرەو ئیبنوعەبباس و ئیبنوعومەرو سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس وکۆمەڵێک لە شەرعناسانی سەلەف و ئەبوعوبەیدو ئیبنولمونزیرو ئەوانەیە، هەروەها مەزهەبی حەنەفی ومالیکی وشافیعی وریوایەتێکی ئیمامی ئەحمەدە[42]، بەڵگەشیان:

1 ـ فەرموودەکەی ئیبنوعەبباسە خوا لێی رازی بێت کە فەرموویەتی: (أنَّ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم كانَ يَغْتَسِلُ بِفَضْلِ مَيمُونَةَ)[43] واتە: پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم بەو ئاوەی لە خۆشتنی مەیمونەی خێزانی دەمایەوە غوسڵی خۆی دەردەکرد.

2 ـ عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (من و پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە جەنابەتدا بووین، لە یەک تەشتدا غوسڵمان دەردەکرد..)[44].

3 - ئەو فەرموودەش بەڵگەیە کە ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە (أنَّ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم لَقِيَهُ في بَعْضِ طُرُقِ المدينَةِ وهُو جنُبٌ، فانْخَنَسَ مِنهُ، فَذَهَبَ، فَاغْتَسَلَ، ثُمَّ جَاءَ، فقالَ: أينَ كُنْتَ يا أبا هُريرَةَ؟ فقالَ: كُنْتَ جُنُبَاً فَكَرِهْتُ أنْ أُجَالِسَكَ وأنا عَلَى غَيرِ طَهَارَةٍ. فقالَ:

42 عبدالرزاق: المصنف ( 110/1) ، ابن ابي شيبة (38/1) ، ابن المنذر : الاوسط (279/1)، ابوعبيد : الطهور (236)، السرخسي: المبسوط (61/1)، الشافعي : الأم (8/1)، ابن قدامة المقدسي : المُغْني (283/1) .

43 ئەبوداوود (68) ، ترمزی (65)، شێخی ئەلبانی بە سەحیحی داناوە لە : صحيح الجامع (1927) .

44 بوخاری (299) ، موسلیم (321) .

سُبْحَانَ اللهِ، إنَّ المؤمِنَ لا يَنْجُسُ)[45] واتە: جارێک لە کۆڵانێکی مەدینەدا پێغەمبەریی بینی صلی الله علیه وسلم بەڵام لەبەر ئەوەی لەشی گران بوو (لە جەنابەتدا بوو) نەهاتە خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پاشان ـ دوای غوسڵ دەرکردن ـ هاتەوە خزمەتی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لێی پرسی: ئەرێ ئەبوهورەیرە لە کوێ بوویت؟ ئەویش فەرمووی: لە جەنابەتدا بووم، بۆیە حەزم نەکرد بە لەشی پیسەوە لە خزمەتتدا بم. ئەویش فەرمووی: پاک و بێ خەوشی بۆ خوا، موسوڵمان پیس نابێت.

کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (موسوڵمان پیس نابێت) کەوا بوو ئەو ئاوەش کە خۆی پێ شتووەو ئەوی لە غوسڵ و دەستنوێژی تکاوەتەوە هەمووی هەر پاک ماوەو بەکارهێنانەوەشی ئاساییە.

ئیبنولمونزیر دەفەرموێ: عەلی کوڕی ئەبوتالیب و ئیبنوعومەرو ئەبوئومامەو عەتاء وحەسەن ومەکحول ونەخەعی دەفەرمون: هەر کەس مەسحی سەری لە بیر چوو، ئەو کاتەی بیری دەکەوێتەوە دەتوانێت هەر بە تەڕی ڕیشی ـ ئەگەر پێوەی ما بوو ـ دەستی تەڕ کات و مەسحی سەری پێ بکات.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئاوی بەکار هێنراو بەلای ئەوبەڕێزانەوە پاک وپاکەرەوەیە. ئیمامی مالیک وئیمامی شافیعی خۆیان ئەم رایەیان وەرگرتووە، ئیبنوحەزم دەفەرموێ سوفیانی سەوری و ئەبوسەورو هەموو زاهیریەکانیش رایان وایە.

---

45 رواه الجماعة: بوخاری (1/79 و 80)، موسلیم (1/282 ژمارە 115)، ئەبوداوود (1/52)، نەسائی (1/145) ، ترمزی (1/207 و 208 ژمارە 121) . دەربارەشی دەفەرموێ : (حدیث حسن صحیح ) ، ئیبنو ماجە (1 / 78 ژمارە 534) .

**پۆلی دووەم : ئەوانەی فەرموویانە پاك نەماوەو ناشێت بەکار بێتەوە :**

ئەمە رای ئیبنوعومەرو عبداللەی کوڕی سەرجس و جوەیرییەی کچی حارسە خوا لێیان رازی بێت، هەروەها رای حەسەنی بەسری وئەحمەدو ئیسحاق وشەعبی و ئیمامی مالیک و ئەوزاعی و شافیعی (لە یەکێک لە قەولەکانیدا) هەروەها شەرعناسانی مەدرەسەی رەئی داوودی زاهیریی و[46]، بەڵگەشیان:

1 ـ حەکەمی کوڕی عەمر خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە کە : (نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يَتَوَضَّأَ الرَّجُلُ بِفَضْلِ طَهُورِ الْمَرْأَةِ )[47] واتە: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بەرهەڵستی لەوە کردووە کە پیاو دەسنوێژ بە ئاوی ماوەی دەسنوێژی ژن بشوات..

2 ـ فەرموودەکەی لای حەمیدی حیمیەری کە دەفەرموێ: (لَقِيتُ رَجُلًا صَحِبَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَرْبَعَ سِنِينَ كَمَا صَحِبَهُ أَبُو هُرَيْرَةَ قَالَ نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ تَغْتَسِلَ الْمَرْأَةُ بِفَضْلِ الرَّجُلِ أَوْ يَغْتَسِلَ الرَّجُلُ بِفَضْلِ الْمَرْأَةِ زَادَ مُسَدَّدٌ وَلْيَغْتَرِفَا جَمِيعًا )[48] واتە: پیاوێکم بینی کە چوار ساڵ لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بوو صلی الله علیه وسلم، ئەو گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بەرهەڵستی کردووە لەوەی ژن بە ئاوی ماوەی بەر پیاو غوسڵی خۆی دەرکات، هەر وەکو کە نابێت پیاو بە ئاوی

---

46 الاوسط (292/1) ، المغني (282/1) .

47 ئیمامان ئەبو داوود (82) ، ترمزی (64) ، نەسائی (1 / 79) ، ئیبنوماجە (373) ، ئەحمەد (66/5) هێناویانەتەوەو ئیمامی بوخاری ودارەقوتنی و نەوەوی بە زەعیفیان داناوە ئیبنوحەجەرو شێخی ئەلبانی بە سەحیحیان داناوە..

48 ئەبوداوود (81) ، نەسائی (130/1) ، بەیهیقی(1 / 190) . ئیبنوسسەیدلە صحیح فقه السنة(106/1 دا دەفەرموێ: سەنەدەکەی سەحیحە، لە پەراوێزی ژمارە 34 دا باس کرا.

ماوەی بەر ژن غوسڵی خۆی دەرکات، با هەردووکیان هەر لێی هەڵهێنجن . یەعنی لە یەک کاتدا بۆ نموونە بە جام لە سەتڵێک یان لە تەشتێکی دەرکەن و بیکەن بەسەرو لەشی خۆیاندا.

3 ـ ئەوەی کە لە سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە خوا لێی رازی بێت گێڕراوەتەوە کە: (كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ وَأَهْلُهُ يَغْتَسِلونَ مِنْ إناءٍ وَاحِدٍ ، وَلا يَغْتَسِلُ أحَدُهُمَا بِفَضْلِ صَاحِبِهِ) [49] واتە: پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەڵ خێزانیدا لە یەک تەشتدا خۆسان دەشت بەڵام هیچیان ئاوی تکاوەی ئەوی تریانی بەکار نەدەهێنا..

4 - ئەم زانا بەڕێزانە بەڵگە بەو فەرموودەش دێننەوە کە ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتیک (لا يَغْتَسِلُ أحَدُكُمْ في الماءِ الدائِمِ وهُوَ جُنُبٌ) [50] واتە: کەستان کە لە جەنابەتتدا بوون خۆتان لە ئاوی وەستاودا نەشوات یان ئەوەی کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم (نَهَى أنْ تَغْتَسِلَ المَرْأَةُ بِفَضْلِ الرَّجُلِ والرَّجُلُ بِفَضْلِ المرأةِ)[51] واتە: بەرهەڵستی لەوە کردووە کە ژن بە ئاوی بەکارهێنراوی پیاو بۆ غوسڵ خۆی بشوات و پیاویش بەو ئاوەی ژنێک بۆ غوسڵ دەرکردنی بە کاری هێناوە خۆی بشوات..

شافیعییەکان دەفەرموون: ئەم بەرهەڵستی کردنەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەبەر پیس نەکردنی ئاوەکەیە، کەوا بوو ئاوە بەکار هێنراوەکە سیفەتی ئاوی پاکژی نەماوە..

---

49 ئەلبانی رەحمەتی لە ( ضعیف ابن ماجة (447/1) دا دەفەرموێ زەعیفە.

50 موسلیم ، شەرحی ئیمامی نەوەوی (578/1) .

51 ئەبو داوود(81)، نەسائی (130/1) ئیبنوسسەیدلە صحیح فقه السنة (106/1) دا (دەفەرموێ : سەنەدەکەی سەحیحە .

ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئەبو یوسف دەفەرموون: هەر پیس بووە!
5 ـ هەروەها ئەو فەرموودەیە دەکەنە بەڵگەی بۆچوونی خۆیان کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (لا يَبُولَنَّ أحَدُكُمْ في الماءِ الدَّائِمِ ولا يَغْتَسِلُ فيهِ مِنْ الجَنَابَةِ)[52] واتە: کەستان میز نەکاتە ئاوی وەستاوەوە، کە جەنابەتیشی لەسەر بوو خۆی لە ئاوێکی وەستاودا نەشوات. دەفەرموون: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو ئاوە بەکارهێنراوەش وەکو میز پیسییە!

ئەمانی تریش لە وەڵامیاندا فەرموویانە: ئەگەر ئەمە وا بوایە! دەبوایە ئەو تەشت و مەنجەڵ و لەگەنانەی دەستنوێژیان تێدا دەگیرێت دواتر بشۆرانایەتەوە، یان ئەو بەرگ و پۆشاکانەی ئاوی بەکارهێنراوی دەسنوێژو غوسڵیان بەردەکەوت دەبوو بشۆرانایەوە! ئەمەش کەسی تر وای نەفەرمووە، چونکە ئەو تەشت و مەنجەڵانە بە کۆڕای هەموو شەرعناسان، پاکن. سەنعانی لە کتێبی (سبل السلام) دا دەفەرموێ: دیارە فەرموودەکە بەرهەڵستی لە میزکردن و خۆ شتنەکە پێکەوەو لەیەک کاتدا لە هەمان ئاودا دەکات. واتە میز مەکەنە ئاوێکی وەستاوەوەو پاشانیش خۆتانی تێدا بشۆنەوە. مالیکییەکان دەفەرموون بە کار هێنانەوەی ئاوێک کە بە کار هاتبێت، مەکروهە[53]..

<u>ئەوەی بۆچوونی ووردەکارترو بەڵگەی بەهێزترە رای پۆلی یەکەمە، بەڵام زۆر لە شەرعناسان فەرموویانە: دەشێت بەڵگەی</u>

---

52 ئەبو داوود بەم لەفزە گێراوێتیەوە، ئەسڵەکەشی لە صَحِيحَين دایە، بڕوانە العون المعبود (133/1 ) بۆ رای حەنەفیەکانیش بڕوانە فتح القدير (87/1 ) .
53 بداية المجتهد 37/1

هەردوولا لێکدرێت و بووترێت[54] : لە لایەنی ئیحتیاتەوە باشتر وایە ئاوی بەکارنەهێنراو بۆ دەسنوێژو غوسڵ بەکار بهێنرێت، ئەگینا بەڵگەیەکی بەهێز لەسەر ئەوە نیە کە ئاوی تکاوە لە دەسنوێژو غوسڵ پیس بووبێت .. واللە اعلم[55].

* * *

## بەرمـــاوە ( السؤر )

بەرماوە : ئەو ئاوەیە کە لە پاش خواردنەوە لێی ماوەتەوە ، ئەمیش چەندین جۆرە :

1ـ **بەرماوەی مرۆڤ** : مرۆڤەکە موسوڵمان بێت یان کافر ، ژن بێت یان پیاو ، پاک بێت یان لە حەیزو نیفاسدا بێت . بە دەستنوێژ بێت یان لەش پیس بەرماوەکەی هەر پاکە . ئەوەش کە خوای گەورە دەربارەی کافران دەفەرموێ کە پیسن: (إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ) التوبة/28 ئەوە پیسی واتاییە، واتە: باوەڕو عەقیدەیان ناڕەوایەو زۆر لە پیسی نایان گێڕێتەوە. دەنا مەبەست لەوە نییە کە خۆیان ولاشەیان پیس بێت. خۆ موسوڵمانان بە درێژایی مێژوو هەر تێکەڵاویان لەگەڵ کافراندا هەبووە ، بەردەوام وەڤدیان دەهاتە لای موسوڵمانان و تەنانەت بۆ خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەهاتنە ناو مزگەوتەکەشی! هەرگیز نەشی فەرمووە ئەو شتانە بشۆنەوە کە ئەوان بەری کەوتوون ، یان بەکاریان هێناوە[56]. بەڵگەش زۆرە:

---

54 ابن حجر العسقلاني : فتح الباري (300/1) ، الصنعاني : سبل السلام (28/1) ، الشوكاني : نيل الاوطار (26/1) ..

55 بۆ تەفسیلی زیاتر جگە لەو سەرچاوانە بڕوانە ئەم سەرچاوانە بکرێت: الاستذكار (253/1) ، التمهيد ( 43/4) ، المغني (19/1 ) ، الاوسط (285/1) .

56 بڕوانە : فقه السنه (20/1) ، نيل الاوطار(31/1 و 88) ، قوانين الاحكام (ل 45).

- بۆ نموونە: ئەو فەرموودەی لای ئەنەس خوا لێـی رازی بێـت كـە دەفەرمویَ: (كُنَّا نَغْزُو مَعَ رسُولِ الله فَنُصِيبَ مِنْ آنيَةِ المشركِينَ وأسْـقِيَتهِمْ فَنَسْتَمْتِعَ بِهَا ولا يَعِيبُ ذلك عَليهم )[57] واتە: لە خزمەت پێـغەمبەردا صلى الله عليه وسلم غەزامان دەكرد، كەل و پـەل و قـاپ و قاچـاخ و دەفـری موشۆیكەكانمان دەست دەكەوت وبەكارمان دەهێنایەوە، جەنابیشی صلى الله عليه وسلم هیچ عەیبەی لیَ نەدەگرتن.

ـ هەروەها عائیشە ـ خوا لێی رازی بێت ـ دەیفەرموو : (كُنْتُ أشْرَبُ وأنَا حَائِضٌ، فَأُناوِلُه النبيَّ صلى الله عليه وسلم فَيَضَعَ فَاهُ عَلَى مَوضِعِ فِـيَّ)[58] واتە: لە حەیزدا بووم، كە ئاوم لـە دەفرێـكدا دەخـواردەوە دوایـی دەمدایە دەست پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەو شوێنەوە دەیخواردەوە كە من لێوەی خواردبوومەوە، دەمی دەنا بە جیَ دەمی منەوە.

ئەوەش كە هەندێك لە زانایانی مالیكی فەرموویانە: كە ناشێـت هیچ شتێكی كافرو موشریك بە كار بهێنرێتەوە لەبەر ئەوەی پیسـن و پیسییەكەیان پیسی عەینییە، بەڵگەكەیان بە هێز نییە، ئەوان كە دەڵێن: لەبەر ئەوەیە كە خوای گەورە فەرموویەتی: ( إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ) التوبة/ 28 واتە: كافرەكان پیسن. هەروەها لەبەر فەرموودەكەی بوخاری و موسلیم كە لە ئەبوسەعلەبەی خوشەنی (ابو ثَعلبة الخُشَني) دەگێڕنەوە كە دەفەرمویَ: ( قُلْتُ يا رسولَ الله إنَّا بأرضِ قَومٍ أهْلِ كتـابٍ أَفَنأكُلُ في آنِيَتهِمْ ؟ فقَالَ النبيُّ صلى الله عليه وآله وسلم : لا تأكلوا فيها إلا

---

57 ئیمامی ئەحمەدو ئەبو داوود بە سەنەدی سەحیحەوە گێڕاویانەتەوەو ئەلبانیش دەفەرمویَ سەحیحە (ارواء الغليل 76/1).

58 موسلیم (210/3) ئەحمەد (210/6) شرح السنەی بەغەوی (134/2) لەگەڵ كەمێك جیاوازی لەفزەكانیاندا..

أنْ تَجِدُوا غَيرَهَا فَاغْسِلُوهَا وكُلُوا فيها) [59] واتە: ووتم: ئەی پێغەمبەر خوا ئێمە لە ناوچەیەکین کە هی ئەهلی کیتابە (مەسیحی و جولەکەو ئەوانە) ئایا لە قاپ و دەفری ئەواندا بخۆین؟ فەرمووی: نەخێر، هی تر بدۆزنەوە، ئەگەر نا، ئەوە بیشۆن ئینجا تێیدا بخۆن. بەڵام جمهور کە وەڵامیان داونەتەوە، فەرموویانە: کافر پیسیی عەینی نییە بەڵکو لە رووی مەعنەویەوە خوای گەورە بە پیس دایناوە، ئەمەش کۆڕا (ئیجماع) ی زانایانی لەسەرە. فەرموودەکەش بەڵگەی ئەوەی تێدا نییە، چونکە ئاشکرایە کە ئەو ئەهلی کیتابانە گۆشتی بەرازو شەرابیان لەو قاپ و دەفرانەیاندا خواردووەو ئاسەواری ئەو خۆراکە بە قاپەکانەوە ماوە.

2ـ **بەرماوەی ئەوانەی گۆشتیان دەخورێت**: ئەمیش پاکە، چونکە لیکەکەی هەر لە جێ و رێی پاکەوە هاتووە، ئەمیش حوکمی پاکیەکەی ئەوێی وەرگرتووە. ئیبنولمونزیر دەفەرموێ: رای شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆیە کە بەرماوەی هەموو گیان لەبەرێک کە گۆشتی بخورێت پاکە دەشێت بخورێتەوەو دەستنوێژیشی پێ بگیرێت. بەڵام حەنەفی و حەنبەلییەکان دەڵێن: هەر گیانلەبەرێک گۆشتی نەخورێت بەرماوەکەی پیسە جگە لە پشیلەو ئەوی وەکو ئەوە[60]. مالیکی و زاهیرییەکانیش دەفەرموون: بەرماوەی هەموو گیانلەبەرێک پاک و پاکەرەوەشە[61]. وا پێدەچێت ئەم بۆچوونە بەهێزتر بێت لەبەر

---

59 بوخاری (5161) ، موسلیم (1930).

60 ئیمامی نەوەوی : المجموع (228/1).

61 بڕوانە: قوانین الاحكام : (ل 45).

بەڵگەی فەرموودەی ئەستێڵەکە کە لای ئیبنوعومەرە خوا لێیان رازی بێت. لە برگەی داهاتوودا هاتووە.

3ـ **بەرماوەی ئێسترو گوێ درێژو درندەو باڵندەی گۆشت خۆر** : ئەمەش پاکە بە کۆمەڵێک بەڵگە ، لەوانە:

ـ جابری کوری عبدالله خوا لێیان رازی بێت گێراویەتیەوە کە لە پێغەمبەری نازداریان صلى الله عليه وسلم پرسی: (أَنَتَوَضَّأُ بِمَا أَفْضَلَتْ الْحُمُرُ ؟ قَالَ: نَعَم وبما أَفْضَلَتْ السِّبَاعُ كُلُّهَا)[62] واتە: ئایا بە بەرماوەی گوێ درێژ دەستنوێژ بشۆین؟ فەرمووی: بەڵێ بە بەرماوەی هەموو ئاژەلانی تریش.

ـ ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: (خَرَجَ رسولُ اللّهِ صلى الله عليه وسلم فِي بَعْضِ أسْفَارِهِ لَيلاً، فَمَرُّوا عَلَى رَجُلٍ جَالِسٍ عِنْدَ مُقْرَاةٍ لَهُ فقالَ عُمرُ رضي اللّه عنه: أوَلَغَتْ السِّبَاعُ عليك الليلةَ في مقراتِكَ ؟ فقالَ لَهُ النبيُّ صلى الله عليه وسلم: يا صاحبَ المقراةِ، لا تُخبِرْهُ، هذا مُتَكَلِّفٌ ؛ لَهَا مَا حَمَلَتْ فِي بطونها ولنَا مَا بَقِيَ شَرابٌ وَطهورٌ)[63] واتە: شەوێک پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە لە سەفەرێکی شەویدا بوو، بەلای کابرایەکدا تێپەرین لای ماقۆر (ئەستێڵک:حەوزی سروشتی ئاو)ێک دانیشتبوو:

---

62 مەسنەدی ئیمامی شافیعی (ل8)، دارەقوتنی(62/1 ژمارە200)، السنن الكبرى بەیهیقی(249/1)ئیمامی بەیهیقی دەربارەی حەدیسەکە فەرمویەتی: ئەم حەدیسە چەندین سەنەدی تری هەیە ئەگەر هەموو لێکدرێن حەدیسەکە بەهێز دەکات بەڵام شێخی ئەلبانی بە زەعیفی داناوە بروانە : تمام المنة (47).

63 الدارقطني: كتاب الطهارة ، باب حكم الماء إذا لاقته النجاسة (26/1) ژمارە (30) زۆر لە ئیمامانی کۆن و نوێ فەرمویانە کە حەدیسەکە زەعیفە، لەوانە : ئیبنو حەجەر لە کتێبی التلخيص و شێخی ئەلبانی لە : تمام المنة (48) .

عومەری کوڕی خەتتاب خـوا لێـی رازی بێـت لێـی پرسـی: ئـەرێ ئەمشەو دڕندە لە ماقۆڕەکەتیان نەخواردۆتەوە؟ پێـغەمبەر صلى الله عليه وسلم یەکسەر فەرمووی: کاکەی ماقۆڕ پێی مەڵێ ئەمـە لەسـەر خۆی زیاد دەکات، ئەوی لێی خواردۆتەوە بەشی خـۆی لـە گـەدەی خۆیـدا هـەڵگرتووەو ئـەوی ماویشـەتەوە هـی ئێـمەیەو بـۆ خواردنەوەشەو پاکیشە.

هەروەها یەحیای کوڕی سەعید دەفەرموێ: ( أنَّ عُمَرَ خَرَجَ فِي رَكْبٍ فِيهِمْ عَمْرُو بْنُ العاصِ، حَتَّى وَرَدُوا حَوْضَاً، فَقَالَ عَمرُو: يا صاحِبَ الحوضِ، هَلْ تَرِدُ حَوضَكَ السِّبَاعَ؟ فقالَ عُمَرُ: لا تُخْبِرْنَا، فإنَّا نَرِدُ عَلَى السِّباعِ، وتَرِدُ عَلَينا)[64] واتە: جارێک عومەری کوڕی خەتتاب خـوا لێـی رازی بێـت لەگەڵ کۆمەڵێکدا لە سەفەردا بوو عەمری کوڕی عاسیشیان لەگەڵدا بوو خوا لێی رازی بێت، گەیشتنە حەوزێکی ئاو، عـەمر لـە خـاوەن حەوزەکەی پرسی: ئەرێ دڕندە نایەنە سەر ئەم حەوزەی تۆ؟ عومەر خێرا فەرمووی: پێمان مەڵێ ئێمەو دڕندە تێکەڵاویمان هەیـە ئـەوان دێنە لامان و ئێمەش دەچینە لایان..

4ـ <u>بەرماوەی پشیلە</u>: ئەمیش هەر پاکـە، چـونکە پشـیلە خـۆی پاکـەو بەوەش پیس نابێت کە دەم لە پیسیەوە بدات، (مشـکیش هـەر ئـەو حوکمەی هەیە) لەبەر ئەو فەرموودەی کـە کەبشـەی کچـی کـەعب گێڕاوێتیەوە، کە دەفەرموێ: (أنَّ أبَا قَتَادَةَ دَخَلَ عليها فَسَكَبَتْ لَهُ وَضُوءاً، فَجَاءَتْ هِرَّةٌ تَشْرَبُ مِنْهُ، فَأصْغَى لَهَا الإناءَ، حَتَّى شَرِبَتْ مِنْهُ، قالَتْ كَبشَـةُ:

---

64 موطأ مالك: كتاب الطهارة باب الطهور للوضوء، حەدیسی ژمارە (14) ، و البیهقی لە : السنن الكبرى (1 / 250) والدارقطني لە (السنن 22/1) بەڵام شێخی ئەلبانی رەحمەتی بە زەعیفی داناوە بڕوانە : تمام المنة (48)..

فَرَآنِي أَنْظُرُ، فَقَالَ: أَتَعْجَبِينَ يا ابْنَةَ أخِي؟ فَقُلْتُ: نَعَمْ ، فَقَالَ: إنَّ رسـولَ اللهِ صلَّى الله عليه وسلمَ قالَ: إنَّهَا لَيسَتْ بِنَجَسٍ، إنَّما هِيَ مِنْ الطَّوَّافِينَ عَلَـيكُمْ والطَّوَّافَاتِ )[65]واتە: ئەبو قەتادە هاتۆتەوە ماڵی وئەمیش ئـاوی بـۆ تێـکردووە، پشـیلەیەکیش لـەو کاتـەدا هـاتووەو لـە ئاوەکـەی خواردۆتەوە، ئەبو قەتادەش قاپەکەی بۆ لار کردۆتـەوە تـا زیـاتر بخواتەوە. کەبشە دەفەرموێ: بینیمی وا سەیری دەکەم، ووتی: ئەرێ کچی برام پێت سەیرە؟! ووتی: بەڵێ، فەرمووی: ئاخر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی کە پشیلە پیس نین، ئەمانـە لەوانـەن کـە بەردەوام لە ماڵانماندا دێن و دەڕۆن.

5ـ <u>بەرماوەی سەگ و بەراز</u>: پیسن، نابێت توخنیـان بکـەون. بـەراز لـە هەموو روویەکـەوە پیسـەو گـڵاوە. سـەگیش گـڵاوە، چـونکە لـە فەرموودەی بوخاری و موسلیمدایە کە ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێـغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویـەتی: ( إذا شَرِبَ الكَلْبُ فِي إناءِ أحَدِكُمْ فَلْيَغْسِلْهُ سَبْعَاً) [66] واتە: ئەگەر سـەگ دەمـی نایە قاپی کەسێکتانەوە با حەوت جار بیشوات. لە ریوایەتێکی تری ئیمامی ئەحمەدو موسلیمدا دەفەرموێ: (لَطَهورُ إناءِ أحَدِكُمْ، إذَا وَلَغَ فيهِ

---

65 رواه الخمسة : ئەبوداوود (18/1) ، نەسائی (55/1) ، ترمزی (153/1 ژ92) دەربارەشی فەرمویەتی حەسەن سەحیحە وبوخاریش بە سەحیحی داناوە، ئیبنوماجە (131/1) ، ئیمامی ئەحمەد لە مەسنەدەکەی خۆی (296/5 و 303 و 309) .. شێخی ئەلبانی رەحمەتی بە سەحیحی داناوە بڕوانە: صحيح النسائي (16/1، 73) وصحيح ابن ماجه (367) وإرواء الغليل(173) وصحيح الجامع (2437)

66 بوخاری (54/1) ، موسلیم(182/3) نەسائی (52/1) مەسنەدی ئەحمەد (460/2) سونەنی بەیهیقی (240/1 و 256).

الكَلْبُ، أنْ يَغْسِلَهُ سَبْعَ مَرَّاتٍ، أُولاهُنَّ بِالتُّرَابِ)[67] واتە: ئەگەر سەگێک دەمی خستە ناو دەفر (قاپ) ی یەکێتانەوە با حەوت جار بیشواتەوەو یەکەمجارەکەیان با بە گڵ بێت.

بۆ ئەم زەمانەی ئێمەو لە هەندێ وڵات موسوڵمان زۆر زەحمەتە گڵی دەست کەوێت بۆیە دەتوانێت بە سابوون بیشواتەوە.

* * *

67 موسلیم (1/234 ژ91) ، ئەبوداوود (1/17) مەسنەدی ئەحمەد(2/427) بەیهیقی(1/240).

# باسی دووەم

# پیسی

# باسی دووەم
# پیسیی و جۆرەکانی و ئەحکامیان

- جۆرەکانی پیسی.
- توێژینەوەی پاکێتی مەنی.
- شلەو شێی عەورەتی ئافرەت.
- خۆرەحەت کردن (ئیستیمناء).
- پاکی شەراب.
- حوکمی خوێن.
- رشانەوە.
- فەرموودەی مێشەکە.

## باسی دووەم

## پیسی

**پاكژیی بەرجەستە (حەقیقی)**: بریتیە لە پاك راگرتنی جەستە و پۆشاك و جێگا لەوانەی بە پێناسەی شەرع پیسن، ئەو شتانەی کە ئەگەر موسوڵمانی بەشكێی لێیان بەركەوت دەبێت رایدات و بیشوات، خوای گەورە دەفەرموێ: (وَثِيَابَكَ فَطَهِّر) المدثر/4 واتە پۆشاكت پاكەرەوە، هەروەها: (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ) البقرة/222 واتە: خوای گەورە تۆبەكاران وپاكژەوانانی خۆش دەوێت.. پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (الطُّهُورُ شَطرُ الإيمانِ)[68] واتە پاكژیی نیوەی باوەڕە. ئەمەش چەندین جۆرە:

**جۆرەكانی پیسیی**:ئەوانەی بەڵگەی شەرعی بە پیسی داناون ئەمانەن:

**1 و2 ـ پیسایی و میزی مرۆڤ** :بە كۆڕای زانایانی ئیسلام پیسن.

**پیسایی**: لەبەر ئەوەیە كە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (إذا وطئَ أحدُكُم بِنَعلِهِ الأذى فإنَّ التُّرَابَ لَهُ طُهورٌ)[69] واتە: ئەگەر یەكێكتان بە نەعلەكەی پێی بە پیساییەكدا نا، با بزانێت كە خۆڵ پاكی دەكاتەوە.. واتە بە خۆڵ پاك كردنەوەكەی بەسە بۆ حوكمی پاكژێتی. بەڵگەی تریش زۆرن وەكو ئەو فەرموودەانەی فەرمان بە تارات گرتن و خۆپاكردنەوەی دوای دەس بەئاو گەیاندن دەكەن كە دواتر باسیان دەكەین ان شاء الله..

---

68 موسلیم (203/1 ژمارە 1) ، ترمزی (3517) ، الدارمی (659) ، مەسنەدی ئەحمەد (250/4 و 342/5) ..

69 ئەبوداوود بە ژمارەی (385) هەروەها ئیبنوحیببان بە سەحیحیان داناوە، هەروەها شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە (صحيح سنن أبي داود ژ 834) ..

میز : پیسە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی لای سەیدنا ئەنەسە خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: (أَنَّ أَعْرَابِيًّا بَالَ فِي الْمَسْجِدِ فَقَامَ إِلَيْهِ بَعْضُ الْقَوْمِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : دَعُوهُ، لا تُزْرِمُوهُ. قَالَ: فَلَمَّا فَرَغَ دَعَا بِدَلْوٍ مِنْ مَاءٍ فَصَبَّهُ عَلَيْهِ) [70] واتە: ئەعرابیەک هاتە ناو مزگەوت و میزی کرد، کۆمەڵە کەسێک پەلاماریان دا نەیهێڵن بەڵام پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: لێی گەڕێن، مەیشڵەژێنن (تا میزکردنەکەی پێ نەبڕن) کە تەواو بوو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی دا دۆلکەیەک ئاویان هێناو کردی بە شوێن میزەکەیدا.

3 ـ مەزی : مەزی ئاوێکی روونی لینجە لە کاتی دەسبازی یان بیر کردنەوە لە سەرجێیی (جیماع) لە عەورەت دێتە دەرەوە، بە ژن و پیاودا دێت بەڵام لە ژناندا زۆرترو روونترە[71] هیچ لەزەتێکی پێوە نیەو بە شێوەی هەڵقوڵانیش نایات و خاوبوونەوەی لەشیشی بە دوودا نایات، ئەمە بە کۆڕای زانایان پیسە[72].. بۆیە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی بە شتنەوەی عەورەت داوە لێی..

ـ کە پرسیاریان لێ کردووە لێی فەرموویەتی (يَغْسِلُ ذَكَرَهُ وَيَتَوَضَّأُ)[73] واتە: زەکەری دەشواتەوەو دەسنوێژ دەگرێت..

ـ هەروەها ریوایەتەکەی سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیب رووگەش بێت فەرمووی بە میقدادی کوڕی ئەسوەدم ووت دەربارەی مەزی بۆم لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بپرسێت (عَنْ الْمِقْدَادِ بْنِ الْأَسْوَدِ :

---

70 متفق علیه : بوخاری (6025) ، موسلیم (284).

71 فتح الباري (379/1) و شرح مسلم (599/1 و 213/3).

72 بڕوانە : النووي : المجموع (6/2) ، ابن قدامة المقدسي : المغني (168/1).

73 بوخاری (269) ، موسلیم (303) ، نەسائی (152) ، ئەحمەد (125/1).

أَنَّ عَلِيَّ بْنَ أَبِي طَالِبٍ أَمَرَ أَنْ يَسْأَلَ لَهُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ أَحَدِنَا يَخْرُجُ مِنْهُ الْمَذْيُ مَاذَا عَلَيْهِ؟ فَإِنَّ عِنْدِي ابْنَتَهُ وَأَنَا اسْتَحْيِي أَنْ أَسْأَلَهُ، قَالَ الْمِقْدَادُ: فَسَأَلْتُهُ فَقَالَ: إِذَا وَجَدَ أَحَدُكُمْ ذَلِكَ فَلْيَغْسِلْ فَرْجَهُ وَلْيَتَوَضَّأْ وُضُوءَهُ لِلصَّلَاةِ) [74] واتە: زۆرم مەزی لێ دەهات شەرمیشم دەکرد لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بپرسم (چونکە کچەکەی خۆی خێزانمە) بۆیە بە میقدادی کوڕی ئەسوەدم ووت لێی بپرسێت، کە لێی پرسی وەلامی دایەوە فەرمووی: زەکەری دەشواتەوەو دەسنوێژ دەگرێت وەکو کە بۆ نوێژ دەسنوێژ دەگرێت..

4ـ **وەدی** : ئەمیان ئاوێکی خەستی لینجە دوای میز کردن دێتە دەرەوە ئەمیش بە کۆڕای زانایان پیسە.. ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت فەرمووی: غوسلْ دەرکردن لە هاتنە دەرەوەی مەنیە، ئەمما وەدی ومەزی زەکەرتیان لێ بشۆرەوەو دەسنوێژت وەکو بۆ نوێژ بگرە[75]..

5 ـ **خوێنی حەیز (عادەی مانگانەی ژنان)**: ئەمیش پیسەو بێ نوێژییە، چونکە ئەسمائی کچی ئەبوبەکری سددیق خوا لێیان رازی بێت فەرمووی: (جاءَتْ امْرَأَةٌ إلى النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم فقالَتْ : (إحدَانا يُصيبُ ثَوبُها مِنْ دَمِ الحَيضِ كيفَ تَصنَعُ بِهِ؟ فقالَ : (تَحُتُّهُ ثُمَّ تُقْرِصُهُ بالماءِ، ثُمَّ تُنْضِحُهُ ثُمَّ تُصَلِّي فِيهِ)[76] واتە: ئافرەتێک هاتە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و لێی پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا جاری وا هەیە یەکێکمان

---

74 بوخاری (269) ، نەسائی (152) ، ئەحمەد (125/1) بەیهیقی (115/1)، شێخی ئەلبانی لە صحيح أبي داود (190) دا دەفەرموێ سەحیحە. .

75 سنن البيهقي (115/1) ئەلبانی لە سەحیحی سنن ابی داود ژمارە (190 ) و لە بەیهیقی (115/1 ) بە سەحیحی داناوە..

76 متفق عليه : بوخاری (227) ، موسلیم (291).

خوێنی حەیز بەر پۆشاکەکانی دەکەوێت، چی بکات؟ فـەرمووی: لای دە پاشان لـەگەڵ ئاو پێدا کردنیدا دەستی لێ بخشێنێە (هەڵیگلۆفـە) پاشان ئاوی تری پێدا بپرژێنە، ئینجا نوێژی پێوە بکە..

6 ـ **تەرسی ئەو ئاژەڵانەی گۆشتیان ناخورێت**: ئیبنومەسعوود خوا لێی رازی بێت فەرمووی: (أَتَى النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم الغائِطَ، فَأَمَرَني أنْ آتِيهِ بِثَلاثَةِ أحْجَارٍ، فَوَجَدْتُ حَجَرَينِ والْتَمَسْتُ الثَّالِثَ فَلَمْ أجِدْهُ، فَأَخَذْتُ رَوْثَةً فَأَتَيتُـهُ بِهَا، فَأَخَذَ الحْجَرَينِ وأَلْقَى الرَّوْثَةَ، وَقَالَ: هذا رِكْسٌ)[77] واتـە: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وویستی دەست بەئاو بگەێنێ، فەرمووی سێ بەردوچکەم بۆ بێنە، منیش دوو بەردوچکەو تەرسێکی گوێدرێژم بۆ هێنا (تەرس: پیسایی گوێ درێژە کە ووشک بووبێتەوە) دوو بەردەکەی وەرگرت و تەرسەکەی فڕێدا فەرمووی: ئەویان پیسە. کەوابوو تەرسی هـەموو ئاژەڵێک کە گوشتی نەخورێت پیسە..

7 ـ **لیکی سەگ** : هەر چەندە لە شوێنی تردا باسم کردووە بەڵام لێرەدا مەبەستم ریزبەندییەتی کە لەگەڵ ئەوانی تردا بێت..

لیکی سەگ پیسە چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (طَهورُ إناءِ أحَدِكُمْ إذَا وَلَغَ فيه الْكَلبُ أنْ يَغْسِـلَهُ سَـبْعَ مَـرَّاتٍ أُولاهُـنَّ بالتُّرَابِ)[78] واتە: ئەگەر سەگ دەمی خستە دەفر (قاپ)ی یەکێتانەوە با حەوت جار بیشواتەوەو یەکەمجارەکەیان با بە گڵ بێت.

77 بوخاری (156)، ترمزی (17)، نەسائی (42)، ئیبنوخوزەیمە، زیادەی باسی گوێژدرێژەکە لای ئەمە ئەلبانیش لە سەحیحی ئیبنوماجە (253) و سەحیحی ئیبنو خوزەیمە(39/1 و70/1) بە سەحیحی ناساندووە..

78 موسلیم (234/1 ژمارە 91 و 279) ئەلبانی لە صحيح الجامع الصغير ژمارە (3933)..

8 ـ **گڵاوی سەگ** : یەکێک لە کێشەی موسـوڵمانانی رۆژئـاوا کێشـەی سەگی دراوسێ و هاوڕێکانیانە! ئەوان سەگ بە سـابوون و شـامپۆ دەشۆن و وەک منداڵێک بایەخی پێ دەدەن، زۆر نارەحەت دەبن لـە هاوڕێ و دراوسێ موسوڵمانەکانیان بە پیسیان دەزانن!! بێ گومـان ئەوان سەیری ئەوە ناکەن کە ئێـمەی موسـوڵمان سـەیری حوکمـە شەرعیەکە دەکەین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بۆ موسوڵمانانی ئـەو کۆمەڵگانەش هەر کێشەیە، چونکە جـاری وا هەیـە لـە پاسـدا لـە شەمەندەفەردا کەسانێک سوار دەبن سەگیان پێیەو جـاری وا هەیـە لە تەنیشت کابرای موسلمانەوە جێیان بۆی دەست دەکەوێـت، لـەم جێ و رێیانەدا موسوڵمان بۆی هەیە ئەوەندە سڵ نەکاتەوە، چونکە جاری وا هەیە سەگەکان (بە تایبەتی هی پۆلیس) راهێنراون لەسەر پەلاماردانی ئەو کەسەی سڵیان زۆر لێ دەکاتەوەو لێیان دەترسێت، بۆیە ئەگەر سەگێک بەر موسوڵمانێک کەوت (لەشیان) مـادام هـەر دوولا ووشک بن گڵاو نابێت، لەوەش دڵنیا بـە کـە زۆرجـار سـەگ دەمیت لێ نزیک دەکاتەوە بەڵام هەر بۆنـت دەکـات، بۆیـە ئەگـەر زانیت لووتی تەڕ نەبووە یان لیکیت بـەر نەکـەوتووە، مەکـەوەرە وەسوەسەوەو هەر وا حسێب بکەیت گڵاو بوویت، ئەگەر سەگەکە یان موسوڵمانەکە تەڕ بوو گڵاو دەبێت، بێ گومان ئەگەر لیکی یان میزو پیسایی سەگ بەر موسوڵمان بکەوێت مەعلوومە کە گڵاو دەبێت. بـە دەردی کورد دەڵێ بۆ بیسمیل کردنیشی (واتە گڵاو دەرکردنی) دەبێت حەوت جار بیشوێیت، گەر گڵت دەست کەوت ئەوە یەکەمین جاریـان بە قوڕاوەکەی، ئەمما ئەگەر گڵ و خۆڵت دەسـت نەدەکـەوت، وەکـو ئەوانەی لە شارە سەرەکیەکان دەژین، یەکەمجارەکـەیان ـ لەسـەر مەزهـەبی مـالیکی ـ بـە سـابوون بیشـۆ، ئومێـدە ان شـاء اللـە

گڵاوییەکەی دەرچوو بێت. فەتوای ئەنجومەنی ئیسلامی ئەوروپاش (کە 32 زانان) لەسەر ئەوەیە.

**9 ـ گۆشتی بەراز** : ئەمەش بە کۆڕای شەرعناسان پیسە. چونکە ئایەتی راشکاو دەربارەی دەفەرموێ: (قُل لاَّ أَجِدُ فِي مَا أُوْحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلاَّ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ) الانعام / 145 واتە: بڵێ : من لەوەدا کە وەحیم بۆ هاتووە خواردنێک نابینم کە حەرام کرابێت مەگەر ئەوەی کە مردارەوەبوو بێت، هەروەها خوێنی رژاوو گۆشتی بەراز، چونکە ئەمانە پیسن.. جێی خەمە کە موسوڵمان دەبینیت لە چێشتخانەیەکی بەراز فرۆشیدا کار دەکات و رۆژانە دەست لە گۆشتەکە دەدات بێ ئەوەی ئەم بەربەستە دەروونیەی لا مابێت! بێ گومان ئەوە کارێکە هەم حەرامەو هەم پیسە..

**10 ـ مردارەوەبوو**: کە ئەو گیانلەبەرانەن کە هەر لە خۆوە مردار بوونەتەوەو سەرنەبڕاون، ئەمیش هەر پیسە. بە بەڵگەی ئایەتەکەی پێشوو (الانعام / 145) و ئەو فەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە دەفەرموێ : (إذا دُبِغَ الإهابُ فَقَدْ طَهُرَ)[79] واتە: ئەگەر پێستە خۆش کرا ئەوە بێ گومان پاک بۆتەوە کەوابوو پێستەی مردارەوە بوو پێش خۆش کردنی پیسە.

**ئەم حوکمەی مردارەوە بوو ئەمانەی خوارەوە ناگرێتەوە :**

**ا ـ مردارەوەبووی دەریا** : ماسی بێت یان گیانلەبەری دیکە. چونکە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (أُحِلَّ لَنَا ميتَتانِ ودَمانِ ؛ أَمَّا الميتتانِ

---

79 موسلیم (277/1 ژمارە 366) ، وئەبوداود لە عون المعبود (181/11 ژمارە 4105) ، و ئەلبانی لە (صحیح الجامع الصغیر 51/1)..

فالحوتُ والجَرَادُ،وأمَّا الدَّمَانِ فالكَبَدُ والطَّحَّالُ)[80] واتە: دوو مردارەوەبوو و دوو خوێنمان بۆ حەڵاڵ کراوە، دوو مردارەوەبووەکە ماسی و کوللەن دوو خوێنەکەش جگەرو سپڵن..

ب ـ کولله: پاکەو خواردنیشی جائیزە بە پێی ئەو فەرموودەی پێشوو

جـ ـ مردارەوەبووی ئەو حەشەراتانەی خوێنی شلەیان تێدا نیە: ئەمە بە پێناسەی زانایانی پێشینە، دەنا خوێنیشیان تێدایەو شلەشە، بەڵام لە جێی هیمۆگلۆبین کە خوێنەکە سوور دەکات هیمۆسیانینیان تێدایە کە خوێنەکەیان زەرد دەکات، وەکو هەنگ و مێروولەو مێش و مێشوولە. ئەمانە بە زیندوویی و بە مردوویی پاکن.. پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (إذا وَقَعَ الذُّبابُ فِي إنَاءِ أحَدِكُمْ فَلْيَغْمِسْهُ كُلُّهُ ثُمَّ لِيَطْرَحَهُ، فَإنَّ فِي أَحَدِ جَنَاحَيهِ شِفَاءٌ وفِي الآخَرِ داءٌ)[81] واتە: ئەگەر مێش کەوتە قاپی یەکێکتانەوە با هەموو لەشی تێدا نقوم کات یان فرێی دات، چونکە باڵێکی نەخۆشی پێوەیەو باڵەکەی تریشی چارەسەر.. ئەمە یەکێکە لە موعجیزەکانی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم مەزن کە ئەوەی فەرمووە چونکە ئەمڕۆ پزیشکی دەریخستووە کە باڵێکی مێش میکرۆب هەڵدەگرێت، باڵەکەی تریشی جۆرە دژە بەکتریایەکی تێدایە کە پێی دەوترێت (باکتریۆفاج) واتە هەڵلووشی بەکتریا، کە زۆر گچکەیەو درێژیەکەی وا لە نێوان 20 - 25 میلی میکرۆندا، لەبەر ئەوەی نازانرێت مێشەکە بە چ باڵێکیدا کەوتۆتە

80 ئیبنوماجە (3218 و 3314) ، ئیمامی ئەحمەد (97/2 بە سەنەدی سەحیح) هەروەها ئیمامی بەیهیقی (254/1) ، ئەلبانی لە (صحيح الجامع الصغير 210)..
81 بوخاری (3320) ، ئەلبانی لە صحيح الجامع الصغير(837)..

شلەمەنیەکەوە بۆیە نقوم کردنی هەموو گیانی مێشـەکە وا دەکـات باکتریۆفاجەکە خێرا بڕژێت و هەموو میکرۆبەکان لەناو بەرێت.[82]

د ـ ئێسك و قۆچ و نینۆك وچڕنوك و پەڕو مووی مردارەوەبوو : ئەمانەو هەرچی وەکو ئەمانە هـەمووی پـاکن، هـیچ بەڵگەیـەک لەسـەر پیسـیيان نەهاتووە.. ئیمامی بوخاری لە سەحیحەکەی خۆیدا (342/1) ئەوەی نەقڵ کردووە کە ئیمامی زوهری دەربارەی ئێسکی مـردارەوە بـووی وەکو فیل و ئەوانە فەرمووی: (زۆرم لە زانایانی سەلەف بینی کە بێ خەمانە سەریان بە شانەیەک دادەهێنا کە لە ئێسکی فیـل دروسـت کرابوو یا خۆیان بە رۆنی لەشی چەور دەکردو هیچ مەناعەتیشیان لێی نەبوو.. هەروەها ئەوەی کە ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێت گێڕاوێـتیەوە کـە بزنێـکیان بـە خێـر دا بـە کەنیزەکێـکی خـاتوو مەیمونەی خێزانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بـەڵام دوایـی مـردار بۆوەو فڕێیاندا، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەوێوە تێپەڕی فەرمووی (لولا أَخَذْتُمْ إِهَابَهَا، فَدَبَغْتُمُوهُ، فَانْتَفَعْتُمْ بِهِ) واتە: ئەدی بۆچی نـەتانگروو تا پێستەکەی لێ کەنەوە؟ ووتیان: ئاخر مردار بووبۆوە، فـەرمووی: (إِنَّمَا حَرَّمَ أُكُلَهَا) [83]واتە: ئێ خۆ خواردنی حەرام کراوە، ئیبنوعەبباس

---

82 دکتۆر ئەمین رەزا مامۆستای شکاویی ئێسک لە کۆلیجی پزیشکی زانکۆی ئەسکەندەرییەی میسر باسێکی دورودرێژی بە شێوەیەکی زۆر زانستیانە لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە کە چۆن پێش ساڵانی سیەکانی چەرخی رابوردوو پێش کەشف کردنی سلفا چارەسەری شکاوی و برینی گەنیویان بە مێش دەکرد..

83 بوخاری(10/4) ، موسلیم (276/1 ژمارە 100) ، ئەبوداوود (365/4 و 366 ژمارە 4120) ، نەسائی (172/7 ژمارە 4235) ، ترمزی (220/4 ژمارە 1727) ، ئیبنوماجە (1193/2 ژمارە 3610) دارەقوتنی لە سنن (47/1).

ئایەتەكەی 145 ی سورەتی ئەنعامی بۆ خوێندنەوە.. كەوابوو پێستەكەی حەرام نەبووە..

**هـ ـ فرۆو شیرو ئەوی لە ریخۆڵەی مردارەوەبوودا بووە**: ئەمانەش زاهیرەن پاك و حەڵاڵن، چونكە كاتێك موسوڵمانان عێراقیان ئازاد كرد پەنیری فارسیان بۆ دەهات و دەیانخوارد كە ئاشكرایە ئەوانە مەجووسی بوون و سەربڕاویشیان وەكو مردارەوەبوو حسێب كراوە، پەنیرەكەشیان بەو فرۆیە دەمەیاند كە لە ریخۆڵەی ئاژەڵەكانیان دوای سەربڕین یان مرداربوونەوەیان دەریان دەهێنان، چونكە كە دەربارەی پەنیرو رۆن و فرۆیان لە سەلمانی فارسی پرسیبوو خوا لێی رازی بێت كە ئەو كاتە ئەو والی سەییدنا عومەری كوڕی خەتتاب بوو خوا لێی رازی بێت لە عێراق فەرموبووی: (حەڵاڵ ئەوەیە كە خوای گەورە لە كتێبەكەیدا حەڵاڵی كردووەو حەرامیش ئەوەیە كە خوای گەورە لە كتێبەكەیدا حەرامی كردووە، ئەوەی كە لێی بێ دەنگ بووە ئەوەیە كە عەفوی لێ دراوە).. (فقة السنة 1/ 24).. حەممادی كوڕی سەلەمەش دەیفەرموو: هیچ ئیشكالێك لە بەكارهێنانی پەڕ دا نیە..

11 ـ **ئەو پارچە گۆشتەی لە گیانلەبەرێكی زیندوو دەكرێتەوە**: هەر حوكمی مردارەوەبووی هەیەو پیسە. چونكە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (ما قُطِعَ مِنْ البَهِيمَةِ وَهيَ حَيَّةٌ فَهوَ مَيتَةٌ)[84] واتە: ئەو پارچە گۆشتەی لە گیانلەبەرێكی زیندوو دەكرێتەوە هەر مردارەوە بووە .

12ـ **بەرماوەی ئەو گیانلەبەرانەی گۆشتیان ناخورێت** : ئەگەر لە دوو قووللە كەمتربوو ( 200 كلگم لە ئاوی شیرین) وەكو ئەوەی دوای

---

84 ترمزی(1480) ، ئەبو داوود (2858) ، ئیبنو ماجە (3216)..

خورادنەوەی ئەو گیانلەبەرانە لە قاپێکدا ماوەتەوەو کەمە، ئەسڵیش لەمەدا فەرموودەی قوللەتەینەکەیە کە فەرمووی: (إذا كانَ الماءُ قُلَّتَينِ، لَمْ يَحْمِلْ الخَبَثّ)[85] واتە: ئەگەر ئاو گەیشتە بڕی دوو قوللە ئیتر هەرچی تێکەوێت پیسی ناکات..

13 ـ **گۆشتی ئەو گیانلەبەرانەی گۆشتیان ناخورێت**: چونکە ئەنەس خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: رۆژی غەزای خەیبەر گۆشتی کەرمان دەست کەوت، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بانگی کرد فەرمووی: (إنَّ اللهَ ورسولَهُ يَنهاكُمْ عَنْ لُحومِ الحُمُرِ فإنَّهَا رِجْسٌ أو نَجْس)[86] واتە خواو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بەرهەڵستی خواردنی گۆشتی کەرتان لێ دەکەن، چونکە پیسە. هەروەها فەرموودەکەی سەلەمەی کوڕی ئەکوەع کە لە رۆژی غەزای خەیبەردا ئێوارەیان بەسەردا هاتبوو، ئیتر ئاگرێکی زۆر کرابۆوە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لێی پرسیبوو: (ما هذهِ النَّارُ على أيِّ شَيْءٍ تُوقِدونَ) واتە: ئەو ئاگرانە چین و چیان لەسەرە؟ فەرمووی: گۆشتیان لەسەرە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (عَلَى أيِّ لَحمٍ) واتە گۆشتی چی؟! فەرمووی: گۆشتی گوێدرێژ (کەر) ی خۆماڵی، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (أهْرِيقُوهَا واكْسِرُوهَا) واتە: بیڕێژن و بیشکێنن، یەکێک ووتی: ئەی

---

85 رواه الخمسة : ئەبوداوود (17/1) ، نەسائی (46/1) ، ترمزی (67) ئەحمەد (314/1) ، دارەقوتنی (187/1) حاکم لە مستەدرەکیدا (133/1) بە سەحیحیشی ناساندووە ، هەروەها شێخی ئەلبانی لە (صحيح الجامع 758) دا ..

86 حەدیسێکی سەحیحە ، بڕوانە : ئەحمەد (303/5) و بۆ خاوەن سونەنەکان بڕوانە ألباني : ارواء الغليل (173).

پێغەمبەری خوا بیشیرێژین و بیشیشکێنین؟! فـەرمووی: (أو ذاكَ) [87]
واتە: یان هەر ئەویان .. ئەم فەرموودەانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە گۆشتی گوێدرێـژی خۆمـاڵی پیسـە چـونکە فـەرموودەی یەکـەم راشکاوانە فەرمووی پیسە، دووەمیشـی هـەر فـەرمووی بیرێـژن و مەنجەڵـەکانیش بشکێـنن بـەڵام دواتـر رێـیدا مەنجەڵـەکانیان بشۆنەوەو هەڵیگرنەوە..

* * *

87 موسلیم ( 1802)..

**چەند نوێژینەوەیەك :**

## توێژینەوەیەك لەسەر
## پاكێتی مەنیی

ئیمامی زەركەشی (شافیعییە) دەفەرموێ : ئەوەی لە لەشی مرۆڤ دێتە دەرەوە سێ جۆرە :

1ـ جۆرێكیان شەرعناسان لەسەر پاكێتیەكەی رێكن، وەكو فرمێسك و چڵم و لیك و بەڵغەم و ئارەقی لەش..

2ـ جۆرێكیان شەرعناسان لەسەر پیسێتیەكەی رێكن، وەكو پیسایی و میزو وەدی و مەزی و خوێن..

3ـ لەسەر پاك وپیسێتی مەنی راجوێن، چونكە بە جێی میزدا دێت..

مەنی: ئەو شلە سپی و خەستەیە كە لە كاتی رەحەت بوونی پیاودا بە شێوەی هەڵقوڵین لەگەڵ هەست بە رەحەت بوون لە زەكەر دێتە دەرەوەو خاوبونەوەی لەشی بەدوادا دێت، بۆنی بە تەڕی وەكو هەویری ترشاوە، كە ووشك دەبێتەوە بۆنی وەكو سپێنەی هێلكەی ووشك بووەوە وایە شێوەشی وەكو ووشك بوونەوەی ماستە بەسەر پەڕۆوە بە تایبەتی خام و كودەری..

**زانایانی لە حوكمی پاكی و پیسی مەنیدا دوو ران :**

**یەكەم : ئەو زانایانەی پێیان وایە مەنی پیسە** : وەكو ئیمامی سوفیانی سەوری و ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئیمامی مالیك و ئیمامی ئەحمەد (لە یەكێك لە ریوایەتەكانیدا) بەڵگەی هەمووشیان ئەو فەرمودەی عائیشەخانمە خوا لێی رازی بێت كە دەربارەی مەنی پرسیاریان لێ كرد كە بەر پۆشاكی كەسێك دەكەوێت، فەرمووی: (كُنتُ أغْسِلُهُ مِنْ ثَوبِ رسولِ اللهِ صلى الله عليه وسلم فَيَخْرُجُ الى الصَّلاةِ وأثَرُ الغُسْلِ في ثَوبِهِ

بُقَعُ المَاءِ)[88] واتە: کە بەر پۆشاکی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دەکەوت شوێنەکەیم دەشتەوە، کە دەچووە مزگەوت ئاسەواری شتنەوەکەی بە پەڵە ئاوی پێوە دیاربوو ئەو زانا بەڕێزانە دەفەرموون: دیارە کە شتنەوەی پۆشاکەکەی لەبەر پیسێتی مەنیەکە بووە.

هەروەها دەفەرموون لەبەر ئەوەی بە شوێنی میزو مەزیدا دێت و لە خۆراکەوە پەیدا بووە کەوابوو حوکمیشی وەکو میزو پیساییە..

**دووەم : ئەو زانایانەی پێیان وایە پاکە** : وەکو سەعیدی کوڕی موسەییەب وعەتاءو ئیمامی شافیعی وداوودی زاهیریی وریوایەتێکی بەهێزتری ئیمامی ئەحمەد و ئیسحاق و ئیبنول مونزیر، کە دەیبەنەوە سەر سەیدنا ئیبنو عومەرو سەعدی کوڕی ئەبو وەققاس خوا لێیان رازی بێت. بەڵگەی ئەمانیش فەرموودەیەکی تری پێغەمبەرە صلی الله علیە وسلم کە هەر عائیشەخانم دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ: کە بە پۆشاکی پێغەمبەرەوە صلی الله علیە وسلم ووشک دەبۆوە هەر دەمپوراند[89] ئیبنوعەبباس دەیفەرموو حوکمی وەکو حوکمی بەڵغەم و چڵمە و سڕینیشی بەسە.. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر پیس بوایە بە پرواندن کۆتایی پێ نەدەهات، هەر وەکو کە نەبیستراوە پیسییەک بە پرواندن پاک بووبێتەوە..

دیسان لەوەی کە مەنیەکە بە پۆشاکەوە ماوەتەوە تا ووشک بۆتەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بە پیس دانەنراوە دەنا زۆرتر ئیحتیات دەکراو هەر ئەو کاتی کە دەهاتە دەرەوە ئەوە جێ بایەخ دەبوو بەر هیچ شتێک نەکەوێت، هەر وەکو ئەو ئیحتیاتە زۆرەی بۆ

---

88 متفق علیە : بوخاری (230) و موسلیم (289).

89 سەحیحی موسلیم (288) و خاوەن سوننەکان.

دڵۆپێک میز کراوە، هەر وەکو بۆ میزی کابرای ئەعرابی کرا کە لە مزگەوتەکەدا (کە زەمینەی مزگەوتەکە لم بوو هیچی تێدا رانەخرابوو) میزی کرد، یان پاک کردنەوەی شوێنەواری میزی ئەو منداڵەی لە باوەشی پێغەمبەری نازداردا صلى الله عليه وسلم میزی کرد..

منیش پێم وایە مەنی پاکەو بە تەڕی وەکو چڵم و بەڵغەم سەیر دەکرێت ودەسڕێت و شوێنەکەی بۆ پاک و خاوێنی و دیمەنی جوانتر دەشۆڕێت کە ووشکیش بووبۆوە دەپروێنرێت. چونکە ئەو ریوایەتانەی دەچنەوە لای عائیشەو لای ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێت دەمانبەنەوە ئەم ئەنجامە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خۆشی ئاوا رەفتاری لەگەڵ مەنی سەر پۆشاکی خۆی کردووە وەکو ئەو فەرموودەی دارەقوتنی وبەیهیقی وتەحاوی لە ئیبنوعەبباسەوە کە دەفەرموێ: (سُئِلَ النبيُّ صلى الله عليه وسلم عن المني يُصيبُ الثوبَ؟ فقال: إنَّمَا هو منزلَةِ المَخاطِ والبُصاقِ، وإنَّمَا يَكفيكَ أنْ تَمْسَحَهُ بِخَرْقَةٍ)[90]

واتە: لە پێغەمبەریان صلى الله عليه وسلم دەربارەی مەنی پرسی کە بەر پۆشاک دەکەوێت، ئەویش فەرمووی: وەکو چڵم و بەڵغەم وایە، بەوەندەی بە پەڕۆیەک بیسڕیت بەسە..

ئەم زانایانەی پۆلی دووەم وەڵامی زانایانی یەکەمیان داوەتەوەو بەڵگەهێنانەوەکەیان بە فەرموودەکەی یەکەمی دایکە عائیشە خوا لێی رازی بێت لاواز کردۆتەوە بەوەی کە فەرموویان: کە عائیشە خان دەفەرموێ بە تەڕی بە چوکڵە چیلکەیەک (لە هەندێک فەرموودەدا بە ناوی إذخَر هاتووە کە چیلکەی روەکێکە) رام دەداو بە ووشکی دەمپرواند باسی شێوەی لابردنی مەنیەکە دەکات و نابێتە

90 شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە (ارواء الغليل 197/1) بە سەحیحی داناوە..

بەلگەی پیسێتی مەنیەکە، چونکە خۆ پۆشاک لە چڵم و بەڵغەم و پەڵەش پاک دەکرێنەوەو پیسیش نین.. کەوابوو بۆچوونەکەی ئیمامی نەوەوی رەحمەتی لە شەرحی ئەو فەرموودەی موسلیمدا بەهێزترە کە فەرموویەتی: کارەکەی عائیشە لە لایەنی پاکوخاوێنیەوە بووە نەک لەبەر پیسێتی مەنی. ئەمە رای ئیمامی ئیبنوتەیمییەشە کە دەفەرموێ: بەلگەی پاکی مەنی بەهێزترو زیاترن.. ئەو سەحابە بەڕێزانە ئیحتیلام دەبوون و مەنی بەر پۆشاکەکانیان دەکەوت و بۆیان دەبووە روداوی رۆژانە، ئەگەر حوکمی مەنی پیس بوایە هەر دەبوو وەکو حوکمی تارات گرتن و خۆپاک کردنەوە لە میزو پیسایی لەو بەڕێزانەوە نەقڵ بکرایا، کە ئەمە نەبووە دیارە کە وا رەفتاریان کردووە کە مەنی پاکە[91]..

کەوابوو مەنی پاکە، گەر بە پۆشاکی کەسێکەوە بوو دەتوانێت لێی کاتەوەو شوێنەکەی هەر بۆ پاکوخاوێنی و دیمەنی جوانتر بیشوات، ئەگەر نەیشت و نوێژی پێوە کرد پاشان بیری کەوتەوە یان کەوتەوە بەرچاوی هیچ ئیشکالێک لە نوێژەیدا نیەو ئەو ساتە مەنیەکە لە پۆشاکەکی بکاتەوە..

زیادەیەک: ئیمامی نەوەوی رەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ: رای زانایان دەربارەی تۆوی گیانلەبەران بە گشتی سێ رایە:

1ـ تۆوی ئاژەڵ و گیانلەبەران (جگە لە سەگ و بەراز) پاکەو لەوەدا وەکو حوکمی مەنیی ژن و پیاو کافر بن یان موسوڵمان هەر پاکە..

2ـ هەندێکی تر فەرموویان تۆوی هەموو گیانلەبەرێک پیسە.

3ـ هەندێکی تر فەرموویانە تۆوی ئەو گیانلەبارانە پاکن کە گۆشتیان دەخورێ و ئەوی گۆشتی ناخورێت مەنیەکەشی پیسە..

---

91 ابن تيمية : مجموع الفتاوي(604/21).

**توێژینەوەیەك لەسەر**

**شلەو شێی عەورەتی ئافرەت**

**حوکمی ئەو شلەمەنیانەی لە عەورەتی ئافرەت دێتە دەرەوە :**

رای زانایان لەسەر شێی عەورەتی ئافرەت لە دوو بۆچووندایە :

**یەکەم** : **ئەوانەی فەرموویانە پیسە** : فەرموویانە لەبەر ئەوەی لە فەرجەوە دێت ، کەوابوو وەکو مەزیی پیاوان وایەو بێ نوێژییە .. بەلگەیان :

1 ـ ئەو فەرموودەیەی کە زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنی لە سەیدنا عوسمانی کوڕی عەففانی خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە خۆی لە پێغەمبەری نازداری صلى الله عليه وسلم بیستووە : (أَنَّهُ سَأَلَ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ فَقَالَ : أَرَأَيْتَ إِذَا جَامَعَ الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ فَلَمْ يُمْنِ فَقَالَ عُثْمَانُ يَتَوَضَّأُ كَمَا يَتَوَضَّأُ لِلصَّلَاةِ وَيَغْسِلُ ذَكَرَهُ ، وَقَالَ عُثْمَانُ سَمِعْتُهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَسَأَلْتُ عَنْ ذَلِكَ عَلِيَّ بْنَ أَبِي طَالِبٍ وَالزُّبَيْرَ بْنَ الْعَوَّامِ وَطَلْحَةَ بْنَ عُبَيْدِ اللَّهِ وَأُبَيَّ بْنَ كَعْبٍ فَأَمَرُوهُ بِذَلِكَ ) [92] واتە: زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنی پرسیاری کرد: ئەگەر پیاوێک چووە لای خێزانەکەی و لەگەلێدا جووت بوو، بەلام ئاویان نەهاتەوە، غوسلیان دەکەوێتە سەر یان نا؟ سەیدنا عوسمان فەرمووی: دەسنوێژ دەگرێت هەر وەکو کە بۆ نوێژی دەگرێت، زەکەری دەشوات و بەس.. دەفەرموێ : من خۆم ئەوەم لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بیستووە و پاشان پرسیارم دەربارەی لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب و زوبێری

92 بوخاری (288 و 289 )، موسلیم (347).

کوڕی عەووام و تەلحەی کوڕی عوبەیدواللە ئوبەی کوڕی کەعب خوا لێیان رازی بێت کردووە، هەموو هەر وایان فەرمووە..

2 ـ ئەو فەرموودەی کە ئوبەی کوڕی کەعب گێڕاوێتیەوە کە دەفەرموێ : (عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ قَالَ : قُلْت : يَا رَسُولَ اللَّهِ إِذَا جَامَعَ أَحَدُنَا فَأَكْسَلَ ؟ فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : لِيَغْسِلْ مَا مَسَّ الْمَرْأَةَ مِنْهُ وَلْيَتَوَضَّأْ ثُمَّ لِيُصَلِّ) [93] لە پێغەمبەرم صلى الله عليه وسلم پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر پیاوەکە جیماعی لەگەڵ خێزانیدا کردو ئاوی نەهاتەوە، ئایا غوسڵی دەکەوێتە سەر؟ فەرمووی : ئەو شوێنەی دەشواتەوە کە بەر ئافرەتەکە کەوتووە پاشان دەسنوێژ دەشوات ونوێژی خۆی دەکات.

3 ـ ئەم زانا بەڕێزانەی ئەمە بۆچوونیانە ئەوەشیان فەرمووە کە دیسان حوکمی پیسیەکە وەردەگرێت مادام لە یەکێک لەو دوو ڕێیەی پاش و پێشەوە دێت ، چونکە ڕێسا شەرعیەکە دەفەرموێ : ( **هەرچی شتێك لە دوو ڕێی پاش و پێشەوە جگە لە مەنی هات پیسە**).. ( )

هەروەها فەرموویانە: فەرمان کردن بە شتنەوەی زەکەری پیاو بەڵگەیە لەسەر پیسێتی شێی عەورەتی ئافرەت..

**دووەم : ئەوانەی فەرموویانە پاکە**[94] : ئەو زانا بەڕێزانەی فەرموویانە ئەو شێیەی لە عەورەتی ئافرەتەوە دێت پاکە پشتیان بەم بەڵگانە بەستووە:

1 ـ فەرموویانە: ئەم فەرموودانەی کردووتانن بە بەڵگەی پیسێتی ئەو شێیە، نەسخ بوونەتەوە (سڕاونەتەوە) وحوکمیان نەماوە[95] .

93 بوخاری (239) ، موسلیم (346). ( )
94 الشيخ مصطفى بن عدوي : جامع أحكام النساء (68/1) .
95 فتح الباري (473/1).

بەو فەرمودانەی تر نەسخ بوونەتەوە کە لە حاڵەتی وادا فەرمانی راشکاو بە غوسڵ دەرکردن دەدەن.

2 ــ عائیشەخان خوا لێی رازی بێت مــەنی پێــغەمبەری صلی الله علیه وسلم لــە پۆشــاکەکانی دەپرواند، ئاشــکرایە کــە ئــەو مەنییــە سەرەنجامی جیمــاع بــووە، چــونکە هــیچ پێغەمبەرێــک ئیحتــیلام نەبووە[96]. ئەو مەنییەش بە هەمان جێدا هاتووە کە شێــی پێــوەیە، مادام حوکمی مەنیەکە پاکە، کەوابوو ئەو شێــیەش پاکــە، بەمــەش دەگەینە ئەوەی کە هەر جۆرە شلەو شێیەک لە عەورەتی ئافرەتەوە دێت پاکە..

3 ـ ئاشکرایە کە ئەم جۆرە شلەو شێیەی بە عەورەتی ئافرەتی ئــەم سەردەمەدا دێت، خۆ هــەر ئــەو شــلەو شێــیەیە کــە بــە عــەورەتی ئافرەتانی سەردەمی یاوەراندا هاتووە، دیاردەیەکی رۆژانەی هەموو ئافرەتێکیشە، دەی بۆچی لە پێغەمبەری خواوە صلى الله علیه وسلم یان لە یاوەرێکیەوە نەبیستراو نەقڵ نەکراوە کە فەرمانی بە شــتنەوەی یان بە دەسنوێژ لێگرتنەوەی دابێت؟!

4 ـ دەرچەی ئەم شلەو شێیە هەمان دەرچەی میــز نیــە تــا حــوکمی پیسیی ئەو وەرگرێت. زانستی پزیشکی ئێستاش ئەوە دەسەلمێنێت..

4ـ ئەو رێسایەی شەرعناسان دایاناوە : ( **هەرچی شتێك لە دوو رێی پاش و پێشەوە جگە لە مــەنی هــات پیســە**) خــۆ ئایــەت وفــەرموودە نیــە، کــۆڕا (ئیجماع)ی زانایان وشەرعناسانی لەسەر نیە، مەرج نیە ئەوە ئــاوا بە شێوەیەکی رەها بێت ، خــۆ خوێــنی جــاری داوێــنی ئافرەتــان (ئیستیحازە) هەر لەوێوە دێت وکەسیش نەیفەرمووە پیسە.

---

96 ابن قدامة : المغني (88/2)

**پوختەی حوکمەکە بە لامەوە ئەوەیە کە**

- ئەگەر سەرەنجامی دەسبازیی شلە لە عەورەتی ژنە هاتە دەرەوە ئەوە حوکمی وەکو مەزی پیاو وایەو هەم پیسە هەم دەسنوێژ دەشکێنێت.

- ئەگەر سەرەنجامی ماندوو بوون یان دووگیانی (حەمل) بە بێ ئاگایی ئافرەتەکە هاتە دەرێ، ئەوە پیس نیە، چونکە بەڵگەی پیسێتیمان لەسەری نیە، کەوابوو لەسەر ئەسڵی پاکێتی دەمێنێتەوە واللە اعلم .

...............................

## باسێكی لاوەكی لەسەر
## خۆرەحەت كردن (ئیستیمناء)

پێناسەی: خۆرەحەت كردنی مرۆڤ، واتە هێنانەوەی ئاوی خۆی، بە دەست یان بە شتێكی تر كە بە عەرەبی پێی دەوترێت ئیستیمناء بە زاراوەی شەعبیانەی كوردەواری پێی دەڵێن: دەسپەڕ..

خۆڕەحەتكردن و حوكمی، یەكێكە لەو باسانەی زانایان ئیختیلافیان لە كۆنەوە لەسەری هەیە، چونكە لە لایەكەوە هیچ فەرموودەیەكی لەسەر نییە، هەر فەرموودەیەكیش ئاماژەی بەو رەفتارە كردبێت سەنەدەكەی ساغ نەبۆتەوەو بە فەرموودە حسێب نەكراوە، مەگەر فەرموودەیەک كە مانای گشتی خۆپاراستن بدات، بە هەر حاڵ را وبۆچوونەكانیان دوو پۆلە:

**پۆلی یەكەم : ئەوانەی فەرموویانە : حەرامە** : جمهوری پێشەوایانی شەرع (ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئیمامی مالیک و ئیمامی شافیعی و قەولێكی ئیمامی ئەحمەد) لەسەر ئەوەن كە حەرامە، بەڵگەشیان:

1 ـ خوای گەورە دەفەرمویَ: (فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاء ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ) المؤمنون/ 7 واتە: هەر كەس لەوە بیترازێنیَ (لە خۆ رەحەت كردن بە هاوسەرو جاریەی خۆی) ئەوە دیارە سنوری شكاندووە.. ئەم بەڕێزانە دەفەرموون: هەرچی رەحەتكردنێک لەو دوو شێوەیە بترازێت بەر سنور بەزاندن دەكەوێت..

2 ـ فەرموودەی سەحیحی عبداللەی كوڕی مەسعوود خوا لێی رازی بێت هەیە كە بە ئاشكراو راشكاوانە دەفەرمویَ: (كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شَبَابًا لا نَجِدُ شَيْئًا فَقَالَ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهم عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ

وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ)[97]واتە: کۆمەڵێک گەنج بووین لە خزمەت پێغەمبەردا بووین صلى الله عليه وسلم کەسمان ژنمان لەو کاتەدا پێ نەدەهات، پێی فەرمووین: گەنجینە، هەر کەس توانای جەستەی و دارایی هەیە با ژن بهێنێت، چونکە ژن هێنان مایەی چاوگرتنەوەی زیاترو پاراستنی داوێنە! هەر کەسیش نەیتوانی با بەڕۆژوو بێت، چونکە رۆژووەکە بۆی دەبێتە قەڵغان!

ئەم شەرعناسە بەڕێزانە فەرموویانە ئەگەر ئیستیمنا جائیز بوایە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئاماژەی بۆ پێ دەکردن، کە نەیکردووە مانای وایە جائیز نییە..

3 ـ رەفتارێکی ناشیرینەو لەگەڵ کەسایەتی موسوڵمان ناوەشێتەوە.

4 ـ سەلمێنراوە کە زیانی پزیشکی هەیە. ئەمە رای بەرهەڵستکارانی بە حەڵاڵ زانینێتی لەم سەردەمەدا..

**<u>پۆلی دووەم : کە پێیان وایە مەکرووهە</u>** : هەندێکیشیان فەرموویانە: جائیزە.. لەوانە: ئیبنوعەبباس وشێخ حەسەنی بەسری و قەولێکی ئیمامی ئەحمەدو یەحیای کوڕی مەعینی مامۆستای ئیمامی ئەحمەد و عبدالرزاق و تەبەری و ئیبنوحەزم و ئیبنولعەرەبی، هەروەها شەوکانی[98].. بەڵگەی ئەمانیش ئەمانەیە:

---

97 بوخاری (5066) ، موسلیم (1400).

98 عبدالرزاق : المصنف (390/7) ، الطبري : اختلاف الفقهاء (ل 123) ، ابن حزم : المحلى : (407/12) ، ابن العربي : احكام القرآن (315/3).

1 ـ ئەو ئایەتە هیچ حوکمێکی راشکاوی تێدا نییە کە ئیستیمنا حەرام کات، تەنانەت هیچ ئاماژەیەکیشی تێدا نییە بۆ ئەوە.. هەروەها فەرموودەکە..

2 ـ کە دەوترێت رەفتارێکی جوان نییە، چونکە لە رووی عورف و عادەت وداب و نەریتەوە لەگەڵ جوامێری وپارسەنگی شەخسییەتدا ناگونجێت.. وەڵامی ئەوەیە کە ئەو کەسە کارێکی عەیبەی لە ناو خەڵکیدا نەکردووە تا لە کەسایەتی نەوەشێتەوە، نە لێی دەبینرێت، نە خۆشی باسی دەکاتەوە، ئیتر لە کوێوە زانرا کە کەسایەتی ئەمیان پارسەنگەو کەسایەتی ئەوی تریان لاسەنگە؟!

3 ـ ئەوەش کە دەڵێن لە رووی پزیشکیەوە زیانی هەیە، زۆر بە پێچەوانەوەیە، نوێترین کۆنگرەی پزیشکی وئاڕاستەی تەندروستی کە لە رۆژئاوا دەخوێندرێت ئەوەیە کە مومارەسە کردنی ئیستیمنا زیانی نیە، ئەگەر نەبێتە مومارەسەیەکی نامۆ..

هەندێک لە زانایانی تر فەرموویانە ئەگەر کەسێک دووربوو لە هاوسەری خۆی، یان هاوسەری نەبوو، لە جێیەکیش بوو کە بواری زینای لەبەردەمدا ئاسان بوو، یان دەبوو بە تووشیەوە پێویستە لەسەری بیکات نەبادا بکەوێتە زیناکەوە..

ئیمامی ئیبنوتەیمییە دەفەرموێ: بەلای جمهوری زانایانەوە ئەسڵ لە ئیستیمنادا ئەوەیە کە حەرامەو ئەوی دەیکات تەمێ دەکرێت، بەڵام ئەمە وەکو زیناکردن نییە.. ئەمما فەرمایشتەکەی ئیبنو عەبباس و قەولەکەی ئیمامی ئەحمەد کە فەرموویانە کارێکی جائیزە، ئەوە بۆ کپ کردنەوەی ئارەزووی کەسێکە کە مەترسی ئەوەی هەبوو بکەوێتە زینا یان لیواتەوە[99]..

---

99 الفتاوى الكبرى (49/3).

لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ئیمام ئەحمەد رایەکی تری هەیە کە دەفەرموێ: مەکروهە، حەرام نییە[100] ..

ئەمە بە شێوەیەکی کورت پێناسەو بۆچوونی زانایانەیە، منیش رای ئەو زانایانەم پێ پەسەندە کە ئیستیمنایان بە جائیز زانیووە. واللە اعلم .

...............................

100 مجموع الفتاوی (229/34).

**توێژینەوەیەك لەسەر**

**پاکی شەراب**

ئەو شەرابەی کە سەرخۆش دەکات جۆرێکە لە دوازدە جۆر ئەلکهۆلٚ، ئەمە جۆری ئیسانۆلە ($C_2H_5OH$) کە رادەی 60 - 90% ئیسانۆلی تێدایە کە بە هۆیەوە هەندێ زانا بە پیسیان داناوە کە کورد پێی دەڵێن ئیسپرتۆو لە نەخۆشخانەکاندا بۆ پاکژیی پزیشکی (تەعقیم) بەکاری دەهێنن ئەمەیە کە بە ئینگلیزی (Spirit) و بە فەرەنسی (Espirit) و بە ئیتالی (Spirito) یە کە بە مانایی رۆحی شەرابەکەیە، جۆرەکانی تری وەکو میسانۆل ($CH_3OH$) و بریبانۆ ($C_3H_7OH$) مەست ناکەن بۆیە ئەو زانایانە لە بە پیس دانانی ئەمانە خۆیان بواردووە..

زۆرینەی زانایانی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی شەرابیان بە پیس داناوە، بەڵام هەندێک لە شەرعناسانی کۆن ونوێ بە پیسیان دانەناوە :

**پۆلی یەکەم کە دەفەرموون: شەراب پیسە** : ئەو بەرێزانەی کە شەراب بە پیس دەزانن، لەوانیش چوار ئیمامە بەرێزەکەو ئیبنوحەزم و ئیبنوتەیمییە، بەلگەشان ئەوەیە کە :

**یەکەم** خوای پەروەدگار فەرموویەتی: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ) المائدة / 90 واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە شەراب و قومارو یانسیب و قومار بەزار پیسن، کاری شەیتانن، توخنیان مەکەون تا سەرفراز بن.. (رجس) لە ئایەتەکەدا هەر (نجس) ە.. لای

ئەم زانا بەڕێزانە شەراب پیسە، ئەگەر بەر شوێنێک کەوت دەبێ بشۆرێتەوە تا پاک دەبێتەوە[101].

دووەم : فەرموودەی سەحیحیش لەسەر پیسێتی خوێن هاتووە وەکو:

1 ـ فەرموودەکەی ئەبو سەعلەبەی خوشەنی خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ کە لە پێغەمبەریان صلى الله عليه وسلم پرسی کە کاتێک دەچنە سەر شوێنی کافرەکان و مەنجەڵ و قاپ و کەوچکیان هەڵدەگرنەوە ئاسەواری گۆشتی بەرازو شەرابیان تێدا ماوە، ئایا چی لەو کەلوپەلانە بکەن؟ فەرمووی: (إنْ وَجَدْتُمْ غيرَها فَكُلوا منها واشْرَبوا وإنْ لم تجِدُوا فَاحْضُورها بالماءِ)[102] واتە: ئەگەر هی ترتان بەردەست کەوت لەودا بخۆن، ئەگەر نا بە ئاو بیانشۆنەوەو بەکاریان بهێنن..

لەمەوە ئیمامی خەتتابی[103] وئیبنودەقیق العید[104] (کە شافیعین) و زەیلەعی[105] وئیبنو الهومام (کە حەنەفین) و ئیمام مەجدالدین ئیبنو تەیمییەی (باپیری ئیبنوتەیمییەی بەناوبانگ)[106] دا فەتوای پیسێتی شەرابیان داوە..

---

101 الاختيار (33/1) ،الانصاف (378/1) ، المجموع (569/2) ، المحلى(161/1) والتاج (20/1).

102 ئەمە لەفزی ئەبو داوود بوو لە سنن(363/3) و ترمزیش لە سێ شوێنی سوننەکەی خۆی هێناوێتیەوەو بە سەحیحی داناوە، ئەسڵی حەدیسەکەش لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هەیە)..

103 معالم السنن (257/4)کە شەرحی سنن ابی داودە..

104 لە کتێبی ( الإمام في أحاديث الكلام ) .

105 الزيلعي: نصب الراية في تخريج أحاديث الهداية (95/1) ، ابن الهمام : فتح القدير 51/1.

106 لە کتێبی (منتقى الاخبار).

**پۆلی دووەم کە دەفەرموون : شەراب پیس نیە :**

یەکەم : ئایەتەکە بەڵگە نیە لەسەر پیسێتی شەراب چونکە:

1 ـ سیانە باسکراوەکەی تر لە خۆیاندا پیس نین، نە قومارو نە یانسیب و نە زارهەڵدان بۆ قومارو پارە بردنەوە هیچیان پیس نین، ناشکرێت خبری موبتەداکە کە (رجس) ە تایبەت بکرێت بە خمرەکەوەو بەس چونکە خبری هەر چوار موبتەداکەیە جگە لەوەش ئەسڵ لە شتدا پاکی و حەلاڵیە، هەر کەس حوکمی شتێک بدات کە پیسە دەبێ بەڵگەی بەهێزی هەبێت.. ئەمەش رای رەبیعەو لەیس و موزەنی و داوودی زاهیری و شەوکانی و سەنعانی و ئەلبانی و سید سابق و ئال بەسسام و ئیبن عوسێمین و ئەوانەن[107]..

2 ـ ووشەی (رجس) مانای تریشی زۆرە وەکو: پیسایی، حەرام کراو، ناشیرین، سزا، لەعنەت و نەفرین، کوفر، خراپەکاریی، تاوان و گوناح، پیسی. ئیتر بۆچی تایبەتتان کردووە بە مانای پیسییەوە.[108]

دووەم : ووشەی رجس لە سێ شوێنی تری قورئاندا جگە لەم ئایەتە هاتووە، هیچیان بە مانای نجس نەهاتووە، بۆ نموونە:

ـ لە الانعام / 135 : (كَذَلِكَ يَجْعَلُ اللّهُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ ) واتە : ئەئاواهی خوای گەورە سزا بۆ ئەو کەسانە دادەنێ کە باوەڕ ناهێنن .. کەوابوو رجس بە مانای سزا هاتووە.

ـ لە التوبة / 95 : (سَيَحْلِفُونَ بِاللّهِ لَكُمْ إِذَا انقَلَبْتُمْ إِلَيْهِمْ لِتُعْرِضُواْ عَنْهُمْ فَأَعْرِضُواْ عَنْهُمْ إِنَّهُمْ رِجْسٌ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ جَزَاء بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ) واتە: ئەوانە کە ئێوە دەگەڕێنەوە شار سوێندتان بۆ دەخۆن تا وازیان لێ

---

107 زیاتر وا لە :المجموع 569/2 و الدراري المضيئة 28/1 و فقه السنة 1/ 28.

108 زیاتر وا لە کتێبی ابن الاثیر: النهاية ولسان العرب ومختار الصحاح .

بهێنن، لێیان گەڕێن و روویان مەدەنێ، ئەوانە بەراستی پیسن یەعنی كردەوەیان بەدەو حەتمەن لە سزای ئەو كارانەیاندا كە دەیان كرد، شوێن هەواریان دۆزەخ دەبێت!!

ـ هەروەها لە سورةتي الحج / 30 : (فَاجْتَنِبُوا الرِّجْسَ مِنَ الْأَوْثَانِ) واتە : توخنی بتە پیسەكان مەكەون.. بتەكان پیسن چونكە دەبنە مایەی سزاو ئەشكەنجەی دوایی نەک خۆیان پیس بن وەكو پیسایی، چونكە بەرد خۆی پیس نیە..

<u>سێیەم</u> : لە كەسێكی سەلەفەوە هیچمان پێ نەگەیشتووە كە یاوەرێک یان تابعینێكیان رجسی لەو ئایەتەدا بە مانای (نجس) واتە پیسی لێک دابێتەوە، بەڵكو ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت دەیفەرموو: رجس یەعنی مایەی رق هەستان، ئیبنوزەید دەیفەرموو رجس یەعنی خراپەكاریی.

<u>چوارەم</u>: هاتنی ووشەی شەراب لە ریزی قومارو ئەوانی تردا لەو ئایەتەدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە مانای پیسێتی مەبەست نیە، بەڵكو مەبەستی پیسێتی مەعنەوییە، ئەمەش وەكو ئەو ئایەتەی دیكەیە كە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ) التوبة/28 واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە موشریكەكان پیسن.. دیارە موشریكەكان لەبەر شیركیان نیە كە پیسن .

<u>پێنجەم</u> : حەرام كردنی شەراب پیسێتی ناگەێنێت، بەڵام پیسێتی حەرامی لە خۆدا هەڵگرتووە، خۆ كەس نەیفەرمووە پۆشینی ئاوریشم (حەریر) یان ئاڵتون بۆ پیاوی موسوڵمان حەرامە یان بڵێ: ئاوریشم و ئاڵتون پیسن! هەردووكیان بە پێی شەریعەتی ئیسلام و بە كۆڕای زانایان پاكن.

شەشەم: ئەو رجسە لەو ئایەتەدا پەیوەست کراوەتەوە بەوەوە کە کاری شەیتانە بۆیە وا پیسە، کەوابوو پیسییەکی کردەوەییە بە مانای ناشیرین و ناهەموار، نەک بە مانای پیسێتی زاتی خۆی.

حەوتەم : لەو فەرموودە سەحیحەی ئەنەسدا خوا لێی رازی بێت کە باسی چۆنیەتی حەرام کردنی شەراب دەکات، دەفەرموێ: (فأمَرَ رسولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم منادِيًا يُنادي : ألَا إنَّ الخمرَ قَدْ حُرِّمَتْ... قالَ : فَخَرَجْتُ فَأَهْرَقْتُهَا فَجَرَتْ في سِكَكِ المدينةِ )[109] واتە :کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی دا بە کەسێک جارِ بدا کە ئەریٚ خەڵکینە شەراب حەرام کرا.. خێرا چوومە دەرەوەو رشتم، تا بە کۆڵانی مەدینەدا بڵاو بۆوە.. ئەگەر شەراب پیس بوایە نەدەبوو ئاوا بیرِێژنە کوچەو کۆڵان کە ئیحتیمالی زۆر هەیە بەر برِێژەکان و بەر خەڵکی تریش بکەوێت.

هەشتەم : فەرموودەیەکی تر: کابرایەک کە هاتە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و بە دیاری دوو جەوەندە (کوندە : مەشکە) شەرابی بۆ هێنابوو ، کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم رەفزی کرد لێی وەرگرێت و فەرمووی حەرامە، یەکێک بە کابرای ووت برِۆ بیانفرۆشەوە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (إنَّ اللهَ الذي حَرَّمَ شُرْبَها حَرَّمَ بَيعَها، فَفَتَحَ الرَّجُلُ المزادَتينِ حَتَّى ذَهَبَ مَا فيهما)[110] واتە: ئەو خوایەی خواردنەوەی حەرام کردووە فرۆشتنیشی حەرام کردووە، ئیتر کابرا دەمی هەردوو جەوەندەکەی کردەو تا هەموو ئەوەی تێیاندابوو رژا. جا ئەگەر شەراب پیس بوایە حەتمەن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی دەکرد کە ئاوی پێدا کەن، هەر وەکو کە فەرمانیدا ئاو بکەن

---

109 بوخاری (2332) ، موسلیم (1980).

110 مسلم (1206) و ئیمامی مالیک لە موطأ (1543).

بە جێ میزی کابرای ئەعرابیدا کە هاتە مزگەوتەکەوەو میزی کرد، یان فەرمانی بەو یاوەرە عەزیزانەی دەکرد کە ئاگاداربن پریشکیتان بەر نەکەوێت!

نۆیەم: مادام لە دیدی شەرعەوە ئەسڵی شت پاکژیی و پاکییەو دەربارەی پیسێتی شەرابیش بەڵگەیەکی بنبڕمان دەسنەکەوت..

شێخ ئیبنو عوسێمین دەفەرموێ وا نابینم شەراب پیس بێت بۆیە پێم وایە ئەلکهۆڵ پاکەو حەرەجیش لەوەدا نابینم کە لە کاتی پێویستی وەکو تەعقیم کردنی برینێکدا بەکاری بهێنم.. کەوابوو هەموو ئەوەی ئەلکهۆلیشیان تێدا بەکار دێت هەر پاکن.. دەرمان بن یان کەرەستەی تەعقیم، یان قۆلۆنیاو عەترو بۆنی شلەمەنی.

کەوابوو رای ئەو زانایانە پەسەندە کە فەرموویانە شەراب پاکە..

..........................

## توێژینەوەیەك لەسەر
## حوكمی خوێن

خوێن چەند جۆرێکە :

1ـ **خوێنی حەیز**: ئەمیان بە کۆڕای زانایان و شەرعناسان پیسە و پێشتر باسمان لە بەڵگەکانی کرد.

2 ـ **خوێنی مرۆڤ**: شەرعناسان بە شێوەیەکی گشتی رایان لەسەر پیسێتیەتی، لەبەر ئەوەی حوکمی حەرام بوونی لە قورئانی پیرۆزدا هەیە، ئەمانیش وای بۆ چوون کە پیس بێت، حوکمی ئەمیش لای زۆرێک لەو بەڕێزانە وەکو شەرابی لێ هاتووە.. کە خوای گەورە دەفەرموێ: (قُل لاَّ أَجِدُ فِي مَا أُوْحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلاَّ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ) الانعام / 45 واتە: بلێ: لەو وەحیەی کە بۆم هاتووە شتێکی وا نابینم کە حەرام کرابێت غەیری مردارەوەبوو و خوێنی رژاوو گۆشتی بەراز کە ئەمانە هەموویان پیسن.. ئەو زانا بەڕێزانە فەرموویانە کە مادام رجسە یەعنی پیسە.. چوار ئیمامە بەڕێزەکەو ئەهلی تەفسیرو زۆرێک لە فەرمودەوانان و شەرعناسان فەرموویانە کۆڕا (ئیجماع) لەسەر پیسێتی خوێن هەیە. هەموو ئەوە باس دەکەن کە خوێن پیسە! زانایانی پێشینی تابعین و ئەوانی دوای ئەوانیش رایان هەر وایە..

<u>**ئەوانەی پێیان وایە خوێن پیسە**</u> :

**1**ـ حەنەفی لەسەر پیسێتی ودەسنوێژ پێشکانی خوێن رێکن، ئەوەی لای ئەوان عەفووی لێداراوە بڕێکی کەمە بە قەبارەی درهەمێکی کۆن[111] ..

---

111 مجمع الانهر (52/1) یان ئیبنو نوجەیم : البحر الرائق (20/1)..

2ـ ئیمامی شافیعی رەحمەتی خوای لێ بێت هەر خوێنی لا پیسە بۆیە دوای باسی فەرموودەی ئەسماء دەربارەی خوێنی حەیز دەفەرموێ: ئەمە بەڵگەیە لەسەر پیسێتی خوێنی حەیزو هەموو جۆرە خوێنێکی تر. شافیعیەکان هەموو لەسەر ئەوە رێکن کە پیسە[112]..

3ـ ئیمامی مالیکیش فەرموویەتی[113] کە خوێن پیسە بێ ئەوەی تەفسیلی بداتێ.. بەڵام هەندێک لە شەرعناسانی مالیکی باسی جۆرو بڕی عەفوو لێدراویان کردووە[114]..

4ـ مەزهەبی ئیمامی ئەحمەد لە پیسێتی خوێندا زۆر روونە[115].

5ـ هەروەها ئیبنو حەزم رەحەتی لێ بێت دەفەرموێ[116]: زانایان لەسەر ئەوە کۆن کە خوێن پیسە.. ئیبنو روشدیش هەر پێی وایە کە پیسە[117].

6ـ ئیمامێکی بەرجەستەی وەکو ئیمامی ئەحمەد بن حەنبەل رەحمەتی خوای لێ بێت کە یەکێکە لە چوار کەس لە ئوممەتی موسوڵمانان کە بڕی شەش سەد هەزار فەرموودەی لەبەر بووەو ئیمامێکی گەورەی ئەهلی سوونەتە لە ئیمامی ئیبنوحەزمەوە ئیجماع نەقڵ دەکات کە خوێن پیسە. ئەمەش بۆچوونی ئیمامانی

---

112 الشافعي : الام (67/1) ، ابو اسحق الشيرازي : المهذب (511/2).

113 وەکو لە المدونة (38/1) ی ئیمامی مالیک خۆیدا هاتووە.

114 لە کتێبی حاشية الرهوني (73/1) و جواهر الاكليل (9/1).

115 تەنانەت لە کتێبەکانی : الفروع (253/1) و الكافي (110/1) کۆڕای هەرچوار ئیمامە بەڕێزەکەش نەقڵ دەکەن..

116 لە المحلى (102/1) و کتێبی مراتب الاجماع (ل 19).

117 بداية المجتهد (175/2).

تری بەڕێزی وەکو ئیمامی ئیبنول قەییمی جەوزییەشە[118] بــاس لــە فەتواکانی ئیمام ئەحمەد دەکات و پشتیوانیان لێ دەکات دەفەرموێ: لە ئەحمەدیان پرسی: حوکمی خوێن و کێــم لــە لات وەکــو یــەکن؟! فەرمووی: نا خــەڵکی لــە پیســی خوێــندا رایــان جیــاواز نــەبووە (مەبەستی لە خەڵکی زانایــان و شەرعناســانە..) جارێــکی تــریش فەرمووی : خوێن وکێم وزوخاوێک کە لە بــرین دێــن وەکــو خوێــن نین[119]..

7ـ ئیمامی ئیبنوحەجــەری عەســقەلانی کــۆڕای زانایــانی لەســەر پیسێتی خوێن باس کردووە[120].

8ـ ئیبنوعەبدولبیڕ فەرموویەتی: حوکمی شەرعی هەموو خوێنێــک وەکو حوکمی خوێنی حەیزە بڕی کەمی عــەفووی لێــدراوە، چــونکە خــوای گــەورە کــە فەرمووــیەتی رجــس، رجســیش هــەر نجســەو نەجیسیش پیسییە[121] ..

9ـ ئیبنول عەرەبی دەفەرموێ: زاناو شەرعناسان لەبەر ئەوە کــۆن کە خوێن هەم حەرامەو هەم پیسە، نە دەخورێــت نــە ســوودی لــێ وەردەگیرێت، خوای گەورە بــە گشــتی حــوکمی پیسێــتیەکەی داوە، هەرچەندە لە سورەتی الانعامدا تایبەتی کردووە بە خوێنی رژاوەوە بــەڵام زانایــان فەرموویانــە گشــتیەکە حــوکمی تایبەتیەکــە وەردەگرێتەوە[122]..

---

118 ابن القیم الجوزیة : اغاثة اللهفان (240/1).

119 ابن تیمیة : شرح العمدة (105/1).

120 فتح الباري (352/1 و 420).. هەروەها شاریحەکانی تری بوخاری وەکو العینی لە البنایة (737/1) ، و عمدة القاري (141/3)..

121 التمهید (230/22) .

122 احكام القران (1/ 79) .

10 ـ ئیمام نەوەوی فەرموویەتی: بەڵگـە لەسـەر پیسێـتی خوێـن بەهێزە لە ریزی زانایاندا کەسم نەدیووە بە پێچـەوانەوە فـەتوای دابێت، هەموو پێیان پیس بووە مەگەر خاوەنی کتێبی الحاوی کە لە موتەکەللیمینەوە رای پێچەوانە نەقڵ دەکات کـە ووتویانـە گوایـە پاکـە، قسـەی ئـەوانیش نـە کـۆڕای پـێ دادەمەزرێـت نـەکۆڕا هەڵدەوەشێنێتەوە[123].

ئیمامی قورتوبی لە تەفسیرەکەیدا[124] کۆڕای زانایان لەسـەر ئـەوە نەقڵ دەکات کە خوێن پیسە..

<u>**پۆلی دووەم کە پێیان وایە خوێن پاکە**</u>: هەندێک لە توێژەرەوە گەورەکانی وەکو شەوکانی و سددیق خان و ئەلبانی و بن عوسێـمین[125] لەبـەر ئەوەی لای ئەمان کۆڕای زانایانی پێشینی لەسەر پێـک نـەهاتووە بەلایانەوە خوێن کەم بێت یان زۆر جاری بێت یان ووشک، هەر پیس نیە.. بۆ بەهێز کردنی رای خۆیان پشتیان بەم بەڵگانە بەستووە:

1ـ ئەسڵی هەموو شتێک پاکییە تا بەڵگەیەک لەسـەر پیسێـتیەکەی دەردەکەوێت، ئەوەی لە پێغەمبەری نازداریشـەوە صلى الله عليه وسلم گێڕراوەتەوە ئەوەیە کە فەرمانی بە شتنی غەیری شوێـنی خوێـنی حەیز نەفەرمووە، لە کاتێکدا ئەویش و ئەو یاوەرە بەڕێـزانەی لـە خزمەتیدابوون سەدان جار خوێنیان بە لەش وپۆشـاکی خۆیانـەوە دەبینی.. جا ئەگەر خوێنیان بە پیس بزانیایە حەتمـەن فـەرمودەی زۆریان دەربارەی نەقڵ دەکرد، چونکە هەم خۆیان پێویسـتیان پێـی دەبوو هەم ئەوانی پاش ئەوانیش کە بوونەوە بە قوتابی یاوەران..

---

123 شرح مسلم (200/3) و المجموع (576/2).

124 القرطبي : الجامع لاحكام القران (221/2) .

125 الروضة الندية (81/1) تمام المنة ( ل 52) ، الشرح الممتع (260/1).

2ـ یاوەران بە درێژایی مێژووی جیهادی خۆیان بە خوێنەوە نوێژیان کردووە ، هەیانبووە خوێنی لێ تکاوەو نوێژەکەی پێوە کردووە، لە کەسیشیانەوە ریوایەتێک نیە کە پێغەمبەری خـوا صلی الله علیه وسلم فەرمانی بە شتنەوەی برین و پۆشاکە خوێـناویەکانیان دابێـتەوە.. دیسان لە خۆشیانەوە شتێکی وا نەگێـڕراوەتەوە کـە زۆر لێـی بـە حەزەر بووبن و خۆیان لـێ پاراستبێـت.. ئەلحەسـەن دەفـەرموێ: موسوڵمانان هەر بە خوێنەوە نوێـژەکانیان دەکـردو هـیچ گـرێ و کۆڵێکیشیان بەرامبەری لا دروست نەدەبوو[126].

3ـ فەرموودەی ترمان هەیە کە ئەو یاوەرە بەڕێزەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە لە ئەنسار بوو دەیگێڕێتەوە کە لە شەونوێژدا بـوو، موشریکێک تیرێکی تێ گرت و لە پەراسووی هەڵچەقی، پاشان هـەر لە نوێژەکەیدا دەری هێنایەوە، دیسان موشـریکەکە تیرێـکی تـری پێوەناو ئەویشـی لـە جەسـتە رۆچـوو، ئەویشـی دەرهێـنایەوەو نوێژەکەی نەبڕی، بۆ سێیەمجار کابرای موشریک تیرێکی تری تـێ گرت و ئەویش لە جەسـتەی خواناسـی چـەقی و هـەر نوێـژەکەی نەبڕی! بەڵام نەیتوانی هەر بە پێوە بێت و چووە رکـوع و سـوژدەو هەر بەردەوام بوو لەسەر نوێژەکەی لە کاتێکدا کە خوێـنی لەشـی جاری بوو بوو! (ئیسـنادی سـەحیحەو لای بوخـاری موعەللەقـەو ئیمامی ئەحمەد بە سەنەدی راست و پەیوەستەوە گەیاندوێتیەوە بە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) ..

شێخی ئەلبانی رەحمەتی دەفەرموێ: ئەمە لە حوکمی مەرفوعدایـە، راستە ئەو ئیحتیمالە هەیە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نەیدیبێت،

---

126 سەنەدی سەحیحەو لای بوخاری موعەللەقە (336/1) وئیبنوئەبو شەیبە بە سەنەدی راست و پەیوەستەوە گەیاندوێتیەوە بڕوانە فتح الباري (337/1) ..

بەڵام خۆ ئەگەر یاوەران بیانزانیایە ئیشکالێک لەسەر ئەو خوێن لێ چۆڕینە لە نوێژدا هەیە حەتمەن پرسیاریان لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەربارەی دەکرد، خۆ ئەگەر ئەویش صلى الله عليه وسلم ئاگادار نەبوایا و یاوەرەکەش نەیپرسیایە خۆ لای خوای گەورە ئاشکراو زانراو بوو، حەتمەن خوای پەروەردگار بۆ پێغەمبەرەی خۆی صلى الله عليه وسلم روون دەکردەوە.. چونکە روون کردنەوەی حوکمی شەرعی وەکو لە زانستی ئوسوڵدا هەیە نابێت لە کاتی پێویست تێپەڕێت.. ئەگەر ئەو خوێنەی لەش کە ئاوا لە جەستەی ئەو یاوەرانە رۆیشتووە پیس بوایە حەتمەن خوای گەورە لە حاڵەتێکیاندا بە وەحی بۆ پێغەمبەرەکەی خۆی صلى الله عليه وسلم روون دەکردەوە.. ئەمەش بەڵگەنەویستێکەو لە کەس شاراوە نابێت[127]..

4ـ دیسان ئەو ریوایەتە بەناوبانگەی کە عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی رازی بێت کە لە کاتی نوێژدا شمشێری لێدرا، نوێژەکەی هەر تەواو کرد لە کاتێکدا کە خوێن لە برینی دەڕۆیشت[128].

5ـ فەرموودەکەی عائیشە خوا لێی رازی بێت کە دەربارەی مردنی سەعدی کوڕی مەعازە خوا لێی رازی بێت کە فەرمووی : (کە سەعدی کوڕی مەعاز لە شەڕەکەی خەندەقدا پێکرا، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم چادرێکی لە مزگەوت بۆ هەڵدا تا زوو زوو بچێتە سەردانی.. شەوێک کە ئەو لەو حاڵەتەدا بوو وێکی برینەکەی پچڕایەوەو خوێنی لە بن چادرەکەوە هاتە دەرێ، لە دەرەوە هاواریان کرد:

127 الالباني : تمام المنة (51).

128 ئیبنوسسەیدلە صحیح فقه السنةدا دەفەرموێ: سەنەدەکەی سەحیحە ئیمامی مالیک (82) و بەیهیقی (357/1) فەرمودەوانی دیکەش هەن کە گێڕاویانەتەوەو بە سەحیحیان ناساندووە..

ئەریَ چادرەوانان ئەو خوێنە چـیە، کـە سـەیریان کـرد زامەکـەی سەعدە تەقیەوەتەوەو خوێنی لیَ دەچۆڕێت، ئاواش کۆچـی دوایـی کرد[129].. هیچ ریوایەتێک لەبەر دەستدا نیە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمانی بە شتنەوەی جێی خوێنەکە کە مزگەوت بوو کردبێـت، یان لانی کەم نەیفەرموو دۆلکەیەک ئاوی پێدا کەن وەکو بـۆ میـزی کابرای ئەعرابی کە لە مزگەوتـدا کـردی فـەرمووی لێـی گەڕێـن و دۆلکەیەک ئاو بکەن بە شوێنی میزەکەیدا.. جا ئەگەر خوێـن پـیس بوایـە چـۆن پێـغەمبەر صلی الله علیه وسلم لـی دەگـەڕا لێـی گەڕێـن، نەخوازەلا لە مزگەوتیشدا..

6ـ هەندێک لە شەرعناسان وەکو ئیبنوروشد دوای ئەوەی راجوێیی زانایانی دەربارەی خوێن باس کـرد دەفـەرمویَ: فەرموویانـە کـە خوێنی ماسی پاکە چونکە ماسی بە مـردارەوە بـوویی پاکـە، خـۆ مرۆڤیش بە مردوویی پاکە ئیتر بۆچی خوێنەکەی بە پیس دادەنێن؟! دوای موناقەشەی راوبۆچوونەکان دەفەرمویَ: خوێنی حـەیز بۆیـە پیسە چونکە بەلگەمان لەسەری هەیـە، ئـەمما خوێـنی تـر مـادام بەلگەمان لەسەری نیە هەر دەبێت لەسەر ئەسلی خۆی کە پاکێـتیە بمێنێتەوە، هەر کەس بلیَ پیسە دەبیَ دەقێکمان بۆ بهێنێتەوە..

که دەلێن بۆچی خوێنی تر وەکو خوێنی حەیز بە پـیس دانانێـن ؟ دەلێین : ئاخر جیاوازی لە نێـوانیاندا هەیـە ، بۆیـە وا ناکـەین .. خوێنی حەیز خوێنێـکی سروشـتی جەسـتەی ئافرەتـەو دەکرێـتە دەرەوە خەست ترەو بۆگەنێکی ناخۆشی لیَ دێت، بۆیە حوکمی وەکو

129 ئیبنوسسەیدلە صحیح فقه السنةدا دەفەرمویَ: سەحیحە ئەبوداوود بە کورتی گێڕاوێتیەوە (3100) و تەبەرانیش لە (الکبیر 7/6) گێڕاوێتیەوەو بە سەحیحی داناوە .

حوکمی میزو پیسایی لێ هاتووە، ئەمە وەکو ئەو خوێنە نیە کە لـە ئەندامێکی بڕاوی لەشەوە دێتە دەرەوە.. ئـەوە نیـە پێـغەمبەریش صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (إنَّ هذا شئٌ كَتَبَهُ اللهُ علَــى بَنَــاتِ آدمَ )[130] واتە ئەمە شتێکە خوای گەورە لەسـەر کچـانی ئـادەمی نوسـیوە) دەربارەی خوێنی جـاری داوێـن کـە پێـی دەوترێـت (ئیسـتیحازە) دەفەرموێ : (إنَهُ دَمُ عِرقٍ) ئەمە خوێنێکی دەمارە.

7ـ بەڵگەی تریش هەیە کە هەموو ئەم بۆچوونە بەهێزتر دەکـەن وەکو ئەو فەرموودەی کە ئیبنوئەبوشەیبە گێڕاوێتیەوەو بەیهیقی لە (السنن 141/1) دا هێناوێتیەوە بـە سـەنەدی سـەحیحەوە کـە ئیبنـو عومەر خوا لێیان رازی بێت دومەڵێکی لە دەم و چاو هاتبوو، گوشی (دەری کرد) خوێنیشی لێ هات، هەر سڕی و نوێژیشی کرد بێ ئەوەی بیشوات یان دەسنوێژی بۆ بگرێتەوە..

8ـ یان ئەو فەرموودەی لە رێـی سـوفیانی سـەوری وسـوفیانی کوڕی عویەینەوە لە عەتائەوە هاتووەە کـە فـەرمووی: عبداللــەی کوڕی ئوبەیم بینی تفی دەکردەوە خوێنی پێوە بوو نــە دەسنوێــژی شتەوەو نە دەمی[131].

9ـ لە فەرموودەیەکی تردا کە بــە کـۆی ریوایەتــەکانی بەهێــزتر دەبێت ئیبنو ئەبو شەیبە (128/1) لە رێی شوعبەی کوڕی غەیلانەوە لە جامع لە مەیموونی کوڕی مەهرانەوە گێڕاوێتیەوە کە دەفەرموێ یەکێک کە خۆی ئەبو هورەیرەی بینیبوو ووتی: ئەبوهورەیرەم بینی پەنجەی بە کونە لوتیدا کرد، خوێنی لێ هات سـڕی و نەیشـتەوە، دەسنوێژیشی نەگرتەوە.

---

130 بوخاری (294) موسلیم (1211).
131 عبدالرزاق : المصنف (148/1).

10 ـ دیسان بەڵگەی تر هەیە کە ئیبنو مەسعوود خوا لێی ڕازی بێت نوێژی دەکردو خوێنی ئاژەڵی سەربڕراو بە عاستی بەر وورگیەوە بوو لە دەستنوێژیدا نەیشتبۆوە[132] ..

ئەوەش بزانین کە زانایان هەندێکیان ڕەدیان لەم ڕەفتارەی ئیبنو مەسعوود بەوە داوەتەوە کە ئیبنو مەسعوود پاکی جەستە و پۆشاکی بە مەرجی نوێژ وەرنەگرتبوو، ئەو خوا لێی ڕازی بێت دەیفەرموو پاکی جەستە و پۆشاک (لە پیسی) مەرجی سەلامەتی نوێژ نین.. هەر پێی وابوون شتێکی باشترە پاک بن..

11 ـ ئەو زانا بەڕێزانەی خوێنیان بە پاک داناوە ئەوەشیان هێناوەتەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم شەهیدانی ئوحودی بەو خوێنەوە ناشت کە بە لەش و پۆشاکیانەوە بوو، نەیشتن و ناشتنی. بە درێژایی مێژوی موسوڵمانانیش کوژراوی شەڕی ئیسلامی و کوفر کە شەهیدە بە خوێنی خۆیەوە کە بە لەش و پۆشاکیەوەیە دەنێژران پیسیش شتێکی زەق و دیارەو وەسفێک نیە مەعنەوی بێت وەکو لەش پیسی کە حوکمێکی شەرعیە لە شەرعیشدا جیاوازی ناخرێتە نێوان دوو شتی لێکچووەوە، ئیتر جیاوازی نێوان خوێنی شەهیدو خوێنی کەسێکی تر چیە؟!

12 ـ عائیشە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە هەندێک لە خێزانەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە مزگەوت بۆ ئیعتیکاف دەمانەوە لە کاتێکدا کە لە خوێنی جاری داوێن (ئیستیحازە) شدا بوون، کە هەڵدەستان خوێنیان لە پاش جێ دەما، هەیانبوو ناچار

---

132 ئیبنوسسەیدلە صحيح فقه السنةدا دەفەرموێ: سەحیحە و لە کێتبی موسەننیفی عبدالرزاق (25/1) و ئیبنوئەبو شەیبەدایە (392/1).

دەبوو تەشت دانێ و تێیدا دانیشێت[133].. بەلام هیچ ریوایەتێک نەهاتووە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی بە شتنەوەی جێگاکانیان دابێت.. ئەوەش بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە خوێنەکەیانی وەکو خوێنی حەیزەکەیان بە پیس نەزانیووە..

13ــ ئاشکرایە کە ئەو ئافرەتەی لە خوێنی جاری داوێن (ئیستیحازە) دایە رێ لە مێردی ناگیرێت بۆ کاری سەرجێیی (جیماع) لەگەڵ کردنی، جا ئەگەر حوکمی ئەو خوێنی ئیستیحازەیە وەکو خوێنی حەیزەکە پیس بوایە دەبوو رێ لە سەرجێیی لەگەڵ کردنی ئەو ئافرەتانە بگیرایە چونکە خوای گەورە دەربارەی خوێن و کات وشوێنی حەیز فەرموویەتی: (فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ) البقرة / 222 واتە لە ژنان لە کاتی حەیزدا دوورەپەرێز بن..

14 ـ ئەوەی ئەو زانا بەرێزانەی پێشوو فەرموویانە ئیجماعی لەسەرە ئەم زانایانەی لایەنی دیکە فەرموویانە ئێوە هەر خۆتان ئیختیلافی یاوەرانتان نەقڵ کردووە کە نوێژیان کردووەو خوێنیان لێ جاری بووە، یان پێوە بووە، ئیتر ئیجماع چۆن دامەزراوە؟! دیسان دەپرسنەوە: ئەگەر وایە بۆچی یەک دانە فەرموودەمان لەسەر پیسێتی خوێن و شتنەوەی ئاسەواری پێنەگەیشتووە؟! لە قبووڵ نەکردنی رای ئەو زانایانەدا کە پێیان وایە خوێن پیسە ئیمامی شەوکانی دەفەرموێ: (ئەو کەسەی کە ئەحکامانێکی بێ بەلگە دەکاتە حوکمی شەرع گوناهی کەمترنیە لەوەی کە بەلگەی حوکمێک رەت دەکاتەوە . ئەو دوو کەسە هەردوکیان قسەیان بە دەم خواوە کردووە!

---

133 بوخاری (309).

15 ـ ناکرێت ئەم خوێنە بە خوێـنی حـەیز قیـاس کـەین چـونکە خوێنی حەیز دەقی فەرموودەی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم لەسەرە کە پیسە[134].. ئیجماعێکی بنبڕ لەسەر پیسی خوێـنی حـەیز هەیـە. بەڵام بۆ خوێنی دیکە ئەو ئیجماعە نیە.

3ـ **خوێنی ئاژەڵ کە گۆشتی دەخورێت** : فەتوا لەسەر ئەمیش لـەو رووەوە کە بەڵگەیەک لەسەر پیسێتیەکەی نیە وەکو فەتوای خوێنی مـرۆڤ وایە ، ئەسڵی ئەمیش پاکێتیە ..

ئەوەی بەڵگەی پاکێتی ئەمیشە فەرموودەکەی ئیبنو مەسعوودە کە دەفەرموێ : پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لـە پـەنا کەعبـەدا نوێـژی دەکرد، ئەبوجەهل و هاوڕێکانی لـەو لاوە دانیشـتبوون، یەکێـکیان ووتی: ئەرێ ئەوە کەسێک نیە بچێت ئـەو ریخۆڵـەو پیسـایی ئـەو ئاژەڵەی ماڵی فلان سەریان بڕیووە بهێنێت و بیدا بەسەر محمـددا؟! نەگبەتێکیان چوو ریخۆڵەو پیسایی و خوێنی ئاژەڵە سەربڕاوەکەی هێناو لـەو سـاتەدا کـە پێـغەمبەری نـازدرا صلی الله علیه وسلم لـە سوجدەدا بوو هەمووی خستە سەر سەرو ناوشانی پـیرۆزی ! ئیتـر هەموویان کەوتنە پێکەنین[135]..

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەگـەر خوێـنی ئـاژەڵی گۆشـت خوراو پیس بوایە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم یان نوێژەکەی دەبڕی و تەواوی دەکرد ، یان عەباکەی سەر شان و ملی پـیرۆزی دادەکەنـدو دووری دەخستەوە بەڵام کە هیچیان نەکردووە مانای وایە بە لایەوە پیس نەبووە .

---

134 حەدیسەکەی ئەسما کە لە بوخاری (227) و موسلیم (291) دا هەیە.

135 بوخاری (240) و موسلیم (79/1).

**پوختەی توێژینەوەکە** : ئەوەی لە توێژینەوەی حوکمی شەرعی پاکو پیسی خوێن دەردەکەوێت ئەوەیە کە خوێن دەبێ بە دوو بەشەوە: خوێنی مرۆڤ و خوێنی ئاژەڵ:

یەکەم : خوێنی مرۆڤ : ئەمیش دوو جۆرە :

1ـ خوێنی حەیزو نیفاس .

2ـ خوێنی تری مرۆڤ ( جگە لە خوێنی حەیز ) .

دووەم : خوێنی ئاژەڵ : ئەمیش دەبێت بە چەند بەشێکەوە :

1ـ ئەو ئاژەڵانەی گۆشتیان دەخورێت .

2ـ ئەو ئاژەڵانەی گۆشتیان ناخورێت .

3ـ ئەو گیانلەبەرانەی خوێنی شلەیان تێدا نیە . ئەوانەی کە خوێنەکەیان سوور نیە .

4ـ خوێنی ووشکبۆوە .

هەر یەکێکیش لەم جۆرانە حوکمی شەرعی خۆیان هەیە ..

**یەکەم : خوێنی مرۆڤ :**

1ـ خوێنی حەیزو نیفاس: ئەوەن کە لە پێشی ئافرەتان دێت. ئەمەش کۆڕای زانایانیان لەسەر کە پیسە.. ئەمما خوێنی جاری داوێن (ئیستیحازە) ئەوە ئەو زانایانەی خستوویانەتە گەڵ خوێنی تری ئاسایی بە پاکیان زانیوەو ئەوانی تریش بە پیس چونکە حوکمی خوێنی حەیزو نیفاس و خوێنی جاری داوێن (ئیستیحازە) یان پێ وەک یەک وایەو بەلایانەوە پیسە.

2ـ خوێنی تری مرۆڤ: (غەیری خوێنی حەیزو نیفاس) :ئەمەش ئەوەیە کە زۆرینەی زانایانی پێشوو لەسەر پیسێتی راکۆن و هەندێک لە زانایان وشەرعناسانی دوایی و سەردەم پێیان وایە کە پاکە، بۆیە هەر خوێنێک لە برینی مرۆڤەوە بێت بەلایانەوە پاکە..

هەردوولاشیان ئەو خوێنەیان پێ پیسە کە لە پاش و پێشی مرۆڤ دێتە دەرەوە چونکە بەر پیسی کەوتووە..

**دووەم : خوێنی ئاژەڵ :**

1ـ **خوێنی ئەو ئاژەڵانەی گۆشتیان دەخورێت** : هەندێک لە زانایان و شەرعناسان فەرموویانە وەکو خوێنی مرۆڤەو پاکە چونکە هیچ بەڵگەیەکمان لەسەر پیسێتیەکەی نیە.. ئەمە جگە لەو خوێنەی کە لەکاتی سەربڕینی ئاژەڵدا فیچقە دەکات و دێتە دەرەوە، ئەمەیان هەموو لایەک لەسەری رێکەوتوون کە پیسە چونکە ئایەتی لەسەرە. بەڵام ئەو خوێنەی کە بە گۆشتەکەوە ماوە، یان دوای لێنانی لە دەماردا ماوە یان بە مەنجەڵەکەوەیە ئەمانە عەفوو لێدراون و پاکن. چونکە ئەمە بە پێی ریوایەتی عائیشە خوا لێی رازی بێت لە سەردەمی پێغەمبەریشدا صلى الله عليه وسلم هەر وابووەو ئیشکالێکیان تێدا نەبینیووە..

2 ـ **خوێنی ئەو ئاژەڵانەی گۆشتیان ناخورێت** : گۆشت و خوێنی هەموویان پیسە جگە لە خوێنی پشیلە، چونکە پێغەبەر صلى الله عليه وسلم دەرهەقی فەرموویەتی قەیدی نیە چونکە پشیلە پیس نیە، پشیلە لەوانەیە کە دەستەمۆن و بەردەوام دێنە لاتان ( إنَّهَا ليستْ بِنَجَسٍ، إنَّها مِن الطَّوَّافينَ عَلَيكُم والطَّوَّافات)[136].

3ـ **خوێنی ئەو گیانلەبەرانەی کە زانایانی پێشین فەرموویانە خوێنی شلیان تێدا نیە** : کە ئێستا دەوترێت ئەوی خوێنەکەی سوور نیەو زەردباوە، کە

---

136 ئیبنوسسەیدلە صحیح فقه السنةدا دەفەرمویێ : حەسەن ، سەحیحە. ترمزی (92 ) و خاوەن سونەنەکانی تر..

بە هـۆی نـەبوونی هیمۆگلۆبینەوەیـە لـە خوێـنیاندا، ئەمانـەش خوێنیان پاکە بۆ نموونە خوێنی مێش..

4ـ **خوێنی ئاژەڵی مردارەوە بوو** : ئەو ئاژەڵانەی کە بێ سەربڕینی شەرعی مردار بوونەتەوە.. ئەوی ئەم حوکمە نایگرێتەوە خوێـنی ماسـی و کوللەیـە چـونکە فـەرموودەی سـەحیحیان لەسـەرە وەکـو ئـەو فەرموودەیە کە ئەلبانی بە سەحیحی داناوە (أُحِلَّتْ لَنَا مَيْتَتَانِ وَدَمَانِ فَأَمَّا الْمَيْتَتَانِ فَالْحُوتُ وَالْجَرَاد وَأَمَّا الدَّمَانِ فَالْكَبِدُ وَالطِّحَالُ )[137]..

دوای ئەم توێژینەوە دەڵێم کورتە رای ئەو زانایانەم پێ پەسەندترە کە دەفەرموون خوێن پاکە (جگە لەوانەی کۆڕایـان لەسـەرە وەکـو خوێنی حەیز کە پیسە) چونکە بەڵگەکانیان بەهێزترە وەک لـەوەی تەنها لە زانایانی پێشینەوە نەقڵ کرێت کە کۆڕایان لەسـەر ئـەوە بێـت کـە خوێـن پیسـە.. هەرچـەندە زانایـانی موعتەبـەری ئـەم ئوممەتەشن بەڵام دیارە کە رایان لەسەر پیسی خوێـن جـەم نیـە و بەڵگەکانیشیان لە بەڵگەی زانایانی بەرامبەریان بەهێزتر نیە..

من نەمووویست موناقەشەی مەسەلەی ئیجماعەکە بکەم کـە ئایـا مەبەستی ئەو زانایانە ئەگەر ئیجماعی یاوەرانی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم ئەوە وا نیە، ئەگەر زانایانی تابعین و دوای ئەوانیشە ئەوە مەسەلەکە ئیحتیمالی دوو بۆچوونی هەڵدەگرێت.. دەشێت بوترێـت کێشەیەکی ئیختیلافیەو فەتوا لەسەر هەردوو بۆچوونەکە دەدرێت و با کەسیش بەرهەڵستی فەتوای لایەنەکەی تر نەکات..

........................

---

137 موسلیم (277/1 ژمارە 366) ، وئەبوداود لە عون المعبود (181/11 ژمارە 4105) ، و ئەلبانی لە (صحيح الجامع الصغير 51/1) ..

## توێژینەوەیەك لەسەر
## حوكمی رشانەوە

وەک بەردەوام وەبیر دەهێنینەوە کە ئەسڵ ئەوەیە کە هەموو شتێک پاکە ئەوی لە پاکێتی دەریدەهێنێت بەڵگەی راست و دروستی شەرعە، بەڵگەیەکی وا کە پێچەوانەی نەبێت، یان بەرامبەرێکی نەبێت ئەویان پەسەندتر بێت، یان وەکو ئەم وابێت.. ئەگەر بەڵگەی وامان دەسکەوت کە پشتی پێ ببەسترێت ئەوە حوکمەکە رۆشنە، ئەگەر نا ئەوە بۆمان نیە بە بێ بەڵگەیەکی بەهێز پاکێتی شتێک بکەین بە پیسی و حوکمی پیسێتی بدەین بەسەردا، ئەگەر شتێکمان بە پیس ناساند، یەعنی خوای گەورە لەسەر موسوڵمانانی فەرز کردووە خۆی لێ بەدوور بگرن و ئەگەر بەریشیان کەوت دەبێ خێرا بیشۆنەوە یان پیس بووەکە لابدەن و نوێژی پێوە نەکەن.. بۆ مەسەلەی پاک و پیسێتی رشانەوەش دەبێت بە دووی بەڵگەیەکدا بگەڕێین تا حوکمی پیسێتیەکەیمان بۆ روون کاتەوە، ئەگەر چنگمان نەکەوت، یان چنگمان کەوت بەڵام هێندە لاواز بوو کە نابێتە حوججە ئەوە مانای وایە رشانەوە پاکە.. چونکە ئەسڵی هەموو شتێک ئەوەیە کە پاکە.. بۆ نموونە ئەو فەرموودەی عەمماری کوڕی یاسر خوا لێیان رازی بێت کە دەفەرموێ: (إنَّمَا تَغْسِلُ ثَوبَكَ مِن البَولِ و الغَائِطِ والقَئ والدَّمِ و الْمَني) واتە: پۆشاکەکەت لە میزو پیسایی و رشانەوەو خوێن و مەنی دەشۆیتەوە، لەبەر لاوازێتی نابێتە بەڵگەیەکی شەرعی حوکمی ئەو پێنج ناوبراوە وا بدات کە پیسن.. چونکە فەرموودەی تری سەحیح هەیە کە لە ئەبوددەردائەوە خوا لێی رازی بێت گێڕراوەتەوە کە فەرمووی: (أنَّ النَّبيَّ صلى الله عليه وسلمَ قاءَ فَافْطَرَ

فَتَوَضَّأَ)[138] واتە: پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم کە رشایەوە، رۆژوەکەشی شکاندو دەسنوێژیشی گرتەوە.. ئەم فەرمووودە بەڵگەی ئەوە نیە کە رشانەوە پیسە، بەڵگەش نیە بۆ ئەوەی دە دبێت دەسنوێژی لێ بگیررێتەوە، بەڵگەی ئەوەش نیە کە بە رشانەوە دەستنوێژ دەشکێت بەڵکو دەسنوێژگرتنەوە لە دوای رشانەوە بە کارێکی باش دادەنێت. هەر ئەوەندە، چونکە کارێک کە پێغەمبەری نازدار صلی الله علیە وسلم کردوێتی، ئەو کارە پێویست ناکات ، ئەوەش رێسایە..

لە لایەکی تریشەوە ئەوە بزانین کە هەرچی دەسنوێژ بەتاڵ دەکاتەوە مەرج نیە پیسیش بێت، ئەمە ئیمامان ئیبنوحەزم و ئیبنو تەیمییە بە تەفسیل باسیان لێوە کردووە..

کەوابوو رشانەوە پیس نیە..

..............................

138 ئیبنوسسەید لە صحیح فقە السنةدا دەفەرموێ: سەحیحە، ئەبوداوود (2381) و ترمزی (87 ) و ئەحمەد ( 443/6 ) و فەرمودەوانی تریش.

**توێژینەوەیەك لەسەر:**

**فەرموودەی مێشەكە**

ئەم فەرمووده كه به فەرموودەی مێشەكه (حديث الذبابة) بەناوبانگه، هەر له كۆنەوه ووتوێژێكی له نێوان لایەنگران و بەرهەڵستكارانیدا دروست كردووه، ئەوی قەناعەتی پێی بووەو زانیوێتی ئەمه راستەو له پێغەمبەری راستگۆوه صلى الله عليه وسلم هاتووه، تەسلیمی بووەو به قەناعەتەوه وەری گرتووەو كاریشی پێ كردووه، ئەوی قەناعەتی پێی نەبووه وویستوێتی له سەنەد یان له دەقەكەی بدات تا بیخاته خانەی فەرموودەی زەعیفەوه، ئەوی بێ لایەن ماوەتەوه! خۆی لێ كڕ كردووەو ووتوێتی ئەمه جارێ هی ئەوه نیه پێش چاوی خەڵكی بخرێت بۆ ئەوەی له دینەكه رانەكەن!! ئەم سێ هەڵوێسته وای كرد منیش ئەم توێژینەوەیه بخەمەروو تا هەڵوێستەكان له حەقیقەت نزیک كەینەوه:

**یەكەم : سەنەد و دەقی فەرموودەكە:**

دكتۆر خەلیل ئیبراهیم سەلام خاتر به تەفسیل له سەنەدو دەقی فەرموودەكه كۆڵیوەتەوەو زۆری به دوودا چووه كه پێویست ناكات ئێمەش هەمان رەنج بدەینەوه، به تایبەتی كه ئەو خۆی پسپۆڕی پزیشكیەو شارەزاییەكی باشیشی له شەرعناسی هەیەو كتێبێكی داناوه به ناوی (الإصابة في حديث الذبابة) كه له دار القبلەی سعودیه له 1405 ك / 1985 ز دا چاپ بووه.. كه ئێمەش بایەخی زۆرتری پێ دەدەین و ئیعتیمادی دەكەینه سەر..

ئیمامی بوخاری له سەحیحەكەی خۆی و ئیبنوماجه له سونەنەكەیدا له ئەبوهورەیرەوه دەگێڕنەوه هەروەها البەززارو تەبریزی له مشكاة المصابيح و ئیبنوحەجەر له تلخيص الحبير دا

هێناویانەتەوە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی : (إذا وَقَعَ الذُّبابُ فِي شَرابِ أَحَدِكُمْ فَلْيَغْمِسْهُ ثُمَّ لِيَنْزِعْهُ، فَإِنَّ فِي أَحَدِ جَنَاحَيهِ داءً وفي الآخَرِ شِفاءً) واتە: ئەگەر مێش کەوتە خواردنەوەی یەکێکتانەوە با نقومی کات وپاشان فڕێیدا، چونکە لە باڵێکیدا نەخۆشی هەیەو لە باڵەکەی تریدا چارەسەر هەیە..

هەر بوخاری و لە سەحیحەکەیداو ئیبنوماجە لە سونەنەکەیداو ئیمامی ئەحمەد لە مەسنەدەکەیدا و هەر لە ئەبوهورەیرەوە بە شێوازێکی تر گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (إذا وَقَعَ الذبابُ فِي شَرابِ أَحَدِكم فَلْيَغْمِسْهُ كُلَّهُ ثُمَّ لِيَنْزِعْهُ، فإِنَّ فِي أَحَدِ جَناحيه داءً وفي الآخَرِ شفاءً) واتە: ئەگەر مێش کەوتە خواردنەوەی یەکێکتانەوە با هەمووی لە ناویدا نقوم کات و پاشان فڕێیدا، چونکە لە یەکێک لە باڵەکانیدا نەخۆشی هەیەو لە باڵەکەی تریدا چارەسەر هەیە.

ریوایەتێکی تری بوخاری دەفەرموێ: (إذا وقعَ الذبابُ فِي إناءِ أحدِكم فَامْقِلُوهُ، فإنَّ فِي أحَدِ جَناحيهِ داءً وفي الآخَرِ شفاءً) واتە: ئەگەر مێش کەوتە دەفر (قاپ) ی یەکێکتانەوە با لە دەفرەکەیدا نقومی کات، چونکە لە یەکێک لە باڵەکانیدا نەخۆشی هەیەو لە باڵەکەی تریدا چارەسەر هەیە.

دیسان ریوایەتی تری بوخاری هەیە کە لە قوتەیبە، ئەویش لە ئیسماعیلی کوڕی جەعفەرو ئەویش لە عوتبەی کوڕی موسلیم مەولای بەنی تەیم ئەویش لە عوبەیدی کوڕی حونەین مەولای بەنی زریق لە ئەبوهورەیرەوە ئەویش لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم گێڕایەوە کە فەرمووی: (إذا وقع الذباب في إناء أحدكم فليغمسه كله ثم

يَطْرَحْهُ، فإن في أحد جناحيه شفاء وفي الآخر داء) واتە: با نقومی کات پاشان فرێیدا..

نەسائی و ئیبنوماجە لە سونەنیدا لە ئەبوسەعیدی خودریەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (أَحَدُ جَنَاحَيْ الذباب سُمٌّ والآخَرُ شِفاءٌ، فَإذا وَقَعَ في الطَّعامِ، فامقلوهُ، فإنَّهُ يُقَدِّمُ السُّمَّ ويُؤَخِّرُ الشِّفَاءَ) واتە: یەکێک لە باڵەکانی مێش ژەهرەو ئەوی تریان چارەسەرە، جا ئەگەر کەوتە خۆراکی یەکێکتانەوە با تێیدا نقومی کات، چونکە مێشەکە ژەهرەکە پێش چارەسەرەکەی دەخات..

ئەحمەدی ئەبوبەکری بوسەیری لە (مصباح الزجاجة في زوائد ابن ماجة) بە توێژینەوەی موسا محمد عەلی و عزەت عەلی عەتییە فەرموودەیەکی تری کورتی لە نەسائیەوە لە سونەنەکەیدا نەقڵ کردووە کە لە عەمری کوڕی عەلی ئەوش لە یەحیای کوڕی سەعید القطان و ئەویش لە ابن و أبي ذئب گێڕاوێتیەوە دەفەرموێ: (إذا وَقَعَ الذُّبَابُ في إنَاءِ أحَدِكُمْ فَلْيَمْقُلْهُ) واتە: ئەگەر مێش کەوتە دەفری یەکێکتانەوە با تێیدا نقومی کات..

ئیمامی ئەحمەدیش لە مەسنەدەکەیدا لە وەکیعی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی فەزڵەوە ئەویش لە سەعیدی کوڕی ئەبوسەعیدو ئەویش لە ئەبوهورەیرەوە فەرموودەکە بەم ریوایەتە دەگێڕێتەوە: (إذا وَقَعَ الذُّبَابُ في طَعَامِ أَحَدِكُمْ أو شَرَابِهِ فَلْيَغْمِسْهُ (با نقومی کات) ثمَّ يُخرجْهُ، فإنَّ في أحدِ جناحيهِ داءٌ وفي الآخَرِ شفاءٌ، وإنَّهُ يقدِّم الداءَ)..

ئیمامی دارمی لە سونەنەکەیدا لە سولەیمانی کوڕی حەرب و ئەو لە حەممادی کوڕی سەلەمەو ئەویش لە ئومامەی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەنەسەوە لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم دەگێڕنەوە کە

فەرمووی: (إنَّ الذبابَ في أحَدِ جَناحيهِ داءٌ وفي الآخر شفاءٌ، فإذا وقع في إناء أحدكم فَلْيَغْمِسْهُ، فإنه يَتَّقِي بالذي فيه الداءُ، ثم يُخرجُهُ) واتە: لە یەکێک لە باڵەکانی مێشدا نەخۆشی هەیەو لەوی تریاندا چارەسەر، جا ئەگەر کەوتە دەفری یەکێکتانەوە با یەکجاری تێیدا نقومی کات، بەمەش خۆی بە باڵە شیفادارەکەی لە باڵە نەخۆشیدارەکەی دەپارێزێت..

بە هەر حاڵ دکتۆر خەلیل لە دوو رێگای سەنەدەکانی لای بوخاری پێنج رێگای لای ئەبو داوودو ئیبنوماجەو لە دە رێگای لای ئیمامی ئەحمەدو دوو رێگای لای دارمی و سێ رێگای لای بەیهیقی و هەر یەک لە یەک رێگای ئیبنوخوزەیمەو ئیبنوحیببان و ئیبنولجاروود و شەش رێگاکەی لای تەحاوی و سێ رێگای لای بەغەوی و یەک رێگای ئیبنوالسسەکەن و ئیبنوعەبدولبەرو هی تریش کۆڵیوەتەوەو زۆر بە ووردی بە دوای هەموویاندا چووە تا سەرجەم گەیشتوونەتە 34 رێگای گێرانەوەی تایبەت و 42 رێگای گشتی (کە لە گەڵ برگە باسی تردا هاتووە)! تا گەیشتۆتە ئەوەی کە سەنەدی ئەم فەرموودە نەک هەر هیچ جۆرە گومانێکی تێدا نیە بەڵکو لە بەرزترین رێگای گێرانەوەی فەرموودەیە، چونکە لە زیاتر لە پەنجا رێگاوە ریوایەت کراوە! کێ لێی بە گومانە ئەوە ئەرزو ئەوە گەز بۆمان بسەلمێنێت.

وەرن دوای توێژینەوەی زانستی بزانین دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم فەرموودە پیرۆزە چەندین لایەنی زانستی سەردەمی وەکو فیزیاو پزیشکی و دەرمانسازی و میکرۆبایۆلۆجی لە خۆ گرتووە جگە لە ئامۆژگاریە دینیەکەی و رەوانبێژیە زمانەوانیەکەی..

دووەم : **بالّی مێش و جۆری میکرۆبەکانی :**

1ـ نۆ جۆر بەکتریا لە بالّی مێشدا دەژی هەندێکیان بە سالب و هەندێک بە موجب دەناسرێن، هەرە بەهێزەکەیان پێی دەوترێت (کایرکولانس B.Circulans) کە لە جۆری موجبەکانە کە لە هەموان زیاتر تەحەمولی گەرمای بەرزو زۆری سەرماو تیشک و کارو کارتێکردنی کیمیایی هەیە، کە بڕی 5 ملگم/ملل ی ئەم جۆرە بەکتریایە بەسە بۆ کوشتنی هەموو جۆرەکانی تری بەکتریای بن هەردووبالّی مێشەکە وەکو جۆری (B.subtilis و S.aureus) کە دەبنە هۆی نەخۆشی چاو ئاوسان ودومەلّ و ئاوسانی میزەلّدان و کلێنچکەو دەرچەی کۆم و دەزگای میز، هەروەها پیس کردنی خۆراک.. بەلاّم سەرسوڕمان لەوەدایە کە جۆری بەکتریا کوشندەکە (کە ئێمە بە بەکتریا دلّسۆزەکە ناوی دەبەین) هەر ئەو بەکتریایانە ناکوژێت کە بالّی بەکتریاویە خراپەکە لەخۆی گرتوون بەلّکو ئەوانەش کە بە قاچ و قول و شوێنی تری مێشەکەوەن، بۆیە لە نقوم کردنی مێشەکەدا ئەوانی تریش دەفەوتێنێت..

2ـ لە رووی زانستی بەکتریۆلۆژیەوە سەلمێنراوە کە تەنانەت بەکتریا دلّسۆزەکە لە ناو زگ و ریخۆلّەشدا بێت رۆلّەکەی خۆی دژی ئەو بەکتریا زیانبەخشانە دەبینێت!! واتە ئەگەر بخۆرەکە کەوچکە چێشت یان قوومی لەو شوێنەوە لە خواردنەوەکەیدا کە مێشەکەی تێ کەوتبوو گەر هێشتا کاتی تەفاعول کردنی بەکتریا دلّسۆزەکە دژی بەکتریا زیانبەخشەکان مابێت، لە ناو ریخۆلّەکانیشدا بێت جەنگی پیرۆزی خۆی هەر ئەنجام دەدات!!

3ـ شێوازی کارکردنی بەکتریا دلّسۆزەکە ئەوەیە کە هەر بەوەندەی شلەمەنیەکەی دەگاتێ گەرم بێت یان سارد هەلّی دەمژێ و بە پێی

فشارو تینێکی زانستی کە پێی دەڵێن (فشاری ئیسمۆزیی) دەیکاتە مایەی تەقاندنەوەی خۆی کە وەکو نارنجۆک خێرا دەتەقێتەوەو بۆ مەسافەی دوو میللیمەتر کاریگەریی چارەسەرەکەی خۆی دەهاوێت! بەمەش هیچ بەکتریایەکی خراپی بن باڵی مێشەکە کە زیانبەخشن قوتار نابن!!

4ـ لەبەر ئەوەی بەکتریا دڵسۆزەکە لە پلەی زۆر بەرزی گەرمیشدا دەژی لە شلەیەکی زۆر گەرمدا بێت لەبەر روناکی یان لە شوێنێکی زۆر ساردا بێت لەبەر تاریکی کاری خۆی هەر دەکات.. لە هەموو بارودۆخێکی ئاوادا دەتوانێت بڕی 5 ملگم/ ملل بەرهەم بهێنێت کە دەتوانێت 1000 لیتر شیر یان شلەمەنیەکی تر تەعقیم کات!!

5ـ ئەم میکرۆبە دڵسۆزە دەڵێی دینداری موجاهیدە، لەگەڵ پەیدابوونی سەرەتای هێرشی بەکتریا خراپەکان و ئیعازدان بەم، هێرشێکی بەرفراوانی کەوانەیی بۆ گەمارۆدان و لەناوبردنی بەکتریا خراپەکان دەکات و تا نەشیان فەوتێنێت کۆڵ نادات!! سبحان الله..

6ـ تەقینەوەی بەکتریا دڵسۆزەکە توانایەکی کاریگەری تری بۆ دروست دەبێت کە هەرچی میکرۆبی تر هەبێت لەوانەی خەڵک تووشی نەخۆشی تر دەکەن دەکوژێت وەکو میکرۆبەکانی گەندە پشکۆ (الجمرة الخبيثة) وتیفۆئید(گرانەتا) و پاراتیفۆئیدو دیزانتری (میزی خوێناوی) و تەراخومای چاوو نەخۆشی تری کۆئەندامی هەناسەو هەرس.

7 ـ لە دنیادا بڕی 64,000 جۆر مێش هەیە، ئەوەی کە لای ئێمە ناسراوە مێشی ئاسایی و مۆزو کرۆمۆزە کە لە لادێکاندا ناسراوە چونکە هەندێک شوێن پێی دەڵێن مێشی گەورو ئاخوڕ. بەڵام سەیر

ئەوەیە کە ئەم هەموو جۆرە مێشە هەر جۆرە بەکتریایەک لە هەر شوێنێک لەباڵی چەپی خۆیاندا هەڵگرن چارەسەری دژی ئەو بەکتریانە لە باڵەکەی ترەوە هەڵگیراوە بەرهەم دەهێنێت!!

**سێیەم : هەندێ خاڵی تر بۆ سەرنجدان :**

1ـ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پیتی فائی بۆ نقووم کردنی مێشەکە بەکار هێناوە کە بۆ خێرایی و پەلە کردن و یەکسەرییە کەچی بۆ دەرهێنانەوەی مێشەکە (ثُمَّ) ی بەکار هێناوە کە بۆ سستی و پەلە نەکردن و دوایی ئەنجامدانە!! چونکە ئەگەر مێشەکە بە باڵی بەکتریا زیانبەخشەکەیدا کەوتبێتە ناو خۆراکەکەوە بە خێرا نقووم کردنەکەی چارەسەرێکی خێراش دروست دەبێت، چونکە ووتمان هەڵمژینی بەکتریا دڵسۆزەکە بە پێی تینی ئیسمۆزیی دەبێتە مایەی تەقینەوەیەکی زۆر بەرفراوان کە وەک خولگەی تەقینەوەی ئەتۆم بازنە دەکێشێت و بۆ ماوەی دوو میللیمەتر کاریگەر دەبێت!!

2ـ ئەو قسەیەی دکتۆر یوسف القەرەزاوی زۆر راستە کە لە کتێبی (السنن النبوية مصدرا للمعرفة و الحضارة) ەکەی خۆیدا دەفەرموێ: نابێت فەرموودەی نقووم کردنی مێشەکە بە بەرپەرچدانەوەو گومان لێکردنەوە وەرگرین تەنها لەبەر ئەوەی زۆر ناچێت بە ژێریماندا!! چونکە جگە لەوەی کە پابەندین بە وەرگرتنیەوە لەبەر ئەوەی کە فەرموودەی پێغەمبەرەکەمانە صلى الله عليه وسلم لە توێژینەوەی زانستیشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە رەفتارێکی رەواو حەقیقەتێکی زانستیە..

3ـ فەرموودەکە رێ لە تەندروستی باش ناگرێت، رێ لە بەکارهێنانی خۆپاراستن و چارەسەری نەخۆشی ناگرێت، نافەرموێ بیگرن و بیخەنە ناو خواردنەوە یان چێشتتانەوە!! نافەرموێ پوورە

مێش وەکو پـوورەی هـەنگ راگـرن! بـەڵکو دەفـەرموێ: (باڵێـکی نەخۆشی تێدایەو باڵەکەی تریشی چارەسەر) رێ لە لێـکۆڵینەوەی پزیشـکان ناگرێـت، ئەمـەش قـابیلی موناقەشـەو لێـکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی پزیشکیە، چ ئیشکالێـکیش لـە توێـژینەوەدا هەیە بە تایبەتی کە زانستی تەجریبی (ئەزموون و تاقی کردنـەوە) یەکێک بووە لە سیمای شارستانێتی ئیسلامی! پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم دەیەوێت ئەم جۆرە حەقیقەتانە بدۆزرێنەوەو بۆ سـوودی مرۆڤایەتی سوودی لێ وەرگیرێت، ئەمەیە کە ئەو پێش هەزارو چوار سەد ساڵ فەرموویەتی، دیارە هەر لە خۆیەوە نەدواوە بۆیە قورئان دەرهەقی دەفەرموێ: (وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى . إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى) النجم / 3-4 واتە خۆ لە هەواو هەوەسی خۆیەوە نادوێت، ئەمە وەحیەو بۆی هاتووە.. ئەمە هاندانـە بـۆ بـە دواداچـوون وسـۆراخ کـردن، بـۆ دۆزینـەوەی هۆکـاری نەخۆشـی وریـی چارەسـەری، تـا زووتـرو ئاسانترو بگەنە دەرمانی نەخۆشان!

.........................

## ئەو بڕە پیسییەی چاوپۆشی لێکراوە

زانایان زۆر لەم باسەدا راجویَ بوون[139] لە جۆرو بڕی پیسییەک کە دەبیَ عەفووی لێبدرێت، من پێم وایە مادام بەڵگەیەکمان لەسەر جۆرو بڕی نیە، دەمێنێتەوە سەر زەرووڕەتی لابردنی و ئەو رەنجەی بۆ لابردنی دەدرێت، ئەگەر پیسیەکە لەو جۆرە بێت کە خەڵکێک پێوەی موبتەلا دەبن، یان بڕەکەی ئەوەندە زۆرە، یان هەوڵی لابردن و پاک کردنەوەی شوێنەکەی دراوە بەڵام ئاسەواری ماوە، ئەگەر هەموو ئەمانە ئیعتیبار کراو لە کاتی لادانی پیسیەکەو ئاسەواریدا رەچاو کرا، مانای وایە تەکلیفە شەرعیەکە جێبەجیَ کراوەو نایەوێت خەڵکانێک بخەینە سەر وەسوەسە..

* * *

139 بڕوانە : وهبة الزحيلي : الفقه الاسلامي وأدلته (169 - 177) .

# بابی سێیەم

# ئەحکامی تارات

# باسی سێیەم
# تارات گرتن

ـ تارات گرتن بە چی دەبێت ؟ .

ـ با لێ بوونەوەو تارات نەگرتنەوەی .

ـ ئادابی چوونەسەر ئاو .

ـ لە ئادابی تارات گرتن .

ـ میزەچڕکێ .

ـ میزکردن بە پێوە .

ـ دەسنوێژ لە تەوالێتدا .

## باسی سێیەم

## تارات گرتن ( الاستنجاء )

**ماناو حوکمی تارات گرتن**: ئەمەی لە زمانی کوردیدا پێی دەوترێت تارات هەر (الطهارة) ی زمانی عەرەبیەو بۆتە زاراوەیەک بە مانای خۆپاکردنەوەی دوای دەست بەئاو گەیاندن (میز یان پیسایی کردن). بەڵام ئەسڵە عەرەبیەکەی پێی دەوترێت (الاستنجاء):

**الاستنجاء :** لەسەر کێشی استفعالی کرداری رابوردووی (نَجَوتُ) ە.

- لە رووی زمانەوانیەوە بە مانای بڕیمەوە دێت، وەک دەوترێت: (نجوتُ الشجرةَ) واتە درەختەکەم بڕییەوە.

- لە رووی زاراوەییەوە: بریتیە لە لابردنی هەرچی شتێک لە کونی پاش و پێشەوەی مرۆڤ هاتبێت، جا بە ئاو رادرێت یان بە بەرد و دەسڕی کاغەز (دەسماڵ کاغەزی: کلینێکس) یا هاوشێوەیان لابرێت.. لە عەرەبیدا زاراوەی (الاستجمار) یشی بۆ بەکار دەهێنن کە بە مانای بەکارهێنانی بەردووچکەیە، چونکە (الجِمَار) بەردی بچکۆلەیە. هەروەها زاراوەی (الاستطابة) کە بە مانای بۆن خۆش کردنە ، وەکو ئەوەی کابرا بە لابردنی شتێک لە خۆی کە مایەی بۆنی ناخۆشە ، خۆی بۆن خۆش کردووە. (ابن قدامة : المغني205/1).

**حوکمی تاراتگرتن**: مەزهەبەکان جگە لە حەنەفی تارات گرتن بە فەرز دەبینن لەسەر هەر کەسێک کە میزو پیسایی و مەزی و ئەوی لە حوکمیاندایە لێ هاتبێتە دەرەوە، چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەرهەقی دەفەرموێ: (إِذَا ذَهَبَ أَحَدُكُمْ إِلَى الْغَائِطِ فَلْيَسْتَطِبْ

بِثَلَاثَةِ أَحْجَارٍ فَإِنَّهَا تَجْزِي عَنْهُ) حسن [140] واتە ئەگەر کەسێکتان چوو سەر ئاو، با بە سێ بەرد تارات بگرێت، چونکە سێ بەرد بەسە.. ئەمە فەرمانەو فەرمانیش بۆ واجب بوونە، کەوابوو تارات گرتن فەرزە، کە دەفەرموێ سێ بەردەکە بەسە فەرزێتیەکەی زیاتر پێ دەچەسپێت لە فەرمووودەیەکی تردا دەفەرموێ: (لا يَسْتَنْجِي أَحَدُكُمْ بِدُونِ ثَلاثَةِ أَحْجَارٍ) مسلم[141] واتە: کەستان بە سێ بەرد کەمتر تارات نەگرێت..

ئیمامی ئەبو حەنیفە پێی وایە تارات گرتن سوننەتی موئەککەدەیە نەک فەرز، ئەو لە بۆچوونەکەی خۆیدا ئیعتیمادی کردۆتە سەر فەرموودەیەک، کە زەعیفە، ئەویش ئەمەیە: (مَنْ اسْتَجْمَرَ فَلْيُوتِرْ، مَنْ فَعَلَ فَقَدْ أحْسَنَ، وَمَنْ لا فَلا حَرَجَ )[142] واتە: ئەوی تاراتی گرت با وتر بێت (سێ بەرد) ئەگەر وای کرد ئەوە چاکی کردووە، ئەگەر نا ئەوە قەیدی نیە.

### تارات گرتن بە چی دەبێت ؟

تارات گرتن بە یەکێک لەمانەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم: بەرد و دارو هاوشێوەی کە شتی رەق و ووشکبۆوەیە جگە لە ئێسك و تەرس و تەپاڵەو ئەوی وەك ئەوانە**: هەروەها بە گەڵاو کاغەزو شتی وا چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: ( إذَا ذَهَبَ أَحَدُكُمْ إلَى الْغَائِطِ

---

140 ئیبنوسسەیدلە صحيح فقه السنةدا دەفەرموێ: حسن لشواهده، أخرجه ابوداود (40) والنسائي (18/1) وأحمد (6/108 - 133) سەنەدەکەی زەعیفە بەڵام شێخی ئەلبانی دەفەرموێ بە یەکتری بەهێز دەبن و دەبنە حسن (الارواء ( 44).
141 مسلم (262) والنسائي (16/1) والترمذي (16).
142 جگە لە زانایانی فەرموودەوانی کۆن، شێخی ئەلبانیش رەحمەتی خوای لێ بێت لە ضعيف الجامع الصغير ژمارە (5468) بە زەعیفی داناوە..

فَلْيَسْتَطِبْ بِثَلَاثَةِ أَحْجَارٍ فَإِنَّهَا تَجْزِي عَنْهُ) حسن [143] واتە: ئەگەر کەسێکتان چوو سەر ئاو، با بە سێ بەرد تارات بگرێت، چونکە سێ بەرد بەسە.

راستتر وایە کە تارات گرتن بە سێ بەردوچکە کەمتر نابێت.. بەڵگەی ئەوەش:

1- فەرموودەکەی لای سەلمانە خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: (نَهَانَا أنْ نَسْتَقْبِلَ القِبْلَةَ لِغَائِطٍ أو بَولٍ، أو نَسْتَنْجِيَ بِالْيَمِينِ، أو نَسْتَنْجِيَ بِأقَلَّ مِن ثَلاثَةِ أحْجَارٍ، أو أنْ نَسْتَنْجِيَ بِرَجِيعٍ أو عَظْمٍ) [144] واتە: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بەرهەڵستی ئەوەی لێکردووین کە لە دەست بە ئاو گەیاندندا (پیسایی کردن بێت یان هەر میزکردن) روو لە قیبلە بکەین یان بە دەستی راست تارات بگرین، یان بە کەمتر لە سێ بەردووچکە خۆمان پاک کەینەوە یان تەرس و تەپاڵە یان بە ئێسقان خۆمان پاک کەینەوە.

2 - فەرموودەکەی لای جابر خوا لێی رازی بێت کە فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (إذا إسْتَجْمَرَ أحَدُكُمْ فَلْيَسْتَجْمِرْ ثَلَاثاً) واتە: ئەگەر کەسێکتان تاراتی گرت با بە سێ بەردووچکە بیگرێت.

3 - فەرموودەکەی خەللالی کوڕی سائیب کە لە باوکیەوە (بە مەرفووعی) گێڕاوێتیەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (إذا

---

143 لە پەڕاوێزی ژمارە (73) دا ووترا: حسن لشواهده، أخرجه ابو داود (40) والنسائي (18/1) وأحمد (108/6 - 133) سەنەدەکەی زەعیفە بەڵام شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە ارواء الغليلدا دەفەرموێ بە یەکتری بەهێز دەبن و دەگەنە پلەی حسن ( الارواء (44).

144 موسلیم (262) و نەسائی (16/1) وترمزی (16).

دَخَلَ أحَدُكُمْ الْخَلَاءَ فَلْيَتَمَسَّحْ بِثَلَاثَةِ أحْجَارٍ)[145] واتە: ئەگەر یەکێکیتان چووە سەر ئاو با بە سێ بەردووچکە خۆی پاک کاتەوە..

بێ گومان ئەمە مانای وا نیە لانی زۆری دەبێت سێ بەردووچکە بێت، چونکە ئەگەر بە سێ بەردووچکە پاک نەبۆوە دەبێت زیاتر لە سێ بەکار بهێنێت..

فەرموودەکانی سەرەوە ئاماژەی ئەوەیان تێدا بوو کە تارات گرتن بە ئێسقان و تەرس و تەپاڵەو شتی وا نابێت.. فەرموودەی تریش لەو بارەوە هەیە، وەکو فەرموودەکەی لای ئیبنو مەسعوود خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (لا تَسْتَنْجَوا بالرَّوْثِ ولا بِالْعِظَامِ، فانَّهُ زادُ إخْوانِكُمْ مِنْ الْجِنِّ)[146] واتە: تارات بە تەرس و تەپاڵە یان بە ئێسقان، مەگرن چونکە ئەوانە خۆراکی برا جنۆکەکانتانن.

لە ئیبنو مەسعودیشەوە گێڕراوەتەوە کە دەفەرموێ: (أتَى النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم الغائِطَ، فَأَمَرَني أنْ آتِيهِ بِثَلَاثَةِ أحْجَارٍ، فَوَجَدْتُ حَجَرَينِ والْتَمَسْتُ الثَّالِثَ فَلَمْ أجِدْهُ ، فَأَخَذْتُ رَوْثَةً فَأَتَيتُهُ بِهَا، فَأَخَذَ الحْجَرَينِ وألْقَى الرَّوْثَةَ، وَقَالَ : هذا رِكْسٌ)[147] واتە: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وویستی دەست بە ئاو بگەیێنێت، فەرمووی سێ بەردوچکەم بۆ بێنە، منیش

---

145 ئیمامی ئەحمەد وئیبنوئەبی شەیبە وئیبنوخوزەیمە گێڕاویێتیانەوەو شێخ حوەینی لە کتێبی (بذل الاحسان 351/1) دا فەرموویەتی سەنەدەکەی سەحیحە.
146 ئیمامی موسلیم (682)، ئیمامی ترمزی (18) ، ئیمامی ئەحمەد (436/1).
147 بوخاری (156) ، ترمزی (17) ، نەسائی (42) ، ئیبنو خوزەیمە ، زیادەی باسی گوێژدرێژەکە لای ئەمە ئەلبانیش لە سەحیحی ئیبنوماجە (253) و سەحیحی ئیبنو خوزەیمە (39/1 و70/1) بە سەحیحی ناساندووە..

دوو بەردوچکەو تەرسێکی گوێدرێژم بۆ هێنا، دوو بەردەکەی وەرگرت و تەرسەکەی فرێدا فەرمووی: ئەویان پیسە.

**دووەم : تارات گرتن بە ئاو:** لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەوەندەی دەستی بکەوتایە ئاوی بەکار دەهێنا، ئەنەس خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَدْخُلُ الْخَلَاءَ فَأَحْمِلُ أَنَا وَغُلَامٌ نَحْوِي إِدَاوَةً وَعَنَزَةً فَيَسْتَنْجِي بِالْمَاءِ)[148] واتە: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەچووە دەست بە ئاو گەیاندن من و مێردمنداڵێکی تر جەوەندەی ئاوەکەمان بۆ هەڵدەگرت کە تاراتی پێ دەگرت[149].

بێ گومان تارات گرتن بە ئاو باشترە وەک لە بەرد، چونکە وەکو ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت گێڕاوێتیەوە[150]: خوای گەورە مەتحی ئەو کەسانەی فەرمووە کە پاکژ بوون و هەمیشە تاراتیان بە ئاو دەگرت، ئەوەش هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە بووە: (فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُواْ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُطَّهِّرِينَ) التوبة / 108 واتە: ئەو مزگەوتانەی کە پیاوانێکی تێدایە کە حەز دەکەن پاک بن، خواش پاکژانی خۆش دەوێت . ئەوەش رای سوفیانی سەوری و عبداللەی کوڕی موبارەک و ئیمامی شافیعی و ئیمامی ئەحمەدو ئیسحاقە[151] ..

---

148 بوخاری (151) و موسلیم (270 ، 271) فەرموودەوانانی تریش.

149 دواة: مەسینەی چەرمی، عَنَزَة : دارێکەزۆر جار نوکی رم یان سێلکیان پێوە کردووە، ئیمامی بوخاری دەفەرموێ: دەستەواژەی (فیستنجی بالماء) قەولی ئەنەس نیە، قەولی ئەبوالوەلید کە یەکێکە لە پیاوانی سەنەدی فەرموودەکە..

150 ئیبنوسسەیدلە صحيح فقه السنةدا دەفەرموێ : ئەبوداوود (44) و ترمزی (3100)وئیبنوماجە (357) بەسەنەدێکی زەعیف بەڵام شێخی ئەلبانی دەفەرموێ: سەنەدەکانی تر فەرموودەکە دەگەێننە پلەی حەسەن (الالباني : ارواء الغليل 45).

151 ترمذي (31/1).

**تارات لە با لێبوونەوە ناگیرێت**

هەر کەسێک بای لێبۆوە، یان لەخەو هەستاو پێویستی بەچوونە سەر ئاو نەبوو، دەتوانێت دەسنوێژ بشوات بێ ئەوەی تارات بگرێت، ئیبنوقودامە دەفەرموێ: وانازانم راجوێیی لەم مەسەلەدا هەبێت، بۆیە ئیمامی ئەحمەد دەیفەرموو: نە لە قورئاندا نە لە سوونەتدا بەلگەیەک لەسەر ئەوە نیە کە تارات لەسەر با لێبوونەوە هەبێت. زەیدی کوڕی ئەسلەم رەحمەتی خوای لێ بێت دەیفەرموو: خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ﴾ المائدة/ 6 واتە: کە هەستان بۆ نوێژ، بڕۆن دەسنوێژ بشۆن.. مەبەستی ئەو کاتەیە کە لە خەو هەڵدەستن ..

**تاراتیش مەرج نیە بۆ دەسنوێژ**

زۆر کەس وا دەزانن تارات و دەسنوێژ لازم و مەلزومی یەکن، بەڵام ئەمە وا نیە، هەر یەکەیان لەوی تریان جودایە، ئەسڵی تارات گرتنەکەش بۆ لادانی پیسساییە، لەم حاڵەتەدا پیسایی نیە تا لاببرێت[152] هیچ ریوایەتێک لە پێغەمبەری پێشەواوە صلى الله عليه وسلم نەهاتووە کە بۆ هەموو دەسنوێژێکی چووبێتە سەرئاو، کەوابوو کە لە سوونەتدا نەبێت، ئەوە لە ئایەتیشدا فەرز نەکراوە.

.......................

152 ابن قدامە : (المغنى 206/1).

### مەسەلەی میزەچڕکێ (سلس البول)

میزەچڕکێ: بریتیە لە هاتنە خوارەوەی دڵۆپە میز بێ ئاگایی یان بێ وویستی خاوەنەکەی.. هەر کەس دووچاری میزە چڕکێ بووبێت، دەبێت بۆ هەموو نوێژێک دەسنوێژی تایبەت بەو نوێژە بگرێت، ئەو کاتەی کە دەزانێت نوێژ بووە (کە گوێی لە بانگ دەبێت یان بە سەعاتدا دەزانێت یان پێی دەڵێن) بچێت تارات بگرێت و کەمێک تین بداتە خۆی، دەست بە دەمارەکانی بن زەکەریدا بهێنێت و دەسنوێژەکەی بگرێت، ئەگەر دوای ئەوە دڵۆپە میزی لێ چۆڕی گوێی نەداتێ و نوێژی خۆی بکات!! چونکە زاهیرەن ئەمە لەسەر قەولی ئیمامیانی بەڕێزی وەکو ئیمامی ئەبوحەنیفەو شافیعی و ئەحمەدو ئیسحاق و ئەبوسەورو ئەوانە بە حوکمی خوێنی جاری داوێن (ئیستیحازە) ی ژنان قیاس دەکرێت، کە پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم لە حوکمیدا بە ژنەکەی فەرموو: (إِنَّمَا ذَلِكِ عِرْقٌ وَلَيْسَ بِالْحَيْضَةِ فَإِذَا أَقْبَلَتْ الْحَيْضَةُ فَاتْرُكِي الصَّلَاةَ فَإِذَا ذَهَبَ قَدْرُهَا فَاغْسِلِي عَنْكِ الدَّمَ وَصَلِّي)[153] واتە: ئەوە دەمارە، حەیز نیە (یەعنی خوێنێکی سروشتیەو جێ مەترسی نیە و پاکە) ئەگەر خوێنی حەیز هات واز لە نوێژەکان بهێنەو مەیانکە، تا دوای ماوەی خۆی پاک دەبیتەوە، ئینجا جێی خوێنی ئەمیان بشۆو نوێژی خۆت بکە.. تەکمیلەی تری لای بوخاری دەفەرموێ: (ثُمَّ تَوَضَئِي لِكُلِّ صَلاةٍ ، حَتَّى يَجِيءَ ذَلِكَ

---

153 بوخاری (228) ، موسلیم (333) ، نەسائی (185/1 ) و بەیهیقی (327/1)..

الْوَقْتُ)[154] واتە: پاشان دەسنوێژ بۆ هەر نوێژێک بە تایبەت بگرە، تا کاتی نوێژەکەی تر دێت..

ئەو شەرعناسانەی کە زیادەکـەی بوخـاری بـە قـەولی سـەیدنا عوروە لێک دەدەنەوە، فەرموویانە: بۆ هەموو نوێژێک دەسنوێـژی تایبەتی ناوێت، بەڵام هەموو ئەوانی تر فەرموویانە کە هەر پیاوێک کە میزە چڕکەی بێت یان ژنێک کە خوێـنی خوێـنی جـاری داوێـن (ئیستیحازە) ی هەبێت، دەبێت بـۆ هـەموو نوێژێـک دەسنوێژێـکی تایبەتی بۆ بگرن و دەسنوێژەکەش تا نوێژەکەی تر حسێبە..

رای پەسەندتر لای من ئەوەیە کە پیاوی خـاوەن میزەچـڕکێ و ژنی خاوەن خوێنی جاری داوێن بۆ هـەموو نوێژێـک دەسنوێـژی نـوێ بگرنەوە.. واللە اعلم.

......................

154 ئیبنوسسەیدلە صحیح فقه السنةدا دەفەرموێ : هەندێک لە فەرموودەوانانی وەکو ئیمامی ئیبنو حەجەری عەسقەلانی فەرموویانە ئەم زیادەیەی بوخاری قەولی عوروەی کوڕی زوبەیرە خوا لێیان رازی بێت کە فەرموودەکەی لە دایکە عائیشەوە گێڕاوەتەوە کە پووڕێتی .. ابن حجر : (فتح الباري 332/1)

## مەسەلەی میز کردن بە پێوە

ئەم باسە پێنج فەرموودەی لەسەرە کە دوانیان زەعیفن و سیانەکەی تریان سەحیحن، دوو زەعیفەکە:

1 ـ ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێت گێڕایەوە کە سەیدنا عومەری باوکی گێڕاوێتیەوەو فەرموویەتی کە جارێکیان بە پێوە میزی کردووەو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بینیوێتی، پێی فەرمووە: (یا عُمَرُ، لا تَبُلْ قَائِمَاً)[155] واتە: ئەی عومەر، میز بە پێوە مەکە.. منیش لەو کاتەوە میزم بە پێوە نەکردووە..

2 ـ بورەیدە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (ثَلَاثٌ مِنَ الْجَفَاءِ: أَنْ يَبُولَ الرَّجُلُ قَائِمًا، أَوْ يَمْسَحَ جَبْهَتَهُ قَبْلَ أَنْ يَفْرُغَ مِنْ صَلَاتِهِ، أَوْ يَنْفُخَ فِي سُجُودِهِ)[156] واتە: سێ شت لە رەفتاری زبرن: پیاو کە بە پێوە میز بکات، پیاو کە ناوچەوانی بسڕێت پێش ئەوەی لە نوێژەکەی ببێتەوە، فوو لە شوێن سوجدەکەی بکات..

ئەمما سێ فەرموودە سەحیحەکە:

1 ـ عائیشە خانم خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (مَنْ حَدَّثَكُمْ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَبُولُ قَائِمَاً فَلا تُصَدِّقُوهُ، مَا كَانَ يَبُولُ إلا قَاعِدَاً)[157]

---

155 ئیبنو ماجە (308) ، بەیهیقی (202/1) ترمزی دەفەرموێ : زەعیفە چونکە عبدالکەریمی کوڕی ئەبولمەخاریقی تێدایەو یەکسەر بە مەرفووعی گێڕاوێتیەوە ئەم پیاوە لای فەرموودەوانان زەغیفە. تحفة الاحوذي (333/1) .

156 مونکەرە، بوخاری لە (التاريخ 496) دا ریوایەتی کردووەو بە مونکەری داناوەو ئەویش و ترمزیش فەرموویانە : قەولی ئیبنومەسعوودە ..

157 ئیبنوسسەیدلە صحيح فقه السنةدا دەفەرموێ : صحيح لغيره ، ترمزی (12) ، نەسائی ( 26/1 ) ، ئیبنو ماجە ( 307 ) ، ئەحمەد (196/6)ز

واتە: هەر کەسێک پێی ووتن کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بە پێوە میزی کردووە بە راستی مەزانن، چونکە بە دانیشتنانەوە نەبێت میزی نەکردووە..

2 ـ حوزەیفەی کوڕی یەمان خوای لێ رازی بێت دەفەرموێ: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بووم صلی الله علیه وسلم کە گەیشتە سەر سەرەنگوێلک (زبڵدان) ی گوندێک، بە پێوە میزی کرد، رووی خۆم وەرگێڕاو کەمێک دوور کەوتمەوە، فەرمووی: نزیک بەرەوە، لێی نزیک کەوتمەوە تا چوومە پشتیەوە، دوایی دەسنوێژی گرت ومەسحی سەر خوفەکانی کرد. یەعنی مەبەستی بوو کە حوزەیفە ببینێت کە بە پێوە میز دەکات..

3 ـ فەرموودەی عبدالرحمانی کوڕی حەسەنە کە دەفەرموێ: (خَرَجَ عَلَيْنَا النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَفِي يَدِهِ كَهَيْئَةِ الدَّرَقَةِ قَالَ فَوَضَعَهَا ثُمَّ جَلَسَ فَبَالَ إِلَيْهَا)[158] واتە: پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لێمان دەرکەوت شتێکی بە دەستەوە بوو وەکو چەرمی قەڵغان وابوو، دایناو لە تەنیشتیەوە دانیشت ومیزی کرد.

لەبەر هەبوونی ئەم فەرموودانە زانایان و شەرعناسان دەربارەی حوکمی میز کردن بە پێوە راجوێ بوون، راکانیان لە سێ بۆچووندایە:

یەکەمیان: ئەوانەی فەرموویانە: هەر کەسێک عوزری نەبێت بۆی شیاو نیە بە پێوە میز کات.. ئەمە رای عائیشە خان و ئیبنو مەسعوودو سەیدنا عومەرو ئەبوموسای ئەشعەری و لە تابعینیش

---

158 ئیبنوسسەیدلە صحیح فقه السنةدا دەفەرموێ : سەحیحە ، ئەبوداوود (22) نەسائی (27/1) ئیبنوماجە (346) ئەحمەد (196/4).

ئیمامی شەعبی و سوفیانی کوڕی عویەینەو ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئیمامی شافیعیە..

دووەمیان: ئەوانەی فەرموویانە: جائیزە.. ئەمەشیان لە ریوایەتێکی تری سەیدنا عومەردا هاتووە، هەروەها رای سەیدنا عەلی و زەیدی کوڕی سابیت و ئینو عومەرو سەهلی کوڕی سەعدو ئەنەس و ئەبو هورەیرەو حوزەیفەی کوڕی یەمانە.. مەزهەبی حەنبەلیش ئەمەیە..

سێیەمیان: ئەگەر ئەو شوێنەی میزی لێ دەکات فشەڵ بێت کە پریشکی بۆ نەیاتەوە، جائیزە، ئەگەر نا، جائیز نیە.. ئەمەش مەزهەبی ئیمامی مالیکەو ئیبنولمونزیریش بە راستترینی داناوە..

من پێم وایە میز کردن بە پێوە جائیزە، چونکە:

1 ـ هیچ حوکمێکی سەحیح لەسەر رێ لێگرتنی بەدەستەوە نیە..

2 ـ ریوایەتەکان کە دەسەلمێنن کە میزی بە پێوە کردووە، رێ لەوە ناگرن کە بە کردنی بە پێوەش جائیز بێت.

3 ـ بەڵگەی میز کردنی بە پێوە بەهێزەو سەلمێنراوەو پێنج لە خاوەن سوحاحەکان ریوایەتیان کردووە، لەوانیش بوخاری و موسلیم..

4 ـ نکوولّی کردنی دایکە عائیشە لەبەر ئەوەی کە خۆی نەیدیووە، چونکە ئەو جارەی کە میزی بە پێوە کردووە (ریوایەتەکەی حوزەیفە) لە دەشت و سەفەردا بووە، حوزەیفەی لە خزمەتتدا بووە نەک عائیشە عائیشە خان خوا لێی رازی بێت لە ماڵدا بینیوێتی و لەو سەفەرانەشدا کە لە خزمەتیدا بووە تەنها نەبوون..

5ـ دیارە لە مەرجی سەرەکی میز کردن ئەوەیە کە پریشکی پێ هەڵنەپرژێت جا بە دانیشتنانەوە بێت یان بە پێوە، هەر کاتێک ئەم مەرجەش مسۆگەر بوو، ئیتر میز کردن بە پێوە جائیزە، وەکو ئەوەی

شوێنەکە فشەڵ بێت وەکو کێڵگەو کادێن و شوێنی پووش و بن گەڵا، یان بۆیەکراوی زەیتی وشکڵی ئەم ئاودەستانەی لەم زەمانەدا هەن.

6 ـ زۆر لە زانایان و شەرعناسان لـــە لایـــەنی کۆمەڵایەتیـــەوە بـــۆ رێگرتن لەم رەفتارە چوون، بۆیە فەرموویانە میز کردن بە پێوە بای دەنگدار دروست دەکات، وەکو ئەوە نیـــە کـــابرا دانیشتبێـــت و بـــای لێبووبێتەوە، ئەمەشیان بۆ پاراستنی کەسایەتی زیاتر خســتۆتەوە بەرچاو.. ئەمەش موعتەبەرە..

.......................

**کورتە باسێك : دەستنوێژ لە تەوالێتدا**

یەکێک لەو موناقەشانەی لە ناو موسوڵمانان‌دا دروست دەبێت، مەسەلەی دەسنوێژگرتنە لە تەوالێتدا، کە دەوترێت نابێت زیکری خوا لەوێدا بکرێت، ئەی چۆن هەر لەوێدا دەسنوێژ دەگیرێت کە تەوالێتەکە (گونجی میزو پیسایی کردنەکە) دەسشۆر (مەغسەل) یان دووشی ئاوەکەش هەر لە ناو ژووری حەمامەکەدایە؟!

ئەوە بزانن کە تەنها گونجی تەوالێتەکە بە ئاودەست حسێبەو ناشێت ناوو زیکری خوای لەسەر بکرێت، نەک ژووری حەمامەکە، ئەگەر کەسێک چووە سەر گونجی تەوالێتەکەو پۆشاکەکەی هەڵدایەوە یان داکەند تا لە دەست بە ئاو گەیاندنەکەی دەبێتەوە بۆی نیە زیکر بکات، پاش پۆشاک هەڵکێشانەوەی یان دادانەوەی کراس و دشداشەکەی دەتوانێت زیکرەکان بخوێنێت، وەک ئەوەی دەپژمێت و دەڵێ: الحمد لله یان لەسەر مەغسەلەکە بۆ دەسپێکی دەسنوێژ بسم الله بکات..

* * *

## هەندێك لە ئادابی چوونە سەر ئاو ( تارات گرتن )

هەندێک رەفتار هەن دەبێت موسوڵمان لە چوونە سەر ئاویدا بۆ میز کردن یان پیسایی رەچاویان بکات، لەوانە:

**1 ـ دەرنەکەوتن و دوور کەوتنەوە لە بینینی خەڵکی**: ئەسڵ ئەوەیە کە موسوڵمان لە ئاودەستدا دەست بەئاو بگەێنێت، بەڵام ئەگەر لە سەفەر بوو یان دەوار نشین بوو لە دەشت و چۆڵیدا، پێویستە ئەوەندە دوور کەوێتەوە کە لەبەرچاوان دیار نەمێنێت، وەک ئەوەی بچێتە چاڵێک یان کەندەڵانێک یان نەدیووێکەوە یان زۆر دوور کەوێتەوە، چونکە پێغەمبەری پێشەوامان صلى الله عليه وسلم وای دەکرد. سەیدنا جابری کوڕی عبدالله خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: لە سەفەرێکدا لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صلى الله عليه وسلم بووین، کە دەیوویست تارات بگرێت، ئەوەندە دوور دەکەوتەوە نەدەبینرا[159].

**2 ـ هیچ شتێك نەباتە سەرئاو کە ناوی خوای پێوە بێت** : وەکو مستیلە[160] چونکە لەگەڵ بەمەزن دانانی خوای پەروەردگاردا ناگونجێت، بەڵام ئەگەر لە گیرفانیدابوو، یان ملوانکەیەکەو لە ملیدایە، یان قورئانەو کیفی هەیە، یان تەلەفۆنی دەستیەو قورئانی تێدا تۆمار کراوە، کە

---

159 ئەبو داوود (2) ، ئیبنوماجە (335) ئەمەش لەفزی ئەمیانەو سەحیحە.

160 ئیبنوسسەیدلە صحیح فقە السنەدا دەفەرموێ: ئەو فەرموودەیە کە دەگێڕرێتەوە کە پێغەمبەری خوا مستیلەیەکی لە پەنجەی پیرۆزیدا بوو کە لێی نوسرابوو محمد رسول الله کە دەچووە سەر ئاو لە پەنجەی پیرۆزی دادەماڵی، هەرچەندە ئیمامانی بەڕێزی وەکو ئەبوداوودو ترمزی و نەسائی و ئیبنوماجە ریوایەتیان کردووە، ئەلبانی رەحمەتی دەفەرموێ زەعیفە. مەبەست ریوایەتی داماڵینی مستیلەکەیە نەک هەبوونی مستیلەکەی، ریوایەتی هەبوونی مستیلەکە متفق علیە.. بوخاری (5872 ) و موسلیم (2092).

ناکرێت لە دەرێ دانرێن یان بەدەستەوە بگیرێن، ئەمانە لەبەر زەروورەتی حاڵەتەکەی جائیزە پێیانەوە بچێتە سەر ئاو.. ئیمامی ئەحمەد دەربارەی مستیلەی وا دەیفەرموو: دەتوانێت لە مشتی گرێت بەڵام لەو حاڵەتەشدا لەوانەیە مەترسی کەوتنە ناو ئاودەستەکەی هەبێت، بە تایبەتی ئاودەستی مزگەوت و شوێنی گشتی ئەم سەردەمە.. من خۆم دکتۆر عبداللە عەززامی رەحمەتیم دی کە قورئانی قەبارە بچووکی پێبوو، پێیەوە چووە ئاودەست، کە لێم پرسی: فەرمووی: ئەگەر کیفی هەبوو زنجیری پێوەبوو ئیشکالی نیە

<u>3 ـ خوێندنی زیکری تایبەت بە چوونەسەرئاو:</u> کە چووە ئاودەست باشتر وایە ئەو زیکرانە بخوێنێت کە ریوایەت کراون وەکو ووتنی بسم الله لەگەڵ چوونە ژوورەوەکەیدا. چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (سِتْرُ مَا بَيْنَ الْجِنِّ وَعَوْرَاتِ بَنِي آدَمَ إِذَا دَخَلَ أَحَدُهُمْ الْخَلَاءَ أَنْ يَقُولَ : بِسْمِ اللهِ )[161] واتە: پەردەی نێوان جنۆکەو مرۆڤ کە چووە سەر ئاو ئەوەیە بڵێ بسم الله.. یان دەتوانێت کە چووە سەر ئاو، لەو کاتەی پێ دەنێتە ناو ئاو دەستەکە یان پۆشاکی دادەنێ یان بەرز دەکاتەوە بڵێ: (أَللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْخُبْثِ و الْخَبَائِثِ)[162] واتە: خوایە پەنا دەگرم بە تۆ لە نێرو مێیی جنۆکە..

<u>4 ـ چوونە ئاودەست بە پێی چەپ و هاتنە دەروە لێی بە پێی راست:</u> هەرچەندە بەڵگەیەکی تایبەت لەسەر ئەوە نیە کە پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم پێی چەپی پیرۆزی بۆ چوونە ئاودەست پێش خستبێت و پێی راستی پیرۆزی لە هاتنە دەرەوەدا پێش خستبێت، بەڵام ئیمامی

161 ترمزی وئیبنوماجە گێراویانەتەوەو سەحیحە: الالباني : صحيح الجامع (3611).

162 بوخاری (142) و موسلیم (375).

شەوکانی لە کتێبی (السیل الجرار 64/1) دا باسی لەمە کردووەو بە شێوەی گشتی بە سوونەتی داناوە چونکە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە هەموو شتێکدا راستی پێش چەپی دەخست..

**5 ـ روو یان پشت نەکردنە قیبلە لە کاتی دانیشتنی سەرئاودا** : لەبەر ئەوەی پێغەمبەری نازدار بەرهەڵستی لەوە کردووە.. فەرموودەی متفق علیه‌یە کە سەیدنا ئەبو ئەییوبی ئەنساری خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (إذَا أَتَيْتُمْ الغَائِطَ فَلَا تَسْتَقْبِلُوا الْقِبْلَةَ وَلا تَسْتَدْبِرُوهَا ، وَلَكِنْ شَرِّقُوا أو غَرِّبُوا)[163] واتە: ئەگەر چوونە دەست بەئاو گەیاندن، نە روو نە پشت لە قیبلە مەکەن روو لە رۆژهەڵات یان رۆژئاوا بکەن.. ئەبوئەییوب دەفەرموێ: کە هاتینە شام بینیمان ئاودەست رووەو کەعبە دروست کراوە، ئێمە لە بەکارهێنانیدا خۆمان خوار دەکردەوەو داوای لێبوردنمان لە خوای گەورە دەکرد..

زانایان لەم باسەدا راجوێ بوون، چونکە فەرموودەی تر هەیە کە شیاوێتی ئەم کارە دەگەیێنێت.. ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: شەوێک لەسەربان راکشابووم، پێغەمبەری نازدارم صلی الله علیه وسلم بینی بۆ دەست بەئاو گەیاندن لەسەر دوو خشت دانیشتووە، رووی لە بەیتولمەقدیس بوو. ئەوەش چونکە لە مەدینە بوو یەعنی پشتی لە مەککە بووە..

163 بوخاری (394) ، موسلیم (264) ، ئەوانی تریش..

ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی وئیمامی نەوەوی توێژینەوەیەکی دوورودرێژیان لەم مەسـەلەیەدا کـردووەو رای زۆر لـە زانایـان و شەرعناسانیان نەقلّ کردووە[164] کە کورتەکەی ئەمەیە:

**یەکەم : ئەو زانایانەی فەرمووبانە بەرهەڵستیەکە گشـتیەو رووکـردن یـان پشـت کردنە قیبلەکە دەگرێتەوە لە ماڵدا بێت یان لە دەرەوە** : ئەمەش رای ئیمـامی ئەبو حەنیفەو ئەحمـەدو ئیبنوحەزمـەو ئیبنوتەیمییـە ئەمـەیانی هەڵبژاردووە، ئیبنوحەزمی رەحمەتی ریوایەتەکانی بردۆتەوە سـەر رای ئەبوهورەیەرەو ئەبوئـەیووبی ئەنسـاری و ئیبنومەسـعوودو سوراقەی کوڕی مالیک خوا لێیان رازی بێت، لـە تـابعینیش ئەمـە رای عەتاء و نەخەعی و سەوری و ئەوزاعی و ئەبوسەورە، بەڵگـەی هەمووشیان فەرموودەکەی لای ئەبوئەیووبی ئەنسارییە کە پێشـتر هێنامانەوە..

**دووەم : ئەوانەی فەرمووبانە بەرهەڵستیەکە تەنها دەشت دەگرێـتەوە** : ئەمـەش بۆچوونی ئیمامی شافیعی و ریوایـەتی راسـتی ئیمـامی ئەحمـەدو ئیسحاقە.

**سێیەم: ئەوانەی فەرمووبانە دەشێت رووت لە قیبلە بێـت نـەك پشـت**: ئەمـەش بۆچوونێـکی تـری ئیمـامی ئـەبو حەنیفـەو ئیمـامی ئەحمـەدە، هەردووکیشـیان ئیعتیمادیـان کردۆتـە سـەر فەرموودەکـەی لای ئیبنوعومەرو ئەوەی ئەبوئەییوبی ئەنساری کە پێشتر هێنامانەوە..

**چوارەم: رووکردن و پشت کردنە قیبلە هەردووکیان جـائیزە**: ئەمەش بۆچوونی دایکـە عائیشـەو عـوروەی کـوڕی زوبـەیرو رەبیعـەو داوودە.. دەفەرموون: مـادام فـەرموودەکان تێـکەڵن و پێچـەوانەی یـەکتری

---

164 ئیبنوحەجەری عەسقەلانی لە فتح الباري(296/1) ، و ئیمامی نەوەوی لە المجموع (82/2).

دەوەستنەوە، کەوابوو هیچیان وەرناگیرێت و دەچینەوە سەر ئەسڵەکە کە جائیز بوونی هەموو شێوەکانی دەستبەئاو گەیاندن..

ئەوەی من پێم پەسەندە رای دووەمە رووکردن یان پشت کردنە قیبلە لە کاتی دەست بەئاو گەیاندندا لە دەشت، حەرامە. والله اعلم.

**6 ـ خۆگرتنەوە لە قسەکردن، مەگەر بۆ زەرووڕەت:** ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە کە جارێک پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەستی بەئاو دەگەیاند کابرایەک لەوێوە تێپەڕی و سەلامی لێکرد بەڵام پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وەڵامی نەدایەوە[165]. وەڵامدانەوەی سڵاو فەرزە، بەڵام کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم وەڵامی سەلامی کابرای نەدابێتەوە، بەڵگەی ئەوەیە کە قسە کردن لە کاتی دەست بە ئاو گەیاندندا حەرامە، بە تایبەتی زیکری خوای گەورە کە ئاشکرایە سڵاو کردن یان وەڵامدانەوەی زیکری خوای گەورەن..

بەڵام ئەمە رێ لە زەرووڕەت ناگرێت کە پێویستیان بێ چارەسەر دەکرێت، وەکو داواکردنی ئاو، یان رێنیشاندانی کوێرێک یان ئەوی لەو جۆرە حوکمەدان..

**7 ـ خۆپاراستن لە دەست بەئاو گەیاندن لەسەرە رێ و سەر کانی و ئاوو سێبەرو شوێنی گشتی خەڵکی:** ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (إِتَّقُوا اللَّعَّانَيْنِ، قَالُوا: وَمَا اللَّعَّانَانِ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ : الَّذِي يَتَخَلَّى فِي طَرِيقِ النَّاسِ أَوْ فِي ظِلِّهِمْ)[166] واتە: خۆ لەو دوو لەعنەتکارانە بپارێزن، فەرموویان: ئەی

---

165 موسلیم (370) ، ئەبوداوود (16) ، نەسائی (15/1) و ئیبنوماجە (353).

166 موسلیم (68) و ئەبوداوود (25).

پێغەمبەری خوا، ئەو دوو لەعنەتکارانە چین؟! فەرمووی: دەست بە ئاو گەیاندن لە سەرەڕێ خەڵکی و بەرسێبەرەکانیان..

**8 ـ میز نەکاتە هەمان شوێنەوە کە خۆی تێدا دەشوات:** بە تایبەتی شوێنێک کە ئاوەکەی تێدا کۆببێتەوە ، وەکو تەشت و بانیۆو شتی وا. چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بەرهەڵستی موسوڵمانانی لە کاری وا کردووە[167].

**9 ـ میز نەکردنە ناو ئاوی راوەستاوەوە:** وەکو ئەستێڵکی بچووک و حەوزو بانیۆو شتی وا. چونکە جابری کوڕی عبدالله خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بەرهەڵستی کردووە لە میز کردنە ناو ئاوی راوەستاوەوە[168]..

**10 ـ هەڵبژاردنی جێگای فشەڵ و لووس بۆ میز کردن:** خۆ دوورخستنەوە لە جێی رەق کە مەترسی ئەوە هەیە پرژی پێ هەڵپرژێتەوە..

**11 ـ ئەو کاتەی کە تەواو دەبێت بڵێ : غُفْرَانَكَ :** چونکە لە دایکە عائیشەوە خوا لێی رازی بێت هاتووە کە دەفەرموێ: کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە دەست بەئاو گەیاندن دەهاتە دەرەوەی دەیفەرموو: (غُفْرَانَكَ)[169] واتە: داوای لێبوردنت لێ دەکەم، خوایە..

**12 ـ پابەند بوون بە ئادابی تارات گرتنەوە:** کە دواتر باسیان دێت..

.........................

---

167 ئیبنوسسەیدلە صحیح فقه السنةدا دەفەرموێ: سەحیحەو لە سونەنی نەسائی (130/1) یەو لای ئەبوداوود ژمارە (28) ە.

168 موسلیم (281) ، نەسائی (34/1).

169 ئیبنوسسەیدلە صحیح فقه السنةدا دەفەرموێ : حسن لغیره، ترمزی (7) ، ئەبوداوود (30) ، ئەحمەد (155/6).

## لە ئادابی تارات گرتن

ئەمەش هەندێک ئادابی تری تارات گرتنن کە پێویستە موسوڵمان پێیانەوە پابەند بێت:

1 ـ **بە دەستی راستی تارات نەگرێت**: لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە ئەبو قەتادە خوا لێی رازی بێت گێڕاوێتیەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (لَا يُمْسِكَنَّ أَحَدُكُمْ ذَكَرَهُ بِيَمِينِهِ وَهُوَ يَبُولُ وَلَا يَتَمَسَّحْ مِنْ الْخَلَاءِ بِيَمِينِهِ وَلَا يَتَنَفَّسْ فِي الْإِنَاءِ)[170] واتە: کەستان کاتێک میز دەکات بە دەستی راستی زەکەری نەگرێت، خۆشی بە دەستی راستی پاک دەکاتەوە (چەپ بەکار بهێنێت بۆ تارات گرتنی) ، لە کاتی ئاوخواردنەوەشدا هەناسەکەی نەخاتەوە ناو ئەو شتەی ئاوەکەی تێدایە..

هەروەها کە سەلمانی فارسی خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: کابرایەک پێی ووتم: هاوڕێکەتان (مەبەستی پێغەمبەری خوا بوو صلى الله عليه وسلم) هەموو شتێکتان فێر دەکات، تەنانەت پیسایی کردنیش، ووتم: ئەرێ وەڵا، بەرهەڵستی لەوە کردووە کە یەکێکمان لە کاتی میز کرن یان پیسایی کردندا پشت کەینە قیبلە، یان بە دەستی راست خۆمان پاک کەینەوە، یان کەمتر لە سێ بەردووچکە بەکار بهێنین[171]!

2 ـ **عەورەتی بە دەستی راست نەگرێت**: بەڵگەمان هەر فەرموودەکەی پێشووی ئەبو قەتادەیە خوا لێی رازی بێت..

---

170 بوخاری (153)، موسلیم (267)، هەروەها هەندێک لە خاوەن سونەنەکان.

171 موسلیم (262) ، ئەبوداوود (7) ، ترمزی (16) ، نەسائی (16/1).

3 ـ **دوای تارات دەستی بە سابوون بشوات** : دوای تارات گرتنەکە ئەگەر سابوونی دەسکەوت با دەستی پێ بشوات، ئەگەر هیچی دەست نەکەوت با خۆڵ لە دەستەکانی هەڵسوێت، یان لە زەوی بخشێنێت و پاکی کاتەوە.. ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: جارێک پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم تاراتی گرت، منیش ئاوم لە قۆریەکی بچووکدا بۆ هێنا، بەڵام خۆی بە بەردووچکە پاک کردەوەو پاشان دەستی بە زەوی سڕی[172]. هەروەها ئەو فەرموودەیەی کە مەیموونەخان ریوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم غوسڵی دەردەکرد، سەرەتا ئاوەکەی رشاند بەسەر زەکەریداو بە دەستی چەپی هەڵیگلۆفت، پاشان دەستی بە زەوی سڕی و شتیەوە[173] (دەستی شوشتەوە)..

لەم سەردەمەی ئێمەدا ئاسانترە کە خەڵکی دوای تارات گرتن دەستیان بە سابوون یان شلەمەنی سابوونی بشۆن یان بە دەسڕی تەعقیم کراو پاکەنەوە. ئەمە لە ئیسلامدا زۆر جەختی لێکراوەتەوە.

4 ـ **رشاندنی کەمێك ئاو بە عەورەتدا بۆ لابردنی وەسوەسە**: ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێت گێڕایەوە کە جارێکیان پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم کە دەسنوێژی گرت عەورەتی بە کەمێک ئاو رشاند[174]..

* * *

---

172 حسن لغیره، ترمزی (45) ، ئیبنوماجە (678) ، نەسائی (45/1).
بڕوانە مشكاة المصابيح (360).

173 بوخاری (266) ، موسلیم (317).

174 دارمی (711) ، بەیهیقی (161/1) ، ئەلبانی ڕەحمەتی لە کتێبی (تمام المنة ل 66) دا دەفەرموێ : وسنده صحیح علی شرط الشیخین ..

# باسی چوارەم

# پاك کردنەوە

# باسی چوارەم
# پاکردنەوە

## 1 ـ چۆنیەتی پاکردنەوە
## 2ـ ئایا پاکردنەوە هەر بە ئاو دەبێت؟

## باسی چوارەم

## چۆنیەتی پاکردنەوەی ئەوانەی پیسیان بەرکەوتووە

**1ـ پاکردنەوەی پۆشاك لە خوێنی حەیز**: دەستپێداهێنان و گوشینی بەسەری پەنجەکان بەسە بۆ ئەوەی خوێنەکەی لێ بێتە دەرەوە، پاشان ئاوی پێدا دەکرێت و حوکمی پاکبوونەوە وەردەگرێت.. ئەگەر بە پۆشاک و جێگاوە بوو، دەکرێت بکرێنرێت، یان بە پەنجە رادرێت. چونکە ئەسمائی کچی ئەبوبەکری سددیق خوا لێیان رازی بێت فەرمووی: ئافرەتێک هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم و لێی پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمەی ئافرەتان هی وامان هەیە خوێنی حەیزەکەی بەر پۆشاکەکانی دەکەوێت، چی بکات؟! پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (تَحُتُّهُ ثُمَّ تُقْرِصُهُ بِالماءِ ثُمَّ تَنْضَحُهُ ، ثُمَّ تُصَلِّي فيهِ)[175] واتە: دەیپروێنێت، پاشان ئاوی بەسەردا دەرێژێت و هەڵیدەگلۆفێت، پاشان نوێژی پێوە دەکات.. دیارە کە یەکەمجار دەیپروێنێت زۆرینەی پیسیەکە دەڕوات بە تایبەتی کە ووشک بووبێتەوە، پاشان کە ئاوی بەسەردا دەکات و جوان هەڵیدەگلۆفێت بۆ ئەوەیە کە ئاسەواری پیسیەکەشی لێ کاتەوە.. ئاوا لێی دڵنیا دەبێتەوە نەک هەر بە ئاوپێداکردنی.. ئەگەر پیسیەکە هێشتا تەڕ بوو دەشێت بە چیلکەیەک یان شتێکی وەکو ئەو بیکرێنێت و پیسیەکە لادات پاشان بیشوات، مەرجە ئاسەواری پیسیەکە ئەوەندەی بۆی دەکرێت لابدات بێگومان بۆ لابردنی پیسی سێ جار شتن یان بەکارهێنانی سابوون زیاتر دڵنیایی دەبەخشێت.. چونکە

175 بوخاری ( 227 ) ، موسلیم (291) .

ئوم قەیسی کچی موحسەن فەرمووی: دەربارەی خوێنی حەیز کە بە پۆشاکەوە بێت، پرسیارم لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کـرد، فەرمووی: (حِكِّيهِ بِضِلَعٍ و اغْسلِيهِ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ)[176] واتە: بە شتێک رایدەو پاشان بە ئاوو سیدر[177] بیشۆ.

**2ـــ پاکردنـەوەی پۆشـاك لـە میـزی منـداڵ:** پێـغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفـەرموێ (بَولُ الغُلامِ الرَّضِيعِ يُنْضَحُ وبَولُ الجَارِيَةِ يُغْسَـلُ)[178] ئیمـامی ئەحمەد گێڕاوێتیەوەو شێخی ئەلبانی بـە سـەحیحی ناسـاندووە، واتە: بۆ پاکردنەوەی شت لە میزی کـوڕی بچـکۆلە ئـاو رژانـدنی بەسەردا بەسەو لە میزی کچی بچکۆلەش دەشۆرێتەوە. ئەمە بۆ ئەو کۆرپانەن کە شیرەخۆرەن، کـە گەیشـتنە خـۆراک خـواردن (واتـە غەیری شیر) ئەوە وەکو قەتادە دەفەرموێ: شوێن میزی هەردووکیان دەشۆرێتەوە، ئیمـامی ترمـزی دەفـەرموێ: ئەمـە رای زۆرێـک لـە یـاوەران و تـابعین و زانـای گـەورەی وەکـو ئیمـامی ئەحمـەدو ئیسحاقە، شەوکانی لە (نیل الاوطار) دا دەفەرموێ: ئەوە رای ئەوزاعی و مالیک و شافیعیشە.. ئیبنوعوسێمین رحمەالله دەفـەرموێ: ئـاو

---

176 ئیبنوسسەیدلە صحیح فقه السنةدا دەفەرموێ : حديث حسن أخرجه ابوداود (363) والنسائي (195/1) وابن ماجة (628).

177 سیدر گەڵایەکی بۆندارەو کەف دەکات ، لە یەمەن زۆرە .

178 حەدیسی دیکە لەم بابەتەدا زۆرن، لەوانە (يُغسَلُ من بَولِ الجاريَةِ ويُرَشُ مِن بَولِ الغُلامِ) کە زانایان دەربارەی فەرموویانە (صحيح لغيره : أخرجه ابوداود (376) والنسائي (/158) وابن ماجة (526) وله شواهد. هەروەها: وعن عائشة ــ رضى الله عنها ــ قالت: (أتى رسول الله صلى الله عليه وسلم بصبي يُحَنِّكُهُ فَبَالَ عَلَيهِ فأتْبَعَهُ الماءَ). (رواه البخاري وكذلك أحمد وابن ماجة وزاد "ولم يَغْسِلْهُ"، ولمسلم : كَانَ يُؤْتَى بالصُّبيانِ فَيُبْرِكُ عَلَيهم وَيُحَنِّكُهُم فَأُتِيَ بِصَبِيٍّ فَبَالَ عَليهِ فدَعَا بِمَاءٍ فَأَتْبَعَهُ بَولَهُ ولَمْ يَغْسِلْهُ).

پڕژاندن کە لە فەرمودەکەدا هاتووە بریتی نیە بەسەردا پڕژاندنی بەڵکو بەسەردا کردنی ، تەنها ئەوەندە هەیە کە شتن و هەڵگلۆفتنی مەرج نیە[179] ...

3ـ **پاکردنەوەی پۆشاك لە مەزی** : مەزی (کە شلەمەنیەکی لینجەو لە هۆرمۆنی کۆپەرز دروست دەبێت و لە یادی جنس و خرۆشانیدا لە عەورەت دێتە دەرەوە) زۆرجار کە دێتە خوارێ و خاوەنەکەی هەستی پێ ناکات، خەڵکانێک زۆریش بەمەوە موبتەلا دەبن، بۆیە حوکمی پاکردنەوەکەی لە شەرعدا ئاسان کراوە، پاکردنەوە لە مەزی ئاو بەسەردا کردنی لوێچێک ئاوی بەسە، سەهلی کوڕی حەنیف دەفەرموێ لەوانە بووم کە زۆر لە هاتنە خوارەوەی مەزیم ناڕەحەت بووبووم ، لە پێغەمبەری پێشەوام صلى الله عليه وسلم پرسی : چۆن پۆشاکەکەم لە مەزی پاک کەمەوە کە بەری دەکەوێت فەرمووی (يَكْفِيكَ أَنْ تَأْخُذَ كَفًّا مِن مَاءٍ فَتَنْتَضِحَ بِهِ ثَوبَكَ حَيثُ تَرَى أَنَّهُ قَدْ أَصَابَ مِنْهُ)[180] واتە: لوێچێک ئاوت بەسە بیڕژێنیت بەسەر ئەو شوێنەدا کە وادەزانیت بەری کەوتووە.

4ـ **پاکردنەوەی دامێنی پۆشاك** : لەبەر ئەوەی دامێنی پۆشاک بە تایبەتی جبەو دشداشەی پیاوان و کراس و کەوای ژنان جاری وا هەیە لەبەر زۆر درێژییان یان لە چەمانەوەدا بەر زەوی دەکەوێت و ئیحتیمالی ئەوە زۆرە پیسی بەر بکەوێت، و خاوەنەکەی نەزانێت، بۆیە شەرع وای داناوە کە ئەگەر پیسیش بووبێت بەر زەوی کەوتنەوەی دواتری بۆتە مایەی پاکردنەوەی.. ئافرەتێک لە ئوم سەلەمەی خێزانی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم پرسی خوا لێی رازی

179 شرح عمدة الاحكام ل (37).

180 حسن: أخرجه ابوداود (210) الترمذي وابن ماجة (506).

بێت، ووتی: من ئافرەتێكم دایمە كراسەكەم درێژەو دەچــمە شوێــنی پیسەوە! خاتوو ئوم سەلەمە فەرمووی: (يُطَهِّرُهُ مَــا بَعْــدَهُ) صحيح[181]، واتە: هەر زەویەكە پاشتر پاكی دەكاتەوە..

**5- پاكردنەوەی بنی پێڵاو** : ئەبوسەعیدی خودری خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمْ الْمَسْجِدَ فَلْيَقْلِبْ نَعْلَيْهِ، ثُمَّ لِيَنْظُر فِيهِمَا فَإِنْ رَأَى خَبَثًا فَلْيَمْسَحْهُ بِالْأَرْضِ، ثُمَّ لِيُصَلِّ فِيهِمَا)[182] واتە: كە دێن بۆ مزگەوت هەر كەسەتان با نەعلەكانی هەڵگێڕێتەوەو سەیری بنی بكات، ئەگەر پیسایی پێوە بوو با بە زەویەكەی بسڕێت، پاشان نوێژی پێوە بكات..

**6- پاكردنەوەی قاپێك كە سەگ دەمی تێنابێت:** ئەبوهورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (إذا وَلَغَ الكَلبُ في إنَاءِ أحَدِكُمْ فَلْيَرِقْهُ ثُمَّ لِيَغْسِلْهُ سَبْعَ مَرَّاتٍ أُولاهُنَّ بِالتُّرَابِ)[183] واتە: ئەگەر سەگ دەمی خستە ناو دەفری كەسێكتانەوە، با ئەوی تێیدایە بیڕێژێت وپاشان حەوت جاری بشواتەوە، یەكەمینجار با بە گڵ بێت. ئەمەش یەكێكە لە موعجیزەكانی پێغەمبەری سەرووەرمان صلی الله علیه وسلم زانستی پزیشكی سەلماندی كە میكرۆبی ناو لیكی سەگ بە شێوەی دەزوو بە قاپەكەوە دەنووسێت وگڵیش باشترین پاكەرەوەی خۆی وفەوتێنەری هێلكەكانێتی چونكە دوو مادەی (تیتراكسلین) و (تەتارالێت) ی تێدایە كە ئێستا بۆ تەعقیم لە نەخۆشخانەكاندا بەرهەم دەهێنرێن..

---

181 صحيح : أخرجه ابوداود (383) الترمذي (143) وابن ماجة (531) .

182 ئیبنوسسەیدلە صحيح فقه السنةدا دەفەرموێ: صحيح أخرجه ابو داود (646) ، الحاكم : المستدرك على الشيخين (994 ) .

183 مسلم (279) ، ابوداود (71).

**7ـ پاکردنەوەی پێستە، بە خۆشکردنی** : پێغەمبەری نازدار صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (إذا دُبِغَ الإهَابُ فَقَدْ طَهُرَ) واتە: کە پێستە خۆش کرا، پاک دەبێتەوە. لە ریوایەتی هەر چوار ئیمامانی خاوەن سونەنەکاندا هاتووە کە (أَيُّمَا إِهَابٍ دُبِغَ فَقَدْ طَهُرَ)[184] پێستەی هەر ئاژەڵێک خۆش کرا ئەوە پاک بۆتەوە.. بەشێک لە زانایانی فەرمووده رایان وایە ئەم حوکمە تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە گۆشتیان دەخورێت ، چونکە پێیان وایە ووشەی (إهَاب) بۆ ئەوانە[185]! ئیمامی ئەبوحەنیفە رای وایە تەنها پێستەی بەرازە کە بە خۆش کردنیش پاک نابێتەوە، ئیمامی ئەبو یوسفی قوتابی ئیمامی ئەبو حەنیفە پێی وایە پێستەی هەموو گیانلەبەرێک تەنانەت بەرازیش بە خۆش کردن پاک دەبێتەوە[186]. ئیمامی شافیعی پێی وایە پێستەی سەگیش هەر ئەو حوکمەی هەیەو بە خۆشکردنی پاک نابێتەوە[187]. ئەوە رای مالیکیەکانیشە[188]، ئیبنوعەبدولبەڕ دەفەرموێ: زۆرینەی سەلەف رایان وایە کە پێستەی بەراز بە خۆشکردنیش پاک نابێتەوە چونکە حوکمی پیسێتیەکەی گشتیەو هەموو بەشێکی بە زیندوویی

---

184 ئیمامی ئەحمەد و ترمزی و نەسائی و ئیبنوماجە لە ئیبنوعەبباسەوەو شێخی ئەلبانی لە (غاية المرام 28) و (صحيح الجامع الصغير 2711) بە سەحیحی ناساندووە.. لای ئەبوداوود بە لەفزی (إذا دُبِغَ الإهابُ فقَدْ طَهُرَ) ئەمیش سەحیحە (صحيح الجامع 511) و (صحيح سنن الترمذي1650).

185 زانای تر ئەوەیان رەت کردۆتەوە چونکە لە لایەنی زمانەوانیەوە بەڵگەی نیە بڕوانە : (الخطابي / معالم السنن 4/ 274 ، و ابن عبدالبر / التمهيد 4/ 170).

186 المبسوط (203/1) ، و بدائع الصنائع (86/1) ، و البحر الرائق (105/1) ، و مجمع الأنهر(32/1).

187 الحاوي 57/1، و المجموع 267/1، و أسنى المطالب 18/1 .

188 لإشراف 112/1، و الكافي 163/1، و القوانين الفقهية ص 33، و الذخيرة 166/1

دەگرێتەوە، کەوابوو بە مردوویش هەر ئەو حوکمەی دەبێت[189]، بەلاَم بۆچوونی ئەو زانا بەڕێزانەی دیکەش جێی سەرنجە کە فەرموویانە بە خۆشکردن پاک دەبێتەوە وەکو ئیمامی شەعبی و ئەبو یوسف و سەحنون و زاهیریەکان[190]، وا دیارە ئەم رایەش بەهێز بێت، چونکە فەرموودەکە دەفەرموێ (أيّما) واتە: هەر ئاژەڵێک. من لە دوای توێژینەوەی باسەکە ئەم بۆچوونەی دواییم پێ پەسەندە، کە پەسەندکراوی زۆرێک لە شەرعناسانە لە وولاَتانی ئەوروپا کە پێیان وایە خۆشکردن پێستەی بەراز پاکی دەکاتەوە، ئەمەش واقیعی موسوڵمانانی رۆژئاوایە کە رۆژانە دەست لە پێستەی خۆشکراوی بەراز دەدەن کە کراوە بە قەمسەڵەو ئێلەگ و پاڵتۆ، بەلاَم ئەمە ئەو حوکمەیان لەسەر لانابات کە بەکار هێنانیان شیاو نیە. والله اعلم.

**8- <u>پاکردنەوەی زەوی لە میزو شتی وا:</u>** ئەمیش بە ئاو ڕشتن دەبێت بەسەریدا، سەیدنا ئەنەس خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە: (جاء أعرابي فَبَالَ في طائِفَةِ المسجدِ فَزَجَرَهُ الناسُ، فَنَهَاهُمْ النبيُّ صلى الله عليه وسلم فَلَمَا أَقْضَى بَوْلَهُ أَمَرَ النبي صلى الله عليه وسلم بِذَنوبٍ من ماء فَأُهريقَ عليهِ) متفق عليه[191] واتە: ئەعرابیەک هاتە ناو مزگەوت و لە کەنارێکەوە میزی کرد! خەڵکەکە لێی راست بوونەوەو سەرزەنشتیان کرد، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بەرهەڵستی لێ کردن، کە کابرا تەواو بوو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی بە یاوەران دا کە دۆلکە ئاوێک بهێنن، هێنانیان و کرا بەسەر میزەکەدا! دیارە کە پێغەمبەری

---

189 ابن عبدالبر (التمهيد 178/4) .

190 المبسوط (202/1) ، و بدائع الصنائع (86/1) ، و البحر الرائق (106/1) ، حاشية ابن عابدين (204/1) ، المحلى (128/1).

191 بوخاری (219)، موسلیم (284).

پێشەوا صلى الله عليه وسلم مەبەستی بوو کە زوو شوێنەکە پاک بکرێتەوە، دەنا دەیزانی کە ئەگەر هەر واش لێی گەڕێن ووشک دەبێتەوە، بەوەش شوێنەکە دیسان پاک دەبێتەوە..

**9ـ پاکردنەوەی بیرو تەنەکە رۆن ودۆشاوو شتی وا کەپیسی تێکەوتبێت:**

پاکردنەوەی ئەمانە بە لابردنی خودی پیسییەکەو دەوروبەری دەبێت ئیتر ئەوەی دیکەی پاکە، چونکە فەرموودەکەی ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ لە پێغەمبەری خوایان صلى الله عليه وسلم پرسی کە ئەگەر مشکێک کەوتە رۆنەوە چی بکەن؟ فەرمووی: (أَلْقُوهَا وَمَا حَوْلَهَا فَاطْرَحُوهُ وَكُلُوا سَمْنَكُمْ)[192] واتە: مشکەکە فڕێدەن و ئەوەی دەوروبەریشی رامالّن و رادەن، ئەوجا رۆنی خۆتان بخۆن..

..........................

192 بوخاری (34).

## ئایا پاك کردنەوە هەر دەبێت بە ئاو بێت ؟
## یان بە شلەمەنی دیکەش دەبێت ؟

رای زانایان لەمەشدا جوێیە :

**یەکەم: ئەو زانایانەی دەفەرموون: پاکردنەوە هەر دەبێت بە ئاو بێت:**

دەفەرموون هەر کەسێک غەیری ئاویشی پێ راست بێت دەبێت بەڵگەی لەسەر بهێنێتەوە.. ئەمەش رای زانراوی ئیمامی مالیک و ئەحمەدەو رای نوێی ئیمامی شافیعیش هەر وایە، شەوکانی و ئەوانەی هاوڕای ئەون[193] ئەم رایەیان پەسەند کردووە، بەڵگەشیان:

1ـ فەرمایشتەکەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێ: (وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّن السَّمَاء مَاء لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ) الانفال/11 واتە: ئەوە خوای گەورەیە کە لە ئاسمانەوە ئاو دەبارێنێت تا پاکتان کاتەوە پێی.. هەروەها ئایەتەکانی دیکەش کە لەسەر پاکژی ئاوی بارانن، هەر بەڵگەی ئەم بەڕێزانەن..

2ـ فەرمانەکەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کە لە رەفتاری کابرای ئەعرابیدا کە لە مزگەوتەکەدا میزی کرد فەرمووی ئاو بێنن و بیکەن بە جێ میزەکەیدا[194].. ئەو زانایانە فەرموویانە ئەوە فەرمان بووە، فەرمانیش بۆ واجب بوونە، فەرمانی لابردنی پیسیەکەی بە غەیری ئاو نەکردووە!

3ـ فەرموودەکەی لای ئەبو سەعلەبە کە فەرمووی: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانیدا کە قاپی ئەهلی کیتاب بە ئاو بشۆرێتەوە[195] .

---

193 بداية المجتهد (99/1) و الام (49/1) و السيل الجرار(49/1)..

194 متفق عليه (بوخاری 6025، موسلیم1930).

195 متفق عليه (بوخاری 5170، موسلیم1930).

4 ـ شەوکانی دەفەرموێ: (ئاو ئەسڵی پاکردنەوەی پیسییە، چونکە شەرع باسی لێوە کردووە کە پاکەو پاککەرەوەیە، بۆیە ناشێت شلەیەکی تر بەکاربهێنرێت، مەگەر بە بەڵگەیەکی تری شەرعی، دەنا نابێت، چونکە لادانە لە زانراوێک کە پاکەرەوەیە بۆ نەزانراوێک کە ئایا پاکەرەوەیە یان نا، ئەمەش لادانە لە ئاسانکاریەکانی شەرع).

**دووەم : ئەو زانایانەی پێیان وایە پاکردنەوە مەرج نیە هەر بە ئاو بێت :**

ئەمەش مەزهەبی ئیمامی ئەبوحەنیفەیەو ریوایەتێکی ئیمامی مالیک و ئیمام ئەحمەدو قەولی قەدیمی ئیمامی شافیعی ورای ئیمامی ئیبنوحەزم و شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییەو ئیبنو عوسێمینیشە[196].. ئەمیش پەسەندترە، چونکە:

1ـ ئاو کە پاک و پاکەرەویە رێ لەوە ناگرێت شلەی دیکەش هەبێت کە هەمان وەسفی هەبێت، چونکە لەوانەیە هۆ کاریگەرەکە شتێکی تر بێت، ئەمەش لە مەسەلەی پیسێتیدا دیارە[197].

دەڵێین: خۆ ئاشکرایە کە هەندێک کەرەستەی شلەو تۆزی سەناعی تاقیم کردن هەیە لە ئاویش باشتر پیسیی رادەدات و پاکژ دەکاتەوە.

2ـ شەرع لە هەندێک بابەتدا فەرمانی کردووە کە پیسێتی بە ئاو لا بدرێت، ئەمەش حوکمێکی گشتی نیە بۆ هەموو پاکردنەوەیەک.

3ـ شەرع رێی داوە هەندێک پیسیی بە غەیری ئاو پاک بکرێتەوە، وەکو تارات گرتن و خۆ پاک کردنەوە لە میزو پیسایی بە بەرد یان پاکردنەوەی نەعل بە خۆڵ، یان پاکردنەوەی داوێنی پۆشاک بە زەوی.. وە هەروەها .

---

196 البدائع (83/1) وفتح القدير (200/1) و مجموع الفتاوى (475/21) و المحلى (92/1 ـ 94) و الشرح الممتع (361/1 ـ 363).

197 الشرح الممتع (362/1).

4ـ لابردنی پیسیی لە لایەنی فەرمانەوە نیە، بەڵکو لە لایەنی خۆ لادانە لە رێپێنەدراو، بە هەر هۆیەک ئەنجام بدرێت حوکمە شەرعیەکەی پێ دەچەسپێت، لابردنی پیسیی نیەتی ناوێت، بەڵام ئەگەر موسوڵمانێک بە نیەتی خواوویستی لایبرد پاداشتی لەسەر وەردەگرێت، ئەمما ئەگەر پیسییەکە هەر لە خۆوە لاچوو بێ ئەوەی نیەتی ئەوو رەنجی ئەوی تێدا بووبێت، پیسیەکە لاچووەو ئەویش پاداشت و سزای لەسەر نابێت. بۆ نموونە موسوڵمانان لەسەر ئەوە رێکن کە ئەگەر شەراب لە خۆوە بوو بە سرکە پاک دەبێتەوە (ئەمە لای ئەوانەی کە شەرابیان پێ پیسە).

<u>ئەوەی پێم پەسەندترە ئەوەیە کە پیسیی ئەگەر بە غەیری ئاو پاک کرایەوە، حوکمەکەی پاک بوونەوەیەو تەواوە..</u>

<u>**چەند خاڵێکی تری بەسوود :**</u>

1ـ ئەگەر کەسێک پیسایی بە پۆشاکیەوە بوو، توانی بە کەرەستەیەکی پاکەرەوەی سەناعی لایدات، ئەوە حوکمی پاکی وەرگرتووەو مەرج نیە دوای ئەوە هەر بە ئاو بیشوات..

2ـ ئیمامی ئیبنوتەیمییە دەفەرموێ: ناشێت خۆراک وخواردنەوە بۆ لادانی پیسی بەکار بهێنێت چونکە ئیسراف و پارە بە فیڕۆ دانە[198] .

3 ـ ئەو پیسییانەی بە کەرەستەی تری جگە لە ئاو پاک دەبنەوە پیسیی حەقیقەتن و بە لەش و پۆشاک و جێگاوەن، ئەگینا پاک بوونەوە لە پیسیی حوکمی واتایی (غوسڵ دەرکردن لە لەش پیسیی) هەر دەبێ بە ئاو بێت.. چونکە غەیری ئاو ئەو حوکمەی پێ جێبەجێ ناکرێت..

* * *

198 مجموع الفتاوى (475/21).

# بابی پێنجەم

# سوونەتە سروشتیەکان

# باسی پێنجەم
# سوونەتە سروشتیەکان

1 ـ خەتەنە کردن 2 ـ تارات گرتن بە ئاو .
3 ـ سیواك کردن . 4 ـ نینۆك کردن .
5 ـ بەرسمێڵ کردن . 6 ـ ریش هێشتنەوە ؟
7 ـ بەرتاشین .
8 ـ هەڵکەندنی مووی بن باڵ.
9 ـ شتنی چرچولۆچی هەندێك شوێنی پێست وەکو سەر پە نجەو گوێچکەو ئەوانە ..
10 ـ ئاو لە دەم و لووت رادان ..

# باسی پێنجەم
# سوونتەتە سروشتیەکان

**مەبەست لە سوونەتە سروشتیەکان :**

سوونەتە گشتیەکان، ئەو رەفتارانەن کە هەر کەسێک بیانکات بە خاوەن ئەو سروشتە دەزانرێت کە خوای گەورە مرۆڤی لەسەر دروست کردووە، ئەو رەفتارانەش ئەوانەن کە خوای گەورە خۆشی دەوێن و کردوێتی بە سیمای هەموو پێغەمبەرانی خۆی سەلامی خوایان لێ بێت، تا بە سیفاتی نموونەییەوە دەرکەون، ئەم سیفەتانە هەر لە کۆنەوە یاساو تەعلیماتی دینییان دەربارە بۆ دارێژراوە تا بوونەتە سیفەتی سرووشتی کەسایەتی دیندار[199].

پابەندبوون بەم سونەتە سروشتیانەوە، هێنانەدی بەرژەوەندی دین و دنیایە، لەوانە جوانی سیماو روالەت و پاکژیی جەستەو دیمەنی دەرەوەی مرۆڤ[200].

**هەندێك لەو سوننەتە سروشتیانە کە لە فەرموودەی جیاوازدا هاتوون :**

1 ـ ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (الْفِطْرَةُ خَمْسٌ: الْخِتَانُ، وَالِاسْتِحْدَادُ، وَقَصُّ الشَّارِبِ، وَتَقْلِيمُ الْأَظْفَارِ، وَنَتْفُ الْإِبْطِ )[201] واتە: سوننەتە سروشتیەکان پێنجن: خەتەنەکردن، بەرتاشین، سمێڵ کورت کردنەوە، نینۆک کردن، هەڵکەندنی مووی بن باڵ.

---

199 الشوكاني : نيل الاوطار (109/1) ، العيني : عمدة القاري (45/22) .

200 المناوي : فيض القدير (38/1).

201 بوخاری (5891) ، موسلیم (257).

2 ـ عائیشە خوا لێی رازی بێت دەفـەرموێ: پێـغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (عَشْرٌ مِنْ الْفِطْرَةِ : قَصُّ الشَّارِبِ وَإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ وَالسِّـوَاكُ وَاسْتِنْشَاقُ الْمَاءِ وَقَصُّ الْأَظْفَارِ وَغَسْلُ الْبَرَاجِمِ وَحَلْقُ الْعَانَةِ وَنَتْـفُ الْـإِبْطِ وَانْتِقَاصُ الْمَاءِ وَنَسِيتُ الْعَاشِرَةَ إِلَّا أَنْ تَكُونَ الْمَضْمَضَةَ) واتـە: دە رەفتـار هەن لە سوونەتە سروشتیەکانن: سمێـڵ کـورت کردنـەوە، ریـش هێشتنەوە، سیواک کردن، ئاو لـەدەم رادان، نینـۆک کـردن، شـتنی چرچولۆچـی جەسـتە، هەڵکەنـدنی مـووی بـن بـاڵ، بەرتاشـین، بەکارهێنانی ئاو بۆ تارات گرتن)، موسعەب دەفەرموێ (یەکێکە لـە پیاوانی سەنەدی فەرموودەکە) دەیەمیانم بیرچۆتەوە ئەگەر ئاولـە لووت رادان نەبێت..

لـەم دوو فـەرمووده پـیرۆزەوە روون دەبێـتەوە کـە سـوونەتە سروشتیەکان زۆرن و مەرجیش نیە هەر ئەم دەیـە بـن کـە لێـرەدا هاتوون بەڵام ئەوە هەیە کە ئەمانە لەوانن:

1 ـ خەتەنە کردن 2 ـ تارات گرتن بە ئاو . 3 ـ سیواک کردن .

4 ـ نینۆک کردن . 5 ـ بەرسمێڵ کردن . 6 ـ ریش هێشتنەوە.

7 ـ بەرتاشین . 8 ـ هەڵکەندنی مووی بن باڵ .

9 ـ شتنی چرچولۆچی هەندێک شوێنی پێست وەکو سـەر پەنجـەو گوێچکەو ئەوانە ..

10 ـ ئاو لە دەم و لووت رادان..

* * *

## خەتەنە کردن

خەتەنە: ووشەیەکی عەرەبیە ئەسڵەکەی (خَتَنَ) یـە کـە لــە رووی زمانەوانیەوە کرداری رابوردووە بە مانای (بـڕی).. لــە زاراوەشــدا بریتیە لە لێـکردنەوەی ئـەو پێسـتەی بەسـەر گۆپکـەی زەکـەری نێرینەو سەری میتکەی مێیینەوەیە[202].

زانایان و شەرعناسان سێ رایان لەسەر خەتەنە هەبووەو هەیە:

1ـ ئەوانەی فەرموویانە لەسەر نێرینەو مێیینە فەرزە.

2ـ ئەوانەی فەرموویانە بۆ نێرینەو مێیینە سوننەتە.

3ـ ئەوانەی فەرموویانە لەسەر نێرینە فەرزەو بۆ مێیینە پەسەندە..

ئیبنو قودامەی مەقدیسی کە حەنبەلیە دەفەرموێ: خەتەنــە کـردن لەسەر پیاوان فەرزە، لەسەر ژنان فەرز نیە هەر جێ رێزێکە بۆیان، ئەمەش رای زۆرینەی ئەهلی عیلمە(المغني 85/1)..

ئیمامی نەوەوی کە ئیمامی دووەمی مەزهەبی شـافیعیە (کـوردیش شافیعین) دەفەرموێ: رای راست ئەوەیە کە ئیمامی شافیعی فەتوای لەسەر داوەو جمهوری زانایان فـەرموویان کـە لەسـەر پیـاوو ژن فەرزە (المجموع 301/1 ) ..

ئەوەی گەیشتووینێ ئەوەیە والله اعلم کە تەنها خەتەنــە کـردنی نێرینە فەرزە:

1ـ چونکە دروشمی ناسینەوەی موسوڵمانانە کە لەسەر سوننەتی سەیدنا ئیبراهیمی باپیرەی خۆیان دەڕۆن، کە لە دیان و جولەکـەو شوێنکەوتووی دینەکانی تریان جوێ دەکاتــەوە.. لــە فــەرموودەی سەحیحدا لە ئەبو هورەیرەوە خوا لێی رازی بێت هاتووە کـە (إخْتَتَنَ

---

202 ابن القيم : تحفة الودود (ل 106 و 302) ، النووي : المجموع (310/1 )..

ابراهيمُ خَليلُ الرحمنِ بَعْدَ مَا أَتَتْ عَليه ثمانونَ ســـنةً)[203] واتــە: ئیبراهیمــی دۆستی خوا تەمەنی بوو بوو بە هەشتا ساڵ کە خەتەنە کرا.. خوای گــەورەش فــەرمانی بــە پێــغەمبەری پێشــەوامان صلی الله علیه و سلم کردووە کە شوێن پێی سەیدنا ئیبراهیم علیه الســلام هەڵگرێــت، وەک دەفەرموێ: (ثُمَّ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ أَنِ اتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا) النحل/ 123 واتــە : پاشان وەحیمان بۆ تۆ نــارد کــە بــە هــەقخوازی شوێــن میللــەتی ئیبراهیم بکەوە..

2 ـ پێــغەمبەر صلی الله علیه وسلم کــە کابرایــەک هاتــە خزمــەتی و موسوڵمان بوو پێی فەرموو: (أَلْــقِ عَنكَ شَعْرَ الكفرِ وَاخْتَتِنْ)[204] واتــە: مووی کوفر لەخۆت بکەرەوەو خۆت خەتەنە کە..

3ـ لێکردنەوەی پارچەیەک لە جەستە حەرامــە، ئــەوی حەڵاڵیشــی دەکات دەبێت لە حوکمی فەرزدا بێت..

مەزهەبی ئیمامی مالیک و شافیعی و ئەحمەد ئاوایە، بەڵام ئیمامی مالیک توندوتیژ ترە، تەنانــەت ئــەو فەرموویــەتی هــەر پیاوێــک خەتەنە نەکرابێــت ئیمامــەتی نوێــژ کردنیشــی جــائیز نیــەو بــە

---

203 بوخاری (6298) ، موسلیم (370).

204 ئەبو داوود (356) و بەیهیقی (172/1) بەڵام ئیبنوسسەیدلە صحیح فقه السنةدا دەفەرموێ: لە سەنەدەکەیاندا دوو کەسی نەناسی تێدایە و ئاڵقەیەکی سەنەدەکەش پساوە، بۆیە ئیمامان نەوەوی و شەوکانی رەحمەتیان لێ بێت بە زەعیفیان داناوە بەڵام شێخی ئەلبانی رەحمەتی بە هۆی ریوایاتی تریەوە لە سەحیحی ئەبو داوودا بە (حەسەن) ی داناوە، هەروەها لە کتێبی (إرواء الغليل) ەکەشیدا بە حەسەن هێناوێتیەوە .

شاهێدیش ناشێت، بۆیە مالیکیەکان دەفەرموون: هەر کەس نەیکات گوناهبار دەبێت[205]..

**خەتەنەکردنی کچان :**

خەتەنە کردنی مێیینە کارێکی شیاوە، واتە حەرام نیە، چونکە کە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (إذا الْتِقَى الخِتانانِ وَجَبَ الغُسْلُ)[206] واتە: ئەگەر خەتەنە کراوەکان بەر یەکتری کەوتن خۆشتنی غوسڵ دەرکردن فەرز دەبێت.

ئەو فەرموودانەی تر کە داوای خەتەنە کردنی کچان دەکەن، زەعیفن و حوکمی شەرعیان پێ دەرناکرێت، لەوانە فەرموودەکەی ئوم عەتییە کە دەفەرموێ: ئافرەتێک لە مەدینە هەبوو کچانی خەتەنە دەکرد، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێی فەرموو (لا تَنْهِكِي، فإنَّ ذلكَ أحْظى للمرأةِ وأحَبُّ الى البَعْلِ)[207] واتە: زۆری لێ نەبڕی، چونکە هەبوونی ئەوە بۆ ئافرەت خۆشترە و مێردیش پێی خۆشە. لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێ: (إذا خَفَضْتِ فَأَشِمِّي لا تَنْهِكِي؛ فإنَّ ذلكَ

---

205 ابن القيم : تحفة الودود (ل 113) .

206 ئیبنوماجە (611) سەحیحە، ئەسڵەکەشی لە سەحیحەیندایە کە دەفەرموێ: (وَمَسَّ الْخِتَانُ الْخِتَانَ فَقَدْ وَجَبَ الْغُسْلُ) واتە ئەگەر شوێنی خەتەنە کردنی پیاوەکە بەر شوێنی خەتەنە کردنی ئافرەتەکە کەوت غوسڵ کردنیان واجب دەبێت .. ئەم جێ خەتەنە کراوەش لای عەرەبەکانی سەردەمی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم زانراو بووە کە گۆپگەی زەکەری پیاوو میتکەی ئافرەت بووە .. ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خەتەنەکردنی کچان باو بووە ..

207 ئیبنوسسەیدلە صحيح فقه السنةدا دەفەرموێ: ئەبو داوود گێڕاوێتیەوە (5271) و بە زەعیفیشی داناوە ..

أنْظَرُ للوَجْهِ وأحْظى عندَ الزوجِ )[208] واتە: ئەگەر بڕیت زۆری لێ مـەگرە چونکە مانەوەی مایەی رووگەشیی ژنەو خۆشیی مێردەکەیە..

ئەو فەرموودەشیان کە هەندێک لە زانای مەزهەبەکان بە تایبەتی شافیعی ئیعتیمادیان کردۆتە سەر کە دەفـەرموێ: (الخِتانُ سُنَّةٌ للرِّجَالِ مَكْرُمَةٌ للنِّساءِ) واتە خەتەنە کردن بۆ پیاوان سوننەتەو بـۆ ژنـانیش رێزە (پەسەندە) ، کە ئیمامی ئەحمەد گێڕاوێـتیەوە فەرموودەیـەکی زەعیفەو نابێتە بەڵگە.. گەر سـەحیح بوایـە دەبـووە فەرمایشـتی بنبڕی موناقەشەو زۆر لەسەر چوونی نەدەهێشت..

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کـە حـوکمی شەرعی خەتەنە کردن بۆ ژن و پیاو وەکو یەک نیە ، خەتەنە کـردن لەسەر پیاوان فەرزەو بۆ ئافرەتان هیچ پابەندیەک نە بە فـەرز نـە

---

208 ئەبوداوود لە (السنن 368/4 و 5271) گێڕاوێتیەوە لەویشەوە البەیهیقی لە (السنن الكبرى 324/8) و ئیبنوعەدی لە (الكامل 217/6) و بەیهیقی هەر لەوەو لە (شعب الایمان 396/6 و 8645) و دیسان هەر بەیهیقی لە (السنن الكبرى 8324) گێڕاویانەتەوە و هەمووشیان بە زەعیفیان داناوە.. خەتیبی بەغدادی دەرهەقی دەفەرموێ : مونکەرە بڕوانە (التاريخ 327/5) و (جامع أحكام النساء 19/1).

بە فەزڵی خوای گەورە بۆم لوا کە سەیری ریوایەتی ئەنەسی کوڕی مالیک و عەلی کوڕی ئەبو تالیب وئوم عەتییەو ئیبنو عومەر لە زیاتر لە بیست سەرچاوەی حەدیس بکەم و بگەڕێمەوە سەر رەنجی دەیان توێژەرەوەی بەڕێزی وەکو بوخاری و موسلیم و ئەحمەدو ئەبو زەرعە (کە هەر یەکەیان بڕی شەش سەد هەزار حەدیسیان لەبەر بووە) یان توێژەرەوەی گەورەی وەکو شەوکانی و ئەلبانی، لە هەر هەموویان ئەوەم بۆ روون دەبۆوە کە حەدیسەکان زەعیفن و حوکمی شەرعیان پێ فەرز ناکرێت، هەر وەکو شێخی ئەلبانی فەرموویەتی لە(سلسلة الاحاديث الصحيحة 722) دا. سوپاس بۆ خوای گەورە لەسەر رێنمایی وئاسانکاریەکانی..

بە سوننەت پێویست ناکات.. ئەو بۆچوونەی شێخ ئیبنوعوسێمین رحمە اللە کە لە گەورە زانایانی حیجازبوو راستەو زیاتر جێبایەخ نەبوونی خەتەنەی کچان لە ئیسلامدا دەخاتە روو کە دەفەرموێ: خەتەنە کردنی پیاوان بەرژەوەندی پیاوەکانی تێدایە، چونکە بە نەبڕینی ئەو پێستەی سەر گۆپکەی زەکەیان مەرجێکی نوێژ نایاتە دی کە بریتیە لە پاکژیی ئەندامانی لەش، چونکە لە کاتی هەبوونی ئەو پێستەدا میزی تێدا کۆدەبێتەوە، بەڵام بۆ ئافرەتان وا نیە[209]..

دیسان لە توێژینەوەی ووردی ئەم مەسەلەیەوە ئەوەم بۆ دەرکەوت کە وەکو خوو نەریتی عەرەبەکانی پێش ئیسلام باو بووە بەڵام پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم بە شێوەیەکی زۆر دانایانە وەسف و چارەسەری ئەو دیاردەیەی ئاوا کردووە، ئەگەر پێی رەوا بوایە زیاتری جەخت لێ دەکردەوە چونکە خۆ ئەوە مەسەلەیەکە هەموو ماڵە سەحابەیەک رووەو رووی دەبوونەوە، گەر فەرز یان سوننەتی موئەککەدە بوایە حەتمەن ریوایاتی زۆری دەبوو..

ئەوەش بخەینەوە یاد کە شێوەی خەتەنە کردنی فیرعەونی زۆر خەتەر بووە کە لە ناو غەیرە موسوڵمانەکاندا باو بووە! کە بریتیە لە بڕینی هەموو میتکەکە!! بە داخەوە ئەم نەریتە جاهیلییە ئێستاش لە زۆر شوێنی ئەفریقا هەیە! بۆیە کەناڵی سی ئێن ئێنی ئەمریکایی لەسەر موسوڵمانان و دینەکەیان کردیە پەڵەیەکی گەورە کە واش نیە، لە کاتێکدا زیاتر لە شەش سەد ملیۆن موسوڵمان حەنەفین هەر نازانن خەتەنە کردنی کچان یەعنی چی..

داوام لە مامۆستایان و فەقێکانی ئیسلام ئەوەیە کە بە راستی ئیسلامەکەوە پابەند بن و ئەم حوکمە رەچاو کەن..

---

209 ابن عثيمين : الشرح الممتع (134/1) .

## ریش هێشتنەوە

**حوکمی ریش هێشتنەوە** : ریش هێشتنەوە یان ردێن بەردانەوە فەرزە، چونکە ئەو بەلگانەی لەسەری هەن، بە واجبی دەناسێنن، لەوانە:

یەکەم: پێغەمبەری پێشەوا صلى الله عليه وسلم فەرمانی بە پیاوان داوە کە ریش بهێڵنەوەو سمێڵیان کورت کەنەوە، ئەمەش فەرمانەو فەرمانیش واجب بوونە، ئەگەر لەفزێک هاورێی فەرمانەکە نەبوو لە واجبێتی بخات بە فەرزی دەیهێڵێتەوە، فەرمانەکانی پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم کە لەسەر ریش هێشتنەوەن هیچ لەفزێک یان مانایەکی تریان لێ نافامرێتەوە کە بە فەرمانی نەمابن. وەکو:

1ـ (خَالِفُوا الْمُشْرِكِينَ وَفِّرُوا اللِّحَى وَأَحْفُوا الشَّوَارِبَ)[210] واتە: پێچەوانەی موشریکان بن، ریش بهێڵنەوەو سمێڵ کورت کەنەوە..

هەروەها: (جُزُّوا الشَّوَارِبَ وَأَرْخُوا اللِّحَى خَالِفُوا الْمَجُوسَ)[211] واتە: سمێڵ کورت کەنەوەو ریش بەردەنەوە، پێچەوانەی رەفتاری مەجووسیەکان بکەن..

2 ـ ئەو دوو فەرموودەو ئەوانی تری ئەم باسە، ئەوە دەسەلمێنن کە ریش تاشین شوبهاندنە بە کافران.

3 ـ ریش تاشین لە گۆرینی خەلقی خوایەو گوێڕایەڵی کردنی شەیتان و جێبەجێ کردنی فەرمانی ئەوە، ئەو فەرمانەی کە وەکو بەڵێن بە خوای کردگاری دا کە ووتی: (وَلآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللَّهِ) النساء / 119 واتە: فەرمانیان پێ دەکەم تا خەڵقی خوا بگۆڕن..

---

210 بوخاری (5892) ، موسلیم (259).

211 موسلیم (260).

4 ـ ریش تاشین لێچواندنی رووی پیاوە بە رووی ئافرەتان، پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم لەعنەتی کردووە (دوعای دوور خستنەوە لە بەزەیی خوای گەورە) لەو پیاوانەی خۆیان بە ژنان دەچوێنن[212] ..

لەبەر ئەم بەلگانەیە کە ئیمامی ئیبنو تەیمییە دەفەرموێ: ریش تاشین حەرامە، ئیبنوحەزمیش کۆڕا (ئیجماع) ی زانایان و شەرعناسانی نەقلّ کردووە کە هێشتنەوەی فەرزەو تاشینی حەرامە[213]..

ئایا دەشێت لە قەبزە زیاتری ببڕێت؟!

هەندێک لە شەرعناسان رایان وایە کە ئەگەر کابرایەکی ریشدار، ریشی خۆی بە قولەمشتی گرت، چی لە خوارەوە زیادە بوو، بۆی هەیە بیبڕێت.. ئەمەیە کە پێی دەوترێت قەبزە.. بەلگەشیان ئەوەیە کە ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێت لە کاتی حەجدا یان عەمرەیدا ریشی خۆی گرت و هەرچیەکی لە قەبزە زیاتر بوو بڕی[214].. ئەو پۆلە زانایانەی ئەمە رایانە دەفەرموون، ئەوی فەرموودەی (ریش بهێڵنەوە) ەکەی ریوایەت کردووە هەر ئیبنوعومەر خۆیەتی، کەوابوو جەنابیان زاناترن بەوەی ریوایەتیان کردووە.. بەلام ئەمە لای زانایان و شەرعناسانی دیکە نەبۆتە بەلگەی بەهێز، چونکە:

1 ـ ئەمەی ئیبنوعومەر کردوێتی بە هۆی کۆتایی هێنانی ئیحرامی حەج یان عەمرەکەیەوەیەتی، ئەمەش بەلای ئەوانەوە جائیز بووە..

---

212 بوخاری (5885) ، ترمزی (2935).

213 ابن تیمیه: الاختیارات الفقهیه(ل10) ، ابن مفلح : الفروع (291/1) هەروەها بڕوانە: مراتب الاجماع و رد المحتار (116/2)..

214 بوخاری (5892) ، موسلیم (259).

2 ـ ئـەم رەفتـاری ئیبنوعومـەر لێـکدانەوەو جێـبەجێ کـردنی ئایەتەکەی حەجە کە دەفەرموێ: (مُحَلِّقِينَ رُؤُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ) الفتح/ 27 واتە: کاتێـک دەچـنە حـەج سـەرتان تاشـیووەو ریشـتان کـورت کردۆتەوە.. ئەمەش لە خواپەرستیەکدایە کە بەلای ئەو زانایانـەوە جائیزە[215]..

3 ـ ئەگەر یاوەر بە پێچەوانەی ئەوەی ریوایەتی کـردووە رەفتـاری کرد، حوکمی شەرعی لـە ریوایەتەکەیـەوە وەردەگیرێـت نـەک لـە تێگەیشتنی یان لە رەفتاریەوە، چونکە وەرگرتنی حـوکمی شـەرعی ئەوەیە کە لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم وەرگیرا بێت..

لەم توێژینەوە دەردەکەوێت کـە هێشـتنەوەی ریـش بـۆ پیـاوی موسوڵمان فەرزەو تاشینی حەرامە، پێویسـتە پیـاوی موسـوڵمان ریشی بەرداتەوە چونکە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لەم بارەوە هەمووی فەرمانن وەکو: (أعفوا .. ارخوا.. وفروا.. أوفوا.) ئەمەش رای زۆرینەی شەرعناسانە.. والله اعلم ..

## سیواك

**سیواك** : کە هەندێک کورد پێی دەڵێ: سیواوک، لە کرداری (سَاكَ) ەوە هاتووە بە مانای لێ خشاند. لە رووی زاراوەییەوە بریتیە لە: هێنان و بردنی چیلکەیەک یان هاوشێوەی بەسەر دانەکاندا بۆ پاک راگرتنی ، نەبادا زەردایی لێ بنیشێت[216].. ئەسڵ عەرەبەکان لە پێش ئیسلامیشەوە داری ئەراکیان بۆ سیواک کردن بەکار دەهێنا کە ئێستا سەلمێنراوە کە نەخۆشیەکانی کلۆری دان ناهێڵێت و

215 بڕوانە : شرح الكرماني على البخاري (111/21).

216 الشوكاني : نيل الاوطار(102/1) .

پارێزگاری مینای سەر ددانەکان دەکات و پووک لە ئاوسان و هەو کردن دەپارێزێت، لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی شتێکەو دەکەوێتە ناو دەم و سەر زمان، مێشک ئاراستە دەداتە زمان کە لیک و هۆرمۆنی تر برێژێت بەمەش بەردەوام سەر دانەکان تەڕ دەمێننەوە ئاشکراشە کە ووشکبوونی ددان هۆکاری سەرەکی رزین و هەڵوەرینێتی.. ئەگەر کەسێک داری ئەراکی دەست نەکەوت دەشێت دارێکی تر بکاتە سیواک، یان هەر فڵچەیەک بەکار بهێنێت، ئەگەر هەر نەبوو پەنجەی خۆی..

سیواک کردن لە هەموو کاتەکانی شەووڕۆژدا شتێکی باشە، چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە وەسفیدا دەیفەرموو: ( السُّواكُ مُطَهِّرَةٌ لِلْفَمِ، مُرْضَاةٌ لِلرَّبِّ )[217] واتە: سیواک پاکژکەرەوەی دەمەو مایەی رەزامەندی خوای گەورەیە.. بەڵام لە هەندێک کاتدا زیاتر تەئکید لە بەکارهێنانی سیواک کراوەتەوە، وەکو:

1 ـ کاتی دەسنوێژگرتن: لەبەر فەرموودەکەی لای ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (لَوْلَا أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ مَعَ الْوُضُوءِ )[218] واتە : ئەگەر سەخت نەبوایە لەسەر ئوممەتەکەم فەرمانم پێ دەدان کە سیواک لە کاتی هەموو دەسنوێژێکدا بەکار بهێنن..

2 ـ کاتی نوێژکردن: لەبەر ئەو فەرموودەیەی تری لای ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت کە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (لَوْلَا أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ عِنْدَ

---

217 نەسائی (50/1) . ئەحمەد (47/6 ، 62) پلەی سەحیحە .

218 ئیمامی ئەحمەد، لە ( صحيح الجامع ) دایەو ژمارە (5316) یە .

كُلِّ صَلَاةٍ)[219] واتە: گەر سەخت نەبوایە لەسەر ئوممەتەكەم فـەرمانم پێ دەدان كە سیواک لە كاتی هەموو نوێژێكدا بەكار بهێنن ..
3 ـ كاتی قورئان خوێندن: لەبەر ئـەو فەرموودەیـەی لای سـەیدنا عەلی كوڕی ئـەبو تالیبـە خـوا لێـی رازی بێـت كـە دەفـەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمانی پێـكردبووین كـە سـیواک بەكار بهێنین چونكە : (إنَّ الْعَبْدَ إذَا قَامَ يُصَلِّي أَتَاهُ مَلَكٌ فَقَامَ خَلْفَهُ يَسْتَمِعُ الْقُرْآنَ وَيَدْنُو، فَلَا يَزَالُ يَسْتَمِعُ وَيَدْنُو حَتَّى يَضَعَ فَاهُ عَلَى فِيهِ ، فَلَا يَقْرَأُ آيَةً إلَّا كَانَتْ فِي جَوفِ الْمَلَكِ)[220] واتە: كاتێک بەندەیەكی خوا بۆ نوێژ كردن هەڵدەستێت، فریشـتەیەک دێـتە پشـتیەوەو گـوێ لـە قورئانەكـە دەگرێت و زیاتر لێی نزیک دەبێتەوە، ئیتر هەر وا گـوێ دەگرێـت و نزیكتر دەبێتەوە تا دەمی دەخاتە سەر دەمی ئەو ، ئیتـر ئـەم هـەر ئایەتێک بخوێنێتەوە دەچێتە بۆشایی سینەی فریشتەكەوە..
4 ـ كاتی چوونە ماڵەوە: چونكە میقدامی كوڕی شورەیح خوا لێیان رازی بێت لە باوكیەوە دەگێڕێـتەوە دەفـەرموێ: لـە عائیشـەخانم پرسی كە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم كە دەهاتەوە مالــەوە بـە چی دەستی بە رەفتاری خۆی دەكرد؟! فەرمووی: بە سیواک كردن[221].
5 ـ كــاتی شەونوێــژ: لەبــەر ئــەو فەرموودەیــەی لای ســەیدنا حوزەیفەیە كە فەرمووی: كە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم (كَـــانَ

---

219 بوخاری (6813) ، موسلیم (252) .
220 بەیهیقی (38/1) ئەلبانی لە سلسلة الاحاديث الصحيحة ژمارە (1213) بە سەحیحی داناوە.
221 خاوەن سوحاحی ستتە گێڕاویانەتەوە جگە لە بوخاری و ترمزی..

إِذَا قَامَ لِلتَّهَجُّدِ مِنْ اللَّيْلِ يَشُوصُ فَاهُ بِالسِّوَاكِ )[222] واتە: کە بۆ شەونوێـژ هەڵدەستا سیواکی بە دەم و دانیدا دەهێنا..

6 ـ بێ گومان کاتی ناخۆشی تامی دەم و کاتی زیادبوونی زەردایـی سەر ددانەکان و پێش تێکەڵاوبوونی خـەڵکی لـە رۆژانی هـەینی و بۆنەکان .

ئیمامی ئیبنولقەییم رحمه الله دەفەرموێ: سیواک: دەم بۆن خۆش دەکات، گەدە دەحەوێنێتەوە، دەنگ ساف دەکات، یارمـەتی هـەرس کردنی خۆراک دەدات، دەزوولەکانی دەنگ پاک دەکاتـەوە، چـالاکی قورئان خوێندن و زیکرو نوێژەکان زیاتر دەکات، جـێ سەرسـامیی فریشتەیە، مایەی زیادبوونی چاکەیە، لەسەر هەمووشیانەوە جێـی رەزامەندی خوای گەورەیە..

چۆنیەتی بەکارهێنانی:

1 ـ سیواکەکە پێش و پاش بەکارهێنانی بشۆ.

2 ـ بەیانیان بەشـە بەکارهاتووەکـەی سـەرەوەی بـبڕەو لایـدەو بەشێکی نوێ (سانتیمەترێک زیاتر بێت) بەکار بهێـنە، بـەوەی کـە توێکڵەکەی سەروەی لا ببەیت.

3 ـ لە راستەوە بۆ چەپ، هەروەها لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەسـەر دانەکانتیدا بهێنە.

4 ـ لە کۆتا بەکارهێناندا بە زامانتیدا بهێنە، چونکە 75% ی بـۆنی دەم لە زمانەوە دێت نەک لە دان و بۆشایی گەروو..

5 ـ جارێکی تری پاش بەکارهێنان بشۆرەوە..

---

222 بوخاری (246) ، موسلیم (255).

**سوونەتە سروشتیەکان و ماوەیان**

ئایا نینۆک کردن و سمێڵ کورت کردنەوەو مووی بن باڵ هەڵکێشان و بەرتاشین پەیوەندییان بە کاتەوە هەیە؟! ئایا کاتیان بۆ دیاری کراوە کە دەبێت لەو ماوەیەدا بکرێن؟!

وەڵام : کردنی ئەمانە بە پلەی سەرەکی ئیعتیماد دەکاتە سەر رادەی پێویستی ئەو کەسە بە کردنیان، هەیە تووکنەو پێوویست دەکات زوو زوو مووی بکات، هەیە نەشونمای زۆرترەو نینۆکی زووتر زیاد دەبێتەوەو دەبێت بیانکات.. بەڵام ئەوە بزانرێت کە نابێت هیچ یەکێک لەمانە لە چل رۆژ زیاتر توول بکێشن.. چونکە ئەنەسی کوڕی مالیک خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە بۆ کورت کردنەوەی سمێڵ و نینۆک کردن و هەڵکێشانی مووی بن باڵ و بەرکردن، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم رێی نەداوە لە چل رۆژ زیاتر تێپەڕێن..

* * *

# باسی شەشەم

# دەسنوێژ

# باسی شەشەم

# دەسـنوێــژ

1ـ پێناسەو گەورەریی دەسنوێژ.

2ـ چۆنیەتی دەسنوێژ گرتن. 3ـ نییەتی دەسنوێژ

4ـ ئەرکانەکانی. 5 ـ سوونەتەکانی.

6 دەسنوێژ شکان. 7ـ هەندێك باسی تری دەسنوێژ.

8 لەوانەی دەسنوێژ ناشکێنن.

9ـ دەسنوێژی ژن و پیاو.

10ـ ئەو حاڵەتانەی باشترە دەسنوێژی هەبێت.

11 دەسنوێژ بۆ تەوافی کەعبە.

12 ـ دەسنوێژ بۆ قورئان خوێندن.

## باسی شەشەم
## دەســـنوێژ

**پێناسەی:** دەسنوێژ لە زمانی کوردیدا وەکو زاراوەیەک بەرامبەر بە (الوضوء)ی عەرەبی دانراوە، کە ئاماژەی تێدایە بۆ شتنی دەست و ئەندامە دیاری کراوەکانی تری لەش وەک پێشەکی نوێژ.. بەڵام ئەسڵەکەی لە زمانەوانی عەرەبیدا لە چاووگی (الوَضاءَة)ەوە هاتووە کە بە مانای پاکوخاوێنی و تەڕو پاراوییە. (الوُضوء) بە هەبوونی بۆر (ضَمَّة) لەسەر واوەکەی بە مانای کرداری دەسنوێژ گرتنەکەیە، بە هەبوونی سەر (فَتْحَة) لەسەر واوەکەی (الوَضوء) مانای ئەو ئاوە دەگەیێنێت کە دەسنوێژەکەی پێ دەگیرێت[223]..

لە رووی زاروەییشەوە بریتیە لە بەکارهێنانی ئاو بۆ هەندێک ئەندامی لەش (دەست و دەموچاوو سەرو پێ) تا رێی نوێژکردن و خواپەرستنی تری پێ بکرێتەوە..

دەسنوێژ گرتن رەفتارێکی شەرعیە چونکە بەڵگەی لە قورئان و سوننەت و کۆڕای زانایاندا هەیە:

- خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ) المائدة/6 واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر بۆ نوێژ هەستان با دەموچاوو دەستان تا ئانیشک شتبێت ومەسحی سەرتان کردبێت وپێشتان تا قولەپێ شتبێت..

ـ وەکو سوونەتیش: فەرموودەی زۆر هەیە کە گرتنی دەسنوێژ بۆ نوێژ کردن بە فەرز دەناسێنن، وەکو:

223 القاموس (33/1) ، مختار الصحاح (575) ، المجموع (355/1).

1 ـ ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (لا تُقْبَلُ صَلاةُ أحَدِكُمْ إذا أحْدَثَ وَلَمْ يَتَوَضَّأ)[224] واتە: نوێژی هیچ کەسێکتان قبووڵ نابێت ئەگەر دەسنوێژی شکابێت و نەیگرتبێتەوە..

2 ـ ئیبنوعومەر خوالێیان رازی بێت دەفەرموێ: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەیفەرموو: (لا يَقْبَلُ اللهُ صَلاةً بِغَيرِ طُهُورٍ)[225] واتە: خوای گەورە نوێژ لە هیچتان بەبێ دەسنوێژ قبووڵ ناکات..

3 ـ ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (إنَّمَا أُمِرْتُ بِالوُضُوءِ إذا قُمْتُ الَى الصَّلَاةِ)[226] واتە: فەرمانی ئەوەم پێکراوە کە هەستام بۆ نوێژ دەبێت دەسنوێژم هەبێت..

4 ـ ئەبوسەعیدی خودری خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (مِفْتَاحُ الصَّلَاة الطُهُورُ، وَتَحرِيمُهَا التَّكْبِيرُ، وَتَحْلِيلُهَا التَّسْلِيمُ)[227] واتە: کلیلی نوێژ دەسنوێژە، سەرەتای

224 بوخاری (135) ، موسلیم (225).

225 موسلیم (160/1 ژ 224).

226 ترمزی (1848)، ئەبوداوود (3760)، نەسائی (73/1) بڕوانە: الالبانی: (صحیح الجامع ژ 2333) .

227 کمال ابن السید لە صحیح فقه السنة (108/1) دا دەفەرموێ: حسن لغیره ، أخرجه الترمذي (1848)، ابوداود (60)، ابن ماجه (275)، شێخی ئەلبانیش لە (صحیح الجامع 5761 ) بە سەحیحی داناوە.

حەرامبوونی قسە تێیدا تەکبیری دەسپێکێتی، رێدانەوە بە قسە دوای سەلام دانەوەیەتی..

ـ ئەمما کۆڕا (ئیجماع) ی زانایان ، ئەوە بەناوبانگە کە شەرعناسان فەرموویانە: نوێژ بە بێ دەسنوێژ نابێت، مەگەر کەسێک بە هیچ کلۆجێک نەتوانێت بیگرێت یان تەیەمومی بۆ نەکرێت[228]..

**گەورەیی دەسنوێژ**

1 ـ **دەسنوێژ نیوەی باوەڕە:** ئەبو مالیکی ئەشعەری خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (الطُّهُورُ شَطْرُ الايمانِ) واتە: دەسنوێژ نیوەی باوەڕە..

2 ـ **گوناحە گچکەکان رادەدات:**

* ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (إِذَا تَوَضَّأَ الْعَبْدُ الْمُسْلِمُ أَوْ الْمُؤْمِنُ فَغَسَلَ وَجْهَهُ خَرَجَ مِنْ وَجْهِهِ كُلُّ خَطِيئَةٍ نَظَرَ إِلَيْهَا بِعَيْنَيْهِ مَعَ الْمَاءِ أَوْ مَعَ آخِرِ قِطْرِ الْمَاءِ ، وَإِذَا غَسَلَ يَدَيْهِ خَرَجَ مِنْ يَدَيْهِ كُلُّ خَطِيئَةٍ بَطَشَتْهَا يَدَاهُ مَعَ الْمَاءِ أَوْ مَعَ آخِرِ قِطْرِ الْمَاءِ ، فَإِذَا غَسَلَ رِجْلَيْهِ خَرَجَتْ كُلُّ خَطِيئَةٍ مَشَتْهَا رِجْلَاهُ مَعَ الْمَاءِ أَوْ مَعَ آخِرِ قِطْرِ الْمَاءِ حَتَّى يَخْرُجَ نَقِيًّا مِنْ الذُّنُوبِ)[229]واتە: کە موسوڵمانێک (یان ئیمانداریک) دەسنوێژ دەگرێت، ئەو ساتەی دەموچاوی دەشوات لەگەڵ دلۆپە ئاوەکاندا (یان لەگەڵ کۆتا دلۆپەدا) ئەو گوناحانەی هەڵدەوەرێن کە بە چاوو ڕووی کردونی.. ئەو ساتەی دەستی دەشوات لەگەڵ دلۆپە ئاوەکاندا (یان لەگەڵ کۆتا دلۆپەدا) ئەو گوناحانەی هەڵدەوەرێن کە بە دەستی کردونی ، ئەو ساتەی

---

228 ابن المنذر : الاوسط (107/1).

229 موسلیم (151/1 ، ژ 244) وئەوانی تریش.

پێیەکانی دەشوات لەگەڵ دڵۆپە ئاوەکاندا (یان لەگەڵ کۆتا دڵۆپەدا) ئەو گوناحانەی هەڵدەوەرێن کە بە پێ بۆیان چووەو کردونی، ئاوا تا لە گوناح پاک دەبێتەوە..

* سەیدنا عوسمانی کوڕی عەففان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەسنوێژی دەشت، پاشان فەرمووی: (مَنْ تَوَضَّأَ هَكَذَا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ وَكَانَتْ صَلَاتُهُ وَمَشْيُهُ إِلَى الْمَسْجِدِ نَافِلَةً)[230] واتە: هەر کەسێک ئاوا دەسنوێژ بشوات، لە گوناحی بەرو دوای دەبورێت، نوێژو چوونە مزگەوتی بۆ دەبێت سوونەت..

* ـ ئەم پاداشتە گەورەیە زیاتر دەچەسپێت کە دوو رکات نوێژیشی لەگەڵدا بێت، وەکو لە فەرموودەیەکی تری سەیدنا عوسماندا هاتووە خوا لێی رازی بێت پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (مَنْ تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا ثُمَّ قَامَ فَرَكَعَ رَكْعَتَيْنِ ، لَا يُحَدِّثُ فِيهِمَا نَفْسَهُ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ)[231] واتە : هەر کەسێک وەک ئەم دەسنوێژەی من بگرێت و پاشان دوو رکات نوێژی بەدوادا بکات و بەدووی قسەی نەفسی خۆیدا نەڕوات[232]، خوای گەورە لە گوناحەکانی پێشووی دەبورێت.

* ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (إِذَا تَوَضَّأَ أَحَدُكُمْ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ ثُمَّ خَرَجَ إِلَى الْمَسْجِدِ لَا يَنْزِعُهُ إِلَّا الصَّلَاةُ لَمْ تَزَلْ رِجْلُهُ الْيُسْرَى تَمْحُو عَنْهُ سَيِّئَةً

---

230 موسلیم (144/1 ، ژمارە 229) وئەوانی تریش.
231 بوخاری (6433) ، موسلیم (226).
232 هۆش و گۆشی نەڕوات و نەکەوێتە زۆر بلێیی.

وَتَكْتُبُ لَهُ الْيُمْنَى حَسَنَةً حَتَّى يَدْخُلَ الْمَسْجِدَ)[233] واتە : ئەگەر کەسێکتان دەسنوێژێکی راست و دروستی گرت و تەنها لەبەر خاتری خوا بۆ نوێژ بەرەو مزگەوت کەوتە رێ، بە هەر هەنگاوێکی قاچی چەپی گوناحێکی لێ هەڵدەوەرێت و بە هەر هەنگاوێکی پێی راستی چاکەیەکی بۆ دەنوسرێت، تا دەگاتە ناو مزگەوتەکە..

* سەیدنا عوسمانی کوڕی عەففان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (مَنْ تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ، خَرَجَتْ خَطَايَاهُ مِنْ جَسَدِهِ حَتَّى تَخْرُجُ مِنْ تَحْتِ أظْفَارِهِ )[234] واتە: هەر کەسێک بە راست ودروستی دەسنوێژ بگرێت، گوناحەکانی لە جەستەی دەچنە دەرێ، تا وای لێ دێت لە بن نینۆکەکانیشیەوە گوناح دەڕواتە دەرەوە..

3 ـ <u>**دەسنوێژ پلەوپایەی خاوەنەکەی بەرز دەکاتەوە**</u>: ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (أَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى مَا يَمْحُو اللَّهُ بِهِ الْخَطَايَا وَيَرْفَعُ بِهِ الدَّرَجَاتِ قَالُوا بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ إِسْبَاغُ الْوُضُوءِ عَلَى الْمَكَارِهِ وَكَثْرَةُ الْخُطَا إِلَى الْمَسَاجِدِ وَانْتِظَارُ الصَّلَاةِ بَعْدَ الصَّلَاةِ فَذَلِكُمُ الرِّبَاطُ، فَذَلِكُمُ الرِّبَاطُ ، فَذَلِكُمُ الرِّبَاطُ)[235] واتە: ئەرێ شتێکتان پێ رانەگەیێنم کە گوناح دەسڕێتەوەو پلەوپایە بەرز دەکاتەوە؟! ووتیان: بەدی ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: دەسنوێژ

---

233 تەبەرانی گێڕاوێتیەوە و شێخی ئەلبانی لە (صحيح الجامع ژمارە 454) دا بە سەحیحی داناوەو ئەسڵەکەی ریوایەتی ئەبوهورەیرەیە خوا لێی رازی بێت لە بوخاری موسلیمدایە..

234 موسلیم (133/3) ئەوانی تریش .

235 موسلیم (251).

شتن لە کاتی نارەحەتیدا، زۆر هەنگاو هەڵهێنانەوەی چوونە مزگەوت، دوای نوێژ کردن چاوەڕوانی نوێژی داهاتوو، ئا ئەوە سەنگەر نشینیە، ئا ئەوە سەنگەر نشینیە، ئا ئەوە سەنگەر نشینیە.

4 ـ **دەسنوێژ رێی چوونە بەهەشتە** :

* ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرمویٚ: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بە بیلالی حەبەشی فەرموو: (يَا بِلَالُ حَدِّثْنِي بِأَرْجَى عَمَلٍ عَمِلْته فِي الْإِسْلَامِ، فَإِنِّي سَمِعْتُ دَفَّ نَعْلَيْكَ بَيْنَ يَدَيَّ فِي الْجَنَّةِ، قَالَ : مَا عَمِلْت عَمَلًا أَرْجَى عِنْدِي أَنِّي لَمْ أَتَطَهَّرْ طُهُورًا فِي سَاعَةٍ مِنْ لَيْلٍ أَوْ نَهَارٍ إِلَّا صَلَّيْتُ بِذَلِكَ الطُّهُورِ مَا كُتِبَ لِي أَنْ أُصَلِّيَ)[236] واتە: ئەریٚ بیلال، چ کردارێکت هەیە کە لە هەموو کارەکانتدا ئومێدی زیاترت بەو هەیە، چونکە لە بەهەشتدا لە پێش خۆمەوە، گوێم لە خشپەی نەعلەکانت بوو، فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا کارێکی وام نیە ئەوەندەی ئومێدە پێوە ببەستمەوە مەگەر ئەوەی کە هەموو جارێک شەو بێت یان رۆژ کە دەسنوێژ دەشۆم پاشان چەندم بۆ نوسرا بێت نوێژی پێوە دەکەم..

* عوقبەی کوڕی عامر خوا لێی رازی بێت دەفەرمویٚ: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەیفەرموو: (مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ يَتَوَضَّأُ فَيُسْبِغُ الْوُضُوءَ ثُمَّ يَقُومُ فَيَرْكَعُ رَكْعَتَيْنِ يُقْبِلُ عَلَيْهِمَا بِقَلْبِهِ وَوَجْهِهِ إِلَّا وَجَبَتْ لَهُ الْجَنَّةُ)[237] واتە: هەر کەسێک بە رێکوپێکی دەسنوێژی گرت و پاشان

---

236 بوخاری (1149) ، موسلیم (2458).

237 موسلیم (234) ، نەسائی (80/1) و ئەوانی تریش، ئەلبانی لە (صحیح الجامع ژ 6062) دا دەفەرمویٚ : سەحیحە..

دوو رکات نوێژی کرد کە دڵ و وهۆشی لێیان بێت، بەهەشتی مسۆگەرە..

5 ـ دەسنوێژ نیشانەی ناسینەوەی ئەم ئوممەتەیە : ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم چووە سەر گۆڕستانێک و فەرمووی: (السَّلامُ عليكُم دارَ قَومٍ مُؤمنينَ، وإنَّا إنْ شاءَ اللهُ بِكُمْ عنْ قَريبٍ لاحِقُونَ، وَدَدْتُ لَو أنَّا قَدْ رَأينَا إخوانَنا، قَالوا: أَلَسْنَا إخْوَانَكَ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قالَ: أنْتُم أصْحَابِي، وَإخوانُنَا الذينَ لَمْ يَأتوا بَعْدُ، فَقَالُوا: كَيفَ تَعْرِفُ مَنْ لَمْ يَأْتِ بَعْدُ مِنْ أُمَّتِكَ يَا رسولَ اللهِ؟ فَقال : أَرَأَيْتَ لَو أنَّ رَجُلاً لَهُ خَيلٌ غُرٌّ مُحَجَّلَةٌ بَينَ ظَهْرَي خَيلٍ دُهْمٍ بُهْمٍ أَلَا يَعْرِفُ خَيْلَهُ قَالُوا بَلَى يا رسُولَ الله ، قَالَ : فَإنَّهُمْ يَأتونَ غُرَّاً مُحَجَّلِينَ مِنْ الوُضوءِ وأنَا فَرْطُهُمْ عَلَى الحَوضِ، أَلَا لَيُذَادَنَّ رِجَالٌ عَنْ حَوضي كَمَا يُذَادُ الْبَعيرُ الضَّالُّ، أنَاديهم أَلَا هَلُمَّ ، فَيُقَالُ إنَّهُمْ قَدْ بَدَّلُوا بَعْدَكَ ، فَأقُولُ سُحْقَاً سُحْقَاً)[238] واتە: سڵاوی خواتان لێ بێت ئەی خەڵکی موسوڵمانی ناوچە، ئێمەش ئەگەر خوا حەز کات بەم نزیکانە پێتان دەگەین.. حەزم دەکرد براکانی خۆمانمان ببینیایە، پرسییان: ئەدی ئەی پێغەمبەری خوا ، ئێمە برات نین؟! فەرمووی: ئێوە یاوەرانی منن، برایانمان ئەوانەن کە دوای ئێمە دێن ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، جەنابت چۆن تاک تاکی ئوممەتەکەی خۆت کە هێشتا نەهاتوون دەناسیتەوە؟! فەرمووی: باشە، ئەگەر کابرایەک ئەسپی قەشانی لوولاق سپی لە ناو ئەسپی رەشدا هەبێت نایانناسێتەوە؟! ووتیان: بەدی ئەی پێغەمبەری خوا، ئینجا فەرمووی: (شوێن کەوتووانی من کە لە قیامەتدا دێنە پێش)

---

238 موسلیم (150/1 ، ژ 249).

ناوچەوان و دەست و بازوویان لە ئاسەواری دەسنوێژگرتنیان سپیە من خۆم پێش ئەوان دەچمە سەر حەوزەکە، ئەوجا هەر وەکو کە لە دنیادا حوشتری وێڵ ئاڕاستە دەکرێت، پیاوانێک دەبینرێن هەوڵ دەدەن بێن و رێنیشاندەری بکرێن و تا بێنە سەر حەوزەکە، منیش بانگیان دەکەم : کورە بەرەو لای من وەرن، بەڵام رێیان لێ دەگیرێت، ئینجا دەوترێت: ئەوانە پاش جەنابت زۆر گۆڕان ولە رێ دەرچوون، منیش دەڵێم: دەی هەر با دوور خرێنەوە، با دوور خرێنەوە.

ئیمامی نەوەی رەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ: (الغُرَّة قەشانی رەنگی مووی سپیە کە بە ناوچەوانی ئاژەڵەوەیە، (التَّحْجيل) : سپێتی مووەکانە کە بە سێ لولاقی هەندێ ئەسپەوە دەبێت.. مەبەستی پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم ئەوەیە کە ئاسەواری دەسنوێژ بۆ موسوڵمانانی ئوممەتەکەی بۆتە نووری ناوچەوانیان، دەست و پێشیان نوریان لێ دەدرەوشێتەوە[239] .

6 ـ **دەسنوێژ لە رۆژی قیامەتدا دەبێتە مایەی نوورانێتی موسوڵمان** : ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (تَبْلُغُ الحِلْيَةُ مِنْ المؤمِنِينَ حَيْثُ يَبْلُغُ الوَضوءُ)[240] واتە: نوری دەموچاوو دەستی موسوڵمان دەگاتە ئەو شوێنانەی کە ئاوی دەسنوێژی بەرکەوتوە..

7 ـ **دەسنوێژ گرێ کوێرەی شەیتان دەکاتەوە** : ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: ( يَعْقِدُ الشَّيْطَانُ عَلَى قَافِيَةِ رَأْسِ أَحَدِكُمْ إِذَا هُوَ نَامَ ثَلَاثَ عُقَدٍ يَضْرِبُ كُلَّ عُقْدَةٍ

---

239 النووي: شرح مسلم (100/3).
240 موسلیم (250)، نەسائی (81/1).

عَلَيْكَ لَيْلٌ طَوِيلٌ فَارْقُدْ فَإِنْ اسْتَيْقَظَ فَذَكَرَ اللَّهَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ فَإِنْ تَوَضَّأَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ فَإِنْ صَلَّى انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ فَأَصْبَحَ نَشِيطًا طَيِّبَ النَّفْسِ وَإِلَّا أَصْبَحَ خَبِيثَ النَّفْسِ كَسْلَانَ)[241] واتە: هەر یەکێکتان کە دەخەوێت شەیتان لە پشت سەریەوە سێ گرێ دەدات ، لەگەڵ هەر گرێیەکیاندا دەڵێت: برۆ راکشێ، شەوێکی تووڵانیت بەسەردا بێت[242]، ئەگەر کابرا خەبەری بۆوەو زیکری خوای کرد گرێیەکیان دەکرێتەوە، ئەگەر دەسنوێژی گرت گرێیەکی تریشیان دەکرێتەوە، ئەگەر نوێژی کرد ئەوا گرێی سێیەمیش دەکرێتەوەو ئیتر گورجوگۆڵ و دەروون ئاسوودە دەبێت، ئەگەر نا ئەوە ئیتر دەروون ئاڵۆزو تەمەڵ و تەوەزەل دەبێت..

* * *

241 بوخاری (1142)، موسلیم (776).

242 یەعنی خەوت قورس بێت و بۆ خێرێک هەڵنەسیتەوە.

## کورتەی چۆنیەتی دەسنوێژگرتن

حومرانی خزمەتکاری سەیدنا عوسمانی کوڕی عەففان خوا لێیان رازی بێت گێڕایەوە کە: (أَنَّهُ رَأَى عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ دَعَا بِوَضُوءٍ فَأَفْرَغَ عَلَى يَدَيْهِ مِنْ إِنَائِهِ فَغَسَلَهُمَا ثَلَاثَ مَرَّاتٍ ثُمَّ أَدْخَلَ يَمِينَهُ فِي الْوَضُوءِ ثُمَّ تَمَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ وَاسْتَنْثَرَ ثُمَّ غَسَلَ وَجْهَهُ ثَلَاثًا وَيَدَيْهِ إِلَى الْمِرْفَقَيْنِ ثَلَاثًا ثُمَّ مَسَحَ بِرَأْسِهِ ثُمَّ غَسَلَ كُلَّ رِجْلٍ ثَلَاثًا ثُمَّ قَالَ رَأَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَتَوَضَّأُ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا وَقَالَ مَنْ تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ لَا يُحَدِّثُ فِيهِمَا نَفْسَهُ غَفَرَ اللَّهُ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ)[243] واتە: سەیدنا عوسمانی بینی کە داوای جامێک ئاوی دەسنوێژی کرد، سێ جاران ئاوی لە جامەکەوە بەسەر دەستیدا کرد وشتنی، پاشان دەستی راستی کرد بە ئاوەکەداو لوێچە ئاوی دەرهێناو دەم و لووت پێ رادا، پاشان سێ جاران دەموچاوی شت، هەروەها سێ جار دەستەکانی تا ئانیشکەکانی شت، پاشان مەسحی سەری کرد، ئینجا سێ جاران پێیەکانی تا قولەپێ شت، پاشان فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: هەر کەسێک ئاوا ئەم دەسنوێژەی من بگرێت، پاشان دوو رکات نوێژ بکات و نەکەوێتە قسەی زیادەوە، ئەوە لە هەموو گوناحەکانی پێشووی دەبوررێت..

لەم فەرموودەو ئەوانی دیکەی کە وەکو ئەمن (کە دواتر دەیاهێنینەوە) دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی کورتەی چۆنیەتی دەسنوێژ بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری بکەین:

1 ـ نیەتی دەسنوێژ دەهێنێت، کە دەیەوێت بێ نوێژێتی خۆی لادات.

---

243 بوخاری (158 ، و 6433)، موسلیم (226).

2 ـ بسم الله دەکات.
3 ـ سێ جار دەستەکانی دەشوات.
4 ـ بە دەستی راستی و بە یەک لۆێچ ئاو لەدەم و لووتی پێکەوە را دەدات، پاشان تفی دەکاتەوەو فم دەکات..
5 ـ سێ جار بە دەستی چەپی فم دەکات.
6 ـ سێ جار دەموچاوی دەشوات و ریشی هەڵدەگلۆفێت.
7 ـ دەستی راستی پاشان دەستی چەپی تا ئانیشکی دەشوات، هەر بە پەنجەکانی دەست بە نێوان پەنجەکانیدا دەهێنێت.
8 ـ بە دەستی تەڕ مەسحی سەری دەکات، بەوەی یەکجار دەستی بە پێشەوەی سەریدا دەباتە پشت سەری و دەیهێنێتەوە..
9 ـ مەسحی ناوەوەو دەرەوەی گوێچکەکانی دەکات.
10 ـ پێیەکانی تا قولەپێ دەشوات، پێی راستی پێش چەپی، لەگەڵ دەست وەردان لە نێوان پەنجەکانی پێی..

**نییەت مەرجی دروستی دەسنوێژە**

ئیمامی مالیک وشافیعی وئەحمەدو ئەبو سەورو داوود دەفەرموون بۆ راستی و دروستی دەسنوێژ نییەت مەرجە[244]، نییەت وویست و ئیرادەی دڵە کە خاوەنەکەی نیازی وایەو دەیەوێت ئەم خواپەرستیە بهێنێتە دی کە دەسنوێژ گرتنە، چونکە ئەمە لە هەموو خواپەرستیەکدا داواکراوە، وەک خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا أُمِرُوا

244 مەرج: بریتیە لە هۆکارێک کە ئەگەر نەهاتە دی مەرج لەسەر کراوەکەشی نایاتە دی، مەرج پێش مەرجکراوەکەیە، بۆ نموونە دەسنوێژ مەرجی نوێژە، ئەگەر کەسێک دەسنوێژی نەبوو، نوێژیش بکات لێی قبووڵ ناکرێت و وەک ئەوەیە کە نەیکردبێت..

إِلاَّ لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء) البينة/ 5 واتە: فەرمانی ئەوەیان پێدرابوو کە تەنها خوای پاک و تاک بە سەرڕاستانە بپەرستن..

پێغەمبەری پێشەواش صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : ( إِنَّمَا الاعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى)[245] واتە: هەموو کردەوەیەک بە پێی نیەتە، نیەتی هەر کەس چۆن بوو، هەر ئاوای بەردەکەوێت[246]..

بەڵام ئیمامی ئەبو حەنیفە نیەت ناکاتە مەرجی نوێژ[247]، چونکە بە لایەوە دەسنوێژ خواپەرستیەکە بە ژێریی پەی پێ براوەو خۆی لە خۆیدا مەبەست نیە، هەر وەکە تارات گرتنەکە وایە..

بۆچوونی جمهور[248]راستترە، چونکە دەقە پیرۆزەکان لەسەر چەسپاندنی پاداشتی هەموو دەسنوێژێکن، رای زانایانیش لەسەر ئەوە کۆیە کە پاداشت بۆ کارێکە کە نیەتی خواوویستی تێدابووبێت. هەر کارێکیش کە نیەتی خواوویستی تێدا بێت دەبێتە خواپەرستی[249]..

نیەت هێنان لە دڵدایەو بە لەفز ناووترێت:

ئیمامی ئیبنو تەیمییە رحمه الله دەفەرموێ: هەموو پێشەوایانی شەرع لەسەر ئەوە رێکن کە شوێنی نییەت دڵەو بە زوبان هیچی بۆ

---

245 بوخاری (1) ، موسلیم (1907).

246 بدایە المجتهد (6/1 ) و المجموع (374/1) و التمهید ( 100/22).

247 بدائع الصنائع (19/1).

248 لە باسەکانی شەرع وبەراووردی مەزهەبەکاندا کە دەوترێت (جمهور) مەبەست لە سێ ئیمامە لەو چوار ئیمامە بەرێزە: ئەبوحەنیفەو مالیک و شافیعی و ئەحمەد.. رەحمەتی خوایان لێ بێت..

249 ابن مفلح: الفروع (243/1).

ناوترێت، ئەمەش بۆ هەموو خواپەرستیەکان وەکو یەکە، بۆ نوێژو زەکات و رۆژوو حەج و ئازادکردنی کۆیلەو جیهادو ئەوانی تریش[250]

کەوابوو نیەت بە لەفز ناوترێت و هەر کەسێک بە لەفزو بە دەنگی بەرز ووتی، بیدعەیەکی داهێناوەو سەری لە خەڵکی تر شێواندووە، بۆیە هەندێک لە شەرعناسان فەرموویانە: هەر کەسێک راهاتبێت کە بە لەفز بیڵێت دەبێت پێی بووترێت کە وازی لێ بهێنێت، ئەگەر هەر بەردەوام بوو دەبێ سزا بدرێت تا تەرکی دەکات، چونکە ئەوی بە دەنگی بەرز نییەت دەهێنێت کاری خراپە دەکات، ئەگەر لە رووی دینیشەوە وا بزانێت ئەمە جائیزە، ئەوە خاوەن بیدعەیە.. پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم و یاوەرانی کەسیان نیەتیان بە لەفزی زمان نەهێناوەو هیچ ریوایەتێکیان لێوە نەگێڕراوەتەوە بسەلمێنێت کە تاکە کەسێکیشیان نیەتی بە زوبان هێنابێت .. ئەگەر رەفتارێکی جائیز بوایە هەر دەبوو پێغەمبەری پێشەوا صلى الله عليه وسلم روونی بکاتەوە، ئەگەر روونیشی بکردایاتەوە، حەتمەن لە یاوەرێکی بەڕێزەوە بە موسوڵمانانی دیکە دەگەیشت.. بۆیە قەولەکەی ئیمامی ئیبنولقەییم لە جێی خۆیدایە کە دەفەرموێ: کەس پێویستی بەوە نیە بە لەفز نییەتی خواپەرستیەکان بهێنێت[251]

ئەمە نیەتی دەسنوێژو نوێژو رۆژوو خواپەرستیەکانی تریشە کە لە مزگەوتی کوردەواریدا لە رەمەزاندا هاواری بۆ دەکەن و دەڵێن: نیەتی رۆژووی سبەینێ بە فەرز بهێنن، ئینجا هەر کەس بە دەنگی بەرز نیەتی رۆژووبوونی سبەینێی دەهێنێت!

250 ابن تيمية : مجموعة الرسائل الكبرى (24/1).

251 ابن القيم لە سێ کتێبی: زاد المعاد (196/1)، إغاثة اللهفان (134/1)، بدائع الفوائد (186/3)، ابن مفلح: الفروع (111/1) وابن عثيمين: الشرح الممتع (159/1).

**لەفزی پێچەوانەی نیەتی دڵ :**

هەرچەندە نییەت هێنان بە لەفزی زوبان بیدعەیە بەڵام رێ لەوە ناگرێت هەندێک حوکمی شەرعی لەسەری روون کەینەوە:

1 ـ ئیمامی ئیبنوتەیمییە دەفەرموێ[252] : ئەگەر کەسێک بە زوبان نیەتێکی غەیری ئەوەی دڵی هێنا، حوکمی شەرعی لەسەر وویستی دڵێتی نەک لەسەر ئەوەی زوبانی.. بۆ نموونە نیازێتی چوار رەکاتی نوێژی عیشا بکات بەڵام بە زوبان دەڵێ: نێتمە دوو رکات نوێژی وتر دەکەم.

2 ـ ئەگەر بە لەفزی زوبان نێتی خواپەرستیەکی هێنا بەڵام لە ناخیدا نیازی نەبوو بیکات، حوکم لەسەر نیازەکەی دڵی دەبێت نەک لەسەر لەفزەکەی کە ووتوێتی. چونکە نییەتی دڵ لە توخمی وویست و ئیرادەیە[253]..

3 ـ ئەگەر چەند هۆکارێکی دەسنوێژ شکان رووبدات، نیەتی لابردنی بێ دەسنوێژیەکە بۆ هەموویان بەسە. بۆ نموونە کەسێک میزی کرد پاشان پیسایی کرد، پاشان خەوت، ئەمە هەر سێکیان هۆکاری دەسنوێژ شکانن، ئەگەر وویستی دەسنوێژ لە یەکێکیان بگرێت، دەسنوێژەکەی بۆ هەر سێ هۆکارەکەی.. چونکە با هۆکارەکانیش جودا بن، بەڵام دەسنوێژەکە جەبرانی هەر سێکیان دەکاتەوە..

* * *

---

252 ئیبنو تەیمییە رحمە الله زۆر شێوەی ئەم راجوێییەی نێوان زانایانی لە کتێبی المجموع (385/1) دا باس کردووە.

253 سەرچاوەی پێشوو، الشرح الممتع (165/1).

## ئەرکانەکانی دەسنوێژ

ئەرکان: کۆی روکنە، ووشەیەکی عەرەبییە. روکنی شتێک یەعنی پێکهاتەکەی، ئەوەی دەبێتە مایەی هەبوونی، ئەرکانی دەسنوێژ بریتیە لەو رەفتارانەی کە بە هەموویان حەقیقەتی دەسنوێژەکە پێک دەهێنن، ئەگەر یەکێکیان ئەنجام نەدرا دەسنوێژەکە بەتاڵ دەبێت.. ئەرکانەکانی دەسنوێژیش ئەمانەن:

**یەکەم: شتنی هەموو دەموچاو:**

دەمووچاو، واتە: روو، ئەوەی کە (لە کەسانی ئاساییدا) لە رووبەڕوو بوونەوەدا دەردەکەوێت ، کە بریتیە : لە باری پانایی: لە گوچێکەوە بۆ گوێچکە و لە باری درێژیی: لە بنجی مووەکانی سەر ناوچەوانەوە تا چەناگەی، یان لەو شوێنەوە کە ئیتر تەختی ناوچەوان بەرەو تەوقی سەر کۆتایی پێ دێت تا چەناگە.

شتنی دەموچاو روکنێکە لە روکنەکانی دەسنوێژ و دەسنوێژ بێ ئەم روکنە باتڵە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ) المائدة/6 واتە: کە هەستان بۆ نوێژ، بڕۆن دەموچاوتان بشۆن (یەعنی دەسنوێژ بشۆن کە دەموچاو شتنەکە روکنەکەیەتی) هەر کەسێکیش چۆنیەتی دەسنوێژ گرتنی پێغەمبەری خوای صلى الله عليه وسلم گێڕاوەتەوە ئەوەی باس کردووە ، بۆیە کۆڕای شەرعناسانیش لەسەر ئەو بۆچوونەیە..

**ئاو لەدەمولووت رادان سوننەتە:**

ئاو رادان لە دەم: بریتیە لەوەی بڕێک ئاو بخرێتە دەمەوەو لەدەمدا هاتو چۆو غەرغەرەی پێ بکرێت.

ئاو لە لووت رادان: کە لە عەرەبیدا دوو رەفتارە: یەکەمیان گەیاندنی ئاوەکەیە بە ناو لووت و هەڵمژینی، ئەمە پێی دەوترێت

(الإسْتِنْشِاق) دووەمیان فم کردنەوەی ئاوەکەیە (واتە فڕێدانە دەرەوەی بە تین و فشارەوە) ئەمەیان لە عەرەبیدا پێی دەوترێت: (الإسْتِنْثَار) زۆر لە شەرعناسان ئەم دوو رەفتارە لە دەسنوێژدا بە واجب دەزانن، چونکە:

1 - خوای پەروەردگار فەرمانی لە دەسنوێژدا بە شتنی دەموچاو داوە، دەم و لووتیش بەشێکن لەو دەموچاوە، هیچ پێویستیش ناکات فەرمانێکی تایبەتی بۆ شتنی دیووی دەرەوەیان دەرچێت[254].

2 ـ خوای گەورە کە فەرمانی بە شتنی دەموچاوەکە دا، پێغەمبەری پێشەوا صلى الله عليه وسلم بە کردەوە لەبەرچاوی یاوەراندا نواندی تا بۆیان روون کاتەوەو فێریان کات.. لە هەموو دەسنوێژگرتنێکیدا ئەمانەی کردووە، قەت جارێک لێی نەبینراوە دەسنوێژی گرتبێت و نەیکردبن.. کەوابوو ئەنجامدانیان واجبە[255].

3 ـ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمانی تایبەتی بە ئەنجامدانی ئەم دوو رەفتارە داوە، کە فەرموویەتی:

ـ (مَنْ تَوَضَّأَ فَلْيَسْتَنْثِرْ) واتە: هەر کەسێک دەسنوێژی گرت با ئاو لە لووتی رادات، لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێ: (إِذَا تَوَضَّأَ أَحَدُكُمْ فَلْيَجْعَلْ فِي أَنْفِهِ مَاءً ثُمَّ لِيَسْتَنْثِرْ)[256] واتە: ئەگەر یەکێکتان دەسنوێژی گرت با ئاو لە لووتی راداو فم کاتەوە..

---

254 الشوكاني : نيل الاوطار (174/1)، ابن العربي: أحكام القران (563/2).

255 ابن تيمية: شرح العمدة (178/1)، ابن عبدالبر: التمهيد (36/4).

256 هەردووکیان سەحیحن و لە بوخاریدا ژمارە (161) و لە موسلیمدا ژمارە (237) ن.

ـ (إِذَا تَوَضَّأَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْتَنْشِقْ ..)[257] واتە: ئەگەر یەکێکتان دەسنوێژی گرت با ئاو لە لووتی رادا..

ـ (.. وَبَالِغْ فِي الإِسْتِنْشَاقِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ صَائِمَاً)[258] واتە: زۆر ئاو لە لووتت رادە مەگەر بەڕۆژوو بیت (کە بەڕۆژوو بوویت زۆر وا مەکە).

ئیمامی ئیبنوتەیمیە دەفەرموێ: جەخت کردنەوەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لەسەر ئاو لە لووت رادان لەبەر ئەوەی نیە کە گرنگتر بێت لە پاک راگرتنی دەم، کە بەڕێزترەو جێی زیکری خواو خوێندنی قورئانەو زۆرتربە هۆی رۆژوو گرتنەوە بۆنی دێت، بەڵکو واللە اعلم، لەبەر ئەوەیە کە دەم بە بەکارهێنانی سیواک و شتنی دوای نان خواردن و (بە پێی هەندێک بەڵگە) پێش نان خواردنیش، بە جۆرێک لە جۆرەکان جێ بایەخ دەبێت و هەرچۆنێک بێت هەر بە پاکژیی دەمێنێتەوە، بەڵام لووت پاک کردنەوە، ئەگەر ئەو تەئکیدەی لێ نەکرێتەوە لەوانەیە ئیهمال بکرێت[259]..

4 - فەرموودەی تایبەت بە ئاو لەدەم رادان هەیە، وەک ئـەوەی کـە لەقیتی کوڕی سەبرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (إِذَا تَوَضَّأْتَ فَمَضْمِضْ)[260] واتە: ئەگەر دەسنوێژت شت، ئاو لەدەمت وەردە..

---

257 موسلیم (237).

258 ئەبوداوود (142) ، نەسائی (66/1) ، ئیبنوماجە (407) ، ئەحمەد (33/4).
کەمال ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة (123/1) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

259 ابن تيمية : شرح العمدة (179/1).

260 ئەبوداوود (140) ، ترمزی (38) ، نەسائی (66/1) ، ئیبنوماجە (448).
کەمال ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة (114/1) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

لە بەرامبەر ئەم بەلگانەدا، بەلگەی تریش هەن کە هەندێک زاناو شەرعناسی تر پشتیان پێ بەستوون و رایان لەسەر واجب بوونی ئاو لە دەم و لووت رادان نەداوەو بە جائیزیان زانیوەو بەس، لەوانە: ئەو فەرموودەی کە بە (حَديثُ الْمُسيءِ صَلَاتَهُ فەرموودەی کابرای کە نوێژەکەی بە خراپی کرد) بەناوبانگە، کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بە کابرای فەرموو: (لا تَتِمُّ صَلاةُ أَحَدِكُمْ حَتَّى يُسْبِغَ الْوُضُوءَ كَمَا أَمَرَهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلّ، فَيَغْسِلَ وَجْهَهُ، وَيَدَيْهِ إِلَى الْمِرْفَقَيْنِ، وَيَمْسَحَ بِرَأْسِهِ وَرِجْلَيْهِ إِلَى الْكَعْبَيْنِ)[261] واتە: نوێژی کەستان قبوولْ نابێت تا دەسنوێژەکەی بە جوانی بەو شێوەیەی کە خوای گەورە فەرمانی پێداوە نەشوات، دەموچاوو دەستی تا ئانیشکی دەشوات و مەسحی سەری دەکات و هەردوو پێی تا قولەپێی دەشوات..

ئەو زانا بەڕێزانە دەفەرموون: ئەمە هەموو شەرحی دەسنوێژەکەی تێدایە، بێ ئەوەی ئاماژەیەک بە ئاو لە دەم و لووت رادان بدات، بۆیە ئەم زانا بەڕێزانە دەفەرمون: ئەگەر واجب بوایە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بە تایبەت باسی دەفەرموو.. ئەمەش راو بۆچوونێکەو جێی تێبینیە.. بە هەر حالْ شەرعناسان لە حوکمی ئاو لەدەم و لووت راداندا چوار پۆلن[262]:

**پۆلی یەکەم : ئەوانەی فەرموویانە ئاو لە دەم و لووت رادان لە غوسلْ دەرکردندا واجبە نەك لە دەسنوێژدا** : ئەمەش رای ئیمامی ئەبو حەنیفەو سەوری و زانایانی مەدرەسەی رەئیە.

---

261 ئەبوداوود (859)، ترمزی (302)، نەسائی(20/2 ، 193) ، ئیبنوماجە (460).
کەمال ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة (115/1) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

262 المروزي: اختلاف العلماء (ل 23) ، ابن عبدالبر: التمهيد (34/4) ، ابن المنذر: الاوسط (379/1) ، ابن الجوزي: التحقيق (143/1) ، ابن حزم: المحلى (50/2).

**پۆلی دووەم : ئەوانەی فەرموویانە هەردووکیان لە غوسڵ و دەسنوێـژدا سـوننەتن:** ئەمەش رای حەسەنی بەسری و حەممادو قەتادەو یەحیای ئەنساری و ئیمامی مالیک وشافیعی ولەیس وئەوزاعیە.

**پۆلی سێیەم : ئەوانەی فەرموویانە : هەردووکیان لە غوسڵ و دەسنوێـژدا واجـبن :** ئەمەش رای عەتاء و ئیبنو جورەیج و ئیبنول موبارەک و ئیسحاق و قەولێکی ئیمامی ئەحمەدە، لای حەنبەلی هەردووکیان واجبە.

**پۆلی چوارەم : ئەوانەی فەرموویانـە: ئـاو لـە دەم وەردانەکـە لـە هەردووکیانـدا سوونەتەو ئاو لە لووت رادان لە هەردووکیاندا واجبە:** ئەمەش قەولێکی تری ئیمـامی ئەحمـەدەو رای ئەبوعوبەیـدو ئەبوسـەورو کۆمەڵێـک فەرموودەوانەو ئیبنولمونزیریش ئەمەیانی پەسەند کردووە.

**پوختەی حوکمەکـە** : پێم وایە ئاو لەدەم و لـووت رادان لـە غوسـڵ و دەسنوێژدا بە هەموو چۆنیەتەکانی سونەتە[263]..

**شتنی ریش و برۆی پڕ** : ئەگەر کەسێک ریشـی یـان برۆکـانی پـڕ بـن، دەبێت لەگەڵ شڵپ پێدانی ئاوی دەسنوێژدا دەستیان تێخات تا ئـاو بگاتە بن مووەکان، ئەگەر زۆر پڕ بوون، مەرج نیە، تەنها تەڕ بوونی دەرەوەیان بەسە..

خودی ریش ئەگەر درێژ بووبێتەوە، بە رای ئیمامی ئەبو حەنیفەو قەولێکی کۆنی ئیمامی ئەحمەد، مـەرج نیـە بشۆرێـت چـونکە بـە دەموچاو حسێب نین.. بەڵام رای ئیمامی شافیعی و قەولێکی بەهێزی ئیمامی ئەحمەد هەیە کە دەفەرموێ: دەبێت بشۆرێت، چـونکە جگـە لەوەی مووەکان لە جێیەکەوە هاتوون کە شتنی فەرزە، ریشـەکەش حوکمی دەموچاوەکەی وەرگرتووە[264]. ئەمە پەسەندترە. والله اعلم.

263 آل بسام : توضيح الاحكام (197/1).
264 شرح فتح القدير ( 12/1 ) ، المغني ( 87/1 ) ، المجموع ( 380/1 ) .

**دووەم : شتنی دەستەکان تا ئانیشك** : خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ) المائدة/6 واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر بۆ نوێژ هەستان با دەموچاوو دەستان تا ئانیشک شتبێت. لەبەر ئەم بەڵگەیەیە کە شەرعناسان لەسەر ئەوە یەکڕان کە دەست شتن لە دەستنوێژدا واجبە..

پیتی (إِلَى) کە لە ئایەتەکەدا (وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ) هاتووە، بە مانای (مَعَ)یە واتە: لەگەڵیدا.. هەر وەکو ئەو ئایەتەی ترە کە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَهُمْ إِلَى أَمْوَالِكُمْ) النساء/2 واتە: سەروەت وسامانی هەتیوان مەخەنە گەڵ سەروەت و سامانی خۆتان و بیخۆن.. یان: (وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِكُمْ) هود / 52 واتە : هێزێکی تریشتان لەگەڵ هێزەکەی خۆتاندا پێ دەبەخشێت..

موبەڕیدی زمانەوان ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ: ئەگەر سنور لە توخمی دیاری کراوەکە بێت، دەچێتە ریزیەوە.

لەبەر ئەمانەیە کە مەزهەبی جمهور (چوار مەزهەبەکە جگە لە مالیکی) فەرموویانە: ئانیشکەکانیش دەبێت بشۆررێن[265] ..

کرداری پێغەمبەری نازداریش صلى الله عليه وسلم بەڵگەیەکی ترە کە نوعەیمی کوڕی عبداللەی موجمیر دەگێڕێتەوە کە سەیدنا ئەبو هورەیرەی بینیوە خوا لێی رازی بێت دەسنوێژی ئاوا گرتووە: (فَغَسَلَ وَجْهَهُ فَأَسْبَغَ الْوُضُوءَ ثُمَّ غَسَلَ يَدَهُ الْيُمْنَى حَتَّى أَشْرَعَ فِي الْعَضُدِ ثُمَّ يَدَهُ الْيُسْرَى حَتَّى أَشْرَعَ فِي الْعَضُدِ ثُمَّ مَسَحَ رَأْسَهُ .. قَالَ هَكَذَا رَأَيْتُ رَسُولَ

265 السرخسي: المبسوط (6/1) ، ابن رشد: بداية المجتهد (11/1) ، النووي: المجموع (389/1) ، ابن قدامة: المغني (90/1).

اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَتَوَضَّأُ )[266] واتــە : دەموچــاوی شــت، ئینجــا دەست و بازووی راستی تا ئانیشکی شت، ئینجا دەســت و بــازووی چەپی تا ئانیشکی ، پاشان مەسحی سەری کرد.. پاشــان فــەرمووی: ئاوا پێغەمبەرم صلى الله عليه وسلم دەبینی کە دەسنوێژی دەشت..

ئەو رێسایەش ئەم بەلگانە بەهێزتر دەکات کە دەفــەرموێ: ( مَا لا يَتِمُّ الواجِبُ الَّا بـهِ فَهوَ واجِبٌ واتە: ئەوەی کە فەرزی پــێ تــەواو دەکرێــت خۆشی فەرز دەبێت.. لە شتنی بازووشدا لە دەسنوێــژدا نازانرێــت سنوری بازووەکە بە تەواوی دیاری بکرێت کە شۆراوە یان نا، بەلام ئەگەر ئانیشکی لەگەلدا شۆرا دلنیابوونی شتنی بازووەکە مسۆگەر دەبێت[267]..

**سێیەم: مەسحی سەر:** خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ ) المائدة/6 واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر بۆ نوێژ هەستان با دەموچاوو دەستان تا ئانیشک شتبێت و مەسحی سەرتان کردبێت وپێیەکانیشتان تا قولەپێ شتبێت..

شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆن کە مەسحی سەر فەرزە ، بەلام لە بڕو رادەیدا را جوێ بوون. بە پێی بۆچوونیان سێ پۆلن:

**پۆلی یەکەم : ئەوانەی فەرموویانە : مەسحی هەموو سەر بۆ ژن و پیاو فەرزە:**

ئەمە مەزهەبی ئیمامی مالیک و قەولی بەهێزی حەنبەلیەکان و زۆرینەی یاوەرانی ئیمامی ئەحمەدو ئەبو عوبەیدو ئیبنول

---

266 موسلیم (246).

267 الغامدي: إختيارات ابن قدامة (164/1).

مونزیرەو ئیمامی ئیبنوتەیمییەش ئەمەی بە پەسەندتر ناساندووە[268] بەلگەشیان:

1ـ ئەو بائەی لە ئایەتەکەی سورەتی المائدة/6 دایە: (وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ) بۆ پێوەلکان (الإلْصَاق)ە بۆیە تەقدیرەکەی دەبێتە: (وامْسَحُوا رُؤوسَكُم) بەوەش وەکو مەسحی تەیەمومی لێ دێت بۆ دەموچاو، هەردووکیاشیان (سەر لە دەسنوێژو دەموچاو لە تەیەمومدا) لە قورئاندا بە لەفزێکی هاوبەش هاتوون: (فَإِنْ لَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ) المائدة/6 واتە: ئەگەر ئاوتان دەست نەکەوت هەر بەوەی لەسەر زەمیندا بەرز بۆتەوە (لە خاک ولم و بەرد) مەسحی دەموچاوتان بکەن. یەعنی هەموو دەموچاوتان.

2- سوننەت ئەمەی بە روونی لێکداوەتەوەو یاوەران بینیویانە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە دەسنوێژیدا هەموو سەری پیرۆزی مەسح کردووە.. عبداللەی کوڕی زەید خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (أَتَانَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَخْرَجْنَا لَهُ مَاءً فِي تَوْرٍ مِنْ صُفْرٍ ، فَتَوَضَّأَ فغَسَلَ وَجْهَهُ ثَلَاثًا وَيَدَيْهِ مَرَّتَينِ إِلَى الْمِرْفَقَيْنِ وَمَسَحَ بِرَأْسَهُ فَأَقْبَلَ بِهِ وَأَدْبَرَ وَغَسَلَ رِجْلَيْهِ)[269] واتە: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم تەشریفی هێنایە لامان ئاومان لە دەغرێک (قاپێک) ی مسدا بۆ هێنا، دەسنوێژی گرت: سێ جاران دەموچاوی شت، دەستیشی دووجاران تا ئانیشکی، پاشان مەسحی سەری کرد بەوەی کە دەستی بە پاش و

---

268 المدونة (16/1)، ابن قدامة: المغني (92/1) ، الطهور (ل 358)، ابن المنذر: الاوسط (399/1) و ابن تيمية: مجموع الفتاوى (123/21).

269 بوخاری (185) ، موسلیم (235).

پێشی سەریدا هێنا، ئینجا پێیەکانی شت. لە ریوایەتێکی دیکەدا هاتووە کە ( وَمَسَحَ رَأسَهُ كُلَّهَا) واتە: هەموو سەری مەسح کرد..

3 ـ فەرموودەکەی موغیرەی کوڕی شوعبە خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: (أنَّ النَّبيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّمَ تَوَضَّأ فَمَسَحَ عَلَى خُفَّيهِ، وَمُقَدَّمَ رَأْسِهِ وَعَلَى عِمَامَتِهِ)[270] واتە: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەسنوێژی شت ئینجا مەسحی سەر خوففەکانی کرد، هەروەها پێشە سەری و مەسحی هەموو سەری بەسەر عەمامەکەیەوە. ئەم پۆلە زانایانە دەفەرموون: ئەگەر مەسحی پێشە سەری بەس بوایە هەموو سەری پیرۆزی بەسەر عەمامەکەشەوە مەسح نەدەکرد، کەوابوو مەسحی هەموو سەر فەرزە..

**پۆلی دووەم : ئەوانەی فەرموویانە: مەسحی بەشێکی سەر بەسە:**

ئەمەش مەزهەبی ئەبو حەنیفەو شافیعیە[271]، بەڵام ئەمانیش لەوەدا راجوێن کە بڕی ئەو بەشە چەندە؟! هەندێک دەفەرمون: سێ تاڵە موو بگرێتەوە بەسە، هەندێکی تریش دەفەرموون: چارە کیان نیوەی سەر بگرێتەوە.. هەندێک لە بەڵگەی ئەمانیش ئەمانەن:

1 ـ ئەو بائەی بە (وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ) دوەیە بۆ هەندێکی (لِلتَّبْعِيض)ە نەک بۆ پێوە لکان (الألْتِصَاق) .

2 ـ بەڵگەش لەسەر ئەوە هەیە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم مەسحی پێشە سەری کردووەو بەس بووە..

**پۆلی سێیەم : ئەوانەی فەرموویانە مەسحی هەموو سەر بۆ پیاوانە نەك بۆ ژنان:**

---

270 موسلیم (275) ، ئەبوداوود (150) ، ترمزی (100) قسەیەکیشی لەسەر کردووە، بەڵام شێخی ئەلبانی رەحمەتی بە سەحیحی داناوە.

271 السرخسي: المبسوط (8/1)، النووي: المجموع (399/1) ، ابن قدامة : المغني (92/1) .

ئەمەش ریوایەتێکی لای ئیمامی ئەحمەدە کە دەفەرموێ: ئومێدەوارم کە مەسحی سەر بۆ ژنان ئاسانتر بێت.. بۆیە ئەمەی دەفەرموو چونکە ئەو فەرموودەیەی لا راست بوو کە عائیشەخان خوا لێی رازی بێت لە دەسنوێژیدا تەنها پێشە سەری مەسح دەکرد، بۆیە ئیبنوقودامەش کە حەنبەلیە دەفەرموێ: ئیمامی ئەحمەد لە فەرموودەوانانە، روداوێکی وا دەکاتە بەلگە[272] ..

ئەوەی زیاتر دەسەلمێت ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بەردەوام مەسحی هەموو سەری کردووە، دەستی تەڕی بە پێشەسەریدا بەرەو پشتە سەری پیرۆزی هێناوەو بردووە، ئەو جارانەی کە پێشە سەری پیرۆزی مەسح کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەگمەنن، لە هەمان کاتیشدا مەسحی هەموو سەری پیرۆزی بە سەر عەمامەکەیدا هەر کردووە، دیارە ئەوەشی وەکو تەکمیلە کردنی مەسحەکەی بووە..

لە هیچ رێگایەکەوە ریوایەتێک نەسەلمێنراوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بۆ یەک جاریش بێت تەنها پێشەسەری مەسح کردبێت و بەس.. ئەوەش بەلگەی ئەو زانایانە بەهێز دەکات کە دەفەرموون مەسحی هەموو سەر فەرزە..

ئەو زانا بەڕێزانەی موناقەشەی بائی (وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ) یان کردووە، فەرموویانە کەس لە زمانەوانان نەیووتووە ئەو بائە بۆ پێوە لکانە! تەنانەت ئیبنوبورهان دەفەرموێ: هەر کەسێک بڵێت ئەو بائە بۆ پێوە لکانە، ئەوە شتێکی خستۆتە سەر زمانی عەرەبی کە زمانەوانان نەیانزانیووە[273]!!

---

272 ابن قدامة : المغني (93/1).
273 الشوكاني : نيل الاوطار (155/1) ، ابن قدامة: المغني (78/1).

**سەربەخەنەو مەسحی سەری**: ئەگەر کەسێک خەنە یان هاوشێوەی لەسەر گرتبوو کە عادەتەن ئەو کەسە سەری دادەپۆشێت، مەسحی سەری ئەم کەسە بەسەر سەرپۆشەکەوە یان بەسەر سەربەستەکەوە دەکرێت و پێویست ناکات سەربەستەکەی لادات.. والله اعلم .. چونکە وەکو ان شاء الله لە باسی حەجدا دێت، دەسەلمێت کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە حەجدا لە ئیحرامدا بوو، سەری پیرۆزی بەستبوو، لە دەسنوێژیدا سەربەستەکەی نەدەکردەوە..

لەبەر ئەم بەڵگانە ئەوەی لای من دەسەلمێت ئەوەیە کە : مەسحی هەموو سەر لە دەسنوێژدا بۆ پیاوان فەرزە، نەک بۆ ژنان.. والله اعلم .

**چوارەم: مەسحی هەردوو گوێچکە:**

مەسحی گوێچکەکانیش فەرزە، چونکە بەسەرەوەن و وەکو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (الأُذُنَانِ مِنْ الرَّأْسِ)[274] واتە: گوێچکەکان بەشێکن لە سەر، مەبەستی ئەوەیە کە حوکمی ئەو وەردەگرن.. زۆر فەرموودەی تریش هەن کە ئەم حوکمە بەهێزتر دەکەن و دەسەلمێنن کە پێغەمبەری پێشەوا صلى الله عليه وسلم بەردەوام لە دەسنوێژیدا کە سەری پیرۆزی مەسح کردووە پاشان گوێچکەکانیشی مەسح کردووە، وەکو ئەو فەرموودەی ئیبنو

274 ئەم فەرمووده لای ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت سەلمێنراوەو دارەقوتنی (98/1) و ئیبنوئەبی شەیبە (28/1) هێناویانەتەوە، فەرموودەکە یەکێکە لەو فەرموودانەی لە نێوان شێخی ئەلبانی و فەرموودەوانانی تری سەردەمدا جێی راجوێییە، ئەلبانی رەحمەتی لە (سلسلة الاحاديث الصحيحة 55/1) بە سەحیحی داناوە بەڵام شێخ مەشهور حەسەن لە کتێبی (الخلافيات)ی بەیهیقی (بە توێژینەوەی خۆی)، بە زەعیفی داناوە.

عەبباس خوا لێیان رازی بێت دەیگێڕێتەوە کە: (أَنَّ النَّبِيَّ مَسَحَ رَأْسَهُ وَأُذُنَيهِ مَرَّةً وَاحِدَةً)[275] واتە: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم مەسحی سەری کردو مەسحی گوێچکەی جارێک کرد.. نەک سێ جار..

سەنعانی دەفەرموێ: ریوایەتەکان لەسەر مەسحی گوێچکە زۆرن، لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب و ئیبنو عەبباس و روبەیع و عوسمانی کوڕی عەففانەوە خوا لێیان رازی بێت گێڕراونەتەوە، هەمووشیان ئەوە دەسەلمێنن کە یەکجار مەسحی گوێچکەی دەکرد، یەعنی بە یەکجار ئاو بەکارهێنان[276]..

ئەگەر کەسێک ئاوی نوێی بۆ مەسحی گوێچکەی بەکار هێنا، نابێت بە ئیسراف و زێدەڕۆیی، چونکە سەلمێنراوە کە ئیبنو عومەر خوا لێیان رازی بێت وای دەکرد[277]..

**مەسحی پشت مل و گەردن:**

هیچ بەلگەیەکی لەسەر نیە کە بە سوونەتیش هەژمارد بکرێت[278] ..

**پێنجەم: شتنی پێیەکان تا قولەپێ:**

لای جمهوری ئەهلی سوونەت شتنی پێەکان تا قولەپێ لە دەسنوێژدا فەرزە، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ

---

275 ئەبو داوود (133) ، ترمزی (36) ، نەسائی (74/1) ، ئیبنوماجە (439) و فەرموودەوانانی تریش هێناویانەتەوە.. ئەسلی ئەم فەرموودەیە لە بوخاریدایە (157) هاوشێوەی ئەویش هەیە کە فەرموودەکەی رەبیعی کچی موعەوویزە لای ئەبوداوود (126) و ئیبنوماجەیە (418).

276 الصنعاني: سبل السلام (49/1).

277 بەیهیقی (65/1) ، عبدالرزاق: المصَنَّف (29). کەمال ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة (119/1) دا دەفەرموێ: سەنەدەکەی سەحیحە.

278 ابن تيمية : مجموع الفتاوى (56/1) ، ابن القيم : زاد المعاد (49/1) ، الالباني : سلسلة الاحاديث الصحيحة (69 - 744).

آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ) المائدة / 6 واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر بۆ نوێژ هەستان با دەموچاوو دەستان تا ئانیشک شتبێت و مەسحی سەرتان کردبێت وپێیەکانیشتان تا قولەپێ شتبێت..

هەروەها هەر کەسێک لە یاوەران باسی چۆنیەتی دەسنوێژی پێغەمبەری خوای صلی الله علیه وسلم گێڕابێتەوە هەر باسی لە شتنی پێی پیرۆزی کردووە کە تا قولەپێکانی شتوونی.. وەکو ریوایەتەکەی سەیدنا عوسمان[279]..

قولە پێ لە حوکمی شتنەکەدایە، چونکە هەر سنورێک بەشێک بێت لە توخمی شتەکە ئەویش لە حوکمەکەدا بەشدار دەبێت.. بەڵگەی تریش هەن ئەمە دەسەلمێنن، وەکو ئەو فەرموودەی کە ئیبنوعومەر خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە دەفەرموێ: (تَخَلَّفَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنَّا فِي سَفْرَةٍ سَافَرْنَاهَا فَأَدْرَكَنَا وَقَدْ أَرْهَقْنَا الْعَصْرَ فَجَعَلْنَا نَتَوَضَّأُ وَنَمْسَحُ عَلَى أَرْجُلِنَا فَنَادَى بِأَعْلَى صَوْتِهِ وَيْلٌ لِلْأَعْقَابِ مِنْ النَّارِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا)[280] جارێکیان لە سەفەر بووین و پێغەمبەری خوامان صلی الله علیه وسلم کەمێک لێ دوا کەوت، ئێمەش هێندەمان بە عەسرەوە نەهێشت وهێشتا نوێژەکانمان نەکردبوو، بۆیە خێرا دەسنوێژمان گرت و مەسحی پێیەکانمان کرد، کە پێغەمبەریمان صلی الله علیه وسلم گەیشتێ دوو جار سێ جار بە دەنگی بەرز هاواری کرد: سزای وەیل بۆ ئەو کەسانەی پاژنە پێیان ناشۆن!!

---

279 پەڕاوێزی ژمارە (192).
280 بوخاری (161) ، موسلیم (241).

ئەمە بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر هەر کەسێک کە وەکو شیعە لە دەسنوێژدا مەسحی پێیەکان بە رووتی بە شەرع بزانێت، چونکە ئەمە تەئکید لەوە دەکاتەوە کە پێیەکان دەبێ بشۆرێن و مەسح کردنیان جائیز نیە، سەیر ئەوەیە لای شیعەکان مەسحەکەش کە دەیکەن پاژنە پێ ناگرێتەوە!!

لای ئەهلی سووننەت و جەماعەت ئەوە رۆشنە کە مەسحی پێ کاتێک دەکرێت کە خوففی پێوە بێت نەک بە رووتی.. عبدالرحمانی ئەبولەیلا دەفەرموێ: هەموو یاوەرانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەسەر ئەوەن کە پێیەکان دەبێ بشۆررێن[281]..

**پەنجەوەردان لە نێوانی پەنجەکانی پێ:**

پێویستە لە کاتی دەسنوێژو شتنی پێیەکاندا موسوڵمان بە پەنجەکانی دەستی نێوان پەنجەکانی پێی بشوات و بەردەوام دەستیان پێدا بهێنێت.. تا تەڕ ببن چونکە ئەوانیش بەشێکن لە پێیەکان و لە حوکمی شتنەکەدان..

**شەشەم: ریزبەندی رەفتارەکانی دەسنوێژ فەرزە:**

واتە: شتن و مەسحی ئەندامەکان یەک لەدوای یەک بەو ریزبەندییەی لە ئایەتەکەدا هاتووە بێ ئەوەی پاش و پێش بخرێن، شتین دەموچاو، پاشان دەستەکان، پاشان مەسحی سەر، پاشان شتنی پێیەکان.. ئەم ریزبەندییە بە رای زۆرینەی شەرعناسان فەرزە ئەمە بۆچوونی مەزهەبی شافیعی و حەنبەلی و ئەبو سەورو زاهیریەکانە[282].. بەڵگەشیان ئەمانەیە:

---

281 ابن حجر العسقلاني: فتح الباري (226/1) ، ابن قدامة: المغني (120/1).

282 النووي: المجموع (433/1) ، ابن قدامة: المغني (100/1) ، ابن حزم: المحلى (66/2).

1 - خوای گەورە لە ئایەتەکەی المائدة/6 دا فەرزەکانی دەسنوێژی یەک لە دوای یەک بەو ریزبەندییە باس فەرمووە..
2 ـ هەر کەسێک چۆنیەتی دەسنوێژی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم خوای گێڕاوەتەوە، بە ووردی ئەو ریزبەندییەی دەسنوێژی باس کردووە. زیاتر لە بیست یاوەر شێوەی دەسنوێژی پێغەمبەری خۆشەویستیان صلی الله علیه وسلم گێڕاوەتەوە، هەموویان وەکو یەک گێڕاویانەتەوە جگە لە دوانیان کە فەرموودەکانیان موناقەشەی حەسەن و زەعیفیان لەسەرە[283]، کرداری پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وسلم روون کردنەوەو لێکدانەوەو شەرحی ئایەتی قورئانە..
ئیمامی مالیک و سەوری و ئەهلی مەدرەسەی رەئی دەفەرموون: ریزبەندیی دەسنوێژ سوونەتە نەک فەرز[284].. بەڵگەی ئەوانیش:
1 ـ ئەو ریزبەندیەی لە ئایەتەکەدا هاتووە بەڵگەی فەرزبوونی ریزبەندیی روکنەکانی دەسنوێژ نیە .. (رەدی ئەمە درایەوە).

---

283 یەکێکیان فەرموودەی میقدامی کوڕی مەعدی کەربە کە لای ئیمامی ئەحمەدو ئەبوداوود هەیە، یەکێکە لەو فەرموودانەی کە لە نێوان شێخی ئەلبانی و فەرموودەوانانی کۆن ونوێدا موناقەشەی لەسەرە، شێخ ئەم دوو فەرموودەیەی ئاماژەم پێکردووە بە بۆچوونی ئیبنوحەجەرو نەوەوی بە حەسەن دەزانێت (تمام المنه ل 88) لە کاتێکدا ئەوانی دیکە وەکو ئیبنولقەییم لە کۆنەکان و سەید سابق لە نوێیەکان تەسلیم بە توێژینەوەو حوکمەکەی نابن، واشم بۆ روون بۆوە رای جمهوری توێژەرەوان لەمەدا لە بۆچوونی ئەلبانی بەهێزتر بێت، چونکە ئەلبانی رەحمەتی لەو کتێبەدا توێژینەوەی نەکردووە، هەر وەکو عەزو فەرموویەتی (فأقول : إنَّ النووي والحافظ ابن حجر حَسَّنا إسنادَهُ).
284 المدونة : (14/1) ، المبسوط (55/1) ، شرح فتح القدير (30/1).

2 ـ ئەو ریوایەتەی لە سەیدنا عەلی کوڕی ئـەبو تالیـب و ئیبنـو مەسعوودەوە گێڕراوەتەوە کە فەرموویانە: لام گرنگ نیـە بـە هـەر ئەندامێک دەست پێ بکەم[285]..

3 ـ ئەوەی کە ئیمامی ئەحمەد فەرموویەتی لام گرنگ نیە کە ئایا بە دەستی راست دەست پێ دەکات یان بە دەسـتی چـەپ، چـونکە لـە ئایەتەکەدا جیاوازی نەخستۆتە نێوانیانەوە.. ئەمـە راسـتە بـەڵام لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم هەمیشە راستی پێـش خسـتووە، لەمیشـدا راسـت پێـش بخرێـت پێـکانی سـوننەت و پابەندبوونە پێوەی..

بەڵگەی ئەو شەرعناسانەمان پێ بەهێزترە کە فەرموویانە: ریزبەندی رەفتارەکانی دەسنوێژ فەرزە..

**حەوتەم  یەکسەری (الموالاة) :**

واتە بەجێهێنانی رەفتارەکانی دەسنوێژ یەکسەر، یـەک لـە دوای یەک بێ ئەوەی ماوەیـەکی وا بکەوێـتە نێـوانیانەوە کـە ئەنـدامی پێشوو ووشک ببێتەوە . ئەمە بەلای زۆر لە شەرعناسانەوە فـەرزە، وەکو ئیمامی شافیعی لە قەولی کۆنیداو ئیمـامی ئەحمـەد لـە رای بەناوبانگی و ئیمامی مالیک، بەڵام ئەم دەفەرموێ ئەگەر ناچـاربوو قەیدی نیە .. ئیبنوتەیمییەش ئەمەی ئیمامی مالیکی پێ پەسـەندتر بووە[286]..

---

285 ریوایەتی سەیدنا عەلی ئیمامی ئەحمەد لە (العلل205/1) دا هێناوێتیەوەو فەرموویەتی زەعیفە، هەروەها دارەقوتنیش (88/1) هەر بە زەعیفی داناوە.. ئەوەی ئیبنومەسعوودیش ئەسڵەکەی لای بوخاری لە (التاریخ (1650)  لای ئەبو عوبەید لە (الطهور ل 325) ە کە سەنەدی حەسەنە.

286 الام (30/1) ، المجموع (451/1) ، كشاف القناع (93/1) ، المدونة (15/1) ، الاستذكار (267/1) ، مجموع الفتاوى (21 / 135).

دەشێت ئەوەش ببێتە بەڵگە کە سەیدنا عومەری کـوڕی خـەتتاب خوا لێی رازی بێت رۆژێک دەسنوێژی شت، بەقـەدەر نینۆکێـک بـە پێیەوە ووشکایی دیار بوو، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کە بینی فەرمووی: (إِرْجَعْ فَأَحْسِنْ وُضَوءَكَ)[287] واتە بگەڕێرەوە دەسنوێـژەکەت بە باشی بگرە ئەویش گەڕایەوە دەسنوێـژەکەی گرتـەوەو پاشـان نوێژەکەی کرد..

دیسان ریوایەتێکی تریش هەیە کە یاوەران (وەکو خالیدی کـوڕی مەعدان) دیوویانە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کەسێکی بینیووە لە پشتی پێیەوە سپییایەک بەقەدەر درهەمێک درەوشـاوەتەوە کـە جێی نەشوشتنی بووە، پێی فەرمووە کە دەسنوێژەکەی بشـواتەوەو ئینجا نوێژەکەی بکات[288]..

ئیمـامی ئەبوحەنیفـەو ئیمـامی شـافیعی لـە قەولێـکی نوێـیدا فەرموویانە یەکسەری فەرز نیە، ئەمە ریوایەتێکی ئیمامی ئەحمەدو مەزهەبی ئیبنو حەزمیشە[289]، بەڵگەشیان:

1- خوای گەورە فەرمانی بە شتنی ئەندامەکان کردووە، هەر کەسێک بە هەر شێوەیەک شتنی یەکسەر یان ماوەی خستبێتە نێوانیانەوە، ئەوە فەرمانەکەی خوای گەورەی بەجێهێناوە.

---

287 موسلیم (232)، ئیبنوماجە (666)، ئەحمەد (21/1) ئیمامی ئەحمەد هەندێک قسەی لەسەر کردووە بەڵام شێخی ئەلبانی دەفەرموێت ریوایاتی تری هەیەو بە هەموان پلەی حەسەن وەردەگرێت، بڕوانە : الارواء (86 ) ، التلخیص (95/1).

288 ئەبو داوود (175) ، ئەحمەد (424/3) ، شێخی الالبانی لە ارواء الغلیل86) بە سەحیحی داناوە.

289 المبسوط (56/1) ، الام (30/1) ، المجموع (451/1) ، المحلی (70/2).

2 ـ نافیع رەحمەتی خوای لێ بێت دەگێڕێتەوە کە ئیبنوعومەر خـوا لێیان رازی بێت لە ناو بازاڕدا دەسنوێژی دەشت، دەموچاوو دەستی شت و مەسـحی سـەری کـردو لـەو کاتـەدا هاواریـان کـردێ کـە جەنازەیەک هات، ئەویش چووە مزگـەوت و لـەوێ مەسـحی سـەر خوففەکانی کردو نوێژی کرد[290].. دیارە ئەم حاڵەتەی ئیبنو عومـەر خوا لێیان رازی بێت ناچارییەو نابێتە بەڵگە..

3 ـ ئەو فەرمووددانـەیان بـە زەعیـف ناسـاندووە کـە فـەرمان بـە دەسنوێژ شتنەوەو نوێژکردنەوە دەکات..

4 ـ ئـەو فـەرموودەی پێـغەمبەری خوایـان صلی الله علیه وسلم کـە دەفەرموێ: (إرْجَعْ فَأَحْسِنْ وُضَوءَكَ) وا لێکداوەتەوە کە دەسنوێژەکەت بە تەواوی نەگرتووە، مادام ئاوت بەسەر پێیەکانتدا نەڕژاندووە..

**پوختەی حوکم** : پێم وایـە ئـەوی داوەری راجوێـیی ئـەم شەرعناسـە بەڕێـزانە دەکـات، فەرموودەکـەی خالیـدی کـوڕی مەعدانـە کـە پێغەمبەری پێشەوا صلی الله علیه وسلم کابرای ناردەوە دەسنوێـژەکەی بشواتەوەو نوێژەکەشی بکاتەوە چونکە بە قەدەر درهەمێک پەڵـەی ووشـکیی بـە پێـیەوە بـووە.. وا دەزانم ئەمـە حـەسمی هـەموو راجوێییەکان بکات .. والله اعلم ..

* * *

290 ئیمامی مالیک هێناویێتیەوە (48) و ئیمامی شافیعیش لەوی وەرگرتووە (16) و بەیهیقیش لە المعرفە (99) دا هێناوێتیەوە.

## سوونەتەکانی دەسنوێژ

1 ـ **سیواك کردن**: پێشتر لە سوننەتە سروشتیەکاندا باسمان کرد.

2 ـ **دەسپێکردن بە بسم اللـە**: دەسپێک بە بەسمەلە (ووتنی بسم اللە) لە هەموو کـارو کاتێـکدا شتێـکی باشـە بـەڵام کـە بوویسترێـت لـە خواپەرستیەکدا بچەسپێنرێت دەبێ بەڵگەی شەرعێتیەکەی هەبێت.. ئەو فەرموودانەی لەسەر ووتنی بسم اللە لە دەسنوێژدا هاتوون، وا دیارە زەعیفن.. ئیمامی ئەحمەد رەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ: وا نازانم فەرموودەیەک لەسەر ئەم بابەتە هەبێت کـە سـەنەدەکەی باش بێت[291]. هەرچەندە وەکو زۆر بابەتی دیکە راجوێیی لەسـەرە، لەوانە بۆ نموونە: (لا وُضُوءَ لِمَنْ لَمْ يَذْكُرِ اسْمَ اللهِ عَلَيهِ)[292] واتە: هـەر کەسێک بسم اللە نەکات دەسنوێژەکەی بۆ حسێب نابێت..

ئەمە رای ئیمامی سەوری ومالیک و شافیعی و ریوایەتێکی ئیمامی ئەحمەدو مەدرەسەی رەئییە[293]، بەڵگـەی هـەموانیش ئەوەیـە کـە دەفـەرموون: ئەگـەر واجـب بوایـە دەبـوو یاوەرێـک لـە وەسـفی دەسنوێژی پێغەمبەری خـوادا صلى الله عليه وسلم ئاماژەیـەکیان پـێ بکردایا، بەڵام کە نەیانکردووە دیارە کە فەرز نیە.

3 ـ **شتنی لەپ و پشتی دەست هەر لە سەرەتاوە**: لەبەر ئەو فەرموودەی کـە سەیدنا عوسمان گێڕاوێتیەوە کە فەرمووی پێغەمبەری خـوا صلى الله

291 کمال بن السيد: صحيح فقه السنة (122/1).

292 ئەبوداوود (101) ترمزی (25)، ئەحمەد (418/2) وبە زەعیفیان داناوە، بەڵام شێخی ئەلبانی لە الارواء (122/1) دا بە حەسەنی داناوە.

293 فتح القدير (22/1) ، مواهب الجليل (266/1)، مجموع الفتاوى (385/1)، الانصاف (128/1).

علیه وسلم لە دەسنوێژەکەیدا سێ جاری ئاو کرد بە دەستیداو شتنی[294] .

**4 ـ ئاو لەدەم و لووت رادان بە لوێچی دەستێك**: وەکو لەو فەرموودەدا هاتبوو کە عبداللەی کوڕی زەید گێڕایەوە، کە فەرمووی: پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بۆ فێرکردنی یاوەران ئاوی لەدەم و لووتی بە لوێچێک رادا، سێ جاریش وای کرد[295]..

**5 ـ زۆر ئاو لە دەم ولووت رادان بۆ کەسێك کە بەرۆژوو نەبێت**: بەڵگەی ئەمیش فەرموودەکەی لەقیتی کوڕی سەبرەیە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (.. وَبَالِغْ فِي الإِسْتِنْشَاقِ إِلَّا أنْ تَكُونَ صَائِمَاً)[296] واتە: زۆر ئاو لە لووتت رادە مەگەر بەرۆژوو بیت (کە بەرۆژوو بوویت زۆر وا مەکە)..

**6 ـ پێش خستنی ئەندامە راستەکان پێش ئەندامە چەپەکان**: لە فەرموودەیەکی لای ئیبنوعەبباسدا خوا لێیان رازی بێت هاتووە کە لە وەسفی چۆنیەتی دەسنوێژی پێغەمبەری خوادا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (ثُمَّ أَخَذَ غَرْفَةً مِنْ مَاءٍ فَغَسَلَ بِهَا يَدَهُ الْيُمْنَى ثُمَّ أَخَذَ غَرْفَةً مِنْ مَاءٍ فَغَسَلَ بِهَا يَدَهُ الْيُسْرَى ثُمَّ مَسَحَ بِرَأْسِهِ ثُمَّ أَخَذَ غَرْفَةً مِنْ مَاءٍ فَرَشَّ عَلَى رِجْلِهِ الْيُمْنَى حَتَّى غَسَلَهَا ثُمَّ أَخَذَ غَرْفَةً أُخْرَى فَغَسَلَ بِهَا رِجْلَهُ يَعْنِي الْيُسْرَى) واتە: پاشان لوێچێک ئاوی هەڵگرت و دەستی راستی پێ شت، ئینجا لوێچێکی تری ئاو هەڵگرت و دەستی چەپی پێ شت، پاشان مەسحی

---

294 بوخاری (159) ، موسلیم (226).

295 موسلیم (235) ، ترمزی (28) ، ئیبنوماجە (45).

296 ئەبوداوود (142) ، نەسائی (66/1) ، ئیبنوماجە (407) ، ئەحمەد (33/4).
کەمال ئیبنو السسەید لە صحیح فقه السنة (123/1) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

سەری کرد، پاشان لوێچێک ئاوی تری هەڵگرت و رشتی بەسەر پێی راستیدا تا شتی، ئینجا لوێچێکی تر ئاو هەڵگرت و رشتی بەسەر پێی چەپیداو شتی..

عائیشەخانم خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم هەردەم ئەندامە راستەکانی لەشی پێشتر بەکار دەهێنا لە پێڵاو لە پێکردنیدا، لە دەسنوێژیدا، لە هەموو کاروبارەکانیدا[297].

7 ـ **شتنی ئەندامەکان سێ جار**: چونکە ئەوە لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم سەلمێنراوە کە ئەندامانی دەسنوێژی سێ جار دەشت[298].

وەکو فەرموودەکەی لای سەیدنا عوسمانی کوڕی عەففان[299]، هەروەها فەرموودەکەی لای عبداللەی کوڕی زەید[300] وئەوەی لای ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت کە لە بوخاریدایە[301].

بەڵام ئەم سێ جارانە مەسحی سەر ناگرێتەوە: چونکە هیچ ریوایەتێک نەسەلمێنراوە کە باس لە سێ جار مەسحی سەر بکات، ئەوەش کە باس لە دوو جار دەفەرموێ، وەکو ئیبنو عبدالبیڕ دەفەرموێ: هەر بەوە لێکدراوەتەوە کە دەستی پیرۆزی بەسەریدا هێناوەو بردووە[302]، چونکە دوو جار یەعنی دەست تەڕ کردنەوەو پێداهێنانەوەی.. ئەو دوو بارە کردنەوەی لە هەندێک فەرموودەدا هاتووە بۆ شتنەکانن نەک بۆ مەسح. بەهێزترین بەڵگەی ئەمەش

297 بوخاری (168) ، موسلیم (268).

298 بوخاری (156).

299 لە پەراوێزی ژمارە (193).

300 پەراوێزی ژمارە (219).

301 بوخاری (156).

302 البیهقی: الخلافیات (336/1) ، بە توێژینەوەی شێخ مەشهوور حەسەن.. هەروەها ابو عبید : الطهور (ل 359).

ئەو فەرموودەیە کە دەفەرموێ: ئەعرابیەک هاتە خزمەت پێــغەمبەر خوا صلی الله علیه وسلم و پرسیاری دەسنوێژی لێ کــرد، پێــغەمبەریش صلی الله علیه وسلم بۆی شەرح دەکردو سێ جار سێ جار نیشانی دەدات کە چۆن دەبێت، پاشان فەرمووی: (هَذا الوُضُوءُ ، فَمَنْ زَادَ عَلَى هَذا فَقَدْ أَسَاءَ وَتَعَدَّى وَظَلَمَ )[303] واتە: ئەمە دەسنوێژە، هەر کەسێک لەمە زیاتر بکات، ئەوە خراپەی کردووە ، لەسنوور دەرچووەو ستەمی کردووە..

ئیمــامی ئیبنوحەجــەری عەســقەلانی دەفــەرموێ[304]: ریوایــەتی سەعیدی کوڕی مەنســوور (مامۆســتای ئیمــامی موســلیمە) روون و ئاشکراو راشکاوە کە مەسحی سەر یــەکجارەو زیــاتر لــە یــەکجار شتێکی باش نیە.. هەر ریوایەتێکیش باس لە سێ جارەیی بفەرموێت دەبێت مەبەستەکەی تەواو کردنی مەسحەکە بێت بە هەموو ســەردا، نەک بەوەی کە سێ جاران مەسح کردنی سەرە.. ئەمەش گونجاندنی بەڵگەکانە..

ریوایەتی یەکجار مەسح بەهێزترە، بۆیە بۆتــە بەڵگــەی جمهــور (ئیمامی ئەبو حەنیفەو مالیک و رای پەسەندی ئیمامی ئەحمەد)، بە پێچەوانەی رای ئیمامی شافیعین رحمەتی خوا لە هەموویان[305].

**زیاتر لە سێ جاریش زێدەڕۆییە (ئیسرافە)**: هەر کەسێک سێ جاری تەواو ئەندامانی دەسنوێژی خۆی شت، ئیتر فەرمانەکەی خــوای گــەورەی بە راست و دروستی تەواو کردووە، ئیتر هیچ پێویســتی بــە زیــاتر کردنیان نیە.. بۆ ئەوەی ئەو هەڕەشە سەختە نەیگرێتەوە کــە لــەو

303 نەسائی (88/1) ، ئیبنوماجە (422) ، ئەحمەد (180/2).
کەمال ئیبنو السەید لە صحیح فقه السنة ( 124/1 ) دا دەفەرموێ: سەحیحە.
304 ابن حجر العسقلاني: فتح الباري (298/1).
305 السرخسي: المبسوط (5/1)، حاشية الدسوقي (98/1)، المغني(127/1) الام: 26/1)

فەرموودەی سەرەوەدا هاتبوو: (هَذا الوُضُوءُ ، فَمَنْ زَادَ عَلَى هَذا فَقَدْ أَسَاءَ وَتَعَدَّى وَظَلَمَ) واتە: ئەمە دەسنوێژە، هەر كەسێک لەمە زیاتر بكات، ئەوە خراپەی كردووە، لەسنوور دەرچووەو ستەمی كردووە..

كەس لە زانایان و شەرعناسان نابینیت لایەنگری لە سێ جار زیاتر بووبێت، چونكە ئەوە جێی راجوێیی نەبووە[306]..

**8 ـ دەستوەردان لە ریشی پڕ**: پێشتر باسمان لەوە كرد كە هەر كەسێک ریشی پڕ بێت دەبێت لە كاتی دەسنوێژ شتندا پەنجەكانی بە ناوو دەرەوەی ریشیدا بهێنێت، لەبەر ئەو فەرموودەیەی كە ئەنەس خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم كاتێک دەسنوێژی دەگرت مشتێک یان لوێچێک ئاوی هەڵدەگرت و دەیگەیاندە بن چەناگەی تا ریشی پێ تەڕ كات، ئینجا پەنجەكانی بە نێوان ریشیدا دەهێناو دەبرد، دەشیفەرموو: (هكَذا أَمَرَنِي رَبِّي)[307] واتە : پەروەردگاری خۆم وا فەرمانی پێداوم..

**9 ـ دەست خشاندن لە ئەندامانی دەسنوێژ**: هەر كەسێک كە دەسنوێژ دەگرێت، دەبێت كە ئاوەكە دەكات بەسەر ئەندامانی دەسنوێژیدا دەستیشیان لێ بخشێنێت. چونكە عبداللەی كوڕی زەید خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە كە: پێغەمبەری خوام صلى الله عليه وسلم بینی دەسنوێژی دەشت، دەستی بەسەر قۆڵ و باسكیدا دەهێناو دەبرد[308]..

306 ابن عبدالبر : التمهيد (117/20).

307 ئەبوداوود (145) ، بەیهیقی (54/1) ، حاكم (149/1) شێخی ئەلبانی لە (ارواء الغليل 92) دا دەفەرموێ سەحیحە.

308 سەحیحی ئیبنوحیببان (1082) ، بەیهیقی (196/1) ، كەمال ئیبنو السەید لە صحیح فقه السنة (125/1) دا دەفەرموێ: سەحیحە..

10 ـ دەست هێنان بە نێوان پەنجەکانی دەست و پێدا: پێغەمبەری خـوا صلی الله علیه وسلم دەفـەرمویٚ: (أَسْبِغْ الوُضُوءَ، وخَلِّلْ بينَ الأصَـابِعِ، وبَـالِغْ في الاسْتِنْشَاقِ إلَّا أنْ تَكُونَ صَائِمَاً)[309] واتە: دەسنوێـژت راسـت و دروسـت بگرە، پەنجە بە نێوان پەنجەکاندا بهێنە، زیاد ئاو لە لووتت وەردە مەگەر بەرۆژوو بیت.

11 ـ شتنی زیاتر لە جێی دەسنوێژەکە: ئەمە شتێکی باشە، بۆ نموونە کـە دەموچاوی دەشوات کەمێک زیاتر لە سەروو ناوچەوانیەوە بشوات، یان لە پشت ئانیشـک و قولەپێـیەوە، چـونکە ئـەم شوێـنانە لـە قیامەتدا نووریان لیٚ دەبارێت و دەبنە هۆی ناسینەوەی موسوڵمان. وەکو پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرمویٚ: (إنَّ أُمَّتِي يُدْعَوْنَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ غُرًّا مُحَجَّلِينَ مِنْ آثَارِ الْوُضُوءِ فَمَنْ اسْتَطَاعَ مِـنْكُمْ أَنْ يُطِيـلَ غُرَّتَـهُ وَتَحْجِيلَهُ فَلْيَفْعَلْ)[310] واتە: ئوممەتەکـەی مـن لـە قیامەتـدا کـە دێـن ناوچەوانیان نورانیـەو قـۆڵ و باسکیشـیان سـپیەو نوریـان لـیٚ دەبارێت، هەمووی لە ئاسەواری دەسنوێژە، جـا ئـەوی دەتوانێـت ناوچەوان (الْغُرَّ) و قۆڵ و باسکی (التَّحْجِيل) زیاتر تەڕ کات با بیکات..

ئەبوهورەیرەش خوا لێی رازی بێت: دەسنوێژی شت، دەستەکانی تا ئانیشکەکانی شت، پێیەکانی تا قولەپێی شت، فەرمووی: (هكَـذَا

309 ترمزی (788)، ئەبوداوود (142) ، نەسائی (1/66 ـ ژ87) ئیبنوماجە (407) ئەحمەد (4/210)، دارمی (705). سالح بن عبدالعەزیز ئال شێخ لە شەرحی بلوغ المرامەکەی/کتاب الطهارة/باب الوضوء دا دەفەرمویٚ: ئیبنوخوزەیمە بە سحیحی داناوە، کەمال ئیبنوالسسەید لە (صحیح فقه السنة1/123) دا دەفەرمویٚ: سەحیحە.
310 بوخاری ( 36 ) ، موسلیم ( 246 ) .

رَأيتُ رَسولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ يَتَوَضَّأُ)[311] ئاوا پێغەمبەری خوام صلى الله عليه وسلم بینی کە دەست نوێژی دەشت..

هەر ئەو دەفەرمویَ گوێم لێبوو خۆشەویستم صلى الله عليه وسلم دەیفەرموو: (تَبْلُغُ الحِلْيَةُ مِنْ المؤمِنينَ حَيْثُ يَبْلُغُ الوَضوءُ)[312] واتە: نوری دەموچاوو دەستی موسوڵمان دەگاتە ئەو شوێنانەی کە ئاوی دەسنوێژی بەرکەوتوە..

**12 ـ ئاو کەم بەکار هێنان:** لەبەر ئەو فەرموودەی کە ئەنەس خوا لێی رازی بێت دەیگێڕێتەوە: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيه وَسَلَّمَ يَغْتَسِلُ بِالصَّاعِ الى خَمْسَةِ أَمْدَادٍ، وَيَتَوَضَّأُ بِالْمُدِّ )[313]واتە: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بە ساعێک بۆ پێنج مودد دەسنوێژی دەشت[314].

**13 ـ دوعای دوای دەسنوێژ:** سەیدنا عومەر خوا لێی رازی بێت دەفەرمویَ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەیفەرموو: (مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ يَتَوَضَّأُ فَيُسْبِغُ الْوُضُوءَ، ثُمَّ يَقُولُ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ إِلَّا فُتِحَتْ لَهُ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ الثَّمَانِيَةِ، يَدْخُلُ مِنْ أَيُّهَا شَاءَ)[315] واتە: هەر کەسێکتان دەسنوێژێکی پاک وپوخت بگرێت و پاشان بڵێ شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەک نیە شایانی پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە کە هاوەڵی نیە، وە شایەتی دەدەم کە محمد صلى الله عليه وسلم بەندەو نێرراوی خوایە، ئەوە هەر هەشت

---

311 موسلیم (246).

312 موسلیم (250) ، نەسائی (81/1).

313 بوخاری (198) ، موسلیم (325).

314 یەعنی لە نێوان (2 ـ 5ر2) لیتر، چونکە ساعێک چوار موددە، مووددێکیش نیو لیترە.

315 موسلیم (234).

دەرگاکەی بەهەشتی بۆ دەکرێتەوەو لە کامیانەوە حەز بکات دەڕواتە ژوورەوە..

هەروەها سەیدنا سەعیدی خودری خوا لێی: رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (مَنْ تَوَضَّأَ وَقَالَ : سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ ، كُتِبَ فِي رَقٍّ ثُمَّ طُبِعَ بِطَابَعٍ فَلَمْ يُفْتَحْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ)[316]واتە: هەر کەسێک دسنوێژ بشوات و پاشان بڵێ: خوایە پاک و بێ خەوشی (بێ عەیبی) بۆ تۆو سوپاس و ستایشی قابیلی تۆیە، شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەک نیە شایانی پەرستن بێت جگە لە تۆ، داوای لێبوردنت لێ دەکەم و پەشیمانم و بەرەو لای تۆ گەڕاومەتەوە، لەسەر بەوحێک دەنوسرێت و مۆر دەکرێت، ئیتر تا رۆژی قیامەت ناشێکت، واتە: ناکرێتەوە تا ئەو رۆژە..

14 ـ کردنی دوو رکات نوێژ لە دوای دەسنوێژ: لەبەر ئەو فەرموودەی لای سەیدنا عوسمان خوا لێی رازی بێت کە حومران لێوەی دەگێڕێتەوە: (.. وَقَالَ مَنْ تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ لَا يُحَدِّثُ فِيهِمَا نَفْسَهُ غَفَرَ اللَّهُ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ)[317] واتە:... پاشان فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: هەر کەسێک ئاوا ئەم دەسنوێژەی من بگرێت، پاشان دوو رکات نوێژ بکات و نەکەوێتە قسەی زیادەوە، ئەوە لە هەموو گوناحەکانی پێشووی دەبوررێت..

---

316 نەسائی لە : الكبرى (9909) ، الحاكم (564/1) لە المجموعی ئیمامی نەوەویەوە نەقڵم کردووە (482/1).

317 بوخاری (6433)،موسلیم (226) هەموو فەرموودەکە وا لە پەڕاوێزی (193).

فەرموودەکەی سەیدنا بیلال خوا لێی رازی بێت ئاشکرایە کە باس لەو نوێژانە دەکات کە سەیدنا بیلال خووی پێوە گرتبوون کە دوای دەسنوێژ گرتن دەیکردن، کە بووە مایەی ئەوەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لێی بپرسێت : (يَا بِلَالُ حَدِّثْنِي بِأَرْجَى عَمَلٍ عَمِلْته فِي الْإِسْلَامِ ، فَإِنِّي سَمِعْتُ دَفَّ نَعْلَيْكَ بَيْنَ يَدَيَّ فِي الْجَنَّةِ ، قَالَ : مَا عَمِلْت عَمَلًا أَرْجَى عِنْدِي أَنِّي لَمْ أَتَطَهَّرْ طُهُورًا فِي سَاعَةٍ مِنْ لَيْلٍ أَوْ نَهَارٍ إِلَّا صَلَّيْتُ بِذَلِكَ الطُّهُورِ مَا كُتِبَ لِي أَنْ أُصَلِّيَ)[318] واتە : ئەریٚ بیلال، چ کردارێکت هەیە کە لە هەموو کارەکانتدا ئومێدی زیاترت بەو هەیە، چونکە لە بەهەشتدا لە پێش خۆمەوە، گوێم لە خشپەی نەعلەکانت بوو، فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا کارێکی وام نیە ئەوەندەی ئومێدە پێوە ببەستمەوە مەگەر ئەوەی کە هەموو جارێک شەو بێت یان رۆژ دەسنوێژ دەشۆم پاشان چەندم بۆ نوسرا بێت نوێژی پێوە دەکەم..

**ووشك كردنەوەی دوای دەسنوێژ:**

هیچ حوکمێک لەبەر دەستدا نیە رێ لە ووشک کردنەوەی تەڕێتی ئەندامەکانی دەسنوێژ بگرێت.. ئەگەر بوترێت: ئەدی ئەو رەفتارەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم چی لێ دەکەن کە ریوایەتەکەی لە بوخاریدایەو دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەسنوێژی شت، مەیمونەخانی خێزانی دەستەسڕێکی هێنایە خزمەتی تا تەڕێتی دەسنوێژەکەیی پێ ووشک کاتەوە، بەڵام وەری نەگرت و لەولاوە دەستی دەتەکاند[319].. لە وەڵامدا دەوترێت:

---

318 بوخاری (1149) ، موسلیم (2458).
319 بوخاری (270).

1 ـ هەر ئەوە بەڵگەیە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم عادەتی بووە کە دوای دەسنوێژ گرتنی ئەندامانی دەسنوێژی ووشک کاتەوە نەک ببێتە مایەی بەرهەڵستی کردنی..

2 ـ لەوانەیە نەیوویستبێت دەستەسڕەکە تەڕ کات..

3 ـ لەوانەیە دەستەسڕەکەی پێ پیس بووبێت..

بەڵام خۆ ئەوەش سەلمێنراوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەسنوێژی گرت پاشان بە بەرگی ناوەوەی جببە خوریەکەی دەموچاوی ووشک کردەوە[320]..

ئیمامی ترمزی دەفەرموێ: کۆمەڵێک لە شەرعناسانی ناو یاوەران و زانایانی دوای ئەوان رایان لەسەر ئەوەیە کە دەستەسڕ بەکار بێت بۆ ووشک کردنەوەی ئەندامانی دەسنوێژ، ئەوەش هیچ کاریگەرییەکی لەسەر کەم کردنەوەی پاداشت نیە.. هەر کەسێک کە ووتبێتی پێم خۆش نیە ووشکی کەمەوە لەبەر ئەوەی بووە کە پێی وا بووە لە پاداشتەکەی کەم دەبێتەوە، بەڵام بەڵگەیەک لەبەر دەستدا نیە ئەوە بسەلمێنێت[321]..

**دەسنوێژو بۆیەی نینۆك:**

زۆرینەی ئەم بۆیە کە بۆ رەنگ کردنی نینۆک بەکار دێن رێ لە تەڕ بوونی نینۆک دەگرن، بۆیە حوکمی شەرعییان ئەوەیە کە دەسنوێژ بەسەریاندا بە تاڵە، دەشێت لە کاتی بێ دەسنوێژیدا بەکار بێن.. رەنگێک کە رێ لە ئاوی دەسنوێژ نەگرێت وەکو خەنەو شتی وا، ئەوە رێپێدراوەو دەشێت پاش و پێشی دەسنوێژ بەکار

---

320 ئیبنوماجە (468 ، 3564) کەمال ئیبنوالسەید لە صحیح فقه السنة (127/1) دا دەفەرموێ: سەنەدەکەشی نزیکە لە حەسەن..

321 ترمزی (26).

بهێنرێن.. هەرچەندە ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێت دەیفەرموو: خێزانەکانمان باشترین خەنە لە دەستیان دەدەن، دوای عیشا بەکاری دەهێنن و پێش نوێژی بەیانی لێی دەکەنەوە[322]..

* * *

322 ئیبنوئەبی شەیبە (120/1).

## دەسنوێژ شکان

دەسنوێژ شکان، یەعنی نەمانی دەسنوێـژ، ئـەویش بـە یەکێـک لەمانەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم : هاتنە دەرەوەی میزو پیسایی یان بـا لـە یەکێـك لـە دەرچـەکانیانەوە:**

لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێ: (أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَـائِطِ) المائدة/ 6 واتە: ئەگەر کەسێکتان لە دەست بە ئاو گەیاندنەوە هاتەوە. چۆن لە کوردیدا دەست بە ئاو گەیاندن مانای میز کردن یان پیسایی کردنی هەیە، لە عەرەبیشدا (الغائِط) وایە.. رای شەرعناسـان لەسـەر ئەوە کۆیە کە هەر کەسێک میز یان پیسایی یان بای لە رێی ئاسایی خۆیانەوە (لە پێش یان لە پـاش) هاتـە دەرەوە ئـەوە دەسنوێـژی شکاوە[323].. بەڵام هاتنە دەرەوەیـان لـە غـەیری ئـەو دوو شوێـنە ئاساییانەوە، وەکو ئەوەی برینێک لە میزەڵداندا هەبێـت یـان لـە گەدەدا، ئەوە موناقەشەی شەرعناسانی لەسەرە..

ئیمامی ئەبو حەنیفەو سـەوری و ئیمـامی ئەحمـەدو ئیبنوحـەزم فەرموویانە: هـەر نەجاسەتێـک کـە لـە جەسـتەوە بێـتە دەرەوە دەسنوێژ دەشکێنێت.. کەوابوو یەکەم: دەبێت توخمی نەجاسەت بێت دووەم: لـە هـەر کوێـیەکی جەسـتەوە بێـتە دەرەوە گـرنگ نیـەو دەسنوێژی هەر پێ دەشکێت.. بەڵام ئیمامی شافیعی فەرموویـەتی: بۆ دەسنوێژ شکان مەرجە شتێک لە شوێـنی ئاسـاییەوە هاتبێـت، ئەگەرچی نەجاسەتیش نەبووبێت، بۆ نموونە بەردووچکەیەکی لـێ بێتە دەرەوە[324].

---

323 ابن المنذر: الاجماع (ل 17) و الاوسط (147/1).

324 ابن حزم: المحلى (232/1) ، ابن رشد: بداية المجتهد (40/1) ، ابن المنذر: الاوسط (137/1).

بەلاّم با لێبوونەوە ـ دەنگدار بێت یان بێ دەنگ ـ هـەر دەسنوێـژ دەشکێنێت، چونکە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفـەرموێ: (لا يَقْبَلُ اللهُ صَلاةَ أحَدِكُمْ إذَا أحْدَثَ حَتَّى يَتَوَضَّأَ)[325] واتـە: خـوای گـەورە نوێژی ئەو کەسە قبوولّ ناکات کە دەسنوێژی دەشکێت تا دەسنوێـژ نەگرێتەوە، کابرایەکی خەلّکی حەزرەمەوت (باشووری یەمەن) پرسی ئەرێ ئەبو هورەیرە دەسنوێژ شکان چیە؟! فەرمووی : تس یـان تـڕ کەندنە[326]..

**ئەگەر کەسێك بای لە پێشەوە لێ بۆوە:** جمهور (سێ لە چوار ئیمامەکە) دەفەرموون: دەسنوێژی پێ دەشکێت. بەلاّم ئیمـامی ئـەبو حەنیفـەو ئیبنوحەزم دەفەرموون پێی ناشکێت، چونکە زاراوەی (تس و تڕ) بـۆ بایەکن کە لە پاش هاتبنە دەرەوە نەک لە شوێنی ترەوە[327]..

منیش پێم وایە رای جمهـور پەسـەندە، چـونکە هـەر بایـەو لـە شوێنێکی تر لەو دوو شوێنە ئاساییەوە هاتۆتە دەرەوە..

**روون کردنەوەیـەك** : جاری وا هەیە ئافرەت هەست دەکات وەکو با لە پێشی دێتە دەرەوە، ئەمە لە حالّەتی ئاسـاییدا بـە بـا لێـبوونەوە حسێب ناکرێت و دەسنوێژی پێ ناشێـکت، چـونکە حـوکمی وەکـو قرقێنەیە، بەلاّم ئەگەر ئافرەتێک کونی پێش و پاشـەوەی بـوو بـە یەک (وەکو حالّەتی عەمەلیات) و هەسـتی بـە بـا لێـبوونەوە لـە پێشەوە کـرد، دەبێـت لـە رووی ئیحتیاتـەوە وا حسێـب کـات کـە دەسنوێژەکەی شکاوە..

---

325 متفق علیه بوخاری (135) ، موسلیم (225).

326 بوخاری (135)، موسلیم (225) بەلاّم بە بێ شەرحەکەی ئەبو هورەیرە..

327 ابن حزم : المحلى (232/1) ، السرخسي : المبسوط : (83/1).

**دووەم : هاتنــە دەرەوەی مــەنی و وەدی و مــەزی:** بــە کــۆڕا (ئیجمـــاع) ی شەرعناسان هاتنە دەرەوەی هەر یەکێک لە مـەنی و وەدی و مـەزی دەسنوێژ دەشکێنێت[328]..

ـ مەنی ئەوە ئاشکرایە کە هەرچی شتێـک غوسـلٚ پێویسـت بکـات، دەسنوێژیش دەشکێنێت..

ـ مەزی، بەلٚگە ئەو ریوایەتەی سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیبە کـە فـەرمووی: ( كُنْتُ رَجُلاً مَذَّاءً فَأَمَرْتُ رَجُلاً أَنْ يَسْأَلَ النَّبِيَّ صلى الله عليـه وسلم لِمَكَانِ ابْنَتِهِ فَسَأَلَ فَقَالَ: تَوَضَّأْ وَاغْسِلْ ذَكَرَكَ کەسێک بووم مـەزیم زۆر بوو، شەرمم دەکرد لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بپرسـم لەبەر کچەکەی (زاوای بوو) بە کابرایەکم ووت: بـۆم بپرسـە لێـی، بۆی پرسیم پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فـەرمووی: زەکـەرت بشـۆو دەسنوێژ بگرە.

ـ وەدیش هەر ئەو حوکمەی هەیە، بۆ ئەویش هەر زەکەری دەشـوات و دەسنوێژەکەی دەگرێـت. ئیبنوعـەبباس خـوا لێـیان رازی بێـت دەربارەی هەر سێـکیان دەفـەرموێ: ئـەمما مـەنی: ئـەوە غوسـلٚی لەسەرە، ئەمما وەدی و مەزی، ئەوە هەر زەکەرتیان لێ بشـۆرەوەو دەسنوێژی خۆت بۆ نوێژ بگرە[329]..

حوکمی ئەو کەسەی کە مەزی زۆرەو بەردەوام لێی دێت، هەر وەکو حوکمی میزەچڕکێ و خوێنی جاری داوێـن (ئیسـتیحازە) ی ژنانـە. پیسە بەلاٚم لەش پیس ناکات، شوێنەکەی دەشۆرێـت و دەسنوێـژی نوێ بۆ هەر نوێژێک دەگیرێتەوە..

---

328 ابن هبيرة: الافصاح (78/1) ، ابن المنذر : الاجماع (ل 31).

329 بەیهیقی (115/1) کەمال ئیبنو السید لە (صحيح فقه السنة129/1) دا دەفەرموێ: إسناده صحيح.

**سێیەم: خەوێك بێ هۆشی دروست كردبێت**: ئەو بەڵگانەی باس لە مەسەلەی خەوی دەسنوێژدار دەكەن، كەمێک تێكەڵاوییان تێدایە، بۆیە رای زانایانیش دەربارەیان زۆر بووە.. شەرعناسان بوون بە دوو پۆلی سەرەكی: پۆلێكیان پێیان وایە خەوتن كاریگەری لەسەر دەسنوێژ هەر نیە! پۆلی دووەمیان پێیان وایە خەوتن هۆكاری دەسنوێژ شكانە.. ئەمانیش بوونەتەوە بە دوو پۆلی تر: هەندێكیان دەفەرموون: خودی خەوتنەكە هۆكاری دەسنوێژ شكانەكەیە، ئەوانی تریان دەفەرموون: نا، خەوتنەكە بێ هۆشی دروست كردووەو بێ هۆشیەكە ئیحتیمالی با لێبوونەوەی هێناوەتە پێش.. كەوابوو راو بۆچوونی شەرعناسان لەم مەسەلەدا سێ پۆلن، بەڵام هەشت قەولیان هەیە[330]:

**یەكەم: ئەوانەی پێیان وایە خەوتن دەسنوێژ ناشكێنێت**: ئەمە لە كۆمەڵێک یاوەری پێغەمبەری نازدارەوە صلى الله عليه وسلم ریوایەت كراوە، لەوانە: ئیبنو عومەرو ئەبو موسای ئەشعەری، لە تابعینیش ئەمە رای سەعیدی كوڕی جوبەیرو مەكحوول و عوبەیدەی سەلمانی و ئەوزاعی و هەندێكی ترە.. بەڵگەشیان:

1 ـ ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: ( بِتُّ عِنْدَ خَالَتِي مَيْمُونَةَ لَيْلَةً فَقَامَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ اللَّيْلِ فَلَمَّا كَانَ فِي بَعْضِ اللَّيْلِ قَامَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَتَوَضَّأَ مِنْ شَنٍّ مُعَلَّقٍ وُضُوءًا خَفِيفًا ، وَقَامَ يُصَلِّي فَتَوَضَّأْتُ نَحْوًا مِمَّا تَوَضَّأَ ثُمَّ جِئْتُ فَقُمْتُ عَنْ يَسَارِهِ وَرُبَّمَا قَالَ سُفْيَانُ عَنْ شِمَالِهِ فَحَوَّلَنِي فَجَعَلَنِي عَنْ يَمِينِهِ ثُمَّ صَلَّى مَا شَاءَ اللَّهُ

330 ابن حجر: فتح الباري (376/1) ، النووي: شرح مسلم (370/2) ، ابن حزم: المحلى (222/1) ، ابن عبدالبر: الاستذكار (191/1) ، ابن المنذر: الاوسط (142/1)، الشوكاني : نيل الاوطار (241/1).

ثُمَّ اضْطَجَعَ فَنَامَ حَتَّى نَفَخَ ثُمَّ أَتَاهُ الْمُنَادِي فَآذَنَهُ بِالصَّلَاةِ فَقَامَ مَعَهُ إِلَى الصَّلَاةِ فَصَلَّى وَلَمْ يَتَوَضَّأْ)[331]. واتە: شەوێک لای پوورە مەیمونەم (کە خێزانی پێغەمبەرە صلی الله علیه وسلم) مابوومەوە، کە هەندێک لە شەو رۆیشت پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هەستا، دەسنوێژێکی سووکەڵەی لە جەوەنەیەک گرت کە هەڵواسرابوو، ئینجا کەوتە نوێژ کردن، منیش هەستام وەکو ئەو دەسنوێژەکەم گرت ولای چەپیەوە وەستام، دەستی گرتم و رایکێشامە لای راستیەوە، پاشان چەندی حەز کرد نوێژی کرد، ئینجا راکشا، پاشان نوست، پرخەپرخی دەهات، پاشان کەسێک بۆ نوێژی بەیانی بانگی کرد، ئیتر هەستاو چوو، نوێژەکەی کرد بێ ئەوەی دەسنوێژ بشواتەوە..

2 ـ فەرموودەکەی لای ئەنەس خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: (أُقِيمَتْ الصَّلَاةُ وَرَجُلٌ يُنَاجِي رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَمَا زَالَ يُنَاجِيهِ حَتَّى نَامَ أَصْحَابُهُ ثُمَّ قَامَ فَصَلَّى)[332] واتە: قامەتی نوێژ کراو پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کابرایەکی بانگ دەکرد، بەردەوام بانگی دەکرد (پێوەی مەشغوولْ بوو) تا یاوەرەکانی خەوتن، پاشان تەشریفی هێناو نوێژەکەی بۆ کردن..

3 ـ قەتادە دەفەرموێ: گوێم لە سەیدنا ئەنەس بوو خوا لێی رازی بێت فەرمووی: یاوەرانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەخەوتن و هەڵدەستانەوە نوێژەکەیان دەکرد بێ ئەوەی دەسنوێژەکەیان بگرنەوە.. لە قەتادەیان پرسی: خۆت گوێت لێ بوو ئەنەس وا بفەرموێ؟! فەرمووی: ئەرێ بە خوا[333]..

---

331 بوخاری ( 117 و 135 ) ، موسلیم ( 184 ) ، احمد ( 341/1 ) .
332 بوخاری ( 6192 ) ، موسلیم ( 376 ) .
333 موسلیم ( 376 ) ، ترمزي ( 78 ) .

**دووەم: ئەوانەی پێیان وایە هەموو بڕە خەوتنێك دەسنوێژ دەشکێنێت**: بۆ ئەوەی جیاوازی هەبێت لە نێوان خەوی زۆر یان خەوی کەمدا.. ئەمەش رای ئەبو هورەیەرەو ئەبو رافیع و عـوروەی کـوڕی زوبـەیرو عـەتاء و حەسەنی بەسری و سەعیدی کوڕی موسەییب و زوهری و موزەنی و ئیبنول مونزیرو ئیبنو حەزمەو شێـخی ئـەلبانیش ئەمـەیانی پـێ پەسەندتر بووە، بەڵگەی ئەمانیش:

1 ـ سەفوانی کوڕی عەسسال خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (كَـانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ يَأمُرُنَا إِذَا كُنَّا مُسَـافِرِينَ أنْ نَمْسَـحَ عَلَـى خِفَافِنَا، وَلا نَنْزَعَهَا ثَلاثَةَ أَيَّامٍ مِنْ غَائِطٍ وَبَولٍ وَنَومٍ إلَّا مِنْ جَنَابَـةٍ)[334] واتـە: پێغەمبەری خـوا صلى الله عليه وسلم فـەرمانی پـێ دەکـردین کـە لـە سەفەردابووین، مەسح لەسەر خوففەکانمان بکـەین و تـا سـێ رۆژ لەبەر چوونە سەرئاوو (میز کردن وپیسایی کردن) یان لەبەر خەوتن لە پێیان نەکەینەوە، مەگـەر لـە جەنابـەت (لـەش پیسـی).. ئـەم شەرعناسە بەڕێزانە دەفەرموون: ئـەوەتا پێـغەمبەری خـوا صلى الله عليه وسلم خەوتنی بە شێوەیەکی گشتی باس فـەرمووە، بـۆ ئـەوەی جیاوازی بخاتە نێوان کەمی یان زۆرییەوە، هـەروەها بـۆ ئـەوەی جیاوازی بخاتە نێوان خەوتن و میز کردن و پیسایی کردنەوە..

2 ـ عائیشە خان خوا لێی رازی بێت دەفـەرموێ: پێـغەمبەری خـوا صلى الله عليه وسلم دەیفەرموو: (إِذَا نَعَسَ أَحَدُكُمْ فِي صَلَاتِهِ فَلْيَرْقُـدْ حَتَّـى يَذْهَبَ عَنْهُ النَّوْمُ فَإِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا صَلَّى وَهُوَ نَاعِسٌ لَا يَـدْرِي لَعَلَّـهُ يَـذْهَبُ

---

334 نەسائی ( 32/1 ) ، ترمزی ( 3535 ) ، ئیبنوماجە ( 478 ) ، شێخی ئەلبانی رحمە اللە لە (ارواء الغلیل 104 ) دا دەفەرموێ : حەسەنە ..

يَسْتَغْفِرُ فَيَسُبَّ نَفْسَهُ)[335] واتە: ئەگەر کەسێکتان لە نوێژەکەیدا وەنەوزی دا، با راکشێت، تا خەوەکەی دەڕوات چونکە لەوانەیە یەکێکتان خەوالّوانە نوێژ بکات نەزانێت چی دەلّێ؟! لەوانەیە جنێو بە خۆی بدات و هۆشی لێ نەبێت ..

ئەمە بەلّگەیەکی ئیمامی بوخارییە بۆ دەسنوێژشتنەوە لە خەوتن بەلاّم زانایانی بەرامبەر رەددیان لەم بەلّگە داوەتەوە بەوەی کە بەلّگەی خۆیانە، چونکە رێدانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بەوەی کابرا نوێژەکەی واز لێ بهێنێت و بڕوات راکشێت، لەبەر ئەوەیە قسە بە خۆی نەلّێت، یان هەلّەی خەتەری بەدەمدا نەیات، یان لەبەر ئەوەی خشووع و ملکەچیی نوێژەکەی نامێنێت.. ئەمە چ پەیوەندیەکی بە خەوتن و دەسنوێژ شکانەکەوە نیە..

3 ـ ئەم بەڕێزانە دەفەرموون: کۆڕا لەسەر ئەوە هەیە کە لەهۆش خۆچوون و سەرخۆش بوون دەسنوێژ دەشکێنێت، هۆکاری ئەم دوانە هۆش لە خۆ نەمانە، ئێ خەوتنیش وایە، هەموو کەسێک بە خەوتن هۆشی لە خۆی نامێنێت. کەوابوو خەوتن هۆکاری دەسنوێژ شکانە.

**سێیەم: ئەوانەی پێیان وایە خەوتنی زۆر دەسنوێژ دەشکێنێت نەك کەم:** ئەمەش رای ئیمامی مالیک و قەولێکی ئیمامی ئەحمەدو زوهری و رەبیعەیەو ئەو خەوتنەی یاوەرانیان (کە لە فەرموودەکەی لای ئەنەسدا هاتووە) بە خەوتنی زۆر لێکداوەتەوە..

**چوارەم: ئەوانەی پێیان وایە خەوتن بە شان دادان وراکشانەوە دەسنوێژ دەشکێنێت:** ئەم پۆلە شەرعناسە دەفەرموون: هەر کەسێک لە یەکێک لە شێوەکانی نوێژدا خەوی لێ کەوت وەکو کاتی بە پێوە بوون، یان رکوع یان سجود یان دانیشتنی تەحیات، لە نوێژدا بێت یان لە

---

335 بوخاری ( 212 ) ، موسلیم ( 222 ) .

غەیری نوێژدا، ئەوە دەسنوێژەکەی ناشکێت. ئەمەش رای ئەبو حەنیفەو حەممادو سەوری و داوودو قەولێکی ئیمامی شافیعیە..
بەڵگەی ئەمانیش:

1 ـ عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە ئەویش لە باپیریەوە دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (لَيسَ عَلَى مَنْ نَامَ جَالِساً وُضُوءٌ حَتَّى يَضَعَ جَنْبَهُ)[336] واتە: دەسنوێژ لەسەر ئەو کەسە فەرز نابێتەوە کە بە دانیشتنانەوە خەوی لێ دەکەوێت تا ئەو کاتەی دەکەوێتە سەر لا..

2 ـ ئەنەسی کوڕی مالیک خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (إِذَا نَامَ الْعَبْدُ فِي سُجُودِهِ بَاهَى اللهُ تَعَالَى بِهِ الملائِكَةَ يَقُولُ: أَنْظُرُوا الَى عَبْدِي رُوحُهُ عِنْدِي وَجَسَدُهُ فِي طاعَتِي)[337] واتە: کاتێک عەبدێکی خوا لە نوێژکردنیدا خەوی لێ دەکەوێت، خوای گەورە لای فریشتەکان شانازی پێوە دەکات، دەفەرموێ: بڕواننە ئەو عەبدەی من، رۆحی لای منەو جەستەشی لە ملکەچی مندایە.. ئیمامی بەیهیقی دەفەرموێ: ئەمە ئەگەر وەکو فەرموودە بسەلمێنرێت نابێتە بەڵگەی مانەوەی دەسنوێژ بە خەوتن چونکە ئەمە هەر مەتحی ئەو عەبدە چاکانەیە کە بەردەوامم لەسەر ملکەچیی و گوێڕایەڵی فەرمانی خوای گەورەن تا ئەو ساتەی خەو دەیانباتەوە..

---

336 دارەقوتنی (160/1) ، ئیبنوعەدی لە الکامل (2459/6) بەڵام فەرموودەوانان فەرموویانە حەدیسێکی زەعیفەو جۆری مونکەرە..

337 زەعیفە بڕوانە : الالباني : سلسلة الاحاديث الضعيفة ( 953 ) .

**پێنجەم: ئەوانەی پێیان وایە خەوتن لە رکوع و سجوددا دەسنوێژ دەشکێنێت:** ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: ئەمە رای ئیمامی ئەحمەدە.. لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت ئەو دوو شێوەیە ئیحتیمالی با لێبوونەوەیان زیاترە.

**شەشەم : ئەوانەی پێیان وایە خەوتن تەنها لە سجوددا دەسنوێژ دەشکێنێت:** ئەمیش قەولێکی تری ئیمامی ئەحمەدە ..

**حەوتەم: ئەوانەی پێیان وایە خەوتن لە نوێژدا دەسنوێژ هەر ناشکێنێت:** ئەمە رای ئیمامی ئەبو حەنیفەیە، کە پێی وایە دەسنوێژ بە خەوتن تەنها لە دەرەوەی نوێژدا دەشکێت. ئەمە هەر وەکو قەولی چوارەمی وایە.

**هەشتەم: ئەوانەی پێیان وایە خەوتن بە دانیشتنانی مەحکەمەوە دەسنوێژ ناشکێنێت:** خەوتن بەو مەرجەی سمت و دەرچەی کۆمی لەزەوی یان لەسەر ئەوشتەی لەسەری دانیشتووە قایم کردبێت، زیانی بۆ دەسنوێژ نابێت چ لە نوێژدا بێت چ لە دەرەوەی نوێژ.. ئەمەش رای ئیمامی شافیعیە.. چونکە بە رای ئەم ئیمامە بەڕێزە خەوتن خۆی لە خۆیدا هۆکاری دەسنوێژ شکان نیە، بەلام لەبەر ئەوەی ئیحتیمالی با لێبوونەوەی زیاترە بۆتە هۆی دەسنوێژ شکانەکە.. بۆیە دەفەرموێ: ئەو کەسەی بە دانیشتنانەوە خەوی لێ کەوتووەو بەو شتەوە قایم بووە کە لەسەری دانیشتووە، ئەگەر بایەکی لێ بێتەوە هەستی پێ دەکات، بۆیە دەسنوێژەکەی سەلامەتە.. شەوکانی بەرگری لەمەی ئیمامی شافیعی کردووەو پێی پەسەندتر بووە. چونکە لە فەرموودەکەی ئەنەسدا هاتووە کە یاوەران لە چاوەڕوانی پێغەمبەری خوادا صلى الله عليه وسلم بۆ نوێژکردنیان دەخەوتن، ئەم شەرعناسانە دەفەرموون: کاتی چاوەڕوان کردنەکەیان دانیشتوو بوون.. بەلام ئیمامی ئیبنوحەجەری

عەسقەلانی رەددیان لێ دەداتەوە[338] و دەفەرموێ: نەخێر فەرموودەی تری سەحیح لە مەسنەدی بەززاردا هاتووە کە دەفەرموێ: ئەو یاوەرانەی چاوەڕوانی هاتنی پێغەمبەری خوایان صلی الله علیه وسلم بۆ نوێژ دەکرد تێیاندا بوو بە خەوتوویی کەوتبووە سەر تەنیشت و هەیانبوو بە تەواوی خەوتبوو، پاشان هەموو هەڵدەستان بۆ نوێژ[339]..

**پوختەی بۆچوونەکان**: ئەو خەوتنە دەسنوێژ دەشکێنێت کە هۆشی لەگەڵدا نەمابێت، کە بۆ نموونە خاوەنەکەی لیک بە دەمیدا هاتبێتە خوارەوە هەست پێ نەکردبێت، یان لە قسەی دەروبەرەکەی تێنەگەیشتبێت، یان شتێکی بە دەستەوە بووبێت و لێی کەوتبێتە خوارەوەو نەیزانیبێت.. چونکە هەموو ئەمانە ئیحتیمالی دەسنوێژ شکانیان هەیە، ئیتر دەستنوێژەوان لە رکوعدا بێت یان لە سوجدەدا دانیشتبێت یان بە پێوە بێت، شانی دادابێت یان راکشابێت گرنگ نیە چونکە وا دیارە ئەوی یاوەران لە چاوەڕوانی پێغەمبەری خۆشەویستدا صلی الله علیه وسلم تووشیان دەبوو، یان ئەوەی ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت لە ناو نوێژەکەدا کە لە خزمەت پێغەمبەری بەڕێزدا صلی الله علیه وسلم بوو تووشی دەهات، هەمووی هەر خەوەنووچکە بووە بۆیە کاریگەری لەسەر دەسنوێژیان نەبووە ئەمەش وا دەزانم کۆکردنەوەیەکی تەقریبی بەڵگەکانە.. والله اعلم.

---

338 ابن حجر العسقلاني : فتح الباري ( 251/1 ) .

339 ئەبوداوودیش لە کتێبی ( مسائل أحمد ل 318 ) دا هێناویێتیەوەو ئەلبانی لە تمام المنة (ل 100) دەفەرموێ: سەنەدی لەسەر مەرجی هەردوو شەیخەین سەحیحە.

**گومان کردن لە دەسنوێژی خەوەنووچکە**: ئەگەر کەسێک دەسنوێژی هەبوو بەڵام خەو بردیەوەو هۆشی لە خۆی و دەروبەری ما ، پێویست ناکات خۆی بخاتە سەر گومانی ئەوەی کە گوایە دەسنوێژەکەی نەماوە.. چونکە لە ئەسڵدا ئەو دەسنوێژی هەبووە، بە پێی ئەو رێسایەی دەفەرموێ: (اليَقينُ لا يَزولُ بالشَّكِّ) واتە: دڵنیابوون بە گومان لاناچێت، گومان کردنەکەی ئەسڵەکە لانادات کە دڵنیابوون (یەقین) بووە لە هەبوونی دەسنوێژ، ئەمە بۆچوونی ئیمامی ئیبنوتەیمییەیە رەحمەتی خوای لێ بێت[340] .

**چوارەم: لە هۆش خۆ چوون بە شێتبوون یان سەرخۆشی یان بورانەوە**: ئەمانە هەمووی بە کۆڕا (ئیجماع) ی شەرعناسان[341]، دەسنوێژ دەشکێنن..

**پێنجەم: دەستدان لە عەورەت بە رووتی**: رای شەرعناسان لە مەسەلەی دەستدان لە زەکەردا چوار پۆلە:

**پۆلی یەکەم : ئەوانەی فەرموویانە: دەستدان لە زەکەر دەسنوێژ ناشێکنێت:**

ئەمەش رای ئیمامی ئەبو حەنیفەو قەولێکی ئیمامی مالیک و کۆمەڵێک لە یاوەرانێتی[342] . بەڵگەشیان:

1 ـ فەرموودەکەی قەیسی کوڕی تەڵقی کوڕی عەلی خوا لێی رازی بێت، کە بە فەرموودەی تەڵق ناسراوە، دەگێڕێتەوە کە کەسێک (لەوە دەچوو ئەعرابی بێت) پرسیاری لە پێغەمبەری خوا کرد صلى الله عليه وسلم، دەربارەی کەسێک کە دوای ئەوەی دەسنوێژی گرت، دەست لە زەکەری بدات، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی:

---

340 ابن تيمية : مجموع الفتاوى ( 23/21 ) .
341 ئيبنول مونزير : الاوسط ( 155/1 ) .
342 البدائع (30/1)، شرح فتح القدير (37/1)، المدونة (8/1) ، الاستذكار (308/1).

(هَلْ هُوَ إِلَّا بِضْعَةٌ مِنْكَ)[343] واتە: مەگەر هەر بەشێک نیە لە خۆت؟! لە لەفزێکی تردا دەفەرموێ: کابرا پرسی: لەو کاتەی من لە نوێژدام، رانم دەخورێم، دەستم بەر زەکەرم بکەوێت؟! فەرمووی: (إِنَّمَا هُوَ مِنْكَ)[344] واتە: ئەویش بەشێکە لە خۆت..

2 ـ ئەم شەرعناسە بەڕێزانە دەفەرموون: کە کەس گومانی لەوەدا نیە کە ئەگەر زەکەر بەر ران بکەوێت دەسنوێژ ناشکێنێت، کەوابوو جیاوازی دەست و ران چیە؟! هیچ جیاوازیەک نیە، بۆیە دەسنوێژ بە دەستدان لە زەکەر ناشکێت..

قسەشیان لەسەر ئەو فەرموودانە هەیە کە باس لە شکانی دەسنوێژ بە دەستدان لە زەکەر دەکەن. وەکو فەرموودەی بوسر کە دواتر دێت[345]..

**پۆلی دووەم: ئەوانەی فەرموویانە: دەستدان لە زەکەر دەسنوێژ دەشێکنێت:** ئەمە مەزهەبی زانراوی ئیمامی مالیک و شافیعی وئەحمەدو ئیبنوحەزمە کە لە زۆر لە یاوەرانەوە گێڕراوەتەوە، بەڵگەشیان:

1 ـ فەرموودەکەی بوسرەی کچی سەفوان کە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (مَنْ مَسَّ ذَكَرَهُ فَلْيَتَوَضَّأْ وُضُوءَهُ لِلصَّلَاةِ)[346] واتە: هەر کەسێک دەستی دا لە زەکەری با دەسنوێژ بشواتەوە، وەکو کە بۆ نوێژی دەشواتەوە..

---

343 ئەبوداوود (182) ، ترمزی (85) ، نەسائی(101/1) زۆر لە فەرموودەوانان بە زەعیفیان داناوە بەڵام شێخی ئەلبانی رەحمەتی بە سەحیحی داناوە ..

344 ئەبو داوود ( 183 ) ، ئەحمەد ( 23/4 ) ، بەیهیقی ( 135/1 ) .. کەمال ئیبنو السەید لە صحیح فقە السنة ( 33/1 ) دەفەرموێ إسنادە ضعیف ..

345 الاستذکار ( 203/1 ) ، شرح معاني الآثار ( 71/1 ) .

346 ئەحمەد: (الجامع فی العلل ژ 363) ، ئەبو داوود (181) ، نەسائی (100/1).

2 ـ فەرموودەکەی لای ئوم حەبیبە کە دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (مَنْ مَسَّ ذَكَرَهُ فَلْيَتَوَضَّأْ) [347]واتە: هەر کەسێک دەستی لە زەکەری دا با دەسنوێژ بگرێتەوە..

3 ـ فەرمودەکەی لای ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (إِذَا أَفْضَى أَحَدُكُمْ بِيَدِهِ إِلَى فَرْجِهِ وَلَيسَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا حِجَابٌ وَلا سِتْرٌ فَقَدْ وَجَبَ عَلَيهِ الْوُضُوءُ )[348] واتە: هەر کەسێکتان دەستی بەر عەورەتی خۆی کەوت بێ ئەوەی بەربەستێک پەردەیەک لە نێوانیاندا هەبێت، ئەوە دەسنوێژی لەسەر فەرز بووە..

3 ـ فەرموودەی تریش بە هەمان مانا لە سەیدنا ئەبو هورەیرەو ئەروای کچی ئونەیس و عائیشەخان و جابری کوڕی عبداللە و زەیدی کوڕی خالیدو عبداللەی کوڕی عەمرەوە ریوایەت کراوە.. ئیبنوقودامەی مەقدیسی لە کتێبی (المُغْنِي) یەکەی خۆیدا دەفەرموێ: زیاتر لە پازدە یاوەری پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەم فەرموودانەیان ریوایەت کردووە کە دەسنوێژ لە دەستدان لە عەوەرت دەشکێت..

ئەم پۆلە شەرعناسە فەرموویانە فەرموودەکەی لای بوسرە بەهێزترە لە فەرموودەکەی تەلق، لە زۆر لایەنەوە، لەوانە:

أ ـ فەرموودەکەی لای تەلق زیاتر قسەی لەسەر کراوە، تەنانەت هەر لەوەی راویەکە قەیسی کوڕی تەلقە یان تەلقی کوڕی عەلی

---

347 ئیبنو ماجە ( 481 ) ، ئەبویەعلا ( 7144 ) ، بەیهیقی ( 130/1 ) شێخی ئەلبانی رەحمەتی بە سەحیحی داناوە ، بڕوانە الارواء ( 117 ) .

348 الحاكم (138/1) ، ئەلبانی لە (صحيح الجامع 359) دا دەفەرموێ سەحیحە.

خۆیـــەتی؟! ئەوانـــەی قســـەیان لەســـەر کـــردووە پێشـــەوایانی فەرمووودەوانین[349] تەنانـــەت توێـــژەرەوەی وەکـــو ئیمـــامی نـــەوەی دەفەرموێ: کۆڕای فەرمووودەوانانی لەسەرە کە زەعیفە[350].

ب ـ فـــەرمووودەی لای تـــەڵق لەســـەر ئەســـڵەکەی مـــاوە، بـــەڵام فەرمووودەکەی لای بوسرە نەقڵی کردووە، نەقڵ کردنیش لە پێشترە، چونکە ئەحکامی شەرع بریتیە لە نەقڵ کردن لە پێغەمبەری خواوە. صلی الله علیه وسلم .

ج ـ ئەوانەی ریوایەتی حوکمی دەسنوێژ شکانیان بە دەســتدان لـــە زەکەر کردووە زۆرترن و فەرمووودەکانی لایان بەناوبانگترن..

د ـ فەرمووودەکەی لای تەڵق وا لێک دەدرێتەوە کە لە نوێژدا بـــووە.. یەعنی عەورەتی داپۆشیووە بەڵام کە رانی خوراندووە دەســتی بـــەر زەکەری کەوتووە.

هـ ـ ژمارەی ئەو یاوەرانەی ئەم فەرمووودانەیان گێڕاوەتەوە زۆرترن.

و ـ قیاس لەسەر ئەوەی کە زەکەریش وەکو ئەندامێکی تـــری لـــەش وایە، ئەمە بەو رەهاییە نیە، چونکە هەندێک ئەحکامی شەرع هەیـــە زەکەر دەگرێتەوە بەڵام هیچ ئەندامێکی تری جەستە وا ناگرێـــتەوە، وەکو ئەحکامی غوسڵ ومارەیی وحەددو شتی وا.. حـــوکمی کەسێـــک پەنجەیەک بکات بە عەورەتێکدا کـــەی وەک ئەوەیـــە زەکـــەری پێـــدا کردبێت؟!

---

349 وەکو ئیمامی ئەبو زەرعە کە شەش سەد هەزار فەرمووودەی لەبەر بووە ، ئیبنوقودامە لە ( المغنی ) دا هێناویێتیەوە: ئەبوزەرعە دەربارەی تەڵق دەفەرموێ : ( قَیس مِمَن لا تقومُ بروایته حُجَّةٌ).

350 النووي : المجموع ( 42/2 ) .

**پۆلی سێیەم: ئەوانەی فەرموویانە دەستدان لە زەکەر بە چێژەوە دەسنوێژ دەشێکنێت**
ئەمەش قەولێکی ئیمامی مالیکەو شێخی ئـەلبانیش ئەمـەیانی بـە پەسەندتر داناوە[351].. ئەمان بۆ گونجاندنی دوو فەرموودەکەی تەڵق و بوسرە فەرموویانە: فەرموودەکەی تەڵق (هَلْ هُوَ إِلَّا بِضْعَةٌ مِنْكَ) بـۆ ئەو کەسەیە کـە بـە چێـژەوە دەسـت لـە زەکـەری نـادات ئـەوە دەسنوێژەکەی ناشکێت، چونکە وەکو ئەوەیە کە دەست لە شوێنێکی تری لەشی بدات.. ئەمما فەرموودەکەی بوسـرە (مَـنْ مَـسَّ ذَکَـرَهُ فَلْيَتَوَضَّأْ) بۆ ئەوەیە کە بە چێژەوە دەست لـە زەکـەری دەدات، ئـەوە حەتمەن دەسنوێژەکەی دەشکێنێت.. ئەمەش بۆچوونی ئیمامی ئیبنو تەیمییەیە.. بەرامبەرەکانیان دەپرسـن: ئایـا زانـینی چێـژ بـە چ پێوەرێکە؟ هەر بەوەندەی ئاهێکی پێدا هات، یان بەوەنـدەی جـوڵا، یان بەوەی کە مەزی بێتە دەرێ؟!

**پۆلی چوارەم : ئەوانەی فەرموویانە دەسنوێژگرتنەوە لە دەستدان لە زەکـەر واجـب نیە** : ئەمەش رای ئیمامی ئەحمەدەو پەسـەندکراوی ئیمـامی ئیبنـو تەیمییەیە، ئیبنوعوسێمینی رەحمەتیش زیاتر بـەلای ئـەم رایـەدا دەچوو.. ئەمە مەزهەبی حەنبەلیە، ئەم بەرێزانە پێیان وایە ئەگـەر دەست لێدانەکە بە چێژەوە نەبوو، دەستنوێژ بگرێتەوە باشترە دەنا لەسەری فەرز نیە[352]. بەرامبەرەکانی ئەمانیش دەڵێن: بۆچـی ئـەم حوکمەتان وەکو حوکمی با لێبوونەوەو هۆکارەکانی تری دەسنوێژ شکان لێ نەکردووە ؟![353]

.........................

---

351 الالباني : تمام المنة ( ل 103 ) .
352 اين تيمية : مجموع الفتاوى (241/21) ، ابن عثيمين : الشرح الممتع (233/1).
353 ابن المنذر : الاوسط ( 207/1 ) .

**پوختەی حوکم** : هەر کەسێک دەستی بەر زەکەری کەوت، بە ئەنقەست یان لە ناغافلێ، بە چێژ یان بێ چێژ، حەتمەن دەسنوێـژی شـکاوە..

والله اعلم

.........................

## هەندێك باسی تر لەسەر دەسنوێژ

### دەست لە عەورەتدان

1- **ئەگەر ئافرەت دەستی بەر عەورەتی خۆی کەوت، ئەوە دەسنوێژەکەی شکاوە:** چونکە فەرمووده لەو بارەوە زۆرن.. عائیشه خان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: ئەگەر ئافرەتێک دەستی لە عەورەتی خۆی دا پێویستە دەسنوێژ بگرێتەوە[354] ؟؟

هەروەها فەرموودەکەی لای عەمری کوڕی شوعەیب کە لە باوکیەوە ئەویش لە باپیریەوە گێڕایەوە کە پێغەمبەری خۆشەویست صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (مَنْ مَسَّ ذَكَرَهُ فَلْيَتَوَضَّأْ، وَأَيَّمَا إِمْرَأةٍ مَسَّتْ فَرْجَهَا فَلْتَتَوَضَّأْ)[355] واتە: هەر کەسێک دەستی لە زەکەری دا با دەسنوێژ بگرێتەوە، هەر ژنێکیش دەستی لە عەورەتی خۆی دا با دەسنوێژ بکرێتەوە..

2 - **هەر کەسێك دەستی بەر عەورەتی کەسێکی تر کەوت:** لەسەر رای ئیمامی مالیک و ئیمامی شافیعی دەسنوێژەکەی دەشکێت[356]، لە مەزهەبی شافیعیدا دەسنوێژی دەشکێت مادام لەپی دەستی لە زەکەری خۆی، یان زەکەری کەسێکی تر، منداڵ بێت یان گەورە، زیندوو بێت یان مردوو، ئەنقەست یان بە هەر لە خۆوە بەری کەوتبێت، تەنانەت ئەگەر بە زەکەرێکی بڕراویش بێت..[357]. ئەمە دیارە کە سەختیەک لە

---

354 الشافعی : المسند ( 90 ) ، بەیهیقی ( 133/1 ) حاکمیش بە سەحیحی داناوە ( 138/1 ) .

355 ئەحمەد ( 223/2 ) ، بەیهیقی ( 132/1 ) ، فەرمودەکەش کەمال ئەبو السەید لە صحیح فقه السنة ( 135/1 ) دا دەفەرموێ : صحیح لغیره ..

356 مواهب الجلیل ( 396/1 ) ، الام ( 20/1 ) .

357 ابو اسحاق الشیرازي : المهذب ( 91/1 ) .

هەندێک رەفتاریاندا هەیە کە بێ بەڵگەیە. لەوانە: دەستدان لە عەورەتی منداڵ، منداڵی خۆ بێت یان غەیرە.. ئافرەت رۆژانە لە گۆڕینی پۆشاک و پەڕۆو حەففازەی منداڵیدا دووچاری ئەمە دەبێتەوە، کە بە پێی مەزهەبی شافیعی هەر کە دەستی بەر عەورەتی منداڵەکەی کەوت دەسنوێژەکەی دەشکێت! ئەمە هیچ بەڵگەیەکی تایبەتی لەسەر نیە.. ئەوەش ئاشکرایە کە ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەری نازدار صلى الله عليه وسلم کە کۆچی دوایی کرد، ئافرەتان شتیان، حەتمەن دەستیشیان بەر عەورەتی کەوتووە..

چ بەڵگەیەکمان لەبەر دەستدایە کە دەستدان لە عەورەتی مردوو، کە پێوەی مابێت، چ جای ئەوەی لێکرابێتەوە!! دەسنوێژی پێ دەشکێت، ئەگەر هەر لەبەر ئەوە بێت کە عەورەتە، خۆ شەرعناسان لە تەفسیلاتی ئەم باسەدا جەختیان لە چێژ کردنی کردۆتەوە.. عەورەتی ساردو سڕی مردوو مایەی چێژ نیە مەگەر لای نامۆیان.. ئەوەش نابێتە رێسا..

<u>کەوابوو دەستدان لە عەوەرتی منداڵ و مردوو دەسنوێژ ناشکێنێت، مەگەر بۆ چێژو لەزەت، بەڵام دەستدان لە عەورەتی کەسێکی باڵغی زیندوو دەسنوێژ دەشکێنێت.. والله اعلم.</u>

<u>3 ـ **دەستدان لە عەورەت بە ئەنقەست و هەر لە خۆوە یەك حوکمی هەیە**[358] :</u>

ئەمەش رای ئیمامی ئەوزاعی و شافیعی و ئیسحاق وئەحمەدە.. هەندێک شەرعناسی تری وەکو مەکحوول و جابری کوڕی زەیدو سەعیدی کوڕی جوبەیر دەفەرموون: ئەگەر بە ئەنقەست دەستی لێدا دەشکێت، مەزهەبی ئیبنوحەزمیش ئاوایە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ﴾

358 المحلى ( 241/1 ) ، الاوسط ( 205/1 ) .

الاحزاب / 5 واتە: لەوەی بە هەڵە دەیکەن گوناحبار نابن، بەڵکو لەوەدا کە ئیرادەو وویستی دڵتانی لەگەڵدایە.. ئیبنولمونزیر لە رەددی ئەماندا دەفەرموێ: ئەو کەسەی کە دەستدانی لە عەورەت خستۆتە ریزی هۆکارەکانی دەسنوێژ شکانەوە دەبوو ئەنقەست و هەڵەی وەکو یەک حسێب کردایە، وەکو هۆکارەکانی تر.. مەبەستی لەوەیە کە کەسێک بە ئەنقەست یان بە هەڵە بای لێ بێتەوە دەسنوێژەکەی دەشکێت، ئیتر بۆچی جیاوازی خراوەتە نێوان بە ئەنقەست و بە هەڵە دەستدان لە عەورەتەوە؟! خۆ حوکمی شەرعی کە لەسەر مەرج و روکنەکان دادەمەزرێت لەسەر هەردووکیان وەکو یەکە. بە هەڵەداچوون گوناهباری لا دەبات نەک حوکمە شەرعیەکە.

4 - **دەستدان لە عەورەت بەسەر پۆشاکەوە دەسنوێژ ناشکێنێت**: چونکە پێی ناوترێت دەست لێدان.. فەرموودەکەی لای ئەبو هورەیرەش خوا لێی رازی بێت ئەوە زیاتر روون دەکاتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (إِذَا أَفْضَى أَحَدُكُمْ بِيَدِهِ إِلَى ذَكَرِهِ لَيسَ بَيْنَهَا شَيْءٌ فَلْيَتَوَضَّأْ)[359] واتە: هەر کەسێکتان دەستی لە زەکەری دا کە هیچ بەربەستێکیان لە نێواندا نەبێت با دەسنوێژەکەی بگرێتەوە..

5 - **دەستدان لە دەرچەی کۆم دەسنوێژ ناشکێنێت** : لەبەر ئەوەی بە دەرچەی کۆم ناوترێت عەورەت، هیچ بەڵگەیەکیشی لەسەر نەهاتووەو قیاس کردنیشی لەسەر زەکەر ناشێت چونکە خاڵی لێکچواندن لە نێواندا نیە.. ئەگەر بووترێت: بەڵام شوێنی پیساییە، ئەوە نابێتە بەڵگە چونکە دەستدان لە خودی پیسایی دەسنوێژ ناشکێنێت تا دەرچەکە

---

359 دارەقوتنی ( 147/1 ) ، بەیهیقی ( 133/1 ) شێخی ئەلبانیش لە ( سلسلة الاحاديث الصحيحة ژ 1235 ) دا هێناویەتیەوە.

بیشکێنێت.. ئەمەش رای ئیمامی مالیک وسەوری وشوێنکەوتووانی مەدرەسەی رەئیە کە پێچەوانەی رای ئیمامی شافیعیە[360].. کەوابوو دەستدان لە سمت و نێوانیان و دەرچەی کۆم و بەرو ئەملاو لای عەورەتی ئافرەت دەسنوێژ ناشکێنێت.. والله اعلم .

**خواردنی گۆشتی حوشتر دەسنوێژ دەشکێنێت**

رەنگە لە بەر ئەوەی حوشتر لە ناو کوردا نیە، بە لامانەوە شتێکی سەیر بێت کە خواردنی گۆشتی حوشتر بە کاڵی و بە کوڵاوی و بە برژاوی دەسنوێژ دەشکێنێت.. بەڵام ئەمە حوکمی شەرعیە.. چونکە جابری کوڕی سەمورە دەگێڕێتەوە کە کابرایەک پرسیاری لە پێغەمبەری خوا کرد صلى الله عليه وسلم: ئەرێ دەسنوێژ لە خواردنی گۆشتی مەڕ بگرینەوە؟! فەرمووی: (إِنْ شِئْتَ تَوَضَّأْ، وَإِنْ شِئْتَ فَلا تَتَوَضَّأْ) واتە: ئەگەر حەز دەکەیت بیگرەوە، ئەگەر حەزیش ناکەیت مەیگرەوە.. ئینجا پرسی: ئەدی دەسنوێژ لە گۆشتی حوشتر بگرینەوە؟! فەرمووی: (نَعَمْ، تَوَضَّأْ مِنْ لُحُومِ الإِبِلِ)[361] واتە: بەڵێ، دەسنوێژ لە گۆشتی حوشتر بگرەرەوە..

بەرائی کوڕی عازیب خوا لێی رازی بێت فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (تَوَضَّأُوا مِنْ لُحُومِ الإِبِلِ وَلا تَوَضَّأُوا مِنْ لُحُومِ الْغَنَمِ)[362]. واتە دەسنوێژ لە گۆشتی حوشتر بگرنەوە، بەڵام دەسنوێژ لە گۆشتی مەڕ مەگرنەوە..

360 المحلی ( 238/1 ) ، الاوسط ( 212/1 ) .
361 موسلیم ( 360 ) ، ئیبنو ماجە ( 495 ) .
362 ئەبوداوود (184) ، ترمزی (81) ، ئیبنوماجە ( 494 ) ، کەمال ئیبنو السەید لە صحیح فقە السنة (137/1) دا دەفەرموێ : سەحیحە .

ئەمە مەزهەبی ئیمامی ئەحمـەدو ئیسـحاق و ئـەبو خەیسـەمەو ئیبنولمونزیرو ئیبنوحەزمەو قەولێکی ئیمامی شافیعیشە، ئیمـامی ئیبنوتەیمییەش ئەمەی پێ پەسـەندتر بـووە، ئـەم فـەرموودە لـە ئیبنوعومـەرو جـابری کـوڕی سـەمورەوە خـوا لێـیان رازی بێـت گێڕراوەتەوە.. بەڵام جمهوری شەرعناسان، ئیمامی ئـەبو حەنیفـەو مالیک و شافیعی و سەوری و کۆمەڵێک لـە سـەلەف فەرموویانـە دەسنوێژ شتنەوەلە خواردنی گۆشتی حوشـتر واجـب نیـە، بـەڵکو شتێکی باشە[363]. چونکە فەرموودەیەکی تر لای جابرە خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: ئاخرین هەڵوێستی پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم لە گۆشت ئەوە بوو کە دەسنوێژ لەوە نەگیرێتەوە کـە ئـاگری بەر کەوتووە[364].. ئەمەش دیارە کە گۆشتی حوشتریش دەگرێتەوە..

وەڵامی ئەمە: ئەو فەرموودەیەی کە باس لە گرتنەوەی دەسنوێـژ لە گۆشتی حوشتر دەکات، فەرمانەو هەموو شێوەیەکی ئـەو جـۆرە گۆشتە دەگرێتەوە، ئاگری بەرکەوتبێت یان نا..

هەندێک لە شەرعناسان فەرموویانە مەبەست لەو دەسنوێژە لەو فەرموودەدا دەست شتنە نەک دەسنوێـژ[365] ! ئەمـەش بۆچوونێـکی سەیرە. چونکە دەسنوێژ لە هەموو فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوادا صلی الله علیە وسلم کە هاتووە هەر بە مانای خـودی دەسنوێـژ بـووە، کەس لە یاوەران وا لێی حاڵی نەبووە کە دەست شتن بێت..

---

363 المبسوط (80/1)، مواهب الجليل (302/1)، المجموع (57/1)، المغني (138/1) المحلى ( 241/1 ) ، الاوسط ( 138/1 ) ..

364 ئەبوداوود ( 192 ) ، ترمزی 0 8 ) ، نەسائی ( 108/1 ) ، کەمال ئەبو السەید لە صحیح فقه السنة ( 137/1 ) دا دەفەرموێ : سەحیحە .

365 لە مجموعی فەتاوای ئیمامی ئیبنو تەیمیە ( 260/21 ) دا هاتووە .

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: لە هەموو بۆچوونێک بەهێزتر ئەوەیە کە فەرموویەتی دەسنوێژ لە گۆشتی حوشتر دەگیرێتەوە هەرچەندە پێچەوانەی بۆچوونی جمهوری شەرعناسانیشە، بۆیە وا دەزانم دەسنوێژ گرتنەوە لە خواردنی گۆشتی حوشتر واجبە[366]..

منیش ئەم رایەی ئیمامی نەوەوی رەحمەتیم پێ پەسەندترینە، چونکە توێژینەوەیەکی لە هەمووان ووردەکارانەتری لەسەر کردووە .. رەحمەتی خوای لێ بێت ..

.........................

**دوو روون کردنەوە** : ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: لە خولەفای راشیدینەوە بەڵگەیەک نەهاتووە کە دەستنوێژیان لە گۆشتی حوشتر گرتبێتەوە[367].. بەڵام ئیمامی ئیبنوتەیمییە رەد لەمە دەداتەوەو دەفەرموێ: ئەو کەسەی کە بڵێ بەڵگە لە خولەفای راشیدین و جمهوری یاوەرانی ترەوە لەسەر دەسنوێژ گرتنەوە لە گۆشتی حوشتر نەهاتووە، بە هەڵەدا چووە، چونکە بەڵگە لەسەر ئەوە زۆرە[368]..

**چیرۆکێکی نەسەلمێنراو** : زۆر جار لە کۆڕی فەقێ و مامۆستایاندا دەگێڕنەوە کە جارێک پێغەمبەری خوا تەشریفی هێناوەتە لای کۆمەڵێک لە یاوەرانی و بۆنی با لێبوونەوەی لێیانەوە کردووە، شەرمی کردووە پێیان بفەرموێت کێتان بووە با هەستێت و بچێت دەسنوێژ بشواتەوە، بۆیە کە زانیوێتی هەموویان گۆشتی حوشتریان خواردووە، فەرموویەتی هەر کەسێک گۆشتی حوشتری

---

366 النووي : شرح صحيح مسلم ( 328/1 ) .

367 هەمان سەرچاوە..

368 القواعد النورانية ( ل 9 ) لە تمام المنة ( 105 ) .

خواردووە با بچێت دەسنوێژ بگرێتەوە.. ئیتر کۆمەڵێکیان هەستاون و چوون دەسنوێژیان گرتۆتەوە. شێخی ئەلبانی رەحمەتی خوا لـێ بێت دەفەرموێ: ئەمە زەعیفە، شێخ مەشهور حەسەنیش دەفـەرموێ ئەسڵ و ئەساسی نیە[369] ..

.........................

369 سلسلة الاحاديث الضعيفة ( 1132 ) ، مشهور حسن : قصص لا تثبت ( ل 105 ) .

## لەوانەی دەسنوێژ ناشکێنن

هەندێک مەسەلە هەن لە باسی دەسنوێژدا کە راجوێییان لەسەرە کە ئایا دەسنوێژیان پێ دەشکێت یان نا، بەلاّم دوای توێژینەوە دەردەکەوێت کە دەسنوێژیان پێ ناشکێت، لەوانە:

**یەکەم: دەسنوێژ لە هاوسەر ناشکێت:** شەرعناسان لەم مەسەلەیەدا سێ پۆلن :

**یەکەم: هەر پیاوێك دەستی بە رووتی بەر خێزانی کەوت، جگە لە دان و مووی، دەسنوێژەکەی دەشکێت:** ئەمە رای ئیمامی شافیعیەو ئیمامی ئیبنو حەزمیش لایەنگرێتی.. لە سەرچاوەشدا دەگەڕێتەوە بۆ ئیبنو مەسعوود و ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت[370]..

**دووەم: دەسنوێژ لە هاوسەر ناشکێت:** ئەمەش مەزهەبی ئیمامی ئەبو حەنیفەو محمدی کوڕی حەسەنی شەیبانیەو لە سەرچاوەشیدا دەگەڕێتەوە سەر طاووس و حەسەنی بەسری و عەتاء و ئیبنو عەبباس، شێخی ئیسلام ئیبنوتەیمییەش ئەمەی بە پەسەندتر داناوە[371]..

**سێیەم: دەست لێدان بە چێژەوە دەسنوێژ دەشکێنێت:** ئەمەش مەزهەبی ئیمامی مالیک و رای بەناوبانگی ئەحمەدە[372].. بەلاّم وەکو ووتمان پێوەرێکی گونجاو بۆ زانینی چێژ نیە، دەرکردنی حوکمێکی ئاواش رەنگە زۆر کەس بخاتە سەر وەسوەسەیەک کە پێویست نیە..

.........................

370 الشافعي: الام (15/1)، النووي: المجموع (32/2) ، ابن حزم: المحلى (244/1).

371 السرخسي : المبسوط (68/1) ، البدائع (30/1) ، ابن المنذر : الاوسط (126/1) ، ابن تيمية : مجموع الفتاوى ( 410/21 ) .

372 الامام مالك : المدونة (13/1) ، ابن عرفة الدسوقي : حاشية الدسوقي (119/1) ، ابن قدامة : المغني ( 192/1 ) ، البهوتي : كشاف القناع ( 145/1 ) .

## توێژینەوەیەك
## لەسەر سەلامەتی دەسنوێژ دوای دەست بەر کەوتنی ژن و پیاو

ئەوەی شەرعناسانی بەڕێزی لەم مەسەلەیەدا راجوێ کردووە:

یەکەم: ئایەتەکەی سورەتی مائیدەیە (أَوْ لامَسْتُمُ النِّسَاء) المائدة / 6.

دووەم: ریوایاتی فەرموودەکانن.

کە پێویستە زیاتر روونیان کەینەوە:

1 ـ ئایەتەکەی مائیدە: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ وَإِن كُنتُم مَّرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لامَسْتُمُ النِّسَاء فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ مَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ وَلَكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ) المائدة / 6 واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر بۆ نوێژ هەستان با دەموچاوو دەستان تا ئانیشک شتبێت و مەسحی سەرتان کردبێت وپێیەکانیشتان تا قولەپێ شتبێت، ئەگەر لەش گران بوون (لە جەنابەتدا بوون) دەبێ خۆتان بە شتنی لەشتان پاک کەنەوە، ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون یان لە دەستبەئاو گەیاندن هاتنەوە یان بەر ئافرەت کەوتبوون و ئاوتان دەس نەکەوت، بە شتی پاکی سەر رووی زەوی (گڵ یان لم یان بەرد) تەیمموم بکەن، مەسحی دەموچاوو دەستانی پێ بکەن، خوای گەورە نایەوێت هیچ سەختیی و گرێ و گۆڵییەکتان لە دینداریدا بهێنێتە رێ، بەڵکو دەیەوێت پاکتان کاتەوەو نیعمەتەکانی خۆی بەسەرتاندا تەواوکات، تا ئێوەش سوپاسگوزاریی بکەن..

ئەو شەرعناسە بەڕێزانەی فەرموویانە دەسنوێژ لە بەرکەوتنی ژن و پیاودا دەشکێت، راوبۆچوونییان لەو ئایەتەوە وەرگرتووە کە دەفەرموێ: (أَوْ لامَسْتُمُ النِّسَاء فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء) واتە: بەر ئافرەت کەوتبوون و ئاوتان دەس نەکەوت.. ئیبنومەسعوودو ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت فەرموویانە: (انَّ الْمَسَّ مَا دونَ الجِمَاع) واتە: بەرکەوتن هەموو شتێکە جگە لە کاری سەرجێیی (جیماع)[373]. بەڵام ئیبنوعەبباس بە پێچەوانەوە فەرموویەتی: (الْمَسُّ و واللَّمْسُ و الْمُبَاشَرَةُ: الجِماعُ، ولكِنَّ اللهَ يُكَنِّي مَا يَشاءُ بِمَا شَاءَ)[374] واتە: ئەو ووشانە هەموویان بە مانای کاری سەرجێیی ژن و پیاون.. بەڵام ئیتر خوای گەورە مەیلی خۆیەتی چ زاراوەیەک بەکار دەهێنێت..

شێخ بن عوسێمینی رەحمەتی دەفەرموێ[375]: تەفسیری ئیبنو عەبباس باشترە وەربگیرێت، چونکە حیبری ئەم ئوممەتەیەو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دوعای بۆ کردووە کە لە دین تێی گەیێنێت و فێری لێکدانەوەی قورئانی بکات[376].. بەڵام هەر دەبێ موناقەشەی بەڵگەی ئەوانی تریش بکرێت.

کە خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ) المائدة/ 6 واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر

---

373 تفسير الطبري (502/1) کەمال ئیبن السەید لە صحيح فقه السنة (139/1) دا دەفەرموێ : سەنەدەکەی سەحیحە .

374 الطبري ( 9581 ) ، ابن ابي شيبة ( 166/1 ) .

375 لە الشرح الممتع (186/1) چاپی دار ابن المدينى جەزائیر ، هەروەها ابن المنذر : الاوسط ( 128/1 ) .

376 أحمد (266/1 ، 328 ) ، الطبراني لە الكبير ( 10587 ) ، الحاكم ( 534/3 ) .

بۆ نوێژ هەستان با دەموچاوو دەستان تا ئانیشک شتبێت و مەسحی سەرتان کردبێت وپێیەکانیشتان تا قولەپێ شتبێت، ئەمە هەمووی باسی دەسنوێژە بە ئاو، پاشان دەفەرموێ: (وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ) واتە: ئەگەر لەش گران بوون (لە جەنابەتدا بوون) دەبێ خۆتان بە شتنی لەشتان پاک کەنەوە، ئەمەش باسی جەنابەت (لەش پیسی)ە ئەمەش باسی غوسڵ دەرکردنە بە ئاو.. پاشان دەفەرموێ: (وَإِن كُنتُم مَّرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لاَمَسْتُمُ النِّسَاء فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ) واتە: ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون یان لە دەستبەئاو گەیاندن هاتنەوە یان بەر ئافرەت کەوتبوون و ئاوتان دەس نەکەوت، بە شتی پاکی سەر رووی زەوی (گڵ یان لم یان بەرد) تەیمموم بکەن.. ئەمەش حوکمی تەیەممومە کە بەدیلی ئاوەکەیە، بەڵام باس لە دوو حاڵەت دەکات: یەکەمیان: (جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ) کە باسی هۆکاری نەبوونی دەسنوێژە، دووەمیان: (لاَمَسْتُمُ النِّسَاء) کە باسی هۆکاری جەنابەتە..

ئەگەر هەردوو هۆکارەکە بکەین بە یەک و بڵێین هەردوو لەفزەکە بە مانای دەست بەرکەوتنن، واتە دوو هۆکاری دەسنوێژ شکان باس بکات وهۆکاری جەنابەت باس نەکات، لە کاتێکدا دەشفەرموێ: (وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ) واتە: ئەگەر لەش گران بوون (لە جەنابەتدا بوون) دەبێ خۆتان بە شتنی لەشتان پاک کەنەوە.. ئەم شێوازە لاوازەی تەعبیر پێچەوانەی شێوازی رەوانبێژیی قورئانە.. بەڵام ئەگەر وەکو زۆرینەی موفەسسیرین رێکمان خستەوەو ووتمان: (لاَمَسْتُمُ النِّسَاء) مانای کاری جووت بوون و سەرجێییە، ماناکان بە

رەوانبێژییە بەهێزەکەوە دەخەینەوە روو.. واتە هەردوو هۆکاری پاک بوونەوە لە بێ دەسنوێژیی و لە لەش گرانی بە ئاو ئەگەر نەبوو، بە تەیەمموم کە هەردووکیانی پێ دەکرێت..

2 ـ **فەرمووودەکان** :

ـ عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: شەوێکیان پێغەمبەری خوام صلی الله علیه وسلم لە لاوە نەما، دەستم گێڕا، تا دەستم بەر بنی پێی کەوت کە لە سوجدەدا بوو، راستی کردبوونەوەو دەپاڕایەوە[377].

ـ هەر عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: لەبەر دەستی پێغەمبەری خوادا صلی الله علیه وسلم راکشابووم و قاچم ئاڕاستەی قیبلە کردبوو، کە چووە سوجدە دەستێکی لێدام قاچم کۆکردەوە، کە هەستایەوە قاچم راکێشایەوە، ئەو سەردەمە چرا لە ماڵاندا نەبوو[378].. لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێ: کە وویستی وترەکەی بکات پێیەکی گەیاندمێ[379].. پێی پیرۆزی نا بە قاچیدا..

ـ ئەو هەموو یاوەر بەڕێزە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صلی الله علیه وسلم بوون ، شەوو رۆژ هۆگری بوون، هەموو رەفتارێکی تایبەتی ناو ماڵەکانیشیان نەقڵ کردووە، یەکێکیان جارێک شتێکی وای لێ نەگێڕاوەتەوە کە دەسنوێژی بە هۆی دەستدانی لە یەکێک لە خێزانە بەڕێزەکانی گرتبێتەوە.. یان یاوەران و شوێن کەوتووانیان بە درێژایی مێژوو رۆژانە دەستیان بەر دەستی خێزانەکانیان کەوتووە، بەڵام لە کەسیانەوە نەبیسترا یان نەگێڕرایەوە کە دەسنوێژیان لە دەستدان لە خێزانەکانیان گرتبێتەوە..

---

377 موسلیم ( 222 ) ، ئەبو داوود ( 865 ) ، ترمزی ( 3819 ) .

378 بوخاری ( 382 ) ، موسلیم ( 272 ) ..

379 نەسائی گێڕاوێتیەوە ( 101/1 ) و بە سەحیحی ناساندووە .

کەوابوو دەسنوێژ لە بەر کەوتنی ژن و پیاو ناشکێت.. نە ژن و مێرد نە غەیرە، نە لە کاتی دان و وەرگرتندا، نە لە سەوداو مامەڵەو بازاڕدا، نە لە ناو پاس و شەمەندەفەرو شتی وادا..

دووەم: **خوێن بەربوون لە غەیری شوێنی ئاسایی دەسنوێژ ناشکێنێت**: لە برینەوە بێت یان بە هۆی کەڵەشاخ گرتن وشتی واوە بێت، کەم بێت یان زۆر دەسنوێژ ناشکێنێت، ئەمەش مەزهەبی ئیمامی ئەحمەدو شافیعیە، ئیمامی ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: ئەگەر خوێنەکە زۆر بوو دەسنوێژ دەشکێنێت.. بەڵام بۆچوونی یەکەم بەهێزتر، چونکە:

1 ـ ئەو فەرموودانەی فەرمانیان بە گرتنەوەی دەسنوێژ لە خوێن لێ رۆیشتن کردووە، زەعیفن ونابنە بەڵگەی فەرز بوونی خواپەرستی.

3 ـ ئەسڵ ئەوەیە کە کابرای دەسنوێژەوان دڵنیایە کە پاکەو دەسنوێژی هەیە، ئەوی ئەم حوکمەی دەگۆڕێت دەبێت پشت ئەستوور بێت بە ئایەتێک یان فەرموودەیەکی سەحیح یان کۆڕای یاوەران..

3 ـ کە سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی رازی بێت لە ئیمامەتی نوێژی بەیانیدا بریندار کرا، هەر لەسەر نوێژەکەی بەردەوام بوو، لە ساتێکدا کە برینەکەشی خوێنی لێ دەتکا[380].. ئەگەر خوێن لەبەر رۆیشتن دەسنوێژی بشکاندایە، نە سەیدنا عومەر نە یاوەرانی تر خوا لێیانی رازی بێت لێی بێ ئاگا نەدەبوون

4 ـ ریوایاتی تر زۆر زۆرە لەسەر نوێژی موجاهیدانی رێی خواوویستی هەر لە یاوەران و تابعینەوە بۆ نەوەکانی ئەم ئوممەتە کە بریندار دەبوون، خوێنیان لێ دەچۆڕاو پۆشاکیان خوێناوی

---

380 الشوكاني : السيل الجرار ( 99/1 ) .

دەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەر نوێژیان پێوە دەکرن، هیچ کەسێکیش لە یاوەران و تابعین بەڵگەیەکی وایان نەقڵ کردووە کە یەکێکیان نوێژی کردبێت و بڕیبێتی لەبەر ئەوەی بریندار بووە، یان خۆی بە دەسنوێژ شکاو زانیبێت لەبەر خوێن لەبەر رۆیشتنی.. بۆیە حەسەنی بەسری رەحمەتی خوای لێ بێت دەیفەرموو: موسوڵمانان هەر بە خوێنی لەشیانەوە نوێژیان کردووە[381].

5 ـ فەرمودەکەی لای جابری کوڕی عبداللە خوا لێیان رازی بێت کە باس لە غەزای زاتوالرریقاع دەکات، بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ دەسنوێژ نەشکان لە خوێن لەبەر رۆیشتن.. کە تێیدا فەرمووی: کابرایەک لە موهاجیران (کۆچکەرەکانی مەککە) و کابرایەک لە ئەنسار (پشتیوانانی مەدینە) پاسەوان بوون، کابرای موهاجیر راکشاو خەوت، ئەنساریەکەش کەوتە نوێژ کردن، لەو کاتەی ئەم بە پێوە بوو، کابرایەکی نەیار تیرێکی پێوە نا، تیرەی تێ هەڵچەقی، بەڵام ئەم دەری هێنایەوە (نوێژەکەی نەبڕی)، کابرای نەیار تیری دووەمی پێوە نا، ئینجا تیری سێیەمی پێوە نا، ئەنساریەکە سێیەمیانی لە لەشی خۆی بۆ دەرنەهاتەوەو ناچار چووە رکوع، پاشان سوجدەی بردو هاوڕێ موهاجیرەکەی لێ ئاگادار کردەوە! کابرای نەیاریش کە زانی دەیگرن هەڵات.. کە کابرای موهاجیر ئەنساریەکەی ئاوا بە خوێنەوە بینی ، ووتی: سوبحانەاللە، بۆچی لە یەکەمین تیر خەبەرت نەکردمەوە؟! کابرای ئەنساری ووتی: ئاخر

---

381 بوخاری لە موعەللەقاتی سەحیحەکەیدا هێناوێتیەوە ( 280/1 ) ، ئیمامی ئیبنوحەجەر لە فەتح الباری ( 281/1 ) دا فەرموویەتی کە ئیبنو ئەبی شەیبە سەنەدەکەی گەیاندۆتەوە . یەعنی سەنەدەی تا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه و سلم پەیوەستە ..

سورەتێکی قورئانم دەخوێند پێم خۆش نەبوو پێش تەواو کردنی بیبڕم[382] ..

**سێیەم: رشانەوەو شتی وا دەسنوێژ ناشکێنن**: بۆچوونی شەرعناسان لە حوکمی رشانەوەدا وەکو بۆچوونیانە لە حوکمی خوێندا، لەمیشدا وەکو ئەو راجوێن و هەمان دوو پۆلە شەرعناس بەرامبەرن، ئیمامی ئەبو حەنیفەو سەوری و ئەوزاعی و ئیسحاق و ئیبنو سیرین و ئیبنوئەبی لەیلاو زوفەر کە سەرچاوەی بۆچوونیان دەبەنەوە سەر سەیدنا عومەرو سەیدنا عەلی دەفەرموون: رشانەوە دەسنوێژ دەشکێنێت، بەڵگەیان ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم (قَاءَ فَأفْطَرَ فتَوَضَّأَ)[383] واتە: رشایەوە، هەم رۆژوەکەی شکاند هەم دەسنوێژی گرتەوە..

ئیمامی مالیک وئیمامی شافیعی ئیمامی ئەحمەدو ، پێش ئەوانیش حەوت شەرعناسەکە[384]، هەموویان بۆچوونیان دەبەنەوە سەر ئیبنو

---

382 ئەحمەد ( 343/3 ) ، ئیبنو حیببان ( 1096 ) ، الحاكم ( 1/!56 ) ، دارەقوتنی (223/1) ئەسڵەکەشی بە موعەللەقی لای بوخارییەو شێخی ئەلبانی دەفەرموێ: سەحیحە ، بڕوانە صحيح أبي داود ( 193 ) ..

383 ترمزی ( 87 ) ، ئەبو داوود ( 2381 ) ، ئەحمەد ( 449/4 ) ، الطبراني لە الكبير (1440) ، شێخی ئەلبانیش لە ارواء الغليل ( 111 ) دا بە سەحیحی داناوە ..

384 هەر وا بە (حەوت شەرعناسەکە) بەناوبانگن کە بریتین لە : سەعیدی کوڕی موسەییب و قاسمی کوڕی محمدی کوڕی ئەبو بەکری سددیق و عوروەی کوڕی زوبەیری کوڕی عەووام و خاریجەی کوڕی زەیدو سولەیمانی کوڕی یەسارو عوبەیدوڵڵەی کوڕی عوتبەو ئەبوبەکری کوڕی عبدالرحمان ..کە شیعریان پێدا هەڵداون و ووتراوە :

إذا قيل مَنْ في العِلْمِ سَبْعَةُ أبْحُرٍ .... رِوايَتُهم فِي العِلمِ لَيسَتْ خَارِجَة ؟!

فَقُلْ هُم : عُبيدُاللهِ ، عُرْوَة ، قاسِم .... سعيد ، أبوبكر ، سليمان ، خَارِجَة

عومەرو ئیبنوعەبباس وتاووس وعەتاء ومەکحوول ورەبیعەو ئەبو سەورو داوود.. دەفەرموون: رشانەوە دەسنوێژ ناشکێنێت. بەغەوی دەفەرموێ: ئەوە بۆچوونی زۆرینەی یاوەران و تابعینە[385]. ئەو پۆلە شەرعناسە دەفەرموون: ئەو رەفتارەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کە کردوێتی جگە لەوەی کە قسە لەسەر سەحیحیی و زەعیفیی هەیە، فەرمانی نە بەرۆژوو گرتنەوە، نە بە دەسنوێژ گرتنەوە تێدا نیە.. بەڵکو بۆ ئەوەیە تا بزانرێت: ئەوە جائیزە ..

ئەوەش هەیە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە کاتی بەرۆژوو بوونیدا کەڵەشاخی گرتووە، نە رۆژووەکەی پێ شکاندووە، نە دەسنوێژ[386] یەعنی خوێنی لەبەر رۆیشتووە.

<u>ئەوەم لا پەسەندترە کە رشانەوە دەسنوێژ ناشکێنێت.. والله اعلم.</u>

<u>چوارەم: **قاقای پێکەنین لە نوێژو دەرەوەی نوێژدا دەسنوێژ ناشکێنێت**:</u> کۆڕا (ئیجماع) ی شەرعناسان لەسەر ئەوەیە کە قاقای پێکەنین لە غەیری نوێژدا دەسنوێژ ناشکێنێت، بەڵام بۆچوونیان لەسەر قاقای پێکەنین لە ناو نوێژدا جیاوازە.. ئیمامی ئەبو حەنیفەو مەدرەسەی رەئی و سەوری و حەسەنی بەسری و نەخەعی دەفەرموون: قاقای پێکەنین لە نوێژدا دەسنوێژ دەشکێنێت، بەڵگەیان فەرموودەیەکی زەعیفە کە ناسەلمێنرێت ئەویش فەرموودەکەی لای ئەبولعالیەیە کە دەفەرموێ: لەو کاتەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە مزگەوت بە ئیمامەت نوێژی دەکرد کابرایەکی کوێر دەهاتە خزمەتی بەڵام کەوتە چاڵێکەوە، هەندێک لە نوێژەکەدا پێکەنین، کە

---

385 پەراوێزی المهذب ( 91/1 )

386 الدارقطني (157/1) ، البيهقي (141/1) . ئیمامی نەوەوی لە المجموع (62/2) بە زەعیفی داناوە .

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە نوێژ بووەوە فەرمووی: هەر کەسێک پێکەنیووە با دەسنوێژەکەی بگرێتەوە[387]..

ئیمامی مالیک وشافیعی وئەحمەد و ئیسحاق و ئەبو سەور دەفەرموون پێکەنین لە ناو نوێژو لە دەرەوەی نوێژ، دەسنوێژ بەتاڵ ناکاتەوە[388]. لە جیاتی ئەو فەرموودە زەعیفەی بەرامبەرەکانیش ئەمان فەرموودەیەکی تری مەوقوف[389] دەهێننەوە کە بە مانایەکی پێچەوانەیە، ئەویش فەرموودەکەی لای جابرە، پرسیاری پێکەنینی ناو نوێژیان لە جابری کوڕی عبدالله کرد خوا لێی رازی بێت، فەرمووی: دەبێت نوێژەکەی بکاتەوە، بەڵام دەسنوێژ ناگرێتەوە[390] ؟!

**<u>پێنجەم: شتن و هەڵگرتنی مردوو دەسنوێژ ناشکێنێت</u>:** هەر کەسێک مردوویەکی شت، یان دەستی لێدا یان هەڵیگرت، دەسنوێژی ناشکێت.. بەڵام هەندێک لە شەرعناسان پێیان وا چاکتر بووە کە هەر کەسێک مردوویەکی شت، غوسڵ دەرکات، ئەوی هەڵیشی دەگرێت دەسنوێژی هەبێت.. بەڵگەشیان فەرموودەیەکە کە ئەبو

---

387 دارەقوتنی ( 162/1 ) ، ئیبنو عەدی ( 716/2 ) کەمال ئەبو السەید لە صحیح فقه السنة (142/1) دەفەرموێ : إسناده ضعیف جدا ..

388 النووي : المجموع ( 61/2 ) ، ابن عبدالبر : الكافي (151/1 ) ، ابن قدامة : المغني ( 117/1 ) ، ابن المنذر : الاوسط ( 227/1 ) .

389 فەرموودەی مەوقوف کە هەندێک لە فەرموودەوانان پێی دەڵێن ( الاثر ) کردارێکە یان گوفتارێکە کە لە یاوەرێک دەگێڕرێتەوە بۆ ئەوەی بوترێت کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم وای فەرموو یان وای کرد .. بڕوانە: السیوطي : تدریب الراوي ( ل 166 ) چاپی دارالفکری لوبنان 2000 ز .

390 بوخاری لە موعەللەفاتەکانی سەحیحەکەیدا هێناویتیەوەو بەیهیقی سەنەدەکەی گەیاندۆتەوە ( 144/1 ) ، هەروەها تەبەرانی ( 0 172/1 ) ..

هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی (مَنْ غَسَّلَ مَيِّتاً فَلْيَغْتَسِلْ، وَمَنْ حَمَلَهُ فَلْيَتَوَضَأْ)[391]
واتە: هەر کەسێک مردوویەکی شت با غوسڵ دەرکات، هەر کەسێک مردوویەکی هەڵگرت دەسنوێژ بشوات..

خەتیبی بەغدادی رحمه الله دەگێڕێتەوەو ئیبنوحەجەری عەسقەلانی بە سەحیحی دەسەلمێنێت کە ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت فەرمووی: ئێمە کە مردوومان دەشت، هەمانبوو غوسڵی دەردەکرد، هەشمان بوو دەری نەدەکرد..

شەرەفولحەق محمد ئەشرەف کە شەرحی عەونولمەعبوودی سەر سونەنی ئەبوداوودی کردووە دەفەرموێ: خەتتابی فەرموویەتی: وا نازانم هیچ یەکێک لە شەرعناسان غوسڵی بە واجب زانیبێت لەسەر کەسێک کە مردووی شتبێت..

---

391 ئەبوداوود (3162) ، ترمزی (993) ، ئبنوماجە (1463) ، ئەحمەد (433/2 ).
ترمزی وئەلبانی بە حەسەنیان داناوە ، بڕوانە: (الارواء: 174/1) . دارەقوتنی و ئبنو ئەبی حاتەم فەرموویانە ئەمە فەرموودەیەکی نەسەلمێنراوە ، ئیمامی نەوەویش رەددی لەوە داوەتەوە کە ترمزی بە حەسەنی زانیووە ، فەرموودەوانان زۆر لەسەر ئەم فەرموودەیە دواون و ئەو بۆچوونەیان لاواز کردۆتەوە کە زەعیف بێت ، ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی دەفەرموێت : کەمترین ئاستی ئەوەیە کە حەسەن بێت.. ئیمامی ئیبنوتەیمییە لە شرحی العمده دا دەفەرموێ ( إسناده على شرط مسلم) شەوکانی لە (الدراري المضيئة)دا زۆر بە دووروردرێژی سەنەدی سەحیحی ئەم فەرموودەی سەلماندووە ، تەنانەت ماوەردی کە هەر شافیعی مەزهەبە دەفەرموێ : هەندێک فەرموودەوان لە رێی سەدو بیست سەنەدەوە ئەم فەرموودەیان سەلماندووە .. کەوابوو سەنەدی فەرموودەکە جێی گومان نیە.

کەوابوو غوسڵ دەرکردن لە مردوو شتنەوە سوونەتەو هەر کەس ویستی بیکات بۆی هەیە، ئەمما دەسنوێژ گرتن لە هەڵگرتنی مردوو هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە.. والله اعلم..

**شەشەم: گومانی دەسنوێژەوان لە شکانی دەسنوێژی** : هەر کەسێک بە راست و دروستی دەسنوێژی گرتبوو، پاشان کەوتە سەر گومانی ئەوەی کە ئایا دەسنوێژی شکاوە یان نا، با وا حسێب کات کە دەسنوێژی نەشکاوە، چونکە ئەو لە هەبوونی دەسنوێژەکەی دڵنیابوو، گومانی لە شکاندنی بۆ پەیدا بووە.. کەوابوو ئەسڵەکە دەمێنێتەوە کە هەبوونی دەسنوێژە تا بۆی دەسەلمێت کە دەسنوێژی نەماوە.. لە نوێژیشدا هەر وا دەکات، ئەگەر لە نوێژدا کەوتە گومانی ئەوەی کە رەنگە دەسنوێژی نەما بێت، نوێژەکە نابڕێت تا لە دڵی خۆیدا ئەوە یەکلا دەکاتەوە کە ئایا لەوە دڵنیایە کە دەسنوێژەکەی شکاوە؟!

عبداللەی کوڕی زەید فەرمووی: باسی کابرایەک بۆ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کرا کە لە ناو نوێژەکەدا گومانی بۆ دروست دەبێت کە ئایا دەسنوێژەکەی شکاوە یان نا، فەرمووی: (شُكِيَ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الرَّجُلُ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ وَهُوَ فِي الصَّلَاةِ أَنَّهُ يَجِدُ الشَّيْءَ قَالَ : لَا يَنْصَرِفُ حَتَّى يَسْمَعَ صَوْتًا أَوْ يَجِدَ رِيحًا)[392] واتە: نوێژەکەی

392 متفق عليه : بوخاری ( 52/1، 43 5/3 ) ، موسلیم ( 276/1 ژمارە (361) ، ئەحمەد (39/4، 40) ، ئەبوداود (122/1 ژمارە (176) ، نەسائی 99/1 ژمارە (160)، ئیبنوماجە 171/1 ژمارە (513)، عبدالرزاق ( 140/1 ژمارە (534) ، ئیبنو خوزەیمە ( 17/1، 108/2 ژمارە (25، 1018)، ئەبوعەوانە ( 238/1، 267 ) ، بەیهەقی ( 114/1، 161، 254/2، 364/7 .. ئەمەش لەفزی بوخارییە ( 137 ) .

نەبڕێت تا گوێی لە دەنگێک دەبێت یان هەست بە بایەک دەکات. (لێی بێتە دەرەوە)..

بەغەوی دەفەرموێ: مەبەست لەوەیە کە گوێی لە دەنگی با لێبوونەوەی خۆی ببێت یان هەستی پێ بکات، چونکە ئەمە مەرجە بۆ دەسنوێژ شکانەکەی[393]..

<u>**دەسنوێژ هەر بۆ نوێژ كردن فەرزە:**</u> بەڵگەنەوویستە کە کەس بۆی نیە بێ دەسنوێژ نوێژ بکات، جا نوێژی فەرز بێت یان سوونەت.. چونکە گیرا نابێت.. خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ) المائدة / 6 واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر بۆ نوێژ هەستان با دەموچاوو دەستان تا ئانیشک شتبێت و مەسحی سەرتان کردبێت وپێیەکانیشتان تا قولەپێ شتبێت..

- ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەیفەرموو: (لا يَقْبَلُ اللهُ صَلاةً بِغَيرِ طُهُورٍ)[394] واتە: خوای گەورە نوێژ لە هیچتان بە بێ دەسنوێژ قبووڵ ناکات..

.........................

393 البغوي : شرح السنة : 353/1 ) .

394 موسليم (160/1 ژمارە 224 ) .

## ئەو حاڵەتانەی باشترە دەسنوێژت هەبێت

**1 ـ کاتی زیکر کردنی خوای گەورە**: هەموو جۆرە زیکرەکان لە وێردو سەڵاوات و خوێندنی قورئان و تەواوفی کەعبەو و خواپەرستی تر.. چونکە موهاجیری کوڕی قونفوز خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە سڵاوی لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کردووە لەو کاتەدا کە دەسنوێژی دەشت وەڵامی نەدابۆوە تا دەسنوێژەکەی گرتبوو، ئەوسا وەڵامی دابۆوە، پاشان پێی فەرمووە: (إِنَّهُ لَمْ يَمْنَعْنِي أَنْ أَرُدَّ عَلَيكَ إِلَّا أَنِّي كَرِهْتُ أَنْ أَذْكُرَ اللهَ إِلَّا عَلَى الطَّهَارَةِ)[395] واتە ئەوەی رێی لێ گرتم کە وەڵامت بدەمەوە نەبوونی دەسنوێژ بوو، چونکە حەزم نەکرد زیکری خوا بکەم و دەشنوێژم نەبێت[396]..

ئەمە مانای ئەوە نیە کە دەسنوێژ بۆ وەڵامدانەوەی سڵاو یان زیکری تر فەرز بێت، چونکە فەرموودەیەکی تری لای عائیشەخان هەیە کە دەفەرموێ: پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم زیکری خوای لە هەموو حاڵەتەکانیدا دەکرد[397]..

**2 ـ کاتی خەوتن**: بەرائی کوڕی عازیب خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا فەرمووی: (إِذَا أَتَيْتَ مَضْجَعَكَ فَتَوَضَّأْ وُضُوءَكَ لِلصَّلَاةِ ثُمّ اضْطَجِعْ عَلَى شِقِّكَ الْأَيْمَنِ ثُمّ قُلْ اللّهُمّ إِنّي أَسْلَمْتُ نَفْسِي إِلَيْك)[398] واتە: پێش ئەوەی بچیتە سەر پێخەفەکەت، دەسنوێژی تەواوت وەکو

---

395 ئەبوداوود (17) ، نەسائی (16/1) ، ئیبنوماجە (350) ، داریمی (287/2) ، ئەحمەد (80/5) سەحیحە. شێخی ئەلبانی: (سلسلة الاحاديث الصحيحة483) .

396 چونکە وەڵامدانەوەی سڵاویش زیکری خوایە .

397 موسلیم ( 68/4 ) .

398 متفق علیه : بوخاری ( 247 ) ، موسلیم ( 2710 ) .

بۆ نوێژ بێت بگرە، ئینجا لەسەر لاتەنیشتی راستت راکشێ و بڵێ: خوایە وا خۆم تەسلیم بە تۆ کرد..

**3 ـ لەشگران ئەگەر وویستی بخوات یان بخواتەوە یان دیسان سەرجێیی بکاتەوە:**

عائیشە خان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کە لەشی گران بوایەو بیویستایە شتێک بخوات یان بخەوێت، دەسنوێژی دەگرت هەر وەکو کە بۆ نوێژ دەیگرت[399]..

هەروەها ئەبوسەعیدی خودری خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەیفەرموو: (إِذَا أَتَى أَحَدُكُمْ أَهْلَهُ ثُمَّ أَرَادَ أَنْ يَعُودَ فَلْيَتَوَضَّأْ)[400] واتە: ئەگەر کەسێکتان وویستی دیسانەوە بۆ سەرجێیی بچێتەوە لای خێزانی با دەسنوێژ بگرێت..

**4 ـ پێش غوسڵ دەرکردن:** عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: کاتێک پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم غوسڵی لەشگرانی خۆی دەربکردایە، هەردوو دەستی دەشت، ئینجا بە دەستی راستی ئاوی دەکرد بەسەر دەستی چەپیدا، هەروەها عەورەتی دەشت و پاشان دەسنوێژی دەگرت وەکو کە دەسنوێژ بۆ نوێژ بگرێت..

**5 ـ پێش خواردنی گۆشتی کوڵاو:** لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (تَوَضَّئُوا مِمَّا مَسَّتِ النَّارُ)[401] واتە: دەسنوێژ بگرنەوە لە هەرچیەک کە ئاگری بەرکەوتبێت.. ئەم فەرمانە لێرەدا سوونەتە نەک فەرز، سووننەتەکەش نەسخ بۆتەوە.. چونکە

---

399 بوخاری (288)، موسلیم (305) ئەبو داوود (222) ، ترمزی (118)..

400 موسلیم (217/3) ، ئەبوداوود (217) ، ترمزی (141) ، نەسائی (42/1) کەمال ئەبو السید لە صحیح فقه السنة (147/1) دا دەفەرموێ : سەحیحە ..

401 موسلیم (351) ، ئەبوداوود (192) ، ترمزی (79) ، نەسائی (105/1) ، ئیبنوماجە (485).

فەرموودەی تر هەیە کە عەمری کوڕی ئومەییەی زەمری خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە، دەفەرموێ: پێغەمبەری خوام صلى الله عليه وسلم بینی کە لە گۆشتی لاشانی بەرخێکی خوارد، پاشان کە بانگ درا، چەقۆکەی داناو هەستا بۆ نوێژ بێ ئەوەی دەسنوێژ بشواتەوە[402]..

ئیمامی نەوەوی ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە شەرحی موسلیم (35/2) دا دەفەرموێ: ڕای زانایان لەم سەلەدا دوو جۆرە: ئەوانەی فەرموویانە دەسنوێژ لە خواردنی گۆشتێک کە ئاگری بەرکەوتبێت ناگیرێتەوە، ئیمامان: ئەبو حەنیفەو مالیک و شافیعی و ئەحمەدو ئیسحاق و ئەبو سەورو یەحیای کوڕی یەحیاو ئەبو خەیسەمەن، ڕای ئەمانیش دەگەڕێتەوە بۆ زۆرینەی یاوەران، وەکو ئەبوبەکری سددیق و عومەری کوڕی خەتتاب و عوسمانی کوڕی عەففان و عەلی کوڕی ئەبو تالیب و ئەبوددەرداء و ئیبنوعەبباس و ئیبنو عومەرو ئیبنو مەسعوودو ئەنەسی کوڕی مالیک و جابری کوڕی سەمورەو زەیدی کوڕی سابیت و ئەبو موسای ئەشعەری و ئەبوهورەیرەو ئوبەی کوڕی کەعب و ئەبو تەلحەو ئەبوئومامەو عائیشە خان خوا لێیان ڕازی بێت.. ئەمما ئەوانەی فەرموویانە دەبێت دەسنوێژی لێ بگیرێتەوە، وەکو عومەری کوڕی عبدالعەزیزو حەسەنی بەسری وزوهری وئەبو قەلابەو ئەبوموجلیزن.. پاشان ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: موسلیم سەرەتا ئەو فەرموودانەی هێناونەوە کە دەسنوێژ لە خواردنی گۆشتی کوڵاو فەرز دەکەن، پاشان ئەو فەرموودانەی کە باس لە دەسنوێژ گرتنەوە لێی ناکەن، چونکە ئەوە عادەتی فەرموودەوانانە، کە سەرەتا ئەو فەرموودانە دێننەوە کە نەسخ بوونەتەوەو حوکمیان نەماوە، ئینجا ئەو فەرموودانە

402 بوخاری ( 50/1 ) ، شرح موسلیم ( 45/4 ) ، ئیبنوماجە ( 490 ) .

دێننەوە کە ئەوانەی پێشوویان نەسخ کردۆتەوە.. پاشان دەفەرموێ: بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە سەرەتادا دەسنوێژی دەگرتەوە بەڵام رای شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆیە کە دواتر دەسنوێژی لە خواردنی گۆشتێک نەگرتۆتەوە کە ئاگری بەر کەوتبێت..

**6 ـ بۆ هەموو نوێژێك:** دەسنوێژ گرتنەوە بۆ هەموو نوێژێک سوونەتە. بورەیدە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بۆ هەموو نوێژێک دەسنوێژی دەگرتەوە، ئەو رۆژەی فەتحی مەککە نەبێت کە مەسحی سەر خوففەکانی کردو هەموو نوێژەکانی ئەو رۆژەی هەر بەو دەسنوێژە کرد[403]..

**7 ـ دوای هەموو جۆرە شکانێکی دەسنوێژ:** لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا بە بیلالی حەبەشی فەرموو: (يَا بِلَالُ حَدِّثْنِي بِأَرْجَى عَمَلٍ عَمِلْته فِي الْإِسْلَامِ، فَإِنِّي سَمِعْتُ دَفَّ نَعْلَيْكَ بَيْنَ يَدَيَّ فِي الْجَنَّةِ، قَالَ: مَا عَمِلْت عَمَلًا أَرْجَى عِنْدِي أَنِّي لَمْ أَتَطَهَّرْ طُهُورًا فِي سَاعَةٍ مِنْ لَيْلٍ أَوْ نَهَارٍ إِلَّا صَلَّيْتُ بِذَلِكَ الطُّهُورِ مَا كُتِبَ لِي أَنْ أُصَلِّيَ)[404] واتە: ئەرێ بیلال، چ کردارێکت هەیە کە لە هەموو کارەکانتدا ئومێدی زیاترت بەو هەیە، چونکە لە بەهەشتدا لە پێش خۆمەوە، گوێم لە خشپەی نەعلەکانت بوو، فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا کارێکی وام نیە ئەوەندەی ئومێدە پێوە ببەستمەوە مەگەر ئەوەی کە هەموو جارێک شەو بێت

---

403 موسلیم (277) ، ئەبو داوود ( 171 ) ، ترمزی ( 61 ) ، نەسائی ( 89/1 ) ئیبنوماجە ( 510 ) ..

404 بوخاری ( 1149 ) ، موسلیم ( 2458 ) .

یان رۆژ کە دەسنوێژ دەشۆم پاشان چەندم بۆ نوسرا بێت نوێژی پێوە دەکەم..

لە ریوایەتێکی تریدا دەفەرموێ: کە فەرمووی: (بِمَ سَبَقْتَنِي إِلَيهَا)؟ بە چی وا پێشم کەوتبوویت؟ سەیدنا بیلال فەرمووی: هەر کاتێک بانگی دابێت دوو رکات نوێژم کردووە، هەر کاتێکیش دەسنوێژم شکا بێت، یەکسەر گرتوومەتەوە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (لِهَذَا)[405]: دەی وا دیارە بەم کارەتە..

8 ـ دوای رشانەوە: لەبەر ئەو فەرموودەیەیە کە مەعدانی کوڕی ئەبو تەڵحە لە ئەبوددەردائی دەگێڕێتەوە: (أنَّ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلمَ قاءَ فَأَفْطَرَ فَتَوَضَّأَ)[406] واتە: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە رشایەوە، رۆژوەکەشی شکاندو دەسنوێژیشی گرتەوە[407].. مەعدان دەفەرموێ: لە مزگەوتی دیمەشق سەوبانم بینی خوا لێی رازی بێت فەرموودەکە بۆ باس کرد، فەرمووی: راست دەکات، منیش ئاوم بە دەستدا کرد[408].

........................

405 ترمزی (3689) ، ئەبوداوود ( 3055 ) ، ئەحمەد ( 21962 ) ئەسڵەکەشی لە سەحیحەیندایە وکەمال ئەبو السید لە (صحيح فقه السنة 147/1) دا دەفەرموێ : سەحیحە.

406 ئەبو داوود (2381) و ترمزی (87) و ئەحمەد (443/6).

کەمال ئیبنو السەید سالم لە صحيح فقه السنة (81/1) دا دەفەرموێ : سەحیحە.

407 لە توێژینەوەی حوکمی رشانەوەدا باسی ئەم فەرموودەو حوکمەکەی کرا..

408 ترمزی ( 87 ) ، ئەبو داوود ( 2381 ) کەمال ئەبو السید لە صحيح فقه السنة (148/1) دا دەفەرموێ : سەحیحە ..

**توێژینەوەیەك لەسەر**

**دەسنوێژ بۆ تەوافی کەعبە**

بەڵگەیەکی دروست لەبەر دەستدا نیە کە تەوافی کەعبە دەسنوێژی بوێت، نە وەکو فەرز، نەوەکو سوونەت.. دیارە ئەگەر حوکمێک لەسەر گرتنی هەبوایە لە پێغەمبەری خواوە صلی الله علیه وسلم، یان لە یاوەرانی بەڕێزو تابعینەوە ریوایەت دەکرا، چونکە تەوافی کەعبە یەکجار نەبووەو کرابێت، یان کۆمەڵێک یاوەر ئەنجامیان دابێت و بەس.. بەڵکو لەو زەمانەوە هەزاران یاوەرو تابیعی و ملیۆنەها شەرعناس تەواوفیان کردووە، ئەگەر بەڵگەیەک لەسەر دەسنوێژ گرتن بۆ تەوافی کەعبە هەبوایە حەتمەن دەیانخستە بەر باس و لێکۆڵینەوە.. بە تایبەتی کە ئیحتیمالی دەسنوێژ شکان لە جێ و کاتی تەوافدا زۆرە، تەواف بە تایبەتی لە کاتی تەوافی هاتن و ئیفازەدا ماوەیەکی وای دەوێت کە هەندێ کەس لەوانەیە پێویستی بە دەسنوێژ گرتنەوە هەبێت تێیدا.

لەبەر هەبوونی ئەو فەرموودەیەی کە ئینوعەبباس خوا لێیان رازی بێت بە مەوقوفی و مەرفووعی گێڕاوێتیەوە کە دەفەرموێ: (الطَّوَافُ بِالْبَيْتِ صَلَاةٌ ، إِلَّا أَنَّ اللَّهَ أَبَاحَ فِيهِ الْكَلَامَ)[409] واتە: تەواف کردن

---

409 یەکێکە لەو فەرموودانەی موناقەشەیەکی زۆری لەسەرە.. ترمزی و نەسائی و الحاکم گێڕاویانەتەوەو فەرموویانە زەعیفە، شێخی عەدەوی لە جامع أحکام النساء (515/2) دا فەرموویەتی مەوقوفە ، شێخی ئەلبانی لە (ارواء الغلیل 156/1) فەرموویەتی مەرفووعە . مەرفووع : ئەو گوفتار یان رەفتار یان سیفەت یان بڕیارەیە کە خراوەتە پاڵ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم.. مەرفووع : ئەو گوفتار یان رەفتار یان سیفەت یان بڕیارەیە کە خراوەتە پاڵ یەکێک لە

بە دەوری کەعبەدا نوێژە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە خوای گەورە رێی قسەکردنی تێدا داوە..

هەندێک لە شەرعناسان فەرموویانە: مادام تەواوف نوێژ بێت کەوابوو دەسنوێژ بۆ گرتنی فەرزە.. بەڵام ئەمە لە دوو لاوە رەت کراوەتەوە:

یەکەم : فەرموودەکە زەعیفەو بە مەرفووعیش جەدەلی لەسەرە، واش پێدەچێت ئەوانە پێکابێتیان کە فەرموویانە: ئەوە قەولی ئیبنو عەبباس خوا لێیان رازی بێت خۆیەتی، ئەمەشە ئەنجامی توێژینەوەی ترمزی و بەیهیقی و ئیبنوتەیمییەو ئیبنوحەجەرو هەندێک فەرموودەوانی تر..

دووەم: گریمان فەرموودەکە سەحیح بوو، هەر ئەوە ناگەێنێت کە لە هەموو روویەکەوە تەوافی کەعبە وەکو نوێژەکە بە تەحریم (تەکبیری دەسپێکی نوێژ) دەست پێ دەکات وبە تەسلیم (سەلام دانەوە) کۆتایی دێت، تا ئەوانەی مەرجی نوێژن بکرێنە مەرجی تەوافەکە[410]..

ئیمامی ئیبنوتەیمییە دەفەرموێ: وا دیارە دەسنوێژ بۆ تەوافی کەعبە نە فەرزەو نە سووننەت، هەرچەندە باشتر وایە دەسنوێژی هەبێت[411].. ئەمە رای ئیبنوحەزمیشە رحمەتی خوای لێ بێت[412] ..

---

یاوەرانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم.. بڕوانە : محمود الطحان : تیسیر مصطلح الحدیث ل 128 - 131 .

410 ئیبنوتەیمییە : مجموع الفتاوی ( 89/26 ) ، جامع أحکام النساء ( 522/2 ) کە 11 خاڵی جیاوازی نێوان نوێژو تەوافیان دەرخستووە .

411 ئیمامی ئیبنوتەیمییە رەحمەتی لێ بێت موناقەشەی تەواوی ئەم مەسەلەی لە مجموع الفتاوی (89/26) دا کردووە، ئینجا گەیشتۆتە ئەو بۆچوونەی ..

412 ابن حزم : المحلى بالآثار ( 179/7 ) .

ئێمەش لە بەدواداچوونی رای شەرعناساندا ئەو بۆچوونەمان پێ پەسەندترە کە دەسنوێژ بۆ تەوافی کەعبە مەرج نیە. والله اعلم .

**توێژینەوەیەك لەسەر**

**دەسنوێژ بۆ قورئان خوێندن**

ئیمامی مالیک وشافیعی وئەحمەد وزۆرینەی شەرعناسان دەفەرموون: ئەوی دەسنوێژی نیە نابێت دەست لە قورئانەوە بدات[413] ..

بەڵگەشیان دوو شتە :

1 ـ خوای گەورە دەفەرموێ : (لَّا يَمَسُّهُ إِلاَّ الْمُطَهَّرُونَ) الواقعه/ 79 واتە: تەنها ئەو کەسانە دەستی لێدەدەن کە پاکن..

2 ـ فەرموودەکەی لای عەمری کوڕی حەزم دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم نامەیەکی بۆ خەڵکی یەمەن نووسی، تێیدا هاتبوو: (لا يَمَسُ الْقُرْآنَ إلا طَاهِرٌ)[414] واتە: تەنها کەسی پاک دەست لە قورئان دەدات. بەڵام بەرامبەرەکانیان کە ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئیبنوحەزم و ئیبنولقەییم و کۆمەڵێکی زۆری زانایانن وەڵامی هەردوو بەڵگەکەیان داوەتەوەو فەرموویانە:

1 ـ ئایەتەکە ناکرێتە بەڵگەی هەبوونی دەسنوێژ یان لەش پاکی بۆ دەست لە قورئاندان و هەڵگرتنی چ جای خوێندنی! چونکە لەوە دڵنیا نەبوون کە ئەو هائی راناوەی (يَمَسُّهُ) دەگەڕێتەوە بۆ قورئان:

ـ ئەوەی زۆرینەی ئەهلی تەفسیری لەسەرە ئەوەیە کە ئەو هائە لەوێدا دەگەڕێتەوە بۆ (كِتَابٌ مَكْنُونٍ) کە کتێبێکی نادیاری پارێزراوە، ئەوەش حەتمەن لە ئاسمانە، کە بریتیە لە لەوحە پارێزراوەکە (اللَّوحُ المَحفوظ) ئەو پاکانەش کە دەستی لێدەدەن فریشتەن.. ئەوەش

---

413 ابن قدامة: المغني (147/1)، النووي : المجموع (17/1) ، ابن المنذر : الاوسط (10/8).

414 شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە ( الارواء 158/1 ) بە صحيح لغيره داناوە .

لە زاهیری ئایەتەکان دەفامرێتەوە: (إِنَّهُ لَقُرْآنٌ كَرِيمٌ. فِي كِتَابٍ مَّكْنُونٍ. لَّا يَمَسُّهُ إِلاَّ الْمُطَهَّرُونَ) الواقعة/77 - 79 واتە: ئەمە قورئانێکی (کتێبێکی خوێندنەوەی) پیرۆزە لە نوسراوێکی پارێزراودایە، جگە لە پاکەکان کەس دەستی لێ نادات..

ـ هەروەها: (فِي صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ.مَّرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍ.بِأَيْدِي سَفَرَةٍ.كِرَامٍ بَرَرَةٍ) عبس/13 - 16 واتە: ئەم ئایەتانەی بۆمان ناردویتە خوارەوە هەمووی لە لاپەڕە کتێبی پیرۆزدایە، بەرزو بڵندو پاکژن، وان لەبەر دەستی فریشتەی نوێنەرو راسپێرراوی خوادا، کە هەموو رێزدارو پیاوچاکن.

ـ خوای گەورە لە ئایەتی تردا جیاوازی خستۆتە نێوان پاکەکان کە فریشتەن و ئەوانەوە کە خۆیان پاک دەکەنەوە ـ کە موسوڵمانانن ـ بۆیە دەفەرموێ: (إِنَّ اللهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ) البقرة/222 واتە : خوای گەورە تۆبەکارانی خۆش دەوێت، هەروەها ئەوانەی خۆ پاک دەکەنەوە. فریشتەکان خۆیان پاکن و مرۆڤیش خۆی پاک دەکاتەوە.

ـ ئایەتەکە هەواڵدانە نەک فەرمان کردن، ئەگەر فەرمانی بە خۆ پاک کردنەوە بدایە بە جەزم دەیفەرموو (لا يمْسَسْهُ)، بەڵام ئێستا لەفزو مانای هەواڵدان دەبەخشێت..

ـ سوێندخواردنی خوای گەورە بە کتێبێک کە لەبەر دەستی خەڵکیدایە، رەوانبێژیی وگرنگیەکی زۆری تێدا نیە، چونکە ئەوەی بەردەستی خەڵکی کە کتێبێکی نوسراوەیە دەشێت زۆر پارێزراو نەبێت، بەڵام ئەوەی لە ئاسمانەو لای فریشتەیە، حەتمەن سەلامەتترە..

لەوەڵامی ئەو بۆچوونەشدا کە دەفەرموێ هائی (يَمَسُّهُ) بۆ قورئانەکە دەگەڕێتەوە، زانایان فەرموویانە: ووشەی (طاهِر) واتە:

پاک ووشەیەکی هاوبەشی نێوان زۆر واتایە.. لە بەرامبەر کافردا کە پێی دەوترێت: (نَجَس : واتە پیس) بە موسوڵمان دەوترێت (طاهِر)، لە بەرامبەر لەش گراندا بە لەش پاک دەووترێت (طاهِر)، لەبەرامبەر کەسی بێ دەسنوێژدا بە دەسنوێژەوان دەووترێت (طاهِر)، لە بەرامبەر کەسێکدا کە پیسییەک بە پۆشاکیەوە بێت بە کەسێکی تر کە پۆشاکی پاکو خاوێنە دەووترێت: (طاهِر). لەبەر ئەمە ئوسوڵیەکان و ئەهلی تەفسیرو شەرعناسان لە لێکدانەوەو تایبەت کردنی مانای ئەم ووشەیەدا راجوێ بوون: هەیانە بە گشتگیریی واتاکانی لێکداوەتەوەو فەرموویەتی: لەبەر ئەوەی خوای گەورە لە قورئاندا موشریکانی وا وەسف کردووە کە پیسن: (إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ) التوبة/28 لە بەرامبەریشدا سەلمێنراوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (إنَّ المؤمِنَ لا يَنْجُسُ)[415] واتە: موسوڵمان پیس نابێت.. کەوابوو موسوڵمان پاکە، لە جەنابەتیشدا بێت هەر پاکە، دەسنوێژی هەبێت یان نەبێت هەر پاکە..

لە وەڵامی ئەمانیشدا زانایانی جمهور فەرموویانە راستە ووشەی (طاهِر) گشتگیرە، بەڵام لەو فەرموودەدا کە موغیرەی کوڕی شوعبە خوا لێیان رازی بێت لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە کە فەرمووی: لە سەفەرێکدا لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صلی الله علیه وسلم بووم، کە دەسنوێژی گرت، وویستم خوففەکانی لە پێ دانێم، فەرمووی: (دَعْهُمَا

415 رواه الجماعة : بوخاری (79/1 و 80 ) ، موسلیم ( 282/1 ژمارە 115 ) ، ئەبوداوود (52/1) ، نەسائی ( 145/1 ) ، ترمزی ( 207/1 و 208 ژمارە 121 ) ، ئیبنو ماجە ( 1 / 78 ژمارە 534 ) ، ومسند أحمد ( 2/ 235 ) .

فَإِنِّي أَدْخَلْتُهُمَا طَاهِرَتَيْنِ)[416] واتە: نا لێیان گەڕێ، بەپاکی لە پێم کردوون.. ئەمە بەڵگەیە لەسەر تایبەت کردنی مانای پاکێتیەکە بە هەبوونی دەسنوێژ.. هەروەها کە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا) المائدة / 6 واتە: ئەگەر لەشگران بوون خۆتان پاک کەنەوە.. ئەمەش بەڵگەی تایبەت کردنێتی بە پاک بوونەوەیەک کە بەرامبەرەکەی جەنابەتە..

زانایانی بەرامبەر دیسان فەرموویانە: ئەگەر ئەم بەڵگەیەشتان قبووڵ بێت دەبێت بووترێت کە بەڵگەی لەش پاکییە لە جەنابەت نەک بەڵگەی فەرزێتی دەسنوێژ..

2 ـ فەرموودەکەی لای عەمری کوڕی حەزم وا دیارە ئەوەندە زەعیفە ناکرێتە بەڵگەی فەرز کردنی خواپەرستی.. شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە ارواء الغليل (158/1) دا فەرمووی: سەحیحە . ئیمامی ئیبنوحەجەر لە التلخیص الحبیر(ل48) دا دوای باسەکەی نەوەوی فەرموویەتی: (وَإِسْنَادُهُ لَا بَأْسَ بِهِ ، ذَكَرَ الْأَثْرَمُ أَنَّ أَحْمَدَ احْتَجَّ بِهِ). لە کاتێکدا ئیمامی مالیک (91/1) فەرموویەتی مورسەلە، هەندێکی تر فەرموویانە موسەحەففە[417]. ئیمامی نەوەویش لە (المجموع 78/2) دا بە زەعیفی داناوە.. ئیمامی ئیبنوحەزم رحمەتی خوای لێ بێت لە المحلی (97/1) هیچ یەکێک لە سەنەدەکان بە ساغی ناهێڵێتەوە،

---

416 متفق علیه : بوخاری ( 409/1 ) ، موسلیم ( 170/3 ) .

417 مورسەل: جۆرێکە لە فەرموودەی زەعیف، ئەو فورموودەیە کە یاوەر لە ئالقەی سەنەدەکەیدا نەماوە.

موسەححەف : ئەوەیە کە ووشەیەکی تێدایە یان سڕراوەتەوە یان ووشەیەکی تری ناسازی هاتۆتە جێ کە لەگەڵ ریوایەتەکانی تردا یەک ناگرنەوە (بڕوانە: محمود الطحان : تیسیر مصطلح الحدیث ل 114).

بۆیە دەفەرموێ: ئەمما دەستدان لە قورئانەوە، هەرچی ئەو بەڵگانەی پشتیان پێ بەستراوە کە گوایە نابێت بێ دەسنوێژ دەستی لێ بدرێت، هیچیان نابنە بەڵگە، چونکە یان مورسەلن، یان موسەححەفن، یان مەجهوولن یان زەعیف.. لە غەیری ئێرەشدا ئەم بەدواداچوونەمان کردووە.. ئیمامی بەیهیقیش لە (الخلافيات)[418] دا دەفەرموێ کە هەموو ریوایات و سەنەدەکانی ئەو فەرموودەیە هیچ کامێکیان نیە کە قسەی لەسەر نەکرابێت، یەک یەکی سەنەدەکان زەعیفن.. ئیتر باس لە یەک یەکیشیان دەکات..

کەوابوو فەرموودەکە لای ئەم بەڕێزانە زەعیفەو ناگاتە بەڵگەی حوکمی شەرعی والله اعلم. بە تایبەتی کە ئەوەندە گومان روو لە سەنەدەکەی دەکات، رێسای ئوسوڵیش دەفەرموێ: (والدَّليلُ إذا تَطَرَّقَ إليهِ الاحتمالُ ، بَطَلَ به الاستدلالُ) واتە: هەر بەڵگەیەک کە گومان رووی تێکرد ، بۆ پشت پێبەستن ناشێت..

ئیمامی ئیبنولقەییم دوای باسێکی ووردەکارانەی ئایەتەکان دەفەرموێ: سورەتە مەککیەکان هەموو جەخت لەسەر تەوحیدو پێغەمبەرێتی و قیامەت و کردگارێتی دەکەن و بەرپەرچی کافران دەدەنەوە، ئەم ئایەتانەش کە وەسفی بەرزی قورئان و پاکی ئەوانە دەکەن کە دەستی لێ دەدەن، حەتمەن ئەو مانایە زیاتر سەر دەخەن کە مەبەست لەو پاکانە فریشتەکانن.. پاشان دەفەرموێ: هەر هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە کە لە مەککەیە زیاتر ئەوە دەچەسپێنێت وەک لە حوکمی لقە باسێکی فقهی کە دەستدانە لە قورئان[419].

---

418 البيهيقي : الخلافيات.. توێژینەوەی مەشهوور حەسەن ( 517/1 ) .

419 محمد أويس الندوي : تفسير ابن القيم / تحقيق محمد حامد الفقي ل 482.

رای ئیمامی ئەبو حەنیفەو داوودو ئیبنوحەزم ئەوەیە کە پاکێتی لەشیش مەرج نیە بۆ دەستدان لە قورئان و هەلگرتنی چ جای خوێندنی، ئەم بۆچوونەش دەبەنەوە سەر ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت، هەروەها سەر کۆمەلێکی سەلەف، ئیبنولمونزیریش ئەم رایەی گرتۆتە بەر.. هەروەها ئەمە رای ئەلبانی و شەوکانی و ئیبنو عوسێمینە رەحمەتیان لێ بێت هەموو فەرموویانە کە دەسنوێژ مەرج نیە بۆ قورئان هەلگرتن و دەست لێدان و خوێندنی[420]..

پێم و ایە ئەو ئایەتە پیرۆزە ﴿وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا﴾ المائدة / 6 واتە: ئەگەر لەشگران بوون خۆتان پاک کەنەوە، دەمانگەیێنێتە:

پوختەی حوکم بە لامەوە ئەوەیە کە: لەش پاکیی مەرجە بۆ دەستدان لە قورئان و هەلگرتنی بەلام بۆ دەست لێدان و هەلگرتن و خوێندنی دەسنوێژ مەرج نیە.. ئافرەتیش کە لە حەیزدا بێت یان زەیستان بێت دەتوانێت قورئان بخوێنێت، بێ ئەوەی دەستی لێ بدات.. والله اعلم..

.........................

420 البدائع (33/1) ، حاشية ابن عابدين (17/1) المحلى (81/1) ، الاوسط (103/2) ، نيل الاوطار ( 260/1 ) ، ابن عثيمين : الشرح الممتع على زاد /المستقنع (266/1 ) .

# باسی حەوتەم

# مەسح کردن

# باسی حەوتەم
# مەسح کردن

- مەسحی سەر خوفف.
- مەسحی گۆرەوی و پێڵاو.
- مەسحی عەمامەو سەرپۆش.
- مەسحی گەچی دەست و پێ.

## باسی حەوتەم

## مەسحی سەر بەربەستەكان

### یەكەم : مەسحی سەر خوفف

- **پێناسەی خوفف**: گۆرەویەكی چەرمینەو تا قولەپێ دادەپۆشێت[421].

- مەسح : هێنانی دەستی تەڕە بەسەر شتێكدا.

- مەسحی خوفف: هێنانی دەستی تەڕە بەسەر شوێنی دیاری كراوی خوفدا لە كاتی دیاری كراویدا، تا بكەوێتە بری دەسنوێژ[422]..

* **مەسحی خوفف جائیزە**: رای شەرعناسان لەسەر ئەوە كۆیە كە هەر كەسێک دەسنوێژەكەی بە راست و دروستی گرت و پاشان خوففی لە پێ كرد، دوای ئەوە كە دەسنوێژەكەی دەشكێت بۆی هەیە لەدەسنوێژ گرتنەوەیدا لە جیاتی شتنی پێیەكانی مەسحی سەر خوففەكانی بكات[423].

عبداللەی كوڕی موبارەک دەفەرموێ: شەرعناسان لە حوكمی مەسحی خوففدا راجوێییان تێدا نیە..

فەرمووده لەسەر مەسحی خوفف زۆرە، ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێ چل فەرموودەم لەسەر خوفف لەبەرە.. لە فەرمووده بەناوبانگەكانی مەسح فەرموودەكەی هوممامە كە فەرمووی: جەریرم بینی خوا لێی رازی بێت میزی كرد، پاشان دەسنوێژی گرتەوە، خوففەكانی مەسح كرد، پێیان ووت: وا دەكەیت؟! فەرمووی: بەڵێ، پێغەمبەری خوام صلى الله عليه وسلم بینیووە كە میزی كردووەو پاشان دەسنوێژی گرتۆتەوەو خوففەكانی مەسح كردووە.. ئەعمەش دەفەرموێ:

---

421 نيل الاوطار ( 241/1 ) .

422 الدر المختار ( 174/1 ) .

423 ابن المنذر : الاجماع ( 20 ) ، الاوسط ( 434/1 ) .

ئیبراهیم فەرمووی: زانایان ئەم فەرمودەیان زۆر بەلاوە خۆش بوو، چونکە دوای هاتنە خوارەوەی سورەتی مائیدە بوو[424].. کە ئەحکامی دەسنوێژو تەیەمومی تێدایە..

* **حوکمی مەسحی خوفف**: رای جمهوری شەرعناسان ئەوەیە کە مەسحی خوفف جائیزە، بەلاَم شتنی پێیەکان باشترە.. لای حەنبەلیەکان مەسح کردنەکە باشترە چونکە وەرگرتنی مۆلەتی شەرعە[425]..

ئیمامی ئیبنوتەیمییە دەفەرموێ: کامیانی بۆ ئاسان بوو ئەویان بکات، ئەوی پێی رووتە، نەچێت بگەرێ بە دوای خوففدا تا مەسحیان کات، ئەوی تریش کە خوففی لە پێدایە لە ماوە دیاری کراوەکەی خۆیدا دایناکەنێت بۆ ئەوەی پێی بشوات[426]..

**ماوەی مەسح**: ئەوی لە سەفەردایە بۆی هەیە سێ شەوو سێ رۆژ خوففەکانی مەسح بکات، ئەوی نیشتەجێشە بۆی هەیە شەوورۆژێک مەسحیان کات.. ئەمەش بۆچوونی جمهوری شەرعناسانی مەزهەبی حەنەفی و مالیکی و قەولی نوێی شافیعی و زاهیریەکانە[427]. بەلگەشیان ئەمانەیە:

1 ـ سەیدنا عەلی کوری ئەبو تالیب خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم رێیداوە گەشتەوان (موسافیر) سێ شەوو سێ رۆژ مەسحی سەر خوفف بکات، شەوورۆژێکیش بۆ کەسەی کە نیشتەجێیە[428]..

---

424 بوخاری ( 387 ) ، موسلیم ( 1568 ).
425 فتح القدیر ( 126/1 ) ، الشرح الصغیر ( 227/1 ) ، المجموع ( 502/1 )، منتهی الارادات ( 23/1 ).
426 ابن تیمیة : الاختیارات ( 13 ) .
427 المبسوط ( 98/1 ) ، الام ( 34/1 ) ، المغني ( 209/1 ) ، المحلی ( 80/2 ).
428 موسلیم ( 276 ) ، نەسائی ( 84/1 ).

2 ـ عەوفی کوڕی مالیکی ئەشجەعی خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە غەزای تەبووکدا فەرمانیدا کە گەشتەوان تا سێ شەوو سێ ڕۆژ مەسحی خووف بکات و ئەوی نیشتەجێشە شەوو ڕۆژێک[429].

3 ـ سەفوانی کوڕی عەسسال خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَأْمُرُنَا إذَا كُنَّا سَفْرًا أَنْ لَا نَنْزِعَ خِفَافَنَا ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ وَلَيَالِيَهَا ، إلَّا عَنْ جَنَابَةٍ ، وَلَكِنْ مِنْ بَوْلٍ أَوْ غَائِطٍ أَوْ نَوْمٍ) [430]واتە: کە لە سەفەر دەبووین، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمانی پێ دەکردین کە تا سێ شەوو سێ رۆژ خوففەکانمان لە دەسنوێژ شکان لە میزو پیسایی و خەوتن دانەکەنین، تەنها لە غوسڵ دەرکردن نەبێت..

ئەمە رای زۆرینەی شەرعناسانە بەڵام ئیمامی مالیک وئیمامی شافیعی لە قەولێکی قەدیمی زەعیفیدا (وەکو ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ[431]) هەروەها لەیسی کوڕی سەعد دەفەرموون[432] : کات بۆ مەسحی خوفف دیاری ناکرێت!! کە لە پێی کرد چەند رۆژ لە پێیدا بێت گرنگ نیە، مادام غوسڵی نەکەوتبێتە سەر.. ئەو بەڵگانەی ئەم بەڕێزانە پشتیان پێ بەستووە، زەعیفن، لەوانە:

1 ـ ئوبەی کوڕی عومارە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: لە پێغەمبەری خوام صلی الله علیه وسلم پرسی: خوففەکانم مەسح کەم؟!

---

429 ئیمامی ئەحمەد ( 6/ 27 ) بە سەنەدی سەحیحەوە.

430 ئیمامی ئیبنوحەجەر لە (الدراية في تخريج أحاديث الهداية 261/1) دەفەرموێ: نەسائی و ئیبنوماجە گێڕاویانەتەوەو ترمزی دەفەرموێ : حسن صحیح .

431 النووي : شرح صحيح مسلم ( 3م179 ) .

432 الصنعاني : سبل السلام ( 67/1 ) .

فەرمووی: (نَعَم) بەلێ، ووتم: (يَومَاً؟): رۆژێک؟ فـەرمووی (يَومَاً) ووتم: (وَيَـومَينِ؟) دوو رۆژ؟ فەرمووی(وَيَومَينِ) ووتم: (وَثَلاثَة؟) سـێ رۆژیـش؟ فەرمووی: (وَمَا شِئْتَ)[433] واتە: چەند رۆژ حەز دەکەیت..

2 ـ خوزەیمـەی کـوڕی سـابیت خـوا لێـی رازی بێـت فـەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم سێ شەوو سێ ڕۆژی بـۆ دانـاوین، ئەگەر زیاترمان لێ داوا کردایە زیـاتری رێ دەدایـن[434].. واتـە بـۆ مەسح کردنی خوففەکانمان.. ئەمە ئەگەر راستیش بێت نابێتە بەڵگە چونکە گومانی یاوەر نابێتە بەڵگە..

3 ـ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە خوا لێی رازی بێت دەگێـڕنەوە کـە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (إذَا تَوَضَّـأَ أحَـدُكُم، وَلَبِسَ خُفَّيهِ، فَلْيَمْسَحْ عَليهِمَا، وَلْيُصَلِّ فيهِمَا، ولا يَخْلَعُهُمَا إنْ شَاءَ إلَّـا مِـنْ جَنَابَةٍ)[435] واتە: هەر کەسێکتان دەسنوێژی گرت وخوففەکانی لـە پـێ کرد، با نوێژیان پێوە بکات، چەندی حەز کرد با لە پێیدا بن و دایان نەکەنێتەوە مەگەر لەبەر لەشگرانی..

4 ـ عوقبەی کوڕی عامر خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: لە شامەوە بەرەو مەدینە کەوتمە رێ، کە لە شام دەرچـووم هـەینی بـوو، کـە

---

433 ئەبوداوود (158) دەشفەرموێت: بەهێزنیە. ئیمامی ئەحمەدیش دەفەرموێ: پیاوانی سەنەدەکەی ناسراو نین.. بەڵام ئیبنوعەبدولبەڕ دەفەرموێ: فەرموودەیەکە خۆ ناگرێت، ئیبنولجەوزی هەر لە ریزی مەوزوعاتی داناوە ..

434 ئەبو داوود ( 157 ) ، ئیبنوماجە ( 553 ) ئیبنو دەقیق العید( 191/2 ) دەفەرموێ : (ضَعَّفَ حديثَهُ هذا أحمد والبخاري وأبوداود والدارقطني ) .

435 بەیهیقی (280/1)، حاکمیش بە سەحیحی داناوە، بەڵام فەرموودەوانان فەرموویانە سەحیح کراوی حاکم دەبێت زەهەبی لایەنگیریی بێت، دەنا هەر وا وەرناگیرێت. کەمال ئیبنوالسید لە صحيح فقه السنة (151/1)دا بە زەعیفی داناوە

گەیشتیشمە مەدینە هەر هەینی بوو، چوومە خزمەت عومەری کوڕی خەتتاب، لێی پرسیم کەی خوففەکانت لە پێ کـردووە؟ ووتم: رۆژی هەینی، فەرمووی: دات نەکەندووە؟! ووتم: نەخێر، فەرمووی: چاکت کرد، تەواوە[436].. ئیمامی بەیهیقی کە ئەم فەرموودەیەی گێـڕاوەتەوە دەفەرموێ: زەعیفە، ئینجا دەفەرموێ: ئێـمە ریوایـەتی ترمـان لــە سـەیدنا عومــەرەوە هێـنایەوە کــە بۆچــوونی لەســەر دیــاری کردنەکەیە[437]، جا ئەگەر ئەم فەرموودەیە سەحیح بێت، ئـەوە یـان قەولی دیاری کردنەکەی دوای ئەم فەرموودەیە پێ گەیشـتووە، یـان دەبێ قەولەکەی پێشووی وەرگیرێت کە لەگەڵ هەڵوێستی یاوەرانی تردا گونجاوە. ئیبنوحەزم دەفەرموێ: کەس لــە یـاوەران جگـە لــە ئیبنوعومەر رای جیاوازی لەسەر ماوەی مەسح لەسەر خوفف نیە[438] <u>پێم وایە راستتر ئەوەیە کە مەسحی خوفف بۆ گەشتیار ماوەی سـێ شەوو سێ رۆژەو بۆ نیشتەجێش شەوو رۆژێکە..</u>

**<u>سەرەتای ماوەی مەسح</u>**: ئایا سەرەتای دەسپێکی ماوەی مەسحی خوفـف کەیە؟! ئەمەش شەرعناسان لە باسی ئەمەشدا چەند پۆلێکن:

**<u>پۆلی یەکەم: دەفەرموون: لە کاتی دەسنوێژ شکانی یەکەمی دوای لە پێ کردنێـتی:</u>**

ئەمە بۆچوونی ئیمامی ئەبو حەنیفەو سوفیانی سەوری و شـافیعی و رای زانــراوی حەنبەلیەکانــە[439]، هەنجەتیشـیان ئەوەیــە کــە دەفەرموون: دوای دەسنوێژ شکانەکە، کاتێکە کە دەشێت دەسنوێژی

---

436 البيهيقي (280/1) ، الطحاوي (48/1) ، الدارقطني (72) . کەمال ئیبنوالسيد لە صحيح فقه السنة ( 151/1 ) دا بە زەعیفی داناوە.

437 مەبەستی دیاری کردنی مەسحە لەسەر خوفف کە سێ شەوو سێ رۆژە بۆ گەشتیاران و شەووڕۆژێکیش بۆ نیشتەجێیان ..

438 ابن حزم : المحلی ( 93/2 ) .

439 المبسوط (99/1) ، المجموع (470/1) ، المغني (291/1) ، الاوسط (443/1) .

تێدابگیرێتەوەو مەسحیشی تێدا بکرێت. یەعنی ئەگەر موسوڵمانێکی نیشتەجێ دەسنوێژی لە سەعات دوازدەی نیوەڕۆدا گرت و خوففی لە پێ کرد، بەڵام لە سەعات سێی دوای نیوەڕۆدا دەسنوێژەکەی شکاند، دەتوانێت تا سبەینی سەعات سێی دوای نیوەڕۆ مەسح کاتەوە.. کە دەکاتە 27 سەعات .

**<u>پۆلی دووەم: دەفەرموون: لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە خوففەکانی لە پێ کردووە</u>**: یەعنی لە سەعات دوازدەی نیوەڕۆوە بۆ سەعات دوازدەی سبەینێ.. ئەمەش رای شێخ حەسەنی بەسری رەحمەتیە[440]..

**<u>پۆلی سێیەم : ماوەی پازدە نوێژ بۆ گەشتیارو پێنج نوێژ بۆ نیشتەجێ</u>**: ئەمە رای شەعبی وئیسحاق وئەبو سەورو هەندێک شەرعناسی ترە[441]..

**<u>پۆلی چوارەم: لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە بۆی هەیە مەسح کات</u>**: جا ئیتر مەسحەکەی کردبێت یان نا.. بۆ نموونە گەشتیارەو لە رۆژی دووەمدا وویستی مەسحی خوفف بکات، بۆی هەیە تا دوو رۆژ بیکات نەک سێ رۆژ، چونکە رۆژێکی لە دەست خۆی داوە. ئەمەش رای ئیبنوحەزمە کە لە هەموویان زیاتر بەرگریی لە راکەی خۆی کردووەو رای ئەوانی دیکەی رەت کردۆتەوە[442]!!

**<u>پۆلی پێنجەم: لە یەکەمین لە پێ کردنی خوففەکانەوە دەست پێ دەکات</u>**: ئەمەش رای ئیمامی ئەحمەدو ئەوزاعیەو ئیمامی نەوەوی و ئیبنول مونزیرو ئیبنوعوسێمین بە پەسەندترینیان زانیووە[443]..

من پێم وایە ئەمیان پەسەندترینە، چونکە بەڵگەیەکمان بە دەستەوە نیە کە لە ساتی دەسنوێژ شکانەکەوە حسێبی بکات،

---

440 الشيخ وحيد عبدالسلام : الاكليل شرح منار السبيل ( 136/1 ) .
441 المجموع ( 466/1 ) ، المغني ( 291/1 ) ، الاوسط ( 444/1 ) .
442 ابن حزم : المحلى ( 95/2 ) .
443 ابو داود : مسائل أحمد ( 10 ) ، المحلى ( 95/2 ) ..

بۆچوونەکانی تریش هەر دیدورایەکی ئیجتیهادین.. کەوابوو : دەسپێکی مەسحی خوفف لە کاتی لەپێکردنیانەوەیە. واللە اعلم ..

**نیشتەجێیەك مەسحی کرد بەلاّم سەفەری هاتە پێش**: کابرا نیشتەجێیەو بۆ ماوەی شەووڕۆژێک بۆی هەیە مەسح کات، کردی بەلاّم پێش تەواوبوونی کاتەکەی سەفەرێکی هاتە پێش، شەرعناسان: لە حوکمی ئەم حالّەتەدا دوو پۆلن:

یەکەمیان: بەو کاتەوە کە بەکاری هێناوە تا سێ شەوو سێ رۆژ مەسح دەکات. ئەمەش رای سوفیانی سەوری و ئیمامی ئەبوحەنیفەو قەولێکی ئیمامی ئەحمەدەو رای ئیبنوحەزمیشە[444]..

دووەمیان: دەبێت شەووڕۆژەکەی خۆی تەواو کات، ئینجا پێی دەشوات و لەوێوە سێ شەوو سێ رۆژەکەی حسێب دەکات.. ئەمەش رای ئیمامی شافیعی و ئەحمەدو ئیسحاقە[445] وا دیارە ئەمەشمان پێ پەسەندتر بێت، چونکە پێناسەی کابرا بە پێ شتنەکەی لە نیشتەجێوە دەبێتە گەشتیارو حوکمی ئەمیان وەردەگرێت واللە اعلم

**گەشتیارێك مەسحی دەکرد بەلاّم سەفەرەکەی کۆتایی هات و بووەوە بە نیشتەجێ**:

کابرا لە سەفەردایە، دوو شەوو دووڕۆژە مەسحی خوفف دەکات، بەلاّم سەفەرەکەی تەواو کردو نیشتەجێ بۆوە، ئایا تا سێ رۆژەکەی تەواو دەکات لەسەر مەسح کردنی خوففەکانی بەردەوام دەبێت یا دەسبەجێ کۆتایی بە مەسحی خوفف دەهێنێت؟!

ئەگەر لە شەووڕۆژێک کەمتر مەسحی خوففی کردبوو، دەتوانێت شەووڕۆژی پێوە تەواو دەکات، ئەگەر لە شەوو رۆژێکی زیاتر بەکار هێنا، سیفەتی گەشتیاری نامێنێت و دەبێت خوففەکانی داکەنێت..

---

444 المروزي : اختلاف العلماء ( ل 31 ) ، المغني ( 299/1 ) ، المحلى ( 109/2 ) .
445 الشافعي: الام (35/1)، المروزي: اختلاف العلماء (ل 31).

**مەرجی مەسحی خوفف** :

مەرجی مەسحی خوفف ئەوەیە کە لەسەر دەسنوێژەوە لەپێی کردبن، فەرموودەکەی لای موغیرە خوا لێی رازی بێت ئەوەی روون کردۆتەوە: موغیرەی کوڕی شوعبە خوا لێیان رازی بێت لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە کە فەرمووی: لە سەفەرێکدا لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صلى الله عليه وسلم بووم کە دەسنوێژی گرت، من ئاوم بە دەستیدا دەکرد، دەست و دەموچاوو باسکی شت و مەسحی سەری کرد، خۆم نزم کردەوە وویستم خوففەکانی لە پێ دانێم، فەرمووی: (دَعْهُمَا فَإِنِّي أَدْخَلْتُهُمَا طَاهِرَتَيْنِ، فَمَسَحَ عَلَيهِمَا)[446] واتە نا لێیان گەڕێ، بە پاکی لەپێم کردوون، ئینجا مەسحی کردن.. کەوابوو دەسنوێژەکە مەرجە بۆ لەپێ کردنی خوفف ، تا مەرجیش نەیاتە دی مەرج بۆ کراو نایاتە دی[447]..

**<u>لە پێ کردنی تاکەخوفف پێش تەواوبوونی دەسنوێژ</u>**: ئەمە یەکێکە لەو بابەتە ووردەکارانەی شەرعناسان باسیان لێوە کردووە! فەرموویانە: کەسێک دەسنوێژی دەگرت، پێی راستی شت و تاکە خوففێکی لە پێ کرد، ئینجا پێی چەپی شت و تاکە خوففەکەی تری لە پێ کرد، ئایا ئەم مەسحە تەواوە؟! ئیمامی مالیک و شافیعی و ئەحمەد دەفەرموون: ئەگەر دەسنوێژی شکا بۆی نیە مەسحیان بکاتەوە! چونکە پێش ئەوەی دەسنوێژەکە بگرێت خوففی لە پێ کردووە.. ئیمامی ئەبوحەنیفەو قەولێکی تری ئیمامی ئەحمەدو ئیبنوحەزم و ئیبنولمونزیرو ئیبنوتەیمییە دەفەرموون: دەسنوێژو مەسحەکەی تەواوەو دەتوانێت کە دەسنوێژی شکا جارێکی تر

---

446 متفق عليه : بوخاری ( 409/1 ) ، موسليم ( 170/3 ) .
447 الموطأ ( 46/1 ) ، الام ( 33/1 ) ، المغني ( 282/1 ) .

مەسحیان لەسەر بکاتەوە، چونکە ئەو وەسفەی بەسەردا دەچەسپێت کە بە دەسنوێژەوە لەپێی کردوون[448]..

**حوکمی خوففی دڕاو**: هەموو شەرعناسان ئەوەیان بە مەرجی خوفف حسێب کردووە کە دەبێت وا بێت شوێنەکانی پێ کە لە دەسنوێژدا دەشۆرێن تا قولە پێ داپۆشێت، بۆیە پێیان دروست نەبووە کە مەسحی خوففی دڕاو بکرێت، چونکە شوێنی شتنی دەسنوێژەکەی لێوە دیار دەبێت، بەوەش شتن و مەسح کۆ دەبنەوە، کە داوێن بوونەوە حوکمی شتنەکە حوکمی مەسحەکە دەسڕێتەوە.. ئەمەش رای ئیمامی شافیعی و ئەحمەدە[449]..

ئیمامی ئەبوحەنیفەو مالیک دەفەرموون: مەسحی خوففی دڕاو جائیزە، بەو مەرجەی بتوانرێت پێوەی بڕوات وناوی خوففی پێوەمابێت[450].. ئەمە بۆچوونی ئەبوسەورو سوفیانی سەوری و ئیسحاق وئیبنوحەزمەو ئیبنولمونزیرو ئیبنوتەیمییەش ئەمەیان هەڵبژاردووە.. وا دیارە ئەمەش پەسەندتر بێت، چونکە وا پێناچێت ئەو هەموو یاوەرەی دەوری پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کە زۆرینەیان هەژار بوون هەموویان هەر خوففی نوێ وساغیان لە پێدا بووبێت، حەتمەن دڕاویی و دورینەوە، یان کون و درزی ئاسایی نەبوونەتە رێگری مەسح کردنی خوفف، ئەگینا ریوایەتێکمان هەر پێ دەگەیشت.. بۆیە سوفیانی سەوری دەیفەرموو بڕۆ هەر خوففەکان بە پێتەوە بوەستن، حوکمی خوففی ساغیان هەیە[451]!!

---

448 المبسوط (/99)، مجموع الفتاوى(209/21)، المحلى(100/2)، الاوسط (442/1).
449 الام ( 28/1 ) ، ابن هانئ : مسائل أحمد ( 18/1 ) ، المغني ( 287/1 ) .
450 المدونة (44/1) ، المبسوط (100/1) ، الاوسط (449/1) ، المحلى (100/2) ، مجموع الفتاوى ( 173/21 ) .
451 عبدالرزاق : المصنف ( ل 753 ) ، البيهقي ( 283/1 ) .

**<u>کوێی خوفف مەسح دەکرێت و چۆن</u>**: مەسح کردنی خوفف بریتیە لە یەکجار هێنانی دەستی تەڕ بە دیووی دەرەوەی خوففەکەدا.. چونکە سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیب خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: ئەگەر دین بە رەئی بوایە دەبوو مەسحی بنی پێ بکرایە، نەک سەرەوەی، پێغەمبەری خوام صلی الله علیه وسلم بینیووە کە تەنها سەرەوەی خوففەکانی مەسح دەکرد[452]. ئەمەش رای ئەوزاعی وسەوری و ئەحمەدو ئەبوحەنیفەو یاوەرانێتی.. بەڵام ئیمامی مالیک و شافیعی دەفەرموون: مەسحی سەرو خواری دەکات، چونکە فەرموودەی موغیرەیە کە دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەسنوێژی گرت، مەسحی سەرو خواری خوففەکانی کرد[453]. بە پێچەوانەی ئەمەوە هەر لە موغیرەی کوڕی شوعبەوە خوا لێی رازی بێت فەرموودەی راستتر هەیە کە دەفەرموێ: پێغەمبەری خوام صلی الله علیه وسلم بینی کە تەنها مەسحی سەرەوەی خوففەکانی کرد[454].. حوکمی دروستی مەسحی سەر خوففیش لەم جۆرەوە هاتووە..

بەیهیقی لە موغیرەی کوڕی شوعبەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە چۆن پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم مەسحی خووففەکانی کردووە: لە سەری پەنجەکانیەوە دەستی راستی بە تەڕی هێناوەتەوە بۆ سەرەوە بەرو لوولاقی پاشان دەستی چەپی بە تەڕی لە پەنجەکانیەوە هێناوەتەوە بەرەو سەرەوە بۆ لوولاقی ..

---

452 ئەبوداوود ( 162 ) ، دارەقوتنی ( 73 ) ، بەیهیقی ( 111/2 ) ، ئەلبانیش لە (ارواء الغلیل 103/1 ) دا دەفەرموێ سەحیحە ..

453 ئەبوداوود (165) ، ترمزی (97) ، ئیبنوماجە (550) ، ئەحمەد ( 251/4 ) ئەحمەدو بوخاری ودارەقوتنی وئیبنوحەجەر هەموویان بە زەعیفیان داناوە .

454 ئەبوداوود (161) ئیبنوالسید لەصحیح فقه السنة (155/1) دا بە زەعیفی داناوە

**چی مەسحی خوفف بەتاڵ دەکاتەوە؟** : فەرموودەکەی لای سەفوانی کوڕی عەسسالمان خوا لێی رازی بێت هێنایەوە کە باس لە بەتاڵ بوونەوەی مەسح دەکات کە دەفەرموێ: (كَانَ رَسُولُ الله صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ يَأمُرُنَا إذَا كُنَّا مُسَافِرِينَ أنْ نَمْسَحَ عَلَى خِفَافِنَا، وَلا نَنْزَعَهَا ثَلاثَةَ أيَّامٍ مِنْ غَائِطٍ وَبَولٍ وَنَومٍ إلَّا مِنْ جَنَابَةٍ)[455] واتە: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمانی پێ دەکردین کە لە سەفەردابووین، مەسح لەسەر خوففەکانمان بکەین و تا سێ رۆژ لەبەر چوونە سەر ئاوو (میز کردن و پیسایی کردن) یان لەبەر خەوتن لە پێیان نەکەینەوە، مەگەر لە جەنابەت ( لەش پیسی ).. کەوابوو ئەوەی مەسحی خوفف بەتاڵ دەکاتەوە، یەکێک لەمانەیە:

1 ـ لەش گران بوون و ئەوی لە حوکمی ئەودایە وەکو حەیزو زەیستانی کە پێویست بە غوسڵ دەرکردن دەکەن.. لە غوسڵێشدا دەبێت خوففەکان داکەندرێن..

2 ـ تەواوبوونی ماوەی مەسحەکە. 3 ـ داکەندنی خوففەکە..

4 ـ دەسنوێژ شکان پێش لەپێ کردنی خوففەکە..

ئەگەر خوففەکەی داکەندو دەسنوێژی شکاند نابێ لە پێی کاتەوەو مەسحی لەسەر بکات، چونکە حوکمی مەسحەکەی تەواو بووەو دەبێت پێی بشواتەوە تا بە پاکی پێی بکاتەوە ناو خوففەکانی..

**بەتاڵ بوونەوەی مەسحی خوفف بەتاڵ بوونەوەی دەسنوێژ نیە**: ئەگەر کەسێک خوففەکانی دانا بێ ئەوەی دەسنوێژی شکاندبێت، شەرعناسان لەسەر حوکمەکەی چوار پۆلن:

---

455 نەسائی ( 32/1 ) ، ترمزی ( 3535 ) ، ئیبنو ماجە ( 478 ) ، شێخی ئەلبانی رحمه الله لە ارواء الغليل ( 104 ) دا دەفەرموێ : حەسەنە ..

**پۆلی یەکەم: دەبێت دەسنوێژەکەی بگرێتەوە** : ئەمە رای ئەوزاعی ونەخەعی و ئەحمەدو ئیسحاق و شافیعییە (لە قەولی قەدیمیدا) چونکە بە ڕای ئەم بەڕێزانە مەسحەکەی لە شوێنی شتن بووە، جا کە مەسحەکەی بەتاڵ کردۆتەوە حەتمەن دەسنوێژی پێیەکانیشی بەتاڵ بوونەتەوە بەمەش هەموو دەسنوێژەکە بەتاڵ بۆتەوە[456].

**پۆلی دووەم: دەبێت پێیەکانی بشواتەوە**: ئەمەش رای ئیمامی ئەبو حەنیفەو سەوری و ئەبو سەورو قەولی نوێی ئیمامی شافیعیە[457]..

**پۆلی سێیەم: ئەو کاتەی خوففەکە دادەکەنێت دەبێت پێیەکانی بشواتەوە**: ئەگەر دوا کەوت دەبێت هەموو دەسنوێژەکە بگرێتەوە. ئەمەش مەزهەبی مالیک و لەیسی کوڕی سەعدە[458]..

**پۆلی چوارەم: نە پێیەکانی دەشوات ونە دەسنوێژی دەشواتەوە**: ئەمەش ریوایەتی نەخەعیە لە حەسەنی بەسری وعەتائەوە هاتووە، دیسان ئەمە بۆچوونی هەر یەک لە ئیمامی ئیبنوحەزم وئیمامی نەوەوی وئیبنولمونزیرو ئیبنوتەیمییەشە[459].

پێم وایە: ئەوی خوففی بەسەر دەسنوێژدا لە پێ کردووە، دەسنوێژی تەواوی هەیە، کە خوففەکانی دانا، هەر دەیمێنێت، چونکە بەڵگەیەکی وامان لەبەر دەستدا نیە کە دەسنوێژەکەی شکا بێت، بە پێچەوانەوە ریوایەتێک هەیە کە ئەبو زوبیان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە سەیدنا عەلی بینی خوا لێی رازی بێت، کە میزی بە پێوە کرد، پاشان داوای ئاوی کردو دەسنوێژی گرتەوە، بۆ

---

456 اختلاف العلماء (ل 31)، مسائل أحمد (19/1) ، النووي : المجموع (251/4).
457 اختلاف العلماء ( ل 31 ) ، الاوسط ( 458/1 ) .
458 ئیمامی مالیك : المدونة ( 41/1 ) .
459 المحلى (105/2)، الاوسط (460/1) ، المجموع (558/1) ، الاختيارات (ل 15).

پێیەکانیشی هەر مەسحی سەر نەعلەکانی کرد، ئینجا چووە مزگەوت نەعلەکانی داناو نوێژی کرد[460]..

ئەمە وەکو کەسێکە کە قژی مەسح کردووەو سەری تاشیووە، کەس نافەرموێت دەبێ مەسحەکەی بکاتەوە یان دەسنوێژەکەی بگرێتەوە.. کەوابوو ئەگەر کەسێک خوففەکەی داکەندو دەسنوێژەکەی نەشکاند بۆی هەیە نوێژی پێوە بکات.. والله اعلم..

**خوفف لەسەر خوفف** : کەسێک جووتێک خوفف لە پێ دەکات، پاشان ئەگەر جووتێک خوففی تری بەسەردا لە پێ کرد؟! یان جووتێک گۆرەوی لە پێ کردووەو جووتێک خوففی بەسەردا لەپێ کرد، یان دوو جووت گۆرەوی لە پێ کرد.. ئایا دروستە؟ ئایا لە دەسنوێژیدا کامیان مەسح دەکات؟!

لەبەر کردنی دوو جووت خوفف یان دوو جووت گۆرەوی کاریگەر نیە، ئەوی گرنگ و کاریگەرە لەسەر حوکمە شەرعیەکە ئەوەیە کە بە دەسنوێژەوە لە پێی کردبن.. شەرعناسان رایان لەم مەسەلەیەدا بە پێی حاڵەتەکان جیاوازەو چەند پۆلێکن:

پۆلی یەکەم: دەفەرموون: ئەگەر دوو جووتی خوفف یان گۆرەوی پێکەوە لەپێ کرد، بۆ مەسح کردنەوەیان بۆی هەیە ئەوەی سەرەوەیان مەسح کات.. ئەمەش رای حەنەفیەکان و رای بەهێزی مالیکیەکان و حەنبەلیەکانەو قەولێکی کۆنی ئیمامی شافیعیشە، بەڵام قەولی نوێی پێچەوانەی ئەوەیە[461]..

460 بەیهیقی ( 288/1 ) ، تەحاوی ( 58/1 ) ، ئەلبانی لە تمام المنة ( ل 15 ) دا دەفەرموێ : إسناده صحيح ..

461 حاشية ابن عابدين (179/1)، جواهر الاكليل (24/1)، روضة الطالبين (127/1).

پۆلی دووەم: فەرموویانە: ئەگەر جووتەکەی سەرەوەی مەسح کردبوو، پاشان دایکەندەوە، دواتر ئەوەی ژێرەوەیان بمێنێتەوەو لە دەسنوێژی تردا مەسحی لەسەر بکات، جائیزە، چونکە پێیەکانی بە دەسنوێژەوە خستۆتە ناو خوفف یان گۆرەوەیەکانیەوە..

پۆلی سێیەم: دەسنوێژی دروستی گرت و جووتێکی لە پێ کرد، بێ ئەوەی دەسنوێژی بشکێت، دواتر جوتێکی تری بەسەردا لە پێ کرد، ئەمەش جائیزەو شەرعناسان دەفەرموون: سەرپشکە لەوەی کام جووتەیان مەسح دەکات.. ئەمەش رای حەنبەلیەکانە[462]..

پۆلی چوارەم: ئەگەر دەسنوێژی گرت وجووتێک خووف یان گۆرەوی لە پێ کرد ومەسحی کرد، ئینجا جووتێکی تری بەسەردا لە پێ کرد، بۆی هەیە مەسحی ئەوەی سەرەوەیانی بکات، چونکە پێیەکانی بە دەسنوێژەوە خستۆتە ناویانەوە.. بەڵام ئەگەر جووتی یەکەمیانی لە پێ کرد، پاشان دەسنوێژی شکاند، ئینجا جووتێکی تری بەسەر جووتی یەکەمدا لە پێ کرد، بۆی نیە ئەو جووتەی سەرەوەیان مەسح کات، بەڵکو هەر دەبێت ئەوەی ژێرەوەیانی مەسح کات.. چونکە ئەویانی بە دەسنوێژەوە لە پێ کردووە[463]..

* * *

---

462 كشاف القناع ( 117/1 ) .
463 كشاف القناع ( 118/1 ) .

## دووەم : مەسحی گۆرەوی و پێڵاو

ـ **مەسحی گۆرەوی**: رای شەرعناسان دەربارەی گۆرەوی، خوری بێت یان لۆکە یان کەتان و کەرەستەی تر، سێ پۆلە:

**پۆلی یەکەم**: مەسحی گۆرەوی جائیزنیە مەگەر بنی بەچەرم داپۆشرابێت ئەمەش قەولی کۆنی ئیمامی ئەبوحەنیفەیە کە لێشی گەڕاوەتەوە، هەروەها رای ئیمامی شافیعی وئەحمەدە[464] فەرموویانە گۆرەوی خوفف نیە تا حوکمی ئەو وەرگرێت، ئینجا فەرموویانە فەرموودەیەکمان لەسەر مەسح لەسەر گۆرەوی چنگ نەکەوتووە..

**پۆلی دووەم**: مەسحی گۆرەوی جائیزە بەو مەرجەی شوێنی فەرزی شتنی پێ بگرێتەوەو بە پێوە بنوسێت. ئەمەش رای ئیمامی ئەحمەدو حەسەنی بەسری و ئیبنول موسەییەب و شەرعناسانی حەنەفی و شافیعی و حەنبەلیەکانە[465]..

**پۆلی سێیەم**: مەسحی گۆرەوی جائیزە ئەگەر تەنکیش بێت.. ئەمەش مەزهەبی ئیبنوحەزم و ئیبنوتەیمییەیەو رای شێخی ئەلبانی و ئیبنوعوسێمین و شەنقیتیە[466]. ئەبوداوود دەفەرموێ: ئەمە راو بۆچوونی سەیدنا عومەرو عەلی و ئیبنوعەبباس و ئیبنومەسعوودو بەرائی کوڕی مالیک وئەنەس وئەبوموسای ئەشعەریی و ئەبوئومامەو سەهلی کوڕی سەعدو عەمری کوڕی حورەیسە. ئەمەش لە یازدە یاوەرەوە گێڕاوەتەوە..

---

464 المبسوط ( 102/1 ) ، المدونة ( 40/1 ) ، الاوسط ( 465/1 ) ، الام ( 33/1 ) .

465 ابن هانئ : مسائل أحمد ( 21/1 ) ، الاوسط ( 464/1 ) ، المجموع ( 540/1 ) ، فتح القدير (157/1 ) .

466المحلى (86/2)، ابن تيمية: المسائل الماردينية (ل 580)، مجموع الفتاوى(184/21)، الالباني: تمام المنة (ل 113)، الشرح الممتع (190/1)، الشنقيطي: أضواء البيان (18/2) .

بەڵگەی بەهێزیش لای ئەمانە، لەوانە:

1 - موغیرەی کوڕی شوعبە خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە کە: (أنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ تَوَضَّأَ وَ مَسَحَ عَلَى الجْوربَينِ وَالنَّعْلَين)[467] واتە: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەسنوێژی گرت، گۆرەوی و نەعلەکانی مەسح کرد..

2 ـ ئەزرەقی کوڕی قەیس دەفەرموێ: ئەنەسی کوڕی مالیکم بینی دەسنوێژی شکاند، پاشان دەست ودەموچاوی شت وگۆرەویەکانی مەسح کرد، کە لە خوری بوون، لێم پرسی: مەسحیان دەکەیت؟ فەرمووی: خوففن، بەڵام لە خورین[468]..

ئەنەس خوا لێی رازی بێت کە یەکێکە لە زمانەوانانی یاوەران دەزانێت کە ووترا خوفف، لە خوففی چەرمین گشتگیرتر بەکار دێت، بۆیە گۆرەویەکانی خۆشی لە ریزی خوففدا حسێب کردووە..

3 ـ لە سەردەمی یاوەراندا گۆرەوی وەکو سەردەمانی ئێستای ئێمە ئاوا تەنک نەبوو، یاوەران گۆرەویان وەکو خوفف تەماشا دەکرد، بەڵام زانایانی دوای یاوەران کە گۆرەوی تەنک داهات ئەو راجوێییەیان تێکەوت کە ئایا هەمان حوکمی خوففی دەمێنێت یان نا بەڵام گۆرەوی هەرچەند تەنک بێت هەر لە خوففی دڕاو باشترە..

---

467 ئەبوداوود ( 159 ) ، ترمزی ( 99 ) ، ئەحمەد ( 4 / 252 ) قسەشی لەسەر کردووە ، بەڵام شێخی ئەلبانی لە ارواء الغليل ( 101 ) دەفەرموێ : سەحیحە ..

468 الدولابي : الكُنى ( 181/1 ) ئەحمەد شاکری فەرموودەوانی میسری کە وەکو شێخی ئەلبانیە بە سەحیحی داناوە .. صحيح فقه السنة ( 157/1 ) .

**حوکمی لەفاف کە لە پێوە دەئاڵێنرێت:** هەر وەکو حوکمی گۆرەوی و خوففە چونکە کردنەوەی ئەمیان لە پێ، لە داکەندنی گۆرەوی و خوفف زەحمەتترە، بۆیە بۆی هەیە مەسحیان بکات[469]..

**ـ مەسحی نەعل و پێڵاو:** پێشتر فەرموودەیەک و رەفتارێکی سەیدنا عەلیمان لەسەر مەسحی سەر نەعل هێنایەوە کە بریتین لە:

1 - موغیرەی کوڕی شوعبە خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە کە: (أنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ تَوَضَّأَ وَ مَسَحَ عَلَى الجْوربَينِ وَالنَّعْلَينِ)[470] واتە: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەسنوێژی گرت، گۆرەوی و نەعلەکانی مەسح کرد..

ئەمە دوو مانایان لێ دەفامرێتەوە:

1 ـ گۆرەوییان لە پێدا بووەو بەسەر ئەودا نەعلیان لە پێدا بووەو مەسحی سەر هەردووکیانی کردوە، بەمەش حوکمی هەردووکیان دەبێتە یەک کە جائیزە مەسحی گۆرەوی و نەعل بکرێت، کە وەکو ئەوەیە کەسێک جووتێک خوفف بەسەر جوتێک خوففی تردا لەپێ کات ، یان دوو جووت گۆرەوی بەسەر یەکدا یان گۆرەویەک و پاشان خوففێکی بەسەردا لەپێ کات..

2 ـ ئەگەری ئەوە دادەنرێت کە سەیدنا موغیرە پێغەمبەری خوای بینیبێت جارێک مەسحی گۆرەویەکانی کردبێت وجارێکی تر مەسحی نەعلەکانی کردبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە دەشێت مەسحی نەعل بکرێت بێ ئەوەی مەسحی گۆرەوی بکرێت. بۆ نموونە سەربازێک دەتوانێت مەسحی پۆستاڵی بکات، یان وەرزشەوانێک

---

469 ابن تيمية : الاختيارات ( ل 13 ) .

470 ئەبوداوود ( 159 ) ، ترمزی ( 99 ) ، ئەحمەد ( 4 / 252 ) قسەشی لەسەر کردووە ، بەڵام شێخی ئەلبانی لە ارواء الغليل ( 101 ) دەفەرموێ : سەحیحە ..

یان کەسێک کە لە کاردایەو پێڵاوەکانی قەیتاندارن و ئاسـان بـۆی ناکرێنەوە، هەموویان دەتوانن مەسحی سەر پێڵاویان بکەن.. ئەوەی لایەنگری ئەمیش دەبێت ئەو رەفتارەیە کە لە سەیدنا عـەلی کـوڕی ئەبوتالیبەوە خوا رووی گەش کات گێڕراوەتەوە، کە بریتیە لە:

2ـ ئەبو زوبیان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە سـەیدنا عـەلی بینی خوا لێی رازی بێت، کە میزی بە پێوە کرد، پاشان داوای ئـاوی کردو دەسنوێـژی گرتـەوە، بـۆ پێیەکانیشـی هـەر مەسـحی سـەر نەعلەکانی کرد، ئینجا چووە مزگـەوت نەعلـەکانی دانـاو نوێـژی کرد[471]..

ئەمە باسی گۆرەوی تێدا نیە، مەسحە بەسەر نەعلدا..

ئەوەش بێنینەوە یاد کە دەوترێت نەعل (واتـە دەمپـایی) مانـای ئەوە نیە کە وەکو نەعلی ئەم زەمانە بووبن، لاسکێکیان هەبێـت بـۆ نێوان دوو پەنجەی پێ و تەواو.. نا نەعلی ئەو سەردەمە بۆ دەشت و کێو لێ پێ دەکرا..

کەوابوو مەسحی سەر گۆرەوی و خوفف و پێـڵاو جـائیزە.. واللـە اعلم.

.........................

471 بەیهیقی ( 1/288 ) ، تەحاوی ( 1/58 ) ، ئەلبانی لە تمام المنة ( ل 15 ) دا دەفەرموێ : إسناده صحیح ..

### سێیەم : مەسحی عەمامەو سەرپۆش

**یەکـەم: مەسـحی عەمامـە**: عەمامەیـەک کـە لکـی بـە بـن چـەناگەدا هاتبێـتەوەو داکەنـدن و بەسـتنەوەی قـورس بێـت، دەشێـت لــە دەسنوێژدا لە جیاتی سـەر مەسـحی بکرێـت.. ئەمـەش مەزهـەبی ئیمامی ئەحمەدو ئیسحاق و ئەبوسەورو ئـەوزاعی و ئیبنوحــەزم و ئیبنوتەیمییەیە، کە لە سەیدنا ئەبوبەکرو عومەرو ئەنەس ویاوەری ترەوە[472] گێڕراوەتەوە. چونکە لــە پێـغەمبەری خـواوە صلى الله عليه وسلم سەلمێنراوە کە:

1 ـ عەمری کوڕی ئومەییەی زەمری گێڕایەوە فەرمووی: (رَأَيتُ رَسولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ مَسَحَ عَلَى الْخُفَّينِ وَالْعِمَامَةِ) [473] واتە: پێغەمبەری خوام صلى الله عليه وسلم بینی مەسحی خوفف و عەمامەکەی کرد..

2 ـ فەرمودەکەی لای موغیرەی کوڕی شوعبەمان هێنایەوە خوا لێی رازی بێت کە فەرمووی (أنَّ النَّبيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ تَوَضَّأ فَمَسَحَ عَلَـى خُفَّيهِ ، وَمُقَدَّمَ رَأْسِهِ وَعَلَى عِمَامَتِهِ)[474] واتە: پێـغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەسنوێژی شت، ئینجا مەسحی سـەر خوففـەکانی کـرد، هـەروەها پێشە سەری ومەسحی هەموو سەری بەسەر عەمامەکەیەوە کرد.

3 ـ بیلالی حەبەشی خوا لێی رازی بێت دەفـەرموێ: (رَأَيتُ رَسولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ مَسَحَ عَلَى الْخُفَّينِ وَالْخِمارِ) [475] واتـە: پێـغەمبەری

---

472 مسائل أبي داود (8) ، المغني (300/1) ، المجموع (406/1) ، الاوسط (468/1) المحلى ( 58/2 ) ، مجموع الفتاوى ( 184/21 ) ..

473 بوخاری ( 205 ) .

474 موسلیم ( 275 ) ، ئەبو داوود ( 150 ) ، ترمزی ( 100 ) قسەیەکیشی لەسەر کردووە ، بەڵام شێخی ئەلبانی رەحمەتی بە سەحیحی داناوە ..

475 موسلیم ( 285 ) .

خوام صلى الله عليه وسلم بینی مەسـحی خوففـەکان و سەربەسـتەکەی (عەمامەکەی) کرد.

ئیمامی ئەبو حەنیفـەو یـاوەرانی، هـەروەها ئیمـامی مالیـک و ئیمامی شافیعی[476] دەفەرموون: نابێت بە تـەنها بەسـەر عەمامـەدا مەسح بکرێت، بەڵکو لەگەڵ پێشە ناوچەواندا دەبێت، ئـەو کاتـەش مەسحی پێشە ناوچەوانەکە هێنانەدی فەرزەکەیـەو مەسـحی سـەر عەمامەکە زیادەی سوننەتە[477].. بەڵام ئیمامی شافیعی فەرموویەتی: ئەگەر فەرموودەکە سەلمێنرا، دیارە ئەوە حوکمەکە لەسەر ئەو بینا دەکرێت.. الحمد لله فەرموودەکەش پێشەوای فەرموودەوانانی وەکو ئیمامی موسلیم لە دوای ئیمامی شافیعی هاتوون و سەلماندوویانە.

ئەو پۆلە شەرعناسانەی رێ لە مەسحی عەمامە دەگرن دەفەرموون فەرموودەکەی سەیدنا جابری کوڕی عبداللـە خـوا لێـی رازی بێـت بەڵگەمانە کە فەرمووی: (أنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّمَ تَوَضَّأَ فَمَسَحَ عَلَى خُفَّيهِ ، وَمُقَدَّمَ رَأْسِهِ وَعَلَى عِمَامَتِهِ)[478] واتە: پێـغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەسنوێژی شت، ئینجا مەسحی سـەر خوففـەکانی کـرد، هـەروەها پێشە سەری و مەسحی هەموو سەری بەسەر عەمامەکەیەوە کرد .

ئەمما ئەو فەرموودەیەی تر کە هەندێکیان کردوویانە بە بەڵگە کە سەیدنا موغیرە دەفەرموێ: (رَأَيتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيـهِ وَسَـلَّمَ حَسَـرَ

476 حاشيه ابن عابدين (1/ 181)، حاشيه الدسوقى (164/1)، المجموع (407/1)

477 خۆی لە مەزهەبی هەردوو ئەو ئیمامە بەڕێزانەدا مەسحی کەمێکی سەر فەرزی مەسح دێنێتە دی ، بۆیە واشیان فەرمووە ..

478 موسلیم ( 275 ) ، ئەبو داوود ( 150 ) ، ترمزی ( 100 ) قسەیەکیشی لەسەر کردووە ، بەڵام شێخی ئەلبانی رەحمەتی بە سەحیحی داناوە ..

الْعِمَامَةَ عَنْ رَأْسِهِ وَمَسَحَ عَلَى نَاصِيَتِهِ )[479] واتە: پێغەمبەری خوام صلی الله علیه وسلم بینی سەری رووت کردو مەسحی پێشە ناوچەوانی کرد.

بە هەر حاڵ هەردوو لا بەلگەیان بە دەستەوەیە، بەڵام پێم و انیە ئەو شەرعناسە بەڕێزانەی فەرموویانە مەسحی سەر عەمامە بە تەنها فەرزی مەسحی سەر ناهێنێتە دی، بەلگەی بەهێزیان بە دەستەوە بێت، چونکە ئەوەش سەلمێنراوە کە پێغەمبەری پێشەوا صلی الله علیه وسلم مەسحی سەری پیرۆزی بەسەر عەمامەکەوە کردووە.

پێم وایە مەسحی سەر عەمامە فەرزێتی مەسحی سەر دەهێنێتە دی بەڵام بۆ ئەوەی لە راجوێیی دەرچین دەشێت پێشە ناوچەوانیشی ئەگەر مومکین بوو لەگەڵدا مەسح بکرێت ،ئەگەر نا مەسحی سەر عەمامەکە بەسە.. والله اعلم .

دووەم: <u>***مەسحی سەرپۆشی ئافرەتان***</u>: ئیمامی ئیبنوتەیمییە دەفەرموێ: ئەگەر ئافرەتێک ترسی سەرماو شتی وای هەبوو، دەتوانێت بەسەر سەرپۆشەکەیدا مەسحی سەری بکات، چونکە خاتوو ئوم سەلەمە خوا لێی رازی بێت مەسحی سەری لەسەر سەرپۆشەکەیەوە دەکرد.. بەلام پێویستیشە لەگەڵ ئەمەدا چەند تاڵە موویەکی سەریشی مەسح کات، ئەگەر هیچ هۆیەکی مەسح کردنی بەسەر سەرپۆشەوە نەبوو، ئەوە راجوێییەک لە نێوان شەرعناساندا هەیە کە ئایا جائیزە یان نا[480]..

---

479 شێخ کەمال ئیبنو السەید لە صحیح فقه السنة (159/1) دا نوسیوێتی: (بە سەنەدەوە نەمدیووە) منیش زۆری بۆ گەڕام و هەمووشیم هەر بێ سەنەد دەبینی!! ئیتر نازانم چۆن دەبێتە بەلگەی حوکمی شەرعی لای هەندێک کەس ..

480 ابن تیمیة : مجموع الفتاوی ( 218/21 ) .

ئیمامی ئەبوحەنیفەو مالیک و شافیعی و قەولێکی حەنبەلی[481] پێچەوانەی ئەمەیە، پێیان وایە کە مەسحی سەرپۆش نابێت.. بەڵام رای حەسەنی بەسری و بۆچوونی پەسەندکراوی مەزهەبی حەنبەلی جائیزبوونێتی بەو مەرجەی سەرپۆشەکە وا بێت لە لای ملیەوە قایم کرابێت.

ئەمما ئەو ریوایەتەی کە لە خاتوو عائیشەوە دەگێڕرێتەوە کە دەستی بردۆتە ژێر سەرپۆشەکەیەوەو مەسحی سەری کردووەو فەرموویەتی: بەم شێوەیە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمانی پێ کردووم[482]..

بێ گومان ئەو ئافرەتانەی کە مەترسی دەرکەوتنی قژیان لای پیاوانی نامەحرەم هەیە، یان سەرپۆشەکانیان وا بەستووە کردنەوەی زەحمەتە هەروەها ئەو ئافرەتانەی سەریان لە خەنە گرتووە، زیاتر موحتاجی ئەم فەتوایەن..

لەبەر نەبوونی بەڵگەی بەربەست وقیاس لەسەر عەمامەی پیاوان، <u>پێم وایە مەسحی سەر بە سەر سەرپۆشەوە بۆ کاتی پێویست جائیزە، بەو مەرجەی هەندێک تاڵە مووی سەریشی پێوە تەڕ ببێت. والله اعلم .</u>

<u>دووەم: **مەسحی کڵاو**</u> : لای جمهوری شەرعناسان مەسحی سەر کڵاو لە دەسنوێژدا جائیز نیە، چونکە وەکو عەمامە نیە لە لایەکەوە فەرموودەی لەسەر بێت و لە لایەکی ترەوە کردنەوەو بەستنەوەی

---

481 المدونة ( 0 42/1 ) ، الام ( 26/1 ) ، البدائع ( 5/1 ) ، المغني ( 305/1 ) .

482 کاسانی حەنەفی لە البدائع ( 5/1 ) هێناویێتیەوە بەڵام لە هیچ سەرچاوەیەکی فەرموودەدا نەمدۆزیەوە ، ئەگەر بسەلمێنرێت چارەسەری راجوێیی دەکات ..

گران بێت.. بەڵام ئیمامی ئیبنوحەزم و ئیبنوتەیمییە بەلایانەوە جائیزەو دەفەرموون: کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم مەسحی عەمامەی کردووەو تەڕێتی دەستی نەگەیشتۆتە مووەکانی سەری، لە حاڵەتی مەسحی کڵاوەکەشدا هەمان دیاردە دووپات دەبێتەوەو تەڕێتیەکە ناگاتە مووەکان، ئیتر چ جیاوازیەکیان هەیە؟!

پێم وایە رای جمهوری شەرعناسان بەهێزتر بێت کە مەسحی سەر کڵاو جائیز نیە، چونکە بەرزکردنەوەو لابردنی کڵاو وەکو کردنەوەو بەستنەوەی عەمامە نیەو ئاسانە.. والله اعلم.

.........................

## چوارەم : مەسحی گەچی دەست و پێ

**گەچی دەست و پێ چیە؟** : ئێمە مەبەستمان لەم زاراوە (جەبیرە)ی زمانی عەرەبیە، جەبیرە بریتیە لە دوو پارچە دار یان تەختە کە بۆ راست کردنەوەی شکاوی دەپێچرانە پەلە شکاوەکە، کە ئێستا لەم سەردەمەی ئێمەدا کەرەستەی تری تێدەگرن کە کورد پێی دەڵێ: گەچ.

هەر کەسێک پەلێکی شکاوی وەک بازوو لولاق، یان لە جێچووی وەکو ئانیشک و پێ یان لەبەر هەر پێویستیەکی تر گرتبێتە گەچ، بۆی هەیە لە دەسنوێژدا لە جیاتی شتنیان مەسحیان کات.. ئەمەش رای چوار ئیمامە بەڕێزەکەو شەرعناسانی ترە[483]، بەلگەشیان:

1 ـ ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: هەر کەسێک شوێنێکی بریندار بوو بێت و بەستبێتی، لە کاتی دەسنوێژدا شوێنە بەستراوەکەی مەسح دەکات ودەوروبەری دەشوات[484]. زانایان فەرموویانە لە نێوان یاوەراندا کەس پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی ئیبنوعومەری نەبووە..

2 ـ قیاس لەسەر مەسحی گۆرەوی کە لە حاڵەتی پێویستی نەبوونیشدا جائیزە مەسح بکرێن، چ جای گەچ کە پێویستە..

**چەند خاڵێکی پێوویست:**

**1 ـ مەسحی سەر گەچ بۆ دەسنوێژو غوسڵ دەرکردنیشە..** یەعنی ئەگەر کەسێک لەشگران (تووشی جەنابەت) بوو، ئەو شوێنانەی بشوات کە دەتوانێت، پاشان مەسحێکی سەر گەچەکەی بکات.

---

483 شرح فتح القدير : 140/1 ) ، المدونة ( 23/1 ) ، المغني ( 203/1 )، المجموع (2 / 327) .

484 ئیبنو ئەبی شەیبە ( 236 )، بەیهیقی ( 228/1 ) . کەمالی ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة ( 161/1 ) دا دەفەرموێ : سناده صحيح .

2 ـ مەسحی سەر گەچ مەرجەکانی خوففی نیە.. وەک ئەوەی دەبێت لەسەر هەبوونی دەسنوێژ تێی گیرابێت، یان کاتی بۆ دیاری کرابێت چونکە لە لایەکەوە هیچ دەقێک لەبەر دەستدا نیە، لە لایەکی تریشەوە جاری وا هەیە دەسنوێژ گرتن لە پێش گەچ تێگرتنەکەدا مومکین نیە، کابرای دەست شکاو دەچێتە لای پزیشک یان حەکیمێک و دەسبەجێ بۆی دەگرێتە گەچ، لەوانەیە رێی دەسنوێژگرتنی نەبێت هەروەها کاتی بۆ دیاری نەکراوە، وەک ئەوەی بۆ خوفف دیاری کراوە..

3 ـ حوکمی پێچان و لەفاف: هەر هەمان حوکمی گەچیان هەیەو ئەندامە پێچراوەکان لە کاتی دەسنوێژو غوسڵ دەرکردندا مەسح دەکرێن.. توێژینەوەی ووردەکارانەی ئەمەش لای ئیمامی ئیبنو تەیمییەیە[485]..

* * *

485 ابن تيمية : مجموع الفتاوى ( 185/21 ) .

# باسی هەشتەم

# غوسل

# باسی هەشتەم
# غوسڵ دەرکردن

1ـ چی غوسڵ فەرز دەکات؟
2ـ غوسڵی سوونەت.
3ـ روکنەکانی غوسڵ.
4ـ سوونەتەکانی غوسڵ.
5 ـ ئاو لە دەم ولووت رادان.
6 ـ غوسڵی ئافرەت.
7ـ خۆووشك کردنەوە.
8 ـ کورتەباسی تر لەسەر غوسڵ.
9ـ کورتەباسی تر لەسەر لەشگرانیی.

## باسی هەشتەم

## غوســڵ

**پێناسەی غوسڵ**: لە زمانەوانیدا: غوسڵ: شتنە.

لە زاراوەدا: غوسڵ: خۆشتنە، کە بریتیە لە رۆیشتنی ئاوی پاک بەسەر هەموو جەستەدا[486] .

**چی غوسڵ پێویست دەکات ؟!**

واتە ئەو رەفتارانەی کە غوسڵی شەرعی فەرز دەکەن، کە بریتیە لە:

**یەکەم: هاتنە دەرەوەی مەنی لە کاتی خەوو بێداریی تەندروستدا:**

1 ـ چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ( وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ) المائدة/ 6 واتە: ئەگەر لەش گران بوون (لە جەنابەتدا بوون) دەبێ خۆتان بە شتنی لەشتان پاک کەنەوە. هەروەها دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّىَ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلاَ جُنُبًا إِلاَّ عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىَ تَغْتَسِلُواْ) النساء/ 43 واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، لەو کاتانەدا کە سەرخۆشن توخنی نوێژ نەکەونەوە، تا بزانن چی دەڵێن، لەو کاتانەش کە لەشگرانن (لە جەنابەتدان) تا خۆتان دەشۆن، مەگەر رێبوار بن..

2 ـ ئەبوسەعیدی خودری خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (إِنَّمَا المَاءُ مِن المَاءِ)[487] واتە: ئاو بە خۆدا کردن کە غوسڵ دەرکردنە بە هۆی هاتنەوەی ئاوەوە (مەنی)یە..

---

486 كشاف القناع ( 158/1 ) .

487 موسلیم ( 343 ) ، ئەبو داوود ( 214 ) .

ـ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بە سەیدنا عەلی فەرموو: (إذا فَضَخَتْ الماءُ فَاغْتَسِلْ)[488] واتە: ئەگەر ئاو (مەنی) بە شێوەی هەڵقوڵین هاتە دەرێ خۆت بشۆ.. ئەمەش دیارە کە بە ئارەزووەوەیە، چونکە خوای گەورە لە باسی دروست بوونی مرۆڤدا دەفەرموێ: (خُلِقَ مِن مَّاء دَافِقٍ) طارق / 6 واتە: لە ئاوێکی هەڵقوڵاو دروست کراوە..

3 ـ خاتوو ئوم سەلەمە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە ئوم سولیەمی ژنی ئەبوتەلحە خوا لێیان رازی بێت هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم وفەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا، خوای گەورە شەرم لە باسکردنی هەق ناکات، ئایا ئەگەر ئافرەت شەیتانی بوو (لە خەونیدا لەگەڵ پیاودا جووت بوو) غوسڵی دەکەوێتە سەر؟! پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (نَعَمْ، إذَا رَأَتْ المَاءَ)[489] واتە: بەڵێ ، ئەگەر ئاوی بینی. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بینین وهەست پێکردنی هاتنەدەرەوەی مەنی بە شێوەی هەڵقوڵین.

ئەگەر مەنی بە دەرپێکەیەوە بینی غوسڵی لەسەر فەرز دەبێت با شەیتانیش نەبووبێت، چونکە دەشێت خراپ خەوتبێت.. بەڵام ئەگەر خەونی بینی و ئاوی نەهاتەوە، غوسڵی ناکەوێتە سەر.. چونکە عائیشە خانم خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کرد کە کابرا کە لە خەو هەڵدەستێت تەڕێتی بە خۆیەوە دەبینێت، ئەگەرچی خەونیشی نەدیووە، فەرمووی: (يَغْتَسِلُ) واتە: خۆی دەشوات.. پرسیاریان

---

488 ئەبو داوود ( 206 ) ، نەسائی ( 193 ) ، ئەحمەد ( 247/1 ) . ئەسڵەکەشی لە سەحیحەیندایە

489 بوخاری ( 282 ) ، موسلیم ( 313 ) .

کردەوە: ئەدی ئەگەر کابرا خەونی شەیتانیی بینی بەڵام تەڕێتی بە خۆیەوە نەدی، ئایا غوسڵی لەسەرە؟! فەرمووی: (لا غُسْلَ عَلَيهِ)[490] واتە: غوسڵی لەسەر نیە..

ـ حوکمی ژن و پیاو لەم مەسەلەیەدا وەکو یەکە..

ـ هەر کەسێک مەنی بە هۆی سەرماو نەخۆشیەوە لێ بێتە دەرەوە غوسڵی ناکەوێتە سەر، چونکە وەکو باسکرا مەرجی فەرز بوونی غوسڵ هاتنە دەرەوەی مەنییە بە شێوەی هەڵقوڵین، ئەمە رای جمهوری شەرعناسانە جگە لە ئیمامی شافیعی و ئیبنوحەزم..

شەرعناسان رایان لەسەر ئەوە کۆیە کە هەر کەسێک لە بێدارییدا مەنیی بەچێژەوە لێ هاتە دەرەوە، یان لە کاتی خەوتنیدا هاتە دەرەوە ئەوە غوسڵی لەسەرە[491]..

ئەوەی کە ئیبراهیمی نەخەعی فەرموویەتی کە گوایە لەم حوکمەدا ژن وەکو پیاو نیەو بە شەیتانیی بوون غوسڵی لەسەر فەرز نابێت، بێ بەڵگەیە.. ئیمامی شەوکانی لە بەرپەرچدانەوەیدا دەفەرموێ: وا نازانم هەر ریوایەتەکە لە ئیبراهیمی نەخەعیەوە راست بێت، چونکە ئەگەر وای فەرموو بێت، ئەوە پێچەوانەی موسوڵمانانی پێش و پاش خۆی کردووە[492]..

**دووەم: <u>بە بەرکەوتنی جێ خەتەنەی پیاوو ژن، با ئاویشیان نەهاتبێتەوە</u>:** ئەگەر گۆپکەی زەکەری پیاو لە عەوەرتی ئافرەتێکدا بزر ببێت، ئاویان بێتەوە یان نا، غوسڵ لەسەر هەردووکیان فەرز دەبێت؟؟ چونکە:

---

490 ترمزی (113) ، ئەبوداوود (233) ، کەمال ئیبنو السەید لە صحیح فقه السنة (1/ 163)دا دەفەرموێ : سەحیحە ..

491 النووي : المجموع ( 139/1 ) ، ابن رشد : بداية المجتهد ( 58/1 ) .

492 الشوكاني : السيل الجرار ( 104/1 ) .

ـ ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت گێڕاوێتیەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم فەرموویەتی: (إِذَا جَلَسَ بَيْنَ شُعَبِهَا الْأَرْبَعِ، ثُمَّ جَهَدَهَا، فَقَدْ وَجَبَ الْغُسْلُ (وَإِنْ لَمْ يُنْزِلْ )[493] واتە: ئەگەر لە نێوان چوار پەلیدا دانیشت وسەرجێیی لەگەڵ کرد[494]، ئاو بێتەوە یان نەیاتەوە غوسڵ فەرز دەبێت.

ـ عائیشە خان خوا لێی رازی بێت گێڕاوێتیەوە: (أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ الرَّجُلِ يُجَامِعُ أَهْلَهُ ثُمَّ يُكْسِلُ هَلْ تَرَى عَلَيْهِ مِنْ غُسْلٍ ؟ وَعَائِشَةُ جَالِسَةٌ فَقَالَ عَلَيْهِ السَّلَامُ : إِنِّي لَأَفْعَلُ ذَلِكَ أَنَا وَهَذِهِ ثُمَّ نَغْتَسِلُ)[495] واتە: کابرایەک لە پێغەمبەری خوای صلی الله علیە وسلم پرسی: ئەگەر کەسێک لەو کاتی سەرجێیی لەگەڵ خێزانی دەکات و پاشان خاوبێتەوە ( سیس بێتەوەو جیماعەکە تەواو نەکات) ئایا غوسڵی دەکەوێتە سەر؟! پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم لەو کاتە کە خاتوو عائیشەش لەوێ بوو فەرمووی: من و ئەمە وا دەکەین و پاشان غوسڵی خۆمان دەردەکەین.

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: کاتی یاوەران وتابعین هەندێک راجوێیی لەم مەسەلەیەدا هەبوو، بەڵام ئێستا راجوێیی نەماوەو کۆڕا (ئیجماع) لەسەر ئەمەیە کە باسمان کرد.. کە غوسڵ بە کاری

---

493 بوخاری ( 291 ) ، موسلیم ( 348 ) .

494 شەرعناسان لە لێکدانەوەی ووشەکانی ئەم فەرموودەدا زۆر لق و پۆپیان لێ کردۆتەوە کە مەبەست لە (شعبها الاربع) چیەو مەبەست لە (جهدها) چیە؟ ئایا ئەمانە هەمووی کینایەن بۆ خودی سەرجێییەکە؟ بەڵێ دەشێت وا بێت. بەڵام ئیمامی خەتتابی دەفەرموێ: جهد خۆی بە مانای سەرجێیی (جیماع) کردن دێت .. ئیتر چ پێویست بەو هەموو لێکدانەوەیە؟!

495 موسلیم ( 350 ) .

سەرجێیی فەرز دەبێت با هـەردووکیان یـان یەکێکیشـیان رەحـەت نەبووبێت..

ئەمەی ئیمامی نەوەوی روونی کردەوە کۆڕای شەرعناسانە بـەڵام داوودی زاهیریی کاری پێ ناکات چونکە بەلایەوە ئەو سەرجێـییەی کە ئاویـانی تێـدا نەهاتبێـتەوە غوسـڵیان ناخاتـە سـەر چـونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (إِنَّمَا المَاءُ مِن المْـَاءِ)[496] واتە: ئاو بە خۆدا کردن کە غوسڵ دەرکردنـە بـە هـۆی هاتنـەوەی ئاوەوە (مەنی)یە.. بـەڵام شەرعناسـان ئەمـەیان رەت کردۆتـەوە، ئیمامی ترمزی لە توێژینەوەی خۆیدا روونی کردۆتەوە[497] کـە ئـەو حوکمە لە سەرەتادا وابووە کە غوسڵیان لەسەر فەرز نەبووە، بەڵام دواتر یـاوەرانیش رایـان هاتۆتـە سـەر فـەرزبوونی غوسـڵەکەی، ئەوەش رای ئوبەی کوڕی کەعب و رافیعی کوڕی خەدیجە خوا لێیان رازی بێت کە یاوەرانی پێغەمبەرن صلى الله عليه وسلم [498]..

چەند خاڵێکی تر:

1 ـ ئەگەر زەکەری کابرا بەر عەورەتی ئافرەتەکە کەوت بێ ئـەوەی بچێتە ژوورەوە، پاشان کابرا رەحەت بوو (ئاوی هاتەوە) غوسڵ هەر لەسەر کابرایە، نەک لەسەر ژنەش..

2 ـ ئەگەر زەکەری کابرا کەوتە بەر عەورەتی ژنـە، بـەڵام گۆپکـەی زەکەری نەچووە ژوورەوەو مەنی پیاوەکە رژایە عەورەتی ژنەکەوە، یان ژنە بە دەمی بـۆی مـژی و بـە ئەنقەسـت مەنییەکـەی رژانـدە

496 موسلیم ( 343 ) ، ئەبو داوود ( 214 ) .

497 ترمزي ( 185/1 ) ،

498 تەفسیلی توێژینەوەکان وا لە کتێبی : ابو عمير الاثري : (شفاء العيي بتحقيق مسند الشافعي ل 100 ) .

عەورەتی یان کونی دواوەی خۆیەوە، پاشان لێوەی هاتەوە دەرەوە غوسڵ لەسەر ژنە نیە.. غوسڵەکە تەنها لەسەر کابرایە..

ئیمامی نەوەوی رەحمەتی خوای لێ بێت ـ کە ژنیشی نەهێناوە ـ دەفەرموێ: ئەگەر ئافرەتەکە مەنی پیاوەکەی رژاندە پێشی یان پاشی خۆی و لێی هاتەوە دەرەوە، غوسڵی ناکەوێتە سەر.. ئەمەش ئەو رۆ دروستەیە کە جمهوری شەرعناسانی لەسەرە[499]..

3 ـ ئەگەر کابرا سەرجێیی لەگەڵ ئافرەتە کردو رەحەت بوو، مەنیەکەی رژابووە ئافرەتەکەوە، پاشان ئافرەتە غوسڵی دەرکرد، بەڵام دوایی مەنیی کابرای لێ هاتە دەرەوە، غوسڵی لەسەر نیە.. بەڵام بە رای جمهوری شەرعناسان دەسنوێژی شکاوەو دەبێت بیگرێتەوە، چونکە شتێک با پاکیش بێت لە عەورەتی هاتۆتە دەرەوە.. ئیمامی ئیبنوحەزم دەفەرموێ دەسنوێژیشی نەشکاوە، چونکە مەنی کابرا کە پاکە چۆتە شوێنێکی پاکەوەو لێوەی هاتۆتەوە دەرەوە، لە بۆری میزیشیەوە نەهاتووە تا بە شوێنی پیسدا هاتبێت.. مەگەر سڵ لەوە بکرێتەوە کە تێکەڵ بە مەزیی ئافرەتەکە بووبێت کە پیسە.. لەبەر ئەمەیە کە هەندێک لە شەرعناسان هەردوو رایەکانیان پێکەوە سازاندووەو فەرموویانە: لە بەر ئەگەری تێکەڵ بوونی مەنیە پاکەکە بە مەزیی ئافرەتەکە دەسنوێژ گرتنەوەکەی باشترە[500]..

---

499 النووي : المجموع ( 151/2 ) ، ابن حزم : المحلى ( 7/2 ) .
500 كمال ابن السيد : صحيح فقه السنة ( 1/ 165 ) .

4 ـ ئەگەر ئافرەتەکە منداڵ بوو هێشتا نەکەوتبووە حەیزەوە، یان نێرینەکە منداڵ بوو، باڵغ نەبووبوو، غوسڵ لەسەر هەردوولایان فەرز دەبێت.. ئەمەش رای ئیمامی ئەحمەدە[501]..

5 ـ ئەگەر کابرا داوای سەرجێیی لە ژنەکەی کرد، بۆی نیە ـ بەو بەهانەی کە ئاویان بەشی غوسڵ دەرکردن نیە ـ رەفزی کات.. ئیمامی ئینوتەیمییە ـ کە خۆی ژنی نەهێناوە ـ دەفەرموێ: ئافرەت بۆی نیە رەفزی داوای مێردەکەی بەو بەهانەیە بکاتەوە کە ئاوی خۆ شتنیان نیە، نابێت، با کاری سەرجێیی خۆیان بکەن، ئەگەر ئاویان دەسکەوت غوسڵەکە دەردەکەن، ئەگەر نەبوو ، تەیەمموم بکەن[502]..

**سێیەم و چوارەم: حەیزو زەیستانی:** سووڕی مانگانەو زەیستانی هەردووکیان هۆی واجب بوونی غوسڵن، بەڵام ئەو کاتە فەرز دەبن کە کاتیان تەواو بووبێت. عائیشە خان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بە فاتیمەی کچی ئەبو جەحشی فەرموو: (قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا أَقْبَلَتْ الْحَيْضَةُ فَدَعِي الصَّلَاةَ وَإِذَا أَدْبَرَتْ فَاغْسِلِي عَنْكِ الدَّمَ وَصَلِّي)[503] واتە: ئەگەر کەوتیتە حەیزەوە واز لە نوێژەکان بهێنە، ئەگەر تەواو بوو غوسڵ دەرکەو نوێژەکانت بکەرەوە..

حوکمی زەیستانیش کۆڕای شەرعناسانی لەسەرە کە وەکو حوکمی حەیزە، باسی دوورودرێژی ئەم مەسەلەیە دواتر دێت. ان شاء الله..

**پێنجەم : موسوڵمان بوونی کافر:** شەرعناسان لەسەر حوکمی غوسڵی ئەو کافرەی موسوڵمان دەبێت، سێ پۆلە راوبۆچوونیان هەیە:

---

501 ابن قدامة : المغني ( 206/1 ) .
502 ابن تيمية : مجموع الفتاوى ( 454/21 ) .
503 بوخاری ( 324 )

**یەکەم: <u>ئەگەر کافر موسوڵمان ببێت، دەبێ غوسلی خۆی دەرکات</u>:** ئەمە مەزهەبی مالیک و ئەحمەدو ئەبوسەورو ئیبنوحەزمەو ئیبنولمونزیرو خەتتابیش بە پەسەندترینیان داناوە[504].. بەڵگەشیان:

1 ـ قەیسی کوڕی عاسم خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە، کە موسوڵمان بوو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمانی پێدا (أنْ يَغْتَسِلَ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ) [505] کە خۆی بە ئاوو سیدر بشوات.. فەرمانیش بۆ فەرز بوونە.. کەوابوو غوسڵ دەرکردنی کافر فەرزە..

2 ـ ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: کە سومامەی کوڕی ئەسسال (ثُمامة بن أثَّال) موسوڵمان بوو، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمانی کرد: (إذْهَبُوا بِهِ الَى حَائِطِ بَنِي فُلانٍ فَمُرُوُهُ أنْ يَغْتَسِلَ)[506] کە بیبەنە باخی تیرەی فلانی با لەوێ غوسڵ دەرکات..

3 ـ بەسەرهاتی موسوڵمان بوونی ئوسەیدی کوڕی حوزەیر خوا لێی رازی بێت کە وویستی موسوڵمان ببێت لە موسعەبی کوڕی عومەیرو ئەسعەدی کوڕی زورارەی پرسی خوا لێیان رازی بێت: ئەگەر وویستتان بچنە ئەم دینەوە چی دەکەن؟! فەرمووی: غوسڵ دەردەکەیت و پۆشاکەکانت پاک دەکەیتەوەو شایەتمان دێنێت و نوێژ دەکەیت[507]..

---

504 مواهب الجليل (311/1)، المغني (152/1)، المجموع (175/2)، المحلى (4/2).

505 ئەبوداوود ( 355 ) ، ترمزی ( 605 ) ، نەسائی ( 109/1 ) ، سەحیحە .. سیدر : گەڵایەکی بۆن خۆش بووەو بۆ پاکژیی بەکار هاتووە ..

506 ئەحمەد (304/2) ، ئیبنوخوزەیمە (252) ، ئەسڵەکەشی لە سەحیحەیندایەو ئەلبانیش لە ارواء الغليل ( 128 ) دا دەفەرموێ : سەحیحە .

507 تەبەری لە تاريخ ( 560/1 ) ، ابن هشام لە : السيره ( 285/2 ) و کەمال ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة ( 167/1 ) دا دەفەرموێ : سناده صحيح ..

**دووەم: <u>ئەگەر کافر موسوڵمان ببێ باشتر وایە غوسڵ دەرکات لەبەر لەشگرانی پێشووی</u>**: ئەمەش مەزهەبی ئیمامی شافیعی وقەولێکی ئیمامی ئەبو حەنیفەیە[508]..

**سێیەم: <u>ئەگەر کافر موسوڵمان ببێ غوسڵی لەسەر نیە</u>**: ئەمەش مەزهەبی ئیمامی ئەبو حەنیفەیە[509].. بەڵگەشیان:

1 ـ خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قُل لِلَّذِينَ كَفَرُواْ إِن يَنتَهُواْ يُغْفَرْ لَهُم مَّا قَدْ سَلَفَ﴾ الانفال/38 واتە: بە کافرەکان بڵێ: ئەگەر کۆتایی بهێنن، ئەوا لە رابوردوویان دەبوررێت..

2 ـ مەرفوعێک لە عەمری کوڕی عاسەوە خوا لێی رازی بێت هاتووە کە دەفەرموێ: (الاسلامُ يَهْدِمُ مَا قَبْلَهُ)[510] واتە: موسوڵمان بوون ئەوی پێش خۆی دەسڕێتەوە..

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: پشت بەستن بەم ئایەت و فەرموودەیە وەکو دوو بەڵگە بۆ ئەو بۆچوونەی کە دەفەرموێ غوسڵ لەسەر کافر واجب نابێت کاتێک کە موسوڵمان بوونی رادەگەیێنێت، پێدەچێت لاواز بێت، چونکە هەردووکیان باس لە سڕینەوەی تاوان و گوناح دەکەن، ئەگینا خۆ ئەگەر کابرای کافر پێش ئەوەی موسوڵمان ببێت و قەرزی لەسەر بێت یان تۆڵە، بە موسوڵمان بوونەکەی لەسەری لاناچن و هەر لەسەری دەمێنن.. غوسڵ دەرکردنەکە مەرجێکە بۆ پاک بوونەوە لە لەشگرانی، موسوڵمان بوونەکەی بەشگرانیەکەی لەسەر لا نابات[511]..

---

508 المجموع ( 174/1 ) ، الام ( 38/1 ) ، ابن عابدين ( 167/1 ) .
509 شرح فتح القدير ( 59/1 ) .
510 موسليم ( 121 ) .
511 النووي : المجموع ( 174/2 ) .

3 ـ خەڵکانێکی زۆر لە پیاوو ژن موسوڵمان بوون و نەسەلمێنراوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمانی غوسڵ دەرکردنی پێکردبن.. ئەگەر ئەوە فەرز بوایە حەتمەن پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمانی بە هەر هەموویان دەکرد..

ئیمامی شەوکانی لە ڕەتکردنەوەی ئەم بۆچوون وبەڵگانەدا دەفەرموێ: وا دیارە فەرمانی غوسڵ دەرکردنەکە بۆ نەوموسوڵمان سەلمێنراوە کە واجبە، ئەوە ناکرێتە بەڵگە کە بە کەسانی تری نەفەرموو بێت، چونکە (عَدمُ العلمِ بذلكَ ليسَ عِلْمَاً بالعَدَمِ) واتە: نەزانینی ئەوە نابێت بە زانینی نەبوو. ئەوەی ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە کە غوسڵ دەرکردن لەسەر کافرو هەڵگەڕاوە (مورتەدد) کە موسوڵمان دەبن پێویستە[512].. فەرموودەکانی لای ئەبو هورەیرە[513]و ئوسەیدی کوڕی خوزەیر[514] بەڵگەن.. والله اعلم.

<u>ڕای پەسەندتر بەلامەوە ئەوەیە کە کافر کاتێک موسوڵمان دەبێت پێویستە غوسڵ دەرکات.. والله اعلم ..</u>

<u>**شەشەم**: **نوێژی هەینی** (**جومعە**) :</u> ڕاستترین قەولی شەرعناسان ئەوەیە کە غوسلی ڕۆژی هەینی فەرزەو نەکردنی تاوانە، ئەوەش ڕای ئەبوهورەیرەو عەمماری کوڕی یاسرو ئەبو سەعیدی خودری و پاشان حەسەنی بەسری و ڕیوایەتی ئیمامی مالیک و ئەحمەدو بۆچوونی ئیبنو حەزمیشە[515].. بەڵگەشیان:

---

512 نيل الاوطار ( 281/1 ) .

513 موسلیم ( 2491 ) ، ئەحمد ( 7911 ) .

514 حاشیەی 456 .

515 المحلى ( 12/2 ) ، الاوسط ( 34/4 ) .

1 ـ ئەبوسەعیدی خودری خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (غُسْلُ يَومِ الجُمُعَةِ واجِبٌ عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ) واتە: دەرکردنی غوسڵی هەینی لەسەر هەموو کەسێکی باڵغ فەرزە..

2 ـ ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (مَنْ جَاءَ مِنْكُمْ الَى الجُمُعَةِ فَلْيَغْتَسِل)[516] واتە: هەر کەسێک لە ئێوە هات بۆ نوێژی هەینی با غوسڵ دەرکات..

3 ـ ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (حَقٌّ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ أنْ يَغْتَسِلَ فِي كُلِّ سَبْعَةِ أيَّامٍ يَوماً ، يَغْسِلُ رَأْسَهُ وَجَسَدَهُ)[517] واتە: لەسەر هەموو موسوڵمانێک واجبە کە لە حەوت رۆژدا رۆژێکیان تەرخان کات کە غوسڵی تێدا دەرکات سەرو جەستەی بشوات..

4 ـ سەوەبان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (حَقٌّ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ السُّوَاكُ، وَغَسْلُ يَومِ الْجُمُعَةِ، وَأنْ يَمُسَّ مِنْ طِيبِ أهْلِهِ إنْ كَانَ)[518] واتە: سیواک کردن واجبە لەسەر هەموو موسوڵمانێک، هەروەها غوسڵی هەینی، ئەوەش کە ئەگەر بۆنی خۆشی لەماڵدا هەبوو بەکاری بهێنێت..

5 ـ حەفسە خان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ رَوَاحُ الجُمُعَةِ، وَعَلَى مَنْ رَاحَ الجمعةَ أنْ يَغْتَسِلَ) واتە: چوونە مزگەوت لە رۆژانی هەینیدا لەسەر

---

516 بوخاری ( 6/2 ) ، موسلیم ( 844 ) .
517 بوخاری ( 318/2 ) ، موسلیم ( 849 ) .
518 ئەحمەد ( 34/4 ) ، ئەلبانی : سلسلة الاحاديث الصحيحة ( 1796 ) .

کەسانی بالّغ فەرزە، هەر کەسێکیش چووە نوێـژی هـەینی فـەرزە غوسڵی هەینی دەرکات..

6 ـ ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: پێـغەمبەری خـوا صلى الله عليه وسلم فـەرمانی پـێ کـردین کـە رۆژانی هـەینی غوسـڵ دەرکەین[519] ..

ئەم فەرموودانە بە ووشەکانی ( واجِبٌ، فَلْيَغْتَسِل، حَقٌ عَلَـى، عَلَـى كُلٍّ، أمَرَنَا) ئەوە روون دەکەنەوە کە غوسڵی هـەینی لەسـەر هـەموو موسوڵمانێکی بالّغ فەرزە کە بچێتە نوێژی هەینی.. کەچـی لەگـەڵ ئەمەشدا جمهوری شەرعناسان دەفەرموون: غوسڵی هەینی سوننەتە نەک فەرز! سەرچاوەی بۆچوونیشیان دەگەڕێـتەوە بـۆ کۆمەڵێـک یاوەری پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم، وەکـو ئیبنومەسـعوودو ئیبنوعەبباس.. بەڵگەی ئەمانیش:

1 ـ فەرموودە مەرفوعەکەی سەمورەی کوڕی جوندوب کە دەفەرموێ: (مَنْ تَوَضَّأَ يومَ الجمُعَةِ فَبِهَا وَنِعْمَتْ وَمَنْ اغْتَسَلَ فَالغُسْلُ أفضَلُ)[520] واتە: هەر کەسێک دسنوێژ بۆ هەینی بگرێ ئەوە چاکی کردووە، ئەوی غوسڵی دەرکردووە چاکتری کردووە..

2 ـ فەرموودە مەرفووعەکەی ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت کـە دەفەرموێ: (مَنْ تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الوضُوءَ، ثُمَّ أَتَى الجمُعَةَ فَاسْتَمَعَ وَأَنْصَتَ غُفِرَ

---

519 ابوبكر المروزي : الجمعة و فضائلها .. فەرمووشیەتی : إسناده حسن ..

520 ئەبوداوود (354)، نەسائی (94/3)، ترمزی (497) هەندێ لە فەرموودەوانان بە زەعیفیان داناوەو ترمزی بە هۆی زۆر بوونی سەنەدیەوەو شێخی ئەلبانیش لە صحيح الجامع ( 6180 )دا بە حەسەنی داناوە ..

لَهُ مَا بينَ الجمعَةِ إِلَى الجمعَةِ وَزِيادَةُ ثلاثَةِ أَيَّامٍ)[521]واتـە: هــەر کەسێـک بــە ڕێکوپێکی دەسنوێژی بگرێت و بێت بۆ نوێژی هەینی، گوێ بگرێت و خامۆش بێت، خوای گەورە لە گوناحەکانی ئەو هەفتە بۆ هەفتەکەی تری خۆش دەبێت و زیادەی سێ ڕۆژیشی بۆ دەخاتە سەر..

ئەم پۆلە شەرعناسە بەڕێزە دەفەرموون: ئەگەر غوسـڵی جومعــە فەرز بوایە نەیدەفەرموو دەسنوێــژ بگرێــت، بــەڵام ئیمــامی ئیبنــو حەجەری عەسقەلانی وەڵامی ئەمانــەی داوەتــەوە ودەفــەرموێ[522] : ئەمە نەفی غوسڵەکەی تێدا نیە، لــە شوێــنی تریشــدا بــە لــەفزی ڕاشکاو هاتووە کە دەفەرموێ: (مَنْ اغْتَسَلَ) هەر کەسێک غوسڵ دەرکات کە لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە پێشتر باسی غوسڵ دەرکردنی پێش چوونە مزگەوت کردبێت، بۆیە باسی دەسنوێژی دووبارە کردۆتەوە.

لەوانەیە فەرز کردنی غوسڵی هەینی لە ســەرەتاوە بووبێــت تــا هەموو ئەو یاوەرانەی کە زۆریان نەو موسوڵمان بوون، فێــری ئــەو پاکوخاوێنیە ببن کە مزگەوت و جومعــەو جەماعــەت دەیخوازێــت، دواتر کە لێی ڕاهاتن لەسەری سووکتر کردبن..

بە هەر حاڵ هەردوولا موناقەشەی بەڵگەکانی یەکتریان کــردووە، من پێم وایە بەڵگەی واجب بوونەکە بەهێزترە، بۆیە پێم وایە:

غوسڵی هەینی بۆ هەر کەسێک کە دەچێتە نوێژی هەینی ـ ژن بێــت یان پیاو ـ و لە توانایدایە، فەرزە.. والله اعلم ..

**حەوتەم: مردن** : ئەمیش هۆیەکە بۆ واجب بــوونی غوســڵ، بــەڵام بــێ گومان غوســڵەکە لەســەر مردووەکــە خــۆی نیــە، بــەڵکو لەســەر موسوڵمانانی زیندووی دەوروبەرێتی..

---

521 موسلیم ( 857 ) ، ترمزی ( 498) و سەحیحە ..

522 ابن حجر : فتح الباري ( 422/2 ) .

## غوسڵی سوننەت

**1 ـ غوسڵی جەژنەکان** : زازان (زاذان) رەحمەتی خوای لێ بێت دەگێرێتەوە کە کابرایەک دەربارەی غوسڵی لە سەیدنا عەلی خوا لێی رازی بێت پرسی: فەرمووی: حەز دەکەیت هەموو رۆژێک خۆت بشۆ.. کابرا ووتی: نا دەربارەی غوسڵ دەپرسم، فەرمووی: رۆژی هەینی، رۆژی عارفە، جەژنی قوربان، جەژنی رەمەزان[523]..

هەروەها لە نافیعەوە هاتووە کە ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت پێش ئەوەی بچێت بۆ نوێژی جەژنی رەمەزان غوسڵی دەردەکرد[524]..

**2 ـ غوسڵ دوای هۆش هاتنەوە:** چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە کاتی نەخۆشیەکەی کۆتایی تەمەنی پیرۆزیدا فەرمووی: (إغْتَسِلْ مِنْ الاغْمَاءِ)[525] واتە: بە هۆی لەهۆش خۆ چوونەوە غوسڵ دەرکە.. شەرعناسان حوکمی شێتیان خستۆتە ریزی لەهۆش خۆ چوونەوەو فەرموویانە شێت کە بە هۆش خۆ هاتەوە سوننەتە غوسڵ دەرکات.

**3 ـ غوسڵی حەج و عەمرە** : زەیدی کوڕی سابیت خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ پێغەمبەری خوام صلى الله عليه وسلم بینی لە دەسپێکی حەجدا پۆشاکی داکەندو غوسڵی دەرکرد[526]..

ئافرەتیش لەو کاتەدا دەتوانێت غوسڵەکە هەر دەربکات ئەگەر لە حەیزو زەیستانییشدا بێت. چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم

---

523 ئیمامی شافیعی لە (المسند/ل114) ی خۆیدا هێناویتیەوە و بەیهیقی لە السنن (278/3 )

524 ئیمامی مالیک ( 426 ) ، ئیمامی شافیعی لە الام ( 231/1 ).

525 بوخاری ( 687 ) ، موسلیم ( 418 ) .

526 ترمزی ( 831 ) ئەلبانی : الارواء ( 149 ) : حەسەنە ..

لە کاتی حەجدا فەرمانی بەئەسمائی کچی عومەیسدا غوسڵ دەرکات کە هێشتا زەیستان بوو[527]. لە باسی حەجدا باسی دێت. ان شاء الله

4 ـ **غوسڵی چوونە مەککە**: چونکە ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت کە دەچوو بۆ مەککە، شەو لە ناوچەی زی توا دەمایەوەو سبەی غوسڵی دەردەکردو بە رۆژ دەچووە ناو مەککەوە.. دەیفەرموو: پێغەمبەری خوام صلی الله علیە وسلم دیووە ئاوای کردووە[528]..

5 ـ **غوسڵ دوای هەر سەرجێییەك ، ئەگەر وویستی دیسان بیکاتەوە**: ئەبورافیع خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: شەوێک پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم بەسەر خێزانەکانیدا گەڕا، لای ئەمیان غوسڵێکی دەردەکرد، دەچوە لای ئەوی تریان غوسڵێکی تری دەردەکرد.. عەزرم کرد (پێم ووت) : ئەی پێغەمبەری خوا بۆچی هەموو غوسڵەکان ناکەیت بە یەک؟! فەرمووی: (هَذَا أَزْكَى و أَطْيَبُ و أَطْهَرُ)[529] واتە: ئاوا پاکترو جوانترو خاوێنترە..

6 ـ **دوای مردوو شتن** : ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت بە مەرفووعی دەفەرموێ: (مَنْ غَسَّلَ مَيِّتاً فَلْيَغْتَسِلْ)[530] واتە: هەر کەسێک مردوویەکی شت با غوسڵ دەرکات..

7 ـ **غوسڵی نوێژانەی ژنانی خاوەن خوێنی جاری**: ئەو ئافرەتانەی بەردەوام خوێنیان لێ دێت، کە بە عارەبی پێی دەوترێت موستەحازە،

---

527 موسلیم ( 1218 ) .

528 بوخاری ( 1573 ) ، موسلیم ( 1259 ) .

529 ئەبو داوود ( 216 ) ، ئیبنوماجە ( 560 ) . کەمال ئیبنو السەید لە صحیح فقە السنة (170/1) دا دەفەرموێ : حەسەنە .

530 ئەبوداوود ( 3162 ) ، ترمزی ( 993 ) ئیبنو ماجە ( 1461 ) ، ترمزی و ئیبنو حەجەرو ئەلبانی بە حەسەنیان ناساندووە .. الارواء ( 174/1 ) .

سوونەتە بۆیان ئەگەر بتوانن بۆ هەر نوێژێک غوسڵێک دەرکەن.. عائیشە خان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە خاتوو ئوم حەبیبەی خێزانی پێغەمبەری نازدار صلی الله علیه وسلم بۆ ماوەی حەوت ساڵی بەردەوام خوێنی بەردەوامی هەبوو، بۆ هەموو نوێژێکیش غوسڵێکی دەردەکرد[531]. چونکە کە لە پێغەمبەری خوای صلی الله علیه وسلم پرسی، فەرمانی پێدا کە بۆ هەموو نوێژێک غوسڵێک دەرکات.. ئیمامی شافیعی دەفەرموێ: گومانی تێدا نیە کە ئەو فەرمانە غوسڵی لەسەر فەرز نەکردووە، بەڵکو غوسڵ دەرکردنەکەی ان شاء الله کارێکی زیادەخێری خۆی بووە[532]..

ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی دەفەرموێ: ئەم فەرمانە هەر وا بە رەهایی هاتووەو مانای دووبارە بوونەوەی تێدا نیە، ئەگەرەکە ئەوەیە کە ئوم حەبیبە خوا لێی رازی بێت خۆی وا لێی تێگەیشتووە بۆیە ئیتر غوسڵی بۆ هەموو نوێژێکی دەرکردووە[533]..

ئەمە کارێک بووە شەوورۆژی پێنج جار دووپات بۆتەوە، ناشێت کە لەم ماوە زۆرەدا جەنابی پێغەمبەری پێشەوا صلی الله علیه وسلم کە مێردی ئوم حەبیبەیە بۆی روون نەکردبێتەوە، وەکو کە ناشێت ئوم حەبیبەی بەڕێزیش خۆی جارێک نەیپرسیبێت.. ئەگەر غوسڵ فەرز بووایە لەسەر ئەو ئافرەتانەی بەردەوام خوێنیان لێ دێت، دەبوو ئافرەتانی تری یاوەرانیش ئەو حوکمەیان پێ بگەیشتایە، خۆ هەر ئوم حەبیبە وا نەبووە.. کە حوکمەکە لە هیچ یاوەرێکی ترەوە

531 بوخاری ( 327 ) ، موسلیم ( 334 ) .
532 سنن البيهقي ( 349/1 ) .
533 ابن حجر العسقلاني : فتح الباري ( 509/1 ) .

نەهاتووە دیارە فەرمانەكەی پێغەمبەری خـوا صلی الله علیـه وسلم بـۆ ئوم حەبیبە غوسڵەكەی لەسەر فەرز نەكردووە.. واللە اعلم.

جمهوری پێشین و دوایـین (سـەلەف و خەلـەف) ی شەرعناسـان لەسەر ئەوە كۆن كە ئافرەتی خاوەن خوێنی بەردەوام غوسـڵی بـۆ هەموو نوێژێك لەسەر فەرز نیە..

* * *

## روكنەكانی غوسڵ

**یەكەم: نییەت**: لەبەر ئەوەی غوسڵ دەركردن خواپەرستییە، نیەت پاكی مەرج وروكنێكی سەرەكییە تێیدا، ئەو كەسەی غوسڵ دەردەكات دەبێت مەبەستی خواپەرستی بێت وتایبەتیشی بكات بە خوای گەورەوەو نەهێڵێت ریای تێكەوێت، چونكە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء) البينة / 5 واتە: فەرمانی ئەوەیان پێدرابوو كە تەنها خوای پاك و تاك بە سەرراستانە بپەرستن.. پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (إِنَّمَا الاعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى)[534] واتە: هەموو كردەوەیەك بە پێی نیەتە، نیەتی هەر كەس چۆن بوو، هەر ئاوای بەردەكەوێت[535].. غوسڵ دەركردنیش كردەوەیە بۆیە پێویستە نیەتی كردنی بۆ خوا تەرخان كرێت..

**دووەم: ئاو بەسەر هەموو جەستەدا برێژت**: حەقیقەتی غوسڵ دەركردن بریتیە لە رژاندنی ئاوی پاك بەسەر هەموو لەشدا، گەیشتنێتی بە سەروبنی پێست و موو.. هەموو ئەو فەرموودانەی باس لە چۆنیەتی غوسڵی پێغەمبەری پێشەوا صلى الله عليه وسلم دەكەن، جەخت لەمە دەكەنەوە، لەوانە:

1 ـ جوبەیری كوڕی موتعیم خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (أَمَّا أَنَا فَآخُذُ مِلْءَ كَفِّي ثَلاثًا فَأَصُبُّ عَلَى رَأْسِي، ثُمَّ أَفِيضُ بَعْدَ ذَلِكَ عَلَى سَائِرِ جَسَدِي)[536] واتە: ئەمما

534 بوخاری ( 1 ) ، موسلیم ( 1907 ) .
535 بدایه المجتهد (6/1) و المجموع ( 374/1 ) و التمهید ( 100/22 ) .
536 ئەحمەد ( 81/4 ) بوخاری ( 254 ) ، موسلیم ( 327 ) بە كورت كراوەیی .

من، سێ جاران پڕ بە مشتی خۆم ئاو هەڵدەگرم و دەیکەم بەسەرمدا، پاشان ئاو دەڕێژم بەسەر هەموو جەستەمدا..

2 ـ ئوم سەلەمەخان خوا لێی رازی بێت، کە خێزانی پێغەمبەری خۆشەویستە صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (قُلْتُ يَا رَسُولَ اللهِ إِنِّي امْرَأَةٌ أَشُدُّ ضُفْرَ رَأسِي فَأَنْقُضَهُ لِغُسْلِ الْجَنَابَةِ فَقَالَ إِنَّمَا يَكْفِيكِ أنْ تَحِثَّينَ عَلَى رَأسَكِ ثَلاثَ حَثِياتٍ مِنْ مَاءٍ ثُمَّ تَفِيضينَ عَلَيكِ الماءَ فَتَطْهُرِينَ)[537] واتە: ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا من قژم دەکەمە پرچ (کەزی) ئایا لە کاتی غوسڵ دەرکردندا بیکەمەوە؟ فەرمووی: سێ مشت ئاوت بەسە سەرەتا بیکەیت بەسەر سەرتدا، پاشان ئاو بکەیت بەسەر هەموو جەستەدا، ئاوا پاک دەبیتەوە..

ئیمامی ئیبنوحەجەر دەفەرموێ: هەموو فەرموودەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەبێت ئاو بەسەر هەموو جەستەدا بڕێژت[538]..

.........................

537 موسلیم (330) ، ئەبوداوود (251) ، نەسائی (131/1) ، ترمزی (105) ، ئیبنوماجە (603)

538 الفتح ( 361/1 ) .

## سوونەتەکانی غوسڵ

سەرچاوەی ئاراستەی ئەم باسە دوو فەرموودەی پێغەمبەری خوان صلى الله عليه وسلم، کە بریتین لە:

1 ـ فەرموودەی لای خاتو عائیشەخان خوا لێی رازی بێت کە دەسنوێژی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم باس دەفەرموێ: (كَانَ إِذَا اغْتَسَلَ مِنَ الْجَنَابَةِ بَدَأَ فَغَسَلَ يَدَيْهِ، ثُمَّ تَوَضَّأُ كَمَا يَتَوَضَّأُ لِلصَّلاَةِ، ثُمَّ يُدْخِلُ أَصَابِعَهُ فِي الْمَاءِ، فَيُخَلِّلُ بِهَا أُصُولَ شَعَرِهِ (حَتَّى إِذَا ظَنَّ أَنَّهُ قَدْ أَرْوَى بَشَرَتَهُ أَفَاضَ) ثُمَّ يَصُبُّ عَلَى رَأْسِهِ ثَلاَثَ غُرَفٍ بِيَدَيْهِ، ثُمَّ يُفِيضُ الْمَاءَ عَلَى جِلْدِهِ كُلِّهِ)[539] واتە: کاتێک بیویستایە غوسڵی لەشگرانی خۆی دەرکات، سەرەتا بە شتنی دەستەکانی دەستی پێ دەکرد، ئینجا دەسنوێژی دەگرت وەکو کە بۆ نوێژی بگرێت، پاشان پەنجەکانی دەکرد بە ناو ئاوەکەداو دەیهێنان بە ناور یشیدا (لە ریوایەتەکەی ناو کەوانەکەدا هاتووە کە (کاتێک دەیزانی وا بە تەواوی ئاو گەیشتۆتە بن مووەکان) ئینجا سێ مشتی بەسەریدا دەکرد، پاشان ئاوی دەکرد بەسەر هەموو پێستیدا..

2 ـ فەرموودەی لای خاتوو مەیموونە خوا لێی رازی بێت کە خێزانێکی تری پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وسلم، فەرمووی: (وَضَعْتُ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَاءً لِلْغُسْلِ (وَسَتَرْتُهُ) فَغَسَلَ يَدَيْهِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا ثُمَّ أَفْرَغَ (بِيَمِينِهِ) عَلَى شِمَالِهِ فَغَسَلَ مَذَاكِيرَهُ (فَرْجَهُ وَمَا أَصَابَهُ مِنَ الأَذَى) ثُمَّ دَلَكَ يَدَهُ بِالْأَرْضِ (أو بالحَائِطِ ، ثُمَّ غَسَلَهَا) ثُمَّ مَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ وَغَسَلَ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ ثُمَّ صَبَّ عَلَى جَسَدِهِ ثُمَّ تَنَحَّى فَغَسَلَ قَدَمَيْهِ، فَنَاوَلْتُهُ

---

539 بوخاری ( 248 ) ، موسلیم ( 316 ) .

خَرْقَةً فَقَالَ بِيَدِهِ هَكَذا وَلَمْ يُرِدْهَا)[540] واتە: ئاوم بـۆ غوسـڵ دەرکـردنی پێـغەمبەری خـوا صلى الله عليه وسلم دانـاو پەردەیـەکم بـۆ بەسـت، دەستەکانی دووجار سان سێ جار شت، پاشان بـە دەسـتی راسـتی کردی بەسەر دەستی چەپیدا، ئینجا زەکەری شت و ئەوی پێوەی بوو لێی کردەوە، پاشان دەستی بە زەوی یان بە دیوارەکە سڕی، پاشـان شتیەوە، ئینجا ئاوی لـە دەمـو لـووتی وەرداو فمـی کـرد، ئینجـا دەموچاوی شت، پاشان دەستی ئینجا سـەری شـت، پاشـان ئـاوی بەسەر هەموو لەشیدا کرد، پاشان کەمێک کەنار کەوت و پێـیەکانی شت، پارچە پەڕۆیەکم دایێ خۆی پێ ووشک کاتەوە، ئاماژەی کـردو نەیوویست..

ئەوی لەم دوو فەرموودەوە دەردەکەوێت کە هەر کەسێک وویسـتی غوسڵی لەشگرانی خۆی دەرکات، دوای نیەت هێنانی دەبێ:

1 ـ دەستی سێ جار بشوات پێش ئەوەی بە ئاوەکەیدا بکات.

2 ـ بە دەستی چـەپی عـەورەتی بشـوات و هەڵیگلۆفێـت تـا هـەر پیسییەکی پێوە بێت لێی کاتـەوە.. نابێـت دەسـتی راسـتی بـەکار بهێنێت چونکە پێغەمبەری خوا لە فەرموودەیەکیدا دەفـەرموێ: (إِذَا بَالَ أَحَدُكُم فَلَا يَأْخُذَنَّ ذَكَرَهُ بِيَمِينِـهِ وَلا يَسْـتَنْجِي بِيَمِينِـهِ وَلا يَتَـنَفَّسُ فِي الإِنَاءِ)[541] واتە: ئەگەر کەسێکتان میزی کرد نەکات بە دەسـتی راسـت زەکەری بگرێت، یان بە دەستی راست تـارات بگرێـت (خـۆی پـاک کاتەوە) هەناسەش لە دەفرەکەدا نەداتەوە. مەبەستی لەو سـاتەیە کە ئاوەکە دەخواتەوە..

540 بوخاری ( 266 ) ، موسلیم ( 317 ) .
541 بوخاری ( 154 ) ، موسلیم ( 267 ) .

3 ـ دەستی دوای شتنی عەورەتی بشوات: ئەمە لە فەرموودەکانەوە دیارە کە جێ بایەخی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بووە، ریوایەتی تر هەیە دەفەرموێ دەستی بە خۆڵ پاک دەکردەوە یان زۆر بە قایم بە دیوار دەیسڕین[542]، بۆیە دەبێت ئەو موسوڵمانەی بۆی دەلوێت هەوڵ بدا بە سابوون دەستی بشواتەوە.. ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: شتێکی باشە کە هەر کەسێک تاراتی بە ئاو گرت کە تەواو بوو دەستی بە گڵ یان بە ئەشنان (وەکو سابوون وابووە) بشواتەوە، یان زۆریان لە زەوی یان لە دیوار بخشێنێت تا ئەگەر پیسییان پێوە بێت لێی بێتەوە[543].

4 ـ دەسنوێژێک بە تەواوی دەشوات وەکو کە بۆ نوێژکردنی دەشوات: ئەمەش لە هەردوو فەرموودەکەدا باس کراوە، ئیمامی ئیبنوحەجەر دەفەرموێ: لەوانەیە دەسنوێژگرتن پێش غوسڵ سوونەتی سەربەخۆ بێت، چونکە لە غوسڵ دەرکردندا هەموو ئەو ئەندامانەی دەسنوێژ پێویستە بشۆرێن، کەوابوو هەر لە سەرەتاوە نیەتی غوسڵ هێنانەکە پێویستە.. پاشان دەفەرموێ: دیارە لەبەر رێزلێنانی ئەو ئەندامانەی دەسنوێژە کە وویستوویەتی حوکمی لەشگرانی و بێ دەسنوێژیشیان لەسەر لادات[544]..

دەسنوێژ گرتنی پێش غوسڵ دەرکردن لای زۆرینەی هەرە زۆری شەرعناسان سوونەتە جگە لە ئەبو سەورو داوودی زاهیریی..

........................

542 لە ریوایەتەکەی موسلیم ( 317 ) دایە ..

543 شرح مسلم (231/3) دیارە کە دەستیان بە دیوار سڕیووە لەبەر ئەوە بووە دیوارەکەش وەکو دیواری خانووی لادێی خۆمان گڵ بووە ..

544 فتح الباري ( 429/1 ) ..

## دوو بیر خستنەوەی گرنگ

**یەکەم: حوکمی ئاو لە دەمو لووت رادان و فم کردن ، لە کاتی غوسڵ دەرکردندا:**

لە باسی دەسنوێژدا باسمان لە چوار بۆچوونی شەرعناسان کرد لەسەر مەسەلەی ئاو لە دەمولووت رادان، ئەوەشمان پێ بەهێزتر بوو کە هەردووکیان لە دەسنوێژدا واجبن.. بەڵام ئایا لە غوسڵیشدا هەمان حوکمیان هەیە؟!

شەرعناسان لە بۆچوونیان بۆ ئەم حوکمە شەرعیە دوو پۆلن:

پۆلی یەکەم: ئیمامی ئەبو حەنیفەو سەوری و زانراوی مەزهەبی ئەحمەدو عەتائی کوڕی ئەبو رەباح و عبداللەی کوڕی موبارەک هەموو فەرموویانە ئاو لە دەم وەردان و ئاو لە لووت رادان و فم (یان فن) کردن لە غوسڵیشدا واجبە.. بەڵگەشیان:

1ـ فەرموودەیەکی مەوزوع (هەڵبەستراو) یان هێناوەتەوە کە دەفەرموێ: (الْمَضْمَضَةُ و الإسْتِنْشاقُ ثَلَاثَاً لِلْجُنُبِ فَرِيضَةٌ)[545] واتە سێ جاران ئاو لەدەم وەردان و ئاو لە لووت رادان و فم کردنەوەی لەسەر لەشگران فەرزە..

2 ـ فەرموودەیەکی تری مەرفووع کە دەفەرموێ: (مَنْ تَرَكَ مَوْضِعَ شَعْرَةٍ مِنْ جَسَدِهِ مِنْ جَنَابَةٍ لَمْ يَغْسِلْهَا فُعِلَ بِهِ كَذَا وَكَذَا مِنْ النَّارِ )[546] واتە: هەر کەسێک لە کاتی غوسڵ دەرکردندا جێ موویەکی لەشی جێ بهێڵێت و

---

545 دارەقوتنی ( 1/115 ) بە مورسەلی گێراویتیەوە ، فەرموودەوانی تر بە مەوزوعیان داناوە ، بڕوانە : نصب الراية في تخريج أحاديث الهداية ( 1/78 ) ، صحيح فقه السنة (1/ 170)..

546 ئەبو داوود ( 249 ) ، ئیبنوماجە ( 599 )، ئەحمەد ( 1/94 ) ، ئەلبانی لە : سلسلة الاحاديث الضعيفة ( 930 ) دا دەفەرموێ زەعیفە .

نەیشوات، لە دۆزەخدا ئاواو ئـاوای پـێ دەکرێـت.. لـەم ریوایەتـە زەعیفەدا هاتووە کە زازان دەفەرموێ: عەلی کوڕی ئەبو تالیب خـوا لێی رازی بێت دەیفـەرموو: لـەوەتای ئـەو فـەرموودەم بـەر گـوێ کەوتووە، مووی لەشم هەموو لابردووە!![547]

3 ـ فەرموودەیەکی تری مەرفووع لای ئەبوئەییوبی ئەنساری هەیـە خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: (أَدَاءُ الامَانَةِ غَسْلُ الجَنَابَةِ، وَتَحْتَ كُلِّ شَعْرَةٍ جَنَابَةٌ)[548] واتە: غوسڵ دەرکردن لە لەشگرانی، لە گەیاندنەوەی راسپاردەیە، لەژێر هەر موویەکیشدا لەشگرانیەک هەیە..

وا پێناچێت ئەم فەرموودە زەعیفانە بشێن بۆ بەڵگە، بۆیە وا نازانم حوکمی خواپەرستییان پێ بچەسپێت.. والله اعلم ..

4 ـ لە زاهیری فەرموودەکەی مەیموونە خاندا خوا لێی رازی بێـت، هەروەها لە باسی دەسنوێژەکەی پێغەمبەری خوادا صلى الله عليه وسلم لە فەرموودەکەی لای عائیشە خانمدا خوا لێـی رازی بێـت ئاشـکرا دەبێت کە ئەو رەفتارە روون کردنـەوەو چەسـپاندنی ئایـەتی (وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ)ە المائدة / 6 واتـە: ئەگـەر لـەش گـران بـوون (لـە جەنابەتدا بوون) دەبێ خۆتان بە شتنی لەشتان پاک کەنەوە..

---

547 عبدالرزاق : المصنف ( 123/1 ) ئەمە خۆی دیارە کە خراوەتە پاڵ سەیدنا عەلی، چۆن دەشێت بوترێت مووی هەموو لەشی لابردووە. مووی سەر سنگ و رانی هەر چەند پڕ بووبن هەر نەگەیشتوونەتە مووی بن باڵ و ریشی .. مووی بن باڵیشی بە پێی سووننەت هەڵکەندووەو مووی ریشیشی هێشتۆتەوە ..

548 ئیبنو ماجە ( 598 ) فەرمووشیەتی سەنەدەکەی زەعیفە ، هەروەها بۆ حوکمی زەعیفی فەرموودەکە بڕوانە ابن حجر العسقلاني : تلخيص الحبير (142/1).

5 ـ شتنی هەموو جەستە لە غوسڵ دەرکردندا واجبە، دەموچاو بەشێکە لە جەستە، دەمولووتیش بەشێکن لە دەموچاو، کەوابوو لە غوسڵیشدا وەکو دەسنوێژ، ئاو لە دەم وەردان و ئاو لە لووت رادان و فم کردن واجبە..

<u>پۆلی یەکەم</u>: ئیمامی مالیک و ئیمامی شافیعی و لەیس و ئەوزاعی کە جمهوری شەرعناسانن دەفەرموون: ئاو لە دەمولووت رادان و فم کردن لە غوسڵ دەرکردندا سوننەتە.. بەڵگەشیان:

1 ـ دەسنوێژ بۆ غوسڵ دەرکردن فەرز نیە، ئاو لە دەم وەردان و ئاو لە لووت رادان و فم کردنیش رەفتاری دەسنوێژن، کە دەسنوێژ نەگیرێت ئەوانیش ناکرێن[549]..

2 ـ ئاو لەدەم وەردان و ئاو لە لووت رادان و فم کردنی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم پێش دەرکردنی غوسڵ لە خۆیانەوە نابنە فەرمان تا واجب بن، بەڵام دەشێت ببنە سوننەت. شتێک واجب دەبێت کە واجب بوونی شتێکی دیکەی لەسەر وەستا بێت.. ئەمەش لێرەدا وا نیە[550]..

3 ـ ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کە وەڵامی ئەبو زەڕی دایەوە دەربارەی لەش گرانی کەسێک کە ئاوی دەست نەکەوێت، کە فەرمووی: (الصَّعِيدُ الطَّيِّبُ وَضُوءُ الْمُسْلِمِ وَإِنْ لَمْ يَجِدْ الْمَاءَ عَشْرَ سِنِينَ، فَإِذَا وَجَدَ الماءَ فَلْيَمَسَّهُ بَشَرَتِهِ)[551]واتە: گڵ و لم و بەردوخۆڵ

549 ابن حجر العسقلاني : فتح الباري ( 433/1 ) .
550 ابن حجر: فتح الباري ( 432/1 ) .
551 ترمزی (124)، ئەبوداوود (233)، نەسائی (171/1)، لە ئەبوزەڕەوە خوا لێی رازی بێت بە مەرفووعی دەگێڕێتەوە، بەڵام شێخی ئەلبانی لە (الارواء 153) دا لە ئەبو هورەیەرەوە خوا لێی رازی بێت بە سەنەدی سەحیحەوە هێناوێتیەوە

و كەرەستەی تر كە لەسەر زەمیندایەو پاكە، ئاوی دەسنوێژی موسوڵمانن، ئەگەر دەیان ساڵیش ئاوی دەس نەكەوێت دەتوانێت هەر كە یەكێك لەمانەی دەست كەوت تەیەمومی پێ دەكات، ئاو لەدەم ولەلووت رادان و فم كردن ناكەوێتە ئەم حوكمەوە..

4 ـ فەرموودەكەی لای جوبەیری كوڕی موتعیم خوا لێی رازی بێت كە دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (أَمَّا أَنَا فَآخُذُ مِلْءَ كَفِّي ثَلاثًا فَأَصُبُّ عَلَى رَأْسِي، ثُمَّ أَفِيضُ بَعْدَ ذَلِكَ عَلَى سَائِرِ جَسَدِي)[552] واتە: ئەمما من، سێ جاران پڕ بە مشتی خۆم ئاو هەڵدەگرم و دەیكەم بەسەرمدا، پاشان ئاو دەڕێژم بەسەر هەموو جەستەمدا..

5 ـ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بە ئوم سەلەمەی خێزانی فەرموو: (إِنَّمَا يَكْفِيكِ أَنْ تَحْثِينَ عَلَى رَأسَكِ ثَلاثَ حَثِيَاتٍ مِنْ مَاءٍ ثُمَّ تَفِيضِينَ عَلَيكِ المَاءَ فَتَطْهُرِينَ)[553] واتە: فەرمووی: سێ مشت ئاوت بەسە، سەرەتا بیكەیت بەسەر سەرتدا پاشان ئاو بكەیت بەسەر هەموو جەستەتدا ، ئاوا پاك دەبیتەوە..

ئەم فەرموودەیەی لای ئوم سەلەمە خان زیاتر ئەوە دەسەلمێنێت كە ئاو لە دەم وەردان و ئاو لە لووترادان و فم كردن فەرز نین، ئەگەر فەرز بوونایە دەبوو باس دەكران، بەڵام دیارە باسیان وەكو سوننەت وا لە دەستەواژەی (ثُمَّ تَفِيضِينَ عَلَيكِ المَاء ) : ئاو بكەیت بەسەر هەموو جەستەتدا..

ئەوەی لەم توێژینەوەدا بۆم روون بۆتەوە ئەوەیە كە:

---

552 ئەحمەد ( 81/4 ) بوخاری ( 254 ) ، موسلیم ( 327 ) بە كورت كراوەیی .

553 موسلیم (330) ، ئەبوداوود (251) ، نەسائی (131/1) ، ترمزی (105) .

راو بۆچوونی ئەو پۆلە شەرعناسانە بەهێزترە کە فەرموویانە ئاو لە دەم وەردان و ئاو لە لووت رادان و فم کردن لە غوسلّ دەرکردندا سوننەتن نەک فەرز.. واللە اعلم .

دووەم: شتنی پێیەکان لە کاتی غوسلّ دەرکردندا کەی دەبێت ؟: لە فەرموودەکەی لای خاتوو مەیمونەدا خوا لێی رازی بێت، ئەوە روون دەبێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم شتنی پێیەکانی لە غوسلّدا دوا دەخست بۆ دوای تەواو بوون لە غوسلّەکە.. لە ریوایەتی بوخاریدا هاتوە کە: (فَلَمَّا فَرَغَ مِنْ غَسْلِهِ غَسَلَ رِجْلَيهِ)[554] واتە: کە لە غوسلّ کردنەکەی تەواو بوو، ئەوسا پێیەکانی شت..

فەرموودەکەی لای عائیشە خان خوا لێی رازی بێت هەر ئەوەندە باس دەفەرموێ کە پێش غوسلّ دەرکردن دەسنوێژی دەگرت[555]..

بۆچوونی شەرعناسان لە باسی شتنی پێیەکاندا لە کاتی غوسلّ دەرکردندا بووە بە چوار پۆلەوە[556]:

پۆلی یەکەم: باشتر وایە شتنی پێیەکان لە غوسلّدا دوا بخرێت بۆ ئاخر ئەندام کە دەشۆرێت، لەبەر ئەو چۆنیەتیەی لە فەرموودەکەی لای مەیموونە خاندا هاتبوو..

پۆلی دووەم: پێش غوسلّ دەرکردنەکە دەسنوێژی تەواو دەگرێت وەکو کە بۆ نوێژی دەگرێت.. ئەمیش لەبەر ئەو چۆنیەتیەی لە

554 بوخاری ( 260 ) .

555 لە ریوایەتی ئیمامی موسلیمدا ( 316 ) هاتووە: (ثُمَّ أَفَاضَ عَلَى سَائِرِ جَسَدِهِ ، ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَيهِ) هەروەها بڕوانە الهروی: علل مسلم (69) و فتح الباری (234/1).

556 فتح الباری ( 362/1 ) ، المغنی ( 288/1 ) ، شرح العمده ( 371/1 ) ، البیهیقی : الخلافیات ( 425/2 ) .

فەرموودەکەی لای عائیشە خاندا هاتووە ئەمەش مەزهەبی ئیمامی مالیک و ئیمامی شافیعی و ئیمامی ئەحمەدە.

پۆلی سێیەم: خۆی لە شتنی پێیەکانیدا سەرپشکە، دەتوانێت لەگەڵ دەسنوێژەکەیدا پێشی خات، هەر وەکو کە دەتوانێت دوای خات بۆ کۆتایی غوسڵ دەرکردنەکەی.. ئەمەش قەولێکی تری ئیمامی ئەحمەدە..

پۆلی چوارەم: ئەگەر لە شوێنێکدا غوسلی دەردەکرد کە زۆر پاک نەبوو دەتوانێت شتنی پێیەکانی دواخات، ئەگەر نا هەر لەگەڵ دەسنوێژەکەیدا پێشیان دەخات و دەیانشوات، ئەمەش رای ئیمامی مالیکە..

وا دیارە ئەم بۆچوونەی ئیمامی مالیک لە هەموان پەسەندتر بێت. واللە اعلم ..

5 ـ سێ جار بە مشتی ئاو بەسەریدا دەکات، وا بێت ئاوەکە بگاتە بنجی مووەکان و پێستی سەری..

6 ـ لای راستی سەری یەکەمجار تەڕ دەکات پاشان لای چەپی..

7 ـ دەست دەخاتە ناو مووەکانی سەری و هەڵیان دەگلۆفێت.

چونکە لە فەرموودەکەی لای عائیشە خاندا هاتبوو کە (حَتَّى إِذَا ظَنَّ أَنَّهُ قَدْ أَرْوَى بَشَرَتَهُ أَفَاضَ ) ثُمَّ يَصُبُّ عَلَى رَأْسِهِ ثَلاَثَ غُرَفٍ بِيَدَيْهِ، ثُمَّ يُفِيضُ الْمَاءَ عَلَى جِلْدِهِ كُلِّهِ)[557] واتە: پاشان پەنجەکانی دەکرد بە ناو ئاوەکەداو دەیهێنان بە ناو مووەکاندا، کاتێک دەیزانی وا بە تەواوی ئاو گەیشتۆتە بن مووەکان ئینجا سێ مشتی بەسەریدا دەکرد، پاشان ئاوی دەکرد بەسەر هەموو پێستیدا..

---

557 بوخاری ( 248 ) ، موسلیم ( 316 ) .

ریوایەتێکی تری عائیشە خان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا اغْتَسَلَ مِنْ الْجَنَابَةِ دَعَا بِشَيْءٍ نَحْوِ الْحِلَابِ ، فَأَخَذَ بِكَفِّهِ ، ثُمَّ بَدَأَ بِشِقِّ رَأْسِهِ الْأَيْمَنِ، ثُمَّ الْأَيْسَرِ، ثُمَّ أَخَذَ بِكَفَّيْهِ فَقَالَ بِهِمَا عَلَى رَأْسِهِ)[558] واتە: کاتێک پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەیوویست غوسڵی لەش گرانی خۆی دەرکات، شتێکی وەکو جامێکی قووڵی شیردۆشینی[559] داوا دەکرد ئینجا لوێچێکی لێ هەڵدەهێنجاو دەیکرد بە لای راستی سەریدا، پاشان لای چەپی سەریدا، پاشان بە هەردوو دەستی دەیکرد بە سەریدا..

دیسان ریوایەتێکی تریش هەر لەوەوە خوا لێی رازی بێت هەیە کە دەیفەرموو: (كُنَّا إِذَا أَصَابَتْ إِحْدَانَا جَنَابَةٌ، أَخَذَتْ بِيَدَيْهَا ثَلَاثًا فَوْقَ رَأْسِهَا، ثُمَّ تَأْخُذُ بِيَدِهَا عَلَى شِقِّهَا الأَيْمَنِ، َبِيَدِهَا الأُخْرَى عَلَى شِقِّهَا الأَيْسَرِ)[560] واتە: کە یەکێکمان (لە خێزانەکانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم) تووشی لەشگرانی دەبووین، بە لوێچ سێ جار ئاوی دەکرد بە سەریدا ئینجا دەستی راستی دەهێنا بە لاراستی سەریدا، دەستی چەپیشی بە لاچەپی سەریدا دەهێنا.

**ئایا هەڵگلۆفینی ریش لە غوسڵدا واجبە؟** جمهوری شەرعناسان ئیمامی ئەبوحەنیفەو مالیک وشافیعی وئیبنوحەزم[561] دەفەرموون: هەڵگلۆفینی ریش لە غوسڵ دەرکردندا واجب نیە، بەڵام باشتر وایە بیکات.. دیارە ئەمە بۆ کەسێکە کە ریشی تەنک یان ئاساییە، بەڵام

558 بوخاری ( 258 ) ، موسلیم ( 318 ) .

559 ئیمامی خەتتابی لە ( معالم السنن الکبری 69/1 ) دا دەفەرموێ : حلاب: کیتەڵەیەکی قووڵ بووە بەقەدەر جارێک شیردۆشینی حوشتری گرتووە ..

560 بوخاری ( 277 ) .

561 المحلی ( 33/2 ) ، الاوسط ( 127/2 ) ، ابن عبدالبر التمهید ( 95/22 ) .

كەسێک كە ریشی زۆر پڕ بێت دیارە واجبە، چونكە تەنها ئـاو پێـدا كردن بە تایبەتی كە ئاوەكەش بە لوێچ بەكار بهێنێت رەنگـە بـەس نەبێت.. بە تایبەتی كە فەرموودەی لای عائیشەخان خوا لێـی رازی بێت راشكاوانە دەفـەرموێ: (فَيُخَلِّلُ بِهَا أُصُولَ شَعَرِهِ ( حَتَّى إِذَا ظَنَّ أَنَّهُ قَـدْ أَرْوَى بَشَرَتَهُ أَفَاضَ) ثُمَّ يَصُبُّ عَلَى رَأْسِهِ ثَلاَثَ غُرَفٍ بِيَدَيْهِ، ثُمَّ يُفِيضُ الْمَـاءَ عَلَى جِلْدِهِ كُلِّهِ)[562] واتە: پەنجەكانی دەكرد بە ناو ئاوەكەداو دەیهێنان بە ناو ریشیدا (لە ریوایەتەكەی ناو كەوانەكەدا هاتووە كە (كاتێـک دەیزانی وا بە تەواوی ئاو گەیشتۆتە بن مووەكان) ئینجا سێ مشتی بەسەریدا دەكرد. یەعنی دڵنیا دەبوو كە ئاو گەیشتۆتە پێستی..

8 ـ ئاو بەسەر هەموو جەسـتەیدا دەڕێژێـت : ئـاو رشـتن بەسـەر هەموو جەستەدا لە هەموو فەرموودەكانـدا هـاتووە كـە بـاس لـە چۆنیەتی غوسڵ دەركردنی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەكەن..

9 ـ بەلای راستی دەست پێ دەكات پاشان لای چـەپی: لەبـەر ئـەو فەرموودەیەی كە عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێـتەوە: (كَانَ يُعْجِبُهُ التَّيَمُّنُ فِي تَنَعُّلِهِ وَتَرَجُّلِـهِ وطُهُـورِهِ وَفِـي شَـأْنِهِ كُلِّـهِ)[563] واتـە: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هەمیشە دەسپێـكردنی بـە لایـەنی راستی پێخۆش بوو، لە پێڵاو لە پـێ كردنیـدا، لـە پیادەییـدا، لـە دەسنوێژو غوسڵێدا، لە هەموو كاروبارێكیدا..

**دوو بیرخستنەوەی تر :**

**یەكـەم: ئـاو بەسـەر جەسـتەدا كـردن بـۆ یـەك جـارە:** ئەمـە لـە هـەردوو فەرموودەكەی لای خاتوو مەیموونەو خاتوو عائیشەدا دەردەكەوێت،

562 بوخاری ( 248 ) ، موسلیم ( 316 ) .
563 بوخاری ( 168 ) ، موسلیم ( 268 ) .

لە هەردووکیاندا سێ جاری بۆ دەست شتن و سەر شتن بوو، ئـەمما هــەموو جەســتە، ئــەوە فەرموودەکــەی لای عائیشــە خــان بــاس دەفەرموێ کە یەکجار بــووە: (ثُمَّ يُفِيضُ الْمَاءَ عَلَى جِلْدِهِ كُلِّهِ)[564] واتــە: پاشان ئاوی بەسەر هەموو پێستیدا دەکــرد.. خــاتوو مەیموونــەش دەفەرموێ: (ثُمَّ صَبَّ عَلَى جَسَدِهِ قَدَمَيْهِ)[565] واتە: پاشان ئاوی بەســەر هەموو لەشیدا کرد..

ئیبنوبەتتال (مامۆستای ئیمامی بوخارییــە) دەفــەرموێ: لەبــەر ئەوەی ژمارەیەکی دیاری کراوی دیاری نــەکردووە، پابەنــدبوون بــە کەمترین ژمارەیەوە دەبێت، کە یــەک جــارە، چــونکە ئەســڵ یــەک جارییەو زیاتر پێویستی بە بەڵگەیە[566]..

ئەمە بۆچــوونی ئیمــامی ئەحمــەدو یــاوەرانی ئیمــامی مالیکــەو ئیبنوتەیمییەش ئەمەی پەسەندتر کردووە..

**دووەم: حوکمی دەست لە لەش خشاندن لە کاتی غوسڵ دەرکردندا:** شەرعناســان لە وەڵامی ئەوەدا راجوێنکە ئەگەر کەسێک بۆ غوسڵ دەرکردن ئاوی بەسەر جەستەیدا رشت بێ ئەوەی دەست لە جەســتەی بخشێنێــت، ئایا غوسڵی دەردەچێت؟ یان حەتمەن دەبێت دەست بــە جەســتەیدا بهێنێت ؟[567]

جمهوری شەرعناسان جگە لە ئیمامی مالیک وموزەنی شــافیعیی دەفەرموون: لە کاتی غوسڵ دەرکردندا دوای ئاو بە جەستەدا کــردن دەست لە جەستە خشاندن واجب نییە . ئەگەر کەسێک ئاوی بەسەر

---

564 بوخاری ( 248 ) ، موسلیم ( 316 ) .
565 بوخاری ( 266 ) ، موسلیم ( 317 ) .
566 فتح الباري ( 439/1 ) .
567 المحلى (30/2)، الاستذكار (63/3) ، المغني (290/1) ، بداية المجتهد (55/1) ، السيل الجرار ( 113/1 ) .

هەموو جەستەیدا رشت، کە ئاو هەموو جەستەی بگرێتەوە، یان بچێتە ژێر دوشێک یان خۆی لە بانێوو حەوزی ئاوو روباردا نقووم بکات ، ئەوە فەرزە خواییەکەی هێناوەتە دی، ئیتر بۆچی زیاتری لەسەر فەرز بکرێت؟!

بەڵگەی هەردوولایان، هەر ئەو بەڵگانەیە کە هەردوولا لە ساغ کردنەوەی بۆچوونی خۆیاندا لە باسی دەسنوێژدا پشتی پێ دەبەستن..

پێم وایە بەڵگەی جمهور بەهێزتر بێت، بۆیە وانازانم دەست لێخشاندن لە جەستە لە کاتی غوسڵ دەرکردندا واجب بێت، پێم وایە سوننەتە.. والله اعلم .

...........................

## غوسڵی ئافرەت

چۆنیەتی دەرکردنی غوسڵی ئافرەت لـه لەشگرانی هـەر وەکـو چۆنیەتی غوسڵ دەرکردنی پیاوانە. ئەو ئافرەتانەی پرچ (کەزی)یان هەیە مەرج نیە لە کاتی غوسڵ دەرکردنیاندا بیکەنەوە، مەرج ئەوەیە ئاو بگەیێنێتە بنجی مووەکانی.. چـونکە فەرموودەکـەی لای خـاتوو ئوم سەلەمە دەفـەرموێ: (قُلْتُ يَا رَسُولَ اللهِ إِنِّي امْرَأَةٌ أَشُدُّ ضُفْرَ رَأسِي فَأنْقُضَهُ لِغُسْلِ الْجَنَابَةِ فَقَالَ إِنَّمَا يَكْفِيكِ أنْ تَحثِّينَ عَلَى رَأسَكِ ثَلاثَ حَثِيَاتٍ مِنْ مَاءٍ ثُمَّ تَفِيضِينَ عَلَيكِ الماءَ فَتَطْهُرِينَ)[568] واتە: ووتم: ئـەی پێـغەمبەری خوا من قژم دەکەمە پرچ (کەزی) ئایا لە کـاتی غوسـڵدا بیکەمـەوە؟ فەرمووی: سێ مشت ئاوت بەسە سەرەتا بیکەیت بەسـەر سـەرتدا، پاشان ئاو بکەیت بەسەر هەموو جەستەدا، ئاوا پاک دەبیتەوە..

خاتوو عائیشەش خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (كُنَّا نَغْتَسِلُ وَعَلَينَا الضَّمَادُ وَنَحْنُ مَعَ رَسولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَـلَّمَ)[569] واتـە: غوسـڵمان دەردەکرد و شتی لینج بەسەرمانەوە بوو.. واتـە ئـەو لینجیـە کـە قژیانی تۆپەڵ دەکرد یان وەکو پرچ (کەزی) لێ دەکردو نەیدەهێشـت مووەکان شی ببنەوەو ئاسان ئاویان بچێتە نێوانەوە..

ئەو هەڵوێستەش بەناوبانگە کە ئیبنوعەمر خوا لێیان رازی بێـت فەرمووی: دەبێت ژنان لە کاتی غوسڵ دەرکردنیانـدا پـرچ (کـەزی)

---

568 موسلیم (330) ، ئەبوداوود (251) ، نەسائی (131/1) ، ترمزی (105) ، ئیبنوماجە (603)

569 ئەبو داوود ( 254 ) ، بەیهیقی (182/2)

کەمال ئیبنوالسەید لە صحيح فقه السنة (1/ 178) دا دەفەرموێ : سەحیحە

یەكانیان بكەنەوە، تا ئاو بچێتە نێوان مووەكانەوە، خاتوو عائیشە زۆر بە توندی رەددی دایەوەو فەرمووی: (أفَلَا أَمَرَهُنَّ أنْ يَحْلِقْنَ رُؤوسَهُنَّ؟! لَقَدْ كُنْتُ أغْتَسِلُ أنَا وَرَسُولُ الله صَلَّى اللهُ عليهِ وَسَلَّمَ مِنْ إنَاءٍ واحِدٍ ، فَمَا أَزِيدُ عَلَى أنْ أُفْرِغَ عَلَى رَأسِي ثَلاثَ إفْرَاغَاتٍ )[570] واتە: ئا ها، جا یەكجاری بۆچی فەرمانیان پێ ناكات سەریان بتاشن؟! خۆ من و پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم غوسڵی خۆمان لە تەشتێكدا دەردەكرد، تەنها سێ مشت ئاویشم دەكرد بەسەرمداو بەس.. لە ریوایاتی تریدا هاتووە، كە لە كاتی غوسڵ دەركرنەكەیدا پرچی نەدەكردووە..

### غوسلی ئافرەتان لە حەیزو زەیستانی

چۆنیەتی دەركردنی غوسڵی ئافرەت لە حەیزو زەیستانی (نیفاس) هەر وەكو غوسڵ دەركردنە لە لەشگرانی، بەلام چەند شتێكی تر هەیە كە پێویستە لەمیاندا رەچاو بكرێت:

1 ـ **<u>بەكارهێنانی سابوون و شامپۆو شتی وا باشترە</u>**: چونكە خاتوو عائیشە خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە كە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بە ژنانی دەفەرموو: (تَأْخُذُ إحْدَاكُنَّ مَاءَهَا وَسِدْرَتَهَا فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطَّهُورَ، ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا، ثُمَّ تَصُبَّ عَلَيْهَا الْمَاءَ، ثُمَّ تَأْخُذَ فِرْصَةً فَتَطَهَّرِ بهَا فَقَالَتْ أسْمَاءُ :كَيْفَ أَتَطَهَّرُ ؟ قَالَ : سُبْحَانَ الله تَطَهَّرِي بهَا، قَالَتْ كَيْفَ؟! قَالَ سُبْحَانَ اللَّهِ تَطَهَّرِي، قالَتْ عائِشَةُ فَاجْتَبَذْتُهَا إلَيَّ فَقُلْتُ: تَتَبَّعِي بِهَا أَثَرَ الدَّمِ)[571] واتە: هەر یەكەتان ئاوو سیدری خۆی (گەڵایەك بووە وەكو سابوون بۆن خۆش و كەفی

---

570 موسلیم ( 321 ) ، نەسائی ( 203/1 ) ئیبنو ماجە 0 604 ) .

571 بوخاری ( 314 ) ، موسلیم ( 332 ) . ئەمەش لەفزی موسلیمە .

کردووە) هەلگرێت و خۆی پــێ پــاک کاتــەوە، دەسنوێژێــکی بــاش بشوات، پاشان ئاو بکات بەسەر قژیداو باش هەلێگلۆفێــت تــا ئــاو بگاتە بنجی پێستی سەری و مووەکانی، پاشان ئاوی پێداکات، ئینجا بە پارچە لۆکەیەک شوێنەکان پاک کاتەوە، ئەسماء (ئەسمائی کچی شەکەل) پرسی: چۆن پاکی کاتەوە؟! فەرمووی: سوبحانەالله خــۆی پێ پاک دەکەیتەوە، دیسان پرسی: چۆن خۆی پاک دەکاتەوە؟ ئینجا عائیشەخان ـ وەکو بیەوێت باسەکە بە خێرایی لادات ـ فــەرمووی: رامکێشایە ئەملاوەو پێم ووت: بیبە بە شوێن دلۆپە خوێنەکاندا..

**2 ـ مەرج نیە پرچەکانی لە کاتی دەرکردنی غوسلی حەیزو زەیستانیدا بکاتەوە:**

شەرعناسان لە باسی شتنی پرچ (کەزی)دا بوون بە دوو پۆلەوە:

**پۆلی یەکەم:** ئیمامی ئەبو حەنیفەو مالیک و شــافیعی دەفــەرموون: سوننەتە پرچی بکاتەوە نەک واجب[572] ئافرەت لە کاتی دەرکــردنی غوسلی حەیزو زەیستانیدا پرچ (کەزی)یەکانی بکاتەوە، بەلگەشیان:

1 ـ فەرموودەکەی لای خاتوو عائیشە.

2 ـ فەرموودەیەکی تری لای عائیشەخان هەیــە کــە باســی حــەجی خۆی لە خزمەت پێغەمبەری خــوادا صلی الله علیه وسلم دەگێڕێــتەوەو دەفەرموێ: (فَأَدْرَكَنِي يَوْمُ عَرَفَةَ وَأَنَا حَائِضٌ، فَشَكَوْت إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّــهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ :دَعِي عُمْرَتَــك وَانْقُضِــي رَأْسَــك وَامْتَشِــطِي وَأَهِلِّــي بِالْحَجِّ)[573] واتە: رۆژی عارفەمان بەسەردا هات و منــیش لــە حــەیزدا بووم، بۆ پێغەمبەری خوام صلی الله علیه وسلم باس کرد، فەرمووی: لــە عەمرەکەت گەڕێ و قژت بکەرەوەو شانەی کەو نیەتی حەج بهێنە..

---

572 المغني ( 227/1 ) ، المحلى ( 38/2 ) ، نيل الاوطار ( 311/1 ) ، تهذيب السنن لەسەر العون المعبود ( 293/1 ) .

573 بوخاری ( 317 ) ، موسلیم ( 1211 ) .

3ـ ئینکار کردنی عائیشەخان خوا لێی رازی بێت لە بۆچـوونەکەی ئیبنوعەمر کە فەرمووی: (أَفَلَا أَمَرَهُنَّ أَنْ يَحْلِقْنَ رُؤُوسَهُنَّ؟!)[574] واتـە: ئاها، جا یەکجاری بۆچی فەرمانیان پێ ناکات سەریان بتاشن؟!

پۆلی دووەم: ئیمامی ئەحمەدو حەسەنی بەسری وتاووس رایان وایە کە ئافرەت لە کاتی دەرکردنی غوسڵی حـەیزو زەیسـتانیدا واجبـە پرچـی بکاتـەوە ئیمـامی ئیبنولقـەییم بەدواداچوونێـکی ووردی کردووەو لەم مەسەلەیەدا چۆتە ریزی شەرعناسانی پـۆلی دووەم و بەرپەرچی بەڵگەکانی جمهوری داوەتەوەو دەفەرموێ[575] :

1 ـ هەر ئەم فەرموودەیەی لای عائیشەخان کە فەرمووی: (ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا) واتە: پاشان ئـاو بکات بەسەر قژیداو باش هەڵیگلۆفێت تا ئاو بگاتـە بنجـی پێسـتی سەری و مووەکانی. دیارە کە هەر ئەوەندەی داوا نەکردووە کە ئـاو برژێنن بەسەر قژیاندا، وەکو کە لە غوسڵی لەشگرانیدا دەیفەرموو، بەڵکو جەخت لەوەش دەکاتەوە کە قژیان هەڵگلۆفن و دڵنیـابن کـە ئاو گەیشتۆتە پێستیان. ئەمە یەکێکە لەو جیاوازیەووردانەی وا لە نێوان غوسڵی لەشگرانی و غوسڵی حەیزو زەیستانیدا..

2ـ فەرموودەکەی لای عائیشەو باسی حەجەکـە: بـەڵێ راسـتە لـە ئیحرامدا بوو، بەڵام جەخت لە دەرکردنی غوسڵی حـەیز زیـاتر لـە غوسڵی تر کراوە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم زیاتر فەرمانی بە

---

574 موسلیم ( 321 ) ، نەسائی ( 203/1 ) ئیبنو ماجە 0 604 ) .
کەمال ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة (1/ 178)دا دەفەرموێ : سەحیحە

575 ابن القيم : تهذيب السنن (165/1). مەبەست سونەنی ئەبو داوودە رحمه الله .

خێرایی و باشترێتی غوسڵ دەرکردن لە حەیز دەکرد، لێرەش لەبەر غوسڵی حەیزەکەیە فەرمانی بە عائیشەخان کردووە پرچی بکاتەوە.
3 ـ هەڵوێستی تورە بوونەکەی خاتوو عائیشە لە ئیبنوعەمر خوا لێیان رازی بێت کە فەرمووی: جا یەکجاری بۆ فەرمانیان پێ ناکات سەریان بتاشن؟! لەبەر ئەوەیە کە باسەکە: کردنەوەی پرچی ژنان بووە لە غوسڵی لەشگرانیدا نەک لە غوسڵی حەیزدا..

بە هەر حاڵ لەوانەیە لەبەر ئەوەی قژی خاتووئوم سەلەمە تەنک بوو بێت و قژی خاتوو عائیشە پڕتر، بۆیە فەرمانی کردنەوەی پرچی بە خاتوو ئوم سەلەمە نەکردبێت.. یان حسابی ئەوەی بۆ ئافرەتانی تر کردبێت کە ئافرەتێک شەش حەوت رۆژ قژی بژو تێکەڵ بمێنێتەوەو خۆی نەشوات، پاشان هەر بەوەندەی ئاو بەسەر جەستەیدا برێژێت و غوسڵەکەی دەرکات، بەس بێت، پێدەچێت کەمێک بۆ ئافرەتان خۆیان و پیاوەکانیان زەحمەت بێت.. چونکە دەبێتە مایەی بایەخ پێ نەدان و دوورەپەرێزکردنیان، ئەمەش لەگەڵ دادو ماف و جوانکاریی ئیسلامدا زۆر یەک ناگرێتەوە.. بۆیە من پێم وایە: <u>پێویست ناکات ئافرەتان لە کاتی دەرکردنی غوسڵی حەیزو زەیستانیدا پرچیان بکەنەوە، بەڵام مەرجە بیشۆن .. والله اعلم ..</u>

3 ـ **<u>پاك كردنەوەی پەڵە خوێن و سڕینەوەی ئاسەواری</u>**: بۆ ئافرەت باشتر وایە کە غوسڵی حەیزو زەیستانی خۆی دەرکرد پارچە لۆکەیەک یان دەسڕێکی کاغەز یان قوماشێکی نەرم بە کەرەستەیەکی پاکژیی (تەعقیم) تەڕ کات وبە عەوەرتی خۆیدا بهێنێت، هەروەها بەو شوێنانەدا کە گومان دەکات خوێنی بەرکەوتبێت..

## خۆ ووشك كردنەوەی دوای غوسڵ

فەرموودەكەی لای خـاتوو مەیموونـە خـوا لێـی رازی بێـت كـە فەرمووی: (وَضَعْتُ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَاءً لِلْغُسْلِ (وَسَتَرْتُهُ) فَغَسَلَ يَدَيْهِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا ثُمَّ أَفْرَغَ (بِيَمِينِهِ) عَلَى شِمَالِهِ فَغَسَلَ مَذَاكِيرَهُ (فَرْجَهُ وَمَـا أَصَابَهُ مِنْ الأَذَى) ثُمَّ دَلَكَ يَدَهُ بِالْأَرْضِ (أو بالحَائِطِ، ثُمَّ غَسَلَهَا) ثُمَّ مَضْـمَضَ وَاسْتَنْشَقَ وَغَسَلَ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ ثُمَّ صَبَّ عَلَى جَسَدِهِ ثُمَّ تَنَحَّى فَغَسَلَ قَدَمَيْـهِ، فَنَاوَلْتُهُ خِرْقَةً فَقَالَ بِيَدِهِ هَكَذا وَلَمْ يُرِدْهَـا)[576] واتـە: ئـاوم بـۆ غوسـڵ دەركردنی پێغەمبەری خـوا صلى الله عليه وسلم دانـاو پەردەیـەكم بـۆ راهێڵا، دەستەكانی دووجار یان سێ جار شت، پاشـان بـە دەسـتی راستی كردی بەسەر دەستی چەپیدا، ئینجا زەكـەری شـت و ئـەوی پێوەی بوو لێی كردەوە، پاشان دەستی بە زەوی یان بـە دیوارەكـە سڕی، پاشان شتیەوە، ئینجا ئاوی لە دەمو لووتی وەرداو فمی كرد، ئینجا دەموچاوی شت، پاشان دەستی ئینجـا سـەری شـت، پاشـان ئاوی بەسەر هەموو لەشیدا كرد، پاشـان كەمێـك كـەنار كـەوت و پێیەكانی شت، پارچە پەڕۆیەكم دایێ خـۆی پـێ ووشـك كاتـەوە، ئاماژەی كردو نەیوویست..

ئیبنو قودامەی مەقدیسی لە (المغنی )دا بابێكی هەیـە بـە نـاوی (فصل:تنشيف الأعضاء بعد الوضوء تێیدا هاتووە: هەندێك لە شەرعناسان وەك عبدالرحمانی كوڕی مەهـدی كـە سەرچـاوەی بۆچـوونەكەی دەباتەوە سەر سەیدنا جابری كوڕی عبدالله خوا لێی رازی بێت ئەم فەرموودەیان كردووە بە بەڵگەی ئەوە كە خۆ ووشك كردنـەوە لـە دوای غوسڵ باش نیە.. بەڵام زۆرینەی زۆری شەرعناسان ئەمـەیان

576 بوخاری ( 266 ) ، موسلیم ( 317 ) .

رەت کردۆتەوە، چونکە فەرموودەی زۆر هەیە کە دەیسەلمێنێت کە سەیدنا عوسمان و ئەنەس و حەسەنی کوڕی عەلی خوا لێیان رایزبێت هەموو خۆیان ووشک کردۆتەوە..

هەردوو توێژەرەوەی ئوممەتیش: ئیمامی ئیبنوحەجەرو ئیمامی نەوەوی ئەو بۆچوونەیان پێ پەسەندتر بووە[577] بۆیە فەرموویانە:

1 ـ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئەو پارچە پەڕۆیەی وەرنەگرتووە تا خۆی پێ ووشک کاتەوە، لەوانەیە پەیوەندی بە پەڕۆکەوە هەبووبێت، وەکو ئەوەی بە پاکی نەزانیبێت، یان خۆی پەلەی بووبێت.

2 ـ فەرموودەکە خۆی بەڵگەی ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم عادەتی وا بووە کە دوای دەسنوێژو غوسڵ دەرکردن خۆی ووشک کاتەوە، بۆیە خاتوو مەیموونەش ئەو پەڕۆیەیە بۆ گرتووە.

3 ـ تەکاندنی تەڕێتی دەستەکانی بەڵگەن لەسەر جائیز بوونی ووشک کردنەوەیان، چونکە مەبەستەکە لە راتەکاندن و ووشک کردنەوەکە هەر یەکە، مەبەست لە هەردووکیان هەر لابردنی تەڕێتیەکەیانە..

دەبێ ئەوەش رەچاو بکرێت کە غوسڵ دەرکردنێک لە هاوینی ناوچەی گەرمەسێردا زۆر جار هەر بۆ خۆ فێنک کردنەوە ئەنجام دەدرێت و کەس خۆی لێ ووشک ناکاتەوە، ئەمە لە کوێ و غوسڵ دەرکرنێک لە ناوچەی کوێستان لە کوێ؟! کەوابوو:

ووشک کردنەوەی ئەندامانی لەش دوای غوسڵ جائیزە والله اعلم..

..........................

577 ابن حجر العسقلاني : 432/1 ) ، النووي : المجموع ( 459/1 ) .

## هەندێك مەسەلەی تری غوسڵ

**ـ دەسنوێژ گرتن دوای غوسڵ پێویست نیە**: هەر کەسێک بە شێوەیەک راست و دروستی شەرعیانە غوسڵەکەی دەرکرد، ئەگەر پێش غوسڵەکەش دەسنوێژی نەگرتبێت پێویستی بە گرتنی دەسنوێژ نابێت، چونکە پاکژیی غوسڵ دەرکردنەکە بۆی دەبێتە دەسنوێژ.. عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دوای غوسڵ دەرکردنی لە لەشگرانی دەسنوێژی نەدەگرت[578].. لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێ: (يَغْتَسِلُ وَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ، وَلا أَرَاهُ يُحْدِثُ وُضُوءاً بَعْدَ الغُسْلِ)[579] واتە: غوسڵەکە دەردەکات و دوو رکات نوێژ دەکات، وانازانم دوای غوسڵەکە پێویستی بە دەسنوێژ بێت..

ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: ئەگەر دوای غوسڵ دەرکردن دەستت لە عەورەتت نەدابێت، ئیتر چ دەسنوێژێک لە غوسڵ دەرکردن رێکوپێکترە[580] ؟!

ئەمە ئەوەش دەگەیێنێت کە ئەو کەسەی غوسڵ دەردەکات مەرج نیە نیەتی دەسنوێژگرتنیشی بهێنێت. ئەمە رای جمهوری شەرعناسانە ئیمامی ئیبنوتەیمییە بە پەسەندتری داناوە[581]، بەڵام حەنبەلیەکان دەفەرموون: نەخێر ئەگەر نیەتی هەردووکیانی نەهێنابێت هەر نیەتی غوسڵەکەی بۆ حسێب دەبێت و دەسنوێژەکەی جائیز نابێت.

---

578 ترمزی ( 107 ) ، نەسائی ( 137/1 ) ئیبنوماجە ( 579 ) .
کەمال ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة (1/ 181)دا دەفەرموێ : صحيح لغيره.
579 عبدالرزاق : المصنف ( 1039 )
کەمال ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة (1/ 181)دا دەفەرموێ : إسناده صحيح.
580 هەمان سەرچاوەو ژمارە .
581 ابن تيمية : مجموع الفتاوى (397/21)، السَّرَخْسي : المبسوط (44/1)، ابن احمد الدردير: الشرح الصغير (65/1) الشافعي الام (36/1) ، ابن حزم : المحلى (44/2) .

بەڵام دیارە کە بۆچوونی جمهوری شەرعناسان بەهێزترە.. فەتواش لەسەر ئەوەیە.. والله اعلم..

- ئەگەر دوو هۆی غوسڵ کۆبوونەوە: هەر کەسێک دوو هۆی لەشگرانی لەسەر کۆبۆوە، وەکو ئەو پیاوەی غوسڵی لەشگرانی وغوسڵی نوێژی هەینی کەوتۆتە سەر، یان ئەو ئافرەتەی لە حەیزدایەو غوسڵی لەشگرانی کەوتۆتە سەر، ئیمامی نەوەوی و ئیبنوقودامەی مەقدیسی دەفەرمون[582] زۆرینەی شەرعناسان دەفەرموون ئەگەر نیەتی هەردووکیانی پێکەوە هێناو غوسڵی دەرکرد، ئەوە لە هەردووکیان پاک بۆتەوە. ئیبنوقودامە دەفەرموێ: پێچەوانی ئەمەم نەدیووە، ئەمەشە کە لە ئیبنوعومەرو موجاهیدو مەکحوول ومالیک و سەوری و ئەوزاعی و شافیعی و ئەبو سەورەوە ریوایەت کراوە.

بەڵام ئیبنوحەزم و هەندێک لە شەرعناسان پێچەوانەی ئەم بۆچوونەن و دەفەرموون دەبێت هەر یەکەیان بە جیا غوسڵی بۆ دەرکرێت.. ئەمە رای شێخی ئەلبانیشە کە زۆری بەرگری لێ دەکات و دەفەرموێ: ئەوە بۆچوونی جابری کوڕی زەیدو قەتادەو تاووس و ئیبراهیمی نەخەعی و عەتاء و زوهری و عەمری کوڕی شوعەیب و مەیموونی کوڕی مەهرانە [583].

پێم و ایە کە مادام نیەتی غوسڵی هەردووکیانی هێنابێت غوسڵی هەردووکیانی دەردەچێت .. والله اعلم .

- ئەگەر ئافرەت پێش دەرکردنی غوسڵی لەشگرانی، کەوتە حەیزەوە: لە راسترین قەولی شەرعناسان ئەوەیە کە پێویست ناکات غوسڵی لەشگرانی دەرکات، دەشێت چاوەڕوان بێت تا ماوەی حەیزەکەی

582 النووي : المجموع ( 487/1 ) ، المغني ( 292/1 ) ..
583 الالباني : تمام المنة ( ل 126 - 130 ) .

تەواو دەبێت و هەردوو غوسڵەکە دەکات بە یەک، مەرجە نیەتی هەردووکیان بهێنێت. ئەمەش راوبۆچوونی ئیمامی ئەحمەدە[584]، بەڵام هەندێک لە شەرعناسانی تری وەکو حەسەنی بەسری و عەتاء و نەخەعی دەفەرموون : نا دەبێت غوسڵی لەشگرانیەکەی دەرکات و کە لە حەیزیش پاک بۆوە غوسڵی حەیزەکەشی دەردەکات ..

**ـ غوسلی ژن و مێرد پێکەوە:** دەشێت ژن ومێرد لەیەک کاتدا لە شوێنێکدا غوسڵ دەرکەن، بۆ نموونە دەچنە حەوزێکەوە یان بانیۆیەکەوەو غوسڵ دەردەکەن، هەر وەکو کە دەشێت یەکێکیان پێش ئەوی تریان بکەوێت و ئەوی تریان دواتر بچێت ناو ئاوەکە، ئەمە حوکمی بەکارهێنانی ئاوەکەش دەسەلمێنێت کە بەکارهێنانی ئاوی غوسڵی یەکێکیان بۆ غوسڵ دەرکردنی ئەوی تریان جائیزە. بەڵگەی ئەمەمان لەباسی ئەحکامی ئاودا هێنایەوە کە فەرموودەی لای عائیشەخانە خوا لێی رازی بێت کە فەرمووی: (لَقَدْ كُنْتُ أغْتَسِلُ أنَا وَرَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عليهِ وَسَلَّمَ مِنْ إنَاءٍ واحِدٍ، فَمَا أَزِيدُ عَلَى أنْ أُفْرِغَ عَلَى رَأسِي ثَلاثَ إفْرَاغَاتٍ)[585] واتە: من وپێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم غوسڵمان لە تەشتێکدا دەردەکرد، تەنها سێ مشت ئاوم دەکرد بەسەرمداو بەس..

یان ئەو فەرموودەیەی کە ئوم هانی دەیگێڕێتەوە: (أنَّ النبيَّ صلى الله عليه وسلم اغْتَسَلَ، هُوَ وميمونَةُ، مِن إناءٍ واحدٍ. قَصْعَةٌ فِيها أثَرُ الْعَجِينِ)[586]

---

584 ابن رجب : القواعد ( 26/1 ) .

585 موسلیم ( 321 ) ، نەسائی ( 203/1 ) ئیبنو ماجە 0 604 ) .

586 رواه احمد والنسائي وابن خزيمة نەسائی 202/1 ئیبنوماجە 134/1 ژمارە 378ئەحمەد (342/6) شێخی ئەلبانی بەسەحیحی داناوە بڕوانە: صحيح النسائي (1 / 51).

واتە: پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ومەیمونەی خێزانی لە تەشتێکدا پێکەوە خۆیان شت، کە هەویری کۆنی پێوە بوو.

ـ **غوسڵ دەرکردن بە رووتی لەبەر چاوان حەرامە:** دەشێت بە رووتی غوسڵ دەرکات، بەو مەرجەی کەس نەیبینێت، وەکو ئەوەی پەردەیەک بە دەوری خۆیدا راهێڵ کات، چونکە:

ـ فەرموودەی لای خاتوو مەیموونەیە خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: (وَضَعْتُ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَاءً لِلْغُسْلِ وَسَتَرْتُهُ)[587]

واتە: ئاوم بۆ غوسڵ دەرکردنی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم داناو پەردەیەکم بۆ رایەڵ کرد.

ـ ئەوەش لە پێغەمبەری خواوە صلی الله علیه وسلم سەلمێنراوە کە سەیدنا موسا[588] و سەیدنا ئەیووب[589] سەلامی خوایان لێ بێت بە رووتی خۆیان دەشت..

ـ **کەسێك لە کاتی غوسڵ دەرکردندا دەسنوێژی بشکێت:** ئەو کاتەی لەشگرانێک خۆی دەشوات ئەگەر پێش تەواوبوونی غوسڵەکەی دەسنوێژی شکا، با گوێ نەداتێ و لە غوسڵ دەرکردنی خۆی بەردەوام بێت، چونکە ئەوە رێ لە غوسڵەکەی ناگرێت، بەڵام لەسەر قەولی زۆرینەی شەرعناسانی وەکو عەتاء وسوفیانی سەوری وئیمامی شافیعی دەبێت دەسنوێژ بگرێتەوە.. ئیبنوقودامەو ئیبنولمونزیریش ئەوەیان بە پەسەندتر زانیووە[590] ..

..........................

587 بوخاری ( 266 ) ، موسلیم ( 317 ) .
588 بوخاری ( 278 ) ، موسلیم ( 339 ) .
589 بوخاری ( 279 ) .
590 المغني ( 290/1 ) ، الاوسط ( 112/2 ) .

## هەندێك بابەتی پەیوەندیدار بە لەشگرانی

- **لەشگران بۆی هەیە غوسڵ دەرکردنی دواخات**: مەرج نیە هەر ئەو کاتەی لەشگران دەبێت غوسڵ دەرکات، چونکە ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە (أنَّ النَّبيَّ صلى الله عليه وسلم لَقِيَهُ في بَعْضِ طُرُقِ المدينَةِ وهُو جنُبٌ، فانْخَنَسَ مِنهُ، فَذَهَبَ، فَاغْتَسَلَ، ثُمَّ جَاءَ، فقالَ: أينَ كُنْتَ يا أبا هُريرَةَ؟ فقالَ: كُنْتَ جُنُبَاً فَكَرِهْتُ أنْ أُجَالِسَكَ وأنا عَلَى غَيرِ طَهَارَةٍ. فقالَ: سُبْحَانَ اللهِ، إنَّ المؤمِنَ لا يَنْجُسُ)[591] واتە: جارێک لە کۆڵانێکی مەدینەدا پێغەمبەری بینی صلى الله عليه وسلم بەڵام لەبەر ئەوەی لەشی گران بوو (لە جەنابەتدا بوو) نەهاتە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پاشان ـ دوای غوسڵ دەرکردن ـ هاتەوە خزمەتی، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لێی پرسی: ئەرێ ئەبو هورەیرە لە کوێ بوویت؟ ئەویش فەرمووی: لە جەنابەتدا بووم، بۆیە حەزم نەکرد بە لەشی پیسەوە لە خزمەتتدا بم. ئەویش فەرمووی: پاک وبێ خەوشی بۆ خوا، موسوڵمان پیس نابێت.

هەوەرها ئەو فەرموودەیەی لای ئەنەسی کوڕی مالیک خوا لێی رازی بێت کە فەرمووی: (أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَطُوفُ عَلَى نِسَائِهِ فِي اللَّيْلَةِ الْوَاحِدَةِ وَلَهُ يَوْمَئِذٍ تِسْعُ نِسْوَةٍ )[592] واتە : پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە شەوێکدا بەسەر هەموو خێزانەکانیدا دەگەڕا کە نۆ ژنیشی هەبوو..

---

591 رواه الجماعة: بوخاری (1/79 و 80)، موسلیم (1/282 ژ 115)، ئەبوداوود (1/52)، نەسائی (1/145)، ترمزی (1/207 و 208 ژ 121) دەربارەشی دەفەرموێ: (حديث حسن صحيح) ، ئیبنو ماجە (1 / 78 ژ 534 ) ، ومسند أحمد ( 2/ 235 ) .

592 بوخاری ( 284 ) ، موسلیم ( 309 ) .

کەوابوو مانەوەی موسوڵمان بە لەشگرانی هیچ کاریگەریی نیە، مەگەر ببێتە هۆی دواخستنی نوێژ.. ئەوەش حوکمێکی تری هەیە.

ئەو قسەیەی ناو کوردەواریش راست نیە کە دەڵێ : زەوی هاوارێتی لەوەی لەشگرانێک بەسەریدا دەڕوات و خۆزگە دەخوازێت زوو غوسڵی دەرکات..

- لەشگران بۆی هەیە پێش غوسڵ دەرکردن بخەوێتەوە: لەبەر ئەوەی عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (إِذَا أَرَادَ أَنْ يَنَامَ وَهْوَ جُنُبٌ، غَسَلَ فَرْجَهُ، وَتَوَضَّأَ لِلصَّلاَةِ )[593] واتە: ئەو کاتەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەشگران بوایەو بیویستیایە بخەوێتەوە، دەچوو عەورەتی دەشت و دەسنوێژی دەگرت وەکو کە بۆ نوێژی دەگرت.. ئینجا دەخەوت..

عبداللەی کوڕی قەیس خوا لێی رازی بێت لە عائیشەخانی خوا لێی رازی بێت پرسی: (كَيْفَ كَانَ نَوْمُ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي الْجَنَابَةِ أَيَغْتَسِلُ قَبْلَ أَنْ يَنَامَ أَوْ يَنَامُ قَبْلَ أَنْ يَغْتَسِلَ قَالَتْ كُلُّ ذَلِكَ قَدْ كَانَ يَفْعَلُ رُبَّمَا اغْتَسَلَ فَنَامَ وَرُبَّمَا تَوَضَّأَ فَنَامَ) فَقَالَ: الحَمْدُ للهِ الذي جَعَلَ في الأمْرِ سَعَةً) [594] واتە: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە کاتی لەشگرانیدا چۆن بوو؟! ئایا غوسڵی دەردەکرد پێش ئەوەی بخەوێتەوە، یان دەخەوتەوەو پێش ئەوەی غوسڵ دەرکات؟! فەرمووی: هەردووکیانی دەکرد.. جاری وا هەبوو غوسڵی دەردەکردو دەخەوت، جاری واش هەبوو دەسنوێژێکی دەگرت و دەخەوت.. عبداللە فەرمووی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ئاسانکاری لەمەدا کردووە..

---

593 بوخاری ( 288 ) ، موسلیم ( 305 ) .
594 موسلیم ( 307 ) .

**ـ لەشگران بۆی هەیە قورئان بخوێنێت:** پێشتر لە باسی دەسنوێژدا ئەمە روون کرایەوەو لە پوختەکەیدا ووتم: لەش پاکیی مەرجە بۆ دەستدان لە قورئان و هەڵگرتنی، بەڵام دەسنوێژ بۆ دەست لێدان و هەڵگرتن و خوێندنی مەرج نیە.. ئافرەتیش کە لە حەیزدا بێت یان زەیستان بێت دەتوانێت قورئان بخوێنێت، بێ ئەوەی دەستی لێ بدات.. والله اعلم..

**ـ لەشگران و حەیزدار بۆیان هەیە لە مزگەوتدا بمێننەوە:** ئەمە یەکێکە لەو باسانەی کە راجوێییەکی زۆری لەسەرەو هەر لایەنەش بەرگریی بەردەوام لە بۆچوونی خۆی دەکات.. لە کاتێکدا کە هەر چوار ئیمامە بەڕێزەکە و جمهوری شەرعناسان رایان وایە کە لەشگران و ئافرەتی حەیزدارو زەیستان بۆیان نیە لە مزگەوتدا بمێننەوە، ئەم بەڕێزانە ناو دەنێم (بەرهەڵستکاران) ، ئەوانەش کە دەفەرموون رێ بە لەشگران و حەیزدارو زەیستان بدرێت بێنە مزگەوت ناو دەنێم (رێدەران).. با بەڵگەی هەردوولایان بخەینە بەردەست:

**ئەوانەی فەرموویانە: نابێت لەشگران و حەیزدارو زەیستان لە مزگەوتدا بمێننەوە:**

1 ـ خوای گەورە دەفەرموێ: ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّىَ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلاَ جُنُبًا إِلاَّ عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىَ تَغْتَسِلُواْ) النساء/ 43 واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، لەو کاتانەدا کە سەرخۆشن توخنی نوێژ نەکەونەوە، تا بزانن چی دەڵێن، لەو کاتانەش کە لەشگرانن (لە جەنابەتدان) تا خۆتان دەشۆن، مەگەر رێبوار بن و پێیدا تێپەڕن، یان تا ئەو ساتەی تەیەمموم دەکەن..

ئەم شەرعناسە بەرهەڵستکارانە دەفەرموون: مەبەست لە نوێژ لێرەدا شوێنی نوێژ کردنەکەیە کە مزگەوتە، ئایەتەکەش رێ لە مانەوەی لەشگرانان دەگرێت لە مزگەوت دا بن، مەگەر رێبوار بن..

ئینجا ئەم بەڕێـزانە حـوکمی حـەیزدارو زەیستانیشـیان وەکـو حوکمی لەشگران لێکردووە..

شەرعناسە رێدەرەکانیش دەفەرموون: ئەمـەی ئێـوە یەکێـکە لـە لێـکدانەوەکانی سـەلەف بـۆ ئایەتەکـە، لێـکدانەوەکەی تریـان دەفەرموێ: مەبەست خـودی نوێـژەکەیە نـەک جێـگای نوێـژەکە، کەوابوو حوکمەکـە ئەوەیـە کـە لەشـگران تـوخنی خـودی نوێـژ نەکەوێت نەک شوێنی نوێژ..

بۆ قیاس کردنی حەیزدارو زەیستانیش بە لەشگران، دەفـەرموون لێک ناچن، چـونکە لەشـگران کـاتی غوسـڵ دەرکـردنی لەدەسـت خۆیدایە، بەڵام ئافرەتەکان خـاوەن عـوزرن، چـونکە پابەنـدن بـە ماوەی حەیزو زەیستانیەکەوە، تا لە خوێن پاک نەبنـەوە نـاتوانن غوسڵ دەرکەن. خۆ کە غوسڵیان دەرنەکردووە بە دەست خۆیان نیە.

2 ـ فەرموودەکەی جسرەی کچی دەجاجە خوا لێی رازی بێت کە لـە عائیشەخانەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خـوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (إِنِّي لَا أُحِـلُّ الْمَسْـجِدَ لِحَـائِضٍ وَلَـا جُنُبٍ)[595] واتە: من مزگەوت بۆ حەیزدارو لەشگرانان حەڵاڵ ناکەم..

رێدەران فەرموویانە: فەرموودەکە زەعیفەو نابێـتە بەڵگـە، قسـە لەسەر سەنەدی هەیەو تەنها لە رێی جسرەوە هاتووە، لـە کەسـی ترەوە نەگێڕراوەتەوە..

3 ـ فەرموودەکەی لای ئوم عەتییە خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: (لِتَخْرُجْ الْعَوَاتِقُ وَذَوَاتُ الْخُدُورِ وَالْحُيَّضُ فَيَشْهَدْنَ الْخَيْرَ وَدَعْوَةَ الْمُسْـلِمِينَ

---

595 ئەبوداوود ( 232 ) ، بەیهیقی ( 442/2 ) ، ئیبنو خوزەیمە ( 284/2 ) ، شێخی ئەلبانی لە ارواء ( 193 ) دا دەفەرموێ : زەعیفە ..

وَتَعْتَزِلْ الْحُيَّضُ الْمُصَلَّى)[596] واتە: با کچانی پێگەیشتوو و ژنی بە مێرد و حەیزدارانیش ئامادە بن، با بەشداری خێرو دوعای موسولمانان ببن، بەلام با حەیزدارەکان لە نوێژگاکە کەنارگیر بن.. ئەم شەرعناسە بەڕێزانە دەفەرموون جا کە حەیزدار لە ساحەی نوێژ خوێندن دوورپەرێز بێت، حەتمەن مزگەوت لە پێشترە کە نابێت بچێتە ناویەوە.

ڕێدەران دەفەرموون: مەبەست لە (مُصَلَّى) خودی نوێژەکەیە نەک شوێن نوێژەکە، خۆ هەموویان هەر لە شوێن نوێژەکە بوون، هەموو شوێنێکی سەر زەمینیش بۆ موسولمان شوێن نوێژە، کەوابوو ناشێت مزگەوت لە موسولمان بگیرێت، بە تایبەتی کە لەشگران پیس نیە.. ئەمە جگە لەوەی هەر ئەو فەرموودەیە لە ریوایەتی تری لای موسلیمدا هاتووە کە دەفەرموێ: (فأمَّا الحُيَّضُ فَيَعْتَزِلْنَ الصَّلاةَ) واتە: ئەوانەی لە حەیزدان با توخنی نوێژەکە نەکەونەوە..

4 ـ ئەو فەرموودەیەی کە لای عائیشەخانە خوا لێی رازی بێت، باس لە قژ داهێنانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم وشت دانە دەستی دەکات کە دەفەرموێ: (كَانَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم يُصْغِي إِلَيَّ رَأْسَهُ وَهْوَ مُجَاوِرٌ فِي الْمَسْجِدِ فَأُرَجِّلُهُ وَأَنَا حَائِضٌ)[597] واتە: لەو دیوی مزگەوتەوە سەری لار دەکردەوە بە لامدا و منیش هەرچەندە لە حەیزدابووم، قژم بۆ شانە دەکرد.. بەرهەلستکاران دەفەرموون: ئەگەر جائیز بوایە ئافرەتی حەیزدار بچێتە مزگەوتەوە دەبوو عائیشەخان لەو دیووی مزگەوتەکەوە بوایەو سەری بۆ شانە بکردایە.. بەلام بەرامبەرە ڕێدەرەکانیان دەفەرموون: ئەم بەلگە

596 بوخاری ( 324 ) ، موسلیم ( 890 ) .
597 بوخاري ( 2029 ) .

هێنانەوەیەیان بەم فەرموودەیە مەرج نیە پێکابێتیان، چونکە لەوانەی لەبەر هۆیەکی تر بێت کە عایشەخان نەچۆتە ئەو دیووی مزگەوتەکە، وەک ئەوەی مزگەوتەکە پیاوی لێ بووبێت..

شەرعناسە رێدەرەکان دەفەرموون: قسەمان لەسەر هەموو ئەو بەڵگانە هەیە کە بەرهەڵستکاران هێناویانەتەوە، ئێمە پێمان وایە کە لەشگران و حەیزدارو زەیستان بۆیان هەیە بچنە مزگەوتەوەو تێشیدا بمێننەوە، بە بەڵگەی:

1 ـ ئەسڵ پاکێتیە: مادام بە راشکاوی رێگرتنێکی شەرعی لەبەر دەستدا نیە، کەوابوو دەگەڕێینەوە سەر ئەسڵەکە کە موسوڵمان رێدراوە لە هەر شوێنێکدا بێت ببێت، لە کوێ دەیەوێت نوێژ بکات بۆی هەیە بیکات..

2ـ سەلمێنراوە کە موشریک چوونەتە مزگەوتەوەو پێغەمبەری خواش لە مزگەوتدا بەندی کردوون، لە کاتێکدا خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ فَلاَ يَقْرَبُواْ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هَذَا) التوبة / 28 واتە: موشریکەکان پیسن، با لە دوای ئەمساڵیانەوە نزیک کەعبە نەکەونەوە. خۆ ئەوەش سەلمێنراوە کە موسوڵمان پیس نابێت، چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (إنَّ المؤمِنَ لا يَنْجُسُ)[598] واتە: پاک وبێ خەوشی بۆ خوا، موسوڵمان پیس نابێت. چۆن دەگونجێت رێ بە موشریکی پیس درابێت بچێتە مزگەوتەوەو ئێوە رێی لە موسوڵمانی پاک دەگرن؟! بەرهەڵستکاران

598 رواه الجماعة: بوخاری (1/79 و 80) ، موسلیم (1/282 ژ 115) ، ئەبوداوود (1/52) ، نەسائی (1/145)، ترمزی (1/207 و 208 ژ 121) دەربارەشی دەفەرموێ (حديث حسن صحيح ) ، ئیبنو ماجە (1 / 78 ژ 534) ، ومسند أحمد (2/ 235) .

لە وەڵامی ئەماندا دەفەرموون: هەر شەرع ئەو جیاوازیەی خستۆتە نێوان کافرو موسوڵمانەوەو ئەو دوو حوکمە جیاوازەشی دەرکردووە کە رێی داوە ئەو موشریکانە بچنە مزگەوت و بە پێی بەڵگەی شەرع رێی لە لەشگران و حەیزدارو زەیستان گرتووە!! ئەوانیش لە وەڵامیاندا دەفەرموون: ئاخر بەڵگەکانتان ئەوەندە بەهێز نین حوکمێکی وایان پێ بگۆڕرێت.. ئەگەر دەقەکانتان بسەلمێنن ئێمەش تەسلیمیان دەبین..

3 ـ عائیشە خان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە ئافرەتێکی قولەڕەش کە سەر بە یەکێک لە تیرەکانی عەرەب بوو، ئازادیان کردبوو، کەسی نەبوو، موسوڵمان بووبوو، هەر لە گۆشەیەکی مزگەوتدا دەژیا[599] ..

خۆ ئەمە ئافرەتەو لە مزگەوت ژیاوە، خۆ حەتمەن کەوتۆتە حەیزەوە، بەڵام کەس رێی لێ نەگرتووە..

بەرهەڵستکاران دەفەرموون: ئەو ئافرەتە نەکەسی هەبوو، نە ماڵ و مەنزڵ.. کەوابوو حاڵەتی ناچاریی هەبووە، ناشێت بکرێتە قیاس بۆ کەسانی تر..

4 ـ ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (أَنَّ امْرَأَةً سَوْدَاءَ كَانَتْ تَقُمُّ الْمَسْجِدَ، فَفَقَدَهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَسَأَلَ عَنْهَا بَعْدَ أَيَّامٍ فَقِيلَ لَهُ إِنَّهَا مَاتَتْ قَالَ فَهَلَّا آذَنْتُمُونِي، فَأَتَى قَبْرَهَا فَصَلَّى عَلَيْهَا)[600] واتە: ئافرەتێکی رەش مجێوری مزگەوت بوو، ماوەیەک بوو نەکەوتە

---

599 بوخاری ( 439 ) .

600 بوخاری ( 458 ) ، موسلیم ( 956 ) بەیهیقی ( 48/4 ) زیاتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئافرەت بوو ..

بەرچاوی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، بۆیە پرسیاری دەربارە کرد، ووتیان: کۆچی دوایی کردووە، فەرمووی: ئەدی بۆچی بانگتان نەکردم (بۆ مەراسیمی كفن ودفني)؟ ئیتر چووە سەر گۆڕەکەی و نوێژی لەسەر کرد.. رێدەران دەفەرموون: خۆ ئەم ئافرەتەیان ناچار نەبوو لە مزگەوت بمێنێتەوە؟! بەردەوام سەرپەرشتی مزگەوتەکەی کردووە، بەردەوام لەوێش ماوەتەوە حەتمەن کەوتۆتە حەیزەوەو هەر بەردەوامیش بووە لەسەر کاری خۆی کەسیش داوای لێ نەکرد کەنارگیر بێت و نزیکی مزگەوت نەبێت..

5 ـ ئەوەش سەلمێنراوە کە ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت گەنجێکی بێ ژن و ماڵ بوو، لە مزگەوت دەخەوت! حەتمەن وەکو هەر گەنجێکی تر لەشگران بووەو بەو حاڵەشیەوە لە مزگەوتدا ماوەتەوە..

بەرهەڵستکاران دەفەرموون: نازانین کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بینیبێتی و رێی پێدا بێت!

رێدەران لە وەڵامدا دەفەرموون: ئێ خۆ خوای گەورە دەیبینی..

بەرهەڵستکاران دەفەرموون: خۆ بۆ هەر هەڵەی یاوەرێک وەحی نەهاتۆتە خوارەوە..

6 ـ کە عائیشەخان خوا لێی رازی بێت لە حەجدا کەوتە حەیزەوە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم تەنها رێی تەوافی کەعبەی لێ گرت دەنا مەراسیمەکانی تری خواپەرستی لەگەڵ موسوڵماناندا ئەنجام دا، کەوابوو حەیزدار رێدراوە بچێتە مزگەوت و بمێنێتەوە تێیدا..

بەرهەڵستکاران دەفەرموون: ئەوەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بۆ ئەوە بووە کە عائیشە فێرکات کە دەتوانێت هەموو

خواپەرستیەکانی حەج جگە لە تەوافی کەعبە بکات!! قابیلە رێ بە ئافرەتێکی تری حەیزدار بدرێت کە نوێژەکانی بکات؟!

7 ـ فەرموودەیەکی تر لای عائیشەخان هەیە کە دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (نَاوِلِينِي الْخُمْرَةَ مِنَ الْمَسْجِدِ، فَقُلْتُ إِنِّي حَائِضٌ، فَقَالَ: إِنَّ حَيْضَتَكِ لَيْسَ بِيَدِكِ)[601] واتە: ئەو خومرەیەم[602] بدەرێ کە وا لە مزگەوتە، عائیشە فەرمووی: ئاخر من لە حەیزدام، فەرمووی: حەیزەکەت لە دەست خۆتدا نیە.. ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە خومرەکە لە ناو مزگەوتەکە بووەو عائیشەخان نەیوویستووە بێتە ناو مزگەوتەکەوە بەڵام پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هەر سوور بووە لەسەر ئەوەی کە ئەو بێتە ناو مزگەوتەکەوە ..

بەرهەڵستکاران دەفەرموون: فەرموودەکە بە شێوەی تریش ریوایەت کراوە کە دەفەرموێ: (يَا عَائِشَةُ نَاوِلِينِي الثَّوبَ، فَقَالَتْ : إِنِّي حَائِضٌ، فَقَالَ: إِنَّ حَيْضَتَكِ لَيْسَتْ فِي يَدِكِ)[603] واتە: ئەرێ عائیشە ئادەی ئەو رایەخەم بدەرێ، فەرمووی: من لە حەیزدام، فەرمووی: قەیدی نیە، خۆ حەیزەکەت بە دەست خۆت نیە.. ئەمە روون و ئاشکرایە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە مزگەوتەکەدا بووەو عائیشەخان و رایەخەکە (خومرەکە) لە دەرەوە بووە، بۆیە فەرمانی پێکرد تا بە دەستی خۆی بۆی بهێنێتە ژوورەوە.

---

601 موسلیم ( 298 ) ، ئەبوداوود ( 261 ) ، ترمزی ( 134 ) نەسائی ( 192/2 ) .

602 پارچە قوماشێکی چنراوبووە وەکو بەرماڵ و جاجم .

603 موسلیم ( 299 )، نەسائی ( 192/1 ) .

دوای ئەم رەدو بەدەلەی شەرعناسان وبەلگەکانیان کە زۆر زیاترە لەوەی من لێرەدا هەندێکیانم هێنایەوە، گەیشتمە ئەوەی کە راستە جمهوری شەرعناسان و لە پێشیانەوە پێشەوایانی چوار مەزهەبەکە بۆچوونیان ئەوەیە کە لەشگران و حەیزدارو زەیستان بۆیان نیە لە مزگەوتدا بمێننەوە، بەلام بەلگەی بەرامبەرەکانیان بەهێزترە.. بۆیە پێم وایە لەشگران و حەیزدارو زەیستان بۆیان هەیە لە مزگەوتدا بمێننەوە .. والله اعلم ..

* * *

# باسی نۆیەم

# تەیەممـــوم

# باسی نۆیەم
# تەیەمموم

1ـ پێناسەی تەیەمموم.

2ـ سەعید (صَعید) چیە؟!

3ـ چۆنیەتی تەیەمموم.

4ـ بەتاڵبوونەوەی تەیەمموم.

## باسی نۆیەم
## تەیەممـــوم

**پێناسەی تەیەممومی:** لـە زمانەوانیـدا: تەیـەمموم یـەعنی مەبەسـت و ئاڕاستە دەوترێت: (تَيَمَّمْتُ فلانَاً، وَيَمَّمْتُهُ، وتَأَمَّمْتُهُ، وأَمَّمْتُهُ: أي قَصَدْتُهُ) خـوای گەورە دەفەرموێ: (وَلاَ تَيَمَّمُواْ الْخَبِيثَ مِنْـهُ تُنفِقُـونَ) البقرة/267 واتـە: مەبەستتان دەسخستنی پارەی حەرام نەبێت تا لەویان لـە پێـناوی خوادا ببەخشن.

ـ لە زاراوەییدا: تەیەمموم: بەکارهێنانی سەعیدە (سـەعید (صَعيد): هەموو شتێکی پاکە کە لەسەر رووی زەوی هەیە) لە جیاتی ئاو بـۆ دەسنوێژو غوسڵ تا هەرچی ئەو دوانە رێی پێ دەدەن ئـەمیش رێـی پێ بدات..

**تەیەمموم جائیزە:** شیاوێتی تەیەمموم بە بەڵگەی قورئان و سوننەت و کۆڕایە:

**1 ـ لە قورئاندا هاتووە:** (فإنْ لَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ) المائدة/ 6 واتە: ئەگەر ئاوتـان دەست نەکەوت هەر بەوەی لەسەر زەمیندا بەرز بۆتەوە (لە خاک و خوێ ولم و بەردو قسڵ و هتد) مەسحی دەموچاوو دەستانی پێ بکەن.

**2 ـ لە سوونەتدا:** پێـغەمبەری خـوا صلى الله عليه وسلم دەفـەرموێ: (وَجُعِلَتْ لِي الْأَرْضُ كُلُّهَا لِي وَلِأُمَّتِي مَسْجِدًا وَطَهُورًا فَأَيُّمَا أدْرَكَتْ رَجُلاً مِنْ أُمَّتِي الصَّلَاةُ فَعِنْدَهُ مَسْجِدُهُ وَعِنْدَهُ طُهُورُهُ)[604] واتە: هەموو زەوی بۆ خۆم و ئوممەتەکەم جێ نوێژەو پاکە، هەر کەسێک لـە ئوممەتەکـەم لـە

604 ئەحمەد (222/2). ئیبنوالسەید: حەسەنە (صحيح فقه السنة 1/ 188).

هەر شوێنێک کاتی نوێژی گەیشتێ، ئەوە ئەو شوێنەی مزگەوتەو پاکە. دەتوانێت نوێژەکەی لێ بکات..

* عەمرانی کوڕی حەسسین خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (... وَنُودِيَ بِالصَّلاَةِ فَصَلَّى بِالنَّاسِ، فَلَمَّا انْفَتَلَ مِنْ صَلاَتِهِ إِذَا هُوَ بِرَجُلٍ مُعْتَزِلٍ لَمْ يُصَلِّ مَعَ الْقَوْمِ قَالَ: مَا مَنَعَكَ يَا فُلاَنُ أَنْ تُصَلِّيَ مَعَ الْقَوْمِ؟ قَالَ أَصَابَتْنِي جَنَابَةٌ وَلاَ مَاءَ. قَالَ: عَلَيْكَ بِالصَّعِيدِ، فَإِنَّهُ يَكْفِيكَ)[605] واتە: پاشان کە بانگ درا، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم نوێژەکەی بە ئیمامەت بۆ خەڵکەکە کرد، کە لە نوێژ تەواو بوو، کابرایەکی بینی گۆشەگیرەو لەگەڵ خەڵکەکە نوێژی نەکرد پێی فەرموو: ئەرێ فلان، چی رێی لێ گرتیت تا نوێژەکە لەگەڵ ئەو خەڵکە نەکەیت؟! فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا تووشی لەشگرانی بووبووم وئاوم دەست نەکەوتووە، فەرمووی دەتوانیت سەعید بەکار بهێنیت، ئەویشت بەسە.. دواتر کە ئاویان هێنا، دەفرێکی لێ دایە کابراو فەرمووی: برۆ خۆتی پێ بشۆ..

<u>3 - کۆڕا (ئیجماع)</u>: ئیبنو قودامەی مەقدیسی دەفەرموێ: هەموو ئوممەت لەسەر ئەوە کۆن کە بە شێوەیەکی گشتی تەیەممومی جائیزە[606].

<u>**تەیەمموم لە جیاتی چیە؟**</u>: تەیەمموم لە جیاتی دەسنوێژو غوسڵە، لە کاتێکدایە کە ئاو دەست نەکەوێت یان بەکارهێنانی زەحمەت بێت، ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: ئەمە مەزهەبی ئێمەیەو هەموو شەرعناسان لە یاوەران وتابعین وشەرعناسانی دواتر وایان فەرمووە، جگە لە سەیدنا عومەرو ئیبنومەسعوود خوا لێیان رازی

605 بوخاری ( 348 ) ، موسلیم ( 1535 ) .
606 المغني ( 148/1 ) .

بێت، هەروەها ئیبراهیمی نەخەعی لە تابیعین.. ئەوان پێیان وایە تەیەممومم بۆ غوسڵ دەرکردن ناشێت.. ئیبنوسسەبباغ دەفەرموێ: سەیدنا عومەرو ئیبنومەسعوود لەو بۆچوونەیان گەڕاونەتەوە..

لە بوخاری و موسلیمدا[607] هاتووە کە ئەبو موسای ئەشعەری خوا لێی رازی بێت موناقەشەی سەیدنا ئیبنو مەسعوودی کرد و بەڵگەی ئەو ئایەتەی سەرەوەی بۆ هێنایەوە، بەڵام وا دیارە ئیبنومەسعوود لەسەر رای خۆی مایەوە چونکە وەکو تەبەری ریوایەتی کردووە ئیبنومەسعوود ئایەتی (أَوْ لاَمَسْتُمُ النِّسَاء) المائدة/ 6 واتە: (یان بەر ئافرەت کەوتبوون)ی هەر بە سەرجێیی (جیماع) لێک دەدایەوە[608]..

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: بەڵگەی یاوەرانی ئێمەو جمهور ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێ: (إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ وَإِن كُنتُم مَّرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لاَمَسْتُمُ النِّسَاء فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا) المائدة/6 واتە ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر بۆ نوێژ هەستان با دەموچاوو دەستان تا ئانیشک شتبێ و سەرتان مەسح کردبێ وپێیەکانیشتان تا قولەپێ شتبێت، ئەگەر لەش گران بوون (لە جەنابەتدا بوون) دەبێ خۆتان بە شتنی لەشتان پاک کەنەوە، ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون یان لە دەستبەئاو گەیاندن هاتنەوە یان بەر ئافرەت کەوتبوون و ئاوتان دەس نەکەوت، بە شتی پاکی سەر رووی

607 بوخاری ( 345 ) ، موسلیم ( 796 ) .

608 تفسیر الطبري ( 9583 ) بە سەنەدی سەحیحەوە هێناویێتیەوە ..

زەوی (گڵ یان لم یان بەرد) تەیمموم بكەن.. ئەمە بۆ دەسنوێژو غوسڵیشە[609]..

ـ ئەگەر ئایەتەكە بە بۆچوونی سەیدنا ئیبنومەسعوودو ئیمامی ئەبوحەنیفەو هاورایانیشیان لێكدرێتەوە، كە پێیان وایە ئەو بەركەوتنەی ژنان (أَوْ لامَسْتُمُ النِّسَاء) بریتیە لە سەرجێیی، ئایەتەكە هەر دەبێتە بەڵگەی شیاوێتی تەیەمموم لە جیاتی غوسڵ دەركردن..

كۆمەڵێک بەڵگە هەن كە فەرموودەی سەحیحن و لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم بیستراون، هەموو ئەوە دەسەلمێنن كە تەیەمموم غوسڵیشی پێ دەردەچێت. وەكو فەرموودەكەی لای سەیدنا عەمماری كوڕی یاسر خوا لێیان خۆش بێت كە فەرمووی: (فَأَجْنَبْتُ فَلَمْ أَجد الْمَاءَ فَتَمَرَّغْتُ فِي الصَّعِيدِ كَمَا تَمَرَّغُ الدَّابَّةُ فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ أَنْ تَصْنَعَ هَكَذَا فَضَرَبَ بِكَفِّهِ ضَرْبَةً عَلَى الْأَرْضِ ثُمَّ نَفَضَهَا ثُمَّ مَسَحَ بِهِمَا ظَهْرَ كَفِّهِ بِشِمَالِهِ أَوْ ظَهْرَ شِمَالِهِ بِكَفِّهِ ثُمَّ مَسَحَ بِهِمَا وَجْهَهُ)[610] واتە: لەشگران بووم، ئاوم دەست نەكەوت، ئیتر خۆم لە خۆڵەكە وەردا، وەكو كە ئاژەڵ خۆی لە خۆڵ دەگەوزێنێت، كە بۆ پێغەمبەری خوام باس كرد، فەرمووی: هەر ئاوات بەس بوو، هەردوو دەستی دا بە زەویداو پاشان تەكاندی، ئینجا پشتە دەستی پێ مەسح كرد یان پشتە دەستی چەپی پێ مەسح كرد، ئینجا مەسحی دەموچاوی كرد..

ـ **<u>ئەگەر ئاو نەبوو تەیەمموم بۆ مردوو دەكرێت؟!</u>** بەڵێ، ئەگەر ئاو نەبوو تەیەمموم بۆ مردوو دەكرێت، وەكو كە بۆ زیندوو دەكرێت، چونكە

---

609 المجموع ( 240/2 ) .
610 بوخاری ( 338 ) ، موسلیم ( 798 ) .

شتنی مردوو فەرزە، سەعیدیش پاک و پاک کەرەوەیە، ئەگـەر ئـاو دەست نەکەوت سەعید بەکار دێت بۆی.. راجوێیی لەوەدا نیە[611] کـە غوسڵ دەرکردن بە ئاو بێت یان بە تەیەمموم پاک بوونەوەیە، ئـەم پاک بوونەوە بە تەیەممومەش بۆ هەموو پاکژییەکە کە واجب بێت..

**لە دوو حاڵەتدا تەیەمموم جائیزە:**

یەکەم: کە ئاو دەست نەکەوێت، لە سەفەر بێت یان لە نیشتەجێیی.

دووەم: کاتێک ئاو هەبێت بەڵام بەکارهێنانی زەحمەت بێت. ئەمەش چەندین حاڵەتی تری هەیە کە باسیان دێت.. ان شاء الله:

ئەو سەفەرەی کە تەیەممومی تێدا بـۆ گەشـتیار جـائیز دەبێـت، مەرج نیە درێژ بێت:

ئەگەر گەشتیارێک ئاوی دەست نەکـەوت و وویسـتی تەیـەمموم بکات، گەشتەکەی درێژ بێت یان کورت، بۆی هەیـە بیکـات، چـونکە ئەو پێناسەی سەفەرەی بەسەردا بڕاوە کە ئایەتەکـە ئامـاژەی بـۆ دەکات . ئەمەش راسترین بۆچوونی شەرعناسانە.. بەڵگەشیان:

1 ـ عائیشەخان دەفەرموێ: (كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي سَفَرٍ حَتَّى إِذَا كُنَّا بِالْبَيْدَاءِ أَوْ بِذَاتِ الْجَيْشِ انْقَطَعَ عِقْدٌ لِي، قَامَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى الْتِمَاسِهِ، وَأَقَامَ النَّاسُ مَعَهُ، وَلَيْسُوا عَلَى مَاءٍ وَلَيْسَ عِنْدَهُمْ مَاءٌ، فَأَتَى النَّاسُ أَبَا بَكْرٍ، فَقَالُوا: أَلا تَرَى إِلَى عَائِشَةَ حَبَسَتِ النَّاسَ عَلَى غَيْرِ مَاءٍ، فَجَاءَ أَبُو بَكْرٍ وَقَالَ: مَا شَاءَ اللَّهُ، ثُمَّ طَعَنَ بِيَدِهِ عَلَى خَاصِرَتِي فَمَا مَنَعَنِي مِنَ التَّحَرُّكِ إِلا أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ وَاضِعًا رَأْسَهُ عَلَى فَخِذِي فَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَتَّى أَصْبَحَ عَلَى غَيْرِ مَاءٍ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ آيَةَ التَّيَمُّمِ فَبَعَثْتُ الْبَعِيرَ الَّذِي كُنْتُ عَلَيْهِ، فَوَجَدْنَا

611 المغني ( 148/1 ) ، المحلى ( 116/2 ) .

الْعِقْدَ تَحْتَهُ)[612] واتە: لە سەفەرێكدا، لە خزمـەت پێـغەمبەری خـوادا بووین صلى الله عليه وسلم، لەو دەشتە ملوانكەیەكم لێ پسا، (یـان لـە گەردنم داكەوت) پێـغەمبەری خـوا صلى الله عليه وسلم بـۆی دەگـەڕاو خەڵكیش لە خزمەتیدا دەگەڕان، نـە ئاویـان دەسـت دەكـەوت، نـە لاشیان بوو، خەڵكەكە (بـۆ گلـەیی) هاتنـە لای ئەبوبـەكر (بـاوكی خاتوو عائیشە) پێیان دەووت: نابینیت چۆن عائیشە ئەو خەڵكـەی بەم بێ ئاویە مەحتەل كرد؟! ئەبوبەكریش هاتە لامەوەو فـەرمووی: ماشەڵڵا، سیخورمەیەكی لە كەللەكەم كوتا، نەمتوانی هیچ بجووڵێم چونكە سەری پێغەمبەری خـوا صلى الله عليه وسلم لەسـەر رانم بـوو، دواتر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەو بێ ئاویەدا هەستا هەر لـەوێ خوای گەورە ئایەتی تەیەمومی نارده خـوارەوە، ئیتـر نـاردم بـە شوێن ئـەو حوشـترەدا كـە سـواری بووبـووم، كـە هەڵیانسـاند، ملوانكەكەم لەژێر ئەودا بوو! مەبەستی ئایەتی شەشەمی مائیدەیە.

2 ـ لە ئیبنوعومەرەوە خوا لێیان رازی بێت گێـڕراوەتەوە كـە لـە جورفەوە (ئیمامی شافیعی دەفەرموێ: ناوچەیەكە نزیكی مەدینەیە) بۆ مەدینە هاتۆتەوە، لـە ناوچـەی میربـەد تەیـەمومی كـردووە، دەموچاوو دەستی پێ مەسح كردووەو نوێژی عەسـرەكەی كـردووە، كـە گەیشـتۆتەوە مەدینـە هێشـتا خـۆر بڵنـدبووەو نوێژەكەشـی نەكردۆتەوە. یەعنی رۆژ ئاوا نەبووەو كاتی نوێـژی عەسـر مـاوە، بەڵام ئەو نەیكردۆتەوە[613].

---

612 بوخاری ( 334 ) ، موسلیم ( 764 ) .

613 ئیمامی مالیك لە : الطهارة ( ل 73 ) ، بەیهیقی ( 224/1 )

كەمال ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة (1/ 191)دا دەفەرموێ : إسناده صحيح .

**مەرج نیە سەفەری تەیەممووم خواز سەفەری خواپەرستی بێت:** تەیەمموم ، پەیوەندی بە سەفەرەوە نیە کە ئایا بۆ خواپەرستیە یان بۆ گوناح و تاوان. چونکە تەیەمموم عەزیمەتەو وەکو مۆڵەتەکان نیە موسوڵمان تێیدا سەرپشک بێت، تەیەمموم حوکمێکی شەرعیەو پەیوەندی بە سەفەرو نەبوونی ئاوەوە هەیە، ئەم حوکمە وەکو حوکمی مەسح وایە، پەیوەستە بە خودی سەفەرو بێ ئاویەوە، پەیوەندی بە هۆکارو پاڵنەری سەفەرەکەوە نیە کە بۆ خواپەرستیە یان بۆ ئەنجامدانی تاوان[614]. کابرا لە هەر جۆرە سەفەرێک بێت فەرزی نوێژی لەسەر لا ناچێت، نوێژەکەشی بێ دەسنوێژ نابێت، تەیەمموومیش لە جیاتی دەسنوێژەکەیەتی، کەوابوو تەیەممومەکەی مەرجە بۆ ئەنجامدانی مەرج بۆ دانراوەکەی کە نوێژەکەیە..

**ئەو کەسەی ئاوی پێیە بەڵام بەشی دەسنوێژەکەی ناکات:** شەرعناسان لە حوکمی ئەم حاڵەتەدا دوو پۆلە بۆچوونن :

**پۆلی یەکەم: ئەوەندەی بەشی دەکات دەیشوات و تەیەمموم بۆ ئەوانی تری دەکات:**

ئەمە قەولێکی ئیمامی شافیعی و بۆچوونی ئیمامی ئەحمەدەو رای ئیبنوحەزمیش وایە ، بەڵگەشیان:

1 ـ خوای گەورە دەفەرموێ: (فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ) التغابن / 16 واتە: ئەوەندەی دەتوانن تەقوا زیاتر بکەن.

2 ـ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (إِذَا أَمَرْتُكُمْ بِأَمْرٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ)[615] واتە: هەر فەرمانێکم پێکردن، ئەوەندەی دەتوانن بیکەن..

---

614 المغني ( 148/1 ) ، المحلى ( 116/2 ) .
615 بوخاری ( 7288 ) ، موسلیم ( 3199 )

ئیبنوحەزم دەفەرموێ: ئەوەندەی لـە توانـادا هەیـە.. هەندێـک ئەندامی دەسنوێژ یان غوسڵی پـێ دەشۆرێـت و ئـەوانی تـری پـێ ناشۆرێت، هەرچیەکی نەتوانی تەیەممومیان بۆ دەکات، مادام ئاوی دەست ناکەوێت بیانشوات پێی ئەوە بە گڵەکە تەواوی دەکات[616]..

**پۆلی دووەم: __هەر لەسەرەتاوە تەیەممومم دەکات__**: ئەمە مەزهەبی ئیمامی ئەبو حەنیفەو مالیک وئەحمەدو قەولێکی ئیمامی شـافیعیە و کۆمەڵێـک لە شەرعناسانی سـەلەفیش وای بـۆ چـوون[617].. ئـەم شەرعناسـە بەڕێزانە دەفەرموون: نابێت بەشێکی دەسنوێژەکە بە ئاو بگرێـت و بەشەکەی تری بە گڵ.. بەڵام ئیبنولمونزیر ڕەدی ئەمەی داوەتـەوەو دەفەرموێ: کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ﴾ واتە: ئەگەر لەش گران بوون (لە جەنابەتدا بوون) خۆتان پاک کەنـەوە.. سەرەتا ئەوەی فەرز کردووە کە دەبێت بە ئـاو خـۆ پـاک کەنـەوە، ئەگەر ئاویان دەست نەکەوت ئینجا تەیەمموم بکەن.. ئـەو کەسـەی زیهاری کردووە، خوای گەورە ئازاد کردنی کۆیلەیەکی لەسەر فـەرز کردووە، ئەگەر نەیبوو ئەوجا دەبێت دوو مانگ بەرۆژوو بێت، ئـەو کەسەی کە پارەی هەیە بەڵام بەشی کڕینی کۆیلەیـەک ناکـات، لـە حوکمی ئەوەدایە نیەتی بۆیە حوکمی رۆژوو گرتنەکـەی دەکەوێـتە سەر.. ئێ ئەمەش هەر وایـە، ئـەو کەسـەی ئـاوی تـەواوی لا نیـە دەسنوێژ یان غوسڵی پێ دەرکات، لە حوکمی ئەو کەسەدایە کە ئاوی لا نیە، بۆیە دەبێت تەیـەممومم بکـات.. ئـەوی لـە حەجـەو پـارەی قوربانیەکی بە تەواوی پێ نیـە، یـان ئـەو کەسـەی سوێـندی لـێ کەوتووەو پارەی تەواوی پـێ نیـە بیداتـە دە هـەژار.. هـەموو لـە

---

616 المحلى ( 137/2 ) .
617 المجموع ( 213/2 ) ، مجموع الفتاوى ( 453/21 ) .

حوکمی نەداریدان.. ئەمما دوو فەرزیان بەسەردا بدرێت (لێرەدا ئاوو تەیەمموم) ئەوە جائیز نیە[618]..

پێم وایە کە مادام ئاوی تەواوی بۆ دەسنوێژ یان غوسڵ لا نیە، تەنها تەیەمموم دەکات.. واللە اعلم .

**ئەو کەسەی ئاوی لایە بەڵام دەترسێت دوایی خۆی یان هاورێکەی یان ئاژەڵەکەی تینووی بێت** ئیبنولمونزیر دەفەرموێ: هەموو ئەو زاناو شەرعناسانەی زانستیمان لێ وەرگرتوون فەرموویانە: هەر کەسێک لە سەفەردابوو، ئاوی کەمی پێ بوو، لەوە دەترسا ئەگەر بۆ دەسنوێژ یان غوسڵ بەکاری بهێنێت دوایی تینووی ببێت، ئاوەکە هەڵدەگرێت و تەیەمموم دەکات[619].

ئیبنوقودامەش دەفەرموێ: ئەو کەسەی لە تینووبوونی مەڕو ماڵاتەکەی دەترسێت، یان دەترسێت سامانەکەی بدزرێت، وەک ئەوەی دەترسێت ئەگەر بچێتە سەر کانیاوێک دزو جەردە سامانەکەی بدزن، یان درندەیەک پەلاماری خۆی یان ماڵاتەکەی بدات یان سامانەکەی بفەوتێنێت، یان تینویەکی لەگەڵدایەو دەترسێت تینی بۆ بێت، دەتوانێت ئاو بۆ دەسنوێژو غوسڵی بەکار نەهێنێت وتەیەمموم بکات[620].

.........................

618 ابن المنذر : الاوسط ( 34/2 ) .
619 ابن المنذر : الاوسط ( 28/2 ) .
620 المغني ( 165/1 ) ، المجموع ( 281/2 ) .

**مەتەڵێکی شەرعی**

**ئەگەر مردوویەك و لەشگرانێك و حەیزدارێك و جەستە پیسێك لە شوێنێك بـوون ، ئاوێکی کەمیان پێبوو، دەدرێت بە کامیان ؟!**

1 ـ جمهوری شەرعناسان دەفـەرموون:[621] ئەگـەر ئاوەکـە مـوڵکی یەکێکیان بێت، ئەوە ئەو شایانترە بەکاری بهێنێت.

2 ـ ئەگەر مافی بەکارهێنانی ئاوەکە بۆ هەموان وەکو یەک بێت:

ا ـ ئیمـامی شـافیعی وئیمـامی ئەحمـەد دەفـەرموون: مردووەکـە شایانترە زووتر بۆی بەکار بهێنرێت، لەبەر دوو هۆ:

ـ مردووەکە کۆتایی بە تەمەنی دنیای هاتووەو باشترین پاکژیی بۆ ئەو دیاری کراوە، زیندووەکانیش ئاو هەر دەدۆزنەوە.

ـ مەبەست لە شتنی مردوو پاک کردنەوەیەتی لە پیسی، ئەوەش بە تەیـەممموم نایاتـە دی، پاکـژی زینـدووەکان شتێـکی واتـایی (مەعنەویی)یەو بە تەیەممومەکە دێتە دی..

ب ـ ئەوی پیسیی پێوەیە شایانترە ئاوەکە بەکار بهێنێـت وەک لـە لەشگرانەکە، ئەمە رای شافیعی وحەنبەلییـە[622]. ئیمـامی نـەوەوی دەفەرموێ: چونکە چارێکی تری غەیری لابردنی پیسیەکەی نیە.

ج ـ حەیزدارەکەش شایانترە وەک لە لەشگرانەکە، چـونکە ئـەرکی لەشگرانی ئەم قورسترە، ئەم مافی خوای گەورەی وەکو لەشگرانەکە کەوتۆتـە سـەر، مافێـکی زیـادەی تریشـی لەسـەرە کـە مـافی مێردەکەیەتی بێتە لای.. بۆیە دەبێت زووتر پاک ببێتەوە..

ئەمـە بـە گشـتی رای شـافیعی وحەنبەلیەکانـە، هەرچـەندە شافیعیەکان لە ناو خۆیاندا رای تریشـیان هەیـە کـە دەفـەرموێ:

---

621 النووي : المجموع ( 316/2 ) ، ابن قدامة : المغني ( 170/1 ) .
622 النووي : المجموع ( 171/1 ) ، ابن قدامة : المغني ( 319/2 ) .

هەموویان وەکو یەک خاوەن مافن لەبەکار هێنانی ئاوەکەدا بۆیە دەبێت قورعەیان بۆ بکرێت، هەر کەس ناوی دەرچوو ئەوە شایانترە ئاوەکە بەکار بهێنێت[623] !!

بەڕاستی ئەمەیان سەیرە، چۆن ئەو هەنجەتە بەهێزەی یەکەمی ئیمامی شافیعی و ئیمامی ئەحمەدی پێ دەگۆڕرێت؟!

د ـ ئەگەر بێ دەسنوێژو لەشگرانێک کەوتنە یەک، ئەگەر ئاوەکە بەشی غوسڵ دەرکردنی دەکرد، ئەوە لەشگرانەکە شایانترە بەکاری بهێنێت، ئەگەر نا، ئەوە بۆ دەسنوێژی کەسی دووەمە[624]..

هـ ـ ئەگەر مردوویەک وکەسێکی تر هەبوو کە پیسیی بە جەستەیەوە هەبێت، ئەمە راجوێیی زیاتری لەسەرە[625]، بەلام ئەوانەی کە مردوویان لەپێشتر داناوە، مردووەکەیان بە شایانتر داناوە کە ئاوەکەی بۆ بەکار بێت، ئەوانەی لابردنی پیسییان بەلاوە پێویسترە ئەمیان لە مردووەکە لە پێشتر داناوە کە ئاوەکە بەکار بهێنێت و پیسی جەستەی پێ لابدات..

### تەیەمومی نەخۆشیی سەخت

جمهوری شەرعناسان (ئیمامی ئەبو حەنیفەو شافیعی و ئەحمەدو ئیبنو حەزم و هەندێکی تر) فەرموویانە: هەر نەخۆشێک ترسا لەوەی ئاو بەکار بهێنێت تووشی دەردەداریی دەکات، بۆی هەیە ئاو بەکار نەهێنێت و تەیەممومم بکات، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَإِن كُنتُم مَّرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لامَسْتُمُ النِّسَاء فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا) المائدة/ 6 واتە : ئەگەر نەخۆش

623 النووي : المجموع ( 171/1 ) ، ابن قدامة : المغني ( 319/2 ) .

624 هەمان سەرچاوەو جێی .

625 هەمان سەرچاوەو جێی .

بوون یان لە سەفەردا بوون یان لە دەست بەئاو گەیاندن هاتنەوە یان بەر ئافرەت کەوتبوون و ئاوتان دەس نەکەوت، بە شتی پاکی سەر رووی زەوی (گڵ یان لم یان بەرد) تەیمموم بکەن..

موجاهید لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا دەفەرموێ: ئەمە بۆ ئەو نەخۆشانەیە کە تووشی لەشگرانی دێن و ناوێرن ئاو بۆ غوسڵ دەرکردنیان بەکار بهێنن بۆیە رێی تەیەممومەکەیان بۆ کراوەتەوە، ئەم نەخۆشانە هەر وەکو ئەو گەشتیارانەن کە ئاویان دەست ناکەوێت[626]. بەڵام عەتائی کوڕی ئەبو رەباح وحەسەنی بەسری رێیان لە نەخۆش گرتووە کە تەیەممومم بکات[627] مەگەر ئاوی دەست نەکەوێت. فەرموویانە چونکە زاهیری ئایەتەکە دەفەرموێ: ئەگەر ئاوتان دەست نەکەوت.. بەڵام ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ: ئەمە بەڵگەی ئێمەیە نەک هی ئەوان، چونکە مانای ئایەتەکە دەبێتە: ئەگەر نەخۆش بوون و لە تواناتاندا نەبوو، یان ترسان لەبەرکار هێنانی ئاو، یان ئەگەر لە سەفەردا بوون و ئاوتان دەست نەکەوت، تەیەمموم بکەن[628]..

**ئەگەر نەخۆش ترسا کە بە بەکارهێنانی ئاو نەخۆشیەکەی زیاتر دەکات یان چاك بوونەوەی دوا دەخات ، ئایا بۆی هەیە تەیەمموم بکات؟!** جمهوری پێشەوایان وەکو ئیمامی ئەبو حەنیفەو مالیک و قەولێکی ئیمامی شافیعی و ئیبنوحەزم دەفەرموون: مەرج نیە نەخۆش تا نەگاتە مەترسی مەرگ بۆی نەبێت تەیەمموم بکات، نا، ئەگەر مەترسی ئەوەی هەبوو کە

---

626 کەمال ئیبنو السەید لە صحیح فقه السنة (1/ 194)دا لە : المصنفی عبدالرزاقەوە وەریگرتووەو دەفەرموێ : سەحیحە .

627 عبدالرزاق : المصنف ( 861 ) بە سەنەدی سەحیحەوە ..

628 النووي : المجموع ( 330/2 ) .

ئاوبەکارهێنان نەخۆشیەکەی زیاتر دەکات یان چاکبوونەوەی دوا دەخات، بۆی هەیە تەیەمموم بکات، چونکە مانای ئایەتەکە گشتییە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ البقرة / 187 واتە: خوای گەورە دەیەوێت ئاسانکاریتان بۆ بکات نەک سەختگیریی..

ئیبنوحەزم دەفەرموێ: بەوەندی بترسێت لەوەی نەخۆشیەکەی پێ زیاتر ببێت، ئەمە سەختگیریی و نارەحەتییە[629].

ئەوی زامدارە چی دەکات؟ ئیمامی ئەبو حەنیفەو مالیک دەفەرموون: ئەگەر زام (برین)ەکە زۆرینەی لەشی گرتبۆوە، خۆی تەڕ ناکات و تەیەمموم دەکات، ئەگەر زۆرینەی لەشی ساغ بوو ئەو شوێنانە دەشوات کە ساغن، جێ زامەکانیش واز لێ دەهێنێت[630]! ئیمامی شافیعی و ئەحمەد دەفەرموون: ئەو شوێنانەی ساغن دەیانشوات و تەیەممومیش بۆ ئەو شوێنانەی دەکات کە زامدارن و نایانشوات.. ئەمە پەسەندترین رای لای ئیبنوتەیمییەشە[631]..

پێشتر باسمان لەم دوو بۆچوونە کردو ووتیشمان کە بۆچوونی یەکەم بەهێزترە، بە تایبەتی کە بەڵگەیەکی وا لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم نەگەیشتووە رای دووەمی پێ پەسەندتر بکرێت.. ئەوانەی کە ریوایەت کراون و کراونەتە بەڵگە پێدەچێت زەعیف بن و نەشێن بۆ دەرکردنی حوکمی شەرعی لە خواپەرستیدا، وەکو:

---

629 المبسوط (121/1) ، المجموع (331/2) ، المحلى (116/2)، الاوسط (26/2) ، مجموع الفتاوى ( 399/21 ) .

630 المبسوط ( 112/1 ) ، المجموع ( 333/2 ) .

631 المجموع ( 162/1 ) ، المغني ( 162/1 )، مجموع الفتاوى (466/21) .

1 ـ سەیدنا جابر دەفەرموێ: (خَرَجْنَا فِي سَفَرٍ فَأَصَابَ رَجُلًا مِنَّا حَجَرٌ ، فَشَجَّهُ فِي رَأْسِهِ، ثُمَّ احْتَلَمَ، فَسَأَلَ أَصْحَابَهُ فَقَالَ: هَلْ تَجِدُونَ لِي رُخْصَةً فِي التَّيَمُّمِ؟ قَالُوا: مَا نَجِدُ لَكَ رُخْصَةً، وَأَنْتَ تَقْدِرُ عَلَى الْمَاءِ، فَاغْتَسَلَ، فَمَاتَ، فَلَمَّا قَدِمْنَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ أُخْبِرَ بِذَلِكَ، فَقَالَ: قَتَلُوهُ قَتَلَهُمُ اللَّهُ أَلَا سَأَلُوا إِذَا لَمْ يَعْلَمُوا؟ فَإِنَّمَا شِفَاءُ الْعِيِّ السُّؤَالُ إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيهِ أَنْ يَتَيَمَّمَ (وَيَعْصِرَ – أَوْ يَعْصِبَ – عَلَى جُرْحِهِ خِرْقَةً ثُمَّ يَمْسَحُ عَلَيْهَا، وَيَغْسِلُ سَائِرَ جَسَدِهِ)[632] واتە: لە سەفەرێکدابووین، کابرایەکمان بەردێکی بەر سەری کەوت و درزی تێکرد، پاشان کە خەوت، خەونی بینیبوو، بە لەشگرانی هەستا، لە هاوڕێکانی پرسی: وا دەزانن مۆڵەتی تەیەممومم هەبێت؟ ووتیان: نا چونکە توانای بەکارهێنانی ئاوت هەیە، غوسڵی بە ئاو دەرکردو مرد! کە هاتینەوە خزمەت پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم و هەواڵەکەیان دایێ، فەرمووی: کوشتیان خوا بیانکوژێت، ئاخر باشە بۆچی پرسیارێکیان نەکرد؟ مەگەر نازانن کە چارەسەری نەزانین پرسیار کردنە؟ تەیەممومی بکردایە بەس بوو. لە ریوایەتێکی تردا: پارچە پەڕۆیەکی بە برینەکەیەوە ببەستایەو مەسحی سەرەوەی دەکردو باقی شوێنەکانی تری جەستەی دەشت..

ئیمامی بەیهیقی و ئیبنوحەزم و فەرموودەوانانی تر فەرموودەکە بە زەعیف دەناسێنن..

---

632 ئەبوداوود (336)، دارەقوتنی (1/190)، بەیهیقی (1/237)، فەرموویانە سەنەدی مونقەتیعە، واتە: پسان لە زنجیرەی سەنەدیدا هەیە، ئەمە مورسەل و موعەززەل و موعەللەق نیە (بڕوانە: محمود الطحان : تیسیر مصطلح الحدیث ل 77) . هەرچەندە ئەلبانیش لە رێی ئیبنوعەبباسەوە لای ئەبوداوود (337) و لای ئیبنوماجە (572) بە حەسەنی داناوە بەڵام دیارە لای ئەوانی تر مونقەتیعە..

2 ـ لە ئیبنوعومەرەوە خوا لێیان رازی بێت هاتووە کە فەرموویەتی ئەگەر هیچ بەسەر برینەکەیەوە نەبوو (نەبەسترابوو) ئەملاولاکەی دەشوات و بەس[633]..

3 ـ ریوایەتی سەحیح هەیە کە دەربارەی کابرایەکیان لە عوبەیدی کوڕی عومەیر پرسیبوو کە برینی پێوەیەو تووشی لەشگرانی هاتووە؟ فەرموویەتی: دەوروبەری برینەکەی بشوات و ئاو نزیکی برینەکەی نەکاتەوە[634]..

ئەمەش نزیکە لە بۆچوونەکەی ئیمامی ئەبوحەنیفەو ئیمامی مالیک کە پێمان پەسەندتر بوو..

**ئایا کەسێك لەبەر سەرما نەوێرێت ئاو بەکار بهێنێت تەیەممومم دەکات؟!**: بەڵێ، ئەو کەسەی لە ترسی سەرما ناوێرێت ئاو بەکار بهێنێت، دەتوانێت تەیەممومم بکات، ئەمەش بۆچوونی جمهوری شەرعناسانە، بەڵگەشیان ئەوەیە کە:

1 ـ خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا) النساء / 29 واتە: خۆتان مەکوژن، خوا بەرامبەرتان بە بەزەییە..

2 ـ عەمری کوڕی عاس خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە ئەو کاتەی لە غەزای زاتوسسەلاسلدا کرابووە ئەمیری جەنگاوەران، شەوەکەی زۆر ساردبووەو شەو خەوی دیووەو بۆ بەیانی لەشگران بووە، دەفەرموێ: بەزەییم بە خۆمدا هاتەوە، ووتم: غوسڵ دەرکەم دەمرم، ئیتر تەیەممومم کردو پێش نوێژی بەیانیم بە یاوەرانم کرد، کە هاتینەوە خزمەت پێغەمبەری خوا و بۆیان گێڕایەوە، فەرمووی :

---

633 بەیهیقی ( 228/1 ) ،
کەمال ئیبنو السەید لە صحیح فقه السنة (1/ 195)دا دەفەرموێ : زەعیفە .
634 عبدالرزاق : المصنف ( 865 ) سەحیحە ..

ها، عەمر، ئەوە بە لەشی گرانەوە پێش نوێژیت بۆ یاوەرانت کـرد؟! عەرزم کرد: ئەی پێـغەمبەری خـوا صلى الله عليه وسلم ئـەو ئایەتـەم کەوتەوە یاد کە خوای گەورە تێیدا دەفـەرموێ: (وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا) ئیتر منیش تەیەممومم کردو نوێژەکەم بۆ کردن.. ئیتر پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم پێکەنی و هیچی نەفەرموو[635]..

هەرچـەندە فەرموودەکـە لـە رووی سـەنەدو دەقیـەوە قسـەی فەرموودەوانانی لەسەرە، بەڵام لەگەڵ رێسـا گشـتیەکانی شـەرعدا سازاوە، خوای پەروەردگاریش دوای باسی تەیەممومم دەفەرموێ: (مَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ) المائدة/ 6 واتە: خوای گەورە نایەوێـت هیچ سەختی وگرێ وگۆڵییەکتان لە دینداریدا بهێنێـتە رێ.. واتـە: تەیەمموم دانراوە تا نارەحەتیتان لە خواپەرستیدا نەیاتە رێ.. ئاو بەکارهێنانتان لە کاتی سـەرماو سـۆڵەدا بـۆ دەسنوێـژو غوسـڵ دەکردن بێ گومان مایەی نارەحەتیە، بۆیە دەتوانن تەیەمموم کەن ..

بەڵام گومـان لـەوەدا نیـە کـە کاتێـک تەیـەمموم جـائیزە کـە نەتوانرێت ئاو گەرم بکرێت و بەکار بهێنرێت..

**ئەگەر نوێژ کاتێکی کەمی مابوو بۆ بەکارهێنانی ئاو نەدەبوو تەیەمموم بکات؟**

بۆچوونی شەرعناسان لەم حوکمەدا دوو پۆلە :

**پۆلی یەکەم: نابێت تەیـەمموم بکـات ئەگەرچـی نوێژەکەشـی بچێـت**: ئەمـەش بۆچوونی شافیعیەکان وحەنبەلیەکان وئیمـامی ئـەبو یوسـفە[636] . بەڵگەشیان:

635 ئەبوداوود (334)، ئەحمەد (203/4)، بەیهیقی (225/1)، سەنەدو دەقی بە زەعیف داناوە بەڵام شێخی ئەلبانی لە الارواء (182/1) دا بە سەحیحی داناوە ..

636 ابن قدامة : المغني ( 166/1 ) ، النووي : المجموع ( 280/2 ) ، ابن المنذر : الاستذكار (171/3) ، الالباني : تمام المنة ( ل 132 ) .

1 ـ خـوای گـەورە نـەبوونی ئـاوی کردۆتـە مـەرجی جائیزێـتی تەیەمموم. بۆیە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَـى الصَّـلاةِ فَاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ ..فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ) المائدة/ 6 واتـە : ئـەی ئـەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر بۆ نوێژ هەستان با دەموچـاوتان شتبێت، ئەگەر لەش گران بوون (لە جەنابەتدا بوون) دەبێ خۆتـان بە شتنی لەشتان پاک کەنەوە.. ئەگەر ئاوتـان دەس نەکـەوت، بـە شتی پاکی سەر رووی زەوی (گڵ یان لم یان بەرد) تەیەمموم بکەن..

2 ـ فەرموودە مەرفووعەکەی لای ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێـت کە دەفەرموێ: (لا يَقْبَلُ اللهُ صَلاةَ أحَدِكُمْ إذَا أحْدَثَ حَتَّى يَتَوَضَّأَ)[637] واتە: خوای گەورە نوێژی ئەو کەسە قبووڵ ناکات کە دەسنوێژی دەشکێت تا دەسنوێژ نەگرێتەوە..

3 ـ فەرموودە مەرفووعەکەی لای ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێـت کە دەفەرموێ: (لا تُقْبَلُ الصَّلاةُ بِغَيرِ طُهُورٍ)[638] واتە نوێـژی بـێ دەسـت نوێژ قبووڵ نابێت.

<u>**پۆلی دووەم: دەبێت تەیەمموم بکـات و نوێـژەکەی فریاخـات پێـش بەسەرچـوونی کاتەکە**</u>: ئەمەش بۆچوونی ئەهلی رەئی وئـەوزاعی ومالیـک وئیبنـو حەزمەو ئیبنوتەیمییەش بە پەسەندتری زانیووە[639].. بەڵگەشیان:

1 ـ ئەبو جوهەیمی ئەنساری خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (أَقْبَـلَ رَسُولُ اللَّهِ – صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ – مِنْ نَحْوِ بِئْرِ جَمَلٍ، فَلَقِيَهُ رَجُلٌ فَسَـلَّمَ

---

637 متفق علیه بوخاری ( 135 ) ، موسلیم ( 225 ) .

638 موسلیم ( 224 ) ، ترمزی ( 1 ) ، ئیبنوماجە ( 272 ) . .

639 639 ابن قدامة : المغني ( 166/1 ) ، ابن حزم : المحلى ( 117/2 ) ، ابن تيمية : مجموع الفتاوى ( 439/21 ، 456 ) ، ابن المنذر : الاوسط ( 30/2 ) ..

عَلَيْهِ ، فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْهِ السَّلَامَ حَتَّى أَقْبَلَ عَلَى الْجِدَارِ، فَمَسَحَ بِوَجْهِهِ وَيَدَيْهِ، ثُمَّ إِنَّهُ رَدَّ عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ السَّلَامَ)[640] واتە: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە لای (بیری ووشتر) ەوە دەهاتەوە، کابرایەکی موسوڵمانی پێ گەیشت، سڵاوی لێ کرد، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وەڵامی نەدایەوە، رۆیشت تا گەیشتە دیوارێک مەسحی دەموچاوو دەستی کرد و پاشان سەلامی خوای لێ بێت وەڵامی سەلامەکەی دایەوە..

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نابێت فەرز دواخرێت، بەڵکو دەبێت خێرا تەیەمومی بۆ بکرێت، نەبادا کاتەکەی بەسەر چێت..

2 ـ ئیبنو عەبدالبەڕ دەفەرموێ: ئەو کەسەی نەخۆشە یان لە سەفەردایە بە پێی دەق تەیەمموم دەکات، ئەو کەسەی کە ساغ و سەلیمە بە حوکمی ماناکە.. والله تعالى اعلم[641]..

پێم وایە هەر کاتێک ترسی نەمانی کاتی پەرستنێکی هەبوو تەیەمموم بکات راستترە وەک نەکردن و فەوتاندنیان .. والله اعلم .

**لەخەو هەستاوەو کاتی نوێژ کەمی ماوە، ئایا تەیەمموم بکات و نوێژەکەی فریاخات ؟!** ئەمیش وەکو مەسەلەی پێشوو دوو بۆچوونی جیاوازی لەسەر هەیە[642]:

**یەکەم : تەیەمموم بکات و خێرا نوێژەکەی فریاخات:** ئەمەش بۆچوونی ئیمامی مالیک و ئەوزاعی وسەوری و ئیبنوحەزمە.

**دووەم : غوسڵ دەرکات و نوێژەکەی بکات با کاتەکەش بەسەر بچێت** : ئەمەش بۆچوونی جمهوری شەرعناسانە، رای ئیمامی ئەبوحەنیفەو شافیعی و ئەحمەدو قەولێکی ئیمامی مالیکە و ئیبنوتەیمییەش بە

---

640 بوخاری ( 337 ) ، موسلیم ( 800 ) .
641 ابن عبدالبر : الاستذکار ( 171/3 ) .
642 الاوسط ( 30/2 ) ، المحلی ( 117/2 ) ، مجموع الفتاوی ( 35/22 ) .

پەسەندتری داناوە.. ئەمەش راستترە، چونکە کاتی خەوتوو لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە خەبەری دەبێتەوە، نابینیت پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (أَمَا إِنَّهُ لَيْسَ فِي النَّوْمِ تَفْرِيطٌ إِنَّمَا التَّفْرِيطُ عَلَى مَنْ لَمْ يُصَلِّ الصَّلَاةَ حَتَّى يَجِيءَ وَقْتُ الصَّلَاةِ الْأُخْرَى، فَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ فَلْيُصَلِّهَا حِينَ يَنْتَبِهُ لَهَا..)[643] واتە: بەڵام ئەوە هەیە کە لە خەوتندا کەمتەرخەمی نیە، کەمتەرخەمیەکە لەو کەسەدایە کە نوێژەکەی ناکات تا کاتی نوێژەکەی تری دێت، ئەوی وای کرد، با کە کەوتەوە یادی زوو بیکات..

ئیمامی ئیبنوتەیمییە دەفەرموێ: ئەگەر بەیانی پێش خۆر هەڵهاتن خەبەری بۆوە، بەڵام نەیتوانی غوسڵ دەرکات و نوێژەکەی بکات ئیللا دوای خۆر هەڵهاتن نەبێت، ئەوە نوێژەکەی لە کاتی خۆیدا کردووەو نەیفەوتاندووە، بە پێچەوانەی ئەو کەسەوەیە کە لە سەرەتای کاتی نوێژی بەیانیدا خەبەری بۆتەوە، ئەمیان واجبێتی کە پێش خۆر هەڵهاتن فریای نوێژەکەی بکەوێت[644] ..

.........................

643 موسلیم ( 1532 ) ، ئەبوداوود ( 437 ) ..
644 ابن تیمیة : مجموع الفتاوى ( 35/22 ) .

**سەعید ( صَعيد ) چیە کە تەیەمومی پێ دەکرێت ؟**

شەرعناسان دوو پێناسەیان بۆ ئەم زاراوە هەیە :

**یەکەمیان : هەرچی بە رووی زەویەوە دیارە ، لە گڵ و لم و چەوو زیخ و شتی وا :**

ئەمە بۆچوونی ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئەبویوسفی قوتابیی و ئیمامی مالیکەو ئیبنو تەیمییەش پێی پەسەندترینە، هەروەها ئیبنو حەزم بەڵام ئەوەی بە مەرج داناوە کە دەبێت بە زەویەوە چەسپاو بن[645].. بەڵگەی ئەم بەڕێزانە:

1 ـ فەرمایشتی خوای گەورە کە دەفەرموێ: (صَعِيدًا جُرُزًا) الكهف/8 واتە: رەقەن وبەردەڵان. هەروەها: (صَعِيدًا زَلَقًا) الكهف/ 40 واتە: خلیسک و بێ پیت ولووس، کە هیچیان روەکیان تێدا ناڕوێت!

2 ـ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (وَجُعِلَتْ لِي الْأَرْضُ كُلُّهَا لِي وَلِأُمَّتِي مَسْجِدًا وَطَهُورًا)[646] واتە: هەموو زەوی بۆ خۆم و ئوممەتەکەم جێ نوێژەو پاکە.

3 ـ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (يُحْشَرُ النَّاسُ يَوْمَ القِيامَةِ عَلَى صَعِيدٍ وَاحِدٍ)[647] واتە: هەموو خەڵکی لە رۆژی قیامەتدا لە سەر یەک پارچە زەوی کۆ دەکرێنەوە..

4 ـ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (وَجُعِلَتْ لِي الْأَرْضُ كُلُّهَا لِي وَلِأُمَّتِي مَسْجِدًا وَطَهُورًا فَأَيُّمَا أَدْرَكَتْ رَجُلاً مِنْ أُمَّتِي الصَّلَاةُ فَعِنْدَهُ مَسْجِدُهُ وَعِنْدَهُ طُهُورُهُ )[648] واتە: هەموو زەوی بۆ خۆم و ئوممەتەکەم

---

645 الاستذكار (157/3)، المبسوط (108/1) ، مجموع الفتاوى (364/21).

646 ئەحمەد (222/2) ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة (1/ 188): حەسەنە.

647 بوخاری ( 4712 )، موسلیم ( 472 ) .

648 هەر پەڕاوێزی (646).

جێ نوێژەو پاکە، هەر کەسێک لە ئوممەتەکەم لە هەر شوێنێک کاتی نوێژی گەیشتێ، ئەوە ئەو شوێنەی مزگەوتەو پاکە. دەتوانێت نوێژەکەی لێ بکات..

5 ـ فەرموودەکەی لای ئەبو جوهەیمی ئەنساری خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: (أَقْبَلَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ نَحْوِ بِئْرِ جَمَلٍ، فَلَقِيَهُ رَجُلٌ فَسَلَّمَ عَلَيْهِ، فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْهِ السَّلَامَ حَتَّى أَقْبَلَ عَلَى الْجِدَارِ، فَمَسَحَ بِوَجْهِهِ وَيَدَيْهِ، ثُمَّ إِنَّهُ رَدَّ عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ السَّلَامَ)[649] واتە: پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم لە لای بیری ووشترەوە دەهاتەوە، کابرایەکی موسوڵمانی پێ گەیشت ، سڵاوی لێ کرد، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم وەڵامی نەدایەوە، رۆیشت تا گەیشتە دیوارێک، مەسحی دەموچاوو دەستی کرد و پاشان سەلامی خوای لێ بێت وەڵامی سەلامەکەی دایەوە..

<u>**دووەمیان : سەعید هەر گڵ و خۆڵەو هیچ تر**</u>: ئەمەش بۆچوونی ئیمامی شافیعی و حەنبەلیەکان و ئەبوسەورەو ئیبنولمونزیریش وای بۆ چووە[650]، بەڵگەشیان:

1 ـ فەرموودەی (وَجُعِلَتْ لِي الْأَرْضُ مَسْجِدًا)[651] لە ریوایەتی تردا زیادەی تری هەیە، کە دەفەرموێ: (وَجُعِلَتْ تُرْبَتُهَا لِي طَهُوراً)[652] واتە: حوکمی گڵ و خۆڵەکەشیمان بۆ پاکە. بە رای ئەم شەرعناسە

---

649 بوخاری ( 337 ) ، موسلیم ( 800 ) .

650 المغني (155/1)، المجموع (246/2) ، الاستذكار (159/3) ، الاوسط (43/2).

651 ئەحمەد ( 222/2 ) ،ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة (1/ 188)دا دەفەرموێ حەسەنە .

652 موسلیم ( 522 ) ، ئیبنو حیببان ( 1697 ) ، دارەقوتنی ( 175/1 ) ، بەیهیقی ( 213/1 )

بەڕێزانە ئەم زیادەیە حوکمە گشتیەکەی پێشوو تایبەت دەکات کە مەبەست لە سەعیدەکە گڵەکەیەتی نەک شتی تر..

2 ـ لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم هاتووە کە فەرموویەتی: (أُعْطِيت مَا لَمْ يُعْطَ أَحَدٌ مِنْ الْأَنْبِيَاء، قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا هُوَ؟ قَالَ :نُصِرْت بِالرُّعْبِ، وَأُعْطِيت مَفَاتِيحَ الْأَرْضِ وَسُمِّيت أَحْمَدَ وَجُعِلَ لِي التُّرَابُ طَهُورًا وَجُعِلَتْ أُمَّتِي خَيْرَ الْأُمَمِ)[653] واتە: ئەوەی بە من بەخشراوە بە هیچ پێغەمبەرێکی پێشوو نەبەخشراوە، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە چین؟ فەرمووی: ترس و بیم هۆکاری سەرکەوتنمە، کلیلی زەمینیم دراوەتێ، ناو نراوم ئەحمەد، گڵم بە پاک بۆ حسێب کراوە، ئوممەتەکەشم بە باشترین ئوممەت دانراوە..

بەڵگەکانی پۆلی دووەمی شەرعناسان وەکو دەردەکەوێت زەعیفەو لە رووی سەنەدیانەوە قسەیان لەسەرە.. لە لایەکی تریشەوە گیردانی ماناکانی سەعید لە گڵدا جێی سەرنجە.. چونکە ئیبنو مەنزوور لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا ئەو فەرموودەیە دەهێنێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (خَلَقَ اللهُ التُّرْبَةَ يَومَ السَّبْتِ) واتە: خوای گەورە لە رۆژی شەممەدا زەوی دروست کردووە، دەفەرموێت: التربة : الارض..

---

653 ئەحمەد ( 98/1 ) ، بەیهیقی ( 213/1 ) کەمال ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة (1/ 200)دا دەفەرموێ : مونکەرە .. مونکەر لە فەرموودەوانیدا جۆرێکە لە فەرموودەی زەعیف ، پێناسەشی ئەوەیە کە : لە سەنەدەکەیدا راویەک هەیە کە هەڵەی زۆرە یان فسقی لێوە دەرکەوتووە یان گێلە .. بڕوانە محمود الطحان : تيسير مصطلح الحديث ل 95 .

وا دیارە رای شەرعناسانی پۆلی یەکەم بەهێزترە، بۆیە من پێم وایە : هەرچی بە رووی زەویەوە دیارە، لە گڵ و لم و چەوو زیخ و شتی وا تەیەممومی پێ دەکرێت.. واللە اعلم ..

**حوکمی ئەو کەسەی کە نە ئاو نە سەعیدی دەست دەکەوێت ( فاقِدُ الطَّهورَين ) :**

رای راستترینی شەرعناسان ئەوەیە کە ئەو کەسەی کە نە ئاو نە سەعیدی دەسکەوت بۆ دەسنوێژو غوسڵی، هەر بەو حاڵەتەیەوە کە تێیدایە نوێژەکەی خۆی دەکات.. دواتریش ئەگەر ئاو یان سەعیدی دەسکەوت نوێژەکان ناکاتەوە.. ئەمە رای ئیمامی شافیعی و ئەحمەدو یاوەرانیان و ئیبنوحەزمەو ئیمامی ئیبنو تەیمییەش ئەمەی پێ پەسەندترینە[654] .. بەڵگەیان :

1 ـ خوای گەورە دەفەرموێ: (خوای گەورە دەفەرموێ: (فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ) التغابن / 16 واتە: ئەوەندەی دەتوانن تەقوا بکەن.

2 ـ هەروەها دەفەرموێ: (لاَ يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا) البقرة / 286 واتە: هەر کەس بە گوێرەی توانای خۆی، خوای گەورە بەرپرسێتی دەخاتە سەر شان..

3 ـ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (إِذَا أَمَرْتُكُمْ بِأَمْرٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ)[655] واتە: هەر فەرمانێکم پێکردن، ئەوەندەی دەتوانن لێی ئەنجام بدەن.. ئینجا ئەم بەرێزانە دەفەرموون: کابرا کە نە ئاو نە سەعیدی دەست کەوتووە، چی بکات، هەر ئەوەندەو ئاوای توانیووە خواپەرستیەکەی ئەنجام بدات.. ئەوەی لە توانایدا نیە (کە پەیدا کردنی ئاو یان سەعیدەکەیە) خاوەن عوزرە تێیدا..

---

654 المغني (157/1)، المجموع (321/2)، المحلى (138/2) ، مجموع الفتاوى (467/21) .

655 بوخاری ( 7288 ) ، موسلیم ( 3199 )

هەرچۆنێکیش ئەو نوێژانەی کرد، بەر لۆمە ناکەوێت و نوێژەکانیشی ناکاتەوە..

بەڵام ئیمامی ئەبو حەنیفەو شەرعناسانی مەدرەسەی رەئی و ئیمامی مالیک و ئەوزاعی دەفەرموون: نوێژەکانی ناکات تا ئەو کاتەی دەتوانێت دەسنوێژ بگرێت یان تەیەممومو بکات[656]..

ئەمە بۆچوونێکی زۆر سەیرە. لەویش سەیرترو نامۆتر بۆچوونی حەنەفیەکانە دەربارەی نوێژەکان لەو شوێنانەدا کە کاتیان تێدا نیە، کە دەفەرموون: نوێژیان تێدا هەڵدەگیرێت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الصَّلاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا) النساء/103 واتە: خوای گەورە بە گوێرەی کاتی دیاری کراو نوێژی لەسەر فەرز کردوون.. ئەمانیش دەفەرموون مادام کاتی شەوورۆژ دیاری کراو نیە کەوابوو نوێژەکانیش ناکرێن!! بەم بۆچوونە بێت ئەو کەسانەی لە باکوری نەرویج دەژین (کە زیاتر لە دوو هەزار کوردیشی لێیە) نە نوێژیان لەسەرە و نە رۆژوو، نە دەسنوێژیشیان دەبێت و نە غوسڵ دەردەکەن!! چونکە شەو شەش مانگەو رۆژیش شەش، بەفری پێنج هەزارساڵیش نەچۆتەوە!!

.........................

656 الاوسط ( 45/2 ) ، الاستذكار ( 150/3 ) ، المحلى ( 139/2 ) .

## هەندێك بابەت
## کە پەیوەندییان بە نییەتی تەیممومەوە هەیە

* **تەیەمموم لە جیاتی دەسنوێژە**: هەرچی جائیز بێت بە دەسنوێژەوە بکرێت بە تەیەممومیشەوە جائزە بکرێت، وەکو نوێژو تەوافی کەعبەو قورئان خوێندن و دەستدان لە قورئان و خواپەرستی تر.. ئەو حوکمە دەمێنێت تا تەیەممومەکە بەتاڵ دەبێتەوە. هەروەها دەکرێت بە تەیمموم نوێژی فەرزو سوننەتەکان بکرێن ئەگەر تەیەممومەکە بۆ سوننەت کرابوو، دەشێت نوێژی فەرزیشی پێ بکرێت، هەروەها بە پێچەوانەوە.. ئەمەش بۆچوونی زۆرینەی ئەهلی عیلمە جگە لە ئیمامی مالیك و هەندێك لە شافیعیەکان[657]..

ئیمامی ئیبنو تەیمییە دەفەرموێ: ئەم بۆچوونە راستترە، بەڵگەی زۆرتری قورئان و سوننەت لایەنگرێتی.. لە لایەکەوە قورئانی پیرۆز تەیەممومی بە پاکەرەوەداناوە وەکو کە ئاوی بە پاك کرەوە داناوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ مَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ وَلَكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ المائدة / 6 واتە : بە شتی پاکی سەر رووی زەوی (گڵ یان لم یان قسڵ و بەرد یان زیخ و چەو یان شتی تر) تەیەمموم بکەن، مەسحی دەموچاوو دەستانی پێ بکەن، خوای گەورە نایەوێت هیچ سەختیی و گرێ و گۆڵییەکتان لە دینداریدا بهێنێتە رێ، بەڵکو دەیەوێت پاکتان کاتەوەو نیعمەتەکانی خۆی بەسەرتاندا تەواوکات، تا ئێوەش سوپاسگوزاریی بکەن.. هەر کەسێك بڵێ گڵ تەیەممومی پێ ناکرێت ئەوە پێچەوانەی قورئان وسوونەتی

---

657 المغني (158/1)، المجموع(255/2)، المبسوط (117/1) ، مجموع الفتاوى (436/12).

ووتووه، ئەگەر بڵێ: بەڵێ تەیەممومی پێ دەکرێت ئەوه بۆ دەسنوێژی نامێنێت، بەڵام بە شێوەیەکی کاتیی کاری پێ دەکرێت تا ئەو کاتەی ئاو دەست دەکەوێت ولە توانادا دەبێت بەکاری بهێنێت..

کەوابوو هەر کەسێک تەیەممومی کردو نیەتی لابردنی بۆ دەسنوێژی خۆی بوو، ئەوه حوکمی ئەوەیە کە دەسنوێژی هەیەو دەتوانێت هەموو ئەو خواپەرستیانە بکات کە بە دەسنوێژ دەیانکات.

.........................

**<u>ئەوی تەیەمموم دەکات بە نیەتی لابردنی حوکمی لەشگرانی، ئایا بە دەسنوێژ گرتن بۆی حسێبە؟</u>**!لەسەر قەولی ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئیمامی شافیعی بەڵێ ، ئەمەش لەبەر دوو هۆیە:

1 ـ پاک بوونەوه لە هەردووکیان یەکە، بە ئەنجامدانی یەکێکیان ئەوی تریش نامێنێت، وەکو خۆ پاکردنەوه لە میزو پیسایی..

2 ـ تەیەمموم لە جیاتی بەکارهێنانی ئاوه، کەوابوو حوکمی ئاویشی وەرگرتووه، ئەوەش وەکو غوسڵ دەرکردنەکەیە کە دەسنوێژگرتنیشی پێ دادەمەزرێت..

ئەمما کەسێک بڵێ: تەیەمموم دەکەم بە نیەتی لابردنی حوکمی بێ دەسنوێژی لە خۆم، بەڵام دەشمەوێت حوکمی لەشگرانیشمی پێ دابمەزرێت، ئەوه جێ سەرنجەو دەبێت ئەوه بزانین کە ئەو شەرعناسانەی تەیەممومەکەیان لە جێی ئاو داناوه، دەفەرموون: ئەوه نابێت، چونکە ئەو تەیەممومەکەی وەکو ئاوی دەسنوێژ بەکار هێناوەو بۆی نابێتە ئاوی غوسڵ دەرکردن.. شەرعناسانی تر فەرموویانە: بەڵێ بۆی دەبێتە حوکمی لابردنی هەردووکیان (بێ دەسنوێژیی و غوسڵ)، چونکە هەردووکیان بە تەیەممومێک لادەچن.

ئیمـــامی مالیـــک وئەبوســـەورو حەنبەلیـــەکان و ئیبنوحـــەزم فەرموویانە[658] هەردووکیان بـە یـەک نییـەت نابێـت چـونکە دوو خواپەرستین و هەر یەکەیان نییەتی خـۆی دەوێـت، چـونکە دەقـە گشتیەکە دەفەرموێ: (إنَّمَا الاعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وإنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَـوَى)[659] واتە: هەموو کردەوەیەک بە پێی نیەتە، نیەتی هەر کەس چۆن بوو، هەر ئاوای بەردەکەوێت.

.........................

658 المغني ( 159/1 ) ، المحلى ( 138/2 )
659 بوخاری ( 1 ) ، موسلیم ( 1907 ) .

## چۆنیەتی تەیەمومی دروست

شەرعناسان دوو شێوەی تەیەمموم کردن دەگێڕنەوە کە دوو پۆلە خاوەن بۆچوونەکان، هەر یەکەیان بەڵگە بۆ راست و دروستی ریوایەتی خۆی دەهێنێتەوە.. پێویستە بۆچوون و بەڵگەی هەردوولا بخەینە روو:

**__یەکەم : یەکجار لە پی دەستەکانی بە سەعید دەکێشێت__** : هەردوو لەپی دەست یەکجار بە سەعیدەکە دەکێشێت، پاشان بەرزیان دەکاتەوەو فوویان لێ دەکات، ئینجا دەموچاوو دەستەکانی پێ مەسح دەکات.. ئەمە مەزهەبی حەنبەلی و رای ئیبنوحەزمە، کە رای کۆمەڵێکی سەلەفەو ئیبنو تەیمییەش پێی پەسەندترینە[660]..

ئەوەی ئەم بۆچوونە بەهێز دەکات، فەرموودەکەی لای سەیدنا عەمماری کوڕی یاسرە خوا لێیان رازی بێت کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم پێی فەرموو: (إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ أَنْ تَصْنَعَ هَكَذَا فَضَرَبَ بِكَفِّهِ ضَرْبَةً عَلَى الْأَرْضِ ثُمَّ نَفَضَهَا ثُمَّ مَسَحَ بِهِمَا وَجْهَهُ وَكَفِّهِ بِكَفِّيهِ)[661] واتە: هەر ئاوات بەس بوو، هەردوو دەستی دا بە زەویداو پاشان تەکاندی، ئینجا مەسحی دەموچاوو دەستەکانی پێ کرد..

**__دووەم : دووجار لە پی دەستەکانی بە سەعید دەکێشێت__**: دەبێت دوو جار هەردوو لەپی دەستەکان بدرێن بە سەعیدەکەدا، یەکێکیان بۆ دەموچاوو ئەوی تریان بۆ دەستەکان، کە دەبێت تا ئانیشکەکانیان پێ مەسح بکرێت.. ئەمەش مەزهەبی حەنەفی ومالیکی وشافیعی وسەوری ولەیسی کوڕی سەعدو شەعبی و حەسەنی بەسرییەو دەچێتەوە سەر ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت.. بەڵگەشیان:

---

660 المغني ( 159/1 ) ، المحلى ( 146/2 ) ، مجموع الفتاوى ( 422/21 ) .
661 بوخاری ( 338 ) ، موسلیم ( 798 ) .

1 ـ فەرموودەکەی لای ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت کە دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (التَّيَمُّمُ ضَرْبَتَانِ: ضَرْبَةٌ لِلْوَجْهِ، وَضَرْبَةٌ لِلْيَدَيْنِ الَى الْمِرْفَقَيْنِ)[662] واتە: تەیەمموم دوو زەربەیە، یەکیان بۆ مەسحی دەموچاو بەکار دێتەوەو ئەوی تریان بۆ مەسحی دەستەکان تا ئانیشکەکان..

2 ـ فەرموودەکەی لای ئەبوجوهەیم خوا لێی رازی بێت کە باس لە کابرا دەکات کە دەفەرموێ: (أَقْبَلَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ نَحْوِ بِئْرِ جَمَلٍ، فَلَقِيَهُ رَجُلٌ فَسَلَّمَ عَلَيْهِ، فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْهِ السَّلَامَ حَتَّى أَقْبَلَ عَلَى الْجِدَارِ، فَمَسَحَ بِوَجْهِهِ وَيَدَيْهِ، ثُمَّ إِنَّهُ رَدَّ عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ السَّلَامَ)[663] واتە: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە لای بیری ووشترەوە دەهاتەوە، کابرایەکی موسوڵمانی پێ گەیشت، سڵاوی لێ کرد، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وەڵامی نەدایەوە، رۆیشت تا گەیشتە دیوارێک مەسحی دەموچاوو دەستی کرد و پاشان سەلامی خوای لێ بێت وەڵامی سەلامەکەی دایەوە..

ریوایەتێکی تری هەیە کە ئەم پۆلە شەرعناسە بەرێزە وەک بەڵگەی بۆچوونی خۆیان لە مەسەلەی چۆنیەتی تەیەمموم کردندا پشتی پێ دەبەستن کە دەفەرموێ: (حَتَّى قَامَ الَى جِدَارٍ فَحَتَّهُ بِعَصَا كَانَتْ مَعَهُ ثُمَّ وَضَعَ يَدَيهِ عَلَى الجِدَارِ فَمَسَحَ وَجْهَهُ وَذِرَاعَيهِ ثُمَّ رَدَّ السَّلامَ)[664] واتە:

---

662 الحاكم ( 179/1 ) ، بەیهیقی ( 307/1 ) بە زەعیفیشی ناساندووە .. کەمال ئیبنو السەید لە صحیح فقە السنة (1/ 203)دا دەفەرموێ : زەعیفە .

663 بوخاری ( 337 ) ، موسلیم ( 800 ) .

664 ئیمامی شافیعی لە المسند(130) هێناویتیەوە ، هەروەها بەیهیقی (205/1) بەڵام فەرموودەوانان دەفەرموون مونکەرە، چونکە پێچەوانەی فەرموودە

تا گەیشتە لای دیوارێک و بەو گۆچانەی پێی بوو دیوارەکەی کڕاند، پاشان دەستی بە دیوارەکەدا هێناو مەسحی دەموچـاوو قۆڵـەکانی کردو پاشان وەڵامی سەلامی کابرای دایەوە..

3 ـ فەرموودەیەکی تر لە سەیدنا عەمماری کوڕی یاسرەوە هـاتووە خوا لێیان رازی بێت کە دەفەرموێ: لە خزمەت پێـغەمبەری خـوادا بوون صلى الله عليه وسلم، کە مەسحی سـەعیدیان بـۆ نوێـژی بـەیانی کردووە: لەپی دەستیان جارێک بە زەوی کێشاوە بـۆ دەموچـاویان ئینجا جارێکی تر بۆ هەموو دەست وبازوویان لە ناو دەستیانەوە تا شان و بن باڵیان[665]!

پۆلە شەرعناسی دووەم ئەگەرچی پێشەوایانی گەورەی ئوممەتن، بـەڵام وا پێدەچێـت بەڵگـەکانیان زەعیـف بـن، تەنانـەت فەرموودەیـەکیان بـە مـەرفووعیش نەسەلمێـنراوە!! لـە لایـەکی تریشەوە ئەوەی دەسەلمێت ئەوەیە کە تەیەمموم وەکـو دەسـتی دز پەیوەندی بە قۆڵ و بازووەوە نیە، تەنها دەستەکان مەسح دەکرێن، بۆیە سەیدنا ئیبنوعەبباس خوا لێیان رازی بێت دەیفەرموو: دەستی دز دەبڕرێت بەڵام لە مەچەکەوە نەک لـە قۆڵـەوە، بەڵگەشـی ئـەم ئایەتە بوو کە خوای گەورە دەفـەرموێ: (فَامْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ)

---

سەحیحەکەی پێشتری دەکات کە بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوەو سەحیحە.. صحيح فقه السنة (1/ 203) .

665 ئەبو داوود (84/1)، ئیبنوماجە (571) ، نەسائی (168/1)، بەیهیقی (208/1) ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة (1/ 163)دا دەفەرموێ: موزتەریبە (شێواو)..

موزتەریب (مُضْطَرِب): شێواو: جۆرێکی فەرموودەی زەعیفە، بریتیە لەو فەرموودەیەی لە چەند رێیەکەوە گێڕراوەتەوە کە جیاوازیان لەگەڵ یەکتر هەیەو هیچیان لەوانی تر بەهێزتر نین.. بڕوانە : محمود الطحان : تيسير مصطلح الحديث ل 112 .

المائدة / 6 واتە: ئەگەر ئاوتان دەست نەكەوت هەر بەوەی لەسەر زەمیندا بەرز بۆتەوە (لە خاك ولم و بەرد) مەسحی دەموچاوتان و دەستەكانتانی پێ بكەن.

.........................

## بەتاڵ بوونەوەی تەیەمموم

هەرچی شتێک دەسنوێژ بشکێنێت تەیەمموویش بەتاڵ دەکاتــەوە.. ئەمە بەڵگەنەویستێکە پێچەوانەی لە ناو ئەهلی ئیسلامدا نیە[666]..

هەندێک بابەتی تری تەیەمموم:

**ئایا نوێژ بە تەیەمموم جائیزە ، ئەگەر پێش نوێژ دابەستن ئاوی دەسکەوت ؟!**

ئیبنوعەبدلبەڕ دەفەرموێ: هەر کەسێک هەوڵی پەیدا کردنی ئاوی داو دەستی نەکەوت، پاشان تەیــەممومی کــرد، بــەڵام پێــش نوێــژ دابەستنی ئاوی دەسکەوت، تەیەممومەکەی بەتاڵ دەبێتەوەو نابێــت نوێژی پێوە بکــات، ئەگــەر کردیشــی نوێــژەکەی بەتاڵــە، چــونکە گەڕاوەتەوە سەر حاڵەتی یەکەمینجاریی کە دەسنوێژی نەبووە[667]..

**تەیەمموی کرد، نوێژی دابەست، ئینجا ئاوی دەسکەوت، ئایا نوێژەکەی دەبڕێت ؟!**

شەرعناسان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دوو بۆچوونن:

**یەکەمیان: نوێژەکە دەبڕێت ودەسنوێژ دەشــوات ولــە ســەرەتاوە نوێــژ دەســت پــێ دەکاتەوە:** ئەمە رای ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئەحمەدو سەوری و ئیبنــو حەزمە، بەڵگەشیان:

1 ـ ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خــوا صلى الله عليه وسلم کــە وەڵامــی ئەبو زەڕی دایەوە دەربارەی لەش گرانی کەسێک کە ئــاوی دەســت نەکەوێت، کە فەرمووی: (الصَّعِيدُ الطَّيِّبُ وَضُوءُ الْمُسْلِمِ وَإِنْ لَمْ يَجِدْ الْمَاءَ عَشْرَ سِنِينَ، فَإِذَا وَجَدَ الماءَ فَلْيَمَسَّهُ بِبَشَرَتِهِ)[668]واتە: گڵ و لم و بەردوخوێ

---

666 ابن حزم : المحلى ( 122/2 ) .
667 الاستذكار ( 167/3 ) .
668 ترمزی (124)، ئەبوداوود (233)، نەسائی (171/1)، لە ئەبوزەڕەوە خوا لێی رازی بێت بە مەرفووعی دەگێڕێتەوە، شێخی ئەلبانی لە (الارواء153) دا بە سەنەدی سەحیح لە ئەبوهورەیرەوە هێناوێتیەوە خوالێی رازی بێ.

و کەرەستەی تر کە لەسەر زەمیندایەو پاکە، ئاوی دەسنوێژی موسوڵمانن، ئەگەر دەیان ساڵیش ئاوی دەس نەکەوێت دەتوانێت هەر کە یەکێک لەمانەی دەست کەوت پێستی خۆیان تێ هەڵسوێت. ئەمە بۆ کەسێکە کە ئاوی دەست نەکەوێت، بەلام ئەم کابرایە وا دەستی کەوت!

2 ـ بە پەیدابوونی ئاوەکەو توانای بەکارهێنانی، تەیەمومەکە بەتاڵ دەبێتەوە، ئەمەش وەکو ئەو کەسە وایە کە نوێژەکەی دەبڕێت

3 ـ تەیمموم لەبەر زەرووڕەت کە نەبوونی ئاوە بۆتە بەدیل، کە ئاوەکە پەیدابوو، یەعنی ئەسڵەکە هاتەوەو بەدیلەکەی لاچوو.. ئەمەش وەکو نەمانی خوێنی ئیستیحازەیە (خوێنی جاری داوێنی ئافرەت)..

دووەمیان: <u>نوێژەکە نابڕێت و بەردەوام دەبێت</u>: ئەمە رای ئیمامی مالیک و ئیمامی شافیعی و ئەبو سەورو داوودو ئیبنولمونزیرەو ریوایەتی دووەمی ئیمامی ئەحمەدە، هەرچەندە دەووترێت کە ئەم بۆچوونەی گۆڕیووە[669].. بەڵگەیان:

1 ـ خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلَا تُبْطِلُوا أَعْمَالَكُمْ) سورەتی محمد/33 واتە: کارو کردەوەکانتان بەتاڵ مەکەنەوە.. کەوابوو نابێت ئەو نوێژەش بەتاڵ بکرێتەوە..

2 ـ پاکژی کاتێکی دیاری کراوی هەیەو نوێژیش هەروەها، ئەم بە تەکبیرەی ئیحرامی نوێژەکە ،کاتی پاکژییەکەی بڕیووەو چۆتە کاتی نوێژەکەوە، کاتی پاکژیەکەش بەسەرچووەو ناشێت بەتاڵ بکرێتەوە، نوێژەکەش خۆی لەخۆیدا دروست دامەزراوە، چ پێویستی

---

669 الاستذكار ( 169/3 ) ، المجموع ( 357/2 ) ، الاوسط ( 65/2 ) .

بە بڕینە؟! ئەوی بڕینی پێ واجبە دەبێت بەڵگەیەک لە قورئان یان لە سوونەت یان لە کۆڕا (ئیجماع) هوە بهێنێت..

هیچ بەڵگەیەک لەبەر دەستدا نیە، ناچاری کات نوێژەکەی ببڕێت، بۆیە پێم وایە بەردەوام دەبێت لە نوێژەکەی.. ئەم حاڵەتە وەکو رۆژووەوانی کەفارەت وایە، کە کۆیلەیەکی دەست نەکەوتووەو بڕیاری داوە بەڕۆژوو بێت، بەڵام لە نیوەڕۆدا کۆیلەیەکی بەردەست کەوتووەو دەتوانێت بیکڕێت وئازادی کات، بەڵام نایکات.. خۆ رۆژووەکەی نابڕێت!!

**نوێژی بە تەیەمموم کردووە ، دوایی ئاوی دەست کەوتووەو هێشتا کاتی نوێژەکە ماوە:** هەر کەسێک ئاوی دەست نەکەوت و تەیەممومی کردو نوێژەکەی پێ کرد، پاشان ئاوی دەسکەوت کە هێشتا کاتی نوێژەکە ماوە، ئایا نوێژەکەی دەکاتەوە؟!

نەخێر، ئەمەش رای ئیمامی مالیک و سەوری و ئەوزاعی و موزەنی و تەحاوی و قەولێکی ئیمامی ئەحمەدو بۆچوونی ئیبنو حەزمە[670] .. بەڵام ئیمامی ئەبوحەنیفەو ئیمامی شافیعی دەفەرموون[671] : مادام دەتوانێت ئاوەکە بەکار بهێنێت ، دەبێت نوێژەکەی بکاتەوە..

ئیبنوحەزم رەدیان لێ دەداتەوەو دەفەرموێ: بۆچوونی ئەبوحەنیفەو شافیعی دیارە کە چەوتە!! ئەو نوێژەی ئەم دوانە فەرمانیان بە کابرا کردووە بیکاتەوە، یان دەبێت ئەو نوێژە بێت کە خوای گەورە فەرزی کردووە، یان نوێژێکی ترەو خوا فەرزی نەکردووە ! ئەگەر نوێژەکەی خوایە، ئەوە کابرا لە کاتی خۆیدا ئەدای کردووە، ئیتر بۆچی دووبارەی بکاتەوە؟! ئەگەر نوێژێکی

---

670 المحلى ( 139/2 ) ، المجموع ( 353/2 ) .
671 المجموع ( 353/2 ) .

تریشەو خوای گەورە فەرزی نەكردووە، ئەوە دیارە دەیانەوێت پابەندی كەن بە شتێكەوە كە پێوەی پابەند نابێت. ئەوەش هەڵەیە.

بەڵگەیەكی تریش ئەو فەرموودەیە كە ئەبوسەعیدی خودری خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (خَرَجَ رَجُلانِ فِي سَفَرٍ، فَحَضَرَتْ الصَّلاةُ وَلَيسَ مَعَهُمَا مَاءٌ ، فَتَيَمَّمَا صَعِيداً طَيِّباً فَصَلَّيَا ، ثُمَّ وَجَدَا الماءَ فِي الوَقْتِ، فَأعَادَ أحَدُهُمَا الصَّلاةَ وَالوُضوءَ ، وَلَمْ يُعِد الآخِرُ ، ثُمَّ أتَيَا رَسولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عليه وَسَلَّمَ فَذَكَرَا ذلِكَ لَهُ ، فَقَالَ لِلَّذِي لَمْ يُعِدْ : أَصَبْتَ السُّنَّةَ ، وَأجْزَأَتْكَ صَلَاتُكَ ، وَقَالَ لِلَّذِي تَوَضَّأَ وَأَعَادَ : لَكَ الأجْرُ مَرَّتَينِ)[672] واتە: دوو كەس پێكەوە سەفەریان كرد. كاتی نوێژیان هات و ئاویان پێ نەبوو. بۆیە تەیەمومیان كردو نوێژەكانیان كرد. پاش ماوەیەك ئاویان دەسكەوت. یەكێكیان نوێژەكەی كردەوەو دەسنوێژەكەی گرتەوە ئەوی تریان نەیكردنەوە. كە هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم و حاڵەتەكەیان عەرز كرد (بۆیان گێڕایەوە) . بەوەیانی فەرموو كە نوێژەكەی نەكردەوە: بە پێی سوونەت ڕەفتارت كردووە. نوێژەكەت ئەدا كردووە. بەوی تریشیانی فەرموو كە دەسنوێژو نوێژەكەی كردەوە: تۆ دوو پاداشتت هەیە..

ئەوەی لەمەشدا بۆم دەركەوتووە ئەوەیە كە:

هەر كەس تەیەمومی كردو نوێژی پێ كرد پاشان ئاوی دەسكەوت و دەیتوانی بەكاری بهێنێت. ئەو نوێژانەی ناكاتەوە كە بە تەیەمومەكە كردوونی.. والله اعلم .

* * *

672 ئەبو داوود ( 334 ) ، نەسائی ( 213/1 ) شێخی ئەلبانیش لە صحيح أبي داود ( 338 ) دا بە سەحیحی داناوە ،

# باسی دەیەم

# حەیزو زەیستانی

# باسی دەیەم
# حەیـــزو زەیســـتانی

1ـ خوێنی حەیز.
2ـ چی بۆ حەیزدار جائیزە؟
3ـ خوێنی زەیستانی.
4ـ خوێنی جاری داوێن (الإسْتِحاضَة).

## باسی دەیەم

## حەیـــزو زەیســـتانی

ئەمە باسێکی شەرعی و کۆمەلایەتیە. کـە پیـاوان تێـیدا زۆر بـێ ئاگان و ژنانیش تێیدا راڕان. شەرعناسانیش جۆرەها رایان لەســەر حالەتەکانی هەیە. چونکە حالەتــەکانی زۆرەو زۆر بــێ یاساشـن. چونکە رژانی خوێنی حەیز پەیوەنـدی بـە پارســەنگی دەروونــەوە هەیە. باری دەروونیش کاریگەریی لەسەر پارسەنگی یان لاســەنگی هۆرمۆنەکانی جەستەوە هەیە.. جاری وا هەیە. ئافرەتێـک سـوڕی مانگانەی دیارەو عادەتەن مانگی شەش رۆژ وای لێ دێت. بـەلام بـە هۆی خەم و پەژارەیەکی کاتییەوە کاتــەکانی هــەمووی دەشێوێـت. جگە لەوەی پاش و پێش دەکات. زیادو کەمیش دەبێت.. یەکێکی تـر مێردی بە توندی لێـی تـوڕە دەبێـت. هـەر ئـەو سـاتە دەکەوێـتە حەیزەوە!! بۆیە پێویستە ئەوانەی هاوسەرێتییان کردووەو ئەوانەی نەیانکردووە ـ لە هــەردوو توخمەکـە ـ زانیاریــەکی سـەرەتاییان لەسەر باسەکانی حەیز هەبێت.. کچان پێویستیانە تـا بـزانن کـە شوو دەکەن چۆن لەگەڵ مێردیان رەفتار دەکـەن. کـوڕان پێویسـتە بزانن. تا سـەری لـێ دەرکـەن وبـزانن چـۆن رەفتـاری مێـردانەی مەسئوول دەکەن. کوڕان زانیارییان کەمترە. چونکە ئەمە شتێک نیە ئەوان لە دایکیانەوە فێربووبن. ئەگەر خوشکیشـیان هــەبوو بێـت. لەبەر شەرم و نەزانین و سروشتی خانەوادەیی کوردی. هیچ شتێک لەسەر حەیز لەوانەوە فێر نەبوون و نابن. سروشتی ئەم باسەش وا نیە خەڵک زۆر رووی بێت دەربارەی بپرسێت. بۆیە جاری وا هەیــە خاوەن پرسیارێک رووی نایات لە مـەلای گـەنجیش بپرسێـت. کـە پرسیار لێ کردنی مەلا دەربارەی هەموو شتێکی ژیان واجبە!

ئەو خوێنە سروشتیەی لە ئافرەت دێتە دەرێ سێ جۆرە:

1 ـ خوێنی حەیز (سوڕی مانگانە).

2 ـ خوێنی زەیستانی (نیفاس).

3 ـ خوێنی جاری داوێن (ئیستیحازە).

## خوێنی حەیز

**حەیز**: (الحَيض) حەیز ووشەیەکی عەرەبیە و زاراوەی تریشی بۆ دانراوە وەک: (الطَمْث . العِراك . الضَّحِك . الإكْبار)[673]..

**خوێنی حەیز** : خوێنێکی رەشی خەستە. بۆنی ناخۆشە. لە جێگایەکی دیاری کراوی ئافرەت و لە کاتێکی دیاری کراودا دێتە دەرەوە.

حەیز شتێکە وەکو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (إنَّ هذا شئٌ كَتَبَهُ اللهُ علَى بَنَاتِ آدمَ)[674]واتە: ئەمە شتێکە خوای گەورە لەسەر کچانی ئادەمی نوسیووە..

حافز ئیبنوحەجەری عەسقەلانی رەحمەتی خوای لێ بێت لە حاکم و ئیبنولمونزیرەوە بە سنەدی سەحیح لە ئیبنوعەبباسەوە خوا لێیان رازی بێت ریوایەتێک دەگێرێتەوە[675] کە فەرموویەتی: (إنَّ ابْتِدَاءَ الحَيضِ كَانَ عَلَى حَوَّاءَ بَعْدَ أنْ أُهْبِطَتْ مِنْ الْجَنَّةِ) واتە: سەرەتای حەیز لە حەوواوە کە دەستی پێکرد. دوای ئەوە بوو هێنرایە خوارەوە بۆ سەر زەمین..

خوێنی حەیز سنوری زۆری وکەمی نیە. بە پێی داب وعادەتی مانگانەی ئافرەتەکان دەناسرێتەوە. بە تایبەتی کە فەرموودەیەکی تایبەت لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم نەسەلمێنراوە. ئەوە

---

673 ابو اسحق الشيرازي : المهذب ( 341/1 ) .

674 بوخاری ( 294 ) موسلیم ( 1211 ) .

675 ابن حجر : فتح الباري ( 400/1 ) .

روون بکاتەوە کە زۆری برِو رادەی یان کەمی. یان زۆرو کەمی ماوەی چەندە.. هەر لەبەر ئەوەشە ئەم باسە راجوێییەکی زۆری لەسەرە..

ئیمامی ئیبنوتەیمییە دەفەرموێ: ئەوانەی کە دەفەرموون زۆرینەی ماوەی حەیز پازدە رۆژەو کەمییەکەی یەک رۆژە. وەکو ئیمامی شافیعی و ئیمامی ئەحمەد دەفەرموون. یان ئەوانەی دەفەرموون ماوەی دیاری کراوی نیە وەکو ئیمامی مالیک. هەموویان هەر دەفەرموون حوکمێکی سەلمێنراومان لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم پێ نەگەیشتووەو دەبێت ئیعتیماد بکرێتە سەر داب و نەریت و عادەتی کۆمەڵگەکە[676]..

**<u>هاتن و کۆتایی حەیز</u>:**

1 ـ سەرەتای هاتنی حەیز ئەو کاتەیە کە دڵۆپە خوێنی رەش و خەست و بۆگەن لە کاتی سورِی مانگانەیدا دەردەکەوێت.

2 ـ کۆتایی حەیزئەو کاتەیە کە خوێن و ئاوە زەردباوە لێڵەکەی کە پێیدا دێت وەستابێتەوە. ئەمەش بە دوو نیشانەدا دەزانرێت:

ـ **<u>ووشك بوونەوە</u>**: بۆ نموونە ئەگەر دەسرِێکی کاغەز یان پارچە قوماشێکی ووشک بخاتە سەر جێگاکەی هەر بە ووشکی دەمێنێتەوە.

ـ **<u>هاتنی ئاوە سپیەکە</u>**: ئەوەی کە دوای تەواوبوونی خوێنی حەیز. لە رەحمەوە دێت لە کارەکەرەکەی عائیشەخانەوە خوا لێیان رازی بێت هاتووە کە دەیفەرموو: ئافرەتان لۆکەی تەرِی خۆیان بە شلەمەنی داوێن (کە زەردباو بوو) لە پارچە قوماشێکدا دەناردە خزمەت عائیشە خان تا رای خۆییان لەسەر دەربرِێت. تا بزانن داخۆ نوێژەکانیان دەست پێ بکەنەوە یان نا. پێی دەفەرموون: پەلە

676 مجموع الفتاوى ( 623/21 ) ، المحلى ( 191/2 ) ، المغني 0 308/1 ) .

مەکەن. تا ئـەو کاتـەی ئـاوە سـپیەکە دەبیـنن.. مەبەسـتی پـاک بوونەوەیان بوو لە حەیز[677]..

**<u>حوکمی شلە زەردباوو لێڵەکەی کـە دوای پاکبوونـەوە لـە حـەیز دێـت</u>**: ئەمـە ئاوێکی زەردباوە. لە کێم و جەراعەتی برین دەچێت. ئەگەر ئـافرەت ئەمەی لە دوای ووشک بوونەوەو پاک بوونەوەی لـە حـەیز بـینی هـیچ ئیعتیبارێـکی بـۆ دانانێـت. نوێـژو رۆژووی خـۆی و کـاری سەرجێیی پیاوەکەی دەکات.. چونکە ئوم عەتییە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (كُنَّا لَا نَعُدُّ الْكُدْرَةَ وَالصُّفْرَةَ بَعْدَ الطُّهْرِ شَيْئًا)[678] واتە: هـیچ حسێبێکمان بۆ ئەو ئاوە زەردباوو لێڵەی دوای پاکبوونەوە نەدەکرد.

**<u>هەندێك بیرخستنەوە</u>** :

1 **<u>ـ ئەگەر ئافرەت لە حەیز پاك بۆوەو ئـاوی دەسـت نەکـەوت غوسـڵی دەرکـات</u>**: تەیـەمموم دەکـات ولەگـەڵ مێـردی خـۆی دەخەوێـت.. ئەمـە رای زۆرینەی شەرعناسانە[679]..

2 **<u>ـ ئەگەر خوێنی لە عادەتی خۆی زیاتر بـوو</u>**: بۆ نموونە مانگی شەش رۆژ دەکەوێتە حەیزەوە بەڵام ئەمجارە بوو بە حەوت یـان هەشـت رۆژ. ئەم ئافرەتە لە دوو حاڵەت بەدەر نیە:

**<u>یەکەم: خۆی خوێنی حەیز دەناسێت ولـە خوێـنی تـری جـوێ دەکاتـەوە</u>**: ئەمـە تەماشای جۆری خوێنەکە دەکات: ئەگەر سروشت و رەنـگ و بـۆنی

---

677 بوخاری بە موعەللەقی (420/1) ، ئیمامی مالیک ( 59 ) ، عبدالرزاق : المصنف (302/1) بەسەنەدێکی زەعیفەوە بەڵام وەکو کەمال ئیبنوالسەید لە صحیح فقه السنة ( 207/1 )دا دەفەرموێ پاڵپشتی تری هەیە بە ریوایەتەکەی لای دارمی ( 214/1 ) ، و بەیهیقی (337/1) بۆیە دەچێتە ئاستی سەحیح والله اعلم .

678 ئەبوداوود (307)، نەسائی (186/1) لای بوخاری (بَعدَ الطُّهر) ەکەی تێدا نیە.

679 مجموع الفتاوی ( 625/21 ) ، المحلی ( 171/2 ) ، شرح مسلم ( 593/1 ) .

وەکو خوێنی حەیز بوو. بەوی حسێب دەکات. نوێژو رۆژوو کاری سەرجێیی (جیماع) ناکات. ئەگەر خوێنەکەش خوێنی حەیز نەبوو. ئەوە خۆی دەشوات و نوێژو رۆژوو سەرجێیی خۆی دەکات..

**دووەم: خۆی خوێنی حەیز ناناسێت ولە خوێنی تری جوێ ناکاتەوە:** زۆر ئافرەت هەیە وایە بە تایبەتی لە گەنجەکاندا. ئەم ئافرەتە لەم حاڵەتەیدا نوێژ و ڕۆژوو سەرجێیی ناکات تا پاک دەبێتەوە. چونکە سنوری ئەوسەری پاک بوونەوە دیار نیە..

3 **ـ ئەگەر خوێنی حەیزی لە عادەتی خۆیدا دوو رۆژ هات و رۆژێك وەستا. پاشان دوای دوو رۆژی تر هاتەوە وە هەروەها:** ئەو رۆژانەی دەکەونە نێوان رۆژانی سوڕی مانگانەوە هەر بە حەیز حسێبن. ئافرەت با لە خوێنیش پاک بێت. بەڵام هەر نابێت نوێژو رۆژوو سەرجێیی بکات. تا ئەو کاتەی ئاوە سپیەکە دەبینیت[680].

4 **ـ ئایا ئافرەتی دووگیان (حامیلە) دەکەوێتە حەیزەوە؟!** زۆرینەی شەرعناسان فەرموویانە: نا. ئافرەتی حامیلە ناکەوێتە حەیزەوە. بەڵگەشیان فەرموودەکەی لای ئەبو سەعیدی خودرییە خوا لێی رازی بێت کە فەرمووی: (لَا تُوطَأُ حَامِلٌ حَتَّى تَضَعَ . وَلَا غَيْرُ حَامِلٍ حَتَّى تَحِيضَ حَيْضَةً)[681] واتە: ئافرەتی حامیلە مارە ناکرێت تا حەملەکەی دانەنێت. غەیری حامیلەش دوای ئەوەی جارێک دەکەوێتە حەیزەوە. شەرعناسان فەرموویانە: دانانی حەملەکە بۆتە نیشانەی پاک بوونەوەی رەحمی حامیلەکە. کەوابوو ئافرەتی حامیلە ناکەوێتە حەیزەوە..

---

680 ابن عثيمين : فتاوى المرأة ( ل 26 )

681 ئەبو داوود ( 2157 ) ، ئەحمەد ( 62/3 ) ، الزَّيلعي : نصب الراية (146/6) ، الحاكم لە المستدركدا فەرموویەتی : صحيح على شرط الشيخين و لم يخرجاه ..

هەندێک شەرعناسی تر وەکو ئیمامی شافیعی فەرموویەتی: حامیلەش دەکەوێتە حەیزەوە..

راستتر ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی ئافرەتی حامیلە ناکەوێتە حەیزەوە. بەڵام ئەگەر شتێکی وا روویداو ژنە زانی کە ئەمە خوێنی حەیزە. بێ گومان دەبێت واز لە نوێژو رۆژوو سەرجێیی خۆی بهێنێت تا پاک دەبێتەوە لێی.. ئەگەر زانیشی کە خوێنی حەیز نیە. ئەوە بە خوێنی بەردەوامی داوێنی حسێب دەکات. دەیشواتەوەو نوژێو رۆژوو سەرجێیی خۆی دەکات..

**چی لە حەیزدارو زەیستان حەرامە ؟!**

**یەکەم: نوێژ کردن:** شەرعناسان لەسەر ئەوە کۆن کە ئافرەتی حەیزدارو زەیستان بە هیچ شێوەیەک نوێژی لەسەر نیە. نە فەرزی نە سوونەتی کە پاکیش بۆوە نوێژەکانی ناگێڕێتەوە[682]..

ـ ئەبو سەعیدی خودری خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (أَلَيْسَ إِذَا حَاضَتْ لَمْ تُصَلِّ وَلَمْ تَصُمْ فَذَلِكَ نُقْصَانُ دِينِهَا)[683] واتە: مەگەر ئەوە نیە کە کەوتە حەیزەوە نوێژەکانی ناکات و بەڕۆژوو نابێت. دەی ئا ئەوە نوقسانێتی دینەکەیەتی..

ــ (عَنْ مُعَاذَةَ قَالَتْ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا فَقَالَتْ مَا بَالُ الْحَائِضِ تَقْضِي الصَّوْمَ وَلَا تَقْضِي الصَّلَاةَ؟ فَقَالَتْ أَحَرُورِيَّةٌ أَنْتِ؟ فَقُلْتُ: لَسْتُ بِحَرُورِيَّةٍ. وَلَكِنِّي أَسْأَلُ. فَقَالَتْ : كَانَ يُصِيبُنَا ذَلِكَ. فَنُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّوْمِ. وَلَا نُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّلَاةِ)[684] واتە: موعادە (ناوی ئافرەتێکە) دەگێڕێتەوە

---

682 المجموع ( 351/2 ) ، المحلى ( 175/2 ) .
683 بوخاری ( 1951 ) ، موسلیم ( 80 ) .
684 بوخاري ( 321 ) ، موسلیم ( 265 ) .

دەفەرموێ: لە عائیشەخانم پرسی خوا لێی رازی بێت: ئەرێ بۆچــی حەیزدار رۆژووەکانی دەگرێتەوەو نوێژەکانی ناکاتەوە؟! فەرمووی : چما تۆ حەرووریت[685]؟ ووتم: نا حەرووری نیم. بەڵام هەر دەمەوێــت پرسیار بکەم؟! فەرمووی: ئێمە کە ئەوەمان دەهاتە رێ فەرمانمان پێ دەکــرا رۆژووەکانمــان بگرینــەوەو نوێــژەکانمان نەکەینــەوە. لــە ریوایەتێکی تردا: (لە سەردەمی پێغەمبەری خــوادا صلى الله عليه وسلم دەکەوتینــــە حــــەیزەوە. فــــەرمانی وای پــــێ نــــەدەکردین یــــان نەماندەکردەوە) مەبەستی نوێژەکانە..

...................

**کورتە باسی پێویست**

**1 ـ ئەگەر ئافرەتێك پێش عەسر کەوتــە حــەیزەوە کــە هێشــتا نوێــژی نیــوەڕۆی نەکردبوو. ئایا کە پاك بۆوە نوێژی نیوەڕۆکــەی قــەرزارەو دەبێــت بیگێڕێــتەوە ؟!**

بەڵێ. بە رای زۆرینەی شەرعناسان جگە لە ئیمامی ئەبو حەنیفــەو مالیک قەرزارەو دەبێت بیگێڕێتەوە. بەو مەرجــەی پــاک بووبێــت و ئەگەر بیکردایە فریای رکاتێکی نوێژی نیوەرۆکەی بکەوتایە. چونکە خوای گەورە دەفــەرموێ: (إِنَّ الصَّلاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًــا) النساء / 103 واتە: خوای گەورە بە گوێرەی کاتی دیاری کراو . نوێژی

685 حەرووری: خەڵکی ناوچەی حەروراء کە نزیکی کوفەیە لە باشوری عێراق لە سەردەمی سەیدنا عەلی کوڕی ئەبوتالیبدا خوا لێی رازی بێت خەواریجەکان لەوێ کۆبوونەوە، ئیتر وای لێ هات هەر کەسێک فیکرو دیدو بۆچوون و هەڵوێستی ئەوانی هەبوایە پێیان دەووت حەرووری ، ئەمانە رایان وابوو : دەبێت ئافرەتی حەیزدار کە پاک بۆوە نوێژە چووەکانی بکاتەوە.. ئەوە بۆیە عائیشە خانیش بە سەرسامیەوە دەپرسێت : چما تۆ حەرووریت ؟!

لەسەر فەرز کردوون. فەرزی ئەم کاتــەش ئــەو نوێــژە بــووە. کــە نەیکردووە قەرزاری بووە. منیش پێم وایە دەبێ بیگێڕێتەوە.

بەڵام بە رای هەندێک شەرعناسی تری وەکو ئیمامی ئەبوحەنیفەو ئیمامی مالیک نوێژەکەی ناگێڕێتەوە.. ئیمامی ئیبنو تەیمییەش ئەم رایەی پێ پەسندترە. بۆیە دەفەرموێ: بەڵگەکان زیــاتر پشــتیوانی مەزهەبی ئەبو حەنیفەو مالیک دەکەن. چونکە بەڵگەی گێــڕانەوەی نوێژەکە دەبێت بە فەرمانێکی نوێ بێت کە لێرەدا لەبەر دەستدا نیە. دیســان دواخســتنی ئــەو نوێــژە رێپێــدراو بــووە ئەگەرچــی دوای خستووە. کەوابوو قەرزار نیەو نوێژەکە ناکاتەوە[686]..

**2 ـ ئەگەر ئافرەتێك پێش عەسر لە حەیز پاك بۆوە نوێژی نیوەڕۆی نـەكردبوو . بەڵام تا غوسڵی دەركرد كاتی نوێژی عەسر بەسەردا هات . ئایا نوێژی نیوەڕۆكەی قەرزارە ؟!** بەڵێ. ئەگەر پێــش خۆرئــاوا بــوون لــە حــەیز یــان لــە زەیستانیی پاک بۆوە دەبێت نوێژی نیوەڕۆو عەسر پێــکەوە بکــات. ئەگەر پێش خۆر هەڵهاتنیش پاک بــۆوە دەبێــت نوێــژی شێــوان و خەوتنان (مەغریب و عیشا) ی بکات!

ئەمە ئەنجامی توێژینەوەی ئیمامی ئیبنوتەیمییەیە کە دەفەرموێ ئەمــە ریوایــەتی لای ســەیدنا عبــدالرحمانی کــوڕی عــەوف و ئەبوهورەیرەو ئیبنوعەبباسە خوا لێیان رازی بێت. چونکە کاتەکــە لە کاتی هەبوونی عوزردا وەکو سەفەر هاوبەشــی نێــوان هــەردوو نوێژەکانە[687]..

**دووەم : رۆژوو گرتن** : کۆڕای شەرعناسان لەسەر ئەوەیە کە ئــافرەتی حەیزدارو زەیستان رۆژوو ناگرێت. دوای رەمەزان کــە پــاک بــۆوە

---

686 مجموع الفتاوى : ( 235/23 ) .
687 الفتاوى ( 334/23 ) .

دەیانگرێتەوە.. بەڵگەی ئەوەش فەرموودەکەی عائیشەخانە کە بە موعادەی فەرموو: (كَانَ يُصِيبُنَا ذَلِكَ . فَنُؤَمَّرُ بِقَضَاءِ الصَّوْمِ . وَلَا نُـؤَمَّرُ بِقَضَاءِ الصَّلَاةِ)[688] واتە: موعادە (ناوی ئافرەتێکە) دەگێرێتەوە دەفەرموێ: لە عائیشەخانم پرسی خوا لێی رازی بێت: ئەرێ بۆچی حەیزدار رۆژووەکانی دەگرێتەوەو نوێژەکانی ناکاتەوە ؟!.... فەرمووی: ئێمە کە ئەوەمان دەهاتە رێ فەرمانمان پێ دەکرا رۆژووەکانمان بگرینەوەو نوێژەکانمان نەکەینەوە.

**کورتەباسی تر**

**1 ـ ئەگەر حەیزدار پێش سپێدە پاك بۆوەو غوسڵی دەرنەکرد. ئایا بەرۆژوو دەبێت؟**

جمهوری شەرعناسان دەفەرموون: ئەگەر ئافرەتی حەیزدار پێش سپێدەی بەیانی پاک بۆوەو نییەتی هێنا سبەینێ بەرۆژوو بێت. رۆژووەکەی دروستە. چونکە دروستی و نادروستی رۆژوو لەسەر کردن و نەکردنی غوسڵ نەوەستاوە. رۆژوو وەکو نوێژ نیە کە بە بێ غوسڵ دەرکردن نەشێت[689]..

**2 ـ ئەگەر حەیزدار پێش خۆرئاوابوون پاك بۆوە. ئایا بەرۆژوو دەبێت؟!** نا. ئەو کە لەسەرەتای رۆژووەکەوە بەرۆژوو نەبووەو رۆژەکە قەرزار بووە. دەتوانێت هەروا بێ رۆژوو بمێنێتەوە.. ناچار نیە رۆژوو لەو ساتە وەختەوە بگرێت.. ئیبنو جورەیج دەفەرموێ: لە عەتائم پرسی: ئافرەتێکی حەیزدار کە لە بەشێکی رۆژی رەمەزاندا پاک دەبێتەوە. ئایا دەبێت ئەو باقی رۆژەی بەرۆژوو بێت؟ فەرمووی: نا. خۆ هەر قەرزارەو دەبێت بیگرێتەوە[690]..

---

688 بوخاري ( 321 ) ، موسليم ( 265 ) .

689 فتح الباري ( 192/1 ) .

690 عبدالرزاق : المصنف ( 1292 ) بە سەنەدی سەحیحەوە ،

**سێیەم: سەرجێیی حەیزدارو زەیستان حەرامە:**

* سەرجێیی (جیماع کردن لەگەڵ ئافرەت لە دەرچەی پێشەوەی) حەیزدارو زەیستان بە کۆڕای هەموو شەرعناسان حەرامە[691]. چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ) البقرة / 222 واتە: ئەو ساتانەی ئافرەت لە حەیزدایە توخنیان مەکەون.. مەبەست لەوەیە کە کاری سەرجێییان لەگەڵدا مەکەن. ئەم لێکدانەوەیەش لە روون کردنەوەکەی پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم هاتووە کە دەفەرمووێ: (إصْنَعُوا كُلَّ شَيْءٍ إِلَّا النِّكَاحَ)[692] واتە: هەموو شتێکیان لەگەڵدا بکەن جگە لە سەرجێیی کردن.. شێخولئیسلام ئیمامی ئیبنو تەیمییە دەفەرموێ: بە کۆڕای شەرعناسان سەرجێیی زەیستان وەکو سەرجێیی حەیزدارەو لەگەڵ هەردووکیاندا حەرامە[693]..

* هەر موسوڵمانێک پێی وا بێت کە سەرجێیی ئافرتێک کە لە حەیزدا بێ یان زەیستان بێت حەڵاڵە. پێی کافر دەبێت وحوکمی لە دین هەڵگەڕاوەی دەکەوێتە بەسەردا.. بەڵام ئەگەر کەسێک ئەو کارەی کردو دەیزانی حەرامە. یان بیری چوو بوو. یان نەیدەزانی ئافرەتەکە لە حەیزدایە یان زەیستانە. یان نەیدەزانی سەرجێیی کردنی حەرامە. یان ناچار کرابوو بیکات. گوناهبار نابێت و کەفارەتیشی ناکەوێتە سەر..

بەڵام هەر کەسێک بە سەربەستی خۆی وبە ئەنقەست سەرجێیی لەگەڵ ئافرەتێک کرد کە دەیزانی لە حەیزدایە یان زەیستانەو

---

کەمال ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة (1/ 211)دا دەفەرموێ : سەحیحە.
691 مجموع الفتاوى ( 624/21 ) ، المحلى ( 162/2 ) ، تفسير الطبري ( 378/4 ) .
692 موسلیم ( 302 ) ، هەروەها هەر چوار خاوەن سونەنەکان .
693 الفتاوى ( 624/21 ) .

دەشیزانی ئەم کارە حەرامە. ئـەوە تاوانێـکی گـەورەی لــە جـۆری کەبائیرەکان کردووەو دەبێت تۆبەی لێ بکات[694]..

**ئایا ئەگەر جیماعی لەگەڵ حەیزدار یان زەیستان کرد کەفارەتی ناکەوێتە سەر ؟!**

جمهوری پێشەوای چوار مەزهەبەکە (سیان لە چواریان) دەفەرموون هیچی غەیری تۆبە کردنەکە لەسەر نیــە.. چــونکە بەڵگــە لەســەر ئەوەیە:

1ـ لە ســوننەت وســیرەی پێــغەمبەری پێشــەوادا صلى الله عليه وسلم هاتووە کە: (كَانَ إِذَا أَرَادَ مِنْ الحَائِضِ شَيْئاً أَلْقَى عَلَى فَرْجِهَا ثَوبَاً)[695] واتە: ئەگەر بیویستایە لەگەڵ خێزانێکیدا کە لــە حــەیزدا بوایــە شتێــک بکات. قوماشێکی بەسەر عەورەتیدا دەدا..

2 ـ مەسرووق دەگێڕێــتەوە: (قُلْتُ لِعَائِشَةَ: إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أَسْأَلَكَ عَن شَــيءٍ وَأَنَا أَسْتَحِي! فَقَالَتْ : إِنَّمَا أَنَا أُمُّكَ وأَنْتَ ابْنِي . فَقَالَ : مَا لِلرَّجُلِ مِنْ امْرَأَتِهِ وَهِيَ حَائِضٌ؟ قَالَتْ : لَهُ كُلُّ شَيْءٍ إِلَّا فَرْجَهَا)[696] واتــە: بــە عائیشــەخانم ووت: دەمەوێت پرسیارێکت لێ بکەم و شەرم دەکەم بیکەم! فەرمووی: من دایکتم و تۆش کوڕمی. پرسیم: چی بۆ پیاو لە ژنەکــەی حەڵاڵــە لەو کاتانەیدا کە لە حەیزدایە؟ فەرمووی: هەموو شتێــک جگــە لــە عــەورەتی. بــەڵام ئیمــامی ئەحمــەدو هەندێــک شەرعناســی تــر دەفەرموون: ئەوی لە کاتی حەیزو زەیستانیدا دەچێتە لای ئــافرەت کەفارەتی لەسەرە.. چونکە ئیبنوعــەبباس خــوا لێــیان رازی بێــت دەگێڕێتەوە کە پێــغەمبەری خــوا صلى الله عليه وسلم دەربــارەی ئــەو

694 النووي : شرح صحيح مسلم ( 204/3 ) .

695 ئەبو داوود ( 272 ) سەنەدەکەی سەحیحە ..

696 تەبەری لە تەفسیرەکەیدا (378/4) هێناویتیەوەو فەرموویەتی: سەحیحە، هەروەها ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة (1/ 212)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

کەسـەی سەرجێـیی لەگـەڵ خێـزانیدا لـە کـاتی حـەیزدا دەکـات فەرموویەتی: (يَتَصَدَّقُ بِدِينارٍ أو نِصْفِ دِينارٍ)[697] واتە: دیناریک یان نیو دینار دەکات بە خێر.. جمهور وەڵامیان داونەتەوە کـە بەڵگەکـەتان زەعیفە. ئەوانەی فەرموویانە دەبێت کەفارەت بـدات. راجوێـییەکی زۆریان لە مەسەلەی کەفارەتەکەش تێکەوتووە..

بە هەر حاڵ من پێم وایە :

هەر کەسێک لە کاتی حەیزو زەیستانییدا چـووە لای ئافرەتێـک گوناحی گەورەی کردووەو دەبێت تۆبەی لێ بکات. بەڵام کـەفارەتی لەسەر نیە.. واللە اعلم.

..........................

697 ئەبو داوود ( 264 ) ، نەسائی ( 153/1 ) ، ئیبنوماجە ( 640 ) . کەمال ئیبنو السەید لە صحيح فقه السنة (1/ 212)دا دەفەرموێ : زەعیفە . زۆرینەی هەرە زۆری فەرموودەوانان بە مەرفووعی ئیبنوعەبباسیان ناساندووە .. خوا ئاسانی کرد سەیری سیوحەوت زنجیرەی سەنەدی ئەم فەرموودەیەم کرد ، لە غەیری زەعیفیم بۆ دەرنەکەوت .

## سنووری دەسبازی ژن و مێرد لە کاتی حەیزو زەیستانیدا

ئاساییە کە شەرعناسان لە حوکمی ئەم مەسەلەیەدا دوو پۆل بن:

**پۆلی یەکەم: ئەوانەی کە فەرموویانە: لەو کاتانەدا کە ئافرەت لە حەیزدایە یان زەیستانە مێردەکەی بۆی نیە لەزەت لە مەسافەی نێوان ناوکی تا ئەژنۆی وەرگرێت:**

ئەمە رای ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئیمامی مالیک وئیمامی شافیعییە.. لە بەرامبەریاندا ئیمامی ئەحمەدو هەندێک شەرعناسانی حەنەفی و شافیعی هەن. لەوانە ئیمامی نەوەوی کە دەفەرموێ بەلگەی ئەحمەد بەهێزترە. ئەویش پەسەند دەکات[698]. لە بەلگەی ئەم بەڕێزانە:

1 ـ لە سەیدنا مەعازی کوڕی جەبەلەوە خوا لێی رازی بێت هاتووە کە دەفەرموێ:(: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَمَّا يَحِلُّ لِلرَّجُلِ مِنْ امْرَأَتِهِ وَهِيَ حَائِضٌ؟ فَقَالَ: مَا فَوْقَ الإِزَارِ. وَالتَّعَفُّفُ عَنْ ذَلِكَ أَفْضَلُ )[699] واتە: لە پێغەمبەری خوام صلی الله علیه وسلم پرسی کە چی بۆ پیاو جائیزە لەگەڵ خێزانیدا بیکات لەو کاتانەی لە حەیزدایە؟! فەرمووی: لەسەرو وزرەوە (پەشتەماڵ: سەرو پشتێنە) ئەگەر لەوەشدا خۆی بگرێتەوە باشترە..

2 ـ دیسان هەر وا لە سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابەوە خوا لێی رازی بێت گێڕراوەتەوە کە پرسیاری لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کرد: (مَا يَصْلُحُ للرَّجُلِ مِنْ امْرَأَتِهِ إِذَا كَانَتْ حَائِضًا؟ فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: مَا فَوْقَ الإِزَارِ)[700] واتە: چی بۆ پیاو جائیزە

---

698 المغني ( 414/1 ) .

699 ئەبوداوود (213) ئەلبانی لە (ضعيف أبي داود36)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

700 ئیمامی ئەحمەد (87) ، توێژەرەوەی گەورەی فەرموودەوانی میسری ئەحمەد شاکر (کە وەکو شێخی ئەلبانیە) دەفەرموێ : (إسنادُه ضعيفٌ لانقطاعِهِ) .

لەگەڵ خێزانیدا بیکات لەو کاتانەی لە حەیزدایە؟ فەرمووی: لەسەرو ویزرەوە (سەرو پشتێنەی) .
3 ـ فەرموودەیەکی تر هەر بە هەمان شێوەو مانا لە سەیدنا حەرامی کوڕی حەکیمەوە لە مامیەوە خوا لێیان رازی بێت گێڕراوەتەوە کە ئەویش بە هەمان شێوە پرسیاری کردووە: (سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَا يَحِلُّ لِي مِنْ امْرَأَتِي وَهِيَ حَائِضٌ ؟ قَالَ : لَكَ مَا فَوْقَ الإِزَارِ)[701] واتە: پرسیاری لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کرد: چی بۆ پیاو جائیزە لەگەڵ خێزانیدا بیکات لەو کاتانەی لە حەیزدایە ؟ فەرمووی: لەسەرو ویزرەوە.
ئەو پۆلە بەڕێزەی بەرامبەریان وەلامیان داوەتەوەو فەرموویانە[702] لە ووردبوونەوە لە ووشەی (المَحِيض) کە لە ئایەتەکەدا هاتووە: (فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ) البقرة/222 واتە لە ژنان لە حەیزدا دوورەپەرێز بن.. بە مانای کات وشوێنی حەیزە. واتە: ئەو شوێنە کە حەلاڵە لەو کاتەدا حەرام دەبێت..
ئیبنوقودامە دەفەرموێ: دیاری کردنی شوێنی خوێنەکە بە توخن نەکەوتن و گۆشەگیربوون لێی بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە شوێنەکانی تر حەلاڵن[703]..

---

701 ئەبو داوود ( 212 ) . ئیمامی ئیبول قەییم لە تهذيب سنن ابي داود دا دەفەرموێ : زەعیفە ، شێخی ئەلبانی لە صحيح أبي داود ( 197 ) دا دەفەرموێ : سەحیحە .. ئەم دوو حوکمە لەسەر ئەم ریوایەتە کۆنەو پێشتریش بە هەمان شێوە فەرموودەوانانی تر حوکمیان بەو دوو جۆرە لەسەر داوە ، کە ئێرە شوێنی تەفسیلی نیە ..
702 ابن عثيمين : الشرح الممتع ( 416/1 ) .
703 ابن قدامة : المغني ( 415/1 ) .

ئینجــا ئــەمان کــە رێــدەرانی چێــژی ئــەو مەســافەیەن. بــە بەرامبەرەکانیان دەفەرموون:

1 ـ زۆرینەی فەرموودەکان کە هێناوتاننەوە ناسەلمێنرێن.

2 ـ ئەوی سەلمێنراوە. بە راشکاوی حەرامی نەکردووە.

3 ـ ئەگەر لاکەین بە لای راکەتانەوە دەڵێــین: ئــەو هۆشــدانەی لــە فەرمووده سەحیحەکەدا هاتووە (ئەوەی ئەلبانی: ئــەبو داوود 212) ئەوە روون دەکاتەوە کە دوورکەوتنەوە لەو شوێنەی دیــاری کــراوە چاکترە وەک لە نزیک کەوتنەوەی.. بە تایبەتی کە ئەمە حوکمێــکی گشتیەو بۆ هەموو کەسێکە. نەبادا کەسانی وا هەبن ئەوەندە نزیــک بکەونەوەو دوایی خۆیان نەگرن ولە پێشەوە یان لە پاشەوە بکەونە گوناحی کەبیرەیەوە..

**<u>پۆلی دووەم: ئەوانەی فەرموویانە ئەو نێوانەش (جگە لە عەورەت و دەرچەی کۆم) هیچ ئیشکالێکی نیەو پیاو دەتوانێت ئارەزووی خۆی لێ بشکێنێت</u>** : ئــەوەش رای ئیمامی ئەحمەدو کۆمەڵێک شەرعناسی ترە. کە پێشــتر لــە باســی چوونە لای خێزانی حەیزداردا ئاماژەمان پێکرد. ئەمان کە لە جیماع کردنەکەیدا دەفەرموون کەفارەتی لەسەر نیە. بێ گومــان لــە چێــژ وەرگرتن لەو مەسافەدا ئاسانکارترن.. ووردبوونــەوە لــە بەڵگــەی ئەمان دەسەلمێنێت کە لــە بەڵگــەی بەرامبــەرەکانیان بەهێــزترە. لەوانە ئەو وەسفەی کــە بــۆ پێــغەمبەری پێشــەوا صلى الله عليه وسلم هاتووە:

1ـ : (كَانَ إِذَا أَرَادَ مِنْ الحَائِضِ شَيئَاً أَلْقَى عَلَى فَرْجِهَا ثَوبَاً)[704] واتە: ئەگەر پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بیویستایە لەگەڵ خێزانێکیدا کە لە

704 ئەبو داوود ( 272 ) سەنەدەکەی سەحیحە ..

حەیزدا بوایە شتێک بکات. قوماشێکی بەسەر عەورەتیدا دەدا.. ئەمە وەکو ئەوەیە کە ژنە دەرپێیەک لە پێکا..

2 ـ ریوایەتەکەی مەسرووق: (قُلْتُ لِعَائِشَةَ : إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أَسْأَلَكَ عَن شَئٍ وَأَنَا أَسْتَحِي! فَقَالَتْ : إِنَّمَا أَنَا أُمُّكَ وأَنْتَ ابْنِي. فَقَالَ : مَا لِلرَّجُلِ مِنْ امْرَأَتِهِ وَهِيَ حَائِضٌ ؟ قَالَتْ : لَهُ كُلُّ شَئٍ إِلَّا فَرْجَهَا)[705] واتە: بە عائیشەخانم ووت: دەمەوێت پرسیارێکت لێ بکەم و شەرم دەکەم بیکەم! فەرمووی: من دایکتم و تۆش کوڕمی. پرسیم: چی بۆ پیاو لە ژنەکەی حەڵاڵە لەو کاتانەیدا کە لە حەیزدایە؟ فەرمووی: هەموو شتێک جگە لە عەورەتی.

3 ـ سەیدنا ئەنەسی کوڕی مالیک خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (أَنَّ الْيَهُودَ كَانُوا إِذَا حَاضَتْ الْمَرْأَةُ فِيهِمْ لَمْ يُؤَاكِلُوهَا وَلَمْ يُجَامِعُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ فَسَأَلَ أَصْحَابُ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى (وَيَسْأَلُونَكَ عَنْ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ. . . إِلَى آخِرِ الآيَةِ) فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : اصْنَعُوا كُلَّ شَيْءٍ إِلا النِّكَاحَ )[706] واتە: جولەکەکانی مەدینە عادەتیان وابوو کە ئافرەتیان دەکەوتە حەیزەوە نە لەگەڵیدا نانیان دەخوارد. نە لەماڵدا لەگەڵی دادەنیشتن (ئەمە تەفسیری ئیمامی نەوەویە) یاوەران دەربارەی ئەمە لە پێغەمبەری خوایان صلى الله عليه وسلم پرسی: ئیتر خوای گەورە ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە کە ماناکەی

705 تەبەری لە تەفسیرەکەیدا ( 378/4 ) هێناوێتیەوەو فەرمووەیەتی سەنەدی سەحیحە ، هەروەها کەمال ئیبنو السەید لە صحیح فقه السنة (1/ 212)دا دەفەرموێ : سەحیحە

706 موسلیم ( 302 ) .

دەفەرموێ: ( دەربارەی کات و شوێنی حەیز لێت دەپرسن. بلێ: ئەوە کاتی ئازارو پیسییە لەو کاتانەدا لە ئافرەتان دووركەونــەوە.. تــا كۆتایی ئایەتەكە).. پێــغەمبەری خــوا صلى الله عليه وسلم فــەرمووی: هەموو شتێک(یان لەگەڵدا) بکەن جگە لە سەرجێیی..

4 ـ لە فەتواکانی لیژنەی هەمیشەیی بانگەوازو فەتوادان و رێنمایی سعودیەدا (اللجنة الدائمة للدعوة والافتاء والارشاد 395/5) هاتووە: حەرامــە بۆ پیاو سەرجێیی لەگەڵ خێــزانیدا لــە پێشــەوە بكــات لــە كــاتی حەیزیدا. لە غەیری ئەو جێیە بۆی هەیە خۆی رەحەت کات..

پێم وایە پیاو بۆی هەیە هەموو چێژێک لە خێزانی خۆی وەرگرێت لەو کاتانەدا کە لە حەیزو زەیستانییدایە. بــەو مەرجــەی تــوخنی پاش و پێشی نەکەوێت.. والله اعلم .

**مێرد بۆی نیە سەرجێیی لەگەڵ خێزانیدا بکات پێش دەردەکردنی غوسڵی حەیزی :**

ئەگەر ئافرەتە پاک بۆوە. بەڵام هێشتا غوسڵی دەرنەکردبوو. بــۆ پیاوەکەی جائیز نیە سەرجێیی لەگەڵدا بکات.. چونکە خوای گەورە دەفــەرموێ: (وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ) البقرة / 222 واتــە: تــوخنی ژنەکانتان مەکەونەوە کە لە حــەیزدابوون تــا ئــەو ســاتەی پــاک دەبنەوە. کە پاک بوونەوە. وا بچنە لایان کە خوای گەورە فــەرمانی پێ کردوون. خوای گەورە تۆبەکاران و پاکژەوانانی خۆش دەوێت..

موجاهید دەفەرموێ: ئافرەتان دوو جۆر پاکژییان هەیە:

ـ یەکەمیان : ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ: (حَتَّىَ يَطْهُرْنَ) واتە: تا پاک دەبنەوە. یەعنی تا خۆیان دەشــۆن. تــا ئــەو کاتــەش بــۆ مێردەکانیان جائیز نیە سەرجێییان لەگەڵدا بکەن..

ـ دووەمیان : (فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ) وا بچنە لایان کە خوای گەورە فەرمانی چۆنیەتیەکەی پێ کردوون. کە بریتیە لە چوونە لای لە پێشەوە. لە شوێنی خوێنیەوە.. هەر کەسێک بەم چۆنیەتەی نەکرد ئەوە نەلەریزی تۆبەکاراندایە ونە لە ریزی پاکژەوانانداىە..

بەڵام ئیبنوحەزم پێی وایە کە پاک بۆوە پێش ئەوەش کە غوسڵ دەرکات مێردەکەی بۆی هەیە بچێتە لای و سەرجێیی لەگەڵدا بکات.. وانازانم ئەم بۆچوونەی ئیبنوحەزم زۆر پێکابێتی ..

**ئەگەر پیاوێك ژنەکەی ئەهلی کیتاب بێت. ئایا ناچاری غوسڵ دەکرێت؟!** بەڵێ. چونکە بە پێی ئایەتەکە نابێت مێردە موسوڵمانەکەی توخنی کەوێت تا غوسڵ دەردەکات.. چونکە ئایەتەکە جیاوازی نەخستۆتە نێوان ئافرەتی موسوڵمان و غەیرە موسوڵمان[707]..

**ئەو ئافرەتەی پیاوەکەی زۆری لێ دەکات تا لە حەیزدا سەرجێیی لەگەڵدا بکات. پێویستە خۆی تەسلیم نەکات. بەڵام ئەگەر هەر ناچاری کرد. گوناحبار نابێت..**

کابراش تووشی کەبیرە بووە پێویستە تۆبەی لێ بکات..

.........................

**چوارەم : تەوافی کەعبە:** لەوانەی لە حەیزدار قەدەغەیە. تەوافی کەعبەیە ئەمەش بە کۆڕای شەرعناسانە.. چونکە عائیشە خان کە لە کاتی حەج کردنیدا کەوتە حەیزەوە. پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم پێی فەرموو: (افْعَلِي مَا يَفْعَلُ الْحَاجُّ غَيْرَ أَنْ لَا تَطُوفِي بِالْبَيْتِ حَتَّى تَطْهُرِي)[708] واتە: هەرچی حاجی دەیکات تۆش بیکە بەڵام تەواف مەکە تا پاک دەبیتەوە..

باسی زیاتری ئەمە لە باسی حەجدا دەکرێت ان شاء الله..

---

707 تفسير الطبري ( 90/3 ) .
708 بوخاري ( 1650 ) .

## چی بۆ حەیزدار جائیزە ؟:

**1 ـ زیکری خوای گەورەو قورئان خوێندن:** پێشتر باس کرا کە حەیزدارو زەیستان بۆیان هەیە زیکری خوای گەورە بکەن و قورئانیش بخوێنن. ئەمە بۆچوونی ئیمامی ئەبو حەنیفەو رای ناسراوی مەزهەبی شافیعی و ئیمامی ئەحمەدە[709]. ئەوەش راستترینە.

ئیبنوحەزم دەفەرموێ: قورئان خوێندن و سوجدە بردن و دەستدان لە قورئان و هەلگرتنی. هەروەها زیکرەکانی خوای گەورەو خوێندنی ویردەکان هەموو کردەوەی چاکەن. ئەو کەسەی دەیانکات پاداشتی بەر دەکەوێت. هەر کەسێک رێ لە کەسانی تر بگرێت کە لە هەندێک حاڵەتیاندا نابێت بیکەن. بەرپرسێتیەکی خستۆتە سەر شانی کە دەبێت بەڵگەی شەرعی بهێنێت کە ئەو حوکمەی راستە[710]..

کەوابوو قورئان خوێندنی ئافرەت لە کاتی حەیزیدا جائیزە.

**2 ـ سوجدە بردن کە ئایەتی سوجدەی گوێ لێبوو** : هیچ بەڵگەیەک لەبەر دەستدا نیە کە رێ لە ئافرەتی حەیزدار بگرێت بۆ سوجدە بردنی بۆ خوا لەو کاتانەدا کە گوێی لە ئایەتەکانی سوجدە دەبێت. چونکە سوجدە بردن بە نوێژ حسێب نییەو پاکژیی مەرجی سوجدەی نیە..

سەلمێنراوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم سورەتی نەجمی دەخوێند. کە گەیشتە ئایەتی سوجدە. سوجدەی بردو موسوڵمانانیش بە دوایدا سوجدەیان برد[711]. کەسیش ناتوانێت بڵێ: هەموو ئەوانەی سوجدەیان برد. دەسنوێژیان هەبووە..

---

709 ئیبنوتەیمییە لە مجموع الفتاوی ( 459/21 ) دا را جیاوازەکان و بەڵگەکانی هەردوو لای هێناوەتەوە .

710 المحلی ( 77/1 ) .

711 بوخاری ( 4862 ) .

**3 ـ قورئان هەڵگرتن:** هیچ بەڵگەیەکی وامان نیە کە رێ لە حەیزدار بگرێت کە دەست لە قورئان بدات. هەرچەندە زۆرینەی شەرعناسان رایان وایە کە بێ دەسنوێژ دەتوانێت دەستی لێ بدات بەڵام کاتێک لە حەیزدایە. ناتوانێت[712]..

**4 ـ کابرا سەری لەسەر رانی ژنەکەیەتی کە لە حەیزدایەو قورئانیش دەخوێنێت:** جائیزە. بەڵگە ریوایەتەکەی خاتوو عائیشەیە کە فەرمووی: (كَانَ النَّبِيُّ يَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَرَأْسُهُ فِي حِجْرِي وأَنَا حَائِضٌ)[713] واتە: سەری پیرۆزی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە کۆشمدا بوو. قورئانی دەخوێندو منیش لە حەیزدابووم..

**5 ـ ئامادەبوونی نوێژی جەژنەکان:** نەک رێگری تێدا نیە بەڵکو هاندراویشە. پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم هەموو ئافرەتانی هان دەدا ئامادەی نوێژی جەژنەکان بن و لە ئاهەنگ وخۆشیی موسوڵماناندا بەشدار بن. دەیفەرموو: ( يَخْرُجُ الْعَوَاتِقُ وَذَوَاتُ الْخُدُورِ أَوْ الْعَوَاتِقُ ذَوَاتُ الْخُدُورِ وَالْحُيَّضُ وَلْيَشْهَدْنَ الْخَيْرَ وَدَعْوَةَ الْمُؤْمِنِينَ وَيَعْتَزِلُ الْحُيَّضُ الْمُصَلَّى)[714] واتە: با کچانی پێگەیشتوو و ژنی بە مێردو حەیزدارانیش ئامادە بن. با بەشداری خێرات ودوعای موسوڵمانان ببن. بەڵام با حەیزدارەکان لە نوێژگاکە کەنارگیر بن ..

**6 ـ چوونە مزگەوت:** لە باسی غوسڵدا راجوێیی شەرعناسانمان لەسەر ئەم مەسەلەیە هێنایەوەو بەڵگەی بەرهەڵستکاران و رێدەران

---

712 راوبۆچوونی هەردوو لامان بە دوورو درێژی لە (توێژینەوەیەک لەسەر دەسنوێژ بۆ قورئان خوێندن ) دا باس کرد ..

713 بوخاری ( 7549 ) ، موسلیم ( 246 ) .

714 بوخاری ( 324 ) ، موسلیم ( 890 ) .

خستەڕوو. ووتیشمان بەڵگەیەکی ئاشکراو راشکاوی وا نیە رێی چوونە مزگەوت و مانەوە لە لەشگران و حەیزدار بگرێت..

**7 ـ تێکەڵاوی مێردو ژنی حەیزدار:** خواردن و دانیشتن و تێکەڵاوی مێردو ژنی حەیزدار. ئەمانەو هاوشێوەیان هەمووی رەفتاری سروشتییەو حوکمیان شیاوێتی پێکەوەبوونە.. لە پێغەمبەری پێشەوای دەگمەن و سەروەرمانەوە صلی اللە علیه وسلم لەوەش زیاتر ریوایەت کراوە لە سەردەمانێکدا کە جولەکە (کە ئەهلی کیتاب بوون و رۆشنبیری دینی و دنیایی ئەو سەردەمە بوون) هیچ شتێکیان لەمانە لەگەڵ ئافرەتی حەیزداری خۆیاندا نەدەکرد! عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (كُنْتُ أَشْرَبُ وَأَنَا حَائِضٌ فَأُنَاوِلُهُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَيَضَعُ فَاهُ عَلَى مَوْضِعِ فِي فَيَشْرَبُ.وَأَتَعَرَّقُ الْعَرْقَ وَأَنَا حَائِضٌ فَأُنَاوِلُهُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَيَضَعُ فَاهُ عَلَى مَوْضِعِ فِي)[715] واتە: لە حەیزدابووم. ئاوم بە دەفرێک دەخواردەوەو دەمدایە دەست پێغەمبەری خوا صلی اللە علیه وسلم ئەویش دەمی دەنا بە شوێنی دەمی منەوەو ئاوەکەی دەخواردەوە.. لە حەیزدابووم کە قەپاڵم لە پارچە گۆشتێک دەگرت و دەمدایە دەست پێغەمبەری خوا صلی اللە علیه وسلم ئەویش گازی لەو شوێنە دەگرت کە منم دەمم پێوەنابوو..

**8 ـ خزمەتکردنی مێردی** : ئەو فەرموودەیەمان هێنایەوە کە عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەیفەرموو: (كُنْتُ أُرَجِّلُ رَأْسَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَنَا حَائِضٌ)[716] واتە: لەو کاتانەی لە حەیزدابووم سەری پێغەمبەری خوام صلی اللە علیه وسلم شانە دەکرد..

---

715 موسلیم ( 300 ) ، ئەبو داوود ( 259 ) ، نەسائی ( 56/1 ).
716 بوخاری ( 295 ) ، موسلیم ( 297 ) .

**9 ـ حەیزدارو مێردەکەی لەسەر پێخەفێك دەخەون و دەچنە ژێر پۆشاکێکەوە:**

ئوم سەلەمەخان خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (بَيْنَا أَنَا مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مُضْطَجِعَةٌ فِي خَمِيصَةٍ إِذْ حِضْتُ فَانْسَلَلْتُ فَأَخَذْتُ ثِيَابَ حِيضَتِي قَالَ أَنُفِسْتِ[717] قُلْتُ نَعَمْ فَدَعَانِي فَاضْطَجَعْتُ مَعَهُ فِي الْخَمِيلَةِ)[718]

واتە: لەو کاتەی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا لە ژێر خەمیسەیەکدا (جاجمێکی خوری رەشە) راکشابووم. کەوتمە حەیزەوە. بە هێواشی لەژێر خەمیسەکە هاتمە دەرێ و جلوبەرگەکانی تایبەت بە کاتی حەیزی خۆم کۆکردەوە. پێغەمبەرصلی الله علیە وسلم پرسی: کەوتیتە حەیزەوە؟ ووتم: بەڵێ. بانگی کردمەوە. ئیتر چوومەوە ژێرلێفەکە..

**ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ** : بەڵگەی ئەوەیە کە راکشان و خەوتن لەگەڵ حەیزداردا لەژێر یەک لێفەدا جائیزە[719]..

.........................

717 نُفِسْتِ بە مانای کەوتیتە حەیزەوە؟ فتح الباری/ شەرحی فەرموودەی ژمارە ( 294 ) ..

718 بوخاری ( 298 ) ، موسلیم ( 296 ) .

719 شرح مسلم ( 954/1 ) .

## خوێنی زەیستانی

**زەیستان**: ئەو ئافرەتەیە کە منداڵی بووە.

**خوێنی زەیستانی**: بە پێناسەی حەنەفی وشافیعی: ئەو خوێنەیە کە لە دوای منداڵ بوون لە پێشی ئافرەت دێت.. بەڵام بە پێناسەی مەزهەبی حەنبەلی: ئەو خوێنەیە بە هۆی منداڵبوونەوە لە پێشی ئافرەت دێت.. بە پێی مەزهەبی مالیکی. ئەو خوێنەیە کە هاوکات یان دوای لەدایکبوونی منداڵەکە لە پێشی ئافرەت دێتە دەرەوە [720].

1 ـ **کاتی زەیستانی** :

* **زەیستانیش وەکو حەیز کاتی دیاری کراوی نیە**: رای زانایان لەسەر ئەوە کۆیە[721] کە هەر کاتێک زەیستان هەستی بە پاک بوونەوەی کرد. ئەگەرچی بە رۆژێک پێش چلەشی بێت. دەبێت غوسڵ دەرکات و نوێژو رۆژوو سەرجێیی خۆی بکات..

کۆتا ماوەیەک کە زەیستان بۆ پاک بوونەوەی چاوەڕوانی دەکات. چل رۆژە. لەبەر ئەمەشە کوردەواری بەو ماوەیان ووتووە چلە.. کە چلەی چوو ئیتر غوسڵ دەردەکات و نوێژو رۆژوو سەرجێیی خۆی ئاسایی دەکاتەوە.. بەڵگەی ئەمە ئەو فەرموودەیەی لای ئوم سەلەمە خانە کە دەفەرموێ: (كَانَتْ النُّفَسَاءُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى

---

720 پێناسەکە کاریگەری لەسەر ئەحکامەکان هەیە ، بۆ نموونە حوکمی ئەو خوێنەی دوو رۆژ پێش لە دایکبوونی منداڵەکە لەگەڵ شلەمەنی تردا دێتە دەرەوە ، ئایا خوێنی زەیستانییە ، یان جۆری ترە .. هەر کامێکیشیان بێت حوکمێکی تایبەتی خۆی هەیە ..

721 ترمزی ( 429/1 ) نەقڵی کردووە .

الله عليهِ وَسَلَّمَ تَقْعُدُ بَعْدَ نِفَاسِهَا أَرْبَعِينَ يَوماً أَو أَرْبَعِينَ لَيلَةً)[722] واتە: زەیستانان لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا صلی الله علیه وسلم بۆ ماوەی چل رۆژ یان چل شەو چاوەڕێی پاک بوونەوەیان دەکرد..

2 ـ <u>**حوكمی زەیستانی وەكو حوكمی حەیزە**</u> : رای زانایان لەسەر ئەوەش كۆیە كە لە هەموو روویەكەوە حوكمی شەرعی زەیستانی وەكو حوكمی شەرعی حەیزە[723]. لە هەرچی حەڵاڵە یان حەرام. جائیزە یان مەكرووهـ..

..........................

722 ئەبو داوود (307) ، ترمزی (139)، ئیبنوماجە، هەندێک لە فەرموودەوانان بە زەعیفیان داناوەو هەندێكی تریان بە حەسەن، بەڵام فەتوا لەسەر ئەم چلەیەیە ..

723 الشوكاني : نيل الاوطار ( 286/1 ) .

# خوێنی جـاری داوێن
## ( الإسْتِحَاضَة )

1 ـ **خوێنی جاری داوێن (ئیستیحازە)**: بریتیە لە بەردەوام لــێ رۆیشــتنی خوێن لە عەورەتی ئافرەتەوە جگە لە خوێنی حــەیزو زەیســتانی.. پێی ووتراوە جاری یەعنی بەردەوام دێت. چونکە هــەر وا بــەردەوام دەبێت تا خاوەنەکەی چاک دەبێتەوە.. دەشێت ئــەم جــۆرە خوێــنە لەگەڵ حەیزو زەیستانیەکەدا بێت یان لەوان جودا.. ئەمە خوێنێکی سروشتی یان عــادەتی هــەموو ئافرەتــان نیــە. بــەڵکو بــە هــۆی حاڵەتێکی پشێوی هۆرمۆنەکانەوەیە..

ئەمە هەر ئەوەیە کە شەرعناسانی کۆن لە پێناسەیدا فەرموویانە: (إنَّمَا هو عِرْقٌ) واتە: نەزیفەو بە هۆی دەمارێکەوەیە.

2 ـ **حوکمی شەرعی خوێنی جاری داوێن**: کۆڕای شەرعناسانی لەسەرە کــە پاکەو رێ لە نوێژوو رۆژوو سەرجێیی ناگرێت..

3 ـ **کاتەکانی خوێنی جاری داوێن (ئیستیحازە)**:

ـ **ئەگەر لە کاتێکی غەیری کاتی حەیزو زەیســتانیدا هــات**: ئــەوە ئاســاییەو حوکمە شەرعیەکەی وەکو حوکمی شەرعی مەزییە کــە لــە زەکــەری پیاو دێتە دەرەوە. پیسەو شتنی دەوێت. نەک غوسڵ دەرکردن.

ـ **ئەگەر کاتی دەرکەوتنەکەی لەگەڵ کاتی حەیز یــان زەیســتانیدا تێــکەڵ بــوو**: ئافرەت لەم دۆخەیدا لە چوار حاڵەت بەدەر نیە:

* **سوڕی حەیزی مانگانەی خۆی دەزانێت و دەزانێت چەند رۆژی پێ دەچێت**: ئەمــە بە قەدەر ئەو رۆژانە چاوەڕوان دەکات . کە تەواو بوو خۆی بە پــاک حسێب دەکات. پاشان غوسڵ دەردەکات و دەکەوێتەوە نوێژو رۆژوو سەرجێیی خۆی. هەر خوێنێکی لەوە زیاتر بینی بە جــاری داوێــنی حسێب دەکات. نەک بە حەیز.. بەڵگەی ئەمە فەرموودەی ســەحیحی

لای عائیشەخانە خوا لێی رازی بێت کـە دەگێڕێـتەوە: (إِنَّ أُمَّ حَبِيبَـــةَ سَأَلَتْ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ الدَّمِ فَقَالَتْ عَائِشَةُ فَرَأَيْتُ مِرْكَنَهَا مَلْآنَ دَمًا فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ امْكُثِي قَدْرَ مَا كَانَتْ تَحْبِسُكِ حَيْضَتُكِ ثُمَّ اغْتَسِلِي)[724] واتە: ئوم حەبیبە خوا لێی رازی بێت پرسیاری خوێنی لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کرد: پێخەفەکەیم بـینی پڕ بووە لە خوێـن! پێـغەمبەری خـوا صلی الله علیه وسلم فـەرمووی: بەقەدەر ئەو رۆژانەی حـەیزی پێشـووت چـاوەڕوان کـەو پاشـان غوسڵت دەرکەو نوێژی خۆت بکە..

* **یان سوڕی حەیزی مانگانەی خۆی نازانێت. بەڵام خوێنی حەیز لە جۆری تر جیا دەکاتەوە**: ئەمە هەر کـە دڵنیـابوو خوێـنی حـەیزی وەسـتاوەتەوە. غوسڵی خۆی دەردەکات و نوێژی خۆی دەست پـێ دەکاتـەوەو ئـەو خوێنە زیادەی تر کە دەیبینیت و دەیناسێتەوە کە خوێنی حەیز نیە. بە خوێنی جـاری داوێـن حسێـب دەکـات.. بەڵگـەی ئـەمیش ئـەو فەرموودەیە کە عائیشەخان خوا لێـی رازی بێـت گێڕاوێـتیەوە: (أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ أَبِي حُبَيْشٍ جَاءَتْ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَتْ إِنِّـي امْرَأَةٌ أُسْتَحَاضُ فَلَا أَطْهُرُ أَفَأَدَعُ الصَّلَاةَ قَالَ إِنَّمَا ذَلِكَ عِرْقٌ وَلَيْسَتْ بِالْحَيْضَةِ فَإِذَا أَقْبَلَتْ الْحَيْضَةُ فَدَعِي الصَّلَاةَ وَإِذَا أَدْبَرَتْ فَاغْسِـلِي عَنْـكِ الـدَّمَ ثُـمَّ صَلِّي)[725] واتە: فاتیمەی کچی ئەبوحوبەیش خوا لێی رازی بێت هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا و پرسیاری لێ کرد. ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا من ئافرەتێکم خوێـنی جـاری داوێـنم هەیـە. غوسڵیشـی بـۆ

---

724 موسلیم ( محمد فوئاد عبدلباقی ل 264 ) ، ئەبو داوود ( 279 ) ، نەسائی (119/1) .

725 بوخاري ( 327 ) ، موسلیم ( 262 ) .

دەرناکەم . ئایا واز لە نوێژەکان بهێنم بۆی؟ فـەرمووی: نـا. ئـەوە دەمارێـکی تـری خوێـنەو پەیوەنـدی بـە حـەیزەوە نیـە. ئەگـەر حەیزەکەت هات نوێژەکان مەکە. کە حەیزەکەت تەواو بوو. غوسڵت دەرکەو ئاسەواری خوێنەکەت بشۆو پاشان نوێژەکانت بکە..

* **<u>یان یەکە مجارە سوڕی حەیزی مانگانەی خۆی دەبینێت و خوێنی حەیز لە جـۆری تر جیا ناکاتەوە</u>:** حوکمی ئەمە ئەوەیە کە بـە ئافرەتـانی تـر قیـاس بکرێت. بە تایبەتی خزمانی خۆی. ئەگەر ئـەوان لـە مانگێـکدا بـە شێوەیەکی گشتی شەش بۆ حـەوت رۆژ دەکەونـە حـەیزەوە. ئـەوا ئەمیش ئەوەندە حسێب دەکات و باقیەکـەی تـری خـۆی بـە پـاک دادەنێـت. غوسـڵی خـۆی دەردەکـات و دەکەوێـتەوە نوێـژەکانی.. بەڵگەی ئەمیشیان ئەو فەرموودەیە کە لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم ریوایەت کراوە کە فاتیمەی کچی جـەحش خـوا لێـی رازی بێت هاتە خزمەتی و سکاڵای زۆری خوێنی جاری داوێنی خۆی کـرد پێی فـەرموو: (... إِنَّمَا هَذِهِ رَكْضَةٌ مِنْ رَكَضَاتِ الشَّيْطَانِ ، قَالَ : فَتَحِيضِي سِتَّةَ أَيَّامٍ أَوْ سَبْعَةً فِي عِلْمِ اللَّهِ ثُمَّ اغْتَسِلِي حَتَّى إِذَا رَأَيْتِ أَنَّكَ قَـدْ طَهُـرْتِ وَاسْتَيْقَنْتِ فَصَلِّي أَرْبَعَةً وَعِشْرِينَ لَيْلَةً وَأَيَّامَهَا وَصُومِي. فَإِنَّ ذَلِـكَ يُجْزِيـكِ، وَكَذَلِكَ فَافْعَلِي فِي كُلِّ شَهْرٍ كَمَا تَحِيضُ النِّسَاءُ وَيَطْهُرْنَ لِمِيقَاتِ حَيْضِـهِنَّ وَطُهْرِهِنَّ ... )[726] واتە: ئەوە یەکێکە لە تین و فشـارەکانی شـەیتان. هەر کە هات. تۆ شەش رۆژ یان حەوت شەوی لێ حسێب کە. پاشان

---

726 ئەبو داوود (287) ، ئیمامی شافیعی لە الأم (51/1) ئیبنو ماجە (622) ترمزی (باب 95) عبدالرزاق ( المصنف 1128 ) دەشفەرموێ : ( إسناده ضعيف ويُحسن إذا تُوبع ) ، بەڵام شێخی ئەلبانی لە ارواء الغليل ( 205 ) دا بە حەسەنی ناساندووە .

غوسڵت دەرکەو کە دڵنیابوویت. بیست و چوار شەو حسێب کە. کە نوێژو رۆژووی خۆتی تێدا دەکەیت. ئەوەندەشت بەسە. ئیتر هەموو مانگێک هەر وا بکە هەر وەکو کە ئافرەتان دەکەونە حەیزەوەو پاک دەبنەوە. ئاوا بۆحەیزو پاکی خۆیان دەکەن..

* **یان ئافرەتە رادەو بڕی سوڕی حەیزی مانگانەی خۆی بیرچۆتەوە و خوێنی حەیز لە خوێنی جاری داوێن جیا ناکاتەوە:** شەرعناسان لە حوکمی ئەمەدا را جوێن. پەسەندترینیان ئەوەیە کە دەفەرموون: حوکمی وەکو حوکمی ئەو ئافرەتەیە کە یەکمجارێتی و تازە دەکەوێتە حەیزەوەو جۆری خوێنەکان لێک ناکاتەوە.. قیاسی لەسەر ئافرەتانی دەوروبەری بۆ دەکرێت.. والله اعلم .

**4 ـ ئەحکامەکانی خوێنی جاری داوێن (ئیستیحازە):**

1ـ ئەو ئافرەتەی خوێنی جاری داوێنی هەیە. وەکو ئافرەتی تر پاکەو هیچ حوکمێکی حەیزدارو زەیستانی بەسەردا نادرێت . وەک لێ حەرام کردن و رێ نەدان..

2 ـ ئەو ئافرەتەی خوێنی جاری داوێنی هەیە. بە کۆڕای شەرعناسان وەکو ئافرەتی تر پاکەو نوێژو رۆژووی خۆی دەکات و قورئان دەخوێنێت وهەڵیدەگرێت وسوجدەی تیلاوەت و سوپاسکردن (شوکر) دەبات..

3 ـ ئەو ئافرەتەی خوێنی جاری داوێنی هەیە. مەرج نیە بۆ هەموو نوێژێک دەسنوێژی نوێ بگرێتەوە. مادام دەسنوێژی بە هۆکاری تر نەشکا بێت. چونکە وا پێناچێت ئەو حوکمانەی لەسەر دەسنوێژ گرتنی بۆ هەموو نوێژێک هاتووە بەهێز بن وحوکمی شەرعییان پێ

دەرکرێت[727].. بەڵام بۆ ئەوەی لە راجوێیی و جیدالی دەرچێت. باشتر وایە کە بۆ هەر نوێژێک دەسنوێژ بگرێتەوە.. خۆ ئـوم حەبیبـەخان خوا لێی رازی بێـت خوێـنی جـاری داوێـنی هـەبووەو لـە مـاڵی پێغەمبەری نازداردا صلی الله علیه وسلم صلی بووەو وەکـو عائیشـەخان دەگێڕێتەوە: حەوت ساڵ بۆ هەر نوێژێک غوسڵێکی دەرکـردووە: (أَنَّ أُمَّ حَبِيبَةَ اسْتُحِيضَتْ سَبْعَ سِنِينَ.... فَكَانَتْ تَغْتَسِلُ لِكُلِّ صَلَاةٍ)[728]!!

4 ـ زۆرینەی شەرعناسان[729] فەرموویانە ئـەو ئافرەتـەی خوێـنی جاری داوێنی هەیە. مێردەکەی دەتوانێت لە غـەیری کـاتی حـەیزو نیفاسیدا سەرجێیی لەگەڵدا بکات. با خوێنی داوێنیشی ما بێت..

5 ـ ئەو ئافرەتەی خوێنی جاری داوێنی هەیە بـۆ ئیعتیکـاف بێـت یان بۆ غەیری ئیعتیکاف دەتوانێت لە مزگەوتدا بمێنێتەوە. بەڵگەش ئەوەیە کە عائیشەخان خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (إِعْتَكَفَتْ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ امْرَأَةٌ مِنْ أَزْوَاجِهِ مُسْتَحَاضَةٌ فَكَانَتْ تَـرَى الْحُمْرَةَ وَالصُّفْرَةَ فَرُبَّمَا وَضَعْنَا الطَّسْتَ تَحْتَهَا وَهِيَ تُصَلِّي)[730] واتە : یەکێک لە خێزانە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە مزگەوت لە خزمەتیدا ئیعتیکافی کردبوو. لـە نـاو تەشـتەکەی ژێـری (لـە شوێنی مانەوەی ئەو خێزانە بەڕێزە لە ناو مزگەوتەکەدا) خوێـن و زەردباویی دەبینـرا.. یـەعنی ئەوەنـدەی خوێـن لـە ژێـرەوە لـێ دەچۆڕایە ناو تەشتەکەوە!!

---

727 لە کتێبی شێخ مستەفا العەدەوی: ( جامع أحكام النساء 23/1 ) دا توێژینەوە لەسەر زۆرینەیان کراوەو روون کراونەتەوە کە بۆچی زەعیفن ..
728 بوخاري ( 327 ) ، موسليم ( 262 ) .
729 النووی : المجموع ( 372/2 ) ، المغنی ( 339/1 ) .
730 بوخاری ( 1932 ) .

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێ : کۆڕای شەرعناسان لەسەر ئەوەیە کە ئەو ئافرەتەی خوێنی جاری داوێنی هەیەو لە ئیعتیکافدایە. هەر وەکو ئافرەتی ترەو پاکە[731]..

731 النووي : شرح صحيح مسلم ( 631/1 ) .

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەکانی ئایاتی ئەحکام


ـ أحكام القرآن . محمد بن عبدالله الاندلسي ( ابن العربي ) دار الكتب العلمية ط1 4 جزء .


### سەرچاوەکانی فەرموودەی ئەحکام


ـ نيل الاوطار . محمد بن علي الشوكاني دار الحديث 1413 هـ / 1993 ط1 8 جزء .
ـ نصب الراية في تخؤيج أحاديث الهداية . جمال الدين عبدالله بن يوسف الزيلعي دار الحديث 1415 هـ / 1995 6 جزء .
ـ التلخيص الحبير . احمد بن علي محمد الكتاني العسقلاني مؤسسة قرطبة 1416 هـ/ 1995 ط1 4 جزء .


### شەرحەکانی فەرموودە


ـ تحفة الاحوذي في شرح سنن الترمذي . محمد بن عبدالرحمن بن عبدالرحيم المباركفوري دار الكتب العلمية 10 جزء .
ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري . احمد بن علي بن حجر العسقلاني دار الكتب العلمية 1410 هـ/ 1989 13 جزء .
ـ شرح النووي على صحيح مسلم . يحيى بن شرف الدين ابو زكريا النووي دار الخير 1416 هـ/ 1996 6 جزء .
ـ عون المعبود في شرح سنن أبي داود . محمد شمس الحق العظيم آبادي دار الفكر 1415هـ/ 1995 14 جزء .
ـ المصنف . عبدالله بن محمد ابن ابي شيبة ابو بكر دار الفكر 1414هـ/ 1994 8 جزء .
ـ المصنف . ابوبكر عبدالرزاق بن همام الصنعاني المكتب الاسلامي 1403 هـ/ 1983 11 جزء .


### مەزهەبی حەنەفی


ـ البحر الرائق شرح كنز الدقائق . زين الدين بن ابراهيم ( ابن نجيم 9 دار الكتاب الاسلامي ط2 8 جزء .

ـ بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع . ابوبكر مسعود احمد الكاساني دار الكتب العلمية 1406 هـم 1986 ط2 7 جزء .
ـ رد المحتار على الدر المختار . محمد امين بن عمر بن عابدين دار الكتب العلمية 1412 هـ/ 1992 6 جزء .
ـ فتح القدير . كمال الدين بن عبدالواحد بن الهمام دار الفكر 10 جزء .

## مەزهەبی مالیکی

ـ المدونة . مالك بن أنس الاشجعي ( ئيمامى ماليك ) دار الكتب العلمية 1415 هـ/ 1995 ط18 4 جزء .
ـ منح الجليل شرح مختصر خليل . محمد بن احمد بن محمد ( عليش ) دارالفكر 1409هـ / 1989 9 جزء .
مواهب الجليل في شرح مختصر خليل . محمد بن محمد بن عبدالرحمن (حطاب) دارالفكر ط2 1412 هـ/ 1992 6 جزء ..
ـ حاشية الدسوقي على الشرح الكبير . محمد بن احمد بن عرفة الدسوقي دار احياء الكتب العربية 4 جزء .

## مەزهەبی شافیعی

ـ الأم . محمد بن ادريس الشافعي ( ئيمامى شافيعى ) دار المعرفة 1410 هـ / 1990 8 جزء .
ـ تحفة المحتاج في شرح المنهاج . احمد بن محمد بن علي بن حجر الهيتمي دار احياء التراص العربي 10 جزء .
ـ نهاية المحتاج الى شرح المنهاج . محمد بن شهاب الدين الرملي / دار الفكر 1403 هـ / 1984 8 جزء .
ـ المهذب في فقه الامام الشافعي . ابو اسحق ابراهيم بن علي الشيرازي دار المعرفةط1 1424 هـ/2003 3 جزء

## مەزهەبی حەنبەلی

ـ الإنصاف . علي بن سليمان المرداوي دار إحياء التراث العربي بلا تاريخ 12 جزء .
ـ الفروع . محمد بن مفلح بن محمد المقدسي عالم الكتب 1405 هـ/ 1985 ط 4 6 جزء .

ـ كشاف القناع عن متن الاقناع . منصور بن يونس البهوتي دار الفكر 1402 هـ / 1982 6 جزء .
ـ الشرح الممتع على زاد المستقنع . محمد بن صالح العثيمين دار ابن المديني / الجزائر ط1 1426 هـ/ 2005 .. 6 جزء
ـ شرح منتهى الارادات . منصور بن يونس البهوتي عالم الكتب 3 جزء

## مەزهەبی زاهیری

ـ المحلى بالآثار . علي بن احمد بن سعيد بن حزم دار الفكر 12 جزء .

## سەرچاوەکانی بەراوردی مەزهەبەکان

ـ المجموع . محي الدين بن شرف النووي ـ دار النشر: دار الفكر . بيروت. 1417-1996. الطبعة: الأولى
ـ المغني . موفق الدين عبدالله بن احمد بن قدامة المقدسي دار احياء التراث العربي 1405 هـ / 1985 ط1 10 جزء .

## سەرچاوەکانی فەتوا

ـ مجموع الفتاوى . تقي الدين بن تيمية مجمع الملك فهد 1416 هـ/ 1995ـ 37 جزء .

## ئوسولّی فیقهـ و رێساکا فیقهیەکان

ـ الآداب . لأبي بكر أحمد بن الحسين بن علي البيهيقي ت 459 هـ تحقيق محمد عبدالقادر احمد عطا ـ ط دار الكتب العلمية . الاولى 1406 هـ / 1986 م .
ـ الآداب الشرعية والمنح المرعية . لشمس الدين أبي عبدالله محمد بن مفلح المقدسي الحنبلي ت 763 هـ . تخريج و تعليق أبي معاذ أيمن بن عارف الدمشقي ـ ط دار الكتب العلمية . الاولى 1417 هـ / 1996م .
ـ الإجماع . لأبي بكر محمد بن ابراهيم بن المنذر النيسابوري ت 318 هـ . تحقيق أبي حماد صغير أحمد بن محمد حنيف ـ ط دار طيبة . الاولى 1402 هـ / 1982 م .

## ئەم بەشەی کتێبەکە

ئەمەی لەبەر دەستدایە بەشی یەکەمی کتێبێکی مەوسوعی بەرفراوانە لەسەر نوێژ، کە خوای یارمەتی دەر بێت سێ بەشی لەمە گەورەتری ماوە.. بە هەر چواریان کە نزیکەی دوو هەزار لاپەڕە دەبن ان شاء الله بابەتی نوێژ تەکمیلە دەکەن.. حەزم دەکرد هەر چوار بەشەکان پێکەوە بخەمە بەردەست، نەک ئاوا جودایان کەمەوە لە یەکتریی، بەڵام ناچار بووم ئەم بەشی یەکەمە بۆ تاقی کردنەوەی قوتابیانی قۆناغی یەکەمی پەیمانگای ئیبنوتەیمەییە (کە لەسەر تۆڕی پاڵتۆکەو بۆ کوردانی هەندەرانە) بە جیا خێراتر چاپ بکەم و بیخەمە بەر دەستیان، بەشی دووەمیش کە دەربارەی چۆنیەتی نوێژکردنەکەیە بۆ قۆناغی دووەمە..

رەنگە ئەم بەشەو بەشی دواتر بکەینە بەرگی یەکەمی نوێژو لە دەرفەتێکی تردا پێکەوە چاپیان بکەین و دوو بەشەکەی تریش لە دوو توێی بەرگێکی تردا ان شاء الله ..

هیواردارم زوو بیانبینین..

وصلى الله على سيدنا ونبينا محمد وعلى اله وصحبه ومن والاه

کرێکار

1431/12/26

2010/11/20

## ناوەرۆك

باس لاپەڕە

پێشەکی 5

چۆنیەتی پەیدابوونی مەزهەب و تۆمارکردنی 13

پاکژی 23

**باسی یەکەم : جۆرەکانی ئاوو ئەحکامیان** ( 27 ـ 54 )

* یەکەم ئاوی رووت (ل: 29):

**ـ ئاوی باران وبەفرو تەرزە ـ ئاوی دەریا. ـ ئاوی زەمزەم. ـ ئاوی گۆڕاو ..**

* دووەم: ئەو ئاوەی شتی پاکی تێکەوتووە (ل32).

* سێیەم : ئەو ئاوەی شتی پیسی تێکەوتووە (ل 34).

چوارەم: ئاوی تکاوە لە دەسنوێژو غوسلْ. (ل38).

* بەرماوە. (48).

**باسی دووەم: پیسیی و جۆرەکانی و ئەحکامیان** (55 ـ 111 )

* جۆرەکانی پیسی (13 جۆرە) ل 87. * توێژینەوەی پاکێتی مەنی (ل 68).

* شلەو شێی عەورەتی ئافرەت (ل 72) * خۆرەحەت کردن، ئیستیمناء) (ل 76).

* پاکی شەراب (ل 80). * حوکمی خوێن (ل 86).

* رشانەوە (100). * فەرموودەی مێشەکە (ل 102).

**باسی سێیەم : ئەحکامی تارات** ( 111 ـ 133 )

* تارات گرتن بە چی دەبێت؟(ل114).* بالێبوونەوەو تارات نەگرتنەوەی (ل116). * میزەچڕکێ (119) . * میزکردن بە پێوە (ل 121).

* دەسنوێژ لە تەوالێتدا( ل 125) . * ئادابی چوونەسەر ئاو ( ل 126).

* لە ئادابی تارات گرتن (ل 132).

**باسی چوارەم : پاك كردنەوە ( 135 ـ 146 )**

* چۆنیەتی پاکردنەوەی پۆشاک، پێلاوو قاپ و پێستەو زەوی و تەنەکە رۆن(ل137). * ئایا پاکردنەوە هەر بە ئاو دەبێت؟ (ل144)

**باسی پێنجەم : سوونەتە سروشتیەکان ( 147 - 164 )**

* خەتەنە کردن (ل151). * سیواک کردن (ل158).
* ریش هێشتنەوە (ل156). * سوونەتە سروشتیەکان و ماوەیان (ل162).

**باسی شەشەم : دەسنوێژو ئەحکامەکانی ( 165 - 257 )**

* پێناسەو گەورەیی دەسنوێژ(ل167). * چۆنیەتی دەسنوێژ گرتن(ل174).
* نییەتی دەسنوێژ (ل175). * ئەرکانەکانی دەسنوێژ (ل179).
* سوونەتەکانی دەسنوێژ (ل197). * دەسنوێژ شکان (ل208).
* هەندێک باسی تری دەسنوێژ(ل224). * لەوانەی دەسنوێژ ناشکێنن(ل231).
* دەسنوێژی ژن و پیاو(ل234). * ئەو حاڵەتانەی باشترە دەسنوێژی هەبێت(ل244). * دەسنوێژ بۆ تەوافی کەعبە(ل249).
* دەسنوێژ بۆ قورئان خوێندن(ل252).

**باسی حەوتەم : مەسح كردن و ئەحكامەكانی ( 259 - 285 )**

* مەسحی سەر خوفف (ل261). * مەسحی گۆرەوی و پێلاو(ل275).
* مەسحی عەمامەو سەرپۆش(ل279). * مەسحی گەچی دەست وپێ(ل284).

**باسی هەشتەم : غوسڵ دەركردن و ئەحكامەكانی ( 287 - 341 )**

* چی غوسڵ فەرز دەکات؟(ل289) * غوسڵی سوونەت (ل302).
* روکنەکانی غوسڵ (ل306). * سوونەتەکانی غوسڵ (ل308).
* ئاو لە دەم ولووت رادان(ل311). * غوسڵی ئافرەت (ل321).
* خۆووشک کردنەوە(ل326). * کورتەباسی تر لەسەر غوسڵ(ل328).
* کورتەباسی تر لەسەر لەشگرانیی(ل332).

**باسی نۆیەم : تەیەمموم و ئەحکامەکانی ( 343 - 378 )**

* پێناسەی تەیەمموم (ل345). * سەعید (صَعید) چیە؟! (ل364).
* هەندێک بابەت لەسەر نییەتی تەیەمموم (ل369). * چۆنیەتی تەیەمموم. (ل372) .
* بەتاڵبوونەوەی تەیەمموم (ل376).

**باسی دەیەم : ئەحکامەکانی حەیزو زەیستانی ( 381 - 410 )**

* خوێنی حەیز(ل384).
* سنوری دەسبازی ژن و مێرد لە کاتی حەیزو زەیستانیدا (395).
* چی بۆ حەیزدار جائیزە ؟(ل401) * خوێنی زەیستانی(ل405).
* خوێنی جاری داوێن (الإسْتِحاضَة) (ل407).

سەرچاوەکان 413

واخر دعوانا أن

الحمد لله رب العالمين